توێژینەوە

# گوتاری چێژی سێکسیی

## لە ڕۆمانەکانی (کەمال سەعدی) دا

غازی حەسەن

توێژینەوە

# گوتاری چێژی سێکسیی لە ڕۆمانەکانی (کەمال سەعدی) دا

## غازی حەسەن



# A Discourse of Sexuality and Sensuality in (Kamal Saadi) Nivels

## By: Gazi Hassan

**هەرێمی کوردستان**

**٢٠٢٣**

١٤ ×٢١ سم
حەسەن، غازی حەسەن
گوتاری چێژی سێکسیی لە ڕۆمانەکانی (کەمال سەعدی) دا/ غازی حەسەن/ چ١، هەولێر، (چاپخانەی هێڤی)، ٢٠٢٣.
٣٣٠ لاپەڕە.

| | |
|---|---|
| **ناوی کتێب:** گوتاری چێژی سێکسیی لە رۆمانەکانی (کەمال سەعدی) دا | |
| **بابەت:** توێژینەوە | |
| **دانەر:** غازی حەسەن | |
| **دیزاینی ناوەرۆك و بەرگ:** سەرباز سیامەند | |
| **پیتچنین:** نووسەر خۆی | |
| **وێنەی پێشەوەی بەرگ:** ئیرینا ڤیتالیڤنا کارکابی \| Irina Vitalievna Karkabi | |
| **چاپخانە:** هێڤی | |
| **چاپ:** چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٢٣ | |
| **تیراژ:** ٥٠٠ دانە | |
| **نرخ:** (٤٠٠٠) دینار | |

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتیەکان
ژمارەی سپاردنی (٧٩٦) ساڵی (٢٠٢٣) ی پێدراوە

مافی لەچاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە.

## ناوەرۆک


| بابەت | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی | ٨ |
| **بەشی یەکەم لایەنی تیۆری و مێژووی سێکس** | ١٣ |
| ١-١ یاساکانی سۆمەر و حەمورابی و سێکس | ١٣ |
| ١-٢ پەردەی کچێنی ناهێلن | ٢٠ |
| ١-٣ خواوەندی دوو ڕەگەز لای (کەمت)ییەکان | ٢٣ |
| ١-٤ دیارییەکان بۆ فیرعەون | ٢٤ |
| ١-٥ گەشەکردنی بواری لێکۆڵینەوە لە سێکس | ٢٦ |
| ١-٦ واتای سێکس | ٣٣ |
| ١-٧ یەکبوونی جەستە | ٣٨ |
| ١-٨ سزای سوتاندن | ٤٤ |
| ١-٩ خۆشەویستی سێکسە | ٤٧ |
| ١-١٠ لەشفرۆشی پیرۆز | ٥١ |
| ١-١١ غەریزە | ٥٣ |
| ١-١٢ کێشەی بەکارهێنان (ئیستهلاک) | ٥٤ |
| ١-١٣ پەیوەندی جەستەیی بێ سۆز (لەشفرۆشی) | ٥٨ |
| ١-١٤ زەوقی سێکسی لای گیانەوەر و مرۆڤ | ٦١ |
| ١-١٥ کارێکی عەقڵییە | ٦٤ |
| ١-١٦ ئازادکردنی سێکس و گێڕانەوەی بەهاکەی | ٦٧ |
| ١-١٧ مانەوە | ٧٥ |
| ١-١٨ ئایین و سێکس | ٧٧ |
| ١-١٩ ئافرەت و تێکشانێکی مێژووی | ٨٣ |
| ١-٢٠ چەمکی گوتار | ٨٨ |
| ١-٢١ گوتاری ئەدەبی | ٩٠ |
| | |

| | |
|---|---|
| **بەشی دووەم: شیکردنەوەی دەقی رۆمانەکانی ژیاننامەی (کەمال سەعدی)** | ٩٣ |
| ٢-١ ئافرەت لە ئەدەبیاتی کوردیدا | ٩٣ |
| ٢-١-١ ئەشق و ئەڤین | ٩٤ |
| ٢-١-٢ یەکێتی نێر و مێ لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا | ٩٦ |
| ٢-٢ رۆمانی ژیاننامە و بیرەوەریی | ١٠٢ |
| ٢-٣ وزەی سێکسی دەمرێت، لە بیرەوەریدا دەمێنێتەوە | ١١٠ |
| ٢-٤ خەون ژیان بەشتەکان دەبەخشێتەوە | ١١٦ |
| ٢-٥ شوێن و سێکس | ١٢٤ |
| ٢-٦ سێکس نوێبوونەوەیە | ١٣٥ |
| ٢-٧ سزا | ١٣٦ |
| ٢-٧-١ پاداشتێک بە تامی سزا | ١٤١ |
| ٢-٧-٢ خۆ سزادان | ١٥٢ |
| ٢-٨ کەموکورتی لە دیاردەی گێڕانەوە و ژیاننامەی رۆمان | ١٥٨ |
| ٢-٩ بنەمای هاوبەشی رۆمانی ژیاننامە و دەقی سێکسی | ١٦٥ |
| ٢-١٠ جوێن و سێکس و زمانی پراگماتیکی لە نێو رۆمانی ژیاننامەدا | ١٧٣ |
| ٢- ١١(رۆمانی ژیاننامە) و کارەکتەری هەقیقی | ١٨١ |
| ٢-١٢ ئەو شتانەی قەدەغەن | ١٨٩ |
| ٢-١٣ نهێنی سێکس | ١٩٦ |
| ٢-١٤ وەسف و رۆمانی ژیاننامە | ٢٠١ |
| ٢-١٥ بۆنی جەستەی پیاو و سەرنجراکێشان | ٢١٠ |
| ٢-١٦ هاوسەنگی | ٢١٧ |
| ٢-١٧ سێکسی بەردەوام و مردنی بەها مرۆییەکان | ٢٢٢ |
| ٢-١٨ سێکس ئامرازە بۆ تێکەڵبوون | ٢٢٨ |
| ٢-١٩ لاوازبوونی پەیوەندیی نێر و مێ لەبەر گێڕانەوەی سێکسی | ٢٣١ |
| ٢-٢٠ سێکس وەکو خواردن | ٢٣٣ |
| ٢-٢١ سێکس و لەشفرۆشی | ٢٣٨ |

| | |
|---|---|
| ٢-٢١- ١ یەکەم: سێکس وەکو لەشفرۆشی | ٢٣٨ |
| ٢-٢١- ٢ دووەم: سێکس بۆ تێرکردنی چێژی برسی پیاو | ٢٤٢ |
| ٢-٢١-٣ سێیەم: سێکس لە دەرەوەی وڵات | ٢٤٣ |
| ٢-٢١-٤ چوارەم: چێژ وەکو بابەتێکی گەشتیاری | ٢٤٤ |
| ٢-٢١- ٥ پێنجەم: ئافرەتی گەنج لە شەقامدا | ٢٤٥ |
| ٢-٢١-٦ شەشەم: بیرەوەریی هەنووکە | ٢٤٨ |
| ٢-٢١-٧ حەوتەم: شتەکانی ئێستا دەگێڕێتەوە | ٢٤٨ |
| ٢-٢١-٨ هەشتەم: سێکسی حەڵاڵ | ٢٤٨ |
| ٢-٢١-٩ نۆیەم: سێکس وەکو پیشە و ئاشکرا و یاساییە | ٢٥٠ |
| ٢-٢١-١٠ دەیەم : رۆماننووس توێژەرەێکی کۆمەڵایەتییە | ٢٥١ |
| ٢-٢٢ گان بەرانبەر گۆشت | ٢٥٥ |
| ٢-٢٣ هەست کردن بەبێ دەسەڵاتی | ٢٥٦ |
| ٢-٢٤ شەرم | ٢٥٧ |
| ٢-٢٥ سەیرە | ٢٥٧ |
| ٢-٢٦ تەگبیری کچەکان لە هەولێرەوە | ٢٥٨ |
| ٢-٢٧ بەدیهێنانی دوو شت | ٢٦٢ |
| ٢-٢٨ لەشفرۆشی پیشەیە | ٢٦٩ |
| ٢-٢٩ سیاسەت و باڵادەستی پیاو | ٢٧٣ |
| ٢-٣٠ کوردایەتی و سێکس | ٢٨١ |
| ٢-٣١ زمان و سێکس | ٢٨٤ |
| ٢-٣٢ ئایین و سێکس | ٢٩٠ |
| ٢-٣٣ پاڵەوانی رۆمانەکان | ٣٠٧ |
| ٢-٣٤ دیماهی و پووختە | ٣١١ |
| سەرچاوەکان | ٣١٩ |

# پێشەکی

**ناوونیشانی لێکۆڵینەوە:**

لەم ناوونیشانەدا (سێکس و جووتبوونی نێر و مێ لە ڕۆمانەکانی ژیاننامەی (کەمال سەعدی) دا جەخت لەسەر چەند پێکهاتەیەکی بنەڕەتی کراوە لەوانە (سێکس) وەکو بابەت و فکر و بۆچوون لە مێژوودا و گەشەکردنی بیرۆکەی سێکس، دوات ( چێژ و جووتبوون) وەکو کردەیەکەی بەکردەوەی ئەنجامدانی سێکس لەنێوان (نێر و مێ)، چۆنیەتی ئەم بەیەکگەیشتن و گەوزاندن و تێربوون و چێژ لەڕێگەی ڕێککەوتنێکی سەرەتایی و خێرا لەنێوان (پیاوە گەشتیارەکانی نێو ڕۆمانە ژیاننامەکان) و ئافرەتە سێکس فرۆشەکانی ئەو وڵاتانەی گەشتیان تێدا دەکەن) لەپێناو (بەخشینی چێژ بە پیاوەکان، ئینجا بەدەستهێنانی هەندێک شت لەلایەن ئافرەتەکانەوە).

لایەنێکی دیکە ئەم لێکۆڵینەوەیە بریتییە لە باسکردنی ڕۆمانی (ژیاننامە)، ئەو ڕۆمانەی بەکردەوە بریتییە لەگێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیان، کە هەم کارەکتەرەکانیان هەقیقین، هەمیش ڕووداوەکان ڕاستین و ڕوویانداوە. واتە ئەم نەهاتووە لەخۆڕا و بەپێی مەزەندە و تێفکرین و وێناکردنێکی ئەدەبی ڕووداوەکە لەنێو ڕۆمانەکانی دروست بکات، نەخێر ئەو وەکو (چاودێر و بەشدار و ئاخێوەری سەرەکی و بنەڕەتی نێو ڕۆمانەکە ئەو شتانەی لەدەوروبەری ئەو ڕوویانداوە، دەیانگێڕێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا ڕەگەزی (نێر و مێ) وەکو دوو پێکهاتەی بنەڕەتی گـرنگی کـۆمەڵگە و ژیـان لەنێـو ڕۆمانەکانـدا بەرجەسـتەیە، کە دوو هێمان بۆ پێکهێنانی ژیان و ئافرەتیش بە سەرچاوەی ژیان دادەنرێت.

**ڕێبازی لێکۆڵینەوە:**

ئەم لێکـۆڵینەوەیە پشـتی بەڕێبازی وەسـفی و شـیکاریی بەسـتووە. کارمـان کـردووە شـیکاری زمانەوانی دەق و پێکهـاتە و بابەتەکانی نێـو دەق بکەیـن، کە پەیوەنـدییان بە (مەبەسـت و کار و ئەرکی سـێکس) لەبەرهەمهێنـانی دەق وەکـو (فکـر و بۆچـوون و فەلسـەفەی ڕۆژانەی ژیـانی تـاک و مرۆڤەکان بەنێر و مێ) هەیە، پشـت بەوە دەبەستین کە سێکس پەیوەندی بە هێزی (نێر)ەوە نییە، بەقەد ئەوەی دیاردەیەکی (ئابووری و کۆمەڵایەتی و دەروونییە)، لەهەمان کاتدا پەیوەست نییە بە (لاوازیی و بەچۆکـداهاتنی مێ) بەرانـبەر بەدەسـتهێنانی هەنـدێک شت.

**سەرچاوەکان:**

پشـتم بەسـەرچاوەی بیـانی بەسـتووە، چـونکە لەزمـانی کوردیـدا کەمتر بـاسی (سـێکس/ گانکردن و ڕابـواردنی سێکسی) کـراوە، ئێمە دەزانین لەنێو زۆر دەقی کلاسیکدا، لەنێو فۆلکلۆردا باسی (جەستەی ئـافرەت بەهەمـوو پێکهاتەکـانی) و (خۆشەویسـتی و لەنێـو یەکـتر تـوانەوە کـراوە)، بەڵام هـیچ دەقێـک وەکـو ڕۆمانەکـانی (د. کەمـال سـەعدی) لە نموونەی (خانمباز/ ڕۆمـان ٢٠١٩) و (شـەوانی باکۆ / ڕۆمــان/ ٢٠٢٠) و (حەج و عــومرە/ ڕۆمــان/ ٢٠١٩) و (شـــەوانی ئێریڤــان/ ڕۆمــان/ ٢٠٢٣) بەم زەقی و ڕاشــکاوانە و ڕاســتەوخۆیە گوتاری (گەشت و سێکسی ئاماژە پێ نەکردووە. دەتوانم وەکو دەقی سـەربەخۆی ڕۆمـان بە یەکەم ئەزمـوونی (سێکسی- لەنێـو ئەدەبیـاتی کوردی) و(ئەدەبی داوێنپیسی/ تاپۆ) دابنێم.

سـەرچاوە لەلیکـۆڵینەوەدا گـرنگی لە شـیکردنەوەی بـابەتەکە زۆرتـرە، بـۆیە هەڵـبژاردنی سـەرچاوە، چ وەکـو بـابەتی لێکـۆڵینەوەکە واتە ئەو (دەقەی شـیکاری دەکەیـت)، چ وەکـو سـەرچاوە بـۆ دیـاریکردنی ئەوکلیـل و جـوومگە سـەرەکیانەی پێویسـتە قسـەیان لەبـارەوە بکرێـت و بەڵگەنـامە و بۆچـوونە فکـری و ڕۆشـنبیریی و کۆمەڵایەتییەکـان، کە دەبـنە پاڵپشـت بـۆ پـتر سـاخکردنەوە و شیکردنەوەی بنەما گرنگەکانی لێکۆڵینەوەکە.

وەکـو گـوتم بەهـۆی هەژاری کتێبخـانەی کـورد لە بـارەی فەلسـەفەی سێکس، سێکس وەکـو جەستە و چێژ و وزە، جەسـتە وەکـو بـوون و پێکهـاتە و کارتێکردن و کاردانەوە و ئەو ڕەهەنـدانەی فکـری نـێر و مێی لەسـەر بینـا دەکرێت، ئەو پێکهـاتە دەروونیـانەی دەبنە ڕەوشت و ڕەفتار لای نێر و مێ.

**سوودی لێکۆڵینەوە:**

دەکرێـت بڵـێم ئەم جـۆرە لێکـۆڵینەوەیە تاقـانەیە لەنێـو شـیکردنەوەی دەقی کـوردی و ڕەخـنەی کوردیـدا، کە بەشـێوەیەکی تایبەتمەنـد دوور لە (سـووکایەتی، بقەبـوون، وەکـو فەلسـەفەیەکی سروشـتی ژیـان سـەیری بـابەتی سـێکس کـراوە)، ئەم جـۆرە لێکۆڵینەوەیە لەلایەک :

**یەکەم**: بـابەتێکی ڕۆشـنبیریی کـۆمەڵایەتی و سـایکۆلۆژی و کـۆمەڵایەتییە، بـۆیە قسـەکردن لـێی، قسـەکردنە لەسـەر کـۆمەڵگە نەک بەتەنیا شـیکردنەوەی گوتـاری خـودی سـێکس وەکـو کـردەی (چێژ و تێربوون و کاردانەوە)، یان (خۆشەویسـتی و جوانی و سێکس و پەیوەندی بەردەوام و سەرکوت).

**دووەم**: بـابەتێکی پەروەردەیـیە، کە لەکـۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی هەموو شێتی بووین، لەهەمان کاتدا ناوێرین باسی بکەن. لەکاتێکدا

لەدەیان وشە و دەربڕین و دەستەواژە و پەند و گۆرانی و شیعر و هەڵسوکەوت و کاردانەوە جوێن ئامێز و چاوتێبڕین و جووڵەی (نێر و مێ) لەکاتی یەکتر بینین و دواندانـدا بەڕاشکاوی هەست بەبوونی سێکس لەگوتار و ئاخاوتن و مەبەست و کاردانەوەکان دەکرێت.

**سێیەم**: لەمێژە لەنێو دەقی فۆلکلۆری کوردیدا، ئەدەبی کلاسیکی و شیعر و چیرۆکدا (ئافرەت) وەکو (جەسەت و چێژ و سێکس) بابەتێکی سەرەکی بەرهەمهێنانی دەق بووە، کەچی لەشیکردنەوەکاندا، لە گوزارشتەکاندا دەقنووس پتر هەوڵی داوە بە دوای (جوانی و چاو و ڕوومەت و مەمک و بەژن و باڵا و گەوزاندن و سینگ و پەرچەم و برۆ و هەنیە و گەردەنی بە خاڵ و خرخاڵ و ئەگریجە و چارۆگە و ماچ ... تاد) بگەڕێت و بەکاریان بهێنێت، لەکاتێکدا لەنێو ئەم هەموو شتانەدا بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دەیانەوێت باسی یەک شت بکەن ئەویش (سێکس و جەستەیە لای ئافرەت). تەنیا خودی ئافرەتەکانیش بەزمانی پیاوان وەسفی خودی خۆیان دەکەن، ئەوان ناتوانن وەسفی (پیاو/ پەیوەندیی پیاو لە گەڵ خۆیان و چێژ و پەیوەندییەکانیان) بکەن.

**چوارەم**: دەق لە نێو ئەدەبی کوردیا پتر دەقێکی (نێرانەی باڵادەستی خۆسەپێنە). بۆیە گرنگە ئێمە لەڕوانگەیەکی دیکەدا کە بریتییە لەو چوار ڕۆمانەی (کەمال سەعدی) لە (بوونی ئافرەت و پەیوەندیی سێکسی۔ و برسیەتی نێری کورد و خۆدزینەوە لەسێکس لەپێناو سێکس کردندا) شیکاری شتەکان بکەین و گفتوگۆ لەبارەی پەیوەندیی (نێر و مێ) لە نێو ڕۆمانی ژیاننامە، کە بریتییە لەگێڕانەوەی بیرەوەرییە هەقیقییەکانی خودی ڕۆماننووس و ئەوانەی لە گەشتەکانیدا، لەکاتی سەردان و بیرەوەرییەکانیدا لەگەڵی بوون. ئەو خۆی قسەکەری یەکەمی تاک و خاوەن گوتاری نێو ڕۆمانەکانە، کارەکتەرەکانی دیکەش هەر هەموویان وکو خۆی (کەسانی هەقیقین).

بـۆیە ئەم جـۆرە لێکـۆڵینەوانە گـرنگە بـۆ سـاخکردنەوەی ئەرکی ئەدەبی دەق لەدروسـتکردنی دۆزێـک و هەروەهـا سـوود گەیانـدن بە خـــوێنەری کـــورد بـــۆ ئەوەی بزانێــت پێناســـە و چەمــک و ئەرکی (سێکس) لەڕووی مێژوویی و مرۆیی و دەروونی و ئەخلاقی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و خودی چییە.

**پێـنجەم**: ئەم لێکـۆڵینەوەیە خـزمەت بە رەخـنە و لێکـۆڵینەوەی کـــوردی دەکـات، بـۆ ئەوەی بــزانین ئەم جــۆرە دەقــانە دەقی (بێ ئەخلاقـیی و دوور لەڕەوشـت و داوێنپیسـین)، یـان جـۆرێکە لە دەقی بەرز و دژە (ئـایین و کـۆمەڵگە و زانسـت و ڕووتکـردنەوەی جەسـتە وەکو پێناسە و ناسنامەیەکی بێ بەها و بەدڕەوشتیی) نییە.

**پێکهاتە و بەشەکانی لێکۆڵینەوە**

ئەم لێکۆڵینەوەیە لە دوو بەش پێکدێت:

**بەشی یەکەم**: تیـۆریی و بۆچـوونە فکرییەکانە لەبارەی سـێکس: ئەم بەشــەش دەبێــتە چەنــد لقێــک و دابەشــکراوە بەســەر چەنــد تەوەرەیەکی گشتگیر و لەهەمان کاتدا تایبەت.

**بەشی دووەم**: بـــــــریتییە لە شـــــــیکردنەوەی دەقی ڕۆمـــــــانە سێکســـییەکانی (کەمــال ســەعدی): ئەم بەشــەش دابەشی چەنــد تەوەرەیەک و لقێــک کــراوە، لەکـاتی پێویسـتیدا پێشــت بە تیــۆر و ســەرچاوەی هەمەجــۆر بەســتراوە بــۆ شــیکردنەوەی ئەو بابەتـانەی بــڤەن، یــان قســە لەبارەکردنیــان لەڕووی کــۆمەڵایەتی و ئــایینی و ئەخـلاقی ڕێگەپێـدراو نیـیە، لەکاتێکـدا بەدزی بێـت، یـان بەئاشـکرا لەلایەن زۆر کەس ڕۆژانە بەکاردێـت و پەنـای بـۆ دەبرێـت و مـرۆڤە گرگرتووەکانی سێکسی پێ دادەمرکێتەوە و هەندێک جاریش ئاژاوە و تاوان و کوشتنی بەدوادا دێت.

***

# بەشی یەکەم لایەنی تیۆری و مێژووی سێکس

## ١-١ یاساکانی سۆمەر و حەمورابی و سێکس:

سۆمەرییەکان یاسای تایبەتیان بۆ یەکخستن و پێکهێنانی خێزان هەبوو، لەکاتێکدا "هیچ یاسایەک نادۆزیتەوە ئاماژە بە سزادانی پیاو بکات لەو حالەتەی خیانەت لە خێزانی دەکات، کەچی ئافرەتەکان ڕووبەڕووی سزای مردن دەکرێنەوە، ئەگەر تاوانی زینایان بەسەردا ساخ ببێتەوە. هەر کاتێک ئافرەتی تەڵاق درا و بڕیار بدات و بەگەڕێتەوە ماڵی باوکی دەبێت هەموو ئەو شتانە بگێڕێتەوە، کە لەماوەی مارەکردن وەریگرتووە. دەبێت ئەوە بڵێین، کە عەشتار خواوەندی خۆشەویستی جەستەیی نەبووە. هەر تەنیا پارێزەری شوکردن نەبووە، بەڵکو سەرپەرستی ئافرەتەکانی پەرستگەشی کردووە. (بول فریشاور، ١٩٩٩، ٧٨). واتە دەسەڵاتی ئایینی سەردەمی سۆمەرییەکان و ئایینی لەسەردەمی کۆندا زۆر باڵادەست و کاریگەر بووە بەسەر ئافرەتدا. (خۆشەویستی و شوکردنیش خواوەندێکی وەکو عەشتاری هەبووە) و لەتەک ئەوانەشدا شێوازی ڕێکخستنی ئایینیش لە پەرستگاکاندا ئافرەتی خستبووە ژێر باڵادەستی و هەژموون و پێگەی ڕۆحی عەشتار.

بەپێی یاسای حەمورابی، کۆیلەکان دەیانتوانی بەشێوەیەکی یاسایی لەگەڵ ئافرەتە ئازادەکان هاوسەرگیری بکەن، بەڵام تەنیا لەچوارچێوەی کۆیلەکانی کۆشکی پاشایەتی، یان ئەوانەی لەبازنەی دەوروبەری خۆیاندا دەژیان، لەهەر حاڵەتێکدا و بەپێی زانیارییە مێژووییەکان، هاوسەرگیری لەنێوان بابلییەکاندا بەشێوەیەکی

دروسـت نازانرێـت چـۆن بـووە، تەنیـا ئەوە نەبێـت بەگرێبەسـتێکی فەرمی لەبەڕێوەبەرایەتییە حکومییەکانیاندا تۆمارکراوە. (د. تهانی سندیان، https://arabthought.org/ar/researchcenter/ofoqelectronic-article-details?id=1354&urlTitle ).




لەتەک ئەوەشـدا لەنێـو سـۆمەرییەکان باوەڕێکی باو هەبـووە، کە "ئـافرەت تـرس و تۆقانـدن لە دڵی پیاوەکـان دەچێنێـت". (سـابیتۆ) دەڵێت: "بەخـواردن و خـواردنەوە سکت پڕ بکە، شەو ڕۆژی خـۆت بەخـۆشی بەڕێ بـکە، وا بـکە هەمـوو ڕۆژێـک لە ڕۆژەکـانی ژیانـت ڕۆژێکی بەختەوەر بێت. بە مۆسیقا و قسیارە گۆرانی بۆ خـۆت بڵێ، بەسـەماش ئاسـودەیی لە شـەو و ڕۆژدا بـۆ خـۆت دروسـت بـکە، پاکترین جلکوبەرگ بپۆشە، سەرت بشۆ و پرچت جوان ڕێکبخە و بە ئاوی پاقژ حەمام بکە، بە دڵشـادییەوە بڕوانە منداڵی هەژار، چێژ و

خۆشی لەباوەشی ئافرەت وەربگرە". (بول فریشاور،، ١٩٩٩، ٨٩). ئەم ڕێسا و ئامۆژگارییە لەڕوانگەی پراگماتیکی شیکردنەوەی زمان جۆرێـک (ڕێنـوێنی و ئامۆژگـاریی و فەرمـان و ئاگـاداکردنەوە و ڕۆشنبیریی) تێدایە. سۆرمەرییەکان لە کۆتایی هەموو ئەو خۆشی و ئەرک و خۆ پاقژکردنەوە و ئاسوودەییەی لەرێگەی سەما و گۆرانی و مۆسیقا دروستی دەکەن، هەر هەموو لەکۆتاییدا دەبەستنەوە بە (سێکس و چێژی باوەشی ئافرەت). هیچ شوێنێکی دیکەی جەستەی ئـافرەت ئامـاژە پێ نەکـردووە، (بـاوەش، نێـو سـینگ و مەمکـۆلانی ئافرەتەکان نەبێـت). ئەمە ئاماژەیەکی پراگماتیکی زمـانەوانی زەقە بە (سـێکس و چـێژ و ئاسـوودەیی). واتە ئـافرەت سـەرچاوەی (چـێژ و ئاسـوودەییە)، ئەوان هەر تەنیـا ئامـاژە بە سـێکس و بەکارهێنـانی سـێکس لە جەسـتەی ئـافرەت نـاکەن، بەڵکـو (دروسـتکردنی ئاسوودەیی و خۆشی و ژیانێکی خۆش).

بەپـێی گـێڕانەوە بەڵـگەدارە متمـانە پێکراوەکـانی مـێژوو، دەردەکەوێت لەنێو ئەفسانە کۆنەکانی میزۆپۆتامیادا کە بەنووسینی مسـماری تۆمـارکراون و بـڕیتین لە ئەفسـانە کۆنەکـانی سـۆمەری و ئەکەدییەکان، نـاوی زۆر لە خواوەنـدەکانی وەکـو (گەشـەکردن)ی سۆمەری هاتووە، کە خولقێنەری مرۆڤە و بەرانبەری ئەویش (مامی) بـابلی هەیە، کە واتـای دایـکی گەورە و زەوی بەپیتـوبەرەکەت دەگەیەنێـت، سـەرباری بـوونی خواوەنـدی خۆشەویسـتی و جەنـگی وەکـو خواوەنـدی عەشـتار و خواوەنـدی (ئەرش کیجـال) کە خواوەنـدی زەوی و بەشی هەرە ژێـرەوەی زەویی دەگەیەنێـت هەبووە. لەتەک ئەوانەشدا خواوەندی (شالا) کە تایبەتە بە گوڵە گەنـم هەبـووە. (یوسـف زرا، https://mardutha.com/%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%B1%D8%).

بەپـێی بۆچوونەکـانی (ئەنجلـس) مـرۆڤ لەسـەرەتادا، کە بەشـێوەیەکی سـادە لەسـەر کـۆکردنەوەی خـۆراک و ڕاو دەژیـا و


لەئەشـکەوتەکاندا خۆیـان پەنـا دابـوو، "پـێگەی ئـافرەت ئەوکـات بەهـێز بـوو چـونکە منـداڵیان دەبـوو، پیاوەکانیش لەدەرەوەدا بژێـوی ژیانیان لە ڕاو پەیدا دەکرد. لەقۆناغی کشتوکاڵیشـدا پێگەی ئافرەت بەهــۆی دەستپێشــخەریی و داهێنانەکانیــان زیــادی کــردووە و لەپێگەیەکەوە چۆتە پێگەیەکی دیکە. بەپێی پیتوبەری زەوییەکان و زۆری سەرچاوەکانی ئاو و دەرکەوتنی گوندی کشتوکاڵی سەرەتایی ئەم گۆڕانکاریـانە لەژیـانی ئـافرەت دەرکەوتـوون". (فریـدریک انجلـس، بدون سنة، ٣٢).

لەهەمان کاتدا لەسەردەمی ئارامی و ئاشتیشدا لەناوچەکانی نێوان دوو ڕووبــاردا (میزۆپۆتامیــا)، پیاوەکــان هەمیشــە لەبــاوەشی ئافرەتەکانـدا خـۆشی و چێژیـان بەدەسـت دەهێنـا. (بـول فریشـاور، ١٩٩٩، ٨٩). بەواتـایەکی دیکە دەتـوانین بڵـێین ئـافرەت سـەرچاوەی خـۆشی بەخشـینەوە بـووە. بێگومـان هـیچ گیانەوەرێک لە (ئـارامی و خۆشـیدا) ڕقی بەرانـبەر ئەو شـتە لادروسـت نابێـت کە خـۆشی پێ دەبەخشـێت، بـۆیە مـرۆڤیش بەهەمـوو شـێوەیەک پێشـگریمانەی پراگمـاتیکی ئەوەی لێ دەکرێت، کە ئـافرەتی خۆشویسـتبێت، لەپێنـاو نیشــاندانی خۆشەویســتییەکەی بەلای کەمەوە ڕێــزی لێگرتــووە، بەشـتێکی بەهـاداری گونجـاوی دانـاوە، وەکـو چـۆن لەسـەردەمی کۆمـۆنەی سـەرەتایدا واتـا سـەردەمی ژیـانی ئەشـکەوتەکان ئـافرەت لەبەر دروسـتکردنی منـداڵ پـێگەی بەهـێز بـووە. خۆشەویسـتی بـۆ ئـافرەت پەیوەسـتبووە بە (لەزەتی سـێکس و بەرهەمی ئەو لەزەتە کە منداڵ دروستکردن بووە).

زاناکان لەسـەر ئەوە هـاوڕان کە ئـافرەت لەسـەردەمی هەرە کـۆنی گەشــەکردنی ڕۆشــنبیریی خــاوەنی ئــازادی زۆر بــوون لە ناوچەکـانی میزۆپۆتامیا بەتایبەتی لەسەردەمی (ئۆروک ٤١٠٠-٢٩٠٠ پێش زاین) ، ئەمەش پــێش دەرکەوتــنی (ســەرجۆنی ئەکەدی ٢٣٣٤- ٢٢٧٩) دێت، لەکاتێکدا (سـەرجۆن) خواوەنـدی (ئانانـا)، کە ئـافرەتە وەکـو

پارێزەری خۆی هەڵبژاردووە، هەروەها کچەکەی (ئان- هیدۆ- ئانا) ٢٢٨٥- ٢٢٥٠ پێش زاین) وەکو دەسەڵاتی ڕۆحی باڵای ئور داناوە.( Joshua J. Mark، اکتوبر ٢٠٢٢، https://www.worldhistory.org/trans/ar/2-2081/).

گلگامێش لەداستانەکەیدا وەها وەسفی ئەو پەیوەندییە بەردەوامە کاریگەرەی نێوان ئافرەت و پیاو دەکات: "قسە لەگەڵ باوک و باپیرانم مەکە، کە بەهانای زیندوویەتی بۆ خاک دەهێننەوە، ئەو ژنەی خۆشت دەوێت ماچی مەکە، لەو ژنەش مەدە، کە ڕقت لێیەتی، ئەو منداڵە ماچ مەکە، کە خۆشت دەوێت و ئەو منداڵەی خۆشت ناوێت لێی مەدە". (بول فریشاور، ١٩٩٩، ٨٧).




ئەم هاوکێشەیە لەنێوان ڕق و لێدان، ئینجا خۆشەویستی و ڕێزدایە. ژنە خۆسەویستەکەت ماچ مەکە و لەو ژنەش مەدە کە ڕقت لێیەتی. حیکمەت و لۆژیکی ئەم بۆچوونە فکرییە سەرەتاییە سادەیە لەوەدا بەدیار دەکەوێت (خۆشەویستی و ڕق) بەرانبەر (ئافرەت) لەلایەن (پیاو)ەوە. قسە بۆکراو (پیاو)ە لەنێو گێڕانەوەکەدا نادیارە، بەڵام کەسی ئاماژە بۆکراو (ئافرەت)ە کەسایەتییەکی دیار و ئاشکرایە، سەرباری ڕوونی و ئاشکراو و ڕاستەوخۆ ئاماژەکردن بە (خۆشەویستی و ڕق)، لەهەمان کاتدا باسی چێژ لە سێکس (ماچ) و ئینجا توندوتیژی سێکسی- (لێدان)کراوە. واتە هاوکێشەی خۆشەویستی بەستراوەتەوە بە (چێژی ماچ)، کردەی دەروونی، یان

نەخـــۆشی (ڕق)یـــش بەســـتراوەتەوە بە (تونـــدوتیژی و لێـــدان). بەواتایەکی دیکە نە لە(چێژی خۆشەویستی) و نە (هەڵچوون و ڕق و ڕەتکـردنەوە) پەنـا وەبەر (تونـدوتیژی و بەکارهێنـانی جەسـتە بـۆ ئـازاردانی) ئـافرەت نابێـت، ئەو ئامـاژە بەوە دەکـات پەنـا بـردنە بەر کردەی (تەسلیمبوون لەڕێگەی ماچ) و (کاردانەوەی توند) لەڕێگای (لێدان) کارێکی پێشوازیی لێکراو نابێت.

(حەمـورابی) بە یاسـاکانی نـاسراوە ئەمەش هەر تەنیا دانـانی یاسـا نەبـوو، بەڵکـو هەزاران سـاڵ بەر لەئێسـتا ئامـاژەکردنە بەبنەمـای ڕەوشـتە ئەخلاقییەکانی مرۆڤایەتی، حەمـورابی خـۆی وەکـو بریکار و خزمەتکار و پاسەوانی هێزی ئاسمان وەسفکردبوو، هەروەها خـۆی وەکـو (بـاوکی مافەکـانی گەل) پێناسـە دەکـات، لامـان ڕوونە بـاوک سـەرکردایەتی خـێزان دەکـات و کاروبارەکـانی هەڵ دەسـوورێنێت، حەمورابی ڕێگەی بە هاوسەرەکان دا، پیاوەکان و ژنەکان، پارێزگاری لە یاسا دەرکردن بکەن بەو پێیەی هاوسەرگیریی بنەمای پێکهێنانی خـێزانە و بەشـێوەیەکی گشـتی بنەمـای دەوڵەتیشـە، بـۆیە ئاگـاداری پیاوەکـانی کـردەوە، کە وشـیاربن و لەخـێزانە نەخۆشـەکانیان جیـا نەبنەوە، لەکاتی پێویستدا ڕێگەی بدات بگەڕێتەوە ماڵی باوکی ئەگەر ژنەکە شــەرەفمەند بێــت و هــیچ عەیبــێکی پێــوە دیــار نەبێــت و مێردەکەی بەدوای سـەرگەرمی ماڵەوە دەربچێت و بەهـای خـۆی بە کەم سـەیر نەکردبێـت، ئەوا تاوانبـار نیـیە، لەئەخـلاقی سـۆمەریدا سزاکـانی ئەو ژنـانەی کە ژیـانی هاوسـەرگیری تێـک دەدەن بە ڕەفتـار پێچەوانەی ئەخلاقە و بەشێوەیەکی ڕادەبەدەریش بەردەوام دەبێت لەم هەڵســوکەوتە کە دژی یاســاکانی خــێزانە، سزاکــان توونــدە و توونــدیش دەبێــت. "ئەگەر ژنەکە تاوانبــار بێــت، ئەگەر مــاڵی هاوسـەرەکەی بەجێبهێڵێـت، ئەگەر گەنـدەڵی لە بەکارهێنـانی پـارە بکـات، ئەگەر مـێردەکەی پشـتگوێ بخـات... فـڕێ دەدرێـتە نـاو ئاوەکە". (بول فریشاور، ١٩٩٩، ٩٣). واتا ئافرەت بەشێوەیەکی توووند

به‌پێی یاسا حه‌مورابی به‌شێوه‌یه‌کی توند سزا دراوه. تاوانه‌کانیش دژی ئافره‌ت به‌م شێوه‌یه ئاماژه‌ی پێکراوه:

یه‌که‌م: تاوانبـار بێـت. دووه‌م: مـاڵی هاوسـه‌ری به‌جێ بێڵێـت. سێیه‌م: گه‌نده‌ڵ بێت، مێرده‌که‌ی پشتگوێ بخات.

سزاکه‌ی: فڕێی ده‌ده‌نه نێو ئاوه‌وه. واته سزاکه‌ی کوشتنه.

یاساکانی حه‌مورابی بریتییه له ٢٨٢ ماده‌ی یاسایی و به‌کۆنترین یاسـا له‌مـێژووی مرۆڤـایه‌تی داده‌نرێـت. ( شريعة حموراب، https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%B4%D8%B1%D9%8A%D8%B).

له‌هه‌مـان کاتـدا له‌نێـو یاسـایه‌کانی حه‌مورابیـدا له‌بـاره‌ی مـافی ئـافره‌ت و په‌یوه‌نـدیی سێکسیـ له‌گه‌ڵ پیـاوی غه‌ریبـدا و سـاخ نه‌بـوونه‌وه‌ی هـیچ تاوانێـک دژی ئـافره‌ته‌که، له‌نێـو یاسـایه‌که‌دا ده‌بێژێـت: "ئه‌گه‌ر پیـاوه‌که خـێزانه‌که‌ی خـۆی تاوانبـار کـرد، به‌ڵام هـیچ گونـاهێکی به‌سـه‌ردا ساخ نه‌بۆوه و په‌یوه‌نـدی به‌هـیچ پیـاوێکی دیکه‌وه نه‌بوو، ئه‌وه ئافره‌ته‌که ده‌گه‌ڕێته‌وه ماڵی باوکی، پاش ئه‌وه‌ی له‌به‌رده‌م خواوه‌ندا سوێند ده‌خوات" (بول فريشاور، ١٩٩٩، ٩٣). واته مـافی ئـافره‌ت ئه‌گه‌ر هـیچ تـاوانێکی سێکسیـ به‌سـه‌ردا سـاخ نه‌بووبێته‌وه، مافی گه‌ڕانه‌وه بۆ ماڵی باوکی هه‌یه، به‌ڵام مه‌رجیان بۆ داناوه، ده‌بێت له‌به‌رده‌م خواوه‌ندا سوێند بخوات، که هیچ تاوانێک و هه‌ڵه‌یه‌کی نه‌کردووه و بێ گوناهه.


له‌سـه‌رده‌می ئاشووریه‌کانیشـدا له نه‌یـنه‌وا له (نینـا) خواوه‌نـدی خۆشه‌ویسـتی جه‌سـته‌یان هه‌بـوو، هه‌رچه‌نـده له‌به‌راورد به شارسـتانیه‌تی سـۆمه‌ری و بـابلی پـێگه‌ی کـۆمه‌ڵایه‌تی ئـافره‌ت دابه‌زیـووه، به مـولکی پاشـای داده‌نـێن و مـاف و ده‌سـه‌ڵاتی ئه‌وه‌ی هه‌بـووه ئـافره‌ت له‌هه‌مـوو شـتێک قه‌ده‌غه بکـات، هه‌ر کـاتێکیش پیاوه‌که گومانی خێزانه‌که‌ی کردبێت، سێکسی له‌گه‌ڵ پیاوێکی دیکه

کـردووە، دەبـووایە ژنەکە خـۆی فـڕێ بـداتە نـاو ڕووبـارێکەوە، بـۆ ئەوەی بێ تـاوانی خـۆی بسـەلمێنێت. (المـرآة فی حضـارة وادی رافـدین، https://www.hhro.org/%D8%A7%D9%84%D9%85%)، لەکاتێکـــــــدا دەتوانرێــت بڵێــین جیــاوازییەکەی زۆری لەگەڵ ئەوەی عەشــتار نەبوو. لە سایەی خۆشەویستیدا، ئاشورییەکانیش دەیانتوانی "لەنێو باوەشی ئافرەتەکانـدا چـێژ وەرگـرن". (بـول فریشـاور، ١٩٩٩، ٩٨). لای بابلییەکان سیسـتەمی خـێزان، سیسـتەمێکی باوکسـالارانە بـووە. پیاو بەبنەمای سـەرەکی ئەم سیسـتەمە دادەنرا، بۆیە هەموو شـتێکی بەدەسـت بـووە. (رضـا جـواد الهاشـمی، بـدون سـنة، ٤٠). هەر لەو کاتدا لەپێناو خزمەتکردن و قوربانی دان بۆ خواوەندی خۆشەویستی جەسـتەی ئاشـوورییەکان، پیـاوانی ئـاینی لە (نینـا) داوایـن کـردووە هەموو ئافرەتانی ناوچە داگیرکراوەکان خزمەتی پەرستگایەکان بکەن. سـەرباری ئەوەی پاشـا بەپـێی ئـارەزووی خـۆی دڵی هەر ئـافرەتێکی ویسـتبێت لەنێـو ئافرەتەکـانی کۆشـک توانیـویەتی سـەرجێی لەگەڵ بکـات، بەڵام ئەم ئافرەتـانە مـافی نووسـتنیان لەگەڵ هـیچ پیـاوێکی دیکەدا نەبووە.

## ٢-١ پەردەی کچێنی ناهێڵن:

لەسـەردەمی عەشـتاردا وا بـاو بـووە کە نابێـت هـیچ ئافرەتێـک پەردەی کچێـنی بمێنێـت، ئەمەش بەوە وەسـفکراوە، کە "ڕەحمیـان دەکەنەوە"، لەکـردەوەدا لەو کاتـدا ئەمەیـان بە ئیمـان بەسـتابۆوە، دەبـووایە هەر یەکێـک لەو ئافرەتـانە بچـنە پەرسـتگای عەشـتار و لەپێناو "کچەکانی بابل کچێنی خۆیان وەکو خێر و نەزر لە پەرستگادا پێشکەش بکەن، ئەم کردارە دەبووایە پێش دروستکردنی پەیوەندی خۆشەویستی و هاوسەرگیری ئەنجام بدرابایە. ئەم ئیمانە بەردەوام بوو، بەو پێیە دەبوایە "ڕەحمی ئافرەتەکە بکرێتەوە" کە هێشتا کچە و پەردەی کچێـنی لەدەسـت نەدابـوو، ئەمەش بەکـردەیەکی پـیرۆز

دادەنــــرا، دەبـــووایە ئەمە ڕاســـتەوخۆ لەنزیـــک خواوەنـــدی (خۆشەویستی جەستە) ئەنجام بدرێت. دواى داگیرکردنی ناوچەکان دەبـووایە خواوەنـدە لۆکالییەکـان خۆیـان بە خواوەنـدەکانی دیـکە بگـۆڕنەوە، ئەگەر ئەوانە بەکـردەوە کـچ، خوشـک، یـان ئەنـدامی دەسـتپێوەندەکانی خۆیـان بـۆ ئەم پاککردنەوە نەبـردایە سزا دەدران، لەتەک ئەمەشـدا ئەمە نەریتێکی میللی کۆنە". (بول فریشاور، ١٩٩٩، ٩٤).. لەڕوانـگەی فەلسـەفەی مـادیی، یـان فکـری (ئەنجلـس)دا "گەشـەکردنی خـێزان پەیوەنـدی بە پێشـکەوتن و گەشـەکردنی ئامرازەکانی بەرهەمهێنانەوە هەیە". (فردریک انجلس، بدون سنة ، ٥٥-١٠٥).




لەکاتێکـدا واتـای (خـێزان/ خـانەوادە) لە زمـانی ئینگلـزیی لەسـەرەتادا بەو واتـا و مەبەسـتە بەکـار نەدەهـات کە واتـای (

Family) دەیگەیەنێت. لەبنەرەتدا ئەم وشەیە پەیوەندی بە وشەی ( Famila) لاتینییەوە هەیە، کە واتای خانەوادە، یان خاوەنی ماڵ دەگەیەنێت و لەبنەڕەتدا لە وشەی (Famulus) یان خزمەتکار هاتووە. ( 1966, 344\C.T. Onions, ). لەبەر ئەوە ئێمە دەزانین بەپێی گۆڕان لە بنەما کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی کۆمەڵگە زمان و واتا و مەبەستی بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە باوەکانیش گۆڕانیان بەسەردا دێت. ئێمە دەزانین (خێزان) کە واتای ( Family) ی ئینگلیزی نیشان دەدات، لەهەمان کاتدا لەکاتی بەکارهێنانە میللییە باوەکەدا (خێزان) گوزارشتە لەواتای (ژن/ هاوسەر). کەواتە بیرۆکەی پێکهاتەی واتای خێزان لەبنەڕەتدا پەیوەندیی بە کۆبوونەوە و یەکبوون و دروستکردنی یەکەیەکی سەرەکی و بنەڕەتی کۆمەڵگە لەنێوان نێر و مێ هەیە. کە ئەم پرۆسەیە کە (لەیەکترناسین و خۆشەویستی و یەکبوون و سێکس و چێژ و دروستکردنی منداڵ) دەست پێ دەکات.

ناتوانم بڵێم (نەهێشتنی پەردەی کچێنی لەچوارچێوەی سیستەمی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان زولمێکی کۆمەڵایەتی بووە دژی ئافرەتان، بەڵام نەریتێکی سەپێنراوی بەزۆر بووە، بۆ ئەوەی دەسەڵات و پێگەی فەرمانڕەوایی و دەسەڵات و سیستەمی دەوڵەت بسەپێنرێت). واتە لەگەڵ گەشەکردنی هێزی بەرهەمهێنان و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان پێگە و دەسەڵاتی کۆمەڵایەتی ئافرەتیش دەگۆڕێت، بابلییەکان دەسەڵاتێکی زۆری باوکسالارانەیان بە پیاو بەخشی، ئەم دەسەڵاتە بەشێکی تاکو ئەمڕۆش لەنێو کۆمەڵگەی عەرەبی و نەتەوە و پێکهاتەکانی ناوچەکەدا باوی ماوە. لەکردەوەدا ئەم دەسەڵات سەپاندنی غەریزەی سێکسە لەلایەن ڕەگەزێکەوە بەسەر ڕەگەزێکی دیکەی جیاوازدا بۆتە یەکێک لە کێشە مێژووییە بەردەوامەکانی مرۆڤ.

## ١-٣ خواوەندی دوو ڕەگەز لای (کەمت)ییەکان:

میسرییەکان لە کۆندا ناویان (کەمت) یان وڵاتی ڕەش (ئەسمەر) بـووە، ئەمەشـیان بـۆ ئەوە بـووە لە دەریـا و بیابـانی زەردی لمـاوی جیـــابکرێنەوە، کە لەرۆژهەڵات و ڕۆژئـــاوا دەوریـــان دابــــوو، خواوەندێکیان هەبووە وەرزێرەکان ناویان لێنابوو (حاییس/ حابی) کە شـێوەکەی لەبـوونەوەرێکی خـاوەن دوو ڕەگەز دەچـوو، وەکـو ئەوەی لە عەشـتار لەنێـو هەردوو ڕووبـاردا ئەم جـۆرە دووڕەگەزیـیە هەبووە. ئەم خواوەندە تایبەتمەندییەکەی ئەوەبوو ڕەگەزی نێرینە و ڕیشی هەبووە، لەهەمان کاتدا مەمکی ئافرەتی پێوەبووە، ڕەمز و هێما بـــووە بـــۆ خواوەنـــدێکی دوو شـــێوە ڕەگەز، ئەمەش لەکـــردەوەدا پەیوەسـتکرابوو بە توانـای دووسـەرێی و دەربڕینە دوو لایەنەیـیەکە لەنـێر و مێ. ڕووبـار نیشـانە و ڕەمـز بـوو بـۆ دەسـەڵاتی نـێر و سـاڵانە ڕووبـارەکە خـۆی دەپیتێنـت و خـۆی بەخـۆی لەدایـک دەبێـتەوە و لەنێـــوان شـــلەمەنییە کەفاوییەکانیـــدا لە باشـــوورەوە کە لێـــیەوە سـەرچاوە دەگرێـت تـاکو دەگاتە ئەو دەریـایەی کە تێیـدا دەڕژێـت، وەکـو دایکـێکی شـیردەری وڵاتی (کەمـات) سـەیر دەکرێـت". (بـول فریشاور، ١٩٩٩، ١١٩).


واتە بەهـۆی لێکدانەوە بـۆ دیاردە سروشـتییەکان و هەڵکەوتەی جـوگرافی میسر و جیاوازی وەرزەکان و ڕەنـگی خـاکی لماویی و بـوونی ڕووبـــارێکی پـــڕ خـــێر و بەرەکەت و بەبەرهەم خواوەنـــدیان دروسـتکردووە. ڕەگەزی نـێر و مێ، کە دەربڕی خواوەنـدێکی جـووت ڕەگەزبـووە، دەربـڕ و گوزارشـت بـووە لە کـردەی بەرهەمهێنـان و لەدایکبـوون، وەکـو چـۆن مـرۆڤ لەکـردەی سـێکس و جووتبوونـدا منـداڵی دەبێت و هاوبەشـیی و یەکبـوون لەنێـوان دوو ڕەگەزی نـێر و مێـدا دروسـت دەکـات. مەبەسـتم ئەوەیە خواوەنـدەکانیش لە گوزارشت لە سێکس و پەیوەندیی نێوان نێر و مێ بەدەر نەبوون.

## ٤-١ دیارییەکان بۆ فیرعەون:

سـەرچاوە مێژوورییەکـان ئامـاژە بەوە دەکەن لەسـەردەمی کـۆنی میسرـدا ئافرەتەکـانی پاشـاکانی فیرعەونییەکـان بەشی خواسـت و پێویسـتییەکانی ئەوانی نەدەکـرد، چـونکە وای لێهـاتبوو چی دیـکە خوشک و کچەکانی خۆشیان بەشی نەدەکردن، بۆیە پاشاکان دیاریی (ئـافرەت) لە دۆسـتەکانی خۆیـان بـۆ دەهـات، وەکـو چـۆن بـاج و سەرانەی وڵاتە ژێر دەستکراوەکانیان بۆ دەهات، دیارییەکان بریتی بـوون لە جـوانترین کچەکـانی وڵاتە بێگانەکـان. ((بـول فریشـاور، ١٩٩٩، ١٤٤).

دیـارییەکی دیـکەی میسرـییە کۆنەکـان بـریتییە لەگـرنگی دان بە ئـافرەت و خـێزانە خۆشەویستەکانیان دوای کـۆچ کردنیـان و مـردن. ئەویش بە دیاریکردنی گۆڕێکی تایبەت و ناشتنیان بەشێوەیەکی جوان و دروستکردنی کێل و ڕازاندنەوەی گۆڕی ئافرەتەکان، واتا ئەم جارە لەجیاتی پێشکەشکردنی ئافرەتێک بۆ پاشای فیرعەونەکان، پاشاکانی فیرعەون لەڕێگەی ناشتنی خێزانەکانیان لەگۆڕ و شـوێنێکی تایبەت، ڕێـز لە خۆشەویسـتەکانیان دەگـرن. بـۆ نمـوونە دۆڵی (مەلکـات/ شـاژنەکان) کە لەسـەردەمی کۆنـدا بـریتیی بـووە لەگـۆڕی خـێزان و هاوسەری فیرعەونەکان ناوی (تا- ست- نفرۆ) بووە، واتا (نەوەکانی فـیرعەون). ئەم دۆڵە ژمـارەیەک گـۆڕی شـاژنەکان و ئافرەتەکـانی پاشـاکانی میسرـی کـۆنی تێـدایە، گـۆڕی شـاژن (نفرتـای) هاوسـەری (ڕەمسیسیـ دووەمی) تێـدایە، کە یەکـێکە لە خۆشەویسـترین هاوسەرەکانی و لەدڵەوە خۆشی ویستوە. بۆیە (د. یحیی عویضة) لە لێکۆڵینەوەکەی لەبارەی ئەم گۆڕانە لە دۆڵی شاژنەکان لە ڕۆژئاوای (ئەقسـەر) لە سـەعید، کە سـەدان گـۆڕ و دەیان پەرستگای تێدایە، ئامـاژە بەوە دەکـات ئەمە نیشـانەیە بـۆ بایەخـدانی فیرعەونەکـان بەپـێگەی ئـافرەت و ڕێزگرتنیـان. (دی. دەبلیـو،

https://www.dw.com/ar/%D8%AF%D8%B1%D8%A7% ). بەم جـــــــۆرە بۆمان دەردەکەوێت لەلایەک ئافرەت وەکو کەلوپەل و دیارییەکی بەنرخ لەلایەن وڵاتە داگیرکراوەکان پێشکەش بە پاشاکانی فیرعەون کراون، لەهەمان کاتیشدا ئافرەت لەلایەن پاشاکانی فیرعەونەوە پیرۆز و جێگەی رێز و ستایش بووە، ئەم هەست و گوزارشتە دەروونییەیان لە ناشتنیان و دیارییکردنی گۆڕەکانیان نیشان دراوە. واتە (چێژ و گۆڕ)ی ئافرەت دوو جەستەی پیرۆز و جێگەی بایەخی پاشاکان بووە.




جەستەیەکی زیندوو بۆ پێدانی چێژی سێکسی، کە بۆ تێرکردن و بەدیهێنانی خواستی دەسەڵاتدارانی سەردەمی کۆنی فیرعەونەکان بەکارهێنراوە، جەستەیەکیش بریتییە لە جەستەیەک لەنێو (جەستەیەکی دیکەدا/ کە گۆڕە) وەکو ڕێزگرتنێکی پیرۆز سەیر کراوە.

## ١-٥ گەشەکردنی بواری لێکۆڵینەوە لە سێکس:

بەپشــت بەســتن بەو زانیاریــانەی (ا.س. کــون) لەکتێــبەکەی بەناوی (سێکس لەنێوان ئەفسانە و زانستدا) ئاماژەی پێ دەکات، ئەم بـوارە واتە قسـەکردن لەسـەر سـێکس وەکـو دیاردە و کێشـە و زانسـتێکی مـرۆیی زۆر کـۆن نیـیە. تەنیـا لەنێـوەی دووەمی سـەدەی نۆزدەهەمــدا پێشــکەوتنێک بەدیهــات، بــۆچی ئەم دواکەوتــنە؟ وەڵامەکەی ئەوەیە بــابەتی ســێکس دابــڕاو نیــیە لەگەشــەکردنی سـەرجەم زانسـتەکانی بـایۆلۆجی و کـۆمەڵایەتی. ڕووبەڕووبـوونەوەی کەنیســە و ســەبارەت بــودووڕوویی بــۆرژوازیەت کێشــەیەکە لەو شــتانەی مەســەلەکەی دواخســت. ئەخــلاقی فەرمی کــۆمەڵگەی بـۆرژوازی لەناوەڕاسـتی سـەدەی نۆزدەمـدا پڕبـوو لەچەمـکی دژ بە ســێکس، ژیــانی سێکســیی و هەمــوو ئەو شــتانەی پەیوەنــدییان بەجەسـتەوە هەبـووە، بەشـتی پـیس و خـراپ دادەنـران و کەسـانی خاوەن پلەو پایەی کۆمەڵایەتی نەدەبووایە باسی ئەو شتانە بکەن و ڕێگەپێـدراو نەبـوو، بـۆ نمـوونە لە ئینگلـتەرا لەسـەرەتای سـەدەی نۆزدەهەمـدا ئەگەر پیـاو داوای مریشـکی لەئافرەتێـک بکردبـایە، کە لەپشت مێزکەوە دانیشتوو بوو، ئەمە بەداوا و کارێکی نەشیاو دادەنرا. نەشــیاوییەکە پەیوەنــدی بەم بۆچــوونە هەبـوو، کە ئەمەی وەکــو مەسـەلەیەکی سێکسیـ دادەنـا. ئەو ئـافرەتەی دەچـووە لای دکتـۆر نەدەبـوایە لەسـەر جەسـتەی خـۆی نەخـۆشی و ئازارەکانی بە دکتـۆر نیشــان بــدات، بەڵکــو دەبــووایە لەســەر پەیــکەرە دەســتکردەکانی جەستە ئاماژە بەشوێنی نەخۆشیی و ئازارەکانی بکات

نەک هەر ئەوە سانسۆری ئەخلاقی ڕێگەی نەدەدا کتێبەکانی ئەم نووســەرانە بــڵاو بکــرێنەوە (رونسرــ) و (لاڤــونتین) و (ڕوســۆ) و (ڤــۆلتیر) و (بریگــو) و (بــیرانی) و هی دیــکەش. لەســاڵی ١٨٥٧ لە فەرەنسـا دوو کێشـە لەدادگا لێکـۆڵینەوەی لەبـارەوە کـرا، یەکێکیـان

ڕۆمـــانەکەی (مەدام بۆڤــاری) بـــوو بەتـــاوانی ئەوەی پێشـــێلی پیرۆزییەکانی کـردووە، هەروەهـا (بـۆدلێر) دادگـایی کـرا و شـەش لە شـیعرەکانی لەنێـو دیـوانەکەی قەدەغە کـرا، ئەم بڕیـارە تـاکو سـاڵی ١٩٤٩ درێژەی کێشا و دوای ئەم کاتە ئینجا قەدەغەبوونیان لەسەر شیعرەکان لابرد.

ئەم پزیشـــکانەش لەســـەرەتادا کاریـــان لەبـــارەی ســـێکس و لێکـۆڵینەوە لە سێکس کـردووە و بەدامەزرێنەرانی زانسـتی تـوێژینەوە لەسێکس دادەنرێن، تووشی کێشەی زۆر کراون، لەوانە: (ریهاردفون کرافـت ١٨٤٠- ١٩٠٢) لەزانکـۆی ڤیەنـا، پزیشـکی نەخۆشـییەکانی دەمـار و زانـای دەروونـاسی و زینـدەوەرزانی، هەروەهـا (ئەفگوسـت فۆریل ١٨٤٨- ١٩٣١)، زانسـتی دەروونناسی ئەلمانی (ئەلبرت مول ١٨٦٢- ١٩٣٩) و (مـاگنوس هێرشـفیلد ١٨٦٨- ١٩٣٥) و پزیشـکی نەخۆشی پێست لە ئەلمانیا (ئیڤان بلوخ ١٨٧٢- ١٩٢٢) و نووسەر و دانەر و پزیشکی ئینگلیز (هێنەری گیفوک ئیلسین ١٨٥٩- ١٩٣٩)، ئەمـانە بەهەمـوو پێـوانەیەک لە کەسـانی دیـکەی پێشـەخۆیان و سـەردەمی خۆیـان جیـاوازتر بـوون. (مـۆل)ی کە خـاوەنی فکـرێکی کۆنەپـارێزیش بـوو هـیچ پەیوەنـدییەکی بە ئایۆلۆژیـای سۆسـیال دیموکراتەکانەوە نەبـوو، یـان (هیرسـڤیلد)، یـان کەسـێکی لاشـەڕی عەقـڵانی وەکـو (فۆریـل)، بۆچوونەکانیـان جیـاواز بـوو، بەڵام هەموویـان ڕووبەڕووی فشـار و سزادان و دۆخی قـورس بـوونەوە. (کرافـت- ئیبینـگ) کە دەروونناسـێکی ئەلمـانی بـوو یەکەم (ڕێـبەری کێشـــەکانی دەروونـــاسی سێکسیـ لەســـاڵی ١٨٨٦) بڵاوکـــردەوە هەنـدێک لەبەشـەکانی دانـراوەکەی بە زمـانی لاتیـنی نـووسی، هەتـا خـوێنەرە ئاسـاییەکان تـێی نەگەن، ئەمە وەکـو خـۆ سانسـۆرکردن وابـوو. گۆڤـارێکی بەنێـو بـانگی پزیشـکیی ئینگلـیزیی لەسـاڵی ١٨٩١ نووسـەری ئەم ڕێـبەرەی بەوە تاوانبـار کـرد (شـتی پیسیـ بێ مانـا) بڵاودەکـاتەوە، ئەمەش وایکـرد دژایەتی (کرافـت- ئیبینـگ) بکرێـت تـاکو شـەرەفی ناوونیشـانی ئەنـدامی فەخـری کـۆمەڵەی پزیشـکی

دەروونناسـانی بەریتـانی پێ نەدرێـت. هەروەهـا (بلـوخ) زۆربەی دانراوەکـانی بەنـاوی خواسـتراو و نهێـنی لەبـارەی زانسـتی سـێکس بڵاوکـردەوە. دەزگای چـاودێری ئینگلیز دانراوەکانی (ئیلیسـن)یان بە (قـێزەوەن) وەسـفکرد و خـودی نووسـەر ڕووبەرووی دادگـا و لێپێچینەوە کرایەوە.

لەهەمـان کاتـدا فاشـییەکانی ئەلمانیـا (پەیمانگـای زانسـتی سێکسی)ی، کە (ماگنوس هێرشفیلد) دروستی کردبوو، تێکشکاند و لەناوبرد. هەروەها پزیشـک و زانای مێژووی مرۆڤ لە ئیتالیا (باول مانتیگاسـا) لەبەر کتێـبەکەی بەنـاوی (پەیوەنـدییەکانی سێکسـییە مرۆییەکان) ڕووبەرووی هێرشـێکی زۆر کـرایەوە، خەریکبـوو لەپلەی زانستی وەکو مامۆستا و کورسییەکەی لە ئەنجوومەنی پیران بێبەش بکرێت. زۆر ڕووداو و کاری لەم جۆرە لە مێژوودا ڕوویداوە، ئەمەش وایکـردووە مێژووی زانسـتی سـێکس بە مێژووێکی ئازار دراو حیسـاب بکرێت.

ئیمتیـازە تونـدییەکان دژی زانسـتی تـوێژینەوەی بـایۆلۆژیی وردە وردە سـووک بـوون و ئەم دۆخە تونـدڕەوییە دژ بەزانسـتە جـێگەی خۆی بەسەرهەڵدانی تیۆری وردتر و ئاڵۆزتر لەبواری دەروونناسی دا.

لەسـەدەی نـۆزدەهەم لەکاتی ڕەخنەگـرتن لە بێهەڵوێسـتی تیـۆری بایۆلۆژی پەیوەست بە سێکس دەبێت، کە لەهەمان کاتدا هۆکار بووە بـۆ سـنووردار کـردنی پرەنسـیپیەکانی پەیوەسـت بە بایۆلۆژیا، چـونکە سیسـتەمی بڕوابـوون بە بایۆلۆژیـا هەوڵـدەدات هەمـوو دیـاردە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکان بە یاسا بایۆلۆژییە سادەکراوەکان ڕوون بکاتەوە.

لەکاتێکـدا ڕابـردوو تەنیـا پێشـەکییەکە بـۆ ئێسـتا، بەڵام دیسـان تێڕوانـین بـۆ ئێسـتا بەشـێوەیەکی میسـالیی دوور لەئیرادەی خۆمـانە و

لەهەمان کاتدا زانست سەبارەت بە شیکردنەوەی دابونەریت و شتە باوەکان لەسەدەی نۆزدەهەمدا شوێنی لێکدانەوە و تێڕوانینە ئایینیەکانی گرتەوە. لەسەدەی نۆزدەهەمدا بایۆلۆژییەکان وەکو مەسیحییە لاهوتییەکان بیریان دەکردەوە و هەموو شێوە و پەیوەندییەکی سێکسیان بە مندڵبوون بەستابۆوە. دوای ئەوە مەسەلەیەکی دیکەی گرنگ هاتە پێشەوە (هاوڕەگەزیی و نەخۆشی سێکسی_) بوو، کە لای لاهوتییەکان وا پێناسە کرا، ئەمە کارە سێکسییە سزای خودا و مرۆڤیشی. بەدوادا دێت، بەڵام لای زانست و توێژینەوە زانستییەکان ئەمە دیاردەیە و خۆی لەخۆیدا کێشەیەکی جددییە. زانست دەپرسێت بۆچی ئەم دیاردە نامۆیە دروست بوو؟ لەنێو ئەم دیاردانەدا بۆچی ڕەغبەتی سێکس لەگەڵ هاوڕەگەزەکانی خۆی، یان خواستی لەبەرکردنی جلوبەرگی ڕەگەزی جیاواز، یان ئازاردانی ڕەگەزی دیکە بەشێوە (سادییەکە) ڕوودەدات؟. ئایا بەڕاستی ئەمە تاوانە و یاسا دەبێت سزای بدات، یان نەخۆشییەکە و پێویستە چارەسەر بکرێت؟ ئەگەر بڕیاردرا ئەمە نەخۆشیی بێت چۆن چارەسەر دەکرێت و بەچی چارەسەر دەبێت؟ بێگومان ئەمەش ئاسان نییە هەروا سەرپێی وەڵام بدرێتەوە.

لەساڵی ١٨٣٥ پزیسك و (ئەسنۆگرافی) ئینگلیزیی (جێمس بریچارد) بیرۆکەی (ئەخلاقی شێتانە) و (نەخۆشییە ناباوە و ناسروشتییەکانی) سەبارەت بەشیکردنەوەی هەندێک لەهەستەکان و ڕەغبەتی سێکسی، بێ ئەوەی عەقڵ لەدەست بدرێت ئاماژە پێکرد. ئەمانە سەرەتان بۆ لێکۆڵینەوە لەو لادان و نەخۆشییە دەروونیی سێکسیانەی ڕوو دەدەن. تاکو دەگاتە ئەوەی (هێرشفیلد) ئەم دیاردانە دەبەستێتەوە بە "تێکچوونی هۆرمۆنەکان لای نێر و مێ". (هێرشفیلد) لەساڵی ١٩٠٨ یەکەم گۆڤاری سێکسی_ لە جیهان بڵاوکردەوە، ساڵی ١٩١٨ یەکەم پەیمانگای زانستی سێکسی. وەکو ناوەندی سەرپەرشتیکردن بۆ چارەسەری ئەم نەخۆشیانە دروستکرد، تاکو نازییەکان لە ئەلمانیا دەسەڵاتیان بەدەستەوە گرت

و بڕیاری هەڵوەشانەوە و تێکدانیان دا. زانستە مرۆڤایەتییەکان لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا هەنگاوێکی نوێیان لەبارەی زانستی سێکسی ـ بەرەو پێشەوە نا. بەتایبەتیش لەبارەی (ئەنتۆگرافیا و مێژوو). گەڕۆک و جوگرافیاناسە کۆنەکان بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر باسی دابونەریتی گەلە کۆنەکانیان کردووە، ئەمانە سەرنجەکانیان دەخەنە سەر سێکس لای ئەو هۆز و گروپە سادە و سەرەتاییانە. (بلوخ) بڕوای وابوو بایۆلۆژی بۆ کاری باسکردن و شیکردنەوەی سێکس، پێویستە بەشێوەیەکی تەواوکراو و گونجاو بێت و لەگەڵ باگگراوند و ڕۆشنبیریی لەپێشینەی مێژوویی بگونجێت. ئەمەشی لەنێو وتار و کتێبەکانیدا چەسپاند.


لەهەمان کاتدا تیۆرەکانی (هیفلوک ئیلیس)، کە بریتییە لە ئاراستەکردنی زانستی سێکس لە بایۆلۆژییەوە بەرەو دەروونناسی، لەنێو هەر حەوت بەرگی دانراوەکانیدا بەناوی "توێژینەوە لە دەروونناسی سێکسیی Studies in the Psychology of Sex" ڕەنگی داوەتەوە. ئەو لەڕوانگەی مرۆڤایەتییەوە کاری بۆ تێگەیشتن لە سێکسی ـ مرۆڤ بەشێوە هەمەجۆرەکانییەوە کرد و ئەو لەهەموو زاناکانی دیکە پتر کاری کردووە ئەم دۆزە لەژێر کاریگەرییە درۆ و ئەو ترسانەی پاتریاک لەبارەی ئافرەت دروستیان کرد بوو، دەربهێنێت. تاکو دەگاتە ئەوەی (تیدۆر هیندریک ڤان دی فیلدی) پزیشکی تایبەتی ئافرەتان لە هۆلەندا کتێبێک بە ناوی (خێزانی نموونەیی) لە ساڵی ١٩٢٦ بڵاوبکاتەوە، تاکو ساڵی ١٩٦٧ ئەم کتێبە (٧٧) جار چاپ کرایەوە. بەڕوونی ئاماژەی بەوە کردووە، کە ئافرەت بۆ پیاوان تەنیا مەسەلەیەکی سادەی سێکسیی نییە، بەڵکو هاوبەشی تەواوی هەموو مافەکانیەتی. (ا.س، کون، ١٩٩٢، ١٢- ٢١ ).

تاکو دەگاتە ئەوەی زانستی نوێی توێژینەوە لە کێشەی سێکس وەکو غەریزە ببەستنەوە بەتوانای دارایی و ئابووری و ناوی بنێن (ئابووری سێکس لەڕێگەی ڕۆشنبرییەوە)، ئەمەش دەبەستنەوە بە

"ئافرەت دەستێکی باڵای لە بازاڕی جووتبوون هەیە، ئەمەش ئاکامی سایکۆلۆژیای پیاوە، کە حەز بەهەمجۆری سێکس دەکەن، هەروەها غەریزەی سێکسیان هەیە، سەرباری ئەوەش پیاو خاوەنی بەکارهێنانی زۆری وزە و لایەنگریی سێکسیی و خەیاڵە سێکسییەکانیان بەشێوەی بەردەوام هەیە. (د. دیفید ام. باس، د. سیندی ام، میستون، ٢٠١٨، ٣٤٩ ). نەک هەر ئەوە ئەو ئافرەتە گەنجانەی داهاتێکی دیاریکراویان لەلایەن مێردەکانیان نییە کەمتر لەگەڵ مێردەکانیان سێکس دەکەن، بەراورد بەو ئافرەتانەی داهاتێکی دیاریکراوی تایبەتیان لای مێردەکانیان دەست دەکەوێت. .(Blumstein,P and Schwartz,P, , 1983. )

لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا لە ئەمەریکاشدا بەهەمان شێوە زانستی سێکس و لێکۆڵینەوە لەم بوارەدا ڕووبەرووی گرفتی زۆر بوو. (ئەلفرێد کینزی ١٨٩٤- ١٩٥٦) تا ئەو ڕۆژەی بەهۆی وەستانی دڵ کۆچی دوایی دەکات لەئەنجامی بیروبۆچوونە نوێیەکانی لەبارەی سێکسەوە، تووشی فشاری هەمەلایەنی زۆر بۆتەوە. ئەو لێکۆڵینەوەی لەبارەی ڕەفتار و ڕەوشتی سێکسی.کەسەکان دەکرد و کارەکە بەشێوەیەکی نهێنی بەڕێوە دەچوو، ئەو کەسانەی زانیارییان لێ کۆدەکرایەوە دەیان توانی لەبارەی بەسەرهاتی سێکسی. خودیان بئاخڤن. (کینزی) توانی سەد هەزار چیرۆک لەبارەی سێکس کۆبکاتەوە و ١٩ هەزار دیداری ئەنجام داو نزیکەی ٣٥٠- ٥٢٠ پرسیاری ئاراستەی بەشداربووانی لێکۆڵینەوەکەی کرد. لەئەنجامدا کتێبێکی لە دوو بەرگ نووسی یەکەمیان بەناوی (ڕەوشتی سێکسی. پیاو ١٩٤٨) و ئەوی دیکەیشیان بەناوی (ڕەوشتی سێکسی. ئافرەت ١٩٥٣) بوو. ئەمە بە شۆڕشێکی حەقیقی لەبارەی زانستی سێکس دادەنرێت. کارەکانی لەسەرەتاوە لەلایەن کۆنەپەرست و دڵڕەشەکان دژایەتی کرا، تەنیا وای لێهات زۆر لەبرادەرەکانیشی. سەڵاویان لێ نەدەکرد. تەنیا وای لێکرا لەژێر فشاری کۆنەپارێزەکانی کۆمەڵگە لەلایەن زانکۆ داوا لە (کینزی) کرا یان واز لە لێکۆڵینەوەکانی

بهێنێت، یان ڕێگەی پێ نادەن وانەکانی لە زانکۆ پێشکەش بکات. (کینزی) بەردەوام بوون و درێژەدان بە لێکۆڵینەوەکانی هەڵبژارد. سەربازی ئەوەش هەموو ئەو هاوکاریانەیان لێ بڕی، کە پێشتر بۆ لێکۆڵینەوەکەی پێشەکشیان دەکرد. لە کتێبخانەی سەربازیشدا هەموو بڵاوکراوەکانیان کشاندەوە و قەدەغەیان کرد، لەڕێگەی بەکارهێنانی سانسۆر بەناوی (ئەخلاقی بەرز) بابەت و شتەکانی قەدەغەکرا. بەوەش تاوانباریان کرد، کە ئەوەی (کینزی) دەیکات بریتییە لەتێکدانی ئەخلاقی ئەمەریکا و خۆئامادەکردنە بۆ کودەتایەکی کۆمەنیستانە. (آ.س. کون، ١٩٩٢، ٣٢-٣٤).




تەکنەلۆژیا بەجۆرێکی دیکە لەم سەردەمەدا کاریگەریی لەسەر دروستکردنی پەیوەندی سێکسی۔ و ڕیکلام بۆ سێکس هەیە. بەپێی ڕاپۆرتێکی (سی ئێن ئێن) ئەمەریکی لەم دوایانەدا لە (سیلیکون فالی) لە ویلایەتی کالیفۆرنیادا، بازرگانی بەسێکس زۆر پەرەی سەندووە، کە

بنەکەی سەرەکی زۆربەی کۆمپانیا مەزنەکانی تەکنەلۆژیایە. ئۆفیسی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی بڕیاری داخستنی پێگەی (MyRedbook) لەشفرۆشی دا، کە خزمەتگوزاری بانگەشەکردن و ڕیکلام پێشکەشی کچانی شەو دەکات و دەرفەتی پەیوەندیی کردن لە گەڵ کڕیارەکانیان دروست دەکات. ئافرەتێک کە کار لەڕێگەی ئەم پێگە ئەلەکترۆنییە فووڵ بوو، دەڵێت: لە دەساڵی ڕابردوودا نزیکەی یەک ملیۆن دۆلارم پەیدا کرد، لەڕێگەی کارە سێکسییەکانی لەو ناوچەیەدا. (وادی https://arabic.cnn.com/middleeast/2014/07/13/money-silicon-الجنس-valley-prostitution ). مەبەستمان ئەوەیە زانستی لە وڵاتە پێشکەوتووەکانیش لەسەرەتادا ڕووبەڕووی سەرکوت و سانسۆر و تاوانبارکردن بۆتەوە. ئێستا تەکەلنەلۆژیاش بەشێوەیەکی کاریگەر بەشداری لە پەرەپێدانی (کردەی سێکس وەکو سەرچاوەیەکی ئابووری) دەکات. بەواتایەکی دیکە پێشکەوتنی زانستی پەیوەندیکردن لەڕێگەی ئەنتەرنێتەوە، دەرفەتی نوێی بۆ دروستکردنی پەیوەندیی سێکسی هێناوەتە ئاراوە.

## ١-٦ واتای سێکس

چەمکی سێکس لەزانستە بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و دەروونناسیەکاندا هەمان مانای نییە ، کە مرۆڤ لەڕوانگەیەکی سروشتی سادە تێی دەڕوانێت. سێکس بەمانا توندەکەی بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت "کۆمەڵێک تایبەتمەندی پێکهاتەی فیزیۆلۆژی و ئۆرگانیکە، کە زاوزێ مسۆگەر دەکەن و لەکۆتاییدا نێوەڕۆک و کاکلی مەسەلەکە بە کوتان دەبەسترێتەوە" بەڵام وشەکانی "سێکس" و "پەیوەندی سێکسی"، یان "لێکچوونی سێکسی" مانای فراوانیان هەیە و لەپێگەی تایبەتی کۆمەڵایەتی و بایۆلۆژی تاک تێ دەگەن، وەک پیاو یان ژن، نێر، یان مێ بە پشتبەستن بەپێکهاتەی ئەندامی زاوزێ و هەندێک جار لەسەر

بنەمـای تایبەتمەنـدییە جەسـتەیی و ڕەفتارەکـانەوە دەبێـت. (آ.س. کون، ١٩٩٢، ٥٢).

کردەی سێکس مانای شتێک دەگەیەنێت و گوزارشت لەشتێک دەکات، کە پەیوەندی بەهەموو مرۆڤەکانەوە بێ جیاوازیی هەیە. بۆیە سێکس دەتوانێت واتایەک ببەخشێت کە پێکهاتبێت لە گوزارشت لە نزیکبـوونەوەییەکی بێ کۆتـایی لەنێـوان بوونەوەرەکـان. (کوسـتی بندلی، بدون سنة،٢٤).

غەریـزەی سێکسی- غەریـزەیەکی هاوبەشـە لە نێـوان مـرۆڤ و ئاژەڵدا، بەرهەمی غەریزەی یەکەمە، کە بریتییە لە غەریزەی مانەوە، چـونکە پارێزگـاریی لەمـانەوەی جـۆری مرۆڤەکەکـان دەکـات. شارسـتانیەت و ڕۆشـنبیرییە کۆنەکـان پـڕن لە شـتی بەڵـگەدار، کە گوزارشـت لە سـێکس دەکەن، تەنیـا ئایینەکـانیش کـۆنترۆڵ و پارێزگـاریی لەسـەر سروشـتی مـرۆڤی تێـدایە، هەروەهـا ئەفسـانەی شارسـتانییە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتـیش گوزارشـت لە سـێکس دەکەن، زۆربەی کارەکـانی سـۆفیگەریی و ڕۆحـانیش گوزارشـتیان دەربـارەی سێکس تێدایە. لەڕاستیدا فەلسەفەی کلاسیکی مەسەلەی سێکسی- پشـتگوێ نەخسـتووە، بەڵکـو هەوڵی داوە سـەرلەنوێ شـیکاری بکـاتەوە، بەڵام خـۆی لەوە دزیـوەتەوە بەشـێوەیەکی ڕاسـتەوخۆ ئاماژەی پێ بکات. (کاظم الحجاج، ٢٠٠٢، ٣٢). بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (رمضان بسطاویسی محمد، مجلة العصور الجدیدة، عدد ٥ ینایر ٢٠٠٠، ل ١٣٨-١٣٩).

سەردەمی (ڤیکتۆری) ئەوەی نیشان دا، کە "سێکس تەنیا چێژ و خۆشی نییە بتوانرێت پشتی تێ بکرێت، ئێستا دان بەوەدا دەنرێت، سـێکس پێویسـتییەکە نەک تەنیـا بـۆ بەردەوامی دان بە جـۆری مرۆڤایەتی، بەڵکو هۆکاریشە بۆ ئەوەی مرۆڤ بەشێوەیەکی سروشتی بە ئەرکەکانی خۆی هەستێت". (ا.س، کون، ١٩٩٢، ٢٣ ).

لەزمـــانی عەرەبیـــدا جیـــاوازیی ڕەگەزی نـــێر و مێ (ســـێکس) بەشێوەیەکی زەق بەدی دەکرێت لەوانە :

- نێر سەرەکیی و ڕەسەنە، مێ لاوەکییە و لقە.
- کردەی گوتن لە کردەی واتا بەهێزترە و لەژێر کاریگەریی ئەو دایە.
- کردەی بەهێز کارەکان پێش کاتی خۆی و دوای کاتی خۆی ڕادەپەڕێنێت، بەڵام کردەی لاواز و سیس تەنیا کارەکان لەدوای کاتی خۆی دەکات.
- لەژمارە و ژماردندا دەبێت هەمیشە نێر، کە سەرەکییە بەسەر مێ کە لق و لاوەکییە زاڵ ببێت.
- لەدووبارەکردنەوەی ناوهێنان و پێکچواندندا دەبێت نێر بەسەر مێدا زاڵ بێت.
- دەبێت نێر بەسەر مێدا زاڵ بێت لە گوتار و قسەکردنی سێکسیدا. (علی عبدالحلیم حمزة، ٢٠٠٣، ٢٦ ).

تەنیـا فەیلەسـوفێکی وەکـو (نـیچە)ش پـێی وایە ژنهێنـان لای فەیلەسوفەکان کارێکی پێشوازیی لێکراو نەبووە چونکە "فەیلەسوف ڕقی لە ژنهێنـانە لەگەڵ هەمـوو ئەو وەسوەسـەیەی بـۆی پەیـدا دەبێت، ژنهێنان تووشی کارەساتی دەکات". (یولان شانج، ت، مجلة العصـور الجدیـدة، عـدد ٥ ینـایر ٢٠٠٠، ل ١٢٩). بـۆیە دەبینرێت هـیچ یەکێـک لە (هیراقلیـتس و ئەفلاتـوون و دیکارت و ئەسـبینوزا و لیبنتز و کانت و شـوبنهاوەر) ژنیان نەبـووە. (کاظم الحجـاج، ٢٠٠٢، ٣٣).

بەواتـایەکی دیـکە سـێکس هەر تەنیـا ئەنجامـدانی کـردەیەکی دابینکـردنی زەوق و لەزەت و چـێژ نیـیە، بەڵکـو "پەیوەنـدیی کـردنە کەســانی دیــکە لەوانە لەبەکارهێنــانی وشــەی (جووتبــوون) و

(بەیەکەوەنووستن) لە زماندا وەکو ئاماژە بۆ کردەی سێکسی. بەکار دەهێنرێت". (کوستی بندلی، بدون سنة، ٢٤).




(د. دڤید ام. باس و د. سیندی ام. میستون) لە پێشەکی کتێبەکەیان دەربارەی ئافرەت و سێکس بەڕاشکاوی دەپرسن: "بۆچی ئافرەت سێکس دەکات" و هەر خۆیان وەڵامی ئەم پرسیارە دەدەنەوە و دەڵێن "زانا و پسپۆرەکانی ئەم بوارە دەڵێن بۆ چێژ و خۆشی بەخشین، بۆ گوزارشت لە خۆشەویستی، لە ئاستی بایۆلۆژیشدا بۆ بەدیهێنانی غەریزەی سێکسە، بۆ زۆربوون، واتە منداڵبوون". دوای بڵاوبوونەوەی وتارەکانمان بەناوی "بۆچی ئافرەت سێکس دەکات لە گۆڤاری ( Archivesof sexual Behavior ) ژمارە ئابی ٢٠٠٧دا، لەوێدا ٢٣٧ هۆکاری جیاوازی هاندەرمان دەستنیشان کرد. یەکێک لەو هۆکارانە زۆر بەسادەیی بریتی بوو لەوەی(هەستم بە بێزاریی دەکرد) لەنێو ڕۆحمدا (ویستم لە خودا نزیک ببمەوە). خۆبەخشانەش (ویستم پیاو بەرانبەر خودی خۆی هەست بەشتێکی باشتر بکات)، بۆ تۆڵەکردنەوە (دەمویست سزای هاوسەرە پیاوەکەم بدەم، کە خیانەتی لێکردم). بەڵام هەندێک ئافرەت سێکس دەکەن بۆ ئەوەی هێز و بوونی خۆیان نیشان بدەن و هەندێک بۆ ڕەزیلکردن و سووککردنی خۆیان ئەم کاری سێکسە دەکەن، هەندێکیش بۆ ڕاکێشانی سەرنجی هاوڕێکانیان ئەم کارە دەکەن، هەندێکیش بۆ دەربڕینی خۆشەویستی ڕۆمانسیانە و هەندێکیش هەر وەکو ڕقلێبوونەوەیەکی کوێرانە ئەنجامی دەدەن لەپێناو تووشکردنی کەسی دووەم بە نەخۆشی

لەڕێـگەی سێکسـەوە. وەڵام بەئاسـانی بەدەسـت ناکەوێـت ئـێمە دەمانەوێــت لەوە بگەیــن ئەو هەمـــوو هۆکـــارانە چـــین لەنێـــو سـایکۆلۆژیای ئافرەتـدا کـاریگەریی لەسـەر سـێکس لای ئافرەتـان دروسـت دەکەن. (د. دیفیـد ام. بـاس و د. سـیندی ام. میسـتون، ٢٠١٨، ١٣-١٤).

واتە زانستی لێکۆڵینەوە لە سێکس وەکو دیاردەیەکی بایۆلۆژی و سروشت، وەکو بەهایەکی ئابووری و گرفتێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی و ئایینی کۆتایی نەهاتووە، لەزۆر شوێندا تاکو ئێستاش قسەکردن و شیکردنەوەی زانستی و ئاخاوتن لەبارەی (سێکس لەنێوان پیاو و ئافرەت) و (هاوڕەگەزیی) و (سێکس وەکو دیاردەیەکی بایۆلۆژیی) قەدەغەیە و سانسۆری هەمەجۆر کۆمەڵایەتی و یاسا و ئایین ڕێگە نادەن زاناکانیش بەڕاشکاویی و ڕاستەوخۆ قسە لەم دیاردە و دۆخە بکەن. وەکو چۆن لە سەدەکانی ڕابردوو، تەنیا لەسەرەتای سەدەی بیستەمیشدا لە ئەوروپا و ئەمەریکاشدا لێکۆڵینەوەی زانستی ڕێگە پێدراو نەبووە، قسە لە سێکس بکات و بە تاوانی تێکدانی ئەخلاق و بڵاوکـردنەوەی فکـری کۆمۆنیســتی بەهـۆی زاڵبــوونی بۆچــوونی بۆرژوازیی و کەنیسە و فکری کۆنەپارێزی دواکەوتوو تۆمەتبار دەکرا.

هیچ گومان نییە، ئەم باسە لە کوردستانیشدا وەکو زانست و لەنێو مینبەرە گشتییە باوەکاندا بـڤەیە و ناتوانرێت لێکۆڵینەوەی لەبەر ژمارەیەک هۆکاری جیاواز لەبارەوە بکرێـت. هەرچەنـدە کۆمەڵگەی کوردی لە ڕێگەی بەکارهێنانی زمان لەنێو دەقی ئەدەبیدا لەکـۆنەوە، یـان لەنێـو پەنـد و قسـەی نەسـتەق و بەرهەمە فۆلکۆرییەکاندا بەڕاشکاوی جەستەی ئافرەت وەکو گوزارشتێک لە سـێکس و وەسـفی سـێکس و پەیوەنـدیی و تێڕوانـین و خواسـتی سێکسی- و وێناکردنی پیاو بۆ جەستەی ئافرەتیان بەکارهێناوە. لە لێکۆڵینەوە کوردییەکاندا قسە لەسەر لایەنە ڕووکەشە دیارەکانی ئەم بەکارهێنانە زمانیی و ئەدەبییە کراوە، بێ ئەوەی هیچ دید و بۆچوون

و لێکـدانەوەیەکی قـووڵ بـۆ پەیوەنـدیی سێکسیـ لەنێـوان نـێر و مێ بکرێت.

## ١-٧ یەکبوونی جەستە

کاتێک بمانەوێت باسی جەستە بکەین، بێگومان ئەمە پێکهاتە زینـدوو و بێ گیانەکانیش دەگـرێتەوە. بەپـێی بۆچوونەکانی (فرۆیـد) "خۆشەویستی لەنێوان پیاو و ئافرەت نێوەڕۆکی وزەی خۆشەویستی ئاشکرا دەکات مەبەستی لەمەش ئەوەبووە، کە وا بکات ژمارەیەک بوونەوەر ببنە یەک بـوونەوەر". (کوستی بندلی، بدون سنة، ٢٥). واتە لەڕێــگەی خۆشەویســتی لەنێــوان مێ و نــێردا، یەکبــوون و تێکەڵبــوونێکی ڕۆحی سێکسیـ دروســت دەبێـت، کە ڕەنـگە ئەمە یەکێک بێت لەو نهێنییە نادیارەی هەمیشە دوو هاوسەر بەیەکەوە دەبەســتێتەوە. هەنــدێکیان لە ڕێــگەی خۆشەویســتی پــێش ژن و ژنخــوازیی و پــێش ســێکس درســتبووە، هەنــدێکیش دوای ئەوەی دەبـنە هاوســەر و ســێکس بەیەکەوە دەکەن. لەکـردەوەدا ســێکس وزەیەکی بەهــــێز دەبەخشــــێتە درووســــتبوون و گەشــــەکردنی خۆشەویستی.

لەنێــو ئەم تــۆڕە زۆرە هەمەجــۆرەی بەهــا و وەســفکراوەکاندا، جەستە دەبێتە ئامراز و ئامانجیش لەهەمان کاتدا. (ابراهم محمود بدون سنة، ٨٣). واتا بەکارهێنانی جەستە لەلایەن نێر و مێدا کارێکی هاوبەشە، هەردوو لا و کەس ئەگەر بەیەکسانی ئەم جەستەیە وەکو ئـامراز و ئامـانج بەکـار نەهێـنن، تێکچـوونی هاوسـەنگیی و نەمـانی خۆشەویستی، تا دەگاتە خیانەت و تۆڵەکردنەوە و ڕقی کوێرانەی لێ دروست دەبێت.

مەبەستی لەمە ئەوەیە چەند جەستەیەک دەبنە یەک جەستە. لەبــیر نەکەیــن لە دەقی ئاییندیشــدا ئامــاژە بەوە کــراوە، کە ئەم


پەیوەنـدییە سێکسـییە لەنێـوان پیـاو و ئافرەتـدا هەیە، مـرۆڤ بەرەو پێکهێنانی یەک جەستەیی دەبات. لەمەش پتر (ئیریک فـرۆم) لەنێو کتێبەکەی (هـونەری خۆشەویسـتی)دا، پێی وایە کارتێکردن و بەرەو یەک ڕاکێشـان بەهـۆی سێکسـەوە، نـابێتە هۆکـار بـۆ لەنـاوبردنی گرژییەکـان و تەنیـا بەشـێکی نەبێـت، بەڵکـو ئەم تایبەتمەنـدییە پێویسـتی بە یەکێتی لەنێوان جەمسەری دژ بەیەک هەیە، خواسـتی سێکسی_ بەرەو لەنێـو یەک توانەوەیـان دەبـات، وەڵامـدەرەوەی پێویسـتییەکانی جەسـتە و خۆبەتـاڵکردن لەگـرژی و دڵەڕاوکـێی بـێزار کەر نییە". (کوستی بندلی، بدون سنة،٢٦). بەهـۆی دروستبوونی یەک جەسـتەیی و یەکبـوونی جەسـتە لەنێـوان نـێر و مێـدا، ڕەنـگە کۆتـاییی بەهەمـوو نـاکۆکیی و هـاوژدیی و تێڕوانـین و جیـاوازیی لەکەسایەتی و بیرکردنەوەی کەسەکان نەیەت، بەڵام ئەم یەکبوونی جەستەیە کاریگەریی لەسەر (یەکبوونی یەک جەستەیی خێزان)یش دەبێـت. ئەو پیـاو و ژنەی کـۆک و تەبـان، لەڕووی سێکسـییەوە ئاسـودەن، ئاسـتی پەیوەنـدییەکانیان لەگەڵ منـداڵ و خـێزان و دەوروبەریشـیان پەیوەنـدییەکی گونجـاوی بـاڵایە و هانـدەری سـەرنجەکانە بەلای باشـیدا، ئاسـتی گفتوگـۆ و بەکارهێنـانی زمـانی قسەکردن و زمانی جەستە و ئاماژە دەروونییەکانیان شیاو و جێگەی بایەخە. واتە پەیوەندییەکانیان ڕەنگدانەوەی ئاسودەیی دەروونییە، کە سەرچاوەکی (ئارامیی سێکسییە).

لەکوردەواریـدا کەماڵێـک سـبەینان زوو ئـاوی لە جـۆگەلەی حەمامـدا بـڕوات دەڵێن (ئەمشـەو قەومانـدوویەتی)، کەسێک تـوورە بێت دەڵێن (دیارە خاتوون ئەمشـەو پشـتی تێکردییە)، (خـۆ بسـمیل دەکەین، واتە سێکسمان کردووە)، (کاکە سبەینێ هەینییە، خێریان پێکـردییە). سـەرباری دەیـان نـوکتە کە پـڕاو پـڕن لە بەسـەرهاتی هەقیقی، یان دروستکراو لەبارەی (سێکس و بیرکـردنەوە لە چـێژ و لەزەتی سـێکس و کـاردانەوە و کـارتێکردنە هەسـتییە دەروونییەکـان

لەبارەی سێکس و چۆنیەتی دروستبوونی یەکێتی جەستەیی لەنێوان نێر و مێدا).


"جەستە ئامادەیە و لێرەیە – لەهەمان کاتدا لێرە نییە غائیبە. لەنێو هوشیاری هیچ کەسێکدا نییە، تەنیا ئەو چرکانە نەبێت، کە لەئەنجامدانی ئەرکەکانی دەوەستێت، ئەو کاتەی رۆتیناتی ژیانی رۆژانەیە، یان ئەو کاتەی "بێدەنگی ئەندامەکانی جەستە" دەپچڕێت". (داڤید لوبروتون، ، ١٩٩٧، ٢٣). گرنگی جەستە لەکاتی پێویست و بەکارهێنانی بەدیار دەکەوێت، یان ئەو کاتانەی لەکار دەکەوێت. ئەگەر هەندێک وردتر لەم کێشە و باسە بنۆڕین بۆمان ساخ دەبێتەوە، کە ئەندامی نێرینەی پیاو دەمرێت، دەڵێن "برا گەورەی مردووە". ئەمە هێما و واتایە بۆ مردنی جەستە لەڕووی سێکسەوە.

پێویستە لێرەدا لەبارەی ئەم یەکبوونە ئاماژە بە بۆچوونێکی گرنگی (برونسلاف مالینوڤسکی) بکەم، کە پێی وایە "ئەفسانە مرۆڤی سەرەتایی فرێدایە نێو جۆرێک لە هاندان و خواست بۆ ئەوەی شت بزانن". (برونسلاف مالینوفسکی ،بدون سنة، ٦٩). ئەفسانەی سێکس یەکێکە لەو بوارانەی مرۆڤ لەئەنجامی (بیرکردنەوە و دەستلێدان و هەستپێکردن و دواتریش دوای سەدان هەزار ساڵ هوشیاری) توانی لەم (نهێنییە سەرسوڕهێنەرە و مەبەستە شاراوەی ناخ و خواستە بێ سنوورەکانی ئەنجامدانی سێکس) بگات، یان هەیە هێشتا ترسیان لە تێگەیشتن لەم دیاردەیە هەیە. مەبەستی ئەوەیە ئەمە ئەفسانە بووە، وای لە مرۆڤ کردووە بیر لە زانین و پشکنین و گەڕان بەدوای ئەو شتانە بکاتەوە، کە لەسروشتی دەوروبەری ئەودا هەن. (سێکس) یەکێکە لەو شتە نەزانراوانەی لەنێو زۆر ئەفسانەی کۆندا ئاماژەی پێکراوە، کە گوزارشتە لە (دۆزینەوەی هۆکارەکانی یەکێتی سێکسی لەنێوان نێر و مێ)دا.




ئەگەر سەیرێکی بۆچوونەکانی (فرۆید) بکەین ئەو لەباسی (یەکێتی جەستە) و یەکبوون و تێکەڵبوون، یان کورد گوتەنی (تێوانەوە لەناویەکدا و بوونە یەک هەست و نەست و رۆح و جەستە) شتەکان بە (سۆزداری) دەبەستێتەوە و دەڵێت "رەغبەتی سێکسی- بەڵگەی یەکێتی جیهانیی سۆزدارییە لای کەسەکان". (ا.س. کون، ١٩٩٢، ٢٦).

یان لای یۆنانییە کۆنەکان بەشێوەیەکی دیکە باسی جەستە کراوە و لە سێ جۆردا وەکو هێما و نیشانە بەرجەستە کراوە، وەکو: (ماڵ) ئاماژەی پێکراوە (ماڵی یەکەم سکی ئافرەتە، ماڵی دووەم ئەو ماڵەیە کە پیاوەکە ئافرەتێکی دەهێنێتە ناو، سێیەم ماڵ بریتییە لە گۆڕ. (باسکال کینیار، ٢٠٠٧، ١٤٧). یۆنانییەکان (سکی ئافرەت و خانوو/ ماڵ و ئینجا گۆڕ)یان بەسێ جەستەی جیاواز داناوە.




لای میدییه کۆنه‌کان که بڕوایان به پاکی جه‌سته هه‌بووه، ئه‌وانیش ئه‌مه‌یان به‌ستاوه‌ته‌وه به پاکوخاوێنی چیاکان، ئه‌م به‌ستانه‌وه‌یه له‌و بڕوایه‌دا سه‌رچاوه‌ی گرتووه که پێیان وابووه "پاکوخاوێنی جه‌سته مه‌رجی حه‌تمیی یه‌که‌مه بۆ پاکی ڕۆح". ((بول فریشاور، ۱۹۹۹، ۱۰۹). واته ئێمه ده‌توانین له‌ڕوانگه‌ی ئایینی و کۆمه‌ڵایه‌تی و ده‌روونی و که‌لتووری جیاواز له جه‌سته و یه‌کبوونی جه‌سته بڕوانیان.

بۆیه زانایه‌کانی ئه‌م بواره گه‌یشتوونه‌ته ئه‌و باوه‌ڕه‌ی بڵێن "ناتوانرێت له چه‌مکی سێکس له‌ده‌ره‌وه‌ی که‌سایه‌تی که‌سه‌کانه‌وه بگه‌ین". (ا.س، کون، ۱۹۹۲، ۲۳ ). ئه‌م شیکردنه‌وه‌یه به‌ره‌و ئه‌وه‌مان ده‌بات ناسنامه‌ی که‌سه‌کان له‌ڕێگه‌ی چۆنیه‌تی و شێواز و جۆری سێکس کردنه‌کانیان دیاریی بکرێت.

بۆچوونێک هه‌یه ده‌ڵێت "مرۆڤ پێویسته له‌ڕێگه‌ی به‌کارهێنانی هۆکاره‌کانی که‌وتنی هه‌سته‌کانه‌وه بناسرێت". ((بول فریشاور، ۱۹۹۹، ۲۱۷). (جومانه حه‌داد)یش ده‌ڵێت: (که سه‌باره‌ت به

جەستەم دەنووسم، مەبەستم نمایشکردنی بوێریی نییە، بەڵکو لەهەوڵی ئەوەدام، دەستپاکانە ئەوە بڵێم، کە لەناخمەوە هەڵ دەقووڵێت. جەستەم بەشێکی گرنگە لە من، کێڵگەی ئەزموونەکانم و گۆڕەپانی ژیانمە، ئەو خاکەیە پێشوازی لە با و باران، لە خۆر و جریوەی مەل و لە خەڵکیش دەکات. هەندێک جار هەست دەکەم بە قەڵەمی جەستەم دەنووسم، ئاخر وشەکانم لە کونیلەکانی جەستەمەوە هەڵدەقوڵێن). جەستە لە ئێرۆتیکادا لەوپەڕی درەوشانەوەی خۆیدایە، بەلای سۆفیگەرییدا، جەستە کۆسپە، ئاخر ئەوە جەستەیە بوار نادات، سۆفی بە مەحاڵ، بە توانەوە لە خوادا، بگات.(حەمە سەعید حەسەن، https://www.basnews.com/so/babat/392002).


ئایینی هیندۆسی یەکێتی سێکسی. لەنێو پرۆسەی هاوسەرگیری و لەدەرەوەی هاوسەرگیریدا شکۆمەند کردووە، چ وەک یەک بێت، بە مەرجێک ئەو دوو هاوبەشە لە کاروانی ژیانی خۆیان و لەچێژەکانیاندا سوود نەبینن بەڵکو یاریی توانا و وزەکانە، خواوەندەکان لە جەوهەرەکەیاندا، ئەوا کاری خۆشەویستی کۆپی دەکات و دواتر کردەی لەدایکبوونی جەستەیی ڕوودەدات، وەکو پرۆسەی سەرەتایی دروستکردنی جیهانەکان، بۆیە بنەمای پیاوانە ئەوەیە، کە لەگەڵ تەواوکەرەکەیدا جووت دەبن و یەکێتی جەستەیی دروست دەکەن، (شاکتی)یش لەڕاستیدا بنەمایەکە پەیوەستە بە ژنانەوە. ((بول فریشاور، ١٩٩٩، ٢١٦).

ئەمە کورتەیەکی خێرایە لە تێگەیشتن لە جەستە وەکو سێکس، جەستە وەکو تێڕوانینێکی فەلسەفی و فکری، جەستە وەکو لێکدانەوەی ئایینی و ڕۆحی. لەڕاستیدا سێکس لەنێو جەستەدا ڕوودەدات، لە جەستەیەکەوە دەگوازرێتەوە بۆ جەستەیەکی دیکە، لە گونجاندا جەستەکان ئاسوودەن و هەستەکان ئارام و نەرم و بەخشندەن، لە نەگونجاندا دەمارگرژیی و تێکچوونی باری دەروونی


و کـــاردانەوە و تـــۆڵەکردنەوە و رق و ناپـــاکیی لای (نـــێر و مێ) و لێکدابڕان و جیابوونەوە لە جیاتی جووتبوون دروست دەبێت.

## ٨-١ سزای سوتاندن

کاتێک بمانەوێت بابەتە مێژووییەکان لەبارەی ئافرەت و سێکس و یەکبـــوون لەنێـــوان دوو جەســـتی جیـــاواز ئامـــاژە پێ بکەیـــن، ڕووبەڕووی کارێکی زۆر قـورس دەبیـنەوە، پێمـان سـەیر نەبێـت، کە ڕووبـارێکی خـوێن و تـاوان و تونـدوتیژی دژی ئـافرەت هەیە. بـۆیە بێ ئەوەی بتـوانین ڕووداوە مێژووییەکان بەوردی شـیکار بکەیـن، کارێکی قورســە لە چەمـک و نێــوەڕۆکی پەیوەنــدییە سێکســییەکان وەکــو دیـاردەیەکی بـایۆلۆژیی- مـێژوویی- کـۆمەڵایەتی و ئـابووری بگەیـن. گوتـارێکی مـێژووی خوێنـاوی دژی ئـافرەت ، لەکـردەوەدا گوتـاری سەرکوت و بەپاشکۆکردنی ئافرەتە لەڕووی (جەستە و سێکسەوە). (جەسـتە و چـێژ و مـردن و بـیرەوەریی) وەکـو چوارگۆشـەی مـێژوویی (سێکس و چەوسانەوە و چێژی بەکارهێنراو و گێڕانەوە) بەردەوامە.




----------------------------




لەسەردەمی ئاشووریەکاندا بەتوندترین شێوە سزای ئەو ئافرەتانە دراوە، کە نەیانتوانیوە منداڵ دروست بکەن، یان بەدرۆ خۆیان بە ئاوس و سک پڕ داناوە، لەم بارەوە مێژوونووسان گووتویانە: "لەسەر ئافرەت پێویست بوو منداڵ دروست بکات. هەر خۆدوورگرتنێک لە سکپڕبوون و ئاوسبوون، سزادانی توندی ئافرەتەکەی بەدواوە بووە، ئەگەر باسەکە بە منداڵبوونی درۆینە کۆتایی بهاتبایە، ئەگەر ئافرەتەکە لەسەر منداڵ بوونەکەی بشچووبایە، لە گۆڕەپانێکدا دەسوتێنرا، ئەمەش وەکو سزایەک و تۆقاندن و ترساندن لەناخی ئەوانی دیکە بەکاردەهێنرا". (بول فریشاور، ١٩٩٩، ١٠٠).

لەکاتێکدا زانستی پشکنین و سایکۆلۆژیای پشکنینی پزیشکی لە گەشەکردنێکی خێرا بووە، لەلێکۆڵینەوەی پەیوەندی نێوان زانست و

دابــونەریتی کــۆمەڵایەتی و نەخۆشــییە باوەکــانی نێــو کــۆمەڵگە و خۆشەویســتی و ســێکس لای ئــافرەت و پیــاو. "سێکســپلۆژیای پشکنینی پزیشکی لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا وەکو سیستەمێکی پێــوانەیی بــایۆلۆژی بەتەواوی لەژێــر فشــاری ئەخــلاقی فەرمیــدا ڕەتکرایەوە". (ا.س. کون، ١٩٩٢، ٣٠).

بەشـێک لەزمـانی جەسـتەش بەسـتراوەتەوە بە سـێکس، لەوانە هەڵهەڵە "ئەرکی بەستنەوەی ڕەگەزێکە بە ڕەگەزێکی دیکە" (مالک شبل، ٢٠١٠، ١٥٦)، "سەیرکردن و شێوازی ئاخاوتن" و "جووڵەی دەموچاو".. لە ئیسلامدا (زینا) لەژیان و لەنێو کۆمەڵگە و لەدوای مــردنیش سزایەکی یەکــلاکەرەوەی تونــدی بەدواوەیە. کەســانی توندڕەوی چاکسازیخواز لەئیسلامدا "زینا بەچاویش" دەسەلمێنن و بەتاوانێکی یەکلاکەرەوەی بێ مشتومڕی دادەنێن و سزای بەدواوەیە، ئەمانە پەیوەندی نێوان پیاو و ئافرەت لەسەر بنەمای عەشق ڕەت دەکەنەوە و بە ئامرازێـک لە ئامرازەکـانی دەسـتی شـەیتانی دادەنـێن. (مالــک شــبل، ٢٠١٠، ١٥٧). لەســەردەمی بابلییەکانــدا ئەگەر (قەرزارێـک توانـای دارایی و دانەوەی قەرزەکانی نەبـووایە، دەیتـوانی ژنەکەی، یان کچەکانی لەجیاتی قەرزەکە ببەخشێتە خاوەن قەرز". لە سـەردەمی سۆمەرییەکانیشـدا، پیـاو هەقی ئەوەی هەبـوو لەڕووی ئایینیەوە ژنەکەی، یام منداڵەکانی بفرۆشێت کە ماندبوونی ئایینیان دروست دەکرد، یان هەر کاتێک ئافرەتەکە ئەرکی دایکایەتی جێبەجێ نەکردبایە، پیاوەکە دەیتوانی وەکو سزا ئافرەتەکە بخاتە نێو ئاوە و بیکوژێـت. ئاشـوورییەکان حیجابیـان بەسـەر ئـافرەتە ئازادەکانیانـدا ســەپاند و خزمەتکارەکــانیش تەنیــا لەکــاتی دەرچــوون بــۆ دەرەوە لەخـــزمەتی خاوەنەکانیـــان دەیـــانتوانی حیجـــاب بپۆشـــن. (https://www.hhro.org/%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%B1%).

وەکـو ئاماژەمـان پێکـرد سـووتاندنی ئـافرەت کە منـداڵی نەبـووە، یـان بەدرۆ خـۆی بە سـکپڕ دانـاوە لەسـەردەمی ئاشـوورییەکاندا بـاو

بووە، سەرباری ئەوەش وەکو سزا ئافرەتیان فڕێ داوەتە نێو ڕووبار و کوشتوویانە. حیجاب و سەرپۆشیش لەسەردەمی ئاشوورییەکاندا بەسەر ئافرەتدا سەپێنراوە.

(د. شاکر نابلسی) لە بابەتێکدا لەبارەی حیجاب و ئافرەت و کۆمەڵگەی عەرەبی دەڵێت: "ڕەنگە فەتوای بەرپرسە ڕێزدارەکانمان لە فیقهی ئیسلامیدا بێت، کە حیجاب بەم شێوازە جوانە، کە ئێستا لە سەری بێژەر و ئەکتەر و گۆرانیبێژانی ڕووپۆش و لەشپۆش لە پلەی یەکەمدا دەیبینین و بەشێک لە کرێکارانی بانک و کۆمپانیاکانی پەیوەندییە گشتیەکانیش لە پلەی دووەمدا دێن. بەهۆی ناداد پەروەری سیاسی و هەژاری ئابووری و بێزاری کۆمەڵایەتی و بەجۆرێک پیاوی عەرەب بووەتە دوورترین کەسی جیهان لە ژن و لاوازترین کەسیش لە سێکسدا. بەپێی ئامارەکانی ئەم دواییە، پیاوی عەرەب بووەتە گەورەترین بەکارهێنەری ماددەی هاندەری سێکسی (ڤیاگرا) لە جیهاندا، کە ئێستا لە لەنێو هەندێک وڵاتی عەرەبیدا بەرهەم دەهێنرێت". (د. شاکر نابلسی، نوڤمبر ٢٠٠٦، ایلاف، https://elaph.com/Web/ElaphWriter/2006/10/186409.htm ). بێگومان ئەمە بەشێکی زۆری پیاوەکانی ڕۆژهەڵات و دۆخی ئافرەتیش دەگرێتەوە، چونکە ئەم داباردەیە لە کێشەیەکی خودی و کەسی بۆتە کێشەی کۆمەڵگەش. بێگومان هۆکاری جیاواز بۆ دەرکەوتن و بڵاوبوونەوەی هەیە، بەڵام هەموویان لەکۆتاییدا دەبنە مێژووی بەئازاری مرۆڤ.

## ١-٩ خۆشەویستی سێکسە

بەپێی بۆچوونەکانی (فرۆید) ڕەغبەتی سێکسی- سەرچاوەی هەموو وزەیەکی دەروونیی تاکە کەسە، هەموو تێربوونێکی سۆزدارانە پەیوەندییەکی پتەوی توندی بە سێکسەوە هەیە. پێی وایە خۆشەویستی سێکسی- نێوەڕۆک و کاکڵی ئەو شتەیە، کە پێی دەڵێن خۆشەویستی، ئامانجی سەرەکیش تێکەڵبوون و خووڵانەوەیە لەنێو سێکسدا.

سەرباری ئەوەش ئەم ڕەغبەتە بنەمای ئەو هەستانەش پێک دەهێنێت، کە (سێکسی- نین) وەکو خۆشەویستی کەسێک بۆ خودی خۆی، خۆشەویستی کەسوکار، منداڵەکان و برادەرایەتی و

خۆشەویستی مرۆڤ بەگشتی و هەتا ئەو شتانەی هەستپێکراون، یان تەنیا بیرۆکەیەکە. (ا.س. کون، ١٩٩٢، ٢١ ).

فەیلەسوفی ئەلمانی (ئارسەر شوبنهاوەر) لە بارەی خۆشەویستی و سێکس دەڵێت "خۆشەویستی هەرچەندە لەڕێگەی جوانی و سەرنجڕاکێشانەوەش دەستی پێکردبێت، بەڵام لە غەریزەی سێکس دەست پێ دەکات". (شادی عبد الحافظ ١٧-٧-٢٠٢١ ، https://www.aljazeera.net/midan/miscellaneous/science/2021/).

هەروەها (ڕۆبەرت ستیرنبرگ) لە زانکۆی یێل لە ئەمەریکا لە شیکردنەوەیەکدا ئەم پەیوەندییە بە سێگۆشەیەک وەسف دەکات و دەڵێت بریتییە لە :


یەکەم "ئینتیما" واتە خواستی نزیکبوونەوە لەلایەنی بەرانبەر و هاوبەشکردنی زانیاری و هاوبەشی بەیەکەوە ژیان. دووەم بریتییە لە "سۆز"، کە (شوپنهاوێر) باسی کردووە و بریتییە لەڕاکێشانی جەستەیی و سێکس. سێیەمیش "پابەندبوون"ە، واتە ئەو بڕیارە هۆشیارییە ڕوونەی بریتییە لەوەی کەسێکت خۆشدەوێت و دەتەوێت پابەند بیت بەو پەیوەندییەی دروستی دەکەن و کار دەکەیت بۆ ئەوەی بەردەوام بێت. ( Sternberg, R. J.1986, 93, 119–135).

(دیڤید بۆس)یش لەزانکۆی تکساسی ئەمەریکی ڕاپرسییەکی لە نێو ٣٦ ڕۆشنبریی و پێکهاتەی جیاوازی لە ٣٣ دەوڵەت ئەنجام داوە کە ١٠ هەزار کەس تێیدا بەشدر بوون، بەگشتی لەبارەی خۆشەویستی و سێکس ئەم سێ خاڵەی کورت کردۆتەوە: لە گروپی یەکەمدا خۆشەویستی بەپلەی یەک دێت، دواتر سۆز دێت و ئینجا پیاوەکان، جوانی ئافرەتیان پێ لەپێشە و ئافرەتیش سەرچاوەی دارایی لای پیاو بە گرنگ بۆ پەیوەندیی سێکسی۔ دەزانێت. (شادی عبد

الحـــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــــافظ، ١٧-٧-٢٠٢١، (https://www.aljazeera.net/midan/miscellaneous/science/2021/).

بەشێکی زۆر لەو کەسانەی ڕای خۆیان لەبارەی پەیوەندی نێوان سـێکس و خۆشەویسـتی دەردەبـڕن، وای مەزەنـدە دەکەن، یـان بیروبۆچوونیـان وایە، کە خۆشەویسـتی لەکـردەوەدا سێکسـە. ئافرەتێـک لە تەمە ی ٢٦ سـاڵیدا دەڵێـت: "خـزمەتێکی گەورەم پیشکەشی دوو کەس کرد، گانم لە دوو کاتی جیاواز دایە دوو کەس، چونکە لەوە پێشتر گانیان نەکردبوو، ئەوان لەژێر دەستم دوو کەسی لاواز و جێگەی بەزەیی بـوون، بـۆیە پـتر هەستم بە بـڕوا بەخۆبـوونی زیـاتر کـرد". (د. دیفیـد ام. بـاس، د. سـیندی ام. میسـتون، ٢٠١٨، ٢٩). لەوەدا بۆمان دەردەکەوێت سێکس لەلایەن ئافرەتانەوە هیچ مەرج نییە بەستراببێتەوە بە (خۆشەویستی)، لێرەدا بـۆ هەستکردن بەشـانازیی و پێشـکەکردنی خزمەتێـک بە دوو کەسی جیـاواز، کە ئـافرەتەکە لەخـۆی لاوازتریـان دەبینێـت. بێگومـان هەنـدێک لەکردەکـانی سـێکس پەیوەنـدییان بەدۆخی ئـابووری و دەروونی و کۆمەڵایەتی و کەسیی و هەندێک یانەی شەوانە و گروپی بازرگانی بە جەستە و سێکسەوە هەیە.

لەبەرانـــبەر ئەو زولـــمەی لەئـــافرەت کـــراوە، (فۆکۆیامـــا) دەڵێت:"ئافرەت لە دوارۆژدا دەسەڵاتی حوکم و سیاسەت دەگرێتە دەسـت، ئەمەش ئاشـتی و بەلاوەنـانی جەنـگی بەدواوەیە، چـونکە ئـــافرەت ئاشـــتیخوازە و بە نەرم و نیـــانی و دایکـــایەتی و ســـۆز و دوورکەوتـنەوە لە سـەرکووت و ئاسـایش و خـاوبوونەوە وەسـف دەکرێـت. (زانـای دەروونـاسی ئەلمـانی مارگرێـت مەتگـرلش لە کتێـبەکەی بەنـاوی دوارۆژی مێیـایەتی ١٩٨٧ دەبێژێـت: ئـافرەت بەدرێـژایی مـێژوو چەوسـێنراوەتەوە، ئەم چەوسانەوەیە ئـارامی و دان بەخۆداگرتنی لای ئافرەت لەگەڵ خۆی هێناوە. بۆیە ئەگەر جەنگ بـۆ پیـاو بێـت، ئەوە لای ئـافرەت بەهـۆی پێکهـاتەی دایکـایەتی ئاشتییە. (ابراهیم الحیدری، ٢٠٠٣، ١٩).




نامانەوێت لە باسەکەمان دوور بکەوینەوە، پێگەی ئافرەت لەزۆر ئاستدا لە هەڵکشانە، بۆیە (سێکس و خۆشەویستی و هێز و چێژ و خواستی ئافرەت) لەم بوارەشدا گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لە کۆمەڵگە کراوەکاندا، ئافرەت سێکس وەکو حەز و بەکارهێنانی جەستەی سەربەخۆی خۆی و ئیرادە و پیشاندانی وزە و خۆسەلماندن و کارێکی رۆتینی ئاسایی و سروشتی و متمانە بەخۆبوون و بازرگانی و داهاتیش بەکاردەهێنێت، لەم کۆمەڵگەیانەدا کردەکە ئاشکرا و سەربەخۆ و بێ ترس و تۆقانە، لەکۆمەڵگە داخراوە سەرکوتکراوەکاندا کە ئابووریی پاشکۆیان هەیە و ئەخلاق لەژێر پرسیارە و دەسەڵاتی ئایینی و کۆمەڵایەتیی دواکەتووەکانە لە وزە و بوون و جەستە و مافی ئافرەت دەڕوانێت، بەشێکی کردەی سێکس بە دزی و شاراوە و ناڕاستەوخۆیە، قەدەغەیە، بۆیە زۆر خواستیشی لەسەرە. رێژەی خۆشەویستی لەنزمیی دایە.

بەو پێیەی سێکس و نان دوو توخمی گرنگن لە ژیانی پیاوی عەرەبدا لە رووی ئایینی و نەتەوەیی و پیاوسالاری و شیعرییەوە، بەجۆرێک کە پڕفرۆشترین کتێب لە جیهانی عەرەبیدا کتێبی سێکسی و کۆمەڵە شیعرێکن کە باس لە سێکس دەکەن (نزار قەببانی) تا

ئێستاش زۆرترین فرۆشی شاعیری عەرەبە بۆ کۆمەڵگەی عەرەبی و زۆرترین بابەتی خوێندراو بابەتی سێکسییە، زۆربەی بەرنامە تەلەفزیۆنییەکان بەرنامەی سێکسین و زۆرترین قسەی ئاینی ئەوانەن کە باس لە سێکس دەکەن لە ئیسلامدا، کە هۆکارەکانی ڕووخساری کۆمەڵێک بانگخوازی گەنج، ڕووخساری ئەستێرەکانی سینەما، بەهۆی شەرعیەتی هاوڕێیەتی نێوان کوڕ و کچێکەوە، (دەرچوون)ی ئایینیانە. (د. شاکر نابلسی، ایلاف، ٢٠٠٦، https://elaph.com/Web/ElaphWriter/2006/10/186409.htm).

## ١٠-١ لەشفرۆشی "پیرۆز"

مەبەستمان لە لەشفرۆشتنی پیرۆز چییە؟ ئەم کردە پەیوەندی بە سێکس و جەستەوە هەیە، ئافرەت لەپێناو (بەدیهێنانی ئەو نزا و نەزرەی لەناخی خۆیدا دەیگرێت) دەیەوێت سێکس بکات، یان لەگەڵ پیاوێک جووت دەبێت. ئەم جۆرە (لەشفرۆشییە پیرۆزە) لەو چیرۆکە مێژووییەدا بەرجەستەیە، کە لەسەردەمی بابلییەکاندا باو بووە، وەکو نەریت و ڕەوشتێکی باوی کۆمەڵگەی ئەوان سەردەم پێشوازی لێکراوە.

(هیرۆدیت)ی مێژوونووس لەبارەی پەرستگای عەشتاردا دەگێڕێتەوە "لە پەرستگای عەشتار (بمیلیتا) کە لەشێوەی خواوەندی خۆشەویستی ئەفریقی (ئەفرۆدیت) بووە، بوونی هەبووە. پیاوەکان دەرفەتی ئەوەیان نەبووە چێژی جەستەیی وەرگرن، تەنیا لەبەردەم پەرستگا نەبێت. ئافرەت بە دۆخینێک سەری خۆیان دەبەستا، ئەو ئافرەتانە (نیاز و نەزرێکیان لەدڵی خۆیان دەگرت) لەبەردەم ڕێڕەوی پەرستگا دادەنیشتن، چاوەڕێ دەبوون تاکو پیاوێک پارچەیەک لە پارەیەکی زیوی بۆ فڕی دەدان، هەر پیاوێک، کە یەکەم کەس بووایە پارەی بە هەر یەکێک لەئافرەتەکان بدایە،

ئـــافرەتەکە ناچـــار دەبـــوو لەگەڵ ئەوکەســـە بچێـــت و لەگەڵی بخەوێت. ئافرەتە جوانەکان زوو نسیبیان هەڵدەستا و پیاوێکیان بۆ ڕێک دەکەوت، بەڵام ئافرەتە ناشیرینەکان دەبووایە تا ماوەیەکی درێژ چاوەڕێ بکەن، تاکو پیاوێک پارەی بۆ فڕی دەدان و مرازیان حاسڵ دەبوو. ئەم پارەیەی، کە بۆ ئافرەتەکان فڕێ دەدرا، دەبووایە بدرێتە پەرستگاکە. ئەم دابونەریتەی بابل لەڕاستیدا سوودی بۆ پەرستگا هەبووە. ئەمەش وایکردووە پەرستگاکان ببنە شوێنی نمایشی سێکس و بازاڕی وەرزیی و هەموو زەوق و خواستێکی تێدا بەدی دەهات و زۆر شتیشی تێر دەکرد. (بول فریشاور، ١٩٩٩، ٩٥).

وابـــزانم ئەم نمـــوونەیە بەســـە، کە (ســـێکس) لەســـەردەمی بابلییەکانـدا بەم جـۆرە پـیرۆز کـراوە، لای هینـدییەکانیش هەنـدێک هەن وەکـو خواوەنـد سـەیری ئەنـدامەکانی زاوزێی مـرۆڤ دەکەن. لەهەمـان کاتـدا (فیلمەکـانی هۆلیـۆد)یش خەریـکە بەشـێوەیەکی ڕێـزلێگیراو نمایشی- ئـافرەت وەکـو سـێکس دەکـات، واتە (سـێکس وەکو شتێکی پیرۆز) سەیر دەکات. لە وڵاتە گەشەکردووەکاندا بەپێی یاسـا شـوێنی (نمایشی- جەسـتە و ڕابـواردن و سـێکس) ڕێکخـراوە، لەکاتێکـدا هەر پیاوێـک بەپـێی یاسـا سزا دەدرێـت، سـووکایەتی بە ئافرەت وەکو سێکس و دەستدرێژی دژیان بکات.

لەهەمـان کاتـدا لە ئایینەکانیشـدا جەسـتە ئـافرەت و چـێژ لەو جەستەیە وەکـو سێکس لەڕێگەی سیستەمی خێزانـدا ڕێکخـراوە، بـۆ ئەوەی پیـاو بتوانێـت بێ ئەوەی گونـاهێکی ڕێـگە پێ نەدراو بکـات، بەشـەرعی چـێژ لە جەسـتەی ئـافرەت و پەیوەنـدییەکانی لەگەڵ پـتر لەئافرەتێک بەپـێی شـەرعیەتی ئیسـلام وەربگرێـت. واتە پیرۆزکـردنی ئـافرەت لەنێـو خێزانـدا، لەپێنـاو بەدیهێنـان و ڕێکخسـتنی مافەکـانی سێکس و جووتبوون لەنێوان نێر و مێ.

## ١-١١ غەریزە:

بەشـێوەیەکی گشـتی غەریـزە پێویسـتی بە شـتێکە، ئەگەر ئەو شتەی بەکارهێنا، فشار و گرژییەکان لەناو دەچێت، پێویستبوون بە خـواردن، پەیوەسـتە بە بەکارهێنـانی خـواردنەوە، ئەمە وەکـو پێویسـتبوون بە خـواردنەوە و گەرمـا و ئـاو و هەوایە، بەڵام سـێکس لای مـرۆڤ ئەوە نیشـان دەدات، کە مـرۆڤ پێویسـتی بە یەکێتیـیە، بۆیە یەکێتی لەنێوان تەنیا یەک مرۆڤ و یەک شتدا نابێت، بۆیە ڕەگەزی مـرۆڤ بەدوای کەسـێکدا دەگەڕێـت". (کوسـتی بنـدلی، بدون سنة، ٣٠).

ئەگەر لەڕوانـگەی ئـایینی سـەیری ڕەغـبەت و سـەما و سـێکس بکەیـن بە پـێچەوانەی کاسـۆلیکەکانی ئێرلەنـدا، کەنیسـەی ئەرسۆدیکسی- ڕۆژهەڵاتی بـاسی ئەوە ناکـات کە سـەماکردن کـارێکی خـراپە، هەرچەنـدە قەدەغەی کـردووە لە بـۆنە ئایینەکـان و ڕۆژی ماتەمی سەما بکرێت، هەرچەندە کردەی ڕێکخستنی سەما یەکێکە لە ئامرازەکانی چاودێری ڕەغبەتی سێکسی- و ڕێکخستنی، لەهەمـان کاتـدا پەرەپێـدانی سێکسی- پـاقژ و خـاوێنە. (هاسـتنغز دونـان، فیونـا مـاغوان ،٢٠١٧، ١٩١). هەروەهـا ئەو جەسـتە بەکـارهێنراوەی لە سـەمادا بەکاردەهێنرێـت لەنێوەڕۆکـدا بـابەتێکی دروسـتکراوە، "پەیوەستە بە کردەی بینین و ئاڵوگۆڕکردن". (هاستنغز دونان، فیونا ماغوان، ٢٠١٧، ٢٠٢).

واتە غەریزە لەنێو هەموو شتێکدا هەیە، لە جلوبەرگ و ڕەفتار و زمانی جەستە و شێواز و ئاوازی ئاخاوتن و زۆر شتی دیکە. غەریزە لەگەڵ لەدایکبوونی مرۆڤ لەدایک دەبێت و بەپێی شوێن و کات و ژینگە و ڕەگەزی کەسەکان دەگۆڕێت.

نەک هەر ئەوە (رِەغـبە و جەسـتە) بـابەتێکی گـرنگی سـەردەمی نوێخـــوازییە، بەتـــایبەتی ئێســـتا لەسەرتاســـەری دونیـــا مـــرۆڤە نوێخوازەکـان، یـان بـیرۆکەی نوێخـوازی بـایەخێکی ئێجگـار زۆر بە جـوانی و رێکـوپێکی و زەربی بـوون و جەسـتەیەکی لاوازیی رێکوپێـک دەدات، لەبەر ئەوە شـوێنی لەشـجوانی، نەشـتەرگەیی جـوانکردن، بەرنامەی میدایی و داودەرمانێکی ئێجگار زۆر دەرکەوتـوون، ئەمانە لەکردەوەدا ئەو جیاوازییە نیشان دەدەن، کە لەم سەردەمدا مرۆڤ چەنـدە بایەخ بە (جەسـتە) وەکـو (جـوانی و سـێکس) بـۆ کارتێکردن لەسـەر ئەوانی دیـکە و بینـین و هەسـتیان دەدات. تەنیـا هەنـدێک پێیـــان وایە "نوێخـــوازیی لە دەســـەڵات و هەژمـــوونی ئـــایینی کەم کـردۆتەوە، لەبـارەی پێناسـەی بـایەخی جەسـتە و سـتانداركردنی". .(Turner,B.S, 1983)

واتە باســـکردنی غەریـــزە لەم ســـەردەمەدا مەبەســـت و واتـــا و بەکارهێنان و کارتێکردن و کاریگەرییەکانی زۆر گۆڕاوە، بەپێی ژینگە و دەوروبەری هەر سـەردەمێک پێناسـەی ئەرک و چەمـکی غەریـزە و سێکس دەگۆڕێت. دەیان شێوازی بۆ دەرکەوتن و نمایش و چۆنیەتی بەرجەســـتەبوونی غەریـــزە هەیە. مـــرۆڤ لەگەڵ گەشـــەکردنی پەیوەنـــدییەکانی بەرهەمهێنـــان و کردەکـــانی پەیوەنـــدیکردن و ئامرازەکـانی گەیانـدن توانیـویەتی کـاراتر لەجـاران و راسـتەوخۆتر لەسەردەمەکانی کۆن گوزارشت لە غەریزەی سێکسی. خۆی بکات و سنووری قەدەغەکراوەکان ئاسانتر و خێراتر ببەزێنێت.

## ١٢-١ کێشەی بەکارهێنان (ئیستهلاک):

بـا نمـوونەی هەڵسـوکەوت و رەفتـاری (پاشـایەکی فەرەنسـا) بهێنینەوە لەبارەی بەکارهێنان (ئیستهلاکەوە). "پاشا فەرەنسییەکە فەرمان دەکات دوای بەکارهێنانی کچە ئاشقەکەی فرێی بدەنە نێو

ڕووبــارەوە. ئەمە دۆخی تونــدوتیژییە، ئەمە کێشــەی بەکارهێنــانی سێکس دەگرێتەوە". (کوستی بندلی، بدون سنة، ٣٥).

لەئەنجــامی نەمــانی هەســتەکان، کە دەکرێــت پــێی بڵێــین (خۆشەویستی) هیچ شتێک نامێنێت تەنیا جوانی ئافرەت نەبێت، کە ئەویش یەکسانە بەهەندێک پارەی دیاریکراو وەکو هەر شتێکی دیـکە، کە ئامـادەیە بـۆ بەکارهێنـان و ئیسـتهلاک. (مالـک شـبل، ٢٠١٠، ١٦١). هەرکاتێک خۆشەویستی و جوانی ببێتە کەرەستە و ئامراز، ئەوە دەبێت گریمـانەی ئەوە بکەیـن کە جەسـتەی ئـافرەت بەشـێوەیەکی ئاسـایی دەبێتە بەکارهێنراو. هەمـوو بەکارهێنراوێکیش سنوور و کات و وزە و هۆکاری خۆی لەگەڵ دایە. جەستەی ئافرەت بەپــێی تەمەن و ژیــنگە و پەیوەنــدییەکان و توانــای کەســەکان دەگۆڕێت.

دەگەڕێمەوە سـەر نمـوونەیەکی کـوردی، ئەمە یەکـێکە لەکێشـە گرنگە دەروونییەکانی خودی مرۆڤ. لە (منداڵباز)ەکەی (د. فەرهاد پیربـال)دا "منـداڵەکان هەتـا لەخەونەکانیشـیان تۆقیـوون و هاوارایـان لێ هەسـتاوە لەدەسـت منـداڵبازەکانی شـار"، لەتـرسی ئەوەی (شـون بــزر دەکــرێن، دوای ئەوەی سێکســیان لەگەڵ دەکرێــت) واتە (بەکارهێنان و سزا) لەیەک کاتدا دژی منداڵەکان بەکاردەهێنرێت.

بۆیە زاناکانی ئەم بوارە دەڵێن: (گیانەوەر هەست بە چێژ دەکات، بەڵام تەنیا خودی مرۆڤە دەرک بەم هەستکردنە دەکات). (کوستی بندلی، بـدون سنة، ٣٦). هەرچەنـدە مـرۆڤ کـردەی (دەرک) کـردنی لە گیانەوەر پترە، کەچی هەر مرۆڤە (سێکس) و خـودی (مرۆڤ)یش دوای ئەنجامــدانی کــردەی ســێکس و جووتبــوون ئەم بــوارە بەشـێوەیەکی خـراپ بەکاردەهێنێـت و لەهەنـدێک وبـاردا قـێزەوەن دەبێـت. کە (مێشـک و چـێژ و تێربـوونە جەسـتەییەکەی) دەگـاتە

ئاستی (ئیستهلاک) ئیدی، پەنا وەبەر (سزا)ی (دەروونی و ئەخلاقی و ئازاردانی جەستەیی و لەناوبردنیش) دەبات.

مرۆڤ گەلێک جار زیاد لەپێویست بۆ نیشاندانی ڕەغبەت خواردنی زیاد لەپێویست دەخوات، کورد گووتەنی (ئەگەر کا هی خۆت نییە، کادین هی خۆتە) واتە ئەم کێشەیە پەیوەندی بەو دۆخە دەروونییەی مرۆڤەوە هەیە، کە لەتێرکردنی خواست و ڕەغبەتەکانی بێ سنووورە و هەندێک بێ کۆتایی ئەم ڕەغبەتە بەکار دەهێنن. هەرچەندە یەکبوونی مرۆڤ بەتەنیا لەگەڵ خودی تاکە کەسێک ئەنجام نادرێت، بەڵکو کرەیەکە لەنێوان (من) و (تۆ) ئەنجام دەدرێت و (ئێمە)ی لێ دروست دەبێت، ئێمە نیشانە و ئاماژەیە بۆ بەدیهێنانی (کردەی یەکێتی) لەنێوان دوو شت، دوو مرۆڤ و دوو کەرەستە. پسپۆرانی ئەم بوارە پێیان وایە. "تەنیا هەیە دەپرسێت دەتوانم بەرپرس بم لەکردەوەکانی جەستەی خۆم" ( Turner, B.S, , 1992) و هەشە پێی وایە (هەرچەندە چێژ وەرگرتن، کە دەبێتە مەبەستێک لە مەبەستەکان، کارێکی سروشتی نییە، چونکە ئەمە وادەکات هیچ بایەخێک و ئامانجێک بۆ ئەوانی دیکە نەمێنێت، بەڵکو دەبنە ئامراز، بەواتایەکی دیکە چی دیکە مرۆڤ نین، بەڵکو کەرەستە و شتن). (کوستی بندلی بدون سنة، ٣٧).

لە کردەوەدا ئاماژە بەم بۆچوونە ئەوەیە، کە کردەی بەکارهێنان (ئیستهلاک) ئەوانی دیکە بێ بەها دەکات و دەیان کاتە کەرەستە. لێرەدا پەیوەندیی سێکسی- لەنێوان دوو مرۆڤ دەبێتە پەیوەندیی نێوان کەسێک و شتێک، ئامانج و ئامراز، بەها و بێ بەها، پیرۆز و فڕێدراو، تێربوون و سزا دراو، دەسەڵاتدار و بێ دەسەڵات، خاوەن مولک و کۆیلە... تاد.

بۆیە ئەگەر بگەڕێینەوە سەر ئەو تیۆرە، کە پەیوەندیی بە بەکارهێناوە هەیە، دەڵێت (هاندەرەکانی غەریزەی سێکسی

بەجۆرێک لەجۆرەکان تێکشکێنەرە، یان بە واتایەکی دیکە "بەکارهێنان (ئیستهلاک) شتە بەکارهێنراوەکە تێک دەشکێنێت". (کوستی بندلی، بدون سنة، ٨٣).

ئەمە نێوەڕۆک و بنەمای سەرەکی ئەو بابەتەیە کە پەیوەندیی بە بەکارهێنانەوە هەیە، دەبینین لە زۆر فیلمیدا دوای ئەنجامدانی کردەی سێکس، پیاوەکە دوای کردەی بەکارهێنان دەست بەئازاردانی (دەروونیی و جەستەیی و دەستدرێژیی و هەتا کوشتنی ئافرەتەکەش) دەکات. ئەمە لەکردەوەدا پەیوەندیی بە بنەماکانی بەکارهێنانەوە هەیە، کە دواتر خودی شتە بەکارهێنراوەکە بێ بەها و سووک و ناشیرین و قێزەوەن و خراپ دەکات. هەر شتێکیش ئەم سیفەتانەی تێدا کۆببێتەوە، دەبێتە مایەی (پشتگوێ خستن، تێهەڵدان، لەبیرکردن، سزادان، سڕینەوە).



## ١٣-١ پەیوەندی جەستەیی بێ سۆز (لەشفرۆشی)

دۆخێکی دیکەی پەیوەندی نێوان دوو جەستە و شت لەسەر بنەمای پەیوەندیی خۆشەویستی، یان تێرکردنی ڕەغبەت و چێژەکانیان ئەنجام دەدرێت، ئەمەش لەسەر (یەکیتی جەستە) وەستاوە لەنێوان دوو جەستەی جیاواز لەپێناو بەدیهێنانی یەک جەستە و (توانەوە لەنێو یەکتر و یەکبوون و جووتبووندا) بەدی دێت، بەڵام کاتێک (ئەم گەشەکردن و پێگەیینە لەچێژ بێ ئەوەی هیچ بەهایەک بۆ کەسی بەرانبەر، یان بێ بوونی هیچ پەیوەندییەکی ویژدانی لەگەڵیدا بهێنێت، دۆخێک دروست دەکات ئەم جۆرە پەیوەندییە تەنیا بریتی دەبێت لە کڕینی جەستە وەکو کەلوپەلێکی بەکارهێنراو ئیستهلاکی). (کوستی بندلی، بدون سنة، ٤٨). هەروەها ئەمەش لەپەیوەندی سێکی نێوان دوو جەستەدا بەدی دێت و لەچواچێوەی ئەوەی، کە هیچ پەیوەندییەکی خۆشەویستی و سۆزداری لەنێوان ئەم دوو کەسە نییە. (جۆزیف هینریچ) مامۆستای ئەنسرۆپلۆژیا لە زانکۆی هارتفۆرد کە کاری لەبارەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سێکس کردووە گەیشتۆتە ئەو ڕایەی کە "هاوسەری لە بەرپرسیارەتی و وەفای هاوبەشەوە گۆڕاوە بۆ ڕەزامەندی خودی و کەسی" (https://www.aljazeera.net/midan/miscellaneous/science/2021/).

بەواتایەکی دیکە پەیوەندی سێکسی. ئەم جۆرە کەسانە لەسەر بنەمای پەیوەندی مرۆڤانە و خۆشەویستی و سۆزداریی دانەمەزراوە، بۆیە ناتوانێت نیگەرانییەکانیان بسڕێتەوە و "کردەی سێکسی لەدەرەوەی خۆشەویستی ناتوانێت نێوانی ئەم دوو بوونەوەرە (مرۆڤە) بسڕێتەوە، تەنیا لەیەک چرکەدا نەبێت". (کوستی بندلی، بدون سنة، ٤٣). لەبیری نەکەین هەتا ئێستاش سیستەمی باوکسالاری لە (خۆشەویستی و ڕەغبەتی سێکس و

پێکهێنانی خێزان و تەنیا هەڵبژاردنی ناوی منداڵەکانیان و شێوازی هەڵسوکەوتی ئافرەتەکە و هەڵبژاردنی ڕەنگ و جلوبەرگ و شێوازی ئاخاوتنیشی، لەزۆر شوێن بەستراوەتەوە بە هێز و پێگەی پیاوەکەوە). وەکو نوکتە ئینگیلزیەکە دەبێژێت (بۆیە ئێمە پیاوەکان ژنەکانمان لە ڕۆیشتن پێشەخۆمان دەخەین، بۆ ئەوەی ئەگەر تەقینەوەیەک بوو، ئەوان پێشتر بەربکەون). لەڕاستیدا ئەمە پەیوەندی بە بیرکردنەوە و جیاوازیی ڕەگەز و سێکسەوە هەیە، ئافرەت بەکارهێنراوە.

زانست پێناسەی شتەکان بەم شێوەیە دەکات، کە بریتییە لەبوونێک، ئەرک و کاری زانست نییە ئەوە دیاری بکات ئەو شتە دەبێت چی بێت. (کوستی بندلی، بدون سنه ، ٧).

لەبیری نەکەین هەندێک کۆمەڵگە و کەلچەر بەچاوێکی پڕ لەسوکایەتی سەیری ئەو کەسانە دەکەن، کە جەستەی خۆیان، هەست و نەست و چێژ بەخشی خۆیان دەفرۆش لەپێناو بەدەستهێنانی هەندێک شت. بۆیە "بەسووکایەتییەوە سەیری لەشفرۆشەکان دەکرێت". (مالک شبل، ٢٠١٠، ٣٢).

جارێکی دیکە دەگەڕێینەوە سەر (ئیستهلاکی سێکس) بە واتای بەکارهێنانی سێکس و لەشفرۆشی وەکو سەرچاوەیەکی داهات و ژیان. یەکێک چێژی لە سەرکووت وەردەگرێت و ئازاد نییە لەبەرکاهێنانی سێکس، لەلایەکی دیکەشدا پێویستی بە دارایی و ژیانە، بۆیە ئەم دۆخە دروست دەکەن. لە کۆمەڵگەی بەکارهێنانـدا، سێکسیش هەمان شتە، سێکس بەکاردەهێنرێت و خەڵک پێشوازی لە کڕین و فرۆشتنی دەکەن ئێمە لەسەردەمی شارستانیەتی زارەکین (بەدەم گوتنین) خەڵک هەموو شتێک قووت دەدەن بەتایبەتی لەڕێگەی چاوەوە. (کوستی بندلی، بدون سنة، ٤٦).

ئێرۆتیکای جەستە بە ڕووتبوونەوە دەست پێ دەکات، کە بریتییە لە سەرچڵیی کرانەوە بەڕووی ئەوی دیکەدا. ڕووتبوونەوە بە مانای ئەو دۆخە دێت کە دژە بە دوورەپەرێزی، دژە بە جوودایی و دەرگا لەسەرخۆ داخستن. ڕووتبوونەوە، ڕووبەڕوو بوونەوەیە لەگەڵ ترسدا و سەرکێشیی کردنێکە وەک ئەوەی دەست بدەینە یەخەی مەرگ. بەبێ ڕووتبوونەوە، نە ئێرۆتیکا لە گۆڕێدایە، نە دەربازبوون لە زیندانی خود، نە شکاندنی کۆتی دوورەپەرێزی و نە گەیشتن بە دوندی مەحاڵ. بەزاندنی سنووری تابوو، ئارەزوویەکە تێکەڵ بە ترس، ئارەزوویەکە پێکەوە ئەوپەڕی چێژ و لووتکەی نیگەرانی لەخۆیدا کۆ دەکاتەوە. ئەم چێژ وەرگرتن و نیگەرانییە بە زەبری تابوو لە ناخی تاکدا جێگیر بووە و تا نەیشکێنین و لە قاوغەکەی دەرباز نەبین، ناکرێینەوە، هەست بە ئازادی ناکەین و خودی خۆمان نادۆزینەوە. (حەمە سەعید حەسەن، https://www.basnews.com/so/babat/392002).

بۆیە پسپۆرە ئەمەریکییەکان دەڵێن (وەسوەسەی سێکسی بەرهەمی خۆ سەرکوتکردن و شاردنەوەی ناخە. (کوستی بندلی، بدون سنة، ٤٨). بێگومان ئەمە لای تاکی رۆژهەڵاتی و کوردیش وەکو بەشێک لەم کەلتوورە باوە، بەردەوام ناخی خۆی سەرکووت و سانسۆر دەکات، بۆ ئەوەی نیشانی نەدات سێکس ژیانی داگیرکردووە، لەکاتێکدا چ بۆتە کۆیلەی سێکس، یان جەنگاوەرێکی سەرسەختی دژ بەسێسکە.

(جان بول شارییە) لە بارەی سێکس دەنووسێت : سێکس زمانە، کە دوو کەسی هاوبەش بەکاری دەهێنن، نەک کەرەستە، کە مرۆڤ لەنێو جەستەی خۆیدا دابڕانێک دروست بکات، کە پتر گۆشەگیری دەکات لەوانی دیکەی دادەبڕێت. لەهەمان کاتدا (فرانسوا شێرباز) پێی وایە "سێکس تێک دەشکێت و تووشی کێشە دەبێت، کاتێک هیچ شتێک ناگەیەنێت و دەبێتە هیچ.". (کوستی

بندلی، بدون سنة، ٥١). ئەمە لەکردەوەدا ئافرەت هان دەدات لە جەستەی خۆی بچێتە دەرەوە و پیاویش کۆنترۆلی جەستەیەکی دیکە بکات و بەپێی خواست و ویستی کەسی خۆی لەپێناو تێرکردنی چێژەکانی بەکاری بهێنێت.

ئافرەت لە سێکسدا لەزۆر دۆخ دەبێتە جێگەی بەزەیی و پیاویش دەبێتە باڵادەستێکی خودان هێز و بەپێی خواستی خۆی ئەم هێزە بۆ دەستەمۆکردنی جەستەی ئافرەت بەهەموو ڕەهەندەکانییەوە بەکاردەهێنێت. ئافرەت لەپێناو بەدەستهێنانی شتێک لەشی خۆی دەفرۆشێت، کار دەکات خۆی خاوەنی جەستەی خۆی بێت.

## ١٤-١ زەوقی سێکسی لای گیانەوەر و مرۆڤ

(د. مارک اوریزون) لە بارەی زەوقی سێکسیـ لای گیانەوەر دەڵێت "لای مێینەی گیانەوەر، ئارەزووی نووستن و جووتبوون لەگەڵ نێرەکانیان لەئاکامی دەرکەوتنی هێلکۆکەدا دروست دەبێت، بۆیە ئەوکاتەی ئەم دەرکەوتنە سێکسییە لای مێینەکان دەردەکەوێت بیر لە جووتبوون لەگەڵ نێرەی خۆیان دەکەنەوە، بەڵام لای مرۆڤ ئەم ئاوازە و دەرکەوتن و چالاکبوونە سێکسییە، پەیوەستە بە هۆکارە دەروونییەکان. ئەمە ڕۆڵێکی بنەڕەتی بۆ وروژاندن و دەرکەوتنی خواستی سێکسیـ لای مرۆڤ هەیە. (کوستی بندلی، بدون سنة ، ١٦- ١٧).

کردەی دەرک کردن و هەستکردن لای گیانەوەران بەئاسانی بەدیار ناکەوێت و هەروەها ناتوانرێت بە ئاسانی ئەم هەستە لەلایەن مرۆڤەوە هەست پێ بکرێت، بەڵام "گیانەوەران لەبەر ئەوەی قسە ناکەن، بەڵام کۆمەڵگە دان بەوەدا دەنێن، کە گیانەوەریش هەست بە ئازار دەکەن. گوزارشت لە خۆشی لای

گیـانەوەران کـردەیەکی شـاراوە و نادیـارە. لەم دوایـانەدا چەنـدین لێکـۆڵینەوە ئەنجـام دراون لەبـارەی چەمـکی زمـان و دەرکـردن و بەکارهێنـانی کەرەسـتە و چـالاکییە سێکسـییەکان لای گیـانەوەران. (ویکیبیـــدیا، https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A7%D9%84%D8%B9). واتە بێ تۆمـارکردنی کـاردانەوە و کـاریگەریی و دەرکەوتـنی هەسـت و دەرکـردن لای گیـانەوەران کـارێکی قورسـە بتوانرێـت وێنـای ئەو پەیوەنـدیی و چـالاکی و بـزاڤە سێکسـیانە بکرێـت، کە گیـانەوەران ئەنجـامی دەدەن و درێـژە بەمـانەوە و ژیـانی خۆیـان دەدەن. مـرۆڤ لەرێگەی زمانەوە هەموو ئەو هەست و نەستە ناخەکی و دەروونیی و چـۆنیەتی بیرکـردنەوە و لێکـدانەوە و ڕەتکـردنەوە و پێشـوازییانە دەگێڕێـتەوە و وێنـا دەکـات، کە ئەنجـامی دەدات، یـان بـیری لێ دەکاتەوە، یان پێشگریمانە و گریمانەی دەکات.

مرۆڤ تێکەڵەیەکی ناوازەی لە گەڵ ڕەفتار و ڕەوشتی سێکسیی هەیە، هەروەهـا گەلێـک ڕەفتـاری دیـکەشی هەن لەگەڵ هەنـدێک بوونەوەری دیکەدا هاوبەشەن و لەیەک دەچن. بۆ نموونە (بۆنۆبۆ و دۆلفین) بەوە ناسراون بەشداری سێکسی.کات بەسەربردن دەکەن، ئەم جۆرە سێکسە پەیوەست نییە بەهیچ کاتێکی دیاریکراو، لە کاتی خـولی هـێلکە دانـانەوە. (گیبـۆن و کـۆتر و پەنگـوینی گەورەی جەمسەری باکوور) سیسـتەمێکی تـاک هاوسـەرییان هەیە، نێرەکان یـارمەتی چـاودێریکردنی بەچکەکانیـان دەدەن، بەڵام مـرۆڤ تـاکە زینـدەوەرە خـاوەنی هەمـوو ئەم ڕەفتـارە دەگمەنـانەی جووتبـوون و سـێکس کـردنە. (دیفیـد لینـدن، بـدون سـنە). بـڕوانە (https://hekmah.org/%D8%A7%D9%84%D8%AA%D8%B2%D8%A7%).

بۆیە ئەو زەوقە سێکسییە لای مرۆڤ بەشێوەیەکی ئاشکرا لەژێر کاریگەریی هۆکاری جیاوازەوە، بەشێوەیەکی تەواو جیاواز لە هۆکاری فیزیۆلـۆژی دەردەکەوێـت. (کوسـتی بنـدلی، بـدون سـنة، ١٨). بە واتـایەکی دیـکە مـرۆڤ خـاوەنی گوتـاری سێکسـییە، گیانەوەرەکـانی

دیکە ئەم گوتارەیان بە هۆی نەبوونی زمان و دەربڕین و ناڕاستەوخۆ و بە شاراوەیی گوزارشت لە هەست و نەستیان لا دەرناکەوێت.

دیاردەی هاوڕەگەزی لەنێوان گیانەوەران بەشێوەیەکی بەرفراوان هەیە (بروس) مامۆستای زانکۆی ویلایەتی ویسکونسن ئاشکرای کردووە کە هاوڕگەزی لە نێوان پێنج سەد جۆر گیانەوەری جیاواز تۆمار کردووە، ڕەنگە ئەم ژمارەیە پتریش بێت، ئەم گیانەوەرانە نێر لەگەڵ نێر و مێ لەگەڵ مێ لەڕێگەی دەمەوە کردەی سێکس لەگەڵ یەکتر وەکو یەک ڕەگەز ئەنجام دەدەن. لەدیاردەی هاوڕەگەزی جووتبوونی دوو نێر لەگەڵ یەکتر لەڕێگەی کۆمەوە لەنێوان بەران و زەرافە و گای ئەمەریکی و دۆلفینی نێردا بینراوە، ئەندامی نێرینەیان دەخەنە نێو کۆمی یەکتر، هەروەها لە دۆخێکی زۆر ناوازەدا دۆلفینە نێرەکانی ڕووباری ئەمازۆن ئەندامی نێرینەیان دەخەنە کونی هەناسە دانەوە، کە کەوتۆتە بەشی سەرەوەی دۆلفینەکانەوە. ( W. Bailey and M. Zuk, 2009: 439–46.).

پێتان سەیر نەبێت مرۆڤ و گیانەوەر هەندێک ڕەفتار و ڕەوشتی هاوشێوەیان هەیە، مرۆڤ هەندێک جار وەکو غەریزە بێت، یان تۆڵە و سوکایەتی و شێواندن سێکس لەگەڵ کەسی مردوو دەکات، یان سێکسی لەگەڵ دەکات و دەیکوژێت. با سەیری ئەم نموونە و گێڕانەوەیە بکەین: "لەمۆزەخانەی سروشتی شاری نۆتردامی هۆڵەندا دیواربەندێکی شووشەی ئاوێنەیی هەیە، کە تەواوی بیناکە دەگرێتەوە و ناوبەناو باڵندەکان تێیدا بەر ئەم شووشە بەندە دەکەون. پرۆفیسۆر(کەیس مولکەر) شایەتحاڵی یەکێک لەم خۆ کێشان بە شووشەکە بووە، کە ڕووداێکی کوشندە بووە. ئەو لە پەنجەرەی ئۆفیسەکەیدا، ڕۆژێک لە مانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩٩٥ ئەم ڕووداوە دەبینێت، کاتێک مراویەکی نێری جۆری مالارد بەر شووشەکە دەکەوێت و دەستبەجێ گیانی لەدەست دەدات. کاتێک (مولکەر) لە پەنجەرەکە نزیک بووەوە بۆ ئەوەی پشکنین لەبارەی

ڕووداوەکە بکات، بۆی دەرکەوت کە مراویەکی دیکە (مالاردێکی دیکەی نێر) گەیشتووەتە لای نێرە مراوییە مردووەکە و بەردەوام بووە لە دەست درێژیکردنە سەر جەستەکەی و بۆ ماوەی نزیکەی ٧٥ خولەک لەم کارە بەردەوام بووە. کاتێک (مولکەر) دەستی بە نووسینی گێڕانەوەی ڕووداوەکە کرد، کە بینیویەتی تاکو لە گۆڤارێکی زانستی بڵاوی بکاتەوە، بۆی دەرکەوت ئەم ڕەفتارە سەیرە لەگەڵ (مراوی کێوی مردوو) پێشتر دۆزراوەتەوە و سێکس کردن لەنێوان باڵندەیەکی نێر و مێ کە مردووە بەهەمان شێوە ئاماژەی پێکراوە. ( . (C. W. Moeliker, (2001): 243–47


پرسیار ئەوەیە ئەرێ چۆن بیر لەم ڕەفتارە سەرسوڕهێنەرە بکەینەوە؟ لاوازترین و کەمترین زانیاریی و ڕوونکردنەوە بۆ ئەم دیاردەیە ئەوەیە، کە بەشێکی زۆری ئاژەڵە نێرەکان تامەزرۆی سێکسن و هەوڵی بەرکەوتنی سێکسی لەگەڵ هەر جۆرە بوونەوەرێک دەدەن، کە زیندوو بێت یان مردوو. (https://hekmah.org/%d8%a5%d8%b9%d8%a7%). لە کردەوەدا ئەم جۆرە ڕەفتارە نیشانی دەدات، کە گیانەوەر و باڵندە و هەتا مرۆڤیش لەپێناو بەدیهێنانی چێژی سێکسی. پەنا وەبەر جۆرە هەڵسوکەوتێک دەبەن، کە لەڕاستیدا بە دەستدرێژیی و سوکایەتی و دڕندانە دادەنرێن.

## ١٥-١ کارێکی عەقڵییە

بەڕاست هیچ پەیوەندییەک لەنێوان (عەقڵ و سێکس) هەیە ئایا مرۆڤ بەعەقڵ و مێشک و دەروون سێکس دەکات، یان ئەندامەکانی زاوزێ ئەم کارە دەکەن؟ هەیە تەنیا بەقسە لەزەت لە سێکس و گێڕانەوەی بەسەرهاتی سێکسی و ئاماژەکردن بە جەستەی کەسی بەرانبەریی و نوکتەی ڕووت دەکات. هەیە تەنیا چاو لەڕێگەی بەستنەوەی وێنە و وێناکردن و شتە خەیاڵییەکانی نێو

میشکی، یان تەنیا بەبیرکردنەوە لەبارەی کەسێک چێژ وەردەگرێت. لە ڕۆمانـــدا کە ئەرکی گـــێڕانەوەیە بەســـەرهات و ڕووداوەکـــان و وێنـاکردنی دیـمەنە وێناکراوەکانی سێکسـە لەزەت و چێژ بە خـوێنەر بەپـــێی تەمەن و ژیـــنگە و ڕۆشـــنبیریي و پێکهـــاتەی بـــایۆلۆژی و فسـیۆلۆژی کەسـەکە دەبەخشـێت. بەپـێی بۆچوونەکـانی (لایفـون بـریس): "سـێکس پێویسـتەییەکی جەسـتەییە، لە فیسـیۆلۆژیا جیـا نەکراوەتەوە و ئەرک و فەرمانی سـێکس بەسـتراوەتەوە بە هەسـت و خەیـاڵ. (کوسـتی بنـدلی، بـدون سـنة ،١٩). (د. هاشـم حتـاتە) لە بەرنـامەی (زخـر المهـار)ی کەنـاڵی (One)ی میسرـی دەڵێـت "ئەنجامدانی سێکس بە عەقڵ و مێشک دەبێت، نەک ئەندامەکانی نێریـــــنە". (ایمـــــن رمضـــــان، الیـــــوم الســـــابع، https://www.youm7.com/story/2017/3/19/%D8%A7% ).

بەپێی توێژینەوە زانستییەکان نەمانی توانای سێکسی و ساردیی لە کردەی سێکس مەسەلەیەکی (دەروونییە)، هەروەها زۆربوونی چێژ و زەوق و هێزیشی__ هەر پەیوەســـتە بە (بیروبـــاوەڕ و هەســـت و نەستەکانی تاکەوە). (کوستی بندلی، بدون سنة، ١٩).



لە ساڵی ١٩٩٧ لە ئیسپانیا ڕاگەیەندراوی کۆمەڵەی نێودەوڵەتی بۆ تەندروستی سێکسی. بڵاوکراویەوە و ساڵی ١٩٩٩ پێداچوونەی پێداکراوە و ساڵی ٢٠٠٨ جەختی لێکراوە و تاکو لە مانگی ئازاری ٢٠١٤ بەتەواوی بڕیاری لێدراوە. لەیەکێک لە ماددەکانی ئەم ڕاگەیاندراوە لەبارەی (بیرورای ئازاد و مافی سێکسە)، تێیدا جەخت لەسەر ئەم بنەمایە کراوەتە: هەموو کەسێک مافی ئەوەی هەیە بیر لە سێکس بکاتەوە و بەشێوەیەکی سەرەکی گوزارشت لە سێکس بکات، بە مەرجێک ڕواڵەت و شێوازی مافەکانی ئەوانی دیکە لەبەرچاو بگرێت. ( https://worldsexualhealth.net/wp-content/uploads/2015/05/WA %). وشەی (بیر) بکاتەوە، ئاماژەی پێکراوە، ئەوان دەیانتوانی بڵێن (سێکس ئەنجام) بدات واتە بێ (بیرکردنەوە). مرۆڤ پێش ئەوەی سێکس بکات وەکو کردەیەکەی عەقڵی و هۆشەکی پێویستی بە بیکردنەوە، لەگوتاردا پێش ئەوەی وشەکان بەکاربهێنرێت، پێویستە مرۆڤ بیربکاتەوە (چۆن و چی و لەبەرچی و بەچ شێوازێک) ئەم شتانە بۆ گەیاندنی پەیامەکەی بەکاربهێنێت. ئەمەش وایە پێش ئەنجامدانی سێکس بەکردەوە پێویستە بیر بکرێتەوە.

بەپێی لێکۆڵینەوە زانستییەکان و بۆچوونەکانی (کلود لاڤی ستروس) لەکۆنەوە و هەتا لەنێو کۆمەڵگەی سەرەتایشدا و لەنێو گەلە کۆنەکاندا "سێکس واتە (گانیان) لەچوارچێوەی سیستەم و یاساکاندا کردووە" و "بەپێی بۆچوونەکانی (ستروس) یاسای تەحریمی ژنخوازیی لە کەسوکاری خزم و کەسانی نزیکی یەکتر هەبووە، ئەمە هەر تەنیا پلە یەکەمەکان و کەسانی نزیکی وەکو دایک و باوک و خوشک و برا ناگرێتەوە، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی کەسە نزیکەکانی دیکەشیان دەگرێتەوە". "ئەم یاسایەش مرۆڤی لە گیانەوەر جیاکردۆتەوە". (کوستی بندلی، بدون سنة، ٢٢). ئەمە

بیرکــردنەوەیە مــرۆڤ دەگەیەنێــتە ئەو گریمانــانەی لەپەیوەنــدیی سیکسیدا پێویستیەتی.


مــرۆڤ عەقــڵی بەکاردەهێنێــت لەپێنــاو پاراســتنی نەوەکــان و درێــژەدان بە ژیــان دوور لە نــاخۆشی و نەخــۆشی، بــیری لە ڕێکخســتنەوەی پەیوەنــدییەکانی لەنێــوان نــێر و مێ لە کــۆنەوە کــردۆتەوە. عەقــڵ کە بڕیــار دەدات، دەتوانێــت شــێوازی پەیوەنـدییەکانی نێـوان مێ و نـێر لە ئەنجامـدانی سێکسـیش دیـاریی بکات.

کەسێک لە گەشتدا وەکو برسیەکی بێ فکر، پڕ دەداتە هەموو ئافرەتێک بۆ ئەوەی چێژی سەرکوتکراوی نێو وڵاتەکەی خۆی، لە دەرەوەی وڵات و لەچوارچێـوەی گەشـتەکەیدا دابمـرکێنێتەوە. ئەو ئاگرەی هەیەتی ئاوێکی سێکسی بەسەردا بکات و کرمەکانی بکوژێت. هەشــە بەعەقــڵ و بیرکــردنەوە و کــۆکردنەوەی زانیــاریی و تەنیــا سەیرکردن خۆی تێر دەکات و چێژەکەی تەنیا لەچوارچێوەی عەقڵ و مەعــریفە و تێگەیشــتن و لێکــدانەوە و بەرهەمهێنــانی گوتــارێکی جیاوازە.

## ١-١٦ ئازادکردنی سێکس و گێڕانەوەی بەهاکەی:

مەسـەلەکە ئەمـڕۆ لەئاسـتی تـاکە کەسی گـوازراوەتە بـۆ ئاسـتی گشتی و کۆمەڵگە، یەکێک لەو بیرۆکانەی لەم سەردەمەدا ئاماژەی پێ دەکرێت (ڕزگارکردنی سێسکە). ئەم ڕزگاربوونەش دەبەستنەوە بە (بێـدەنگی و دواکەوتـن و تـرس) گـێڕانەوەی بەهـا و پێگەکـانی مـرۆڤی سـەردەم و هــاوچەرخ وزەی سێکسی- هوشـیارانە بەکاردەهێنێـت لەجیـاتی خــۆ ڕادەســتکردن بە دابونەریــت و خــووە باوەکــان. (د. شوشار) دەڵێت "مرۆڤ ئێستا پێگەیشتووە، بۆ یەکەمجار و پێش

هەر شتێک دەپرسێت سێکسی. مرۆڤ دەبێت چۆن بێت؟ بۆیە هەشە پێی وایە ڕزگاری سێکس نابێتە شتێکی ڕەسەن، تەنیا دوای ئەوەی مرۆڤەکان لەناخی خۆیان ئازاد دەبن". (کوستی بندلی، بدون سنة ، ٤٥).




لە ڕۆمانی (شەوانی باکۆ) (ڕۆماننووس/ قسەکەری سەرەکی نێو ڕۆمانەک کە خودی کەمال سەعدییە) دوای گەشتەکەی لەگەڵ (ئاکۆ) کە پێیەکی لە مزگەوتە و پێیەکەی دیکەشی لە ماڵە، لە باکۆ ئەویش دەچێتە نێو شەوە سێکسییەکانی ئەم وڵاتە، ئەو شەرم و سنوورە دەشکێنێت کە لەهەولێر پێی ناسراوە. (ئاکۆ) لەڕاستیدا ناوەکەی خوازراوە، بەڵام کەسایەتییەکی هەقیقی شاری هەولێرە. لەدوای گەڕانەوەیان (تەلعەت و فریا) کە لەباخچەی شار خەریکی تاولەکردنن، بە (ڕۆماننووس/ ئەوەی ژیاننامەی گەشتەکەی نووسیوەتەوە) دەڵێن:

لە فێیسبووک ئاگادارت بووم، کە وێنەی تۆم لەگەڵ ئاکۆ لە باکۆ بینی، سەرم سوڕما، لەدڵی خۆم وتم خوا قووەتی بدات، چۆن لەگەڵ ئاکۆ ئیدارە دەکات، ئەو تا مزگەوت هەبێ بۆ هیچ شوێنێکی تر ناچێت. منیش وتم بۆ ئاکۆ چیەتی؟ وتی: وەکو تەڵعەت گوتنەی ئەو قاچێکی لە ماڵەوەیە و قاچەکەی تری لەمزگەوتە، شاری باکۆش بە یانە شەوانییەکانی و ژنە سەماکەرەکانیەوە خۆشە، ئەویش لەگەڵ ئەو شوێنانە دۆست نیە، تەنیا ڕێگەی مزگەوت پێ دەزانێت!

وتم: وای تێمەگە، ڕاستە ئەو کەسێکی نوێژکەرە، بەڵام بەو ڕادەیەش داخراو نییە." (شەوانی باکۆ. ٩٤).

(داخراو نییه) به‌واتای كرانه‌وه و خۆ ڕزگاركردن له‌هه‌ندێک كۆت و ڕه‌فتاری باو دێت، له‌م گوتاره‌دا نووسه‌ر ده‌یه‌وێت پێمان بڵێت، (داخراو نییه) یه‌كسانه به (ئازادبوون و ڕزگاربوون) له‌هه‌ندێک كۆتی كۆن و كۆمه‌ڵایه‌تی و له‌هه‌موویشیان گرنگتر (سێكس)ه.

(ئاكۆ) نوێژكه‌رێكی ڕاسته‌قینه‌یه، به‌ڵام به‌م پله‌یه‌ش داخراو نییه، ده‌چێته (یانه‌ی شه‌وان، ده‌چێته مه‌له‌وانگه كه پڕه له‌ژنی ڕووت، سێكس له‌گه‌ڵ ئافره‌ته له‌شفرۆشه‌كانی باكۆ ده‌كات). واته له گوتاری چێژ و سێكسی- ئه‌م جۆره ده‌قانه ئه‌وه‌مان بۆ ڕوون ده‌بێته‌وه:

داخراو نه‌بوون یه‌كسانه به بڕیاری گه‌ڕان به‌دوای سێكسی- ناشه‌رعی و چێژ وه‌رگرتن و خۆ تێركردن، هه‌رچه‌نده ئه‌و كه‌سێكی نوێژكه‌ری له خوا ترسیشه.

له‌هه‌مان كاتدا (ئاكۆ) له‌نێوان دوو شوێنی ناسراوی دیاركراودا كاته‌كانی به‌سه‌ر ده‌بات (ماڵ/ كه شوێنی له‌دایک بوون و خێزان و په‌روه‌رده‌یه) و دووه‌میش (مزگه‌وته) كه شوێنێكی پیرۆزی ڕێزلێگیراوی ئیمانداریی و خۆ به‌ستنه‌وه‌یه به خوا. نووسه‌ر زۆر به‌كورتی وه‌سفی جێگای (ئاكۆ) و شێوه‌ی ژیان و بیركردنه‌وه‌ی ئه‌م كاره‌كته‌ره‌مان بۆ ده‌كات، كه ده‌كرێت و له‌كرده‌وه‌شدا ده‌زانین ئه‌و كاره‌كته‌رێكی هه‌قیقی و واقیعییه و له هه‌ولێر ده‌ژیت و ئێواران دێته نێو بازاڕ و پیاسه‌یه‌ک به‌ده‌وه‌ری قه‌ڵاتدا ده‌كات و به‌پێیان ده‌چنه شێخه‌ڵلا و شت ده‌كڕن و به‌ره‌و ماڵ ده‌بنه‌وه.

ئه‌م ڕزگاربوونه به‌شێكی بنه‌ڕه‌تی په‌یوه‌ندی به‌داهات و دۆخی ئابووری تاک و كۆمه‌ڵگه هه‌یه. له‌م دوایانه‌دا "لێكۆڵینه‌وه ته‌رخانكراو بۆ تیشک خستنه سه‌ر گه‌شتوگوزاری سێكسی- و له‌شفرۆشی ده‌ستی پێكردووه". (هاستنغز دونان و فیونا ماغوان،

٢٠١٧، ٢٢٢ ). بەپێی بۆچوونی نوێخوازەکان "جەستە پرۆژەیە.. بۆیە پرۆژەی تەندروستی و نەشتەرگەریی و لەشجوانی سێ نموونە دەردەکەوێت کەسی نوێخواز چۆن بایەخ بە جەستەی دەدات بۆیە پرۆژەی بەرهەمهێنانی جەستە ئامرازێکە بۆ گوزارشت لە خوود و هەستکردن ". (کرس شلنج، ٢٠٠٩، ٢٧).

(کەمال سەعدی) رۆماننووس لە گفتوگۆیەکی نێوان (تەڵعەت و فریا) لەبارەی خودی نووسەر و سەردانەکانی بۆ ئەو شوێنانە، کە پڕە لە سێکس و گەشتەکانی ئەو تەنیا بۆ چێژی سێکسی- و ڕابواردن و جووتبوون لەگەڵ ئافرەتی جوان و قەشەنگی باکۆ، دەنووسێت:


"تەڵعەت وتی: من تەنها جارێک ڕۆیشتوومە، ئەو وەکو ئێمە نییە، پارەی زۆرە، هەر وادەکات دەچێتە ئەوێ، لەوانەیە ژنێکی لەوێ هێنابێت.

فریاش گوتی: ژن هێنانی بۆ چییە، لەوێ پارەی خۆت بدە، دەیان ژنت لەگەڵ دەبێت". (شەوانی باکۆ، ٩٦). لەم گوازرشت و گفتوگۆیە هەقیقیەدا، بە سادەیی و ڕاشکاونە و ڕاستەوخۆ کارەکتەرە هەقیقییەکان لەبارەی (ڕۆماننووس) و (ئامانج و مەبەستی گەشتەکان) و (پارە) و (لەشفرۆشی ئافرەتەکان لەنێو کەشی گەشتیاریدا) و (ئینجا وەسفی جەستە) کراوە.

گوتاری ئەم گێڕانەوەیە، لەچوارچێوەی گفتوگۆ و دیالۆگی دوو کەسدا پێمان دەڵێت: گەشت و سێکس و پارە هۆکار و ئامانجن لەنێوان (نێری) گەشتکەر و (مێ)ی نێو شوینی گەشتیاریدا.

مرۆڤەکان بەدوای دۆزینەوەی جەستەیەکی نوێ، لەڕێگەی بەکارهێنانی جەستەی خۆی تێ دەکۆشن، بێگومان کەسانێک لەڕێگەی گەشت لە (شوێن و کاتێکی سەرکوتکراوی دوور لە ئازادی)

خۆیان ڕزگار دەکەن و بەرەو ناوچەیەکی گەشتوگوزاری کراوەی ئازاد دەچـــن، لەپێنـــاو خۆڕزگـــارکردن لە دابونەریـــت و پەیوەنـــدییە کۆمەڵایەتییە سێکسییەکان و لەسایەی (گەشتوگوزاری سێکسی)دا خۆیان ڕزگار دەکەن، بۆ بەدەستهێنانی (جەستەیەکی ئازاد).




لە ڕۆمـانی (خانمبـاز)دا ئەم ڕزگـاربوونی جەسـتەیە لە پێنـاو ئەوەی ئـافرەتەکە، یـان کەسـەکە ببێـتە خـاوەنی جەسـتەی خـۆی و بەئـــارەزووی خـــۆی جەســـتەی خـــۆی بەکاربهێنێـــــت، لە کەســــایەتی (شروق)ی بەغــدایی، ئەو کــچەی ســکرتێری بەرپــرسی ڕۆژنامەیەکە و کەسێکی باڵاپۆشـە، کەچی هەر کە دەگاتە میسر، ئیدی خۆی ڕووت دەکاتەوە و ئەو ئەشواقە نییە، کە (ڕۆماننووس) لەسەرەتای گەشتەکە و لەنێو فڕۆکەدا دەیناسێت و دەیبینێت. لەکردەی گێڕانەوەی ئەو گفتوگۆیەی لەنێوان خـودی ڕۆمـاننووس و ئەشـــواق ڕوویـــداوە و دوای ئەوەی بەم شـــێوەیە دەیبینێـــت و قەمـــیس و تەنـــوورەیەکی سووریشیـــ لەبەردا بـــوو، تەنوورەکەی بستێک لەسەر چۆکی بوو دوو قۆپچەی قەمیسەکەی کردبـۆوە، مەمکەکـانی دەتـوت سـێون بەدارێـوەن زۆر بە جـوانی دیـاربوون. وەکـو بووکێـک هـاتە بەرچـاوم... ئینجـا دەڵێـت دوای هـاتنەوە ژوور، تەلەفـۆنم بـۆی کـرد وەڵامی نەدایە و نـامەیەکم نـارد گـوتی دوای قسـەت بۆ دەکەم و ئەویش پێی دەڵێت: "پیویسـت بە ڕوونکردنەوە ناکات، تۆ ئازادیت چۆن دەژیت، ئەوەندە بەسە بۆ من کە تۆ بەم شێوەیە بینی، خوات لەگەڵ". (خانمباز، ١٥٩- ١٦٠).

مەبەسـتم ئەوەیە ڕۆمـاننووس ئـازادی داوەتە (ئەشـواق) چـۆن هەڵسـوکەوت دەکـات، ئەویـش خـۆی ئـازد کـردووە و لەو کـۆت و بەندە کۆمەڵایەتییەی خانەوادەکەی و کۆمەڵگە ڕزگاری بووە، چۆن

و چی لەبەر دەکات. ئەم ڕزگاربوونە لەڕاستیدا پەیوەندیی بە (ڕزگاریی سێکسییەوە هەیە). وەسف و گوزارشت و مەبەست و گوتاری ڕۆماننووسیش لەڕاستیدا ئاشکرا کردنی ئەو دۆخە سەپێنراوە سەرکتکراوە کۆمەڵایەتیی و خانەوادەییە، کە لەڕێگەی باڵاپۆشییەوە دژی ئافرەتەکە سەپێنراوە. هەموو سەپاندنێکیش پێویستی بە ڕزگاریی و ئازادبوون هەیە. گوتاری ئەم ئافرەتە، بریتییە لەپێویستی ڕزگارکردنی جەستەی خۆی بەرانبەر سەرکوتی نێو خانەوادەکەی.




لە ڕۆمانی (شەوانی ئێریڤان)دا ڕۆماننووس کە ڕووداوەکان وەکو خۆی، وەکو بیرەوەریی و چێژ، وەکو گێڕانەوە و مەعریفەی کۆمەڵایەتی بەکار دەهێنێت، لەگەڵ یەکێک لە ئافرەت گەنجە لەشفرۆشەکان، دوای ئەوەی ڕێک دەکەون، سێکسی لەگەڵ نەکات، و پارەکەشی پێ دەدات، تەنیا مەبەستی ئەوەیە بیرەوەریی و شێوەی ژیان و هۆکارەکانی لەشفرۆشییەکی بۆ بگێڕێتەوە، لەبارەی بەسەرهاتی کچە جوانەکە دەڵێت: لەگەنجێک سکم پڕ بوو، جێی هێشتم، مێردم بەپیاوێک کرد، ئەویش لێم جیا بۆوە، کچێکم بوو کە ئێستا دوو ساڵە، کە ئیشم هەبێت دایکم بۆم بەخێو دەکات. منداڵەکەم خەرجییێکی زۆری پێویست بوو، منیش توانای داراییم لاواز بوو، ناچار دەستم بەم کارە کرد، تا بژێوی ژیانمانی پێ دابین بکەم". ئینجا لەو شەوەدا ئافرەتەکە کە هەموو پرسیارەکانی ڕۆماننووس وەڵام ناداتەوە، وەکو ئەخلاقێکی پیشەیی و کەسێکی ئازاد، پێی دەڵێت "واز لە پرسیار کردن بێنە، با بەیەکەوە بچینە گەرماو، لیفکەیەک لە پشتت دەدەم و دەتشۆم. هیچ نەبێ، ئەو دە درامەی پێمی دەدەیت، بێ بەرامبەر نەبێت". (شەوانی ئێریڤان،٩٩). لەم بیرەوەرییەدا دوو مەبەست لەنێو گوتاری گێڕانەوەکەدا هەیە:

**یەکەم**: رۆمـاننووس نایەوێـت سـێکس بکـات، تەنیـا دەیەوێـت ژیاننامەی ئافرەتەکە وەکو کەرەستە و بابەتی ئەم رۆمانە هەقیقی و راستەقینەیە بزانێت.

**دووەم**: ئافرەتەکە لەپێناو دابینکردنی بژێوی منداڵەکەی و خۆی دەسـتی بە سـێکس و جەسـتە فـرۆشی خـۆی کـردووە. ئەو کەسـێکی ئازادی، متمانەدارە، دەڵێت "لەبڕی دە درامەکە، با پشتت بشۆم". واتە هەرچەنـــدە ئـــافرەتێکی لەشفرۆشـــە، بەڵام بەهـــا و رەفتـــار و رەوشـــتێکی بەرزی نیشـــان داوە، نایەوێـــت پـــارەکە بێ هـــیچ خزمەتگـــوزارییەکی سێکسیـ وەربگرێـــت و خـــۆی لە ئیســـتغلال دەپارێزێت.

لەفەلسـەفەی نـوێی ئەمەریکدا دەڵێن "ئازادی بەهـای بنەڕەتییە لای مـــرۆڤ، لە رۆژی لەدایکبـــوونییەوە بە خـــودی کەســـەکە بەســتراوەتەوە ، پـێچەوانەوەی سـەرکووت و کـۆیلایەتییە، بەپـێی عەقڵی ئەمەریکی مرۆڤ بێ ئازادیی کەسێکی زیندوو نییە. پێشکەوتنی شارسـتانی و فکـری و رۆشـنبیریی ئەمەریـکی، ئەمە لای هەر تـاکێکی ئەمەریکی وەکو ئامرازێک بۆ جێبەجێکردنی خودی و بوونی بۆ هەر کـردەیەکی ئـازاد بەپـێی ئـیرادە سـەربەخۆکەی بەکاردەهێنرێـت. (رنـا مولود شاکر، https://www.iasj.net/iasj/download/b34600bd44653719).

رۆمـاننووس خـۆی ئـازاد کـردووە لەوەی بە چ شـێواز و جۆرێـک بـاسی سـێکس بکـات، سـێکس یەکـێکە لەو شـتە بڤـانەی لەرووی کــۆمەڵایەتی و ئەخلاقــیی نابێــت راســتەوخۆ و بەراشــکاوی بــاس بکرێـت، بەڵام نووسـەری ئەم چەنـد رۆمـانە خـۆی رزگارکردووە، لە نەریـت و پەیوەنـدیی کـۆمەڵایەتی بـاو، پـێچەوانەی رۆمـاننووس و شـــاعیرەکان ، ئەو وزەی (نووســـین و گـــێڕانەوە و بیرەوەرییەکـــانی) گوتـاری دەقەکانی بەراشـکاوی و بێ شـاردنەوە بـۆ بـاسی (سـێکس) و (ئـافرەت) و (گەشـتکردن) و (ململانـێی نێـو خـودی مـرۆڤ لەنێـوان

ئیمـان و ڕزگـاربوون لە ئیمـان) دەکـات. لە وێـنەیەکی سـینەماییدا دەڵێت:

"کە چـــاوی بە شـــۆرتی بەرم کەوت، بەسەرســـوڕمانەوە وتی: ناتەویٚ ئەم شۆرتە دابکەنیت؟ منیش وتم: کە نیازم نەبیٚ سێکست لەگەڵ بـکەم بـۆچی دایـبکەنم؟ کە وام وت، لـیفکە و سـابوونی دەست دایە و پشتی شوشتم". (شەوانی ئێریڤان، ١٠٠).

ئەو کەسـەی ژیاننامەی خـۆی یان ڕۆمانێک لەشـێوەی ژیاننـامە دەنووسێتەوە، بێگومان ناتوانێت لە خودی خۆی دوور بکەوێتەوە. (کەمال سەعدی) لەهەموو ڕۆمانەکانیدا کە لە کردەوەدا بریتییە لە گێڕانەوەی (بابەت و بەسەرهات و ڕووداوەکانی نێو ئەو گەشتانەی بۆ چەند وڵاتێکی جیاواز دەیکات)، خـۆی خـۆی لەناوەوە و دەرەوە واتە (جیهـانی نـاخی خـۆی و جیهـانی دەرەوەی خـۆی) وەکـو خـۆی دەگێڕێـتەوە. "ژیاننــامەی کەسی، بـریتییە لە ژیاننــامەی مـرۆڤ لە (نـاوەوە/ لەنـاخییەوە)، ئەو لەپەیوەنـدیی دایە لەگەڵ (دەرەوە) بـۆیە ئەمە ڕاسـتە، کە ئـێمە خۆمـان لەدەرەوەی خـودی خۆمـان زینـدان کردووە، بۆیە دەبێت تێڕامان و لێکدانەوەی ناخەکی و ناوەوە ببین، تـاکو ڕزگارمـان دەبێـت لە زینـدانە دەرەکییەکان. (عبـدالعزیز شرف، ١٩٩٨، ٢٨).

گوتاری ئەم ڕۆمانانەی کەمال سـەعدی کۆششـە بۆ ڕزگاربوون لەنـاخی خـودی خـۆی و نـاخی هەر یەکێـک لە کارەکەتەرەکـانی و پەیوەنـدی کـردن بە نـاخێکی دیـکەی ئـازاد لەدەرەوەی جەسـتەی خۆیان.

## ۱٧-۱ مانەوە:

وەکو ئەو دۆخەی لای گیانەوەران هەیە، بوونی مرۆڤیش پشت بە غەریـزەی مـانەوە لەژیـان دەبەسـتێت، بـۆیە جەخـت لەسـەر غەریزەی سێکس دەکات. (بول فریشاور، ۱۹۹۹، ۱۹).

با لەڕوانگەیەکی هەنـدێک جیاوازتر لە بارەی (سـێکس ) قسـە بکەیـن. مـرۆڤ لەیەک کاتـدا پێویسـتی بە (سێکسـە) و لەهەمـان کاتیشـــدا (قەدەغەیە). ئەگەر بـــۆ مـــانەوە و دروســـتکردنی نەوە (سـێکس) وەکـو ئـامرازێکی چـالاک و گرنـگ و ڕێـزلێگیراوی شـەرعی سـەیر دەکرێـت و پێشـوازی لێ دەکرێـت، بـۆ دەبێـت لەهەنـدێک کـــۆمەڵگەدا ســـێکس وەکـــو (زینـــا و تـــاوان و لادانی ئەخلاقـــیی و شـەرەف) سـەیر بکرێـت؟ لەکاتێکـدا هـیچ مەرج نیـیە لە کـۆمەڵگە داخراوەکانـــدا (ژن و مـــێرد) ئـــازادانە و بەشـــێوەیەکی یەکســـان و ڕێـــزلێگیراو لەچوارچێـــوەی یەکەی خـــێزان ســـێکس بـــکەن. بـــۆیە (خیانەت و پەیوەندیی ناشەرعی و دۆستی ژێر بەژێر لەپێناو تێرکردنی ڕەغبەتی سێکسی) ڕوودەدات.

ڕۆژنـــامەی (گاردیـــانی) بەریتـــانی لە ڕاپۆرتێکـــدا لەبـــارەی بەزۆر ســـێکس کـــردن لەگەڵ ئـــافرەتە ســـووریەکان لەنێـــو خێوەتگاکـــانی ئاوارەییدا لەپێناو ژیانیان، ئافرەتەکان بەهۆی توندوتیژی و خەمۆکی تـــووشی دۆخـــێکی دەروونی خـــراپ بـــوون. ڕاپۆرتەکـــان ئامـــاژە بەوە دەکەن ئافرەتەکان ناتوانن خێوەتگاکانی ئاوارەیی بەجێ بهێڵن و هیچ کارێکیشـیان دەسـت ناکەوێت، بۆیە (لەپێنـاو ژیـان و بەدەسـتهێنانی نـانی ڕۆژانە) ناچـارن تـێکەڵ بەدۆخێـک ببن، کە پـێی دەڵێن "گانـدان لەپێنـــــــاو ژیـــــــان". (الحـــــــــرة،۱۱ ابریـــــــــل ۲۰۲۲، https://www.alhurra.com/syria/2022/04/11/%D8%AA%D9%82%D).

"مرۆڤ پێویستی بە سێکسە، چونکە بێ ئەوە ناتوانێت لەدایک بـوونی نـوێ و زیـادکردنی ژمـارەی منـداڵ و نەوە نوێکـان بەرهەم بهێنێـت. لەهەمـان کاتـدا لەسـەرمانە و ئەرکمـانە دان بەوەدا بنێـین ئەگەر هەڵەی سێکسیـ بـاو باپیرانمـان لە کـۆنەوە نەبـووایە، ئـێمە ئێستا نەدەبووین". (بول فریشاور،، ١٩٩٩، ٣٦).

لای میسرـــیە کۆنەکـــان، لە کـــۆنەوە لەنێـــو بەڵـــگە نـــامە هەڵکۆڵـدراوەکان و ئەو شـتانەی بەزمـانی کـۆنی خۆیـان تۆماریـان کردووە ئاماژە بەوە کراوە کە سێکس بەشێکە کردەی لەپێناو زاوزێ و مـانەوەی مرۆڤەکـان و گەل و بەردەوامـیی دەگـرێتەوە. "ئەمەش جەختکـردنەوەیەکی دینـامیکی هـێزی سێکسیـ بـووە، کە سـەرچاوەی نوێبوونەی گەلی میسر بووە. بۆ نموونە گەنم کە لەهاوین دەبێت و هەروەها نموونەی کەرەستەی زاوزێی گیانەوەر کە یەکێکی دیکەی وەکـو خـۆی بەرهەم دێنێـت، بەم جـۆرە هەبـوون نـوێ دەکاتەوە و بەشـێوەی بـازنەیی بەدوای یەکـدا هـاتووە و بەردەوامـیش دەبێـت". (لیز مانیش، ٢٠٠٢، ١٣١).

یەکێک لە بیروڕایە باوەکانی هیندستان (یاساکانی مانۆ)یە. ئەم یاسایە دەگەڕێتەوە بۆ بیروباوەڕەکانی (براهما) کە ئەوان بڕوایان وایە (مـانۆ) کـوڕی ئەفسـانەیی خواوەنـدی برهامـایە. بـۆیە ئەم یاسـایە بەنـاوی ئەو کـراوە ، یاسـاکە هـانی هاوسـەرگیری دەدات و لەمەڕ ئـافرەت دەڵێـت: ئـافرەت سـەرچاوەی شـەرمەزارییە، سـەرچاوەی لێکجـابوونەوە و ئینشـقاقە، سـەرچاوەی بـوونی ئەم دونیـایەی ئێسـتایە، بـۆیە دەبێت خـۆ لە ئـافرەت بپـارێزین". (بـول فریشـاور، ١٩٩٩، ١٧٦- ١٧٧).

واتە بیروبۆچـوون و تێڕوانییەکـان لای هەر نەتەوە و گـروپ و ئایین و ژینگەیەک گۆڕانی بەسەردا دێت و لەهەمان کاتدا هاوبەشی و لەیەکچوونیشیـ تێـدایە. ئـافرەت ڕەمـز و خواوەنـدی مـانەوە و

هەبــوون و بەرهەمهێنــانی نەوە و نەوەی نــوێیە، لەهەمــان کاتــدا هەنـدێک دەکۆشـن خۆیـان لەئـافرەت بپارێزن. لە زۆر شـوێن پیـاو هەیە لە خـێزانی خـۆی ڕادەکـات و بەدوای دۆزیـنەوە جەسـتەیەکی دیکەی ئافرەتدا دەگەڕێت بۆ تێرکـردنی غەریزە سێکسییەکانی، یان بەپـێچەوانەوە ئـافرەت بەدوای پیـاوێکی دیـکەدا دەگەڕێـت، لەپێنـاو بەدەســتهێنانی شــتێک (پــارە، خــۆتێرکردن، نــان، تــۆڵە لەمــێرد و پیاوەکـانی دەوروبەری، خۆسـەلماندن، سـووکایەتی بە نەریـتی کـۆنی بـــاو، نیشـــاندان و نمایشیـــ جەســـتە، نەخـــۆشی دەروونی، هاوڕەگەزیی... تاد).

## ١٨-١ ئایین و سێکس:

باسکردنی ئەو بابەتە بڤانەی لەکۆمەڵگە لەبەر هۆکاری جیاواز ڕێـگە پێـدراو نـین، کـارێکی ئاسـان نیـیە، هەرچەنـدە ئەدەب و دەقی داهێنەرانە دەتوانێت بەشـێوازی تـایبەت هەمـوو شـتێک ئاماژە پێ بکات، بێ ئەوەی سنووری ئاسـایی ببەزێنێـت. (سـێکس و ئـایینیش) یەکـێکە لەو بابەتـانەی لەزۆر دەقی ئەدەبی و فکـری و فەلسـەفیدا شـیکار دەکرێـت، یـان بەکاردەهێنرێـت وەکـو بەشـێک لە پێکهـاتە و فکـر و دەروون و ژیـنگەی کـۆمەڵایەتی و هەسـت و نەسـتی خـودی مـرۆڤ. لەهەمـان کاتـدا بـابەتێکە لەسـنوورێکی ئێجگـار بچـووکی سنووردار بەکاردێت، کە وەکو نیمچە نەبوو حیساب دەکرێت.

تەنیـا لەنێـو دەقـدا وەکـو ئامـاژە و هێمـا و نیشـانە و گوزارشـتی ناڕاستەوخۆ بەکاردێت، بەڵام باسـکردنی خـودی کـردەی سـێکس بە بابەتێکی بڤە و قەدەغە دادەنرێت، لەکاتێکدا لەنێو شوێنە پیرۆزەکانی ئایین و لەسەر زاری پیاوە ئایینیەکان و خەڵکی ئاسایی و لەنێو پەند و پـلار و قسـەی نەسـتەق و ئاخـاوتنی ڕۆژانەی خەڵکـدا بە (نـێر و مێ) دەیان جار دەستەواژە و گوزارشتی (سێکس) بەکار دێت.

زۆر بەکورتی لەبارەی ئایین و سێکسەوە دەتوانین بڵێین "یەکەم گانکردن وا حیساب کراوە پێچەوانەوە و دژی فەرمانی خواوەندەکان بــووە، ئاکــامەکەشی ئەوەیە، کە ئەمە هەڵەیەکە و لێخۆشــبوونی نییە". (بول فریشاور، ١٩٩٩، ٣١).

پێویست ناکات بۆ بینینی چۆنیەتی سەرهەڵدانی بەهێزترین پیاوی ئایینی و درێژکـردنەوەی ئەخـلاقە سروشـتییەکەی زۆر دوور بـڕۆین، چـونکە ڕاستییەک هەیە کە کەس ناتوانێت ئینکاری بکات، ئەویش ئەوەیە، کە هەر جــۆرە "پەراوێزخســتنێکی سێکسیــ" ڕووبەڕووی نەفرەتێـک دەبێـتەوە. (مالـک شـبل، ٢٠٠٦، ٢٤ ). واتە (نەفـرەتی ســێکس) یەکێــک لەو بنەمــا ســەرەکیانەیە هەمــوو کەســێک پێویسـتیەتی و غەریـزەیەکە خـوا وەکـو بەشـێک لەپێکهـاتە و بـوون و بەردەوامی خــودی مــرۆڤ دروســتی کــردووە و لەهەمــان کاتیشــدا کردەیەکی نەفرەت لێکراوە. نەفرەتێک کە سزاکەی ئێجگار قورسە و دەخــرێتە نێـو ژێـری ژێـرەوەی ئـاگر، لەنێـو کۆمەڵگەشـدا نەفـرەتی خەڵک و ئینجا سزای کوشتنیشی. بەدواوەیە، لەهەندێک ئایینیشـدا بەردباران کـردن وەکـو سزایەکی ئـایینی و کـۆمەڵایەتی دژی زیناکەران پیادە دەکرێت.

لای میسرییە کۆنەکانیش پەیوەندی نێوان ئایین و خۆشەویستی و سێکس هەبووە، بەڵام "ئەو زمانەی لە شیعر بەکارهێنراوە زمانێکی ســادە و ڕاســتەوخۆ بــووە و دوور بــووە لە تەنیــا تێئــاخنین و پڕکــردنەوەی ڕســتەکان، شــیعری خۆشەویســتی هــیچ شــتێکی پەیوەست بە جەستەی بەکارنەهێناوە، بۆیە ئەمانە جیاوازترن لەو حیکـایەتە ئـایینیە ئەفسـانەیانەی پـڕن لە سـێکس". (لـیز مـانیش، ٢٠٠٢، ٨٠). لـێرەدا دەبێـت لەسـەر (ئەفسـانە و ئـایین و سـێکس) بووەستین و شیکاری ئەو بوارە بکەین، کە لەیەکەمیاندا مرۆڤ بیری کـردۆتەوە و ئاماژەی بەپێویسـتی (سێکس) و بەکارهێنانی کـردۆتەوە، واتە سـەرەتای دروسـتبوونی هوشـیاری و بیرکـردنەوە، کە مەرج نییە

ئەمە بەواتــای تێگەیشــتنی زانســتیانەی ســێکس و بەکارهێنــان و مەبەسـت بێـت. ئایینیش کاری کـردووە ئەو پەیوەنـدییەی لەڕێگەی سێکسـەوە لەنێـوان دوو کەس دروسـت دەبێـت، بەپـێی فەرمـان و ڕێــبەرایەتی و ئامۆژگــاریی ڕێکبخــات، واتە سیســتەمێکی بــاڵاتری سێکسیـ لەنێـو پێکهێنـانی خێزانـدا دروسـت دەکـات، کە سـێکس لەنێوان (دوو هاوسەری مارەکراوی ڕێگەپێدراوی شـەرعی) ئاسایی و ڕێگەپێــدراوە، بەڵام ســێکس لەدەرەوەی ئەم یەکە کــۆمەڵایەتییە (خــێزانی هاوســەردار) قەدەغەیە و بەپــێی سیســتەمی هەر ئاینێــک سزاشی بۆ دانراوە.

گەڕانەوە بــۆ ئەزمــوونە بەخــتەوەر و بەدبەختەکــان، پیــاو ئافرەتەکـانی فێرکــرد چــۆن هەڵســوکەوت لەگەڵ بەدەســتهێنانی سەرکەوتنی خواوەنـدەکان بکەن و چـۆنیەتی خـۆدوورگرتن لە تـوڕەیی خواوەندەکان پەیڕەو بکەن. بۆیە لەسەر ئەو بنەمایە مرۆڤ نەریت و دابەکان و کردەوەکانی خـۆی ڕێکخستووە (بول فریشاور، ١٩٩٩، ٥٣). واتە هەنـدێک دەیانەوێـت سـێکس ببەسـتنەوە بەبەشـێک لە ئیمـان و بـڕوای ئایینـدارانەی ئـافرەت و پیـاوەوە، کە چـۆن بـۆ پێ بەخشینی چێژ بەپیاو، ئافرەت بەشێک لە خـۆدوورگرتن لە تـووڕەیی خواوەندەکان پەیڕەو دەکات.

(شـێرزاد حەسـەن)ی ڕۆمـاننووسی کـورد لە بـارەی پەیوەنـدیی نێـوان ئـایین و کـۆمەڵگە و هـێزی نێرسـالاری دەڵێـت: "لە ئـایینە ئیبراهیمییەکانـدا بە یەکتـاخوایی دەگـات و مرۆڤـایەتی پێـوەی پانـد دەبێـت و تـا هەنـووکەش بەردەوامە. هەڵـبەتە کارەسـاتی پـیرۆزیش دەبێـت بە مـایەی تەڵاقـدانی هەم کوشـتنی عەقـڵ و ئـاوەز. دەبێـت ئەوەش بــــزانین، کە هەر سێ ئــــایینە ئیبراهیمیــــیەکە زادەی باوکسـالارییە و هەم دووبارە بەرهەمهێنەری نێرسـالارییە بە زەخـم و زیــــــــــادەیەکی زۆرەوە". (شــــــــــــــــاخەوان صدیق،https://dengekan.info/archives/5473).

هاوسەری لە سەرجەم شارستانییەکانی مرۆڤایەتی لەسەر بنەمای هاوبەشی سروشتی ژیانی پیاو- ئافرەت ڕۆنراوە، کە خواوەندەکان سەپاندوویانە، بەسروشتیش ئەوە دەزانین، کە شێوەی هاوسەریی بەپێی ڕێککەوتن و ناوچەکان و چەمکەکانی ئەخلاق و مەرجە ئابوورییەکان، کە بەسەر دامەزراوەکاندا زاڵبووە جیاوازییان بەخۆیانەوە بینیووە. ئەمەش وەکو دۆخی یاسایی مافی مولکایەتیی وایە. (بول فریشاور، ١٩٩٩ ، ٥٧).

واتە بیروباوەڕ لەبارەی خواوەندەکان ئەو بنە فکریانەی تێڕوانینی مرۆڤە سەرەتاییەکانی بۆ ئایین و پەرستنی لێ دروست بووە، وەکو مولکایەتی تایبەت و مافی مولکایەتی پەیوەندیی نێوان ئافرەت و پیاو، پەیوەندییەکی سروشتی لەهەمان کاتیشدا بەستراوەتەوە بەپێکهاتەی کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری و بەرهەمهێنان لە کۆمەڵگەدا.

هەروەها جووتبوون بەشێکە لەبیرۆکەی ئایینیش و ئەمە لە زۆر لەدەقە ئایینەکاندا هەیە، ئینجلی کریستانییەکان ئاماژەی بەوە کردووە کە هەموو هاوسەرێک دەبێت جووتبوون لەگەڵ یەکتر ئەنجام بدەن. بۆ ئەوەی زینا ڕوو نەدات، دەبێت پیاو و ئافرەت هاوسەرگیریی بکەن، لای جوولەکەکانیش ئەرکەکە پتر کەوتۆتە سەر شانی پیاوان بۆ ئەوەی خێزانەکانیان لەڕووی جووتبوونە ڕازی بکەن، هەروەها لای هەندێک ئافرەتیش جووتبوون وەکو ئەرکێکی خێزانیی و هاوسەریی دادەنرێت، ئەمەش سەرچاوەکەی لە ئایینەوە هاتووە، بۆ هەندێکیش بیرۆکەکە پەیوەندی بە ڕەگی نەوەکانەوە لەنێو دۆخە ڕۆشنبیرییەکان هەیە، کە پیاو کار دەکات و ئافرەتیش منداڵ لەماڵەوە بەخێو دەکات. (د. دیفید ام. باس، د. سیندی ام، میستون، ، ٢٠١٨، ٢٦٥-٢٦٦).

ئایینە ئیبراهیمیەکان پرۆسەی سێکسییان بەو مەرجە بەرەکەتدار کرد، کە لە نزیک پەرستگایەک و بەتایبەتی لە ناوەوەی

پەرســـتگایەکدا ئەنجـــام نەدرێـــت، هەروەک چـــۆن ئەوان (واتە ئیبراهیمییەکـان) حەزیـان لەو پیـاوە ئایینیـانە بـوو، کە سـیما و بارودۆخی خۆیان دەپارێزن و ئەمەش بە هونەری ژیان ناو دەبەن و بۆ پلەی فەزیلەت بەرز دەبێتەوە و ئەو کەسانە بەتەواوی تەسلیمی چێژەکانی خۆشەویسـتی و خـودی خۆیـان بـوون. (بـول فریشـاور، ١٩٩٩، ٢١٠).

بیرمان نەچێت کە گوناهی یەکەم خراوەتە ئەستۆی "حەوا" کە لە پـای دەمـبردن بـۆ میـوەی قەدەغەکـراو و فریـودانی ئـادەم بـۆ تـامکردنی میوەی حەرامکـراو، پاشـانیش ترۆکردنیـان لە بەهەشـت، ژنان کەم عەقڵ و کەم دین هەژمار دەکرێن لەلایەن پیاوانەوە، کە بۆ خـۆی وای لێدێت ئەندازەسازی ڕەوشتپارێزی و مۆڕاڵ لەلایەن پیـاوانەوە بـۆ ژنـان دابمەزرێـنن، یەکەمـین گومـانی لە مـیراتی ئەو کولتوورەی نێرینە بۆ خـۆی نەخشـەی کێشاوە لە زمانەوە دەسـتی پێکـرد، چـونکە هـیچ فکـرێکی سپی و ڕەش لەدەرەوەی زمان بـوونی نییە، زمانێک کە لە "ئادەم" ەوە تـا هەنـووکە هی پیاوەکانە و کـۆی یاسا و ڕێساکانی بە قازانج و سوودی ڕەگەزی نێرینە نووسراوەتەوە، بەڵام بۆ تا هەنووکە نەگۆڕاوە؟ چونکە پیاوان و ژنان پێکەوە هیچ گومانێکیـان لەم زبـڵ و زارە نیـیە، کـا بە پـیرۆز نـاسراوە، سـەرباری ئەوەش هۆشـیارییەکی زۆری دەوێت پیاوان بێنە پای ئەوەی شـەرم لە خۆیان بکەن و ئەو یاسا و ڕێسـایانە هەڵبوەشێننەوە کە ستەم و بێدادی تێدایە دەرهەق بە ژنان. بگرە "حەوا" و کچەکانی کە دایکان و خوشـکان و کچـان و هاوژینەکانی مـن و ئێـوەیە کـراون بە هـاوڕێی شـەیتان، گـوایە ئەوە شـەیتانە کە هـانی "حەوا" دەدات لە سـێوە حەرامەکە بخـوات. ژنـان بـۆ هەمیشـە لە لایەن نێرینەکـانەوە هەم ڕامکـراون و هەم ڕاوکـراون. ژنـان بـۆ خۆیـان بڕوایـان وایە شایسـتەی جۆرەهـا سزان، کە بەر نەفـرەتی یەزدان کەوتـوون، بگـرە مـن دەیەهـا جار لە ژنان و کچـانم بیستووە کە وتوویانە، "خوشکی خـۆم.. ئێمە لە پەراسـووی خـوار و خێچی ئادەم خولقـاوین و تـازە هەرگیز ڕاسـت

نـابینەوە". لە ڕاستیشـدا ئەم ڕوانیـنە زادەی زمـانی خـوار و خـێچی نێرگەلـێکی خـۆ بە زلـزانە، مـن گومـانم لەوەدا نیـیە، کە ژنـان دوای تێکشـکانی دایکسـالاری لە بەرانـبەر باوکسـالاریدا بە تەواوی لە نـاو مێژوودا جێلەق دەبن و وەدەر دەندرێن، چونکە پیاو بە تەنیا خۆی دەکات بە خـاوەن مێژوو. فەرمـوو سـەیری نـاو هەر هەمـوو کایەکانی ژیان بکە، نە لە ناو کایەی ئاییندا و نە لەناو دونیای ڕامیاری و نە لە بـازاڕ و سـەرمایەگوزاریدا ژنـان ئامـادە نـین، نەک خۆیـان حەز بەوە بکەن. نەخێر، بەڵکو پێگەی خانمان لە هەر سێ کایەکە نزمە و ڕێگا پێـدراو نیـیە ژنـان کێـبڕکێ و ململانی دەگەڵ پیاوانـدا بـکەن.. کـاری نەکردەیە. گوێ لەم فەرموودەیە بگرە سەبارەت بە خانمان، "من لە دوای خـۆم هـیچ فیتـنەیەکم بەجێنەهێشـتووە لە ژنـان زیانبەخشـتر بەرامـبەر بە پیـاوان". (شـاخەوان صـدیق، سـایتی دەنگەکـان، https://dengekan.info/archives/5473).

هەر لە هیندسـتان و لەژێـر کـاریگەریی ئەو بیروبـاوەڕە ئـایینەی بڕوایان بەپەرستن و پیرۆزکـردنی ئەنـدامەکانی زاوزێی نێر و مێ هەیە، دەتوانین زۆر بەکورتی و بۆ بیرهێنانەوە ئاماژە بەم زانیاریانە بکەین، کە دەڵێت "قەشەکان هانی ڕێوڕەسمەکانی پەرستنی (کاما)یان دەدا، تـا ئەو ڕادەیەی زێ و ئەنـدامی نێریـنە (یـۆنی و لینگـام) وەکـو بەناوبـانگترین خواوەنـد بـوون لەنێـو خەڵکـدا بنـاسرێن. کەواتە ئەو شـوێنەوارانەی کە شـێوەی "ئەلینگام"یان گرتبـوو، لەهەردوو دیـوی ڕێگـاکەدا دانـران و وانەکـانی چـێژی ئیرۆتیکیـان لەسـەر ڕووبەری پەرستگا بەردینە گەورەکان هەڵکەندرابوون، بۆ ئەوەی پەیامەکەی بگەیەنێـتە هەمـوو ئەو پیـاوانەی تـامەزرۆی مەعـریفە دەکەن. بـۆ خۆتێهەڵقورتانـدن و بینـین و هەروەهـا لەپێنـاو بەهێزکـردنی باوەڕەکەیان کارەکە لەڕێگەی سەرچاوەکانی پەیوەست بە سێکس و مەبەستە ئیلاهییەکەی ئەنجام دەدرێت". (بول فریشاور، ١٩٩٩، ٢١٠). لە ئیسلامیشدا جووتبوونی بێ هاوسەرگریی بە زینا دادەنرێت

و ئـاینی ئیسـلام سزای زینـاکەران دەدات، بەڵام جووتبـوون بەپـێی هاوســەرگیری کـارێکی ڕێگەپێـدراوە لەپێنــاو زیـادکردنی نەوە. لای پێغەمــبەری خــوداش کــردەی جووتبــوون پاداشــتی بەدواوەیە. لەهەمان کاتدا جووتبوون لە ئیحرام و ڕۆژوو و ئیعتیکافدا، هەروەها بۆ ئافرەتــانیش لە کــاتی ســوڕی مانگــانەدا جووتبــوون حەرامە. (ویکیپیــدیا، https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A7%D9%84%D8%AC%D9 ).

بە درێـژایی مـێژووی مەسـیحیی، زۆربەی زانایـانی ئـایینی و ئـایینزا مەسـیحییەکان ڕەفتـاری هاوڕەگەزبازیـیان بە بێ ئەخـلاق و گونـاهی مەزن زانیـوە. ئینجیـل و لێکـدانەوە نەریتییەکانی لە مێژووی هەردوو ئـایینی جـوولەکە و مەسـیحیی پشـتگیرییان لە ڕێبـازێکی پیاوسـالاری کــردووە و جووتبوونیشیـ وەکــو چــالاکیەکی سێکسیـ تـایبەت و ڕێگەپێدراو لەنێوان ژن و پیاو لە سنووری هاوسەرگیریدا ڕێگە پێداوە و ئەمەی لەهەمـوو جـۆرە سـێکس و جووتبوونەکانی دیـکە بە باشـتر داناوە. (https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A7%D9%84%D8%AC%D9).

مەبەســتم ئەوەیە بڵــێم هــیچ ئــایینێکیش نەیتوانیــوە بــاسی (ســێکس) وەکــو پێویســتییەکی خــودی مــرۆڤ و ڕێکخســتنی کـۆمەڵایەتی کـۆمەڵگە و پەیوەنـدییە سروشـتییە ئاسـییەکانی نێـوان خــودی مرۆڤەکـان نەکـات، بەپـێچەوانەوە ئـایین کە هـێز بە پیـاو دەبەخشێت، ئافرەت وەکو پلە دوو، یان وەکو بوونەوەرێکی سزادراو نمـایش دەکـات، بەشـێکی بۆچوونەکـان پەیوەسـتکراوە بە ڕەگەز و ئینجـا سـێکس، تەنیـا لە ئایینـدا ئـافرەت وەکـو دیـارییەکی بەنـرخ و جوان و چێژ بەخش پێشکەش بەپیاوە ئیماندارەکان دەکرێن.

## ١-١٩ ئافرەت و تێکشانێکی مێژووی:

پـێش ئامـاژەکردن بە قۆنـاغە مێژوییەکـان و کـاریگەریی لەســەر ڕەوشی ژیـانی ئـافرەت و جەسـتە و سـێکس و چێژ وەکـو سـەرمایە و دۆخی دەروونی و کـردەی تێربـوون، وەکـو دیـاردەیەکی فزیۆلـۆژی و

ئینجا سۆسیۆلۆژی، دەمەوێت بەکورتی و هەر بەچەند وشەیەک بگەڕێینەوە سەر کاریگەریی و بوونی و پایە و پێگەی ئافرەت لەنێو هەندێک شارستانیەتی کۆندا و واقیعە بەرجەستە، کە:

لە مسیری کۆندا، ئافرەت باڵادەستبوو، تەنیا لە بەکارهێنانی ئامرازەکانی گوتاریشدا پێگەی بەهێز بووە. ئافرەت و خزمەتکارەکانی پەرستگاکان هەستیان بە شەرمەزاریی نەدەکرد. لای سۆمەرییەکان و بابلییەکان لەشفرۆشی پیرۆز بووە، نەریتێکی ڕێگەپێدراوی باو بووە، تاکو قوستەنتینییەکان ئەم نەریتەیان لەناو برد. جلوبەرگ لەسەرەتا بۆ خۆڕازاندنەوە و جوانی بوو، بەهۆکارێک بۆ ڕێگەگرتن لەپەیوەندی سێکسی دادەنرا، بۆیە هانی بەکارهێنانی جلوبەرگیان نەدەدا. لای یۆنانییەکان بەڕاشکاوی و لای پیاوەکان و ئافرەتەکانیان دان بەوە دانراوە، کە پەیوەندی سێکسی بنەمایە بۆ خۆشەویستی. بۆیە لە ئەسینا و دواتریش لە زۆربەی شارەکانی دیکەی یۆنان لەشفرۆشی پیشەیەکی زۆر و فروانبوو، لقی زۆریان لەم پیشەیە هەبووە، بەڵام چینی هەرە ژێرەوەی لەشفرۆشەکان پێیان دەگوترا (پۆرنای Pornai) و چینێکی پێشکەوتووی پلەبەرز هەبوو، پێی دەگوترا چینی (هتایرای Hetaira) کە واتا پیشەییەکەی (هاوڕێ)یە، هەندێک لەوانە ئافرەتی ڕۆشنبیریش بوون. ئەمە ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە ئافرەتی نۆکەر و خزمەتکاری گەنج کە خاوەنی ڕۆشنبیرییەکی جیاواز و داهێنەری هونەری بوون لەسەردەمی عەباسیدا هەمان شتیان دەکرد.

پەیوەندی پیاو بە کوڕەکەیەوە، یان پەیوەندی کوڕێک بەکوڕێکەوەلە یۆناندا، هەموو ئەو دیاردانەی باسی ئەشقی گێڕانەوە دەکەن، سەرچاوەکەیان سۆزی سۆزدارانە بووە، خۆشەویستی کچێنی، ئیرەیی، گۆرانی گووتن لەژێر پەردەو و لەژێر ڕۆشنایی خۆشەویستیدا بووە، ئەمەش بیرکردنەوەی چرچ و لۆچە، ئازاراوییە و ناڵە و بێخەویی درێژخایەنی دروستکرد بوو. وەکو (ئەرستۆ)

ئاماژەی پێکردووە (هاوڕەگەزیی و لادانی سێکسیی) لای یۆنانییەکان لەو ترسە سەرچاوەی گرتبوو، کە پێیان وابوو ژمارەی دانیشتوانی وڵاتەکەیان زۆر دەبێت و دەبێتە هۆکار بۆ دروستبوونی قەرەباڵغی. لەهەمان کاتدا (دیرانت) هۆکاری ئەم دیاردەیە دەگێڕێتەوە بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی لەنێوان کوڕە هەتیووە ڕەگەز بازەکان و لەشفرۆشی لە ئەسینا، لەلایەکی دیکەش ئەم دیاردەیە دەبەستێتەوە بە گۆشەگیربوونی ئافرەت. لەیۆنان چەندین دیاردەی دیکەی سێکسی ئاماژەی پێکراوە و قسەی لەبارەوە کراوە. لە هیندستانیشدا کتێبی (کاماسوترا) کە واتاکەی (مەزهەبی شەهوەتە) باس لە "هونەری سێکسی- دەکات لە وێناکردنی جەستەیی و عەقڵیدا". (ابراهیم محمود، بدون سنة، ٢٩-٣١).

قۆناغە جیاوزەکانی بەر لەمێژوو، دواتر ئەو دابەشکردنە کۆمەڵایەتیی بەپێی کۆمەڵگەکان هەبووە، ئافرەت هەرچەندە پێگەی مرۆڤبوونی هەبووە، پێ بەپێ لەگەڵ پێشکەوتنی شارستانیەت ئافرەتیش تووشی پاشەکشە و چەوسانەوە و جیاوازیی سێکسی- و زولم بووە. تاکو گەیشتۆتە ئەوەی زاناکانی کۆمەڵناسی ئەمە بە "تێکشکانی گەورەی مێژوویی نەژادی مێ" دابنێن. (بول فریشاور، ١٩٩٩، ٥٩).

با بگەڕێمەوە نێو مێژوو، مێژووی کۆنی ڕۆژهەڵات و شارستانیەتی کۆنی نێوان هەردوو ڕووبار (ئەنانا) گرنگترین خواوەندەکانی نێو خواوەندەکانی سۆمەرییەکان بووە، ئەمە ئافرەتێک بووە و خواوەندی ئاسمان بووە و هەردوو کچەکەشی (ئان) و (ئەنلیل) بە ئەستێرەی زەهرا و ڤینۆس ناسرابوون، خواوەندی جەنگ توانی بەسەر خواوەندی شاخ (ئیبی)، کە بە خواوەندی خۆشەویستی و بەرووبووم ناسرابوو، سەرکەوێت. (آرثر کورتل، ت، بدون سنة، ل ٢٦-٢٧). تەنیا لە ئەفسانەی بابلییەکاندا ئەوە ساخ بۆتەوە، کە خواوەندی پیاو بەسەر خواوەندی ئافرەتدا زاڵ دەبێت و هیچ

شوێنەوارێک بۆ دەسەڵاتی خواوەندی ئافرەت (مێین) نامێنێتەوە، ئافرەت کە پیاوی لێ لە دایک دەبێت، هەموو شتەکانی بەسەردا پێچەوانەوە دەبێتەوە، حەوا لە پەراسوی ئادەم لەدایک دەبێت، وەکو چۆن (ئەثینە) لەسەری (زوس) لەدایک دەبێت. (آریک فوروم، بدون سنة، ٢١٠). واتە بەپێی بۆچوونە ئایینەکان و لێکدانەوە فەلسەفییەکان هەموو شتێک دژی ئافرەت هەڵ دەگێردرێتەوە، ئافرەت لە پەراسووی پیاو دروست دەبێت. ئەم هەڵگەڕانەوە مێژوویيە ڕێک پێچەوانەی ئەوەیە کە (پیاو لە ئافرەت لەدایک دەبێت)، واتە ژیان لە ئافرەتەوە دەست پێ دەکات و دەبینرێت لە کۆندا پلە و پێگەی کۆمەڵایەتی و دەسەڵاتی خواوەند و کاریگەریی ئافرەت لە (شوێنێکی بەرز) دادەبەزێت بۆ (شوێنێکی نزمی بێ دەسەڵات و پێگە) لەنێو کۆمەڵگەدا. ئەمە غەدرە مێژوویيەکەیە لە دژی ئافرەت. ئافرەت وەکو (سێکس) و تێرکردنی چێژ و ڕازاندنەوەی ماڵ و خۆشی بەخشین بە نێر تێی دەڕوانرێت، بە شێوەیەکی دیکە لە دەسەڵات و مرۆڤایەتی و بەهاکانی دادەبڕدرێت.

بەپێی لێکدانەوەکانی مێژوو ئافرەت لەنێو ئایینە سامییەکاندا پێگەی خۆی هەبووە، بەپێی لێکدانەوەکانی (سمیس) و دواتریش دەبینرێت "ئەو خواوەندانەی کە مێ بوون، گۆڕدراون بۆ خواوەندی نێر". (روبرتس سمیث، ت، بدون سنة، ٥٠).

ئافرەت دژی دامەزراوەی هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان نییە، بەڵکو خەبات دەکات و دژی داماڵینی مافەکانییەتی، کە ئاکامەکەی لەقازانجی پیاوانە و لە بنەڕەتدا ئافرەت دژی "دووڕوویی ئەخلاقە". لەڕاستیدا ئەمەش لەڕێگەی ئایینەوە پتر سەپێنرا، کە پیاو باڵادەست بێت و پیاو ئیدارەی ئافرەت بکات. (بول فریشاور، ١٩٩٩، ٥٩).

با سەیرێکی هەندێک وڵاتی وەکو مەغریب و تونس بکەین، لە کتێبی (ئەخلاقی سێکس لە ئیسلام)دا نووسیویەتی: "سەبارەت بە

پیاو لە مەغریب قسەی زۆری لێ دەکرێت گوناهی زینا سەرنجی زۆر لا ڕادەکێشێت، لەشفرۆشی لەماڵەکاندا زۆرە، هەروەها منداڵبازی لەنێوان منداڵ و گەنجەکانیاندا بڵاوە، ناتوانرێت ئینکاری ئەمە بکرێت، کە سەرنج بەلای خۆیدا ڕادەکێشێت، هەروەها دەزانین ناوچەیەک لە تونسدا بەم جۆرە شتانە بەنێو بانگە". (مالک شبل، ٢٠١٠، ٣٠).

بۆ لێکدانەوەی پەیوەندی سێکسی و هاوڕەگەزیی لە کوردستاندا باشترە خوێندەوەیەکی سۆسیۆلۆژیی و فکری و ئەخلاقی بۆ ڕۆمانی (منداڵبازی د. فەرهاد پیرباڵ) بکرێت، کە ئەو لەوێ وەکو گێڕانەوە و بیرەوەریی و وێناکردنێکی واقیعیی، ئاماژە بە دۆخێکی دەروونیی و ئەخلاقی کۆمەڵگە دەکات.

ئێرۆتیکا لە (ئێرۆس)ەوە هاتووە کە لای گریکەکان خوداوەندی تامەزرۆییە بۆ سێکس و کوڕی (ئەفرۆدیت)ی خوای جوانی، ئارەزووی ئەوین و وەچە خستنەوەی هەیە. (ئێرۆس) لای ڕۆمانەکان ئێرۆتیکا، ئەزموونێکە زیاتر لە ڕامانی شیعرییەوە نزیکە، وەک لەوەی بتوانین لێکدانەوەی زانستییانەی بۆ بکەین. چالاکیی سێکسی ـ کە وەچە خستنەوەی بەدوادا دێت، بەشێکە لە دونیای ئێرۆتیکا. سێکس لایەنێکی هاوبەشە لە نێوان ئینسان و ئاژەڵدا، بەڵام ئێرۆتیکا تایبەتە بە ئینسان. ئینسان و ئاژەڵیش وەک وەڵام دانەوەیەک بۆ یاسایەکی سروشتی، بە سەلیقە، بۆ وەچە خستنەوە سێکس دەکەن، بەڵام ئێرۆتیکا، خولیایەکە لە دەروونەوە هەڵ دەقووڵێت، نە زادەی ترسە لە مردن و نە بۆ تازەکردنەوەی ژیانە. ئیرۆتیکا سێ جۆرە: ئێرۆتیکای هەست کە خۆشەویستییە، ئێرۆتیکای جەستە کە سێکسە و ئێرۆتیکای پیرۆز کە پێوەندی بە ئایینەوە هەیە و تامەزرۆییەکی سۆفییانەیە. (حەمە سەعید حەسەن، ڕۆژی ١١-١١-٢٠٢٧، https://www.basnews.com/so/babat/392002).

لەرێــگەی هەڵکەنــدراوەکان لەبــارەی ئــافرەت لەســەر دیــواری ئەشکەوتەکان و وێنەکانیان لەسەر بەرد و پەیکەرە بچووکەکان، کە هەموو تایبەتمەندییەکانی مێیاتەی تێدایە، یەکەمین بەڵگەی بابەتی لەبارەی پەیوەندیی نێوان پیاو و ئافرەت لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکاندا تۆمـار کـردووە. پـێش کۆتـایی هـاتنی چەرخی بەسـتەڵەک، پیاوەکـان بەشێوەیەک قسەیان لەگەڵ ئافرەتەکان دەکرد، بەهەمان شێوەی پەیوەنـدیکردن و خورانـدنی نێریـنەی گیـانەوەر بـووە بـۆ مێیـنەی گیانەوەرەکە". (بول فریشاور، ١٩٩٩، ٤٧).

واتە ئــافرەت لەمــێژوودا ســەرەتا پــێگەی کــۆمەڵایەتی و رۆحی لەدەست دەدات، دواتریش هێز و وزەی خۆشەویستی کز دەبێت و دەبێــتە ئــامرازێکی ئاســایی بــۆ خۆبەدەســتەوەدان و پەیوەنــدییەکی نایەکسان لەگەڵ پیاوادا.

## ١-٢٠ چەمکی گوتار:

چەمکی گوتار پەیوەستە بەشتی گوتراو و نووسراوەوە، کردەیەکی زمـــانە و پەیوەنـــدی بەدەق لەشـــێوەیەکی گشـــتگیر و گونجـــاو بەرجەستەدا هەیە. (نورالـدین الـس، ١٩٩٧، ١١). لە گوتـاردا زمـان لەلایەن بەکارهێنەرەکەیەوە کۆنترۆڵ دەکرێت. (جاکوبسن) پێی وایە گوتـار دەقێکە ئەرکی شـیعریانەی قسەکردن بەسـەریدا زاڵە. (احمـد مداس،٢٠٠٤، ٢١).

بەپێی بۆچوونەکانی (ئیمێل بنفست) گوتـار بریتییە لە هەمـوو قسـەیەک، کە قسـەکەر و گـوێگری تێـدایە، ئامـانجی یەکەمیـان کارتێکردنە لەدووەمیان بەرێگەیەک لەرێگاکان. (ابراهیم صحراوی، ١٩٩٩، ٩). (ئێرس)یش دەڵێت: (گوتار قسەکردنێکی درێژە، یان بە دوای یەکـدا هـاتنی رِسـتەیە). (موشـلەر)یش پـێی وایە گوتـار گفتوگۆیە.

دەوروبەری گوتار لە (قسەکەر و وەرگر و پەیام و دۆخ و پێگە و کەناڵەکانی پەیوەندیکردن پێکدێت، دەقیش لەزنجیرەیەک یەکەی هەواڵی بەدوای یەکدا هاتوو پێکدێت. بەمەش هاوبەشیی (هەواڵ و مەبەست) لەنێوان گوتار و دەقدا دروست دەبێت). (احمد مداس، ٢٠٠٤، ٢١).

(ڤان دایک) لەگۆشەنیگایەکی جیاوازە شیکاری گوتار دەکات و دەڵێت دەق گوتار پەیوەستە بەیەکەم: گۆشەی ڕووداوەکان، دووەم: بەکارهێنانی ڕستەکان، سێیەم: کردە قسەکان. (احمد مداس، ٢٠٠٤، ٢٣).

هەندێکی دیکە لە بارەی گوتار پێیان وایە مەسەلەکە پەیوەندی بەدەق وکردەی پەیوەندیکردنەوە هەیە، ئەمەش پەیوەستە بەدەوروبەرە مەعریفی وپراگماتیکی وسۆسیۆ ڕۆشنبیریی و مێژووییەکانەوە. (سعید یقطن،٢٠٠١، ١٤-١٥). تاکو دەگاتە ئەوەی (ڤان دایک) هەموو دەقێک بە گوتار دەزانێت.. (میشال ئادەم)یش گوتار بۆ بوونی (گوتن و نووسین و پەیوەندیکردن و دەقبوون) دەگێڕێتەوە. (احمد مداس، ٢٠٠٤، ٢٤) .


زمان لە گوتاردا پێکهێنەری سەرەکییە، کە ژمارەیەک کردەی هەقیقی ڕادەپەڕێنێت بۆیە لەم ڕوانگەیەوە پێناسەی گوتار بە (دروستکردنی زمان لە ناو زمان)، یان (دەق بە گوتاری بەیەکەوە بەستراو) ناودەبرێت. (احمد مداس،٢٠٠٣، ٢٧).

بەمە بۆمان دەردەکەوێت گوتار و گوتن پەیوەندییەکی پتەوی تەواوکەریان بەیەکەوە هەیە، گوتار و ڕاپەراندنی کردە قسە و بەدیهێنانی مەبەستێکی دیاریکراو لەدەوروبەرێکی دیاریکراو بەکاردێت و دەکرێت دەربڕین و نیشانەیەکیش بێت، بەشێوەی نووسراو و گوتار بەکاردێت، نێرەر و وەرگر و پەیامی تێدایە، کردەی

پەیوەنـــدیکردن و کـــارتێکردن و بەرهەمهێنـــانەوەی گوتـــارەکە ڕادەپەڕێنێت.

## ١-٢١ گوتاری ئەدەبی:

گوتار پەیوەندی بەگوتن و بێژتن و ئاخاوتنەوە هەیە، ئەمانەش پەیوەنـدییان بەبەکارهێنـانی زمـان لەئاسـت و شـێواز و دەوروبەری کۆمەڵایەتییەوە هەیە، گوتار بێ زمان وەکو کەسێک وایە دەست و قـاچی نەبێـت. زمـانی ئەدەبی تایبەتمەنـدی هەیە، چـونکە دەقـێکی ئەدەبی، وەکـو دەقـێکی ئاسـایی، سـادە دابـڕاو لەهێمـا و ڕەوانبـێژی و وێناکردن و واتا نییە، بایەخ بەڕەوانبێژی و واتا و هەست و نەست و وێنـاکردنی دۆخی کـۆمەڵایەتی و دەروونی کەسـەکان و ڕووداوەکـان و هەتـا شـتەکان و گـێڕانەوەی کەلوپەلەکانیش دەدات. (زمـانی ئەدەبی جیـاوازە لەزمـانی گوتـاری ئاسـایی، گوتـاری ئەدەبی پێشـبەندێکی شوشـەیی ڕازاوە بەوێـنە و نەخـش و ڕەنـگی هەیە، تیشـکی بینـین بەرپەرچ دەداتەوە، هەرکاتێک سنوورەکانی ببەزێنێت. (عبدالسلام المسدی،١٩٩٤، ١١٢).



پێکهاتەکانی گوتاری ئەدەبی بریتییە لە (نێرەر و وەگر و پەیام)، بەپشت بەستن بە بەکارهێنانی بنەماکانی (هەواڵ و بڕواپێهێنان، دارشتن، گێڕانەوە، وەسف، حوکم، پێڕاگەیاندن، ڕیکلام، هوشداری، ڕەتکردنەوە، جەختکردنەوە و پەیوەندیکردن... تاد) بەڕێوە دەچێت و ئەرکی (کارتێکردن و جووڵاندنی هەستەکان و دەرککرن و بەدیهێنانی کردەیە) لەدەوروبەرێکی دیاریکراودا. (جاکۆبسۆن) ئەرکەکانی گوتاری لە (هەڵچوون و دەربڕین) کورتکردۆتەوە، بەڵام ئەرکی پێڕاگەیاندن و پەیوەندیکردن ئامانجی ئەوەیە وەرگر لەنێوەڕۆکی پەیامەکەی نێرەر بگات. ئەرکی دارشتنیش پەیوەستە بەنێوەڕۆک و کاکلی پەیامەکە، کە گوتاری ئەدەبی لەخۆگرتووە، بەڵام ئەرکی سەرچاوە، ئەوەیە پەیامەکە لەلایەن کەسێکەوە لێکدەدرێتەوە و شی دەکرێتەوە، بۆ ئەوەی لەئەرکە فەرهەنگی و کۆدە هاوبەشەکانی بگەن. ئەرکی بەئاگا و وریاکردنەوە و سەرنجڕاکێشانیش پارێزگاری لەو پەیوەندییانە دەکات، کە وابەستەن بەپێکهاتەکانی گوتار لەچوارچێوەی ڕاپەراندنی خودی گوتارەکەدا.

لە نێو ئەم ئەرکانەدا لە نێوان (نووسەر و خوێنەر و پەیام و کۆد و ڕاگەیاندن و ئەرکی فەرهەنگی و پەیوەندیکردن، شتێکی دیکە هەیە، کە پەیوەستە بە (کردەی سەرنجڕاکێشان و وریاکردنەوە). (ا. زهیرة بنینی، ١٦٥ file:///D:/الادب%٢٠والسعر/١٣.pdf).

(جینیت) سێ شێوەی بۆ گیڕانەوە دەست نیشانکردووە لەوانە: یەکەم: چیرۆک Story وەکو نێوەڕۆکی گێڕانەوەی بابەتەکە، دووەم: گێڕانەوەNarration وەکو کردەی گێڕانەوەیەکی بەرهەمدار، کە پشت بەژمارەیەک دۆخی هەقیقی و خەیاڵی دەبەستێت. سێیەم: گوتارDiscourse کە هێما و گوتراوەکان و گوتار و خودی دەقی گێڕانەوە دەگرێتەوە. (جیرار جینیت، ٢٠٠٣ ، ٣٨-٣٩).

بەم پێــوەرانەی ســەرەوە بۆمــان دەردەکەوێــت گوتــاری دەقی ئەدەبی لەگەڵ ئەوەی هەنـدێک بنەمـای هـاوبەشی لەگەڵ گوتـاری دیـکە هەیە، بەڵام بەهـۆی پابەسـت بـوون بە ژمـارەیەک شـێواز و ستایلی تایبەتمەنـد و دەربڕین و ڕوانبێژیی و بەدیهێنانی مەبەست و جێبەجێ کردنی ژمارەیەک ئەرکی کردە (کردە قسە) ئەو زمانەی دەقی ئەدەبی لەڕووی هـونەرییە پێ دەنووسرێـت، دەتوانرێـت جیـاوازیی و تایبەتمەندی ئەم بوارە دیاریی بکرێت.

هەر کاتێک لە گوتاری دەقی ڕۆمانێک، یان هەر دەقێکی دیکەی نـووسراو، یـان گـوتراو شـتێکی جیـاواز لەنێـو پەیامەکە ببینرێـت، ئەم گوتارە دەبێتە سەرەتایەک بۆ هەنگاوی دیکە. دەرگای ڕزگاربوون و کــرانەوە بەســەر نــاخی قســەکەرەکاندا دەکـاتەوە، قســەکردنێک نیشــانەی وریبــانەوە و گەیانــدنی شــتێک دەگەیەنێــت، کە بەلای دامەزراوە باوەکـانی نێـو کـۆمەڵگە ئاسـایی و سروشـتی نـین. چـێژ و ســێکس و ئــایین و سیاســەت چوارکــوچکەی ژێــر خۆڵەمیشــێکی لەمێژینەن، گوتاری ئەم ڕۆمانەکانی (کەمال سەعدی) کە بریتین لە ژیاننــامەی خــودی خــۆی و گەشــتەکانی و ئەوانەی لەگەڵیانــدا هەڵسـوکەوت دەکـات. گوتـارێکە دەکرێـت لە گۆشـەنیگا و ئەرک و کـردەی جیاوازەوە شی بکـرێنەوە، هەموو ئەو شتانەی بەفۆرمی فکـر و ئایـدیۆلۆژیا نەگــوتراون، ڕیشــەی فکــری بۆچوونەکانیــان ســاخ بکرێتەوە.

## بەشی دووەم: شیکردنەوەی دەقی ڕۆمانەکانی ژیاننامەی (کەمال سەعدی)

### ١-٢ ئافرەت لە ئەدەبیاتی کوردیدا:

نامەوێت بەدرێژی باسی مێژووی بەکارهێنانی وشەی (ئافرەت و ژن و سێکس و جەستە و مەرامە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی و ئابوورییەکان) لەبارەی پەیوەندی نێوان (نێر و مێ) لەنێو دەقی ئەدەبی کوردی بکەم، چونکە هەر یەکە لە (کەریم شارەزا، بەیان ژمارە ٥٨ی ١٩٧٨ ساڵی ١٨) و (کێشەی ئافرەت لە کڵاوڕۆژنەی شیعری هەندێ لە شاعیرانی هاوچەرخ دا، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ ژمارە ٨٥ نیسان، میاسی ١٩٨١، کاکە ئازادی حەمەمین). (عەلائەدین سجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی). (محمدی مەلا کەریم، خەباتی شیعری کوردی لەپێناوی ئازادیی ئافرەتان دا، گۆڤاری بەیان ، ژمارە ٢٥ ماسی ١٩٧٠). (سەباحی غالب، ئافرەت لە چیرۆکی کوردیدا). (د. کەمال ئەحمەد مەزهەر، ئافرەت لە مێژوودا) و (عەبدولخالق مەعروف، مێژووی ئازدەمیزاد) و لێکۆڵینەوەکانی (د. مارف خەزنەدار لە مێژووی ئەدەبی کوردی) و (د. عیزەدین مستەفا رەسول، لە الواقعیە فی الادب الکردی) و دەیان بابەت و وتاری دیکە لەبارەی بەکارهێنانی ئافرەت وەکو ئامراز و مەبەست و کەرەستە لەنێو دەقی ئەدەبی کوردیدا بڵاوکراوەتەوە.

لەشیعری کلاسیکیدا ئافرەت وەکو جەستە دوور لە سێکس ئاماژەی پێکراوە، لەهەندێک دەقی دیکەی چیرۆک و ڕۆمانی کوردیدا

ئـافرەت وەکـو جەسـتە و چـێژ و خۆشەویسـتی بەکـارهێنراوە، لە شـیعری نـوێی کوردیـدا ئـافرەت راشـکاوانە وەکـو (جـێژ و سـێکس و جـوانی و خۆشەویسـتی و کەرەسـتەیەکی گرنـگ و زەقی پەیوەنـدی نێـوان نـێر و مێ بەکارهێنراوە. بەشـێوەیەکی دیـکە گوتـاری سێکسی-لەنێو ئەم جۆرە دەقەدا ڕاشکاوانەتر بەکاردێت، بەڵام لای من هێشتا ئافرەت کەرەستە و ئامرازە، سێکس ئامرازە بۆ بەخشینی چێژ، نەک ئامانج.

## ٢-١-١ ئەشق و ئەڤین:

وەکـو (کەریـم شـارەزا) لە لێکـۆڵینەوەکەی لە گۆڤـاری (بەیـان) ئامـاژەی پێکـردووە "حـاجی قـادری کـۆیی لەکـاتی هەرزەکاری و چ لەهەرەتی لاوێتییـدا یـان چـوونە نـاو تەمەنی پیریـیەوە هـۆنراوەیەکی نەهۆنیوەتەوە کە باسی جوانیی ئافرەتی کردبێ، یان وەکو شاعیرانی پێش خۆی کە جۆرەها کەرەسەی جوان کاری و تشبیە و لێکچواندن و خوازەخواسـتە کە جیهـانی ئافرەتیـان پێ ڕازانـدۆتەوە و بـاسی ڕوومەت و خـاڵ و زولـف و دڵبەریـان کـردووە و لەلایەکی تریشـەوە بـاسی ئەڤیـنی و دڵ سـووتاویی و هەڵقرچـانی خۆیـانی کـردووە و لە ئەنجـامی دووریی یـاردا ئارامیـان لێ بـڕاوە و قسـەی نالایەقیـان دەرهەق کردوون، وەکو بێ وەفا، بێ مروەت، غەدار، جەللاد، خوێن ڕێـز... هتـد. (فـواد حسـین احمـد، ئـافرەت لە هـۆنراوەی کوردیـدا) بڕوانە (کەریم شارەزا، بەیان ژمارە ٥٨، ١٩٧٩).

واتـا لەپـێش (حـاجی قـادری کـۆیی) شـاعیرەکانی دیـکە ئافرەتیـان بەکارهێناوە لەپێناو جـوانکردن و دەبڕینی هەسـتی نـاخەکی و وەسـف و لێکچوواندن. بەکردەوەش بۆمان دەردەکەوێت شـاعیرەکان لەزۆر دەقی خۆیانـدا ئـافرەت وەکـو جەسـتەیەکی چـێژ بەخـش لەڕێـگەی وەسـفکردنی چـاو و ڤـرۆ، پـرچ و لەنـجە و بـۆن و بەرامە و سـینە و

زولف و برۆ و لێو ... تاد . واتە ئافرەت بەر لەوەی وەکو مرۆڤێکی هاوبەش و یەکسانی پیاو دیقەتی لێ درابێت، بەشێکە لەجوانی و چێژ و جەستەیەک کە ئـارامی بە (بینـین و تێڕوانـین و هەتـا وێـنە شیعرییەکانی شاعیر) بەخشیوە. ئارامی دەروونی، شاعیر دەیانەوێت لەڕێگەی گەیشتنە جەستەی ئافرەت، ئاگری ناخیان بکوژێننەوە، ئێمە هەموومان دەزانین (ئاگری ناخی پیاو) بەرانبەر (ئافرەت) بەچ ئاوێک دەکوژێتەوە. ئەدەبی کلاسیکی نەیتوانیوە ڕاستەوخۆ ئەم پەیوەندییە نهێنیی و بینین و بیرکردنەوە و خۆ لێخۆشکردنەی نێر بەرانبەر مێ ئاشکرا بکات.

بۆیە ماچی مەجازی لەجیاتی وێنە و کردەی ماچی هەقیقی سەردەمی ئێستای نێو فلیمەکان بەکارهێناوە. وەسفی ڕۆیشتن و لەنجەو لاریی، لەجیاتی وێنە و نمایشی- نێو ڕیکلام و نمایشی- جلوبەرگ و بازرگانی و هەتا فیلمە نیمچە ڕووتەکان بەکارهێناوە.. تاد. ئەگەر نا (ماچ) لەملیۆنێک ساڵ بەر لەئێستا هەر (ماچ) بووە، ئەگەر شێواز و جۆر و کاتیشی- گۆڕابێت، بەڵام وزەیەکی ئەبەدی بە مرۆڤ دەبەخشێت. جەستە هەر جەستەیە، هەرچەندە (شێوازی بەکارهێنانی جەستە لە سێکس، لە کاروباری ڕۆژانە، لە نمایش و چۆنیەتی داپۆشینی بە جلکوبەرگ .. تاد) گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بەڵام کاریگەریی و کارتێکردن و سەرنجڕاکێشان بەجەستە لای ئافرەت و پیاویش لە کۆنەوە هەبووە. بەلای منەوە کە دەمێکە دەخوێنمەوە و دەمەوێت بزانم کاریگەریی (ماچ) چییە؟. پەیوەندیی و چێژی سێکسی. لەرێگەی (بینین و لێو و ماچ و تام) دەگوازرێتەوە لە جەستەیەکەوە بۆ جەستەیەکی دیکە. واتە (ماچ) سەرچاوەیە بۆ دروستبوونی پەیوەندیی و تێکەڵبوونی ڕۆحی، بۆیە شاعیرەکان زۆر باسی ماچ دەکەن.

شوێن و کات کاریگەرییان لەسەر بەکارهێنانی (وشە و گوزارشت و کەرەستە زمانەوانییەکان و شێوازی وەسف و دەربڕین و نیشاندان

و نمایشەوە)کانی نێو گوتار هەیە، بۆیە ئەم جۆرە پەیوەندیانە لەنێو دەق ئەدەبی دەکرێت بەپێی نەریت و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و ڕەفتار و رۆشنبیریی کەسەکان بەپێی سەردەم و شوێنیان شیکار بکرێت. وەکو چۆن ئەم پەیوەندییە لەنێو دوو گەرەکی (هەژار) و (دەوڵەمەندی) یەک شار و لەیەک سەردەمیشدا جیاوازیی تێدا بەدی دەکرێت، تەنیا پەیوەندیی نێوان نێر و مێ، بەکارهێنانی وشە و دەستەواژە و دەربڕین و شێوازی بەیەکگەیشتنی کۆمەڵایەتی و هەتا شێوازی ماچ و دەستگرتن و یەکتر دواندن و خۆ لەیەکخشاندنی نێر و مێش، هەمان ڕەگەزیش جیاوازی تێدایە.

لە دەقەکانی (کەمال سەعدی) لە ناوونیشان تاکو کۆتایی گێڕانەوەی ڕووداوەکان ئەم شتانە بەرجەستەکراوە، کە مرۆڤ وەکو چێژ و سێکس و کردیە پەیوەندیکردن لەنێوان نیر و مێ بەکاردێت. (کردەی هەڵچوون و ڕەفتار و دۆزینەوەی جەستەیەکی چێژ بەخش.

## ٢-١-٢ یەکێتی نێر و مێ لە نێو کۆمەڵگای کوردیدا:

ئێمە ئاماژەمان بەوە کرد کە (سێکس) ڕێگە و هۆکارێکە بۆ ئەوەی یەکبوون و یەکێتی ڕۆحی و بەیەکەوە بەستنەوەی بەهێزی نێر و مێ لەنێو کۆمەڵگەدا دروست ببێت، بەشێوەیەکی دیکە دەکرێت بڵێین (سێکس) پەیوەندیی و یەکێتییەکی لائیرادەیی و بێ خواستی پێشەکیی لای مرۆڤەکان دروست دەکات. بەپێی بۆچوونەکانی (حاجی قادری کۆیی) ئەم یەکبوون و لەنێو یەک توانەوەیە لەسەر بنەمای (یەکسانی و هاوبەشی و خۆشەویستی) لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواری لەنێوان نێر و مێ دروست نەبووە، بەڵکو "ئافرەت هیچ دەورێکی نەبووە، تەنها بۆ خزمەتکردنی پیاو نەبێت تەنها لە بەر ئەوەی کە ئەو ژنە و ئەم پیاو کەسایەتیی ئافرەت لەنێو کەسایەتیی پیاودا توابۆوەوە، پیاو بە هەوەسی خۆی فەرمانی

دەدایێ و قەدەغەی هەمـــوو شـــتێکی لێ کردبـــوو. لەنێـــو چـــوار دیوارەکەدا لە نێو تاریکیی نەزانینیدا دەژیا زانین تەنها بۆ پیاو حەڵاڵ بـوو، ئەمیش تـاریکی و نەزانـین، ئەو ڕۆشـنایی و سەربەسـتی، ئەمیش دوور لە ڕووناکی و لە بەندایەتی دا ژیانی بـردە سـەر". (فـواد حسـین احمد، بێ ساڵ، ١٥٩ ).

(مەلای گەورە) ڕاشکاونە و بێ شاردنەوە وشەی (سێکس) لەنێو هۆنراوەی (شۆڕەژن)یدا بەکارهێناوە و لە دێڕیکدا دەڵێت:

شۆڕەژن من لەهەوەڵ پێم نەووتی

ئاخری حضرەتی شێخ تێت دەکوتێ

لای خوێنەر و بەکارهێنەری زمانی کوردی ڕوونە، وشەی (تێت دەکـوتێ) بەچ مەبەسـتێک بەکاردێـت و چـۆن یەکێـک ئیسـتغلالی ڕەگەزی بەرانبەری خۆی دەکات و سورای دەبێت و مەرج نییە ئەم جووتبـــوونە ئـــارەزوو مەنـــدانە بێـــت، بەڵکـــو لەنێـــوان فێڵبـــاز و هەڵخەتێنراوێکـدا دەقەمەوێـت، یـان کەسی یەکەم، کەسی دووەم لەپێنـاو پێشکەشـکردنی خزمەتێـک و بـیرۆکەیەک و زانیـارییەک و شتێک بەکاردەهێنێت. گرنگ لەم وێنە شیعرییەدا پەیوەندی نێوان (شێخێک) و (ئافرەتێک) دروستکراوە، کە لەئاکامدا کردەی سێکسی. دوور لە خۆشەویسـتی و سـۆز و پەیوەنـدیی پێشـوەختەی نێـوان دوو ڕەگەز ئەنجـام دەدرێـت و ئەویـش لەئاکـامی (فریـودان و پەشـیمان بوونەوە) وێناکراوە.

لای گـۆرانی شـاعیرش پەیوەنـدی ئاشـقانەی نێـوان یـار و کـوڕە دڵدارەکە بەم جۆرە وەسف کراوە:

بڵێن بەیار، بڵێن بەیار، یاری نازدار
سەد هەزار جار خۆزگەم بە پار، منی هەژار،
خۆزگەم بە پار!

هە ڕۆژە عیشوەیەک، نازێ،
هەر خەڵوەتە چەشنە ڕازێ،
لەو توانج، لە من نیازی!
بۆ ماچێ ، نوقرچێ، گازێ،
هەر بەزمە دەنگێ، ئاوازێ،
بە چاو بینینی دڵخوزێ...

"ڕاستە شاعیر تاڕادەیەک لە (جینس) نزیک دەبێتەوە کاتێ باسی (ماچ) و (نوقورچێ) و (گاز) دەکات، بەڵام هەرگیز ناگاتە ئەو ڕادەیە بڵێین ئەم هۆنراوەیە هۆنراوەیەکی (جینسی-)ی پەتییە، (گۆران)ی شاعیر جینسی. نەکردۆتە ئامانجێکی سەرەکی، بەڵکو مەبەستی زیاتر جوانی پەرستییەکەیە، ئەگەر جار نەجار لەوەسفکردنەکانیدا زیاد ڕۆیشتبێت، ئەوا ئەو سنوورەی نەشکاندووە، کە بچێتە جوغز و کەوانەی ئەو مەسەلەیەوە لە مەبەستە ڕاستەقینە و ئامانجە سەرەکییەکەی دووری بخاتەوە. هەروەها سەبارەت بە شیعرەکانی (بۆ خانمێک) و (گەورە کچێک) و ( شەوێک لە عەبدوڵلا) و (بۆ کچێکی بێگانە) ئێمە لەگەڵ ئەو ڕایەدا نین کە دەڵێن: جینس بەشێکی جەوهەری لە هەڵوێستی گۆران بەرانبەر ئافرەت پێکهێناوە. (فواد حسین احمد، بێ ساڵ، ٢٧٩- ٢٨٠).


من پێچەوانەی ئەو ڕاو بۆچوون و شیکارانەی لەبارەی ئەدەبی کلاسیکی و شیعری هاوچەرخی کوردی کراوە، پێم وایە دەبێت هەندێک کراوەتر و زانستیانە تر لەدەق لەبارەی (سێکس و جەستە و عەشق و دڵبەر و دڵدار و جوانی ئافرەت و چێژ و وەسفەکان) بنۆڕین، کە پەیوەندییەکی قووڵیان بە هەست و نەستی دەروونی و چێژی سێکسی_ و بینینی سێکسی_ بەچاو و لەزەتی جەستە و پەیوەندیی نێوان نێر و مێیەوە هەیە. لای من بابەتەکە تەنیا ئاماژە و وەسفکردنی ڕووت و قووتی بێ نیازی ناخەکی و هەستە سێکسییە

داپۆشراوە کپکراوەکەوەکەی جوانی نییە، بەڵکو بەرجەستکردنی (هەستی ناوەوەی خودی مرۆڤە بەرانبەر سێکس و جەستە). بڤەبوون و قەدەغە هۆکارێکی سەرەکییە، کە دەقنووسی کورد خۆی لە واتا و مەبەست و گوزارشتی ڕاستەوخۆی سێکسی ـ بپارێزێت، هیچیان نەگەنە ئاساتی (شێخ ڕەزای تالەبانی) و بەکردەوە هەجووی سێکسی ـ کەسانی ناحەزی خۆی بکات و (وشەی سێکسی ـ و کەرەستەی نیر و مێ ) بەکاربهێنێت و لەهەمان کاتیشدا توێژەرانیش قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە بە بڤە دەزانن و خۆیانی لێ دوور دەگرن. هەموو شتێک لەچوارچێوەی زانست و سنوور نەبەزاندن و بەکارنەهێنانی شتەکان بۆ مەبەستی دەرەوەی بابەتەکان، کارێکی ئاسایی و سوودبەخش دەبێت. لەمەد ابۆمان ڕوون دەبێتە لەنێو گوتاری ەئدبەیدا سێکس (بابەتێکی دیلکراوی سەرکوتکراوە، نە دەقنووس و نە ئەوانەی لێکۆڵینەوە دەکەن، ناتوانن لەبەر ژمارەیەک هۆکار خۆیان لەم سەرکوت و سانسۆرە بەردەوامە) ڕزگار بکەن.

لەکاتێدا دەقی کلاسیکی کوردی بەناڕاستەوخۆ وەسفی خۆشەویستەکانیان و جەستەی ئافرەت و نیەت و ئارەزووی سێکسی نێرانە و پەیوەندییە دەروونییەکان کردووە، بۆیە ناچار بوون پەنا وەبەر ڕەوانبێژیی و وەسف و خوازە و لێکچواندن و ناوی نهێنی و ئاشکرانەکردنی ناوی خۆشەویستەکانیان ببەن.

وابزانم لەوەش دوورتر (موحەمەدی مەلا کەریم) لە شیکردنەوەی شیعرەکانی نالی، لە قۆناغی تورکیا ئاماژە بە وەسفی (سێکسی ـ کوڕێکی سوورەی لوسی لە حەمام) دەکات و ئەو پەیوەندییە سێکسییە هاوڕەگەزییەی بە وردی شیکار کردووە. بەڕاستی لەم سەردەمەدا پێویستە شیکاری شتە قەدەغەکراوە سێکسییەکانی نێو دەقی کلاسیکی و دەقی هاوچەرخی کوردی بکەین، شتی زۆرمان بۆ ئاشکرا دەبێت. ڕەنگە ئەم دۆخە لەنێو چیرۆکدا

پتریش هەستی پێ بکرێت، کە چێرۆک لەبەراورد بەشیعری کوردی ژانرێکی هاوچەرخ و تازەترە. چیرۆک کە ئەرکی گێڕانەوەی کۆمەڵایەتی و وێناکردنی دۆخی کۆمەڵایەتی هەیە، پەیوەندیی سێکسی. نێوان نێر و مێی پتر لە شیعر تێدا بەرجەستە دەبێت، یان ڕاشکاوانە و ڕاستەوخۆتر لە دەقی شیعریی گوزارشت لە پەیوەندییە مرۆیی و سنوور بەزاندنی سێکسی و بەکارهێنانی واقیعی پەیوەندییەکانی نێوان دوو ڕەگەزی جیاواز بکات.




ئەم واقیعیە ئەگەر لە چیرۆکدا سنووردار بێت، بەڵام لەنێو دەقی ڕۆمانەدا پانتاییەکی زۆری لە گێڕانەوە و وێناکردن و بەکارهێنانی هەست و نەستی مرۆییانە و زەقکردنەوەی سێکسیی پێدراوە.

(کەمال سەعدی) لە ڕۆمانی (شەوانی باکۆ)دا لەگێڕانەوەیەکی کورتدا لە وەسف و باسی (سارا ئازەری) کە ئافرەتێکی جوان و قەشەنگ بووە دەڵێت: "زۆر بە جوانیەکەی سەرسام بووم، سەیری چاوەکانیم دەکرد، خەیاڵم لای سینە و مەمکی بوو، لەدڵی خۆمدا دەموت (دیارە کاتی خۆی ڕەسوڵ گەردیش کچێکی وەها شۆخ و شەنگی بینیوە، وەکو من پێی سەرسام بووە، بۆیە حەیرانی بەسەردا وتووە و بەنازدار حەیران ناوی بردووە). لە بینینی نازدار

حەیـرانەکە تـێر نەبـوو بـووم، ڕابەرە گەشـتیارەکەمان وتی: پاسـەکە لەبەردەم دەرگـای هـوتێلە، ئەگەر ئامـادەن بفەرمـوون بـا بـڕۆین". (شەوانی باکۆ، ٣١). لێرەدا (کردەی بینین) و (گەڕانەوە بۆ گێڕانەوەی بەسـەرهاتی حەیـران بـێژ) و (چـێژ و کـاریگەریی و ورووژانـدن) و (بیرەوەریی). وەکو بەشێک لە گوتاری دەقەکە دەردەکەوێت.

لەم گێڕانەوەیەدا ڕۆماننووس بەشێوەیەکی ڕاستگۆیانە (هەست و نەسـتیی) خـۆی بەرانـبەر بینیـنی ئـافرەتێکی شـۆخی ئـازەری دەردەبڕێت و پێی سەرسام دەبێت. یەکسەر هەست و نەستی بەرەو (سـینە و مەمـکی) دەچێـت. ئەمە دەربـڕینێکی ڕاسـتەوخۆ غەریـزەی سێکسییە. بۆیەشە دەیەوێت پێمان بڵێ ئەدەبی کلاسیکی و پێش ئەم دەقە، ئەوانیش سەرسام بوون بەسێکس و ڕەگەز و جوانی ئافرەت بۆ چێژ، بەڵام نەیانوێراوە ڕاشکاوانە بەم شێوەیە ئاماژەی پێ بکەن.

لە گێڕانەوەی قسەکانی (سەیاح پەقرەج)دا بەم شێوەیە هەندێک شـتی ئەو قسـەکەرەمان بـیر دەهێنێـتەوە، کە یەکێـک لەنێـو دەقی ڕۆمـانەکەدا شـتەکان بـۆ گوێگرەکـانی دیـکە دەگـێڕێتەوە و دەڵێـت "لەگەڵ ژنێـک بچێـتە فەرمـانگەی حکـومی و بە بێ تـرس سێکسی۔ لەگەڵ بکـات. هەنـدێک کەس درۆ دەکـات، بەڵام ئەو نەک درۆ، بەڵکـو بوختـانیش بـۆ خـۆی دەکـات. بە قسـەی ئەو بێـت، بـۆتە ڕاسـپۆتین و ژن و کـچ لەم شـارە نەمـاوە سێکسی لەگەڵ نەکردبێـت!!". (خانمبـاز، ٢٢٦). کەچی (سـەیاح پەقـرەج) خـۆی دەڵێت: " هێشـتا ژنـم نەهێنـابوو، لەگەڵ کچـێکی پـاکیزە پەیوەنـدی سۆزداریم هەبوو، ڕۆژێک ماڵەوەمان کەسیان لەوێ نەبوون، لەگەڵ خۆم بردمە ماڵەوە، دەمم خستبووە ناو دەمی، لێوەکانیم دەمژی، بە دەستەکانیشم، مەمکەکانیم دەگوشی. نەمدەویست هیچی لێبکەم، چـونکە خۆشمدەویسـت، بەڵام کاتێـک هەدرووکمـان جلەکانمـان داکەنـد و خۆمـان ڕووت کـردەوە، بەرگەی نەگـرت و بەدنەگی بەرز

وتی: کوڕی قەحپە، بۆم پاڵدە بۆچی ڕاوەستایت و نایبخەیتە ناو؟". (خانمباز، ٢٢٦).

گوتاری ئەم گێڕانەوەیە هەرچیەک بێت، فیلمێکی سینەمایی داوێنپیسییە، پیاوەکە لەهیچ ناگەڕێتەوە و کچەکەش لەتاوی چێژ، هاوار دەکات و جوێنی پێ دەدات. ئەمە لە شێوازی قسەکردن و لە وێناکردن و لە گێڕانەوەی بەسەرهاتەکە (خەیاڵی، یان هەقیقی) ئاماژەیەکی ڕاشکاوانەیە بە سێکس.

## ٢-٢ ڕۆمانی ژیاننامە و بیرەوەریی

هونەری گێڕانەوە لەگەڵ پەیدابوونی مرۆڤ پەیدا بووە، چونکە مرۆڤ لەسەرەتاوە پێویستی بەوە بووە، ئەو شتانەی لەدەرەوە دەیانبینێت و خۆی لەگەڵیاندا دەژیت بۆ ئەوانی دیکەی بگێڕێتەوە، یان قسەی گێڕدراوەی ئەوانی دیکە بۆ ئەوانەی لەگەڵیان دەژی، بگێڕێتەوە. گێڕانەوە هونەرە، هونەرێکی چڕ، کاریگەر و بکوژیشە لەهەمان کاتدا. ئەوانەی ناتوانن و توانا و زمانی گێڕانەوەیان لاواز و سیسە، لەگرنگی بابەتە گێڕدراوەکە کەم دەکەنەوە و وا دەکات گوێگرەکانی بێز لە بابەتەکە بکەن.

بەگشتی ئەم هونەرە بەیەکێک لە هونەرە کۆنەکانی پەخشان دادەنرێت و ژیانی واقیعی تاکێک لە تاکەکان بەکاردەهێنێت، کار دەکات دووبارە لە ژیانی ئەو کەسە لەچوارچێوەی مێژوویی و کەسیی لەنێو تێڕوانینە نوێیەکان بگەن. ئەو شتانەی لەنێو بیرەوەرییەکاندا تۆمارکراون نووسراو بێت، یان بەقسەکردن و گێڕانەوەی زارەکی و وێنە بێت. ( Paul Murray Kendall,: 10 March 2019, URL: https://www.britannica.com/art/biography-narrative-genre,Access Date: January 30, 2021). لەمەش پتر دەتوانرێت بڵێین "کارێکی هونەری پەخشان ئامێزە، دەقی ژیاننامەی خودی دەگرێتەوە و پێویستە

دونیابینی نووسەرەکە لەبارەی خودی خۆی و جیهان بگرێتەوە. تەنیا خێزان و دۆستەکانی و ئەوانەی لێیشی نزیکن". ( Joseph Epstein A: 1. Jan 2016,URL https://www.wsj.com/articles/the-art-of-biography-1451514816 , Access Date: January 30, 2021 ).

لە نووسینی رۆمان و چیرۆکیش داکە بریتییە لەگێڕانەوەی بیرەوەرییە هەقیقییەکان لەبارەی خودی خۆی و دەوروبەری، دەکرێت شێوازێکی تایبەت پەیڕەو بکرێت لەپێناو دروستکردنی شێوازێکی هونەری تایبەت "هەندێک پێیان وایە ئەدەبی ژیاننامە وێنەیەکی تێکەڵە و سنووری پێوانە و بیناکردنی هونەریانەی رۆمان و چیرۆک دەبەزێنێت". (عراج الهوارية، ٢٠١٢، مقدمة).

لەهەمان کاتدا (دامی هەرمیۆن) بە شێوازێکی دیکە لەپەیوەندیی نێوان کەسەکان و خودی دەق رۆمانی ژیاننامەیی دەڕوانێت و دەڵێت "ئەدەبی ژیاننامەیی دابەشی سەر ژیاننامەی (ئەوانی دیکە) و ژیاننامەی (کەسی و خودی) دەبێت. ژیاننامەی ئەوانی دیکە بریتییە لە گێڕانەوەی ژیانی کەسێک، کە کەسێکی دیکە لەبارەیەوە دەنووسێت". ( Professor Dame Hermione Lee: January 30, 2021/Published:7JUL2020,URL:https://www.thebritishacademy.ac.uk) . هەروەها ژیاننامەی تاکە کەسی و خودیش گێڕانەوەیەکی پەخشان ئامێزە کەسێکی واقیعی لەبارەی تایبەتمەندییەکانی خۆی دەینووسێت، جەخت لەسەر ژیانی تاکەکەسی و مێژووی کەسایەتی خۆی دەکاتەوە، لەنێو زماندا ئەو خۆی حیکایەتخوان و قسەکەرە، لەبارەی بابەتیشدا بەکارهێنانی ژیانی تاکە کەسییە و مێژووی کەسێکی دیاریکراوە، لەبارەی دۆخی دانەرەکەیش گونجان لەنێوان دانەر و قسەکەر و حیکایەتخوانی باسەکە هەیە. (فیلیپ لوجون ١٩٩٤، ٢٢-٢٣). لەنێو ئەم رۆمانی (خانمباز) و (حەج وعومرە) و (شەوانی باکۆ) و (شەونای ئێریڤان)دا لەبنەڕەتدا باسی خودی

نووسەرە، کە خۆی باسی خۆی دەکات و لەهەمان کاتیشدا باسی ئەوانی دیکەش دەکات.

ڕۆمانی ژیاننامەیی پشت بە بیرەوەریی خاوەنەکەی دەبەستێت و لەهەندێک شوێنیش بەپێی پێویست تێکەڵی خەیاڵی ئەدەبی دەکرێت، ئەمە وایکردووە لەگەڵ ژانرێکی تری ئەدەبی جیاواز بێت، لەکردەوەدا تێکەڵی هەردوو لقی ئەدەبی (ژیاننامە و ڕۆمان)ە. بەناوبانگترین ڕۆمانی ژیاننامەیی جیهانیی بریتییە لە ڕۆمانی (بەرزاییەکانی وێزەرینگ)ی نووسەر (جینێیر). (پرۆفیسۆر دکتۆر کەمال سەعدی مستەفا، ، ٢٠٢٣، ٦-٧).

(فیلیپ لۆجان) دەڵێت "ژیاننامە کارێکی ئەدەبییە، جا ڕۆمان بێت، یان شیعر، یان وتارێکی فەلسەفی، دانەر بەشێوەیەکی ناڕاشکاو، یان بە ڕاشکاویی بەمەبەستی گێڕانەوەی سەربردەکانی ژیانی خۆی، ژیاننامەی خۆی دەگێڕێتەوە و بیرۆکەکانی و هەستەکانی خۆی دەخاتە ڕوو". (پرۆفیسۆر د. کەمال سەعدی مستەفا، ٢٠٢٣، ١١) و بۆ زانیاری پتر بڕوانە (فیلیب لوجون١٩٩٤، ١٠).

بەپێی بۆچوونەکانی (جیرار جنیت) گێڕانەوە (چیرۆکی خودی و کەسی)یە ئەو کاتەی لەڕێگەی دەنگی قسەکەرە حیکایەتخوانەکەوە دیاریی دەکرێت، ئەمەش لەڕێگەی بەکارهێنانی ڕاناوی لکاوی کەسی یەکەمی تاکی قسەکەرەوە دەبێت. بەڵام هەندێک جار قسەکەری ڕاناوی لکاوی کەسی یەکەم مەرج نییە خودی نووسەرەکە بێت. (فیلیب لوجان، ١٩٩٤، ٢٤ ).

ژیاننامەی مرۆڤ لە پێناسە گشتییەکەیدا جۆرێکە لە ئەدەب، کە پێناسەی ژیانی مرۆڤی تێدا بەکاردێت، پێناسەکە کورت بێت، یان درێژ، بەشێکی گەورەی ئەم ژیانە لەنێو ژیاننامەکەدا لەلایەک کردەی بیرکردنەوە و ڕامان ڕەنگ دەداتەوە و لەلایەکی دیکەشدا

خووڕەوشـــت و کـــار و کردەوەکـــانە. هـــونەرێکی ئەدەبیـــیە و نێوەڕۆکەکەی زمانی پەیوەندیکردنە. (د. عبدالعزیز شرف، ١٩٩٨، ١٢ ).

ڕۆمـــانی ژیاننـــامەیی دەربـــڕی خـــاوەنەکەیەتی بەشـــێوەیەکی ناڕاسـەوخۆ، لەڕێگەی پشـت بەسـتن بەخەیاڵ، پشـت بە ڕووداو و واقیعێـک دەبەسـتێت کە بەکـردەوە هی خـاوەنەکەیەتی. ئەم جـۆرە ڕۆمـانە لەم سـاڵانەی دوایـدا نێوبـانگی زۆری پەیـداکردووە لەوانە (جـێمس جـۆیس و برۆسـت و فرجینیـا و وۆلـف مارگریـت دۆرا). (شهرزاد قصاری، جوهر حنان منصوری، ٢٠٢٠، ٢١). بۆ زانیاری پـتر بـڕوانە (احمـد منـور، مجلـة فصـلیة، یصـدرها اتحـاد الکتـاب الجزائریین، عدد ١، ١٩٩١، ١٨٥).

لە ڕۆمـانی (شـەوانی ئێریڤانـدا) قسـەکەر و کارەکتەری سـەرەکی (مـن)ی خـودی نووسـەرە و دەڵێـت: (ئێـوارە بـوو، لەگەڵ ئەمـجەد مەندیل لەناو باخچەکە دانیشتبووم، فەرهاد کە منی بینی، شـوێنی خـۆی گواسـتەوە و هـاتە لامـان دانیشـت: ئەو هەرچەنـدە تەمەنی لەسـەرووی حەفتـا سـاڵیدا بـوو، بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا کەسـێکی بەزەوق و ڕۆمانسیـ بـووە. (قسـەکەر) کە لەگەڵ چەنـد بـرادەرێکی دەچێتە (ئێریڤـان) و لەنێـو دەقەکەدا دەڵێـت: "پێم وت: تـۆ بەهەڵە لەمـن تێگەیشـتی، نـامەوێ سێکسـت لەگەڵ بـکەم، تەنهـا دەمەوێ دوو بتــڵ بــیرە بەیەکەوە بخــۆینەوە و کەشــێکی خــۆش بەیەکەوە وەربگـرین و باسی ژیانی خـۆتم بـۆ بکەیت. ئەویش وتی: منت بەدڵ نییە، بۆیە وا دەڵێی.

وتم: تـۆ کچێکی جـوان و ناسکیت، ئەوانەی ئەو کارە دەکەن، لە تۆ جوانتر نین، بەڵام من لەو کەسانە نیم بەدوای ئەم کارەدا بگەڕێم، تەنها حەزم لەهاوڕێیەتی ڕەگەزی مێینەیە و حەز دەکەم گـوێم لێت

بێت و باسی ژیانی خۆتم بۆ بکەیت. بزانم لەکەیەوە دەستت بەم کارە کردووە و بۆچی دەیکەیت؟

ئەویش وتی: تۆ چ سوودێک لە چیرۆکی ژیانی من دەکەیت؟

وتم: هەموو کەسێک بۆ من زۆر گرنگە، من ڕۆماننوسم، چیرۆکی ژیانی ئێوە کەرەستەی ڕۆمانەکەی منن. کە ئەوەم وت: سەری خۆی لەقاند و وتی: ئەها، کەواتە تۆ توێژەری کۆمەڵایەتی؟ منیش وتم : جیاوزی نییە، منیش وەک توێژەرە کۆمەڵایەتییەکان بەدوای ژیانی خەڵکیدا دەگەڕێم و دەیانکەمە ڕۆمان". (شەوانی ئێریڤان، ٩٨). لەڕاستیدا ڕۆماننووسە هەقیقییەکان فەیلەسوفێکی کۆمەڵایەتین بێ ئەوەی بانگەشەی هیچ فەلسەفەیەکی تایبەت بکەن، ئەوان هەموو ژیان و کۆمەڵگە و بزاڤ و کەسەکان لەنێو دەقەکانی خۆیان بەپێی دۆخی چینایەتی و دەروونی و ڕۆشنبیریی و نەخۆشی و ساخی و تەمەن و وزە و نیتە و گوتارە جیاوازەکانیانەوە دەئاخننە نێو دەقەکانیان. بۆیە گوتاری سێکسیش هەروا دیاردەیەکی بێ پەیوەندیی بە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی نییە.

لەدەق ڕۆمانێکی دیکەدا کاتێک (سەمیرە، هاوڕێیەکەی لەیلا) لەگەڵ خۆی دەهێنێتە نێو شوقەکە، ئەوان سێ کەسن (ڕۆماننووس) و (ئازا و کاروان). ڕۆماننووس (لەیلا) بۆ خۆی گرِ دەدات و (سەمیرە)ش بۆ (ئازا و کاروان) دەبێت و شەو سێکسیان لەگەڵ دەکەن. بەشێک لە ئێمە نەک هەر دەزانێت ڕۆماننووس خودی (کەمال سەعدی)ە، بەڵکو دەزانین (ئازا و کاروان)یش کێن و لە چ شوێنێک کار دەکەن و پیشە و کەسایەتییان چییە. واتە ئەوانیش دوو کەسایەتی هەقیقین.

قسەکەری نێو ڕۆمانەکە گفتوگۆ و زانیارییەکانی لەبارەی لەیلا بەم جۆرە دەگێڕێتەوە: لەیلا وتی: بەیانیان تا نیوەڕۆ لەسالۆنێکی

جوانکاری ژن کار دەکەم، ئەو بڕە پارەیەی لەوێ وەریدەگرم بەشی بژێوی ژیانم ناکات، بۆیە ئەم کارەش دەکەم. مانگی پێنج سەد مەنات وەردەگرم. لەبارەی داهاتیشی- لەسیکس وتی: دیار نییە، لەسەر گەشتیاران وەستاوە، لەوەرزی هاوین، بەهۆی هاتنی گەشتیارێکی زۆر بۆ ئێرە، پارەیەکی زۆرمان دەست دەکەوێت، بەڵام لەوەرزەکانی تر کەمتر دەبێت.. .. بەر لەوەی هەستین، بێینە دەرەوە، وتی ئەگەر سێکسم لەگەڵ دەکەیت، من ئامادەم، تۆ پارەی خۆت داوە.. منیش وتم: نامەوێ سێکس بکەم، چێژ لەم دانیشتنانە وەردەگرم.". (شەوانی باکۆ، ١٤٢). بەشێوەیەک ڕۆماننووس هەموو هەڵسوکەتەکان و ڕەفتار و چێژ و پەیوەندییەکانی خۆی سنووردار دەکات و هی ئەوانی دیکەش بازنەکانی دەوروپشتیان تێک دەشکێنێت.

لەڕۆمانی (شەوانی باکۆ)شدا نووسەر بەم شێوەیە دەستی پێکردووە: " هەرچەند جارێ زۆرم ماوە خانەنشین بم، بەڵام دەمێکە ناوی خۆم لەسەنتەری باخی شار تۆمار کردووە، ئێواران لەجیاتی سوڕانەوە بە دەوری قەڵات، دەچمە ئەوێ و لەژێر سێبەری دارێک دادەنیشم... هەندێکیان لە وەختی بەسەرچوودا دەژین و بە گۆپاڵ یان داری حەیزەران خۆیان ڕاگرتووە.. زۆریش هەن خانەنشین بوونە، بەڵام نایەن بۆ باخی شار، لەتوانجی هاوڕێکانیان دەترسن نەک پێیان بڵێن گون شۆڕ، یان کێر مردووا!.. (شەوانی باکۆ، ٥). بە واتایەکی دیکە پێمان دەڵێت (منی نووسەری ڕۆمانەکە هێشتا (گون شۆڕ و کێر مردوو نیم). ئەمە گوتارێکی دیکەی زمانی کۆمەڵایەتی و ئاخاوتنی باوی نێو دەستە و گروپی نێرەکانە. بەشێوەیەکی ئاسایی ئەم دەستەواژانە لەنێو خۆیاندا وەکو گوتاری (گاڵتە و گەپ، توانج، وەسفکردنی تەمەن و تەندروستی و توانای سێکسی و دۆخی کۆمەڵایەتی کەسە ) بەکاردەهێنن.

ڕۆمـاننووس، لە گێڕانەوەیەکی دیکەی کورتـدا لەبـارەی سێکسی- ڕاسـتەخۆ و چـێژ و شـێوازی لەزەت وەرگـرتن لە جەسـتەی ئافرەتـدا، کە خـۆی وەکـو قسـەکەر و کارەکتەری نێـو بیرەوەرییەکانی ئەنجامی داوە، دەڵێت: "دەستم خستە سەر شانیان و وێنەیەکم لەگەڵ گرتن و دوایـیش یەکە و مـاچێکم لە ڕوومەتە تەنـک و ناسـکەکانیان کـرد. ئینجا بە ئاکۆم وت: من بە حۆریەکانی خۆم گەیشتم و تۆش تا ڕۆژی قیامەت چاوەڕێ بە، تـا حۆریت دەدرێـتێ یان نـا!". (شـەوانی بـاکۆ، ٦٣). تاکو لە بەشێکی دیکەدا دەڵێت: "منیش کچەکەی ترم لە ئامێز گرتبـوو، مەمکە بچکۆڵەکانیم خسـتبووە نـاو دەمـم و وەکـو منـداڵی سـاوا دەممـژی، نـاوە نـاوەش گەزەیەکی نەرمـم لە گۆیەکـانی دەدا، لەگەڵ ئازاری گەستنی گۆی مەمکەکانی، هەڵدەبەزیەوە و بەدەنگی بەرز دەیـوت: وەی نـانە". (شــەوانی بـاکۆ، ٨٦). لەبـارەی هـاوڕێ هاوگەشــتەکەی دەبێژێــت: "ئەویــش بە ڕقەوە ســەد مانــاتەکەی خستە ناو دەستی کچە ئەسمەرەکە و لە ئامێزی گرت و بردیە سەر تەخـتی نووسـتنەکە. جلەکـانی خـۆی داکەنـد و تەنهـا بە فـانیلە و شــۆرتێک مــایەوە و دەمی خســتە نــاو دەمی و لێوەکـانی دەمــژی، بەدەستێکی مەمکەکانی دەگوشی و دەستەکەی تریشی. خستبووە ناو قـوزی و میـتکەی دەگـوشی، دەتـوت شـتێکی بەنـرخی لێ کەوتـۆتە چاڵەوە و بە دوایدا دەگەڕێت. ناوە ناوەش بە ئینگلیزی پێی دەوت ( It's good)، کچەکەش وەڵامی دایەوە و دەیـوت ( It's very good). (شەوانی باکۆ، ٨٥-٨٦).

لــێرەدا هەســت بەوە دەکرێــت (کــوردێکی کەم ئەزمــوون لە سـێکس) بەربـۆتە گیـانی کچـێکی جـوانی ناسـک نەک (ئـافرەت) بەو وەسـفە بێـت ئەم کەسـە (کـچە و لە تەمەنی گەنجێتیـیە و ناسـکە و نازداریشــە)، بـۆیە ئەم کـارەکتەرە برسـیانە پـڕی دەداتێ و زمـانی ئەو ئافرەتەش نازانێت، پارەی خۆی داوە بۆیە، بەڕقەوە بەربۆتە گیانی و نەدەتوانێـت کەشی گفتوگـۆ لەپێنـاو سێکسـێکی سروشـتی و ئـارام

دروست بکات، نە دەشیەوێت پارەکەی بە فیڕۆ بڕوات و بەقەد پارەکەی دەیەوێت کاتی خۆی بە ڕابواردن و سێکس تەواو بکات، بۆیە بە توندی بەردەبێتە گیانی ئافرەتەکە و گۆی مەمکەکانی دەگەزێت و هاواری لێ هەڵ دەستێنێت. بەدەستیش بەربۆتە ئەندامی مێینەی کچەکە.

بەپێی بۆچوونەکانی بڕیار و ڕاسپاردەکانی (یونسێف) لەبارەی توندوتیژی کە چەندین بوار دەگرێتەوە، لە پێناسەیەکدا لەبارەی ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی گشتی دەڵێت: "توندوتیژی سێکسیـ بـریتییە لە هەر کردەوەیەک، هەوڵێک یان هەڕەشەیەک، کە سروشتی سێکسی ـ هەبێت و بەبێ ڕەزامەندی قوربانییەکە ئەنجام بدرێت. توندوتیژی سێکسیـ بریتییە لە دەستدرێژی سێکسیـ، دەستدرێژی سێکسیـ، هەراسانکردن، ئیستغلالکردن و لەشفرۆشی زۆرەملێ. دەگرێتەوە. ئەمەش دەتوانێت لە هاوسەرگیریشدا ڕوودات، بەتایبەتی کاتێک بۆ ئەنجامدانی سێکس یەکێک لە هاوسەرەکان ئامادە نین بۆ کاری سێکسیـ". (یونسف، https://help.unhcr.org/turkiye/ar/social-economic-and-civil-matters/sexual-and-gender-based-violence/). لەم وێناکردن و گێڕانەوەیەدا هەندێک (کردەی سێکسیـ) توندوتیژانە بەدی دەکرێت، بەڵام لەشفرۆشەکە بەئارەزووی خۆی لەپێناو بەدەستهێنانی شتێک (کە لێرەدا پارەیە) ئامادەیە ڕەوشت و ڕەفتار و هەڵسەکەوتی خراپ و توندی سێکسیانەی ئەو کەسە پێشوازی لێ بکات، کە بەتوندی جەستەی ئەو بۆ مژینی چێژ بەکاردەهێنن.


کردەی گەیاندنی پەیامی ئەم گێڕانەوەیە ئەوەیە: یەکەم: نووسەر خۆشی هەتا نزیک دۆخی جووتبوون چێژی لەجەستەیە لەیلا وەرگرتووە. دووەم: بە توندی سێکس دەکەن. سێیەم: ئافرەتەکان خودنای هیچ گوتارێکی هەستپێکراو نین و هیچ کاردانەوەیەکیان بەرانبەر هەڵسوکەوت و ڕەفتاری پیاوەکان نییە. بۆیە ڕێنماییەکانی

یونسێف تەنها دەقێکی ڕۆشنبرییە و لەئاست ئەم جۆرە پەیوەندیانەدا هیچ کاریگەرییەکی نابێت. لە دونیادا و بەتایبەتی لە گەشتیاری سێکسیدا کردەی توندوتیژی و ئیستغلال و کۆیلەکردن و بارزگانی ئافرەت ڕوودەدەن، بەڵام لەبەر ژمارەیەک هۆکار باسیان ناکرێت. باسەکەی ئێمە پەیوەندی بە دەقی ئەدەبیی و سێکس لەنێو ئەدەبە، بۆیە ناچینە نێو قوڕاوی باسەکە.

بەتوندی و ڕەچاونەکردنی هەست و نەستی بەرانبەر لەکاتی سێکسدا لەکردەوەدا توندوتیژی دەروونی و ڕەفتاری خراپ و توند دروست دەکات، کە دەبێتە مایەی نیگەرانی و ئازاری دەروونی و هەندێک جاریش کەسەکان پەنا وەبەر سزا و تۆڵە دەبەن.

## ٣-٢ وزەی سێکسی دەمرێت، لە بیرەوەریدا دەمێنێتەوە

سەرپۆشی و جەستە پۆشی یەکێکە لەو دیاردە باوانەی لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا باوە، یان لای کریستانییەکان ئەوانەی، لە کەنیسە پەیڕەوی نەریتە ئایینییەکانیان دەکەن، بەکار دەهێنرێت. بێگومان نامانەوێت ئەم دۆخە لەنێوان ئایینەکان بەراورد بکەین، بەڵام سەرپۆشی جلوبەرگی دامەزراوەیەکە و ئامانجەکانی ڕوونە، بریتییە لە جیاکردنەوەی ڕەگەزی نێر و مێ، ئینجا ئەمە لەڕووی بایۆلۆژی و کۆمەڵایەتییەوە بێت، یان هەر ئاراستە و ڕووێکی فکری و ئیمان بێت. ئەمە بوارێکی (دال) نمایش دەکات، کە بریتییە لە بواری "ناوەوە"، کە دواتر دەبێتە بوارێکی هاوبەش لە: شەقام و گەڕەک و شاردا. هەروەها ئافرەت لەتێڕوانینی پیاوان دوور دەخاتەوە بەشێوەیەک دوورخستنەوەیەتی لە تێڕوانینی ئارەزوومەندانەی چێژ بەخشین. تەنیا ئافرەتی خۆ داپۆشەر، ئەگەر لە "دەرەوە" بێت، هەر لە "ناوەوە" دەمێنێتەوە بۆیە ئەم هاودژییەی لە ئەنجامی بەکارهێنانی حیجاب هەیە، لە "ناوەوە/ دەرەوە" دا لەکۆتایدا دەتوانرێت تێ بپەڕێنرێت. (مالک شبل، ٢٠١٠، ١٢١).




لەنێـو ڕۆمانەکـانی (کەمـال سـەعدی)دا تەنیـا لە (حەج و عـومرە)دا بـاسی (حیجـاب) وەکـو ئەرکـێکی ئـایینی کـراوە، لەوانی دیـکەدا، بەڵای خۆپۆشـــیندا نەچـــووە، هەرچەنـــدە لەهەندێک شوێندا وەکو کۆمەڵگە و ئافرەت بە موســـلمان و ئیمانـــدار دەکـــات، ئەمەش لەکردەوەدا دەبێت کەسانێک بن، ڕووپۆش و لەش پۆشیان بەکار هێنابێت. بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو (ڕۆماننووس) خـۆی وەکـو کەسـێکی عەلمـانی و دوورە دیـن وەسـف دەکات و ئەو شـوێنانەی گەشـتیان بـۆ دەکات هەرچەنـدە وڵاتی ئیسـلامین، بەڵام ئافرەتەکان هەمیشە بە لاشەی ڕووت و نیمچە ڕوت نیشان دەدرێن و دەڵێـت: "هاوسـەرەکەم کەسێکی نـوێژکەر و لە خـوا تـرس بـوو، کە بیرۆکەی چـوونە عـومرەم لە لای بـاس کـرد، بـڕوای نەکـرد. وایـزانی گـاڵتەی لەگەڵ دەکەم، ئەو دەیـــزانی مـــن لەگەڵ حەج و عـــومرە دۆسـت نـیمە، تەنـانەت ڕقیشـم لەو کەسـانە دەبێتەوە کە لە جیـاتی دروسـتکردنی قوتابخـانە و هەتیوخـانە، بە دروسـتکردنی مـزگەوت و تەکییە و خانەقـا گرتوویـانە و لەجیـاتی ئەوەی ئەو پـارەی کە لە ڕێگەی حەج و عـومرە خەرجی دەکەن، پێم باشـترە بیدەنە هەژار و نەدار و لێقەوماوەکـــانی وڵاتی خۆمـــان". (حەج و عـــومرە، ٢٦). بەڵام لەپێنـــاو خۆشەویســـتی لەگەڵ کچێـــک دەیەوێـــت بچێـــتە سـعوودیە و عــومرە بکـات. لەکاتێکـدا خۆپۆشـین لای هەنـدیک پارێزگـاریی و شـاردنەوەی نهێـنی و کـاریگەریی جەسـتەیە. نمایشـێکی شـاراوەیە، لەپێنـاو پیشـاندانی چـێژێکی شـاراوە. لای هەنـدێکیش شـاردنەوەی کـردەیەکی نهێـنی سێکسـییە، بـۆ ئەوەی کەس گومـانی نەخـاتە سـەر. هەنـدێک ڕوونکـردنەوەی تـر بەپێویسـت دەزانـم و زانیارییەکی گرنگ لەبارەی پەیوەندی ئافرەت و پاکیزەیی لە دونیادا ئامـاژە پێ بـکەم. هەر تەنیـا ئەمەریکـای بـاکوور نیـیە، کە ئـافرەت

لەڕووی سێکسییەوە ئازادە، بەڵکو ئێستا لە چینیش کۆمەڵگە بەرەو ئـازادی پـتر دەچێـت. ئەگەر چـین بەراورد بکرێـت بە ڕۆشـنبیریی ڕۆژئـاوا ، دەبینرێـت هێشـتا چینییەکان پێـداگرن لەسـەر بایەخـدانی پیاوان بە پاکیزەیی، هەرچەنـدە بەپێی داتاکان گۆڕانکاری ڕوویـداوە. بەپێی لێکـۆڵینەوەیەکی سـاڵی ١٩٨٩، ئـافرەت و پیاو لە چـین پێیـان وایە پـاکیزەیی سـیفەتێکە ناتوانرێـت پشـتگوێ بخرێـت، کەچی لای سـویدییەکان وا نیشـان دەدەن، کە ئەمە شـتێکە هـیچ بـایەخی نیـیە. ( Buss, DM., 1989, 49). ڕەنگە ئەمەش پەیوەندیی بە جیاوازیی ڕۆشـنبرییەوە هەبێـت، سـەرباری ئەوەش جیـاوازیی سـەربەخۆیی ئـابووری لای ئافرەتەکـانی سـوید لە بەراورد بە ئافرەتـانی چیـنی کـاریگەریی زۆری هەیە لەسـەر ئەم جـۆرە بیرکـردنەوە و ئەنجـامەی دروسـتبووە، چـونکە لەپەیداکردنی سـەرچاوەی ژیـان پشـت بە پیـاو نابەسـتێت، ئەمەش وایکـردووە ئـازادییەکی زۆریـان لەبـارەی ڕەگەز و سێکسـەوە هەبێت، بۆیە لای ئافرەت ئازادی ئابووریی بەشێوەیەکی زۆر وەکـو ئـازادی سێکسی۔ بەکاردەهێنرێـت. (د. دیفیـد ام. بـاس، د. سیندی ام، میستون، ، ٢٠١٨، ٢٨٦). لەکاتێکدا ئافرەتی موسڵمان لە ڕۆژئاوا و لەو وڵاتانەی وەکو پەناهەندە ڕووی تێکردووە ئابووری بۆتە هاندەرێکی گەورە کە پتر ڕوو لەڕووپۆشی بکات، چونکە بەشێکی زۆریان لەسەر هاوکاری شارەوانییەکان دەژین و خاوەنی کاری خۆیان نین.

لە ڕۆمـانی (حەج عـومرە) لەسـەر زاری (سـەیفەدین) دا دەڵێـت "خـۆزگە منیش وەکـو ئەو خەڵکە ژنێکم بۆ خـۆم بێنابوایە، تاکو لەو کەش و هەوا خۆشـەی بەهەشـت بەیەکەوە لەسـەر ئەو ڕووبـاری شەرابە بەیەکەوە شەرابمان نۆشیبا". (حەج عومرە، ٣٣).

لەبارە جوانکاریش وەکـو بەشێک لە سێکس و نمایشی۔ جەسـتە (کەمـال سـەعدی) لە ڕۆمـانی (شـەوانی بـاکۆ) لەبـارەی وەسـفی ئافرەتێکی شوفێر دەڵێت "قەمیسەکەی هەڵدایەوە و دەستی خستە

سەر سکی و وتی: پێشتر کەرشم هەمووی چەوری بوو، چوومە لای پزیشـکی جوانکـاری، نەشـتەرگەری بـۆ کـردم. چەوریـیەکەی بـۆ دەرهێنام و بۆتێکس و فیلەریشی بۆ ڕوومەت و لێوەکانم کردووە، کە ڕوومەتت گـرتم، هێندەی نەمابوو بۆتێکسەکەم تێک بچێت. کە وای وت کـاروان ڕووی تێکـردم و بە پێکەنیـنەوە وتی: ئەم دامـاوە هـیچ شـوێنێکی وەکـو خـۆی نەمـاوە، جوانکاری بـۆ گشـت لەشی کردووە، تەنانەت برۆیەکانیشی. تاتۆن و برژانگەکانیشی. دەستکردن، تـۆ بە کێنـدەری ئەو سەرسـام بوویـت. وتـم: بە ڕواڵەت دەڵـێی شـاجوانە، کێ بزانێـت تـاتۆ و مـاتۆ و فـیلەر و مـیلەر و جوانکـاری کـردووە!". (شـەوانی بـاکۆ، ١٢٣). ئەم جـۆرە جوانکـارییە وەکـو (ڕووپۆشێکی ئارەزوومەندایە) کە ئافرەت لەم سەردەمەدا بۆ گۆڕێن و خۆجـوانکردن و بەگەنـج هێشـتنەوەی دەموچـاوی و شـاردنەوەی لـۆچ و چـرچی پێسـتی دەموچـاوی و سـینگ و شـان و باسـکەکانی بەکاری دەهێنن. ئەمە لەکردەوەدا لای من (ڕووپۆشێکی دیکەیە)، ئەوانەی دەیانەوێـت لەجیـاتی ماسـک، ماسکێکی دیـکە جوانکـاری بپۆشن.

مەبەسـتم بەکارهێنـانی جلـوبەرگ و چـۆنیەتی دەرخسـتن و داپۆشینی جەستەیە لای ئافرەت و کاریگەرییەکانیەتی لەسەر چێژ و ئـارەزووی سـێکس لای پیـاو. لەهەمـان کاتـدا جوانکـاریی لایەنـێکی دیکەی سەرنجڕاکێشان و بزواندنی هەست و نەستی بەرانبەرەکەیە.

لە ڕۆمـانی (خانمباز)دا ڕۆماننووس هەر خـۆی وەکـو گێڕانەوەی بـیرەوەری لە (ئەنتیکەخـانەکەی شـەوکەتە فەنـدی) دەسـت پێ دەکات، ئەویـش کەسـێکی هەقـیقی و شـوێنەکەشی واقیعیـیە و زۆر کەس لەنێـو هەولـێردا دەزانێـت ئەمە کێـیە و شـوێنەکەی لە کـوێیە. بەوە دەست پێ دەکات (ژنێکی عەرەب دێتە نێو ئەنتیکە خانەکەی شـەوکەت) و شـەوکەتیش دەڵێـت: ئەم ژنە عەرەبە خەمـێکی هەیە، ئەو منـداڵەشی بـۆ ئەوە لەگەڵ خـۆی هێنـاوە تـاکو کەس گومـانی لێ

نەکات.. لەدرێژەی ئەم گفتوگۆیە دەڵێت: من بەدەموچاو دەزانم ئافرەت چی دەوێت و چییە، پیاوم لا گرنگ نییە. واتە بایەخ بە ناسینی پیاو لە بواری ڕەگەزبازی نادات و لە ڕۆژێکی دیکەدا دەبێژێت: "چیم پێ وتی، نەموت ئەم ژنە خەفەتێکی گەورەی لە هەناودایە، بۆیە دێتە ئێرە. ئەو نە بۆ کڕینی ئەو شتانە هاتووە و نە بۆ تەماشاکردنیان، بەڵکو بە دوای هاوڕێیەک دەگەڕێت تاکو خەمی لەبیر بباتەوە. بەدەموچاوی و جووڵەیەوە دیارە. دەزانی هەندێک لەو ژنانەی دێنە بازاڕ، بۆ بازاڕکردن نایەن، بەڵکو بەدوای نێرێک دەگەڕێن، شتێکیان پێی دەستکەوێت. هەندێکی تریش، پارەش دەدەن، بۆ ئەوەی لەگەڵیان ڕابوێرن. "خانمباز، ١٤).

واتە ڕۆماننووس واقیعێکی تاڵی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی و کێشەی ئافرەت و تێڕوانین و لێکدانەوەی پیاومان لەبارەی ئافرەت لەڕووی (دەروونی و خوێندەوەی جەستە و کاریگەریی هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکان) مان بۆ دەگێڕێتەوە، کە لەڕاستیدا ڕووداوی هەقیقین. گوتاری ئەم دەقە و گێڕانەوەکان بریتین لە:

یەکەم: ئافرەتەکە، منداڵێکی لەگەڵ دایە، وەکو ڕووپۆش و بەلارێدا بردنی سەرنجی خەڵک بەکاری دەهێنێت، ئەمەش جۆرێکە لە ڕووپۆشییەکی مەجازیی و بەشێواز و کەرەستەیەکی جیاواز لە کەرەستە سروشتییە بەکار دەهێنرێت.

دووەم: کارەکتەرە کوردەکان دەیانەوێت بە (گەشت ڕووپۆشی خۆیان بکەن)، دەیانەوێت لەبەردەم خەڵک وا نیشان بدەن گەشت دەکەن، لەکاتێکدا ڕووی هەقیقی و گوتاری هەقیقی گەشتەکانیان بۆ (سێکس)ە نەک (پشوودان و بینینی وڵات و ناوچە و شارستانیەتی جیاواز).

سـێیەم: ڕۆمـانووس خـۆشی پەردەیەکی ڕوون و ئاشـکرای شـاردنەوەی گوتـاری خـۆی بەکاردەهێنێـت، کاتێـک بە ئافرەتەکان دەڵێـت مـن سـێکس نـاکەم، تەنیا دەسـتبازیی دەکەم. دەیەوێـت بە خوێنەر بڵێت من بازنە و سنوورەکانم نەبەزاندووە.

ئەمـانە لەکـردەوەدا جـۆرێکە لەشـاردنەوەی ڕاسـتی و ڕووی هەقیقی هەنـدێک بابەت، وەکـو چۆن ئافرەت بە پارچە پەڕۆیەک جەسـتەی خـۆی دەشـارێتەوە. هەردوو دۆخ ئامـانجی (لێکـردنەوەی دوو شـتە). یەکێکیـان لێکـردنەوەی (نـێر و مێـیە)، ئەوی دیـکەش لێکردنەوەی (ڕاستی و درۆ، هەقیقی و دروستکراو)ەکانە.

ئەو شـتە زینـدووەکان لەنێـو بیرەوەرییەکانیـدا بەزینـدووی تۆمـار دەکـات. (شـەوکەت) پیـاوێکی هەقیـیقە. (ئـاکۆ و ئەمـجەد) هەردووکیـان یەک کەسـن و لەدوو ڕۆمـانی جـوودا وەکـو هاوگەشـتی ڕۆمـانووس، بەسـەرهات و کـاردانەوە و کەسـایەتی ئەو و چـۆنیەتی مـامەڵەکردنی ئەومـان لەبـارەی نـوێژ و ئیمـان و ژن و سـێکس بـۆ دەگێڕێتەوە.

گەڕەکەکانی شـاری هەولێر، ئەو شـوێنانەی گەشتیان بۆ دەکەن لە (سـعودیە/ مەکە و مەدیـنە) (تورکیـا) و (بـاکۆ) و (ئێریڤـان) و (ئێران) و (تورکیا) و (میسر) و تەنیا (کارەکتەر و کەسـەکانیش) یان بەناوی خۆیان ناویان هێنراوە، یان هەندێکیان نیمچە دەستکارییەکی ناوەکانیـان کـراوە. لەتەک ئەوانەشـدا بەسـەرهاتە مێژووییەکـان و کەسـایەتییە ئـایینیە دیارەکـانی ئیسـلام بە ژن و پیاویـانە شـتی هەقیقین، ڕاستە ئێستا لەنێو بیرەوەریدا دەژین، بەڵام لەنێو بیرەوەری ڕۆماننووسـدا زینـدوون، بەسـەرهاتەکانیان وەکـو دیـاردە و بـیرۆکە و بیرهـاتنەوە و گفتوگـۆ و وەسـفکردنێکی هەقـیقی و زینـدوو بەکارهێنراون. کەسایەتی (کاروان و ئەوانی دیکەش) هەقیقین.

رۆماننووس کچێکی له فه‌رمانگه‌که‌ی خۆیان خۆش ده‌وێت و ئاشقی ده‌بێت، کچه‌که‌ش ئه‌وی خۆش ده‌وێت، ده‌یه‌وێت له‌پێناو ئه‌و خۆشه‌ویستییه (سێکس و جوانی و بچێته عومره). له گفتوگۆ و گێڕانه‌وه‌یه‌کدا ده‌یه‌وێت (خه‌ونه خه‌یاڵییه‌کان) بکاته هه‌قیقی و ده‌ڵێت: "منیش وتم: بۆ دو عاشق که‌ی ته‌مه‌ن کێشه‌یه. ئه‌وه نییه پێغه‌مبه‌ری خوا له ته‌مه‌نی په‌نجا و چوار ساڵی عائیشه‌ی کچی ئه‌بوبه‌کری هێنا، که ته‌مه‌نی هه‌شت ساڵان بوو. وتی: ئاخر پێغه‌مبه‌ری خوا بوو، خوا ویستی له‌سه‌ر بوو ، که عائیشه بهێنێ، بۆیه هاوسه‌رگیری له‌گه‌ڵ کرد. هه‌رچه‌نده ئه‌و کاته عائیشه کجێکی زۆر منداڵ بوو، له‌گه‌ڵ هاو ته‌مه‌نی خۆی له‌به‌ر ده‌رگه یاری ده‌کرد". (حه‌ج و عومره، ١٩). مه‌به‌ستمان ئه‌وه‌یه، که نووسه‌ر له‌پێناو دروستکردنی وێنه‌یه‌کی جیاواز، په‌نای وه‌به‌ر وێنه‌یه‌کی دیکه‌ی هه‌قیقی له‌نێو بیره‌وه‌ریدا بردووه.

بیره‌وه‌ریی خۆی له‌خۆیدا بریتییه له گێڕانه‌وه‌ی خه‌ونێکی به‌سه‌ر چوو، په‌یوه‌ندی به‌ڕووداوه‌کانی پێش ئه‌م چرکه‌یه هه‌یه، که قسه‌ی تێدا ده‌که‌ین. بیرهاتنه‌وه، واته ئه‌و شتانه‌ی که ڕوویانداوه و بوونه‌ته ڕابردوو. ئه‌و ڕابردوو له‌پێناو دروستکردنی ئاینده به‌کار ده‌هێنێت.

## ٢-٤ خه‌ون ژیان به‌شته‌کان ده‌به‌خشێته‌وه:

نووسینی ڕۆمانی بیره‌وه‌ریی جۆرێک له‌په‌یوه‌ندیی له‌گه‌ڵ ئه‌م لێکدانه‌وه ده‌روونی و فکرییه هه‌یه که پێی وایه "مردووه‌کان زیندوو و به‌رده‌وامن له‌نێو بیروه‌ریی که‌سه زیندووه‌کاندا، چونکه هه‌ر شتێک مرۆڤ له‌ڕێگه‌ی هه‌سته‌کانییه‌وه ده‌رکی پێ ده‌کات له‌نێو مێشکیدا هه‌ڵی ده‌گرێت، ئه‌گه‌ر بیره‌وه‌ریش پیر بێت، ئه‌وه خه‌ون ژیانی پێ ده‌به‌خشێته‌وه". (بول فریشاور،، ١٩٩٩، ٥١). (ڕۆماننووس) له‌ڕۆمانی (حه‌ج و عومره)دا که خۆی قسه‌که‌ری سه‌ره‌کیی و پاڵه‌وانی یه‌که‌می ئاخێوه‌ر و بڕیار به‌ده‌ستی نێو

ڕۆمـانەکەیە، دەڵێـت: "کەسـێک بیەوێـت بە ئامانجێـک بگـات، هەمـوو هەوڵ و تەقەلایەکی بـۆ هێنـانەدی بە گەڕ دەخـات. بـۆیە منـیش لەبنەڕەتـدا هـاتنم بـۆ مـاڵی خـودا، بـۆ دوو مەبەسـت بـوو، یەکەمیـان ڕاکێشـانی سـەرنجی ئەو کـچەی کە خۆشـم دەویسـت و دەمویسـت هاوسەرگیری لەگەڵ بکەم، دووەمیشیان بۆ پیرۆزکردنی بەردە ڕەشــەکە و نزاکــردن بــۆ هێنــانەدی خەونەکەم". (حەج و عـومرە، ٦٦). یان دوای گەڕانەوە لەحەج بۆ دەرکردنی ماندووبوونی ســەفەری حەج، بڕیــار دەدات بچێـتە تورکیــا، لەوێ دوو حــاجی دیـکەش لەنێـو هاوسـەفەرەکانیدا دەبـن و دەڵێـت "حـاجی فـازل و حاجی ئەنوەریش بەرامبەر ژنە سەماکەرە ڕووتەکان دانیشتبوون، لە خۆشیان ئاو لە دەمیان ڕانەدەوەستا". (حەج و عومرە، ١٢٨).

لەبــارەی حیجــابیش هەر لە ڕۆمــانی (حەج و عــومرە)دا، ڕۆمـانووس کە خـۆی بەسـەرهاتەکان دەگێڕێـتەوە دەڵێـت "حـاجی فـازلیش وتی: یەکەم جـارە بێیـنە تورکیـا، ئـێمە وامـانزانی وڵاتـێکی ئیسـلامییە و وەکـو سـعودیە خەڵـکەکەی خۆیـان داپۆشـیوە. بەوە هەڵخەڵەتـاین، کە حـزبی (عەداله و تەنمیە)ی ئیسـلامی حـوکمڕانن، نەمانزانی ئەوان هەر بە ناو دروشمی ئیسلامییان بەرز کردووەتەوە، دەنـا چـۆن دەهـاتینە ئـێرە و خۆمـان گوناهـدار دەکـرد". (حەج و عومرە، ١٢٩).

ڕۆمــانووس لەڕێــگەی دوو خەونەوە دوو بــابەت و پــتر لە دوو بابەتمان بیر دەهێنێتەوە:

**یەکەم**: چـۆن مـرۆڤ لەڕێـگەی نمایشی۔ خۆشەویسـتی کە مـنی خـوێنەر بـڕوام وایە پەیوەندییەکی بنەڕەتی بە (چێژی سێکسی۔)ییەوە هەیە، پشـت دەکاتە ئیمان و بیروباوەڕەکانی خـۆی. ڕۆمانووس بۆ نیشــاندانی خۆشەویســتی بەرانــبەر (کــچە فەرمــانبەرەکە) واز لە هەموو خەونێکی خـۆی لە بیرکردنەوە دەهێنێت و دەیەوێت بچێتە حەج و بەدوای (خەونێکی) دیکەدا دەگەڕێت و هەر واش دەکات و

لەویێ لە نزاکانیدا لە خوا دەپاڕێتەوە و نوێژ دەکات و دەڵێت لەپێناو گەیشتنم بە خۆشەویستەکەم هاتوومەتە ئێرە.

**دووەم**: دوو حـــاجی دیـــکە، کە تۆبەیـــان کـــردوو، بە خەونی (ئیخوانبوونی حزبەکەی ئەردۆغان) گەشتی تورکیا دەکەن، لەویێ لە جیاتی (حیجاب) و سەرپۆشی، ئەو هەموو پەرییە ڕووتە دەبینین و خۆیان بە گوناهبار دەزانن.

**ســـــێیەم**: هەم ڕۆمـــاننووس لەگـــێڕانەوەی خەونەکـــانی لەنمایشـکارێکی دوو بـیروڕای جیـاواز و هەڵپەرسـت دەچێـت. مـن دەزانم مرۆڤ لەڕووی دەروونییە هێزی لە مووێک باریکترە بەرانبەر (سۆز و کاردانەوەی عاتفی). لەژێر کاریگەریی چێژی خۆشەویستییە واز لە فکرەکانی دەهێنێـت، کەپـێی وایە خێرتـر ئەوەیە پـارە بـدرێتە نەدارانی نێـو وڵات، نەک لە حەجکـرن سـەرف بکرێـت. لە ڕاسـتیدا ئەمە لەڕووی فکـــرییەوە نـــزیکە لە بیروبـــاوەڕی چەپـــڕەوانەی کـۆمەڵایەتی. ئەوی دیـکەش دووڕوویی لە ئیمـانە واتە ئەو ئیمانـدارە موسـڵمانانەی بە گومـانەوە هەڵسـوکەوت لەگەڵ ئیمـانی خۆیـان دەکەن، کە حاجییەکان لەڕاستیدا ئازدانە و بەشێوەیەک کە خۆیان لە نەریت و دەوروبەر ڕزگار نەکـردووە هـاتوونەتە تورکیـای ڕووت و پـڕ لە چـێژ و ژن و ڕابـواردن و هەر لەوێـش بـیرە دەخـۆنەوە، بەڵام لەبەر کـــورێکی گەنـــجی دراوســـێیان کە بەڕێکـــکەوت لە تورکیـــا ڕووبەڕوویـــان دێـــت، خۆیـــان وا نمـــایش دەکەن کە ئیمانـــدارن و شـەرمەزار دەبـن. لەکاتێکـدا ڕۆمـاننووس لە چـوونە حەج کـردەیەکی هەڵپەرسـتانەی کـردووە و خەونـێکی دیکەی جیا لە خەونی (ئیمـان) هەیە، ئەویـــش خەونی (ســـێکس و خۆشەویســـتی و ڕابـــورادن و بیرکـردنەوەیە لە گەیشـتنە ئەو کـچە فەرمـانبەرەی خـۆشی دەوێـت). کە لە عـومرەدا دێتەوە، یەکسـەر دەڵێت با "بـۆ پشـوویەک گەشـتی تورکیا بکەم".

لە ڕۆمانی خانمبازدا لە گەشتەکەیدا کچێکی باڵاپۆش و خۆپارێز هەیە، کەچی کە دەگەنە میسر و لە چێشتخانەیەکدا دەیبنێت و بڕوا ناکات ئەوە هەمان کچ بێت و دەڵێت ؛ "ئەگەر بە چاوی خۆم بەو شێوەیە ئەوانم بەیەکەوە نەبینیبا، قەت بڕوام نەدەکرد. ئەویش وتی: بۆچی تۆ ئەو ژنانە بەچی تێ دەگەیت، لەوڵاتی خۆیان بە تەنیا دێنە ئێرە، خۆ بۆ تەکیە و خانەقا نەهاتوون، ئەوانیش وەکو ئێمە هاتوون هاوڕێیەکی پیاو بۆ خۆیان بدۆزنەوە و جەوێک بگۆڕن. منیش وتم: بەڵام لەوە تێناگەم بۆچی کە هات باڵاپۆش بوو، کەچێ لێرە خۆی ڕووت کردۆتەوە". (خانمباز، ١٥٨).

لەدرێژەی ئەم باسەدا ئەوەمان نیشان دەدات، ئەم کچە لەگەڵ بەرپرسی ڕۆژنامەیەک هاتووە، کە وەکو سکرتێری بەرپرسی ڕۆژنامەکە کار دەکات و ئازاد دەڵێت: دەبوو ئەوکات تۆ لێی بتزانیبایە بەڕێوەبەرەکەی بۆ گەرمکردنەوەی دەستی خۆی و شەوی سوور ئەوی لەگەڵ خۆی بۆ ئێرە هێناوە. منیش وتم: بەڵام من لەوە تێناگەم بۆچی کە لەگەڵمان هات، وەکو دۆڵمە خۆی پێچابۆوە، لەدەموچاوی بەولاوە هیچ شوێنێکی دیار نەبوو، کەچی ئێستا ئەم جلە ڕووتانەی پۆشیوە و ئەم هەڵسوکەتە ناشیاوانەش دەکات؟. وتی: ئەوان وان، لەترسی خانەوادەکەنیان لەماڵەوە خۆیان باڵاپۆش دەکەن، کە دەرفەتیشیان بۆ دەڕەخسێت، خۆیان ڕووت دەکەنەوە و لەسنووریش دەچنە دەرەوە". (خانمباز، ١٥٩).

لەم گێڕانەوەیەدا کە بابەتێک و کەسێک و دۆخێکی هەقیقی تێدایە، ئەوەمان بۆ ساخ دەبێتەوە (باڵاپۆشی/ حیجاب) یەکێکە لەو کەرەستە باوانەی نێو کۆمەڵگەی ئیسلامی و عەرەبی بەتایبەتی کە ئافرەت لە ڕووی جەستەوە لە پیاو جیا دەکاتەوە، ئامرازێکە بۆ شاردنەوەی جەستە و بەهێزبوونی نهێنی چێژی سێکسی- و ئینجا کاردانەوە و سەرکوتی ئارەزووی ئافرەت لە نمایشکردنی جەستەی لە خۆی دەیەوێت.

لە نێو ڕۆمانی (خانمباز)دا (باڵاپۆشی) وەکو ئەو کەرەستەیە نییە کە لە (حەج و عـومرەدا) لە مەکە و مەدیـنە لەپێنـاو خواپەرسـتی و شـاردنەوەی جەسـتە، بـۆ ئەوەی ئـافرەتەکە گونـاهی نەگـاتێ و لەهەمـان کاتیشـدا نەبێـت هـۆی سەرنجڕاکێشـانی پیـاو بەلای جەسـتەیەکی سێکسی ـ و دوورکەوتـنەوە لە ئیمـان و جێبەجێکـردنی ئەرکە ئایینەییەکـان. کەچی لە (خانمبـاز)دا لەڕێـگەی کەسـایەتی (شروق)دا بـاڵاپۆشی وەکـو زینـدان و کـۆیلەکردنی خـودی ئـافرەت وایە، کە دەگـاتە میسر ـ بەشـێوەیەکی سـەرنجڕاکێش خـۆی ڕزگـار دەکات و نیوە ڕووت و بە جلکێکی ڕازاوەی کورت دەردەکەوێت.

## ئەرکی باڵاپۆش وەکو جلک ئەرکێکی دوو لایەنەیە:

**یەکەم**: کەرەستەیەکە بۆ داپۆشینی نهێنییە سێکسییە نادیارەکانی ئـافرەت و پـتر ڕاکێشـانی سـەرنجی پیـاو، هەروەهـا شـاردنەوەی هەنـدێک کـردەی نەشـیاوی ئـافرەت، بـۆ نمـوونە هەنـدێک (لەشفرۆش) بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبن، خۆیان لە چاودێر و سانسۆر بشـارنەوە خۆیـان بـاڵا پـۆش دەکەن، واتە بەکارهێنـانی (حیجـاب/ باڵاپۆش) لەڕاستیدا مەبەستدارە و پەیوەندیی بە بڕیار و خواست و ئارەزوو و پێویستییەکانی ئافرەتەکەوە هەیە.

**دووەم**: جـۆرێکە لە سـەپاندن و بە کـۆیلەکردنی جەسـتەی ئـافرەت، ئـافرەتەکە ئـارەزووی بـاڵاپۆشی نیـیە، بەڵام (خـێزان و کۆمەڵگە و سیستەمی ئایینی و هەندێکجاریش دەوڵەت) ئەمە وەکو کـۆیلە بەسـەر ئافرەتـدا دەسـەپێنێت، لەهەر دەرفەتێکـدا ئـافرەتەکە ئەم باڵاپۆشـییە ڕەت دەکـاتەوە و کـاردانەوەیەکی توندیشی ـ بەرانـبەر دەنوێنێت.

**سێیەم**: باڵاپۆشی جۆرێکە لە سێکس، یان چێژدان بەو شتانەی لەژێـر (باڵاپۆشـەکەدا) دەشـاردرێتەوە. چـێژێکی بقەکـراو، ئەم جـۆرە ئافرەتە شتەکانی نێو جەستە دەشارێتەوە، بۆ ئەوەی پتر مەراق لای

نێرینە دروست بکات، کە دەبێت سێکس و ئەندامە مێینییەکانی مێینە چ بن و چ لەزەت و کاریگەرییەکیان هەبێت.

حاجییەکانیش نمایشێکی پێچەوانەی خەونی (چوونە بەهەشت و ئیمان) دەبینین، بەپێچەوانەوە وا نمایش دەکەن (وایان زانیوە تورکیا لەسایەی حزبی عەدالەت و تەنمیە) بۆتە وڵاتێکی ئیسلامی و ئافرەتەکان هەموویان پەچە و سەرپۆش و حیجابیان پۆشیوە، وەکو ئەوەی لەسعودییەدا هەیە. لەڕاستیدا نمایشەکەی (ڕۆماننووس ڕاستگۆیانە) و (نمایشی- حاجییەکان درۆزنانەیە)، لەکاتێکدا خاڵی هاوبەش لەنێوان هەردوو دۆخدا (سێکس و خەون و ئیمانە).

(فیلیپ لۆجۆن) لە بارەی ژیاننامە و نووسینەوەی ئەم بابەتانەی پەیوەندی بە مرۆڤەوە هەیە پێی وایە ڕووبەڕووی سێ ئاراستە و کێشە لەدیاریکردنی چۆنیەتی لێکۆڵینەوە لەم بوارە دێین:

**یەکەم**: مێژووی مرۆڤ ئاشکرایە و بەگشتی دیارە، لەلایەن کەسێکی دیکەوە دەگێڕدرێتەوە (ئەمەش مانایەکی کۆن و زۆر باوە).

**دووەم**: مێژووی مرۆڤ کە زۆر ئاڵۆز و نادیارە، بەشێوەیەکی زارەکی لەلایەن کەسێکی دیکەوە دەگێڕدرێتەوە، لەپێناو لێکۆڵینەوە لە (ڕێبازی ژیاننامەکە لە زانستی کۆمەڵایەتیدا).

**سێیەم**: مێژووی مرۆڤ گێڕدراوەتەوە لەلایەن ئەوەوە بۆ کەسێک، یان کەسانی دیکە کە یارمەتیان داوە، لەڕێگەی گوێگرتن، بۆ ئاراستەکردنی ژیانی (ژیاننامە لە پێکهاتەکانی دەگرێتەوە). (فیلیب لوجون، ١٩٩٤، ١٠ ).

واتە شێواز و تەکنیک و بەشداربووەکانی گێڕانەوەکە چۆنە و کێن؟. ئەمە یەکێکە لە کێشەکانی بەردەم گێڕانەوەی ڕووداوەکان لەنێو ڕۆمانی ژیاننامەدا. چ ئەو ڕۆمانەی مێژوویە، چ ئەوانەی

بەسەرهات و ڕووداوەکانی ئێستان. هەیانە قسەکەر (خودی نووسەر/ من)ە. هەندێک جار قسە بۆ گوێگرەکانی لەنێو دەق و دەرەوەی دەق دەکات، هەندێکجاریش (قسەکەر / ئەو/ یان ئەوان/ یان قسەکەرێکی خەیاڵیی دەستکردە، بەڵام لە ڕاستیدا هەموو وەسف و بوون و کردار و کەسایەتی و بەسەرهاتەکانی واقیعین و هەن). ئەمە لەکردەوەدا دەبێتە کێشە لەبەردەم شێوازی گێڕانەوە لەنێو ڕۆمانەکەدا.

هەشە لەکردەوەدا وەکو (خەون، یان بابەتێکی خەیاڵی، یان لەزاری کەسانی دیکەوە، قسە لەبارەی ئەو کەسانە دەگێڕێتەوە کە لەگەڵیاندا دەژیت). لەمەشدا کارەکە لەرووی تەکنیکیی گێڕانەوە پێویستی بە وردەکاریی هەیە، بۆ ئەوەی خۆی لەتێکەڵبوون و ئاڵۆزاندنی بابەتەکان بەدوور بگرێت. بۆ نموونە (ڕۆماننووس لە ڕۆمانی حەج و عومرەدا) باسی (شێوازنی ژنهێنانی پێغەمبەری خوا) دەکات، وەکو ئەوەی ئەم کەسە لەنێو ڕۆمانەکەدا ئامادە بێت، چونکە (خەونی ژنهێنان)ی ئەو لەگەڵ کچە فەرمانبەرەکە هەقیقییە، بۆیە ئەو نموونەیە وەکو هەقیقەت و واقیع و ڕووداوێکی ڕاستەقینە دەگێڕێتەوە. ئەم چەند ڕۆمانەی (کەمال سەعدی)یش هەر لەخانەی ڕۆمانی ژیاننامەدان، بەهەمان شێوە دەیەوێت هەموو شتەکان لە خەون و خەیاڵ دەربهێنێت و بیانکاتە واقیع و هەقیقەت.

لەهەمان کاتدا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین، کە "ڕۆمانی ژیاننامەیی دەکرێت هەڵچوون، یان عەقڵانی بێت". (ناصر برکة، ٢٠١٣، ٣٨). ڕۆمانەکانی (کەمال سەعدی) ئەوانەی من لەم لێکۆڵینەوەیەدا شیکاریان دەکەم، بریتین لە گێڕانەوەی بابەت و بەسەرهات و پێناسە و وەسفی شتەکان بەشێوەیەکی (هەڵچوون و کاریگەریی دەروونی) و لەهەمان کاتیشدا (عەقڵانییە) بۆ؟

پرسـیارێکی زۆر سـادە بـۆ؟. دەتـوانم بڵـێم لەهەمـوو ڕسـتەیەکدا (فکـــرەیەک و مێژووێـــک و بەســـەرهاتێک و مەبەســـتێک و لێکـدانەوەیەک و هەڵچـوونێکی دەروونی و گوتارێـک.. تـاد) هەیە. باسی (ئایین و پەیوەنـدییەکانی ئایین بەسێکس و نـوێژ و مزگەوت و ئیمان) هەیە. پەیوەندی سیاسەت بە سێکس بەدی دەکرێت. هیچ ڕووداوێـکی سێکسی. لەدەرەوەی مـێژووی (کـۆمەڵایەتی و ئـابووری و سیاسی و خواستی تاکە کەسی) نەگێڕدراوەتەوە.

هەڵچوونی دەروونی ئەو کارەکتەرانەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە وەکو (تەگەی بـرسی) بەردەبـنە (سـێکس). دۆخی دەروونی و کەسـایەتی هەر کەسێکمان بۆ دەگێڕێتەوە و وەسـف دەکات، کە چـۆن لەپێنـاو (گان و سێکس) دەخێزێنە باوەشی ئافرەت.

عەقڵانییە، چونکە:

**یەکەم**: خـۆشی بەشـێکە لە ڕووداوە سێکسـییەکان و کەم و زۆر چـێژ لە بـوارە وەردەگرێـت و بەشـدار و بیـنەر و سـازدەر و بـکەری هەموو هەڵچوون و کردە و تاموچێژێکە .

**دووەم**: ئەو وەکـو چاودێرێـک و تـوێژەرێکی کـۆمەڵایەتی لەڕێگەی (بینـین، ئاخـاوتن و لەزەتی گـێڕانەوەی مـێژووی خـودی ئـافرەتە لەشفرۆسەکان و تەنیا ماچ و خۆشوشتن) چێژ وەردەگرێت.

**سـێیەم**: لـۆژیکییە نـاوی هەمـوو ئەنـدامە سێکسـییەکانی پیـاو و ئـافرەت دەهێنێـت، تـرسی لە خـوێنەر نیـیە، تـرسی لەڕەخنەگـرە کۆمەڵایەتییەکان و ئایینیەکان و سیاسییەکان نییە، لێی تـووڕە بن و بەرقەوە پێشـوازی لە دەقە بەرهەمهێـنراوەکەی بـکەن. بەڵام نە لە بـاسی (سـێکس) و نە لە بـاسی (ئـایین) و (سیاسـەت) سـنووری سروشـتی نەبەزانـدووە، دەیەوێـت عـاقڵانە و بەشـێوەیەکی ژیـرانە

مـامەڵە لەگەڵ گـێڕانەوەی شـتەکان بکـات، تـاکو لەڕووی یاسـایی نەکەوێتە تەڵەوە.

**چوارەم**: کارەکتەرەکانی هەمووی ناسراون، تەنیا بەشێکی ناوەکانی گۆڕیون، دەنا هیچ کردە و کەسایەتی و بیرکردنەوە و ڕەفتار و شتێکی ئەوانی نەگۆڕیوە. عاقڵانە لەپێناو پێدانی چێژ بە خوێنەرەکانی (کردە سێکسـیی و گفتوگـۆ و وێـنە سێکسـییە خەیـاڵی و هەقیقییەکانیـان) دەگێڕێـتەوە. عـاقڵانەیە بەپـێی لـۆژیکی کـوردەواری (پیـاو گوناهبـار نییە)، بۆیە گێڕانەوەی بەسەرهاتە سێکسییەکانیان هیچ لە مەسەلە گرنگەکانی ئەوان ناگۆڕێت، تەنیا ئەوە نەبێت دوای گەڕانەوەیان لە هەر سـەفەرێک (گەشـتێکی نـوێتر، لەگەڵ هەنـدێک کەسی دیـکەدا دەکات، کە ئەوانـیش سەرسـامن بەوێـنە و زانیارییەکانی نێـو فێـیس بووکی خودی ڕۆماننووس و دەیانەوێت ئەوانیش بچنە ئەو شوێنانە و چێژ و وەرگرن).


**پێنجەم**: عـاقڵانەیە، پیاوی کۆمەڵگەی کوردستان ئەگەر ترسی نەبێت، دەسـت لەهیچ ئافرەتێک ناپارێزێت. ڕۆمانەکانی هەمیشـە بـریتین لەبیرەوەری و بەسـەرهات و کارەکتەری جیـاوازی نێـوان دوو گەشـت. زانیارییەکانی گەشـتی یەکەم، کاریگەریی لەسـەر ژمـارەیەک کەسی دیــکە دروســت دەکــات و هەر خــودی ڕۆمــاننووس بــۆ تەواوکردنی بەشەکانی دیکەی ڕۆمانەکەی گەشتێکی نوێ دەست پێ دەکاتەوە. کە گەشتەکانی بریتین لە (گەشتێکی پڕ لەچێژی سێکس و گانکردن و خۆ تێکردن و هەوەس بازی).

## ٢-٥ شوێن و سێکس:

لە نێو ڕۆمانەکانی (کەمـال سـەعدی)دا شـوێنێک هەیە گشـتییە، ئەویش ئەو شوێنانە کە هەن و بەشێکن لە جوگرافیای واقیعی ئاماژە پێکـراوی نێـو ڕۆمانەکـان، شــوێنێکیش هەیە لەڕاسـتیدا (خەیـاڵ و ئــارەزووە و نەبیــنراوە)، شـــوێنێک هەیە، کە شـــوێنی گەشـــت و

سەردانەکانە، شوێنێکی دیکە هەیە، (هوتێل و سەیرانگە و پارک و گازینۆ و نادییەکانی شەوانە). شوێنێکی دیکەش هەیە جەستەیە. جەستەی مرۆڤەکان.

شوێنەکان بریتین لە (هەولێر و لە باخچەی خانەنشینانی بەرانبەر بازاڕی نیشتیمان و نزیک قەڵات، هەندێک لە گەڕەک و شەقامەکانی هەولێر) دەست پێ دەکات، شوێنێکی دیکەش (مەکە و مەدینە و شوێنەکانی نێو سعودییە و حەجە) و ئینجا (تورکیا و هەندێک لەشار و دەریا و باخچەکانیەتی) سەرباری شار و ناوچە وهەندێک پارکی (ئازەربایجان ) و (ئەرمینیا) و (میسر).




(گۆستن باشلار) لەبارەی شوێن دەڵێت: "شوێنێکی کەویی و ماڵی، ئەمەیان ماڵە کە تێیدا لەدایک بووین، یان ماڵی سەردەمی منداڵیمانە، لەو شوێنەدا خەونی بەئاگاهاتنەوەمان تێدا کرد، خەیاڵەکانمان لەوێ دروست بوو". (غاستون باشلار، ١٩٨٤، ٦). لای (لۆتمان)یش شوێن بەم جۆرە پێناسە کراوە "کۆمەڵێک شتی یەکسانن لە (دیاردە و دۆخ و ئەرک و شێوەی ناجێگریی گۆڕاو).

پەیوەندی هاوشێوەی پەیوەندییەکانی شوێنی ئاسایی ڕادەپەڕێنێت نمـوونەی وەکـو (پەیوەنـدیکردن و نێـوان/ مەسـافە). (شـهرزاد قصاری، جوهر حنان منصوری، ٢٠٢٠، ٦٩).

لە (حەج عـومەرە)دا (ڕۆمـاننووس) لە گفتوگـۆیەک لەبـارەی دراوسێبوونی ئەبوجەهل و پێغەمبەری خودا لەشاری مەکە دەڵێت: "لەکتێـبی مـێژوو خوێنـدوومەتەوە دەڵـێن ئەبـو جەهـلی مـامی پێغەمـبەریش دراوسـێی ئەوان بـووە. کە ئەمەم وت بەدەسـت ئیشارەتی بۆ ئاودەستخانەکانی بەرامبەرمان کرد، وتی: دەڵێن شوێنی ئەو ئاودەستخانانە شوێنی ماڵی ئەبو جەهل بووە". (حەج و عومرە، ١٠٨). لە ڕووی واتـاییەوە ئەم شـوێنە دیـار نیـیە، کە واتـای (سووکایەتی و ئیهانە و بەکەم سەیرکردنی مێژووی شوێن و ماڵی ئەبو جەهەڵ) دەگـرێتەوە. واتـایەکی دیـار و نادیـار لەهەمـان کاتـدا بـۆ وەسفی شوێنە ئاماژە پێکراوەکە هەیە.

لەهەمان کاتدا شوێنێکی دیکە لەنێو عەقڵ و وەسف و دەروون و ئیمانی قسەکەر هەیە، کە زانیاریی لەبارەی ماڵی (ئەبو جەهل)ەوە پێشکەش بە ڕۆماننووس دەکات. بە جـۆرێکی دیکە بە پـووختی و کـورتی بڵـێم: شـوێنێک لەنێـو ئیمـان و عەقـڵ و دەروونی و هەتـا وەسـفی ئامـاژەپێکراوی ئەو کەسـەدا هەیە، کە شـوێنێکی نادیـارە پـڕە لەزانیاریی (ئیماندارانە) لەچۆنیەتی وەسفکردنی شوێنێکی دیاردا.

لەهەمـان کاتـدا داخـراو پـێگەیەکی گـرنگی لەنێـو ڕۆمانـدا هەیە، چونکە پڕە لە بیروباوەڕ و بیرەوەریی و هیوا و چاودێری و پەیوەندی هەتا ترس و ڕاچلەکین، شوێنی داخراو هەست و نەستی دژ بەیەک لەنێو دەروون دروست دەکات و لای مرۆڤ ململانێیەکی نێوەخۆیی لەنێـوان ڕەغـبەت و واقیـع دروسـت دەکـات. (حفیظـة احمـد، ، ٢٠٠٢، ١٣٤ ). بـۆیە ئەو شـوێنە کـراوانەی مـرۆڤ پێیـان ڕاهـاتووە بەشـێوەیەکی بەردەوام ناخوازێـت لەشـێوەی داخـراو بێـت. شـوێنە

کراوەکان دەکرێت ئاماژە بەوانە بکەین (شەقام، ڕێگاو بان، گوند، دارستان، شار... ) بەڵام شوێنە گشتییە داخراوەکان دەکرێت ئاماژە بەوانە بکەیـــن: (شـــــوێنی دەرەکی کە ســـــنوور داخراوەکـــان کەشوهەوایەکی ترسناکی تێدا دروست دەکەن، تابلۆیەکی سروشتی نابێت بۆ دروستکردنی کەسێکی کراوەی ئازاد).

نووسەر لەشوێنێکی داخراوی پەیوەندیی سێکسی (هەولێر) بەرەو دونیایەکی فراوان و شوێنێکی ئازادی کراوەی سێکسی. هەنگاو دەنێت و گەشـتە بیرەورییەکـانی تێـدا دەگێڕێـتەوە. لەکاتێکـدا شـەقامەکانی هەولێر وەکو شـوێنێک ناسراوە و خۆماڵییە لەکردەوەدا بۆ نووسـەر شــــوێنێکی کــــراوەیە، بەڵام ئەو بەوە ناوەســــتێت لە ڕۆمــــانە بیرەوەرییەکانیـدا بەرەو شـوێنێکی کراوەتـر بەڵام (خۆمـاڵیی و نـاسراو) نیـیە گەشـت دەکات، بەڵام لەڕووی پەیوەنـدیی سێکسی- شـوێنێکی کراوەتر و خۆشترە، تەنیا هەندێک لەکارەکتەرانی هێندە لەو شوێنە نوێیە کراوانەدا دڵیان دەکرێتەوە، وەکو ئەوەی ئەوان لێرە لە دایک بووبن. شوێنە بڤەکان دەبێتە نامۆ و شوێنە کراوەکان دەبنە ئاشنایی.

شـوێنی گـۆڕیی، پەیوەنـدیی بە (ڕەوشـت و نەریـت و هەڵچـوونە دەروونی و دۆزینـەوەی شـتی نـوێ و بـابەتی تـازەوە هەیە). نووسـەر لەدەق (خانمباز) و (شـەوانی ئێریڤـان) و (شـەوانی بـاکۆ) و (حەج و عـــومرە) شـــوێن وەکـــو (لەزەت و غەریـــزەی سێکسی_ و چـــێژ و دامرکاندنەوەی هەڵچوونە دەروونییەکان و ئـارامیی و گەڕان بەدوای دۆزینـەوەی جەسـتەیەکی سێسـکی نـوێ و لەزەت بەخشی- ئافرەتـدا) بەکاردەهێنێت.

خـوێنەر، کە دیـقەت لەواتـای ناوونیشـانی ڕۆمانەکـان دەدات، جـــگە لە (حەج و عـــومرە) ئەوانی دیـــکە لەڕاســـتیدا شـــوێنەکان پەیوەنـــدییەکی ناڕاســـتەوخۆیان بە سێکســـەوە هەیە، بەتـــایبەتی کە ڕۆمانەکـــان دەخـــوێنینەوە ئەم پەیوەنـــدیی و واتـــا و ئەرک و

گوزارشتانەمان بەڕاشکاویتر بۆ دەردەکەوێت. لەوانە (شەوانی باکۆ/ ٢٠٢٠) و (شەوانی ئێریڤان/ ٢٠٢٣) و (خانمباز/ ٢٠١٩) و (حەج و عومرە/ ٢٠١٩).

بەهەشت لەم ڕۆمانی (حەج وعومرە/ لاپەرە ٣٣٩دا شوێنێکی زانراوی نادیارە. لە نێو ئیمان و فکر و وێناکردنی ئیسلامدا (ئایین) شوێنێکە بوونی هەیە، کە لەڕاستیدا هیچ کەسێکی زیندوو لەم شوێنەدا نەژیاوە. گرنگ لەم ڕۆمانەدا مرۆڤ لەگێڕانەوەی ئەم گفتوگۆ و زانیاریەدا فکری بەلای سێکس و ئافرەتدا دەچێت، کە دەڵێت "حاجی تەلعەتی حەملەدار وتی: بەفەرمانی خوا، ژنەکانیشتان نوێ دەبنەوە و وەکو حۆریەکانی بەهەشتییان لێ دێت، بۆیە کەس دەسبەرداری ژنی خۆی نابێت لە بەهەشت". ئەمە لەوەڵامی پرسیارێکی (حاجی حوسێن) هاتووە کە دەپرسێت: ئەگەر یەکێک ماوەی چەند ساڵێک بوو لە ژنەکەی جیا بووبۆوە و بە تەنیا دەژیا. بەسەرسامییەوە وتی: ئەی ئەو کەسەی لەژیانی دونیا لە ژنی خۆی بێزار بووبێت، دەتوانی وەری نەگرێتەوە؟".

شوێن: مەکەیە و قسەکەرەکان بۆ حەج و خواپەرستی و خۆپاککردنەوە لە ڕاپەڕاندنی ئەرکە ئایینیەکانیانن.

کێشە: ژن و هاوسەرگیری و بەیەکەوە ژیان و جیابوونەوە و لەیەکتر بێزار بوونە وەکو سێکس.

چارەسەر: نوێبوونەوەیە. واتە لەم شوێنە بەهەشت ئافرەت لەڕووی سێکسییەوە نوێ دەبنەوە. لەڕووی جەستە و سێکسەوە نوێ دەبێتەوە.

شت/ کەلوپەل: ئافرەت وەکو بەشێک لەشوێن بۆ تێرکردنی خواستی پیاوان بەکارهێنراوە، واتا شوێنێکی نادیاری ئاماژە بۆ نەکراوی قەدەغە و بڤەیە. چونکە لە واقیعدا ئەم شوێنە (سێکسە).

سەرچاوە: عەقڵ و ئیمان و دەروونە، کە لەڕاستیدا ئەوانەش پڕن لەهەستونەستی (سێکسی لەوەسفی ئافرەتدا).

بۆیە زۆر گرنگە ڕۆماننووس بەزمانێکی سادە و دوور لە هونەرکاری ڕۆماننووسانەی گەمەکردن بە زمان و وشە شتەکانی وێناکردووە، هەقیقەتی وەکو خۆی گێڕانەوە، بەڵام لەهەمان کاتدا بەرەو مێژووێکی پڕ لە گومان و گریمانە و کێشە و لێکدانەوەمان دەبات. بۆچی دەبێت (بەهەشت بە حۆری ببەسترێتەوە). بۆچی (سێکس) دەبێت یەکێک بێت لە (ئامراز و کەرەستە) و لەهەمان کاتیشدا (ئامانج). پێشتر گوتم ئەو هەڵچوون و عەقڵ بەکاردەهێنێت، ئەو هەست و سۆز و ئیمان و لەهەمان کاتدا لۆژیک و لێکدانەوە بەکاردەهێنێت. ئەو هێندە بەسادەیی شتەکانمان پێ دەڵێت، بەئاسانی لە (مەبەست و گوتار و واتاکان)ی نێو عەقڵ نەگەین.

حاجییەکان لەماڵی خودا بیر لە پرسیار و گریمانەی (گەڕانەوەی ژنەکانی خۆیان لەبەهەشت) و (بێزاربوون لە ژنەکانیان وەکو سێکس و چێژ و لەزەت) بکەنەوە. (سێکس و ئافرەت) لەهەموو شوێنکدا لەگەڵمانن. دەتوانم بڵێم، ڕۆماننووس نەیویستووە مەبەست بەقوربانی واتا و هونەریی نووسینی زمانەوانی لەنێو ڕۆماندا بکات.

یان (سەیفەدین) لەپرسیارێکی خۆزگەییدا دەڵێت : "خۆزگە منیش وەکو ئەو خەڵکە ژنێکم بۆ خۆم بێنابوایە، تاکو لەو کەش و هەوا خۆشەی بەهەشت بەیەکەوە لەسەر ئەو ڕووباری شەرابە بە یەکەوە شەرابمان نۆشیبا". (حەج و عومرە، ٣٣).

لەم گوزارشتەدا مرۆڤ بۆ بەدەستهێنانی (ژن، سێکس، شەراب) دەبێت بکۆشێت بچێتە نێو شوێنێکەوە کە پێی دەگوترێت (شوێن). واتا یارییەکە هەر وا بەئاسانی نییە، دەبێت مرۆڤ لە شوێنی دیاری ژیانی ئێستای بپەڕێتەوە بۆ شوێنی نادیار (بەهەشت). تاکو لەوێدا ئەم سێ خواستە گرنگە نێرانەی بەدەست بهێنێت.

شوێن گرنگە، جەستەی مرۆڤ شوێنی خۆیەتی، ئەو شوێنەی تێیدا لەدایک دەبێن (سکی دایک) و دواتر (ماڵ) نزیکترین شوێنن کە بۆ هەمیشە مرۆڤ ناتوانێت لە هەست و نەست و بیرکردنەوەیدا دابڕێت. لەم ڕۆمانەی (کەمال سەعدی) (شوێنی بیرکردنەوە/ مەکە و مەدەینە)، (شوێنی تێدا بیرکردنەوە/ مێشک و عەقڵ)، (شوێنی تێدا بیرکردنەوە/ دڵ و دەروون)، (شوێن کە ئامانجی بیرکردنەوەیە/ ئیمان و باوەڕی ئایینی)، (شوێنێک کە لە پێناوی بیر دەکرێتەوەیە/ بەهەشت)ە. واتە ئەو نایەوێت لەنێو فەلسەفەدا مەبەستی فەلسەفیی بشێوێنێت، یان وا نمایشی وشە و گوزارشت و دەربڕینەکانی بکات، کە قسەی فەیلەسوفێک بۆ خوێنەرەکانی دەگێڕێتەوە. نەخێر، ئەو قسەی سادەی ئەو کارەکتەرانەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە ئاخاوتنەکانیان لای زۆربەمان و لەم شوێنە پیرۆزانەدا (بڤە و قەدەغە و ئازاد) نین.

تاکو (حاجی تەلعەت) بەڕاشکاوی قسەیەکمان بۆ دەگێڕێتەوە، هەر کاتێک کە پیاو نووقمی بیرکردنەوە و بیرەوەری سێکسی- نێرانە دەبێت، بەم شێوەیە دەئاخڤێت: "خەفەت مەخۆ، لە بەهەشت حیساب بۆ هەموو شتێک کراوە، ئەوەی بچێتە بەهەشت، خوای گەورە حەفتا حۆری پێ دەبەخشێت. ئەو حۆرییانە هێندە جوانن، مێشکی ناو ئێسقانەکانیان دیارە، ئەو دنکە ترێیەی کە دەیخۆن لەناو گەردەنیان دیارە. هەرجارێکیش لەگەڵیان بخەون، بە فەرمانی خوا وەکو جاران نوێ دەبنەوە و پەردەی کچێنیان بۆ دروست دەبێتەوە". (حەج و عومرە، ٣٣).

لــێرەدا ڕاشــکاوانە شــوێن/ بەهەشــت خــزمەت بە فکــری پیاوسـالاریی دەکات، ئـافرەت کەرەسـتەیەکی جـوان و بەهـێز و چـێژ بەخشی سێکسین بۆ پیاو. هەموو ئیمانداریێکی موسڵمانی هەقیقی کە دەچێتە بەهەشـت (حەفتـا حـۆری) پێ دەدرێـت. ئەمـانە هەمیشـە نـوێ دەبـنەوە و پەردەی کچێنیـان نـوێ دەبێـتەوە. لەم گـێڕانەوەیەدا شوێن پیرۆزە و چێژ بەخشە و نوێبوونەوەی سێکس و چێژی تێدایە.

لە زمانی کوردیدا (شەو) بەواتا و گوزارشت لە (دیاردە و کردەی سێکس لەنێوان نێر و مێ)دا دێت. (شەوانی سـوور) بەواتـای (گان و دەستدرێژی و سێکس) دێت. لەهزری خوێنەردا یەکسەر مرۆڤ کە گــوێی لەم جــۆرە دەســتەواژەیە دەبێــت ســەرنج دەچێــتە ســەر شوێنێک، کە سێکسی تێدا دەکرێت.

لە گـێڕانەوەیەکی دیکەدا ڕۆمـاننووس لەبـارەی شـوێن و (سـوور) دەڵێت:

"وتی: حەز لەو ژوورە ســوورە نــاکەم. کە ئەمەی وت، ســەرم سـوڕما، لەبەر خۆمدا وتم (زاراوەی ژووری سـوور بـۆ شـتی ڕۆمانسی بەکاردێت، خـۆ ئێرە یانەی شەوان، یان شـوێنی لەشفرۆشی نییە، تا مەبەسـتی ئەوە بێـت). لەدرێـژەی گفتوگۆیەکەیـدا دەڵێـت: کە وات وت قسەکانی زیاتر سەرنجیان ڕاکێشام، لەدڵی خۆمدا وتم (تۆ بڵێی لەو ژوورە دەسـتدرێژی نەکـردبێتە سـەر ئەو، بـۆیە نایەوێـت بچێـتە ئەوێ، لە شـەرمانیش ناکارێـت پـێم بڵێـت). ... بە پێکەنیـنەوە وتی: دەمـزانی بـیرت بـۆ شـتی خـراپ دەچێـت، ئێـوەی پیـاوان هەر وان، هەردەم بیرتان بۆ شتی خراپ دەچێت". (حەج وعومرە، ٨-١٠).

لەم گێڕانەوەیەدا (سێکس) لە گوزارشت کردن لەڕەنگی ژوورێکدا زاڵە، بەواتایەکی دیکە ڕاشکاونە قسەکان (بە دەستدرێژی سێکسی و خـوێن و فکـری پیـاو و نـێرانە) بەسـتراوەتەوە. (شـەو)یش هەر وایە،

بـۆیە (ڕمـاننووس) زیرەکـانە کە دەڵێـت (شـەوانی بـاکۆ) و (شـەوانی ئێریڤـان) ڕێـک پێمـان دەڵێـت ئەم دوو شـارە لەنێـو بیرەوەرییەکانمـدا وەکو دوو شوێنی سێکس و ئافرەت و چێژ وەسفکراون.

لە گــێڕانەوەیەکی دیــکەدا شـــوێن لەپێنـــاو بەدەســـتهێنانی ژن، دەگۆڕێت لەم گفتوگۆیەدا پێگەی شوێن یەکسانە بە بەدەستهێنانی ژن بـۆ ڕابـواردن و سێکس کە دەڵێت : "مـادام ئێوە بـۆ ژن هـاتوون، بۆچیی وا دوور دەڕۆن، لە ئێران ژنی لەشفرۆشی زۆر لێیە، لەسنوور قاچتان ئاودیو کەن، پڕە لەو ژنانەی کە ئێوە دەتانەوێ.

ئەمەی وت و ڕووی لە ئەمجەد مەندیل کرد و پێی وت: ئەوەیان بـۆ تـۆش باشـە، ئەگەر حەز بکەیـت دەتـوانی ئەو ژنەی دەتەوێ بـۆ چەند ڕۆژێک لە خۆتی مارە بکەیت و بەحەڵاڵی بیگێیت". (شەوانی ئێریڤـان، ١٤٠). لـێردە لەم گـێڕانەوەیەدا مـنی خـوێنەر بێ پرسـکردن دەتـوانم بڵێم ئەو (ئەمجەد مەنـدیل) کە کەسێکی بەدیـن دیارە و لە ڕۆمانی (شەوی باکۆ)دا ناوی لێنراوە (ئاکۆ)، کتومت (...... بەناوی شـاخێکە). بەکـورتی لەم گفتوگـۆ ڕاشـکاوەدا قسـەکەر کە قسـە بـۆ (ڕۆمـاننووس و ئەمـجەد مەنـدیل) دەکـات ئامـاژە بە چەنـد شـتێک لەبارەی سێکس و ئافرەت دەکات:

**یەکەم**: ئێران پڕیەتی لە ئافرەتی لەشفرۆش.

**دووەم**: گوێگرەکانی لەپێناو ڕابوواردن و گانگردن دەچنە ئێریڤان، بۆیە پێیان دەڵێ ئێران نزیکترە بۆ ئێوە.

**ســێیەم**: ڕابــوواردن بە ڕێــگەیەکی حەلال واتە سێکسیـ حەلال لەڕێگەی (مارەکردنی کاتی)، کە ئەمە لەئێراندا ڕێگە پێدراوە.

**چــوارەم**: قسـە و پەیـامەکە ئاراسـتەی (ئەمـجەد)ە، کە خـۆی بەکەسێکی موسڵمانی نوێژکەری بە ئیمان دەزانێت.

لـێرەدا شـوێنگۆڕکێ بەئامـانجی خێراتـر دەستخسـتنی سـێکس و ئافرەتی لەشفرۆش دێت. من هیچ گومانم نییە ئەم جۆرە ئاخاوتن و گوزارشـتە ڕاشـکاو و ڕاسـتەوخۆیانە لەنێـو ئەدەبیـاتی کـوردی و لەنێـو کـۆمەڵگەی کـوردی پێشـوازی لێکـراو نییـە، لەکاتێدا ئەمە واقیعێکی هەقیقی نێو کۆمەڵگەی کوردستانە. ڕۆژانە خەڵک لەپێناو (تێرکردنی سـێکس) بەرەو وڵاتە گەشـتیارییەکانی دەوروبەر و سـۆڤیەتی کـۆن سەفەر دەکەن.

شـوێنگۆڕکێ بەواتـای بەدەسـتهێنانی ئـافرەت و سـێکس گـۆڕکێ دێت. بەهەمان بیرۆکەی (نوێبوونەوەی ژن لە بەهەشت) هەندێک دەیانەوێت لەژیانی ئاساییاندا ژنی نوێ لەپێناو خۆ تێرکردنی سێکسی بەدەست بهێنن. ئێمە دەزانین لەنێو هەندێک دەقی کلاسیکیدا ئاماژە بە جەستەی ئافرەت وەکو بەشێک لە نیشاندان و وەسفی سێکس و ئـافرەت کـراوە، لەشـیعری شـێخ رەزای تاڵەبانیـدا ئامـاژە بە ئەنـدامەکانی زاوزێ نـێر و مێ وەکـو جوێنفرۆشـتن و هـێرش و شـەڕە جـوێن بەکـارهێنراوە، لای مـوکری و لای عەزیـزی مەلای ڕەش لە کوێخا سێوی و لە شاری حوسێن عارف و فەرهاد پیربال و هەندێک دەقی چیرۆک و ڕۆمانی دیکە ئاماژە بۆ سێکس هەیە، بەڵام ئەوانەی (کەمـال سـەعدی) لە شـێوە و گوتـار و مەبەسـت و دەربـڕین و وێنەکردنی سێکسیدا زۆر لەوانی دیکە جیاوازترە، بەجۆرێک دەڵێی لەبەردەم فیلمـێکی ڕووتی لەشـفۆرشی دایـن. سـێکس و گـانکردن و لەزەت و چێژ بەجۆرێکە لە وەسف تێپەڕیوە، بەڵکو بۆتە کردار.

شـوێن کاریگەریی لەسـەر نـرخی سێکسـیش هەیە. لە یەکێـک لە گفتوگۆیەکـانی نێـوان (شـیخ فەرهـاد و عـیزەدین چـاو حـیز) کە لە پـارکێکی ئێریڤـان دانیشـتوون و مـامەڵە لەگەڵ دوو ئـافرەت دەکەن. ئافرەتەکـان داوای (بیسـت درام) دەکەن.. "عـیزەدین چـاو حـیزیش وتی: دوو مانـگ پێش ئیسـتا لەگەڵ برادەرێـک هـاتم، بە دە درام ژن لەگەڵمـان دەهـاتن. لەبەر منـداڵەکانم ژمـارەی مۆبایلەکانیـانم ڕەش

کـــردۆتەوە، ئێــواران دێــنە ئــێرە، ئەگەر بیــانبینم، بە مەمنــوونی لەگەڵمان دێن. فەرهادیش وتی: مەگەر ژنی سەر شەقام بن. دەنا چۆن بە دە درام ئەم کارە دەکەن. عیزەدین چاو حیزیش وتی: دیارە نار و شەمسیش هی ماڵانن، ئەوە نییە هاتوونەتە سەر شەقام و چاو دەگێڕن". (شەوانی ئێریڤان، ١٠٧).

ئەم جۆرە زانیاریی و گفتوگۆیە چەند شتێکمان بۆ دەردەخەن:

**یەکەم**: بەشێوەیەکی ئاشکرا لەسەر شەقام ئافرەت بۆ سێکس مامەڵە دەکرێت.

**دووەم**: نرخی هەر ئافرەتێک لەنێوان دە- بیست درامە.

**سێیەم**: کوردە گانکەرەکان شارەزان و پەیوەندیی لەوە پێشیشیان لەگەڵ ئــافرەتی ئەم وڵاتە هەیە. ژمــارەی تەلەفۆنیشــیان هەیە. هەندێکیشـان وەکـو پیشـەیەکی ئاسـایی زوو زوو دێـنە ئەم وڵاتە بـۆ سێکس و ڕابواردن.

**چوارەم**: شیخ فەرهاد پێ دەچێت پەیوەندییەکی زۆرتری لەوانی دیکە لەگەڵ ئافرەتە لەشفرۆشەکان هەبێت.

**پێنجەم**: ئافرەت ماڵ و ئافرەتی سەر شەقام دوو گروپی جیاوازن لە لەشفرۆشیدا. واتا ئافرەتەکانی ماڵ تایبەتمەندییان پێوە دیارە، ئەوانەی شەقام گشتین و لەگەڵ هەموو کەسێکدا سێکس دەکەن.

**شەشەم**: عیزەدین چاو حیز: ناوەکەی واتا و پێناسەی کەسایەتی ئەو دەردەخەن، لە هاوسەرەکەی دەترسێت، بۆیە ناوی ئەو ئافرەتە لەشفرۆشــانەی لە مۆبـایلەکەی سڕیــوەتەوە، کە پێشــتر سێکسی لەگەڵ کردوون.

شــوێن لای ڕۆمــاننووس پەیوەنــدییەکی پــتەوی بە ســێکس و گانکردنەوە هەیە، لە ڕۆمانی (خانمباز)دا لە کاتی ئاخاوتن و گفتوگۆ

لەگەڵ شەوکەتە فەندی، دەڵێت "لەدونیا شوێن نەماوە بۆی نەچووبم و خانمابزایشم تیای نەکردبێت.. بۆ هەر شوێنێک رۆیشتبم یادگاریێکی خۆشم لێی هەیە، ئەگەر هەموویان بۆت باس بکەم وەکو چیرۆکی هەزار و یەک شەوەی لێ دێت و کۆتایی نایەت".

## ٦-٢ سێکس نوێبوونەوەیە:

قسەیەکی باو لەنێو کۆمەڵگەی کوردی هەیە، ئەگەر کابرایەک ژن مردوو، ژنێکی نوێ بهێنێتەوە و هاوسەرگیری بکات، پێی دەڵێن خۆی نوێ کردۆتەوە، بەواتای ئەوەی نوێبوونەوەی ژیانی پیاو پەیوەندیی بە سێکس و ئافرەتەوە هەیە. لە رۆمانی خانمبازیشدا (کەمال سەعدی) کەخۆی قسەکان و بەسەرهاتەکانی خۆی و کەسنای نزیکی خۆی دەگێڕێتەوە دەڵێت: لەمەو دوا بایەخ بە ژیانی خۆم دەدەم و ئەوەندە ژیانەی کە ماومە، گەشت دەکەم.... کە ئەمەم وت بزەیەک هاتە سەر لێوەکانی و وتی: بڕیارێکی باشت داوە، کەسانی وەکو تۆ دینە ئێرە، چەند رۆژێک لێرە دەبن، لەو ماوەیە بەشێوەیەکی کاتی هاوسەرگیری لەگەڵ ژنانی ئێرە دەکەن و خۆیان نوێ دەکەنەوە.. رۆماننووس لەوەلامی ئەم قسانەی ئافرەتێکدا دەڵێت: لەمەودوا کەسێکی رۆمانسی۔ بم و هاورێی ژن و بۆ خۆم پەیدا بکەم". (خانمباز، ١٧٨).

لەم کورتە گفتوگۆیە چەند چەمکێکی گرنگی فکری و کۆمەلایەتی و دەروونی و ئایینیمان بەرچاو دەکەوێت.، بەواتایەکی دیکە رۆماننووس لە دەربڕینی سادەی کورتدا ، دونیایەک شتی شاراوەمان پێ دەڵێت:

**یەکەم**: رۆمانسی۔ بەواتای گەڕان و دۆزینەوەی ئافرەت و سێکسە.

**دووەم**: تـاکو ئێسـتا هـیچ نەکـردووە، بەڵام لەمەو دوا دەسـت لەهیچ ناگێڕێتەوە و خەریکی رابواردن دەبێت.

**سێیەم**: ژن مارەکردنی کاتی بۆ ئەوی خۆ لەزینا و گوناهی ڕێگە پیدراو بپارێزێت.

**چوارەم**: هاورێی ژن پەیدا دەکات.

**پێنجەم**: پەیوەندی سێکس و گانکردن بریتییە لە نوێبوونەوەی پیاو و ژیانی. ئەمە بۆچوونێکە دەبێت زۆر لەسەری بووەستین. ئایا بەڕاسـتی سـێکس ژیـان نـوێ دەکـاتەوە، ئاسـودەیی بە مـرۆڤ دەبەخشێت و ژیانی پیاو درێژ دەکاتەوە. واتە سێکس یەکسانە بە بەخـتەوەریی، بەتـایبەتی ئەو سێکسـەی لەگەڵ هـاورێی نـوێی ژن دەکرێت.

**شەشـەم**: گەشـتکردن بەواتـای گەڕان و پشـکنین و دۆزینەوە و کردنی سێکس هاتووە. ئەو لەڕۆمانەکانیدا بەکردەوە گەشت لەپێناو پێناسە و دۆزینەوە و چێژ لێوەرگرتن و ناسین و بەکارهێنانی سێکس و جەسـتەی ئـافرەت و چـێژدا ئەنجـام دەدات، گەشـتێکی ئـازاد بـۆ دزۆینەوەی شتە بڤەکانی نێو جەستە و ژیانی ئافرەت.

## ٢-٧ سزا :

ئەم لێکۆڵینەوەی ئێمە کار لەسەر شیکردنەوەی نێوەرۆکی چەند دەقێکی ڕۆمان دەکەین، کە ڕۆمانی ژیاننامەن و نووسەرەکەی خۆی پـاڵەوان و قسـەکەر و حیکـاتخوانی بەرهەمهێـنەری دەقەکەشـە، ڕووداوەکان و کارەکتەر و بابەتەکانی هەقیقین، بەهەندێک خەیاڵی ڕۆماننووسیانە نووسراون. بابەتەکانی لە بواری سێکس جیاوازن لە دەقەکانی پێشـەخۆی. "ئەدیب کاتێک خۆی بۆ گێڕانەوەی ژیاننامە تەرخـان دەکـات، هەوڵ دەدات واز لە خـودی خـۆی بهێنێـت، لەو

چرکەیەدا ڕاستگۆ دەبێت لەگەڵ خودی خۆی، یاخیش دەبێت لە زینــدانی جیهــانی دەرەکی" (عبــدالعزیز شرف، ١٩٩٨، ١٨). یــان "بریتییە لە کەرەستەیەکی خودی و کەرەستەیەکی خەیاڵ، بەو پێیەی بــابەتی ئەو چــیرۆکەی کە دەگێڕدرێــتەوە، لەو دوو کەرەســتەیە پێکهــاتووە. بــۆیە دەتــوانین بڵێــین ڕۆمــانی ژیاننــامەیی گــرنگترین ڕەگەزەکانی بـریتین لە خـود و خـەیاڵ". یان "ڕۆمانی ژیاننامەیی بەو جـۆرە ڕۆمـانە دەوترێـت ژیاننـامە و بیرەوەرییەکـانی ڕۆماننووسـەکە دەبێـتە کەرەسـتەی سـەرەکی ڕۆمانەکە". (پرۆفیسـۆر دکتـۆر کەمـال سەعدی مستەفا، ٢٠٢٣، ١٣). بۆ زنیاریی پتر بروانە (ممدوح سراج النـابی،٢٠١١، ٤٧). واتە لەم جـۆرە دەقـانەدا (خەیـاڵ و بـیرەوەری خـودی) بنەمـا و کەرەسـتەی سـەرەکین بـۆ بەرهەمهێنـانی گوتـاری ڕۆمانەکە.

لەم لێکــدانەوەیەدا دەگەیــنە ئەو راســتییەی کە ڕۆمانەکــانی (کەمـال سـەعدی) بـریتین لە بـیرەوەریی گەشـتە سێکسـییەکانی نووسـەر لە وڵاتە جیاوازەکـان و لەکـاتی جیـاوازدا، لەهەمـان کاتــدا سـوودی لەخەیـاڵی ڕۆمـاننووسی وەرگرتـووە، بـۆ بینـاکردنی لایەنی هـونەری ڕۆمـانەکە، لەهەنـدێک شـوێندا ئەگەر پێویسـتی کردبێـت دەســتکارییەکی ســادەی نــاوی کارەکتەرەکــانی کــردووە، ئەگەر نــا بابەتەکـان و قسـە و بیرکـردنەوە و ڕەوشـت و ڕەفتاریـان کتومـت هەقیقین و دەستکاری نەکراون.

لەسـەردەمی حەمـورابی و ئەو یاسـایەی بـۆ ڕێکخسـتنی خـێزان و دیـارکردنی پەیوەنـدییەکانی نێـوان پیـاو و ئـافرەت دایڕشـبوو، لەم دۆخــانەی خــوارەوەدا تونــدترین سزای پیــاو دراوە، کە ئەم کــاری نەشـیاوی خراپیـان کـردووە، لەوانە: "دەسـتدرێژی و سـکپڕکردنی ئـافرەت، پـڕدانە ئەوانەی محەرمـن (دەسـتنوێژیان لـێی ناشـکێت)، کوشـتنی هاوسـەر و هـاوبەشی ژیـان، دەسـتدرێژی سێکسی- دژی دەستگیرانی پیاوە ئازادەکان، پڕدانە بووکی خۆی (خێزانی کوڕی)، یان

دایکە بێوەژنەکەی، ئەمانش توندترین سزایان بەدوایەوە". (بول فریشاور،١٩٩٩، ٩٣).

لەبارەی سزا دەگەڕێینەوە سەر بۆچوون و نەریتێکی کۆنی مسریەکان، لە ڕۆژی ٢٣ی ئازاردا کە لە ڕووباری نیل لافاو هەڵدەستێت لەو ڕۆژەدا "سێکس کردن و زینا هەتا لەگەڵ بەدڕەوشتەکانیش حەرام کراوە، دەق ئەم بۆچوونە لە نێو پارچە نووسراوێکی هەڵکۆڵدراوی سەر دیواری پەرستگەی شارید (ئەدفۆ) لە میسر هەیە، بڕیاری تەحریم کردنی زیان لەگەڵ بەدڕەوشتەکانی لەسەر تاسەری دەوڵەت لەم ڕۆژەدا دراوە". (لیز مانیش، ٢٠٠٢، ١١١). واتە لەڕوانگەی ئایینی و هەروەها بەستنەوە بەدیاردە سروشتییەکاندا (سێکسکردن) لە میسری کۆندا نەک بەشێوەیەکی شەرعی بەڵکو زینا و ڕابواردنیش لەگەڵ ئافرەتە بەدڕەوشتەکان لە ڕۆژێکی دیاریکراودا قەدەغە بووە و سزای بەدواوە بووە، دیارە دەسەڵاتدار و دادوەرەکانی ئەوکاتی میسر پێیان وایە (لاوفاوی ڕووباری نیل) پەیوەندی بە (کردەی بەدڕەوشتی و سێکس و زینا)وە هەیە، بۆیە لەسەرتاسەری دەوڵەتەکەدا بڤە و تەحریم کراوە.

لەئیسلامیشدا سزای زینا و سێکسی نایاسیی، یان هەر سێکسێک لەدەرەوەی شەرعیەتی خێزاندا قەدەغەیە و سزای کۆمەڵگە و خێزان و دەوڵەت و ئایین و (دوارۆژیشی لەدوای زیندوو بوونەوەی پاش مردنی بەدواوەیە).

لەهەمان کاتدا وەکو لە ڕۆمانی (حەج و عومرە)دا هاتووە، بۆ ئیماندارەکان پاداشتیشی سێکسیش هەیە، کە دەڵێت: "بەفەرمانی خوا وەکو جاران نوێ دەبنەوە و پەردەی کچینیان بۆ دروست دەبێتەوە... ژنەکانیشتان نوێ دەبنەوە و وەکو حۆریەکانی بەهەشتیان لێ دێت، بۆیە کەس دەسبەرداری ژنی خۆی نابێت لە

بەهەشــت... عومرەکـارێکیش وتی: ژنەکەی مــن زۆر بە زەوقە ئەو لەسـەر دونیا ئـاوی چۆکەکانمی وشـک کـردووە، جـا لەو دونیا لەبەر ئەو چـۆن بەرتەقـای حەفتـا حـۆریەکەی بەهەشـت دێـم. حەملەدار وتی: لەوێ هەر پیاوێـک هـێزی سـەد ئەسـپی پێ دەدرێـت، نـازانێ ماندوو بـوون چییە، وەکـو وتـم ئەو حۆریانەش هێنـدە جـوانن قەت لێیان تێر نابن". (حەج عومرە، ٣٣-٣٤).

لەم گفتوگۆ و زانیارییە تۆکمانەی لە ئیمان و ئایینەوە سەرچاوەی گرتـووە، جـێگەی مشـتومڕ و گومـان و ڕەتکـردنەوە نیـیە، ئەوەمـان بۆساخ دەکاتەوە، کە لەوێش ئافرەت:

**یەکەم**: بۆ ڕازیکردنی پیاو لەبواری سێکسی بەکاردەهێنرێت.

**دووەم**: ئـافرەت دەبێـت نـوێ بێـتەوە و کجێـنی نـوێ بێتەوە، بـۆ ئەوەی زەوق و خواست و چێژی پیاو بپارێزێت و بەدی بهێنێت.

**سێیەم**: پیـاو هـێزی سێ سـەد ئەسـپی پێ دەدرێـت (خـودان وزە و هێزی جەستەییە).

**چوارەم**: ئافرەت هێزی جوانی پێ دەدرێت (ڕۆمانسی)یە.

**پێنجەم**: دەکرێت بڵێن ئافرەت کەرەستەیەکی ناسک و بەچێژە بۆ بەدیهێنانی خواستی سێکسی. پیاو، یان بەشێوەیەکی دیکە ئەم جۆرە دەقە لەڕاســتیدا ســەرچاوەکەی عەقــڵ و تێڕوانــین و خواســت و ویستی پیاوانەیە.

**پێنجەم**: ئـافرەت جـۆرێک لە تـاوان و گومـانی دەخـرێتە سـەر، کە دەبێـتە هـۆکـار بــۆ وشــکردنی ئــاوی چــۆکی پیــاو، واتە (کوشــتن و لاوازکـردن و مژینی توانا و وزەی پیاو لە بـواری سێکسـدا). ئەم جـۆرە

تێڕوانینە لەکردەوەدا نیشانی دەدات کە ئافرەت (خاک و کەرەستە و چێژە) بۆ تەنیا بەدیهێنانی خواستی پیاو.

**شەشـەم**: گوتـاری ئەم جـۆرە دەقە، ڕەخنەگـرانە نیـیە، بەڵکـو نمایشکارانەیە، شتەکانمان بۆ نمایش دەکات و بیرمان دەهێنێتەوە و پێمان دەڵێت مەسەلەکە بەم جۆرەیە، هیچ بڕیارێکی تێدا نییە، یان هـیچ کـردەیەک ڕەت ناکـاتەوە، ئەگەر نەگونجـاویش بێـت. لەم بوارەشدا ناتوانم گلەیی لە نووسەر بکەم، کە دۆزە جدییەکان لەژێر ئاسـمانێکی کـراوەدا بێ چارەسـەر و بێ هـیچ جـۆرە بیروبۆچـوونێکی دیاریکراو بەجێ دەهێلێت، ئەو وەکو پزیشکێک سێکسمان بۆ شی ناکاتەوە، وەکو کۆمەڵناسێک لە دیاردەی سەردەهەڵدانی سێکس ناکۆڵێتەوە، زانایەکی ئابووریی و ئاینیی ویاسایش نییە، بۆ ئەوەی لە هۆکار و ئەنجام و سزاکانی ئێرە و ئەو دونیا شتێکمان پێ بڵێت.

ڕۆماننووس بیرەروەییەکانی خۆی و دەوربەری لەنێو ڕۆمانەکانی لەبارەی پەیوەندییە سێکسی- و چێژ و باری دەروونی و پەیوەندی نێوان ئایین و سێکس، مرۆڤ و سێکس، گەشت و سێکس، سێکس وەکـو پێویسـتییەکی فسـیۆلۆجی و دەروونـیی، وەکـو کەلتـوور و هەڵوێستی تاکەکسی نمایش دەکات.


لەڕاستیدا ڕۆماننووس سزای هـیچ کەسێک لە بارەی سێک و کاردانەوە و پێویستییەکانیان نادات، ئەو خۆشی بەشێکە لەپرۆسە سێکسییەکە، تەنـای ئەو ئافرەتـانەی لەمیسر- (١٠٠) دۆلاریسی- لێ دەستێنن و فیلی لێ دەکەن و خۆیان لەو دەشارنەوە، سزا نادات و هـیچ قسـەیەکی (تونـد و بـێزارکەر و نـاڕازیبوون و سـوکایەتی و هێرشـکردنە سـەر ئەو ئافرەتـانە) بەکـار ناهێنێـت. بەرای مـن ئەو مەسـەلەیە پەیوەنـدی بە نمـایش و گەیانـدنی زانیـاریی و گـێڕانەوەی بیرەوەرییەوە هەیە، نەک بڕیار و بیرکردنەوە لە سزا و پاداشت.

## ١-٧-٢ پاداشتێک بە تامی سزا:

لەهەمان بواردا لەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکاندا لەبارەی (سەیاح پەقرەج) و (کچێکی قوتابی ماستەر) بەم جۆرە لابرەی پاداشت و سزا دەگێڕێتەوە "کچە قوتابییێکی زانکۆ هاتە لام وتی:دەمەوێ ماستەرنامەکەم لەسەر شیعرەکانی تۆ بنووسمەوە. داوای لێکردم یارمەتی بدەم. منیش شیعرەکانی خۆم و کۆمەڵێک سەرچاوەی ترم خستە بەر دەستی، بەمەش لێی نەگەڕام بەشی زۆری نامەکەم بۆی نووسییەوە، ئەویش لە بەرامبەر ئەو چاکەیە، خۆی خستە بەردەستم وتی (من مولکی تۆم، چیم لێ دەکەیت بیکە، تەنها کچێنیم بپاریزە)". (خانمباز، ٢٢٧).

لەم گێڕانەوەیەدا پاداشتی قوتابیەکە بریتییە لە پیشکەکردنی جەستەی خۆی بە کابرای شاعیر، تەنیا بەمەرجێک کچێنی بپارێزێت. ئەمەش لەراستیدا سزایە، کاتێک پیاو لەپێناو هاوکارییەک سزای ئافرەتێک دەدات، سوکایەتی پێ دەکات و نهێنییەکانی خۆی و کچێکی قوتابی ماستەر دەگێڕێتەوە. لەهەمان کاتیشدا پاداشتی ئافرەتەکە سزایەکەی هەقیقییە. لەپێناو بەدەستهێنانی (نووسینەوەی نامەی ماستەرەکەی، سزای خۆی دەدات و جەستەی خۆی وەکو مولکی شاعیرەکە نمایش دەکات).

لەم هاوکێشە نمایشکراودا چوار توخم لەدەوەری یەک (ترس و سزا و پاداشت (پەردەی کچێنی ) دەخولێتەوە. توخمەکان بریتین لە (ماستەر + سێکس یەکسانە بە کچ(قوتابی) و پیاو (شاعیر).




لە بوارێکی دیکەدا کۆمەڵگە و خێزان جۆرێک سزای منداڵان دەدەن، کە لەکەردەوەدا سزایەکی دەروونی و ئەخلاقییە. لە گێڕانەوەی بەسەرهاتێکی سێکسیدا لە (شێخێک) ئەنجامی دەدات و کچی منداڵ بەکاردەهێنێت بۆ سێکس، ئەویش لە خانەی نەوجەوانان و لەرێگەی ئافرەتێکەوە ئەم کچە منداڵە بچووکانە راهێنراون بۆ کاری سێسکی، شوێن ماڵێکی نێو هەولێرە. واتە لەنێو بیرەوەرییەکانیدا بەسەرهاتێکی دیکەی سێکسی- لەنێو بەسەرهاتە سێکسییەکانی دیکەدا دەگێڕێتەوە. (عیزەدین چاو حیز) بەسەرهاتەکەی خۆی لەگەڵ ئەو منداڵە دەگێڕێتەوە: " منیش گوتم خوا بتانگرێت، ئەو کچەی بەردەممان مێرد منداڵە، تازە بنی مەمکانی داناوە، چۆن شتی وا دەزانێت؟ ئەویش وتی: نەمدەزانی هێندە بچووکە، کە لەگەڵ شێخ کەمین چوومە ماڵێ ژنەکە، دوو

منداڵی بچووکم له‌ناو باخچه‌که بینی، به یه‌که‌وه یارییان ده‌کرد، که به‌ژنه‌که‌م وت (کوا ئه‌و کچه‌ی بۆت ئاماده کردووین؟) پێش ئه‌وه‌ی قسه بکاتن یه‌کێک له منداڵه‌کان بۆلام هات و وتی (ئه‌وه‌تام) ئه‌وه‌ی وت و ده‌ستی گرتم و منی برده ژووری خه‌وتن و خۆی ڕووت کرده‌وه و وتی (په‌رده‌ی کچێنیم نه‌ماوه، ده‌توانی له‌پێشه‌وه بیکه‌یت).

قسه‌م به عیزه‌دین چاو حیز بڕی وتم: منداڵێکی وه‌ها چوزانێت په‌رده‌ی کچێنی چییه؟ وتی: که وای وت، منیش سه‌یرم پێ هات. زۆر منداڵ بوو، ویستم ده‌ستکاری نه‌که‌م، بچمه ده‌ره‌وه، ده‌ستی گرتم و ڕایکێشامه لای خۆی و ده‌ستی بۆ ده‌رپێم درێژ کرد، کێری گرتم و وتی (ده‌رپێت دابکه‌نه و بیخه ناوی، به‌رگه ده‌گرم). منیش وتم: جا تۆ چیتکرد؟

وتی: هه‌ر چه‌ند جار کێرم له قوزی نزیک ده‌کرده‌وه، ده‌یوت وه‌ی، وه‌ی، ده‌ترسا و ده‌کشا پشته‌وه. منیش وتم: ئه‌ی دوایی؟ وتی: کێرم خسته ناو ده‌ستی و پێم وت (بیگره چی لێ ده‌که‌یت بیکه) ئه‌ویش کێرمی گرت و له قوزی خۆ خشاند تا ئاوی لێهێنا.

منیش وتم: تۆ و ئه‌و به‌ناو شێخه به‌دفه‌ڕه که‌سێکی زۆر بێ ویژدانن، چۆن دڵتان هات له‌گه‌ڵ کچێکی بچووکی بێ دایک و باوک سێکس بکه‌ن؟ که‌وام پێ وت شه‌رمه‌زار بوو. وتی: شێخ که‌مین پێی نه‌وتم که کچه‌که هێنده بچووکه، ده‌نا چۆن له‌گه‌ڵی ده‌چووم". (شه‌وانی ئیریڤان، ١٠٤- ١٠٥).

مه‌به‌ستم له ئامازه‌کردن به‌م په‌یوه‌ندییه ناهاوسه‌نگه و به‌کارهێنانی منداڵی بێ دایک و باوک بۆ فرۆشتنی سێکس له‌نێو هه‌ولێردا گوتارێکی جیاواز و تاوانکارییه‌کی که‌م وێنه‌مان پیشان ده‌دات، که له‌م گێڕانه‌وه‌یه‌دا منداڵه‌که قوربانیی دوو که‌سه (شێخ

کەمـین و ئـافرەتە سەرپەرشـتکارەکەی خـانەی بێ سەرپەرشـتانە، کـارێکی یەکجـار خـراپ و نـیمچە دڕندانەشـە. ئەم بەزانـدنی سـنوورەکانی مـافی منـداڵ و بەکارهێنـانی سـێکس و ئیـدارە و دەوڵەتیشـە، سـەرباری بەزانـدنی بەهـا ئەخلاقییەکـانی ئـایین. لەقسەکانی ڕۆماننووسدا چەند گوزارشتێکی نیمچە ڕەخنەگرانەی ناڕاستەوخۆمان بەر دید دەکەوێت، کە بە کابرای غانکەر دەڵێت: (تۆ و شێخ بێویژدانن). کە لە کردەوەدا هیچ چەشنە سزایەک بەدی ناکرێـت دژی (ئەو ئـافرەتەی منـداڵەکە بـۆ بە سێکسـدانی بەکاردەهێنێـت) و لەهەمـان کاتـدا نە (شـێخ و نە عـیزەدین چاوحیز)یش سزای دەروونی و ئەخلاقی و ویژدانی نادرێن، واتە:

یەکەم: پیاو لەم جۆرە کۆمەڵگەیانەدا ئازادن و خاوەنی هەموو جۆر دەسەڵاتێکن بۆ سێکس کردن بەشێوازی جیاواز لەگەڵ کچی منداڵیش.

دووەم: هیچ دامەزراوەیەک سزای ئەو کەسانە نادات، کە کچی منداڵ بۆ سێکس فرۆشی بەکاردەهێنن.

سێیەم: کچەکان قوربانین.

چـوارەم: پیـاو، بێ ڕەچـاوکردنی تەمەن و ئەخـلاق و ویـژدان دەیەوێت چێژ وەرگرێت، لەیەک کاتدا دەزانێت کارێکی دوور لە ئەخلاق دەکات، کەچی (کێری دەخاتە نێو دەستی کچە منداڵەکە) و چێژ وەردەگرێت.

پێویستە ئاماژە بە دیاردەیەکی گرنگ بکەین کە پەیوەندی بە یاسا و سزا و دادپەروەریی و لێپچینەوە هەیە، بەپێی لێکۆڵینەوەکان لەبارەی کۆمەڵگەی سەرەتایدا بڕیارەکانیان پشتی بە "بەبڕیاری ناوەندی و لەهەمان کاتیشد پشتگوێخستنی ئەم ناوەندی بڕیارە

بەســتووە" ( رینــیە جــیرار، ٢٠٠٩، ٤٢ ). لەکاتێکــدا لەنێــو ئەم ڕۆمانانەدا هیچ جۆر بڕیارێکی ناوەندی و یەکلاکەرەوە لەبارەی سزا و لێپێچینەوە سەبارەت بەچۆنیەتی ئەنجامدانی سێکس و لەشفرۆشی و ئیستغلالی منداڵ لەئارادا نییە.

هیچ بڕیارێکی ناوەندیی و سەرەکی لەلایەن خودی ڕۆماننووس، یان خودی دەقەکە، یان هیچ کارەکتەر و دەزگا و دامەزراوەیەک لەبارەی (سێکس) نابینرێت.

مەبەستمان ئەوەیە لەنێو دەقی ڕۆمانەکاندا هیچ بنەمایەک و ئاراستەیەک بۆ دادپەروەریی و لێپێچینەوە و بڕیارێکی گونجاو بۆ (لەشکڕی و لەشفرۆشی) نییە. لەکرداردا سەرنجی من بۆ ئەوە دەچێت هەموو کاتێک مەیلی کۆمەڵگە بۆ سزادانی ئافرەت لەبارەی لەشفرۆشی دەچێت، یان ئافرەت بەوە تاوانبار دەکرێت کە هۆکار و بەکردەوە ڕاپەڕێنەری دیاردەی لەشفرۆشییە، وەکو ئەوە لەشکڕ هیچ تاوان و گوناە و کردەیەکی لەم بارەوە نەبێت.

پیاوەکان هەر هەموویان بە لیبرال و ئیسلامی و ئیماندار و خۆدابڕ لە ئیمانداری باڵادەست و خاوەنی پێگەیەکی بەهێزی ڕەوان بۆ ئەنجامدانی سێکس بێ ئەوەی هیچ سزایەک بدرێن، لەکاتێکدا ئافرەت بەپێچەوانەوە دەخرێتە ژێر باری قورسی سزای تاوانکارییەوە. ئافرەت جەستە و چێژ و هەست و نەست و دەروونی خۆی بەکپکراویی لەپێناوی بەدەستهێنانی شتێک پێشکەش بە پیاو دەکات.

(حەمە سەعید حەسەن) لەبارەی ئەوەی دایک لەهیچ قۆناغێکدا زاڵم نەبووە دەنووسێت: "لە کۆمەڵی کۆلێکتیڤدا، گەلێک ژن و مێرد و منداڵ و نەوەی جیاواز، لەبن هەمان ساپیتەدا دەژیان و ئەگەر کەسێک لەوانی دی، زێتر ڕێزی لێ گیرابێت، ئەوە ژنێکی

بەتەمەنی بەئەزمـوون بـووە. فرێـدریک ئێـنگڵس (١٨٢٠ - ١٨٩٥) بەخت یاوەری نەبووە کە ناوی (داکسالار)ی لەو کۆمەڵگەیە ناوە، ئاخر ئینسان سیستەمی زاڵمی (بابسالار)ی وەبیر دێتەوە و زەینی بۆ ئەوە دەچێت، ئەو قۆناغە، ژن ستەمکار و پیاو ستەملێکراو بووبێت، کە ئەو لێکدانەوەیە لە ڕاستییەوە دوورە، چونکە لە هیچ کۆمەڵگە و قۆناغێکدا، دایک زاڵم نەبووە. ئەو دایکسالارییە، کە ڕاستییەکەی (سیستەمی شێوازی دایکانە)یە، لەوەوە نەهاتووە کە دایک سەروەر بـووە، لەوەوە هـاتووە کە خزمـایەتی تەنیـا لە بەرەی دایـکەوە دروستبووە، کە تەنیا ئیمکانی ئەوە هەبووە، دایکی منداڵ بە دروستی دیـاری بکرێـت و کە ژن و پیاوێـک بڕیاریـان داوە پـێکەوە بـژین، پیاوەکە چووەتە (ماڵ)ی ژنەکە، بەڵام ژن ستەمی لە پیاو نەکردووە و سەرداری پیاو نەبووە، هەردووکیان یەکسان بوون.

ئەو کـۆمەڵگەیە، کـارڵ مـارکس (١٨١٨ - ١٨٨٣) نـاوی نـابوو، کۆمۆنیزمی سەرەتایی، کۆمەڵگەیەکی ناچینایەتی بوو، کۆمەڵگەیەک تێیدا کەس خاوەنی شتومەکی تایبەت بەخۆی نەبوو، کۆمەڵگەیەک هەمـوو بەیەکەوە دەژیـان و هەمـوو خـاوەنی هەمـوو شـتێک بـوون و هاوبەش بوون، هێشتا دەوڵەتی تێدا پەیدا نەبوو بوو. لە کۆمۆنیزمی سـەرەتاییدا، خەڵـکەکە بە شـێوەیەکی هـاوبەش لە شـتەکان سوودمەند دەبوون، پێکەوە کۆمەڵیان بەڕێوە دەبرد، بڕیاردەران هەر خۆیـان جێبەجـێکەرانی بڕیـاریش بـوون و ڕۆڵی ژنـان هـیچی لە ڕۆڵی پیاوان کەمتر نەبوو. گواستنەوە لە قۆناغی کۆکردنەوەی بەری دار و ڕاوەوە، بۆ قۆناغی کشتوکاڵکردن، هەزاران ساڵی خایاند، ئێنگڵس بەو مـاوەی گواسـتنەوەیە دەڵێت: بەربەریـزم، کە بنـاغەی دامەزرانـدنی شارسـتانیی کـۆمەڵگەی چینـایەتی بـوو". (https://www.facebook.com/profile.php?id=100090810527179). واتا سزادان و لێپێچینەوە و ئـافرەت خسـتنە ژێـر بـاری تاوانکاریی دادپەروەریی تێدا نییە.

رۆمان لەڕاستیدا هەر چەشنێک بێت پشت بە فەلسەفەیەکی دیاریکراو بۆ نمایش و لێکدانەوە و دروستکردنی گوتارێک دەبەستێت. قسە ئاساییەکانی خەڵک جۆرێکە لە فەلسەفەی سروشتی ژیانی ئاسایی ئەو خەڵکەی دەکەونە نێو دەقەوە. فەلسەفەی ئایینی، کۆمەڵایەتی و سیاسی و فکری و ... تاد، دەکرێت هەموویان بەیەکەوە، یان تەنیا تەنیا لەنێو دەقی ڕۆماندا هەبن و دونیایەکی تایبەت لەبیرکردنەوە و لێکدانەوە و تێگەیشتن لای خوێنەر دروست بکات.

ئەگەر پرسیارێک بکەین و بپرسین بۆچی دەقنووس بابەتێکی وەکو سێکس دەکاتە تەوەرەی سەرەکی فکر و فەلسەفەی بیرکردنەوە لە ڕۆمانەکانی، ئایا بەڕاستی ئەو برسی و کوشتەی دەستی سێکسە؟ یان دەیەوێت لەتێرییەوە باسی برسیەتی سێکسی. ئەوانی دیکە بکات؟ یان ئەم باسە بۆتە دیاردەیەک و پێویستە قسەی لەبارەوە بکرێت؟ یان نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتی و فسیۆلۆژیی و دەروونییە؟ یان کۆمەڵگە لەئاکامی لەدەست دەرچوونی کردەی سێکس، بەرەو تاریکایی و زوڵم و چەوسانەوە دەچێت؟ یان ڕۆماننووس سەرکێشییەکی فکری وئەدەبی و داهێنان دەکات. ڕۆمان پتر لەهەموو دەقێک پشت بە فکر دەبەستێت، فکری کۆمەڵایەتی و دەروونی و چینایەتی.

یان دەتوانین بپرسین ئایا دادپەروەریی نێوان نێر و مێ لە ئەنجامدانی کردەی سێکس لەچی دایە؟. بۆچی مرۆڤ هێندە تامەزرۆی سێکسە؟ دادگا چ بڕیار و فەرمانێکی لەبارەی سێکس و پیشێلکاریی و سزا و پاداشت هەیە؟ مرۆڤەکان خۆیان چۆن ویژدان و نەریت و ڕەفتاری خۆیان لەبارەی توندوتیژی سێکسی. و نەخۆشی سێکسی. لای نێر و مێ بێ جیاوازیی دادگایی دەکات؟ ئایا دەقنووس دەیەوێت ئەم باسە وەکو سەرە باسێکی ڕۆشنبیریی و فکری

بورووژێنێت، یان پەرچەکردارێکی تاکەسی و بە کۆمەڵە و پەیوەندیی بەتوند ڕەویی و میانڕەوەییەوە هەیە؟. دەیان پرسیاری دیکە.

ئەو کاتانەی لەنێو کۆمەڵگەدا، خانەوادەکان تەنیا ژوورێکیان بۆ نووســـتن هەبـــوو، نـــێر و مێ هەمـــوو بەیەکەوە لەیەک ژووردا دەنووستن، میوان و بێگانە و دۆست هەموویان لەژێر یەک بنمیچدا پشوویان دەدا، کەچی کەس ترسی لە سێکس وگان و دەستبۆبردن و حــیزە چــێژ نەبــوو، بەواتــا ســادەکەی کەس چــاوی لەنــامووسی دەوروبەرەکی نەبوو، بۆ؟ ئایا بەڕاستی هەژاریی و نەبوونی ئابووریەکی بەرهەمهێنی بەهێز هۆکار بوو، بۆ ئەوەی خەڵک لەئەنجامی ژیانی هاوکـاریی و هەرەوەزیی ســەرەتایی نەتــوانن ســنووری نــامووس و شەرەفی یەکتر ببەزێنن، یان لەڕاستیدا گان سزای هێندە ڕیسواکەر و توندی بەدواوە نەبووە، کە لەسەردەمی دیموکراسی و پێشکەوتن و نوێخوازیی هەیە. لەکاتێکدا لەم سەردەمەدا هەموو خانەوادەیەک ژوور و جێگەی جیاکراوەی بۆ نێر و مێ لەیەک خانەوادە و میوان و بێگانە و دۆست هەیە، کەچی هەموو گومانیان لە پاراستنی شەرەف و کەرامەت و نامووسی ژنەکانیان هەیە. ئەم گەشەکردنە چۆن لێک دەدرێتەوە؟. ئایـا بەڕاســتی لەســەردەمی نوێخــوازیی و پێشــکەوتن سێکس هێندە زاڵ و بەربڵاو و کاریگەر و ئاشکرایە، مرۆڤەکان هەتا بەجیاکردنەوەی ڕەگەزە جیاوازەکانیش ناتوانن پێشگریی لێ بکەن.

لە ڕوانگەیەکی دیکەوە بەپێی هەندێک بۆچوونی نوێ لەبارەی جەســتە پێیــان وایە "جەســتە لەم گوتــارەدا هەر تەنیــا بەشــێکی پێکهێنەری مرۆڤ نییە، بەڵکو هەبوون و پەیوەندیی و کیانێکی دیکە، یان منێکی دووەمە. (داجید لو بروتون، ٢٠١٤، ٢١).

دەمەوێـت ئەوە بڵـێم مـن لەنێـو ڕۆمانەکـانی (حەج وعـومرە) و (شـــەوانی بـــاکۆ) و (شـــەوانی ئێریڤـــان) و (خانمبـــاز)دا بەدوای دۆزینەوەی خودی (کەمال سەعدی ڕۆمانووس نیم، ئەوکەمالەی

وەکو جەستە دەزانم چۆنە و چی لەبەر دەکات بەژنی چەندە و چی دەخوات و لەکوێ دەژیت و بەچ شێوازێک قسە دەکات و کاری چییە و ژمارەی پێڵاوەکانی چەندە و لەڕێگادا چۆن دەڕوات و چۆن پێ دەکەنێت و .. تاد)، بەڵکو من شیکاری ناوەوەی کەمالی دووەم، کەمال سەعدییەکەی ناو کەمال سەعیدییە بینراوەکە دەکەم، کە کارەکتەرێکی نادیارە و لەناخی کەمالی یەکەمدا کە خاوەنی (جەستەیەکی دیاریکراوە)، ئەوی دیکەش (کەسێکی بێ جەستەیە و وەکو گوزارشت و شێواز و بیرۆکە و وێناکردنەکانە) لەشێوەی (فکر و تێڕوانین و بیرکردنەوە و وێناکردن و داڕشتنی بەرنامەی شێوازی نووسین و هاندانی ناخەکی بۆ یاخیبوون و سەرکێشی. ئەدەبی.. تاد) دەردەکەوێت.

کەمال سەعدی خاوەن جەستە، هیچ پەیوەندییەکی بە سێکس و ئەو کەشوهەوایە سێکسدارە بقەیە نییە، بەڵام کەماڵە نادیارە بێ جەستەکە نەک هەر پەیوەندیی بە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی سێکس و کارەکتەرەکان هەیە، بەڵکو خۆشی بەشێکە لە ئەنجامدانی کردەی سێکس و بەدیهێنانی گوتاری سێکسی.

وەکو (دیڤید لو بروتون) لە کتێبەکەیدا شیکاری کردووە، پێی وایە" گوتاری ئاسان، بێ شەرم قسە لەبارەی هەموو شتێک لەبارەی جەستە دەکات، وەکو ئەوەی بکەرەکان هیچ پەیوەندییەکان بە گۆشتەوە نەبێت". (دیفید لو بروتون، ٢٠١٤، ٢١). لە شیکردنەوەی دەقی ئەم ڕۆمانانە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێت (کەمال سەعدی) بێ شەرم و بێ پەردە و شاردنەوە بەڕاشکاوی هەموو وشە قەدەغەکراوەکان دەربارەی سێکس و ئەندامەکانی نێرینە و مێینە بەکار دەهێنێت و ناویان دەهێنێت، کە ئەمەش کەم ڕێککەوتووە بەم شێوەیە لەتەک ناوهێنانی ڕاشکاوی ئەم زاراوە و کەرەستانە، بە وردیش باسی پرۆسەی ئەنجامدانی سێکسیش وەکو فیلمێکی ڕووت و وورووژاندن و هاندانی سێکسی بکات.

لە (خانمباز)دا وەکو ئەوەی فیلمێکی ئەمەریکی سەیر بکەم، (کچێکی گەنجی مەغریبی کە هێشتا نایەوێت کچێنی خۆی لەدەست بدات و لەیانەی شەوانە کار دەکات) قسە بۆ رۆماننووس دەکات و بەسەرهاتی گەشتەکەی بۆ لوبنان و دواتر هاتنە میسری بۆ دەگێڕێتەوە. دەڵێت: "خاوەنی ئەم یانەیە، ئێمەی بەستۆتەوە. گرێبەستی کارکردنی بۆ یەک ساڵ لەگەڵ واژۆ کردووینە، پاسەپۆرتەکانیشمانی لای خۆی گل داوەتەوە و دەستی بەسەردا گرتووە، تا ماوەی گرێبەستەکەمان تەواو دەبێت، ناماندات‌ەوە. .. چاوەکانی پڕ ئابوون، بەهەناسەیەکی ساردەوە وتی: وا ئاسان نییە، کە پێشبینی دەکەیت، ئێمە لێرە وەکو کۆیلە رەفتارمان لەگەڵ دەکەن. ئەگەر بچینە دەرەوە، چاوساغێکمان لەگەڵ دەنێرن، چاودێریمان دەکەن، نەوەک خۆمان بدزینەوە و بەجێیان بهێڵین". (خانمباز،٢١٠). لەهەمان کاتدا (سەبری بازرگان) وەکو جۆرێک لە سەرکۆنە و سزادانی و رەخنە لە (رۆماننووس) لەبارەی گێڕانەوەی ئەم شتە، دەڵێت: "تۆ چوویتە مسیر رابوێریت یان بۆ ئەوەی ببیتە توێژەری کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی کێشەی ئەو لەشفرۆشانە؟!". (خانمباز، ٢١١).

لەبیری نەکەین ئەمەش جۆرێکە لە توندوتیژی سێکسی، یان جۆرێکە لەسزای ئەوانەی بەکاردەهێنرێن بۆ بازرگانی سێکسی و لەشفرۆشی بەزۆرەملێ و بەکارهێنانیان لەشوێنی کار، بەتایبەتی لە (یانەی شەوانە) زۆربەی ئافرەتەکان بۆ کاری نادروستی سێکسی و لەشفرۆشی بەکاردەهێنرێن. (کۆلین رانبۆ) دەڵێت: " زۆرجار توندوتیژی سێکسی بەشێکە لەشێوازێکی فراوانتری توندوتیژی و خراپ بەکارهێنان، کە بریتییە لە تالانکردن، کوشتن، لەناوبردنی موڵک و رفاندن. جۆرە باوەکانی توندوتیژی سێکسی بریتین لە دەستدرێژی سێکسی، کۆیلایەتی سێکسی، لەشفرۆشی زۆرەملێ، دووگیانی زۆرەملێ و هاوسەرگیری زۆرەملێ. لە کاتێکدا زۆرجار ژنان و

کچان وەک قوربانی توندوتیژی دەردەکەون". ( احمد زکی عثمان، کولین – رابنو، مجلة الانسانی العدد ٥٩ صیف ٢٠١٥ ). مەبەستمان ئەوەیە کە کۆیلەکردنی سێکسی ـ یەکێکە لەو بنەما گرنگانەی لەشیکردنەوەی ئەم جۆرە بابەتانەدا دەبێت لێکدانەوەی بۆ بکەین. لەکاتێکدا دەتوانین بێژین پیاوان و کوڕانیش دەبنە قوربانی توندوتیژی سێکسی.

لێرەدا چەند جۆرێک لە (سزا) و (چاودێری) و (سەرکۆنە) و (بەدواداچوون) لەنێو گوتاری ئەم گێڕانەوەیەدا بەدی دەکرێت، لەوانە:

**یەکەم**: ڕۆماننووس جارێکی دیکە لەسەر زاری سەبری بازرگان خۆی وەکو توێژەری کۆمەڵایەتی لەچۆنیەتی باسکردنی لەشفرۆسەکان وەسف دەکات، نەک کەسێک کە بۆ سێکس و ڕابواردن چووبێتە میسر. واتە دەیەوێت نیشانی بدات (کەمال)ی یەکەمی ئاشکراو و خاوەن جەستە دیارەکەیە.

**دووەم**: بازرگانەکان کچە گەنجەکان دەکەنە کۆیلە و لە یانەی شەوانەدا بەکاریان دەهێنن، مەرج نییە هەموو ئافرەتێک بەئارەزوو و خواستی خۆی ئەم کارە بکات، هەندێک تێوە گلاون.

**سێیەم**: کۆمەڵگە هیچ بیروبۆچوون و کاردانەوە و شتێکی لەبارەی ئەم دۆخە نییە، کە دۆخێکی بەکارهێنراوە و پڕە لە ئیستغلالی دارایی و دەروونی و جەستە.

**چوارەم**: ئافرەتێکی لوبنانی ئیستغلالی کچێکی گەنجی مەغریبی دەکات، بەڵام هیچ کاردانەوەیەک و سزایەک بەرانبەر کردەوەی ئافرەتە لوبنانییەکە بەدی ناکرێت، وەکو گێڕانەوەیەکی ئاسایی و سادە بەدی دەکرێت.

**پێنجەم**: لەنێو ڕۆمانەکەدا کەس هەڵەی نەکردووە و کەسیش سزا نادرێت بەواتای سزای لێپێچینەوە. لەشفرۆشەکان وەکو کارێکی زۆر ئاسایی دوور لە چاودێری و سانسۆری خێزان و کۆمەڵگە و دەوڵەت و یاسا کاری خۆیان دەکەن، لەشکڕەکانیش بەهەمان شێوە هیچ یەکێک لەو دامەزراوانە چاودێریان ناکات. لەکاتێکدا من گومان لە بێ (سانسۆریی و بێ سزادان و ڕووبەڕووبوونەوەی کێشە و گرفت) دەکەم. نە مرۆڤەکان هێندە ئازادن و نە کۆمەڵگەش هێندە مۆدێرن و کراوەیە تاکو بەم جۆرە نەک تەنیا لەشفرۆسەکان، بەڵکو (لەشکڕەکانیش) بێ گرفت و کێشە خۆیان گەرم بکەنەوە.

## ٢-٧- ٢ خۆ سزادان

لەنێو ڕۆمانەکاندا کەم سزا بەدی دەکرێت، ئەوە نەبێت کە لە (خانمباز)دا ڕۆماننووس کە منی قسەکەری سەرەکی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانە خۆی سزا دەدات، بەڵام چ جۆرە سزایەک!. ئەو سزایە پەیوەندی بە هەستی ناوەوەی کەسەکەوە هەیە، دوای بڕینی ئەو هەموو شوێنانە، لە دوایدا بڕیار دەدات (هیچ نەکات) واتە خۆی سزا دەدات و هەموو ئارەزووەکانی بە قوربانی نووسینەوەی ڕۆمانەکانی دەکات.

ئەو لە ئێران لە گەڵ کۆنە مەعشوقەکەی ڕێک دەکەوێت سەردانی شارێکی گەشتیاری لەپێناو ڕابواردن بکەن، بەڵام کە ئافرەتەکە بەسەرهاتی دوو مێردی خۆی بۆ (ڕۆماننووس) دەگێڕێتەوە و ئەویش دەڵێت "هاوسەری یەکەمی بەماددەی هۆشبەر گیراوە و خراوەتە زیندانەوە و ئەوەی دووەمیشی هێنانی ژنی سێیەمی لێ ئاشکرا بووە و بە تۆمەتی فڕوفێڵکردن حوکم دراوە. لەدڵی خۆمدا وتم دوور نییە بە مەبەستی دەست بەسەرداگرتنی پارە و پوولەکانیان ئەوانی بە گرتن دابێت، ئەگەر منیش لەگەڵی بخەوم،

لەوانەیە سیناریۆیەکیش بۆ من دروست بکات و پارەیەکی زۆرم لێ داوا بکات. بۆیە بڕیارم دا لەگەڵی جووت نەبم". (خانمباز، ١٨٨). ئەمە سزادانێکی ڕۆحی و ناخەکی و سنووردارکردنی چێژەکانی خۆیەتی.

لێرەدا دەکرێت سەرنج و هۆکار و ئاکام و خۆ سزدانەکەی خودی ڕۆماننووس بەم شێوەیە کورت بکەینەوە، کە پێمان وایە هەندێک جۆر سزادان لەنێوان (عەقڵ و چێژ و دەروونـدا) سزایەکی خـودییە. قسەکەر ڕۆمانەکە لەپێناو جووتبوون گەشت دەکات و ئەم ئافرەتە دەدۆزێتەوە و ڕێک دەکەون بەنیازی جووتبوون و ڕابواردن گەشت بـکەن، بەڵام ئەم خـۆسزادانە پەیوەنـدی بە (تـرس و دەروون و لێکدانەوە و بڕیار)ەوە هەیە، چونکە:

**یەکەم**: لەشفرۆشەکە دوو مێردی کردووە، هەردووکی لەزینندانە.

**دووەم**: ڕۆمـاننووس لە تـرسی فێـڵ و پـارە لێ بەردانەوە، سزای خۆی دەدات و چێژ و ڕابواردنەکەی دەکاتە قوربانی (ئەو گریمانە و ترسەی لەدەروونی خۆیدا دروستی دەکات).

**سـێیەم**: هـیچ متمـانەیەک لەنێـوان لەشـکرِ و لەشفرۆشـەکەدا لەڕووی دەروونی و خـــودی و ئەخلاقیـــیەوە نیـــیە، هەرچەنـــدە باکگراوندێکی لەوە پێشیشیان لەنێواندا هەیە.

**چوارەم**: هەر لەشوێنەکانی دیکەی گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتەدا، ڕۆمـاننووس دان بەوەدا دەنێـت، کە ئـافرەتەکە گـلەیی ئەوەی لێ دەکات، گوایە "گومان دەکات لەبەر بەتەمەن کەوتن و قەڵەوی ئەو نەیەوێت لەگەڵی جـووت بێت" لەڕاستیدا ئەمە جۆرێک لەدوو دڵی و نیگەرانی پیاوەکە بەرانبەر ژنەکە نیشان دەدات.


**پێـنجەم**: لەدۆخی دەروونیـدا ئەوەمـان بـۆ سـاخ دەبێـتەوە، کە پیـاوەکە لەرێـگەی ئەم زانیاریـانە تـووشی تـرس دێـت، تـرس وای لێ

دەکات خۆی سزا بدات و لەدوا چرکەدا بڕیار بدات سێکس لەگەڵ ئافرەتەکە نەکات.

**شەشەم**: ئەمە یەکەم ڕووداوە لەنێو هەموو ڕۆمانەکاندا (دادگا سزای پیاوێک لەسەر ژن و فرە ژنی بدات)، بەواتایەکی دیکە لەبەر چێژ و سنوور بەزاندنی پیاو بۆ تێرکردنی چێژی سێکسی. لەلایەن دادگاوە سزا بدرێت و زیندان بێت. لە (حەج و عومرە) خانەوادەی ڕۆماننووس کە حەزی کە کچێکی فەرمانبەری خۆی کردووە، سزای دەدەن. واتە دامەزراوەی دەوڵەت و خێزان جێبەجێکاری گوتاری سزادانن. لە شوێنەکانی دیکە (کەسەکان خۆیان سزا دەدەن و ئەم جۆرە گوتارەش پتر بە دەروون و ناخی کەسەکانەوە بەستراوەتەوە).

لە نێو دەقی فۆلکلۆریدا، یان لە پەند و قسەی نەستەقدا، یان لە ئاخاوتنی ئاسایی ڕۆژانەی خەڵکدا سزایەکی نادیاریی ناڕاستەوخۆی (مەعنەوی و دەروونی و ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و خودی و زارەکی) بێ ئەوەی هیچ کردەیەکی سزادانی بەکردەوەی تێدا بێت، هەست پێ دەکرێت. وەکو (سەرتاشین و ماست بەسەر داکردن و سوارکردنی پشتاوپێش لە سەر پشتی کەرێک نییە). "سزای سێکسی ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر ئەو کەسە دەبێت، کە ئەو کارێکی سەرزەنشت ئامێز دەکات، هەروەها ڕەنگە کاریگەری لەسەر ئەندامێکی خێزانەکەی هەبێت، ئەمەش لەگەنجێتییەوە تاکو پیریی و بە تێپەڕبوونی کات بۆی ماوەتەوە. دەکرێت سزایەکە ڕاستەوخۆ لەلایەن دەسەڵاتە نەبینراوەکان/ ئیلاهییەکانەوە بێت، کە خۆیان کۆنترۆڵی ڕەوشی سەرتاپای شتەکان دەکەن و تۆمەتەکەش بەسەر تاوانباردا دەسەپێندرێت. سزای سێکسی چەندین شێوە یان پلە بەخۆیەوە دەبینێت و توندییەکەی، یان ئاستی ئەو شەرمەزارییەی لەگەڵ خۆیدا دەیهێنێت بەندە بەقەبارەی گوناهەکەوە، ئەو گوناهەی بووەتە هۆی دروستبوونی دۆخەکە. دەتوانین لانیکەم

سێ جۆر سزا دەستنیشان بکەین، ئەمەش بەندە بە ئامانج و جۆری سزاکە و قورسایی ئەو تاوانەی کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات و بەپێی دەروونناسی و فیزیۆلۆژی و بایۆلۆجی رێکخراون: یەکەم: شەرمەزارکردن بەوریاییەوە. دووەم: سزاکە بێ سێکس، یان زیادەڕەوی لە چالاکیی سێکسی ـ دەبێت. سێیەم: مردنی خێرا و شێواندن. (کامل جابر، https://www.jadaliyya.com/Details/28455 ).




واتە ئەوەی مـن لەنێـو دەقە رۆمانەکـانی (کەمـال سـەعدی) دەیبیـنم، سزادانـێکی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ بەدی نـاکەم، کە هۆکارەکەی سـێکس بێت. بەپێچەوانە لە رۆمـانی (حەج عـومرە)دا پیاوێـک کە ژنی دووەمی هێنـاوە، بـۆ ئەوەی ژنە گەورەکەی ڕازی

بکـات، پاداشــتی دەکـات و دەینێرێــتە (عــومرە)، ئەمەش وەکــو کردەیەکی ڕازیکردن دێت، بۆ ئەوەی پیاوەکە سێکس و جووتبوونی شـەرعی لەگەڵ ژنە تـازەکەی بە ئاسـودەیی و بێ نـاڕازیبوون و کێشـە لەگەڵ ژنە گەورەکەی ئەنجام بدات.

ئەم بـابەتە لەگەیانـدنی مەبەسـتێکی دیـکە لەسزادان، سزادان بـۆ دوورخســتنەوەی ژنەکەی، گوتــارێکە ئەگەر لەمەبەســتەکانی نێــو خـودی گوتارەکە نەگەین، ناتوانین کردەی بڕیار و مەبەست و نیازە شــاراوە ناڕاســتەوخۆکان بناســینەوە. هەر بــۆ کارەکتەرەکــان و گێڕانەوەی ڕەفتار و پەیوەندییەکانی ئەو کەسانەی لەنێو ڕۆمانەکەدا ناویان هاتووە، بڤە و مەترسیدارە، نەخێر بۆ خودی ڕۆماننووسیش بەدوو هۆکار کارێکی قورس و بڤە و سەرکێشییە: یەکەم لەبەر ئەوەی خۆی بەشدارە لەهەموو کردە سێکسییەکان و لەگێڕانەوەکاندا خۆی ئەنجام دەر و ڕاپەڕێنەری بەشێکی زۆری ئەم پەیوەندیی و سێکس و تێکەڵبــوون و چــێژ وەرگــرتنەیە. دووەم: ئەو تۆمــاریی ڕووداوەکـان دەکات و ڕووبەڕووی ژمارەیەک دامەزراوەی کۆمەڵایەتی و ئایینی و دەوڵەت و کـۆمەڵگە و خێزانـیش دەبێـتەوە. دادگای ئەم وڵاتە سـاڵی ٢٠٠٦ لەبەر بڵاوبوونەوەی بابەتێک لەبارەی سێکس لە مەغریب لە گۆڤــاری (نیشــان) هەر یەکە لە ڕۆژنامەنووســان (ئیــدریس ئکسیکس) و (سـەنا ئەلعاجی) بە سێ سـاڵ زینـدانی سزا دا. (سلیمان الریســـــــــــــــــــــــــــــــــــــــونی، ٢٤-٨-٢٠١٧، https://www.maghress.com/alyaoum24/936598 ). واتە بـابەتی سـێکس بـابەتێکی بـڤە و قەدەغەکـراوە، بەتـایبەت ئەگەر ئەم بـابەتە بـۆنی (شــەرمەزاریی و وروژانــدن و هانـدان و جووتبــوون و لەشــفرۆشی سێکسی لێبێت).

جــۆرێکی دیــکەی سزای سێکسیــ، سزای سیاســییەکانە، یــان ئەوانەی بەرهەڵستکاری دەسەڵاتن، یان ڕۆژگارێک لە شاخدا لەنێو حزبەکانــدا دەســتدرێژیان کــردۆتە ســەر ئـافرەت و ســووکایەتیان

پێکــردوون، دەکرێــت چەنــدین نمــوونە لەنێــو بــیرەوەریی ئەو پێشمەرگانە بدۆزینەوە، کە وەکو سزا، یان وەکو کارتێکی سیاسی، یان ئیسـتغلال ژنیـان بەکارهێنـاوە، یـان چێژیـان لە ئـافرەت و کچەکـان وەرگرتــووە. لەدوای ڕاپەڕینــیش لەڕێــگەی ئەنتەرنێــت و تــۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا چەندین ئابڕوچوونی سێکسی. ئاشکرا کراوە، بۆ لێدانی پێگەی سیاسی بکەرەکان، یان لەشەڕی ناوەخۆدا پەنایان بۆ ئــابڕووبردن و سزادانی سێکسیـــ دژی یەکــتر بــردووە. ئەمە لە مەغریبیش هەیە و لەزۆر وڵاتی دونیادا ئەم ئابڕووچوونە سێکسیانە وەکــو سزا و شــکانی پــایە و پــێگەی ســیاسی ئەو کەســانە بەکاردەهێنرێــت، کە بە سـێکس و دەسـتدرێژی تاوانبـار دەکـرێن. لەوانە (دۆنالد ترەمپ) و (بیل کلنتن) سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا و هەنــدێک لە ســەرۆکەکانی دیــکەی ئەم وڵاتە. بــڕوانە (غــازی حەســـــــەن،ڕۆژنامەی خەبــــات ١٧ی نیســـــــانی ٢٠٢٣، https://xebat.net/ku/?p=161530). لەبارەی مەغریب دەڵێن "خراپترین شــێوەی سزای سێکسیـــ ئەو سزایەیە، کە دەســەڵاتدارانی نێــو دەسـەڵات لە دژی ژمـارەیەک لە نەیارەکانیـان پەنایـان بـۆ دەبەن، بەکارهێنـانی (چـاپەمەنی دەبلیـوسی) بـۆ ئەوەی لەڕێـگەی نـاوبردنی سـێکس سـووکایەتیان پێ بـکەن. ئەمە بەڕاسـتی قەومابێـت، یـان بە درۆ بێـت، جـۆرێکە لە هەڕەشـەکردن و ئاشـکراکردنی ژیـانی تـایبەتی هەنـدێک کەس، بەڵام ئەم حیزبـانە نـازانن بەم شـێوەیە یـاری بە ئاگرێــک دەکەن، کە ڕەنــگە بەم شــێوازە ئەمــڕۆ ئەم کەســانەی ئۆپۆزسـیۆن، یـان ڕێکخـراوە ڕادیکاڵییەکـان بسـووتێنێت، بەڵام بە ناچـاری سـبەی هەر ئەوانە دەگەنە دەسـەڵاتە باڵاکـانی دەوڵەت و لەبـیری نەکەیـن ئەمە یاسـای یـارییە سیاسـییەکانە، بەتـایبەتی ئەو کــاتەی یــاریکردن لە فەیســبووک و تــویتەر کــراوە دەبێــت". (https://www.maghress.com/alyaoum24/936598). ئەمە لەڕاســــتیدا نێوەڕۆکی سەرەکی و بنەڕەتی گەمە سیاسییەکان و سێکسە.

لەم ڕۆمانــانەی ئــێمە لــێرەدا وەکــو چەنــد دەقــێکی کــوردی لێکۆڵینەوەیــان لەبــارەوە دەکەیــن، هــیچ دادگــایەکی ئەدەبیمــان لە بیرۆکە و مەیلدا نییە، بەڵام هەر کەسێک بەوردی شتەکانی نێوان وشەکان و دێرەکان بخوێنێتەوە، دونیایەک شتمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە ئاســان نیــیە بەشــێوەیەکی سروشــتی پێشــوازیان لێبکرێــت. لەهەندێک شوێن و بەخێرایی چۆتە نێو ئەم باسە، ئەگەر نا وەکو ئــابڕووچونێکی ســیاسی دەســەڵات مــامەڵەی لەگەڵ نەکــراوە. ئەو سیاسەتی وەکو مێژوو، گێڕانەوەی ڕووداوە سیاسییەکان و گەڕانەوە بــۆ هەنــدێک بــابەتی گشــتگیری ســیاسی بەکارهێنــاوە، نەک وەکــو کارتێکی سیاسی و گەمە پیسەکانی نێو دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆن.

## ٢-٨ کەموکورتی لە دیاردەی گێڕانەوە و ژیاننامەی ڕۆمان:

بێگومان بەپێی زانست هیچ شتێک پڕ و تەواو و بێ کۆتایی نییە، ئەوەی ئێستا دروستە، ڕەنگە بەیانی نەگونجاو بێت، بۆیە دەقیش بەهەمان شێوەیە. لەنێوان بیرەوەریی و ژیاننامەدا گونجاو نییە بڵێین کەموکــورتی و نــاتەواویی و کێشــە لەنێــو خــودی دەقەکەدا نیــیە. بەپــێچەوانەوە چــۆن دەوروبەری دەقنــووس کــاریگەریی لەســەر بیرکــردنەوە و شــێوازی نووســین و دەربڕینەکــان هەیە، بەهەمــان شــێوەش ژیــنگە و دەوروبەری خــوێنەر کاریگەریی لەسـەر چــۆنیەتی تێگەیشتن و پێشوازیی و ڕەتکردنەوە و لێکدانەوەی دەقەکە دەبێت. ئەمەش پەیوەستە،بە:

**یەکەم**: بیرەوەری خیانەت لە مرۆڤ دەکات، بۆ نموونە ڕەنگە وابزانرێــت ئەوەی ڕوویــداوە لە تەمەنی ١٥ ســاڵی بــووە، کەچی لەڕاستیدا لەتەمەنی ١٢ ساڵی بووە.

**دووەم**: بەشێوەیەکی هەسـت پێ نەکـراو چـیرۆک و بەسـەرهاتی ژیـانی خـۆی بەشـێوەیەک دەگێڕێـتەوە، کە لەگەڵ (وێـنەی مـن)ی

ئێستا بگونجێت، واتە گێڕانەوەی شتەکان وا دەکات قسەکانی بەپێی کەوتنە تەمەنەوە بێت.

**سێیەم**: ئاستی رۆشنبیری کاریگەری لەسەر کارتێکردنە سێکسییەکان و لەسەر وەڵامی بەشداربووەکان دەبێت، کە قسە لەبارەی بەسەرهاتی خۆیان دەکەن. رەنگە ئەو شتانە بشارێتەوە، کە لەگەڵ هەڵوێستی زانستی نایەتەوە. (آ.س. کون. ١٩٩٢، ٤٠).

"ئێمە ژیاننامە هەر بۆ ئەوە نانووسین، تەنیا بۆ ئەوەمان بێت لە خودی خۆمان دەرچین، یان تێکەڵبوون و نغرۆبوونی دونیای خەڵکی دیکە بگێڕینەوە، نەخێر کارێک ئەنجام دەدەین، تاکو هەستکردن بەبوونی خۆمان زیاد بکەین، هەست و نەستمان لەبارەی خۆمان بەهێز بکەین، مرۆڤ ناتوانێت هەمیشە لەدەرەوەدا پەرشوبڵاو بێت، پەرتبێت لەنێو شت و کەلوپەلەکاندا، بەڵکو ئەو دەبێت دوای هەر کردەیەک، بگەڕێتەوە نێو خودی خۆی، بۆ ئەوەی پەرە بە ژیانی ناخەکی و نێوەخۆیی لەنێو زاتی خۆی بدات" (عبدالعزیز شرف، ١٩٩٨، ٢١).

لە نێو گێڕانەوەکاندا قسەوگوتنی کارەکتەرە جیاوازەکان بەژن و پیاو، بەتەمەن و گەنج هەیە، سەرباری نەتەوە و زمان و کەلتووری جیاواز. رۆمان بریتییە لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە، بریتییە لەچیرۆک و تێڕوانین و بیرکردنەوە و شێواز و جۆری ئاخاوتنی خودی مرۆڤەکان. قسەکەر (من) ئەگەر خودی رۆماننووسیش بێت، نابێت شێواز و جۆر و نیەت و زمانی ئەوانی دیکە بشارێتەوە و هەر خۆی بەشێواز و زار و دەستەواژە و نیەتەکانی خۆی بئاخڤێت.

لەم رۆمانانەدا وەکو خوێنەر هەست دەکەم زمان و شێواز و جۆری ئاخاوتنی رۆماننووس بەسەر کەشوهەوا و تەنیا کەسایەتی کارەکتەرەکانی دیکەشدا زاڵە، ئەم هەقیقەتەم لە گوتاری زمان و

شێوازی گفتوگۆ و ئاخاوتن و مەبەستەکانی نێو ڕۆمانەکە بەرجەستە کردووە.

بەواتایەکی دیکە کەسایەتی و کارەکتەرەکان نین داوای شێوازی سێکس و جووتبوون لەگەڵ ئافرەتەکان بە ڕۆماننووس بڵێن، بەڵکو ڕۆماننووس ئەم دەرفەت و شێواز و پەیوەندیی و چێژ بەخشینەوەیە دروست دەکات. ئەمە بەیەکێک لەلایەنە لاوازەکانی ڕۆمانی ژیاننامەیی بەگشت دادەنرێت، چونکە ڕۆماننووس خۆی بیرەوەرییەکان دەگێڕێتەوە، لەکاتێکدا پێکهاتەی ئاستە جیاوازەکانی ئەم جۆرە ڕۆمانە پشت بەستن بەڕاستیی و هەقیقەت و واقیعە، بۆیە پێویستە ڕاستەقینەیی و واقیع و هەقیقەتی قسەکردن و شێوازی زمان و بەکارهێنانی زاری خۆیان بەکاربهێنرێت. (کاروان) دەبێت بە شێوەزاری خۆی بئاخڤێت و (ئەمجەد مەندیل)یش پێویستە بەشێوەی ناوچەکەی خۆی و شاعیرێک بە زار و شێوازی خۆی و بازرگانێکیش بەزمانی خۆی دەئاخڤێت، نەک هەموویان وەکو (شاگرد) و (شوفێری تاکسی-) وەکو یەک و لەیەک ئاستدا زمان بەکاربهێنن.

ئێمە کە لیکۆڵینەوە لەپێکهاتەی ڕۆمان دەکەین، پێش هەر شتێک دەتوانرێت ئاست و شێوازی ئاخاوتن و ئەو زار و زمانەی کارەکتەرەکان بەکاری دەهێنن و دەستەواژە و دەربڕین و گوزارشتەکانیشیان بەپێی قۆناغە مێژووییەکان لێک بدەینەوە. کە ڕۆمان ئاوێنەی کۆمەڵگە بێت، دەبێت لەهەندێک بواردا وردەکاریی شتەکانیش بەکاربهێنرێت. ناتوانم بڵێم ڕۆماننووس دەبێت وەکو بیرکردنەوە و خواستی منی خوێنەر بنووسێت، نەخێر بەڵام ڕەچاوکردنی ئەرک و گوتار و پێکهاتەی ڕۆمان گرنگە، چونکە ڕۆمان لێکدانەوەی فەلسەفیی بابەت و شت و ڕووداو و کەسەکان و بەسەرهاتەکانی سەردەمی نووسینەکەیە.

**" هـــیچ ژانـــرێکی ئەدەبی، هێنـــدەی ڕۆمـــان بە کولتـــووری نەتەوەیەک ئاشنامان ناکات، ئاخر سیستەمی بیرکردنەوە، چۆنیەتی ژیان، خەباتی خەڵک و دابونەریت، کەم و زۆر لە ڕۆمانـدا ڕەنـگ دەدەنەوە. قسەی نەستەق کە زادەی ئەزموونە، بەشێکی گرنگە لە کولتـووری مـیللی و جۆرێـک لە ڕەسـانەیەتی بە کـارە ئەدەبیـیەکە دەبەخشـێت. وەک چـۆن قســەی نەســتەقی هــاوبەش لەنــاو میللەتانـدا هەیە، هەر میللەتێکـیش قسـەی نەسـتەقی تـایبەت بە خـۆی هەیە. وەک کەموکووڕی وایە، ئەدیبێکی ڕیالیسـت بـین و لە دیالۆگی کارەکتەرەکانمدا، هـیچ قسـەیەکی نەستەق ئامادە نەبێت، تەنانەت ڕەنگە لە دەستپاکیی نووسەری وا کە بە درێژایی ڕۆمانێکی تووشی قسـەیەکی نەستەقی باوی ناو میللەتەکەی نابین، بکەوینە گومانیشـەوە." (حەمە سـەعید حەسـەن، ڕێگای کوردسـتان، ١٣-٦-٢٠٢٣). لەبەر ئەوە زۆر گــرنگە گـــرنگی بەزمـــان و شـــێوازی بەکارهێنانی زمان و ئاخاوتن و گفتوگۆکان بدرێت، زمان پەیوەندیی لەنێوان شتەکان دروست دەکات و هەر زمانی دەقیشە پەیوەندیی بە خوێنەرەکانی دەکات و ڕاپەڕاندنی گوتاریشە پێکهاتەی کۆمەڵگە و کەسـایەتی کەسـەکان و شـێوازی گەیانـدنی پەیـام و ڕاپەڕانـدنی کردارەکانمان پێ ئاشنا دەکات.**

"نـاتوانین لەدەرەوەی کـۆمەڵگە و ڕۆشـنبیری لە سێکسی۔ مـرۆڤ بگەین". (ا.س. کون، ٤٢). واتە ڕۆمان کە خرایە دەرەوەی کۆمەڵگە و بـووە شـتێکی وشـکی خـودی و نووسـەر هەمـوو شـتێک بەئاقـاری بیرکـردنەوەی خۆیـدا ببـات و فکـر و پێکهـاتەی چینـایەتی و کێشـە کـــۆمەڵایەتی و ئـــابووری و فکرییەکـــان بەلاوە بنێـــت، دەقەکەی دەکوژێـت. (حەمە سـەعید حەسـەن) لەبـارەی ڕۆمـانێکی (حەنـا مینە)ی ڕۆمـاننووس کەبـارەی (دوو ژن) دەڵێـت: **"ململانـێی نێـوان دوو ژن کە تێیـدا خەبـاتی ڕزگـاریخوازی و تێکۆشـانی چینـایەتیی پـــێکەوە گـــرێ دراون، نمـــوونەیەکی جـــوانی ئەدەبی ڕیـــالیزمی سۆسیالیستە، تێیدا فیکـر خزمەتی بە هـونەری گێڕانەوە کـردووە،**

**نەک بە پـــێچەوانەوە. ململانـــێی نێـــوان دوو ژن، ڕیـــالیزمێکی وشکوبرنگ نییە، ئاخر تێیدا سنوورێک نییە خەون لە واقیع، یان وەهـم لە حەقـیقەت جیـا بکـاتەوە، ئەم لایەنەیـش خـزمەتی بە پۆیەتیکـای ڕۆمـانەکە گەیانـدووە".** (حەمە سـەعدی حەسـەن، ڕۆژنـامەی ڕێگـای کوردسـتان، ژمـارە (١٣٤٤) سێشـەممە ١٣-٦-٢٠٢٣، ٨).

لایەنـێکی دیـکەی کەموکـوورتی بەکارهێنـانی زمـانە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە، بەواتایەکی دیکە زمانی ڕەگەز و جێندەرە. شێوە و شـێوازی ئاخـاوتنی ئـافرەت گەلێـک جـار بەهـۆی سانسـۆری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵگە و خێزان سنووردارە، یان پیاو لەبەکارهێنانی زمان دەرفەتی ئازدانە ئاخاوتنی پترە. بۆ نموونە بەکارهێنانی (جوێن و سووکایەتی و شکان و سێکس.. تاد) لەنێو کۆمەڵگەدا لای نێر و مێ جیاوازە. "ئافرەت ئازادی پترە لەپیاو لەقسەکردن لەنێو ماڵەکەی خۆیدا، واتە سنووری بەکارهێنانی ئەم جۆرە زمانەی کە جوێنە لەنێو ماڵەکەیدا پترە لە پیاو، لەکاتێکدا پیاو لەدەرەوەی ماڵدا پتر ڕێگەی پێدراوە ئەم چەشـنە زمـانە بەکاربهێنێـت". (مالـک شـبل، ٢٠١٠، ٦٢). بڕوانە (ایفلین لارکیش، ١٩٨٣ ) واتا لەبەکارهێنانی زمانیشدا مێیـنە لەژێـر فشـارە و سزای کـۆمەڵایەتی دەدرێـت. ئەم جـۆرە گـێڕانەوەیە لە نێـو ڕۆمانەکـانی (کەمـال سـەعدی) دا هەیە، حەماسـەتی وێـنە قەدەغەکراوەکـانی سـێکس لایەنەکـانی دیـکەی هونەری بەکارهێنانی زمان و قسەی نەستەق و ململانێی چینایەتی و زمانی کۆمەڵایەتی نێر و مێی لەبیر کردووە. ڕۆمان بەر لەهەر شتێک فکر و کێشەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیە.

نەک هەر ئەوە نووســـین پرۆســـەیەکی ئـــاڵۆزە، خودێـــک دەینووسێتەوە، بەڵام کە دەیخوێنینەوە خۆمانی لەنێو دەدۆزینەوە، چونکە باسی خـودی مـرۆڤ و بـوون و کێشـە و دەروون و دەوروبەر دەکات. لەهەمان کاتدا وەکو بـورخێس دەڵێـت: **"ئینسان لە هەوڵی**

ئەوەدایە، خۆی لە حەقیقەتدا چۆنە، ئەوە نیشان بدات، خۆی وەک هەیە، نەک وەک ئەوەی دەوروبەر دەیانەوێـــــــــــت". (بـورخێس) ئەو بـیرۆکەیەی لە چیرۆکێکیـدا دەربڕیـوە کە بـاسی پڵنگێک دەکات، هەموو ژیانی بۆ ئەوە تەرخان کردووە، پڵنگبوونی خـۆی بسـەلمێنێت. (لـوو کلێزیـۆ) زۆر بەو چـیرۆکەی (بـورخێس) سەرسـام دەبێـت و بـۆ ئەوەی لەبـارەی (هینـدییە سـوورەکانەوە) بنووسێت، دڵی بەوە ئاو ناخواتەوە، لەبارەیانەوە بخوێنێتەوە، یان گوێ لە بەسەرهاتیان بگرێت، بەڵکو دەچێت لەگەڵیاندا دەژی، وەک گەشـتیارێک نـا، تەواو وەک یەکێـک لەوان، ئـاخر نووسـین لای ئەو، (رۆیشتنە بۆ بینینی ئەودیوی گردەکە) و (نابێت نووسەر هەر پشت بە زەینی خۆی و بە وشەی ساردوسڕ ببەستێت.) (لوو کلێزیـۆ) نووسـەرێکە بێـدەنگ، زیـاتر بـیر دەکـاتەوە و ڕادەمێنێـت، وەک لەوەی قسـە بکات، کە قسـەی هەبـوو بـۆ گـوتن، دەچێـت دەنووسـێت. ڕەنـگە ئەو خـووە لە خەڵـکی بیابـان و (هینـدییە سوورەکانەوە) فێر بووبێت، ئاخر ئەوانیش حەزیان لە بێدەنگییە و ترسـیان لە تەڵەی گـوتن هەیە. (لـوو کلێزیـۆ) لە بێـدەنگییەوە فـێر بـووە، کـورتبڕی ڕەچـاو بکات، بـایەخ بە ئامـاژە، سـیمبۆڵ، وێـنە و سرووت بـــــــدات". (حەمەســــــــــەعید حەســــــــــەن، https://www.facebook.com/profile.php?id=100090810527179).

گرنگە ئەم بنەمایانە لەبەرچاو بگرین:

**یەکەم**: ڕەوشتی واقیعی ئەندامەکانی کۆمەڵگە، شێوەی چالاکییە سێکسییەکانیان، کە پێی دەناسرێنەوە.

**دووەم**: هەڵوێست و بیرکردنەوەکانیان، پەیوەندییان بەم دیاردانە چییە.

**سێیەم**: دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و چۆنیەتی ڕێکخستنی ژیانی سێکسی. وەکو خێزان و ژنهێنان و شێوازەکانی دیکە پێکهێنانی خێزان و بەیەکگەیشتنی دوو کەس.

**چوارەم**: ڕەمزە ڕۆشنبرییەکان لەو چوارچێوەیەدا بایەخی سێکس و دەرکەوتەکانی، هەروەها مەزەندە ئایینییەکان لەبارەی سروشتی جیاوازیی لەنێوان ڕەگەزی نێر و مێ و نێوەڕۆکی سێکس کردن دەگرێتەوە.

**پێنجەم**: بۆنە و دابونەریتێک لە ڕێگەیەوە کار و کردەوەی وەکو ڕێورەسم و بۆنەی ژنهێنان و ئاهەنگی شەکراو خواردنەوە و ئاهەنگەکانی دیکەی دەگرێتەوە. (آ.س. کون، ١٩٩٢، ٤٧).

لەنێو دەقەکاندا هەندێک لەکارەکتەرەکان بیر لە سێکس لەگەڵ لەشفرۆسەکان بەڕێگەی شەرعی دەکەنەوە. بۆ نموونە (ئازا) لەگەڵ یەکێکیان هاوسەرگیری کاتی دەکات، یان (شێخ فەرهاد) لەپێناو مافی نیشتەجێبوون و سەردانی بەردەوام بیر لە ژنهێنان لەگەڵ یەکێک لە ئافرەتە لەشفرۆشەکان دەکاتەوە. لە ئێرانیش بەهەمان شێوە (شوفێرەکە) پێیان دەڵێت دەتوانن وەکو زۆر گەشتیاری دیکەی کوردستانی باشور هاوسەرگریی کاتی بۆ چەند ڕۆژێک بکەن و تا دەمێننەوە کاتێکی خۆش بەسەر ببەن. لە (خانمباز) دەڵێت: "لەو ماوەیەدا بەشێوەیەکی کاتی هاوسەرگیری لەگەڵ ژنانی ئێرە دەکەن و خۆیان نوێ دەکەنەوە" (خانمباز،١٧٨). یان لە (شەوانی ئێریڤان)دا دەڵێت: "ماهیر کرمانجیش بێ ئەوەی پرسیاری لێ بکەم وتی: من لەجیاتی کەسوکاری لەگەڵی هاتووم، هەر لەوێش مارەی دەکەین و منیش دەبمە شایەت لەسەر مارەکردنیان لەیەکتری. منیش وتم: ئەو زۆر لە تۆ بچووکترە، مێردت پێ دەکات؟ بەپێکەنینەوە وتی: خۆشەویستمە، ماوەیەک پێش ئێستا لە هەولێر بوو، خانووێکم بۆ گرتبوو، خۆم کرێیەکەم لە جیاتی دەدا". (شەوانی ئێریڤان، ١٤١). (نەوزاد دۆخین بە فەرهادی وت: بۆچی تۆش وەکو ئەو ژنێکی ئەرمەنی ناهێنیت و لەکۆڵ ئەو جرت و فرتە دەبیتەوە و شوێنێکیشت دەبێت لێی بحەوێیتەوە". (شەوانی ئێریڤان، ١٠٧). "ئەوەبوو بەشایەتی خۆم و کاروان لەیەکترم مارەکردن و بە ئازام

وت: ئێستا ئێوە حەڵاڵی یەکترن و هاوژینەکەت براژنی ئێمەیە. کاروان وتی: خۆزیا لەیەکترت مارە نەدەکردن، بەڵکو ئێمەش هەندێک دەستبازیمان لەگەڵ دەکرد و ماچێکمان لەو ڕوومەتە سپی و تەنکانەی دەکرد..... ئازاش وتی ئەو براژنتانە نابێ بە چاوی حیز تەماشای بکەی..... کاروان جارێکی دیکە دەڵێت: لە قوونی هاوسەرگریی وەهابەم، ئەو ژنە سەماکەرە و هەر شەوێ دەستی لەناو دەستی پیاوێکە، چ شەریعەتێک ڕێگا بەم هاوسەرگیرییە دەدات!!". (شەوانی باکۆ، ١٣٢-١٣٣).

ناتوانم بڵێم ڕۆماننووس ئەم شتانەی کتومت نەبینووە، هەموو شتەکان لە ڕاستی دەچن، گانکەری کوردیی موسڵمان، دەیەوێت چێژ وەرگرێت و سێکس بکات، لەهەمان کاتیشدا لە خوا و سزای دوارۆژ و زینا دەترسێت. ڕۆماننووسیش بۆ پتر سەلماندنی بۆچوونەکانی و ساخکردنەوەی ئەم بیرۆکە و ڕووداوانە دەڵێت: "ئەم جۆرە هاوسەرگیرییە لەناو شیعە مەزهەبەکان باوە و پێی دەوترێ (زەواجی موتعە)، زەواجێکی کاتیە و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو دەبێت". (شەوانی باکۆ، ١٣٣). ئەم دیاردەیە لە ئێراندا باوە و کەسانێک بەناوی گەشت و دکتۆر دەچنە ئەم وڵاتە و بۆ تێرکردنی سێکسی-خۆیان (زەواجی موتعە) دەکەن، بەمە خۆیان لەگوناە و ئازاری قەبر دەپەرێننەوە و لەڕووی کۆمەڵایەتیشدا هۆکارێکیان بۆ سێکسی-بەدزی و خۆتێرکردن هەیە.

## ٩-٢ بنەمای هاوبەشی ڕۆمانی ژیاننامە و دەقی سێکسی

(حەمەسەعید حەسەن) لەبارەی ڕۆمان و ژیاننامە بیروبۆچوونێکی تایبەتی هەیە و دەنووسێت "ئەوە ڕۆمانێکی خراپە کە بە پەخشانە شیعر دەنووسرێت و بە دارشەقی ژیاننامە و ستایشی-سرووشت ڕێ دەکات، ئاخر خۆ ڕۆماننووس نە بیرەوەری تۆمار دەکات، نە شاعیرێکی ژینگەدۆستە. ڕۆمان ڕەنگدانەوەی ژیانە،

ژیـانیش نەخشـەڕێگەیەکی دیـاریکراوی نیـیە، تـا ڕەچـاوی بکەیـن. ڕۆمان با سوود لە ژیاننامەیش وەربگرێت، بەڵام ژیاننامە نییە، زیاتر زادەی خەون و فانتازیـایە. (بـایەخی ڕۆمـانی عەتـری پاتریکزوسـکیند بەووەو بەندە، بیرۆکە سەیرە، کارەکتەر ناساغە و ڕووداو ناماقووڵە، ئەوەندە ناماقووڵ، تێیدا عەتر لە تاوان چێ دەکرێت.) ڕۆماننووس نە پێشـداوەری دەکات، نە حـوکمی درەنگوەخـت دەدات، ئـاخر خـۆ دادوەر نیـــــیە، چـــــاودێرە".(حەمەســـــەعید حەســـــەن، https://www.facebook.com/profile.php?id=100090810527179).

نووسەری فەرەنسی. (ئەندریە موروا) لەبارەی ژیاننامە ئاماژە بە گرفتێـک دەکات "ئەویـش لەبـیر چـوونەوە و خیـانەتی بیرهـاتنەوە و بیروەریـیە، ئـێمە کە دەمانەوێـت ژیاننـامەی خۆمـان بنووسـینەوە، دەبینـین بەشـێکی گەورەمـان لە ڕووداوەکانی ژیانمـان لەبیر چۆتەوە، سـەردەمی منـداڵی خۆمـان لەبـیر دەچێـتەوە، لەکاتێکـدا هەنـدێک نووســەر زۆر شــتیان لەســەردەمی منــداڵی خۆیــان لەبــیرە وەکــو (تۆلستۆی) و (ئەنتۆنی ترولوب)". (عبدالعزیز شرف، ١٩٩٨، ٢٤).

نـاتوانم لـێرەدا بڵـێم ڕۆمـاننووس هەنـدێک لەشـتەکانی لەبـیر چـۆتەوە، کە بـاسی کەسـایەتی ئـایینی لە گەشـتەکانی تورکیـا و میسرـ دەکات، بەکردەوە ئەوان کەسانی سیاسی ئایینین، یان سیاسییەکان، لەکاتێکـدا ئەو وا نیشـان دەدات، کە خـۆی لە مـاچکردن و لەزەت و چێژ لەقسەکردن شتێکی دیکەی نەکردووە، واتە کردەی جووتبوون و سێکسیـ ئەنجـام نەداوە. لـێرەدا لەبیرچـوونەوە، یـان بەئەنقەسـت لەبیرچوواندنەوەی لەبارەی خـۆی نمـایش کـردووە. ئەمە لەڕاسـتیدا بەیەکێک لە کەموکوورتییەکانی ڕۆمانی ژیاننامە.

ڕۆمــاننووس وەردەکــاریی بەســەرهات و ئاخــاوتن و گفتوگــۆ و گوزارشـــــت و تەنیــــا دەرپێ کـــــورتی ژێـــــرەوەی هەر یەک لەکارەکتەرەکانیشیـ لەبیرە، کەچی کردەوەکانی خـۆی، لەو شـوێنە تێ

ناپەڕێـت کە (سزا و لێپێچیـنەوە و ئـابڕووچوون و گونـاهی تێـدایە). ئەگەر نا بیرەوەریی و یادگەکانی زۆر هاوکاریان کردووە، ڕووداوەکان و شــتەکان بە وردی بگێڕێــتەوە، بەڵام لەبــارەی خــۆی ناگــاتە ئەو سنوورانەی پێویستە خوێنەر زانیاریی پتریان لەبارەیەوە بزانێت.

ڕۆماننووس گەشت دەکات چونکە بڕوای وایە "ئەم گەشتانە بۆ مـرۆڤ زۆر پێویسـتن، مێشـکی مـرۆڤ سـاف دەکات و ئەو لـۆدەی لەسـەریەتی کەمی دەکـاتەوە". (شــەوانی بــاکۆ، ١١). واتە نووســەر لەکردەوەدا لە (مێشـک)ی مرۆڤ دەست پێ دەکات، ئەو شوێنەی هەمـوو بیرەوەریی و زانیـاریی و لێکـدانەوە و هێنـانە نـاوەوە و نـاردنە دەرەوەی شـتەکان و لێکـدانەوە و کـارتێکردن و جووڵانـدنی تێـدایە. لەکاتێکـدا ئەو زۆر گەشـت دەکات و بـڕوا بە بـرادەرەکەشی دەکات ئەویش "بڕیار دەدا لەمەودوا هەمـوو هاوینـان گەشـتێک بۆ ئەوروپا بکـات". (شـەوانی بـاکۆ، ١١). کە ئـێمە بـاسی بـیرەوەریی دەکەیـن، پێویستە باسی شوێنی کۆکردنەوەی زانیاریی و تێڕوانین و لێکدانەوە و بینـین و وەرگـرتن و پێـدانی مەعـریفە بکەیـن. ئەمـانەش لەکـردەودا هاوکــاری مـــرۆڤ و کەسی قســـەکەر و هەقـــایەتخوان دەکـــات زانیارییەکـانی بەتەواوی بـیر بێـتەوە، یـان بەنـاتەواویی شـتەکانی بـیر بێتەوە. لەکاتێکدا هەنـدێک بە مەبەسـت نایانەوێت هەمـوو شـتێکی خۆیـان وەکـو بـیرەوەریی و بیرهـاتنەوە ئامـاژە پێ بـکەن. بـۆ نمـوونە لەباسی (ئەمجەد مەنـدیل) و (ئاکۆ) لە دوو ڕۆمـانی جیاوازدا، کە پێ دەچێـت هەردووکیـان یەک کەس بـن و لەزۆربەی گەڕانەکـانی نـاو شـــاری هەولـــێر و گەشـــتەکانی بـــۆ دەرەوە لەگەڵ ڕۆمـــاننووس بەیەکەوەن. لەباسی ئەودا ڕۆماننووس هەموو شتێکی لەبارەی ئیمان و نـوێژ و مـزگەوت و قرچـۆکی و چـۆنیەتی هەڵسـوکەوتەکانی لەبـیرە، بەڵام ئێمە بەڕوونی و ئاشکرا نازانین خۆی چۆن مامەڵە لەگەڵ نوێژ و مـزگەوت دەکات، لەکاتێکـدا لە ڕۆمـانی (حەج و عـومرە) دەچێـتە سـعودییە، لەوێ تەواو دەبێـت دەچێـتە تورکیـا و میسرـ بەنیـازی ڕابـواردن و پشـوودان. ئەمە ناڕاسـتەوخۆ لەنێـو ڕۆمانەکانـدا هەسـت

پێ دەکەین، کە ڕۆماننووس کەسێکی نوێژکەری بڕواداری وەکو ئەمجەد مەندیل نییە. مەبەستم ئەوەیە لەوەسفی ئەوانی دیکەدا ڕاستەوخۆ دەئاخڤێت و لە وەسفی خۆیدا لەزۆر شوێن دەبێت خوێنەر بەدوای ئاشکرا کردنی نیەت و ڕەوشت و ڕەفتارە سێکسییەکانی ڕۆماننووسدا بگەڕێت، واتە ناڕاستەوخۆ لەبارەی خۆی شتەکان دەگێڕێتەوە و وەسفەکانی دەچنە خانەی ناڕاستەوخۆ.

ئەگەر سەرنجی ئەم خاڵانە بدەین باشتر ئەو بوارەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە:

**یەکەم**: لێکچووان و پێکچوونی سێکسی، لەیەکچوونی تاک بەم ڕەگەزە، یان ڕەگەزێکی دیکە، پێویستی بە هوشیاری خودی دەبێت، سەرباری هێزی پۆلێنکردنی خودی چونکە ئەم لەیەکچوونە سێکسییە لای مرۆڤ هاوشێوەی لای گیانەوەران نییە. ئەم ڕەوشتە جیاوازیی لەنێوان نێر و مێ لەڕێگەی نیشاندانی هێزیانەوە و ڕێگە و شێوازی هەڵسوکەوتیان دەگرێتەوە. کوڕ لە کچ چالاکترە، بەزۆری بەشداری لە یارییە جەستەییە بەهێزەکان دەکەن.

**دووەم**: ڕەوشت و ڕەفتاری سێکسی بەپلە و شێوەیەک لەشێوەکان لەیەکچوونێک لەنێوان مرۆڤ و گیانەوەری تێدایە.

**سێیەم**: جیاوازی سێکسی دیاریکراو هەیە، بەڵام بەشێوەیەکی نەگۆڕ و بەردەوام نییە، ئەمەش لە کردەی مەعریفەدا پەیوەستە بەخێرایی لەکاردانەوەی کردەی دەروونی و فێربوون و توانستی عەقڵی و هی دیکە.

**چوارەم**: ئارەزووی سێکسی، ڕەغبەتێکی ئیرۆتیکییە بۆ هاوڕەگەزی لەنێوان ڕەگەزەکاندا. (ا.س. کون. ١٩٩٢، ٦٢).

نووسەری ژیاننامەی کەسی "خودی خۆی دەخاتە نێو بابەتە هەڵبژێردراوەکە، وەکو (مۆریس بلوندل) دەڵێت هیچ شتێک بۆ مرۆڤ نییە، تەنیا خودی خۆی نەبێت). (عبدالعزیز شرف،

١٩٩٨،٢٦). لەنێو هەر چوار ڕۆمانی (کەمال سەعدی)یشدا خودی خــۆی خســتۆتە نێــو بــابەتە ســەرەکی و لاوەکییەکــان، تەنیــا ئەو بەســـەرهاتانەی کەســـانی دیــکەش دەیگــێڕنەوە، بە جۆرێــک لە جۆرەکان ئەو یان شتێکی لێ دەزانێت، یان بەشێکی ئەو دەیگێڕێتەوە، تەنیـا باســە مێژووییەکـانی نێـوان ئازەربایجـان و ئەرمینیـا و شــەڕ و ناکۆکیی نێوانیشیان هەر ئەو خۆی باسی دەکات، واتە ئەو هەر تەنیا پاڵەوانێکی نێو کردە سێکسییەکان نییە، بەڵکو شارەزاییەکی زۆریشی لەبارەی سیاسەت و مێژوو و ناوچەکان و چۆنیەتی گەشت و ئایین و ڕووداوە مێژووییە ئایینەکانیش هەیە.

"ڕەوشــتی سێکسی۔ سروشــتی دەروونــیی بــریتییە لە ئەنجــامی کۆششی۔ هــاوبەشی سروشــتی و پەروەردە". (آ.س. کــون، ١٩٩٢، ٧٩). لە بەشـێکی ڕۆمانەکانـدا ئەگەر بەئامـاژەی خـێرا و کـورتبڕیش بێت ڕۆماننووس زۆر لەمەسەلەکان و ڕووداووکان و تەنیا گێڕانەوە و گفتوگۆکـانیش دەبەســتێتەوە بە مەعــریفە و پەروەردەوە. لەبــارەی گەشـت بـۆ ئازەربایجـان دەڵێـت: "ئەوانەی کە بـۆی دەچـن، وەکـو باسی دەکەن، زیاتر گەنجان ڕووی تێ دەکەن، ئەوەندەی بۆ کەسانی سەڵت دەست دەدات، بۆ خێزان دەست نادات. وڵاتێکی خۆش و دڵــڕفێنە. وتــم: بەکــورتی شــوێنی ڕابــواردن و خۆشــییە. وڵاتــێکی گەشتیارییە، پێشتر بەشێک بووە لە یەکێتی سۆڤیەت، بەڵام دوای هەڵوەشانەوەی لە ٣٠ ئۆغستۆسی ساڵی ١٩٩١ لێی جیابۆتەوە و ســەربەخۆیی خــۆی ڕاگەیانــدووە. یەکێــک لەو شــەش دەوڵەتەی نـاوچەی قەوقـاز لە ئۆراسـیا، دەکەوێـتە سـەر دەریـای قەزوێـن...". (شەوانی باکۆ، ١٢-١٣). لە شـوێنێکی دیکەدا لەبارەی هوتێلەکان بە مەکتەبەکـانی پلیـت فرۆشــتن و گەشــت دەڵێــت: "لە ئەنتەرنێــت ســەیری دەکەم، ئەگەر پێـنج ئەسـتێرە نەبـوو، هەروەهـا لەدەریـاش نزیک نەبوو، گلەیتیان لێ دەکەم". (شەوانی باکۆ، ١٤).

لەبارەی هونەریش دەڵێت "من ئەو شارەم نەبینیوە، بەڵام وەک هونەرمەنـدێک زۆر سەرسـامم بە کارە هونەرییەکانی هونەرمەنـدە ئیتاڵییەکان بەتایبەتی تابلۆکانی لیۆناردۆ داڤنسی. و مایکل ئەنجیلۆ، زۆربەی کارە هونەرییەکانی ئەو هونەرمەندانە لە مۆزەخانەی شای فلۆرەنسـا هەڵگـیراون". (خانمبـاز، ٢٠٨). هەرچەنـدە لەم دەقەدا هەوڵی داوە زانیـــاریی و مەعـــریفەی سێکسی ـــ و چـــۆنیەتی پەیوەنـدیکردن بە ئافرەتـان و سـێکس و کـردەی چـێژ وەرگـرتن لەڕێـگەی پرسـیارە ورووژێنەرەکـان لە شـەوکەتە فەنـدی بزانێـت و شـتەکان ئاشـکرا بکـات. لەهـیچ شـوێنێک وا خـۆی نیشـان نـادات هەنـدێک لەو شـتانە نازانێـت، لەڕێـگەی جـۆری پرسـیاریی و گفتوگۆکانەوە دەیەوێت وەکو کەسێکی زاڵ نمایشی خۆی بکات.

لەزمانی "ڕەوانبێژی عەرەبیدا گوتن و واتا جیاوازیی لە پێوانکردنی ڕەگەزی سێکسی. دروسـت دەکـات، باشـترین قسـەکردن و گـوتن چاکەیە و واتـای کچێـنی دەگەیەنێت. واتە گـوتن دەبەسـترێتەوە بە چـاکە و واتـاش دەبەسـترێتەوە بە کچێـنی. ئەمە ئەوەمـان بـۆ دەردەخات بۆ پیاو وشەی گوتن و بۆ ئافرەتیش واتا بەکارهێنراوە. گوتن واتا ملکەچی خۆی دەکات وەکو چۆن پیاو ئافرەت ملکەچی خۆی دەکات. دوانەیی گوتن و واتا وەکو دوانەیی دوو هاوسەر وایە، کارلێکردنیشـیان وەکـو کـارلێکردنی سێکسی. نێوانیـان وایە" (علـی عبدالحلیم حمزة، ٢٠٠٣، ١١ ).

لە ڕۆمانەکاندا (پیاوە گەشتیارییەکان، ئەو پیاوانەی لە وڵاتەکانی دیکە دەژین و بەڕەگەز خەڵکی وڵاتێکی ڕۆژهەڵاتن، خاوەنی (گوتنن) و قسـە دەکەن، ئەمەش بەواتـای پێـدانی پـێگە بە پیـاو دێـت، ئـافرەتیش وەکـو (واتـا) ملـکەچ و پاشـکۆی گـوتنەکە، کە گوتمـان بـریتییە لە (پیاو) دێت. ئافرەتەکان بەگشـتی نمایشی. پاشـکۆبوون و ملکەچی و ڕاکشان و واتایەکی چێژ بەخش و تێرکردنی پیاو دێت، زۆر گفتوگـــۆ نـــاکەن، گفتوگۆیەکانیشـــان تەنیـــا ڕازیکـــردن و

زەمینەخۆشــکردنە لەبەردەم پیاوەکــان بــۆ ئەنجامــدانی کــردەی سێکسی. ئەمەش لەڕاستیدا لەپەیوەندیی لەپێشینە و خۆشەویستی نەهاتووە، بەڵکو لە پەیوەندییەکی کاتی لەناکاوی نایەکسان هاتووە. نایەکســان لە تەمەن، لە زمــان و چــێژ و کەلتــوورەوە. کەلتــووریکی ئیسلامی ئەو پیاوە گانکەرانەی بەمەبەستی ڕابـوواردن گەشتی ئەو وڵاتانە دەکەن، (گوتن) دەسەڵات و پێگەی نێرایەتیان پێوە دیارە. ئافرەتەکـانیش نیشـانەکانی (واتـا) بە واتـای پاشـکۆبوون و خــزانە باوەشی پیاوە سێسکییەکان و کانگەرەکان نیشان دەدەن. بۆ نموونە لەســەر زاری (ســەیاح پەقــرەج) دەڵێــت: "کە گەنــج بــووم، دراوسێیەکمان هەبوو، دوو ژنی هەبوو، هەردوو ژنەکانی حەزیان لە مــن کردبــوو، منــیش پەیوەنــدیم لەگەڵ هەردووکیــان بەســت. هەرجارێـک هاوسـەرەکەیان لەوێ نەبـا، دەچـوومە ماڵیـان، لەگەڵ هەردووکیان دەخەوتم و پەقرەجێک ئاوم بۆ تێ دەکردن". (خانمباز، ١٩٦). یان دەڵێت: " گانکەرەکان لەدوورەوە دیارن، چاو حیزن، بە بیانووی دانیشتن، یان سڵاوکردن، یان هەر بیانوێکی تر، لێیان نزیک دەبـنەوە و بە سـینگی ڕووت و جەسـتە سێکسـییەکانیان فریویـان دەدەن، بۆ سێکسکردن لەگەڵ خۆیان دەیانبەن". (شەوانی ئێریڤان، ٨٧). دەتوانین دەیان نموونەی لەم جۆرە لەنێو هەر چوار ڕۆماندا دەستنیشان بکەین، کە واتای (گوتن و واتا) گوتاری (دەسەڵاتی نێر و پاشــکۆبوونی مێ) ڕادەپەڕێنێــت، گوتــار لەکــردەوە ڕاپەڕانــدنی مەبەست و خواستێکە بە وشە و گوتن. یان دەڵێت "ئەگەر دەمزانی ڕۆژێک دێت، لە بەرامبەر شاجوانێکی ئازەری دەبینمەوە، قەت لەو فرسـەتەم بـاز نەدەدا، لەبەر خـاتری ئەو خـۆم فـێری زمـانی تـورکی دەکرد". (شەوانی باکۆ، ٢٣).

بەکورتی دەتوانین بڵێین:

**یەکەم**: رۆمـاننووس بەشـێوەیەکی گشـتی لەپێنـاو نیشـاندانی ئـارەزووە سێکسـییەکان پیـاوی لای خۆمـان و بـرسی سـێکس بیرەوەرییەکانی دەگێڕێتەوە، ئافرەتیش ئامرازێکی کاتی لەشفرۆشە.

**دووەم**: لەم دەقانەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئافرەتەکان ئازادن و بەئاشکرا جەستەی خۆیان لەپێناو بەدەستهێنانی شتێک کە (پارەیە) نمایش دەکەن، پیاوەکانی وڵاتی ئێمە ئازاد نین، لەپێناو دۆزینەوەی جەستەی ئەوی دیکە، گەشت بۆ وڵاتەکانی دیکە دەکەن و لەوێ بەردەبنە جەستەی ئافرەت.

**سـێیەم**: هـیج سـووکایەتییەک بە ئـافرەت و جەسـتەی ئـافرەت لەنێـو ڕۆمانەکانـدا بەدی ناکرێـت، بەپـێچەوانەوە هەنـدێک وێـنەی (گـاڵتەکردن، خـراپ بیرکـردنەوە لە سـێکس، نەبـوونی ڕۆشـنبریی سێکسی ـ و لاوازی لە مەعـریفەی سێکسی ـ لای پیاوەکـان .. تـاد) بەدی دەکرێت.

**چـوارەم**: پیاوەکـان کە خـاوەنی پـێگەی (گـوتنن) لەپێنـاو خـۆ ڕزگـارکردن پەنـا دەبەنە بەر (گەشـت و سـێکس و چـێژ)، هەروەهـا ئافرەتەکان کە خـاوەنی (واتـا)ن کێشـەی ڕزگاربوونیان نییە، جـونکە ئەوان لەدەرەوەی (خۆشەویسـتی و پەیوەنـدی کـۆن و ناسـینی لەوەپێشی ـ پیاوەکان) و (واتـای سێکسی ـ خۆیـان) وەکـو پیشـەیەکی ڕۆژانە بـۆ پەیداکردنی نـان و پێویسـتی ڕۆژانەیـان بەئاشـکرا و دوور لە سانسـۆر و سزای (دەوڵەت و کۆمەڵگە و ئایین و خێزان) جەستەیان نمایش دەکەن.

## ٢-١٠ جوێن و سێکس و زمانی پراگماتیکی لە نێو ڕۆمانی ژیاننامەدا

زمانی پراگماتیک واتە چۆنیەتی بەکارهێنانی خودی زمان لەپێناو بەدیهێنانی مەبەستێک و ئامانجێک، لەڕێگەی وشە و ئاخاوتنەوە. سێکس کردن بە زمان و وشە، جۆرێکە لەو دۆخە کۆمەڵایەتییە دەروونییە ڕەوشتییەی مرۆڤ لەپێناو وەسف و گێڕانەوە و دانپێنان و دەربڕینی ڕەغبە و قەناعەتەکانی بەکاری دەهێنێت.


لەکوردیدا دەڵێن ئەو کەسە (زمان پیسە) واتە جوێن دەدات و جوێنەکانیشی ــ بەشێکی زۆری بەواتای "سوکایەتی و نیشاندانی وێناکردنی وێنەی سێکسییە لە ئاخاوتندا بەشێوەیەکی خوازراوی زیرەکانە لەنێو زماندا بەکاردێت لەژێر ڕۆشنایی ئەو پەیوەندییە بێ دەنگ‌راوانەی لەنێوان بەرهەمهێنانی ئەم گوتارە و خودی گوتارەکانیان". (مالک شبل، ٢٠١٠، ٦٣).

( کەمال سەعدی) لە هەندێک شوێندا لەنێو ڕۆمانەکانی بەڕاشکاوی هەندێک دەستەواژە وەکو (جوێن و سوکایەتی)، یان (سروشتی ئاخاوتنی میللیی) بەکار دەهێنێت، لەوانە دەڵێت "دەرچوو ئەو پیاوە خۆی گەواد بووە، بۆ ئیش و کاری خراپ ئەوی بەکارهێناوە". (خانمباز، ١٦٦). کچەکەی (شەوکەتە فەندی) لە گفتوگۆیەک لەگەڵ باوکی دوای گەڕانەوەی لە ئەوروپا و دەیەوێت لە کوردستان بژی، دەڵێت: "باوکە تۆ ڕاستت کرد، خەڵکی ئێرە وا دەزانن هەر ژنێک بە تەنها بژیت، کەسێکی خراپە، بوختانی پێ دەکەن و ناوی دەزڕێنن". (خانمباز، ١٦٨) و لە شوێنێکی دیکەشدا (شەوکەتە فەندی) ڕاشکاونە و بە تووڕەیی دەبێژێت "لەوەتەی ئەو خوشکەم هاوسەرەکەی مردووە و بێ کێر ماوەتەوە، بیبەری تێکراوە، لە هیچ شوێنێک ئۆقرە ناگرێت. ئەو چ کارێکی بە چوونە دەڤەری سۆران هەیە، ئەگەر ئاگر لە قوزی بەرنەبووبێت و نەیخورێت!!". (خانمباز، ١٦٩).

ســـوکایەتی بەجەســـتە، لە شـــێوەی (نمـــایش، وەســـفکردن، ناوهێنان، دەست لێدان، لەزەت و چێژ...) زۆر لەو شتانەمان نیشان دەدات، کە دەکرێت وەکو بەشێک لەسوکایەتی و ناوزڕاندن و جوێن سـەیر بکـرێن. بـۆ نمـوونە بەکارهێنـانی وشـەی (حـیز)، (گەواد) (لووسـکە)، (چـاوحیز) و (بـدەر) ... تـاد بـۆ پیـاوان و (قەحـپە) و (سۆزانی) و (لەشفرۆش) و (چاوشۆڕ) و (قوز و دەیخوریێ) و ... تاد بۆ ئافرەت بەکاردەهێنرێت. ئەمانە بەشێکن لە ژمارەیەکی زۆری ئەو وشـــە و دەســـتەواژە و دەربـــڕین و گوزارشـــت و وەســـفانەی لە پراگماتیکـدا وەکـو (کـردە قسـە)ی پەیوەسـت و نـزیکن لە کـردەی سێکسیـ و شی کـردنەوەی دۆخێـک وبـارێکی دەروونی و ئەخـلاقی و کۆمەڵایەتی. لە گوتاردا وەکو (مەبەست و پەیام و گەیاندنی پەیام و ڕاپەڕاندنی ئەرک و لێکدانەوەی شتەکان) دادەنرێن.

ڕۆمـاننووسی (شـەوانی بـاکۆ) لەسـەر زاری کـاروان بەم جـۆرە وەسفی (ئازا) دەکات "کاروان بە پێکەنینەوە بە ئازای وت: ئازای گەواد چیـت دەوێ، منداڵێکیشـت بـۆ پەیـدا بـووا.. ئـاکو دەڵێـت: دەترسـم پیـاوێکی تـری دەسـت کەوتـبێ، لە بەر ئـێمە وابڵێـت". (شـەوانی بـاکۆ، ١٣٥). جـۆرێکی دیـکەی سـوکایەتی بە جەسـتە و خوودی ئافرەت ئەوەیە، لەپێناو سێکس وەکو گیانەوەرێک وەسف بکرێت، لەم گوزارشتەدا لەسەر زاری حاجییەک دەڵێت "پەشیمان نـــیم، خەفەت بـــۆ ئەوە دەخـــۆم کە چـــۆن لە ســـعودیە ژنە لوبنـانییەکەم نەگـا". (شـەوانی ئێریڤـان، ٩١). ئەگەر لەشـێوازی دەربـڕینەکە بنـۆڕین بۆمـان ڕوون دەبێـت قسـەکردنەکە جۆرێـک لەسوکایەتی بەئافرەتی تێدایە، قسەکە هیچ جۆرە دەربڕینێکی فەرمی تێـدا نیـیە، وەکـو ئەوەی لە شـەقام قسـە بـکەن. لەڕووی کـردە قسـەییەوە ، کـردەی پەشـیمانی و دەسـتی خـۆ گەزیـن و ڕەخـنە لەخۆگرتنی تێدایە.

نووسەری ئەمەریکی (وندل هولز) دەڵێت "مرۆڤ سێ جۆرە. مرۆڤ وەکو ئەوەی خوا دروستی کردووە، مرۆڤێک وەکو ئەوەی خەڵك دەیبینن، سێیەمیشیان ئەو مرۆڤەیە کە خۆی خۆی دەبینێت" (عبدالعزیز شرف، ١٩٩٨، ٢٨).




جۆرەکانی مرۆڤ هەندێک جار خزمەت بە وەسفی کەسایەتی ئەو کەسانە دەکات، کە لەنێو دەقەکەدا ئاماژەیان پێ دەکرێت، (دزی) و (لەشفرۆشی) لەم دەقەدا دوو واتای دژ بەیەکیان پێدراوە کە گفتوگۆیەکی نێوان خۆی (عیزەدین چاو حیز) و (ئەمجەد مەندیل)دا دەڵێت "منیش وتم: ئەوانە دز نین، ئەگەر چاویان لە دزی بێت، بۆ پارەیەکی کەم دەستبەرداری شەرەف و ناموسیان نابن". (شەوانی ئێریڤان، ١٠٥). لەیەک کاتدا سوکایەتی و ناشیرین نیشاندانی ئافرەتە لەشفرۆشەکەی گوتووە و لەهەمان کاتیشدا ستایشان دەکات، کە ئەوانە دز نین. نازانم بۆچی و بەچ قەناعەت و زانیارییەک ئەم دوو وەسفە دژ بەیەکەی لەنێو کەسایەتی کەسێکدا کۆکردۆتەوە. کە بریتییە لە (سوکایەتی و ستایش) لەکاتێکدا کەسە

پیشەکەی بریتییە لە لەشفرۆشی. لەڕووی کردەییەوە پێمان دەڵێت شیکردنەوەی پراگماتیکی ئەوەمان بۆ ساخ دەکاتەوە کە:

لەشفرۆشی پیشەیەکی لە دزیی شەریفانەترە.

دزی کارێکی لە جەستە فرۆشی قێزەوەنترە.

لەشفرۆشەکانیش هەندێک بەها و کەرامەتیان هەیە، ئامادەنین لەدەستی بدەن.

لەشفرۆشی دۆزێکی کەسیی و خودییە (ئاساییە).

دزی کارێکی گشتییە (نائاسییە).

من دەتوانم بڵێم ڕۆماننووس (دز)ی بەکارێکی خراپ و قێزەوەن و خراپ و نەشیاو و دزێو و چی خراپە دادەنێت، کەچی (لەشفرۆشی و دەستبەرداری شەرەف و ناموس) لەپێناو پارەیەکی کەم بە کردەیەکی (شیاو، لەبار، ڕێزلێگیراو، ڕەخنە لێ نەگیراو.. تاد) بەراورد بەدزی وەسف دەکات. لەڕاستیشدا لەهەر چوار ڕۆمانەکەیدا تەنیا (کردەی دزین و قۆڵبڕی لەلایەن ئافرەتە لەشفرۆسەکان) لە میسر-ڕوویداوە و سەد دۆلاریان لە ڕۆماننووس وەرگرتووە و خۆشیان لێی دزیەوەتەوە، ئەگەر نا لەهیچ شوێنێکی دیکەدا کە ئەم هەموو تێکەڵی و بەیەکەوە نووستن و مانەوە لەشوێنی حەوانەوە و نووستن و چوونە یانەکانی شەوان و سەر دەریا و جووتبوون دەگێڕێتەوە، ئاماژە بە دزیی تێدا نییە. بەواتایەکی دیکە ئافرەتە لەشفرۆسەکان جێگەی متمانە بوون، ترسی ئەوەیان لێیان نەبووە دزی بکەن. لای منی خوێنەر ئەمە تێبینی و وەسف و گێڕانەوەیەکی سەرنجڕاکێشی-کۆمەڵایەتییە. ئەم ئافرەتانە جەستەی خۆیان بە پارەیەکی کەم هەرزان فرۆش دەکەن، کەچی دزی ناکەن.

گرنگە ئەمە لەنێو زمانی ڕۆمانەکان دەست نیشان بکرێت، کە ئاماژە بە ژمارەیەک دەستەواژەی کوردی دەدەن لەوەسفی ئافرەت وەکو (کەسایەتییەکی لاواز، لەشفرۆش و ئامادە بۆ پیاو)، یان

دەڵێت "مەگەر ژنی سەر شەقام بن، دەنا چۆن بە دە درام ئەم کارە دەکەن". (شەوانی ئێریڤان، ١٠٧). یان شێخ فەرهاد بە "تووڕەیی وتی: بۆچی من گەوادم". (شەوانی ئێریڤان، ١٠٨). لە هەمان کاتدا کە کابرای عەرەب بەناوی (عەبدول حوسێن) گوێی لە وشەی (گەواد) دەبێت بەشێوەیەکی ئەرێنی وەری دەگرێت و لەگەڵ کارەکتەرە کوردەکان دەئاخڤێت "عەبدل حوسێن بەسری کە گوێی لە وشەی گەواد بوو، هەندێک کارتی لەناو جانتاکەی دەرهێنا و پێی داین و وتی: ئەمە ژمارەی مۆبایلەکەمە، ئێریڤان شوێنی شێلان و ڕابواردن و یانەی شەوانی زۆری لێیە، ئەگەر ویستتان زەنگم بۆ لێدەن، لەلاتان ئامادە دەبم و بە ئۆتۆمبلی خۆم دەتانبەم". (شەوانی ئێریڤان، ١٠٨). لەم دۆخەدا (گەواد)ی نابێتە شتێکی خراپ و نەشیاو، بەڵکو وەکو پیشەیەکی نێو پرۆسەی گەشتیاریی و دۆزینەوەی کڕیار و هاندان سەیر دەکرێت.

هەروەها وەکو (مالک شبل) لە لێکۆڵینەوەکەی لەبارەی سێکس و ڕەگەز لەدەقی ئەدەبی و لەنێو کۆمەڵگەدا ئاماژەی بەژمارەیەک وشەی وەکو ( بێوەژن) و (تەڵاقدراو) و (گەرم لەڕووی سێکسی-) و (بێ بەرهەم، یان نەزۆک) و (وەکو پیاوە، ئامادەیە)، (قەحپە) کردووە. (مالک شبل ، ٢٠١٠، ٦٦-٦٨). دەمانگێڕێتەوە نێو ئەو وەسفانەی کە بەزمانێکی پراگماتیکی ڕاشکاوانە لەنێو ڕۆمانەکانی (کەمال سەعدی)یشدا بەکارهێنراون.

لەنێو دەقەکەدا (ئەمجەد مەندیل) لەبارەی (نەوزاد دۆخین) کە هاوسەفەریانە، دەڵێت "تەماشاکە چۆن وەکو ئاژەڵ لەدوای خۆی ڕایدەکێشێتن گانێک ئەوەندە دەهێنێت پیاو خۆی لەبەردەم ئەم ژنە لەشفرۆشەدا وا سووک و ڕیسوا بکات؟!". (خانمباز،١٣١).

لە گفتوگۆیەکی دیکەدا لەنێوان نەوزاد دۆخین و عیزەدین چاو حیزدا ئاخاوتنێکی نیمچە توند ڕوودەدات، کە سوکایەتی و ناشیرن

باسکردنی یەکتری تێدایە و بەم جۆرە ڕۆماننووس باسی گێڕانەوەی ئەم گفتوگۆیەی کردووە:

"نەوزاد دۆخینیش بە پێکەنینەوە وتی: خۆ ژن نییە تا دەستاوی خۆش بێت!

بەر لەوەی من وڵامی بدەمەوە، عیزەدین چاو حیز وتی: هەتیم تۆ کەی فێری قسەکردن دەبیت، لەجیاتی وەکو ئەو ستایشم بکەیت، کەچی توانجم لێ دەدەیت.

ئەویش وتی: ئەگەر ژن بایت لە بەر ئەو شیوە خۆشانە هەرگیز پیاوەکەت تەڵاقی نەدەدایت.

ئەویش وتی: ئاخر چیت پێ بڵێم هەی نێرەکەر.

محەمەد کۆسەش تەماشای نەوزاد دۆخینی کرد و بە پێکەنینەوە پێی وت: دەزانی ئەو ناوەت زۆر جوان لێ دێت.

نەوزدا دۆخینیش وتی: کۆسەی گەواد هەر تۆ مابووی پێمان ڕابوێریت. ئەویش وتی: تورە مەبە ، ئەم نازناوە بەهەموو کەسێک نادرێت، لای ئێمە ئەوەی کێری زل بێت و زۆر بپەڕێت وای پێ دەڵێن.

عیزەدین چاو حیزیش وتی: بۆیە منیش وای پێ دەڵێم، چونکە ئەو بەشەر نییە ، ژنی پیر و گەنج لەیەکتری جیا ناکاتەوە، هەرچی بکەوێتە بەر حەملەی کێری دەیگێت". (خانمباز، ١٣٧).

لەم گوزارشت و گفتوگۆ گێڕانەوەیەدا لەتەک سووکایەتی (ستایش بە سووکایەتیشی تێدایە). (نێرەکەر ستاسیش و پیاهەڵدانە

بە وشـــەی خـــراپ و نەشـــیاو)، واتە هەنـــدێک وشـــەی نەشـــیاو دەگۆڕدرێت بۆ وشەی شیاو.

بەکارهێنانی وشەی گەواد، زاراوەیەکی نەشیاوە، بەڵام مەرج نییە هەمووکاتێک گوێگر و قسە بۆکراوەکە تووڕە بکات. وشەیەکی باوی میللییە، زۆر جـار بێ مەبەسـت و واتـا هەقیقیـیەکەی بـۆ وەسـفی کەسێک بەکاردەهێنرێت. مەرج نییە ئەوکەسەی پێی دەگوترێت گەواد بەکردەوە گەوادیی بکات.

یان (دەستاوی ژن) و تووڕەبوونی قسە بۆکراوەکە، جۆرێکە لە (بەسووک سەیرکردنی پێگەی ئافرەت) لەکاتێکدا موحەمەد کۆسە بە وشەی گەواد هیچ کاردانەوەیەکی نەرێنی نیشـان نـادات، کەچی پێچووانـدنی بە ئـافرەت لە جێشـت دروسـتکردن و لێهـاتوویی لە بـوارە، قسـە بـۆکراوەکە دڵتەنـگ دەبێـت و کاردانەوەیەکی نەرێـنی نیشـان دەدات. لای کـۆمەڵگەی باوکسالاریشـدا (کـێری گەورە و گانکەری باش) ستایشە بۆ ئەوەی بە نێرەکەر بچووێندرێت.

لەهەمان کاتدا وەکو سەرزەنشـت و خـراپ وەسـفکردنی نەوزاد دەڵێن (بەشـەر نییە و لە گانکردن لەهیچ ناگەڕێتەوە). واتە بەهـۆی ئەم هەڵسوکەوتە خـراپ و بێ بیرکـردنەوە و زۆر پەڕینەی لەسیفەتی مرۆڤانەی دەدرچێت و سیفەتێکی گیانەوەرانە وەردەگرێت.

پێویسـتە ئامـاژە بەوە بـکەم، کە لە شـیکردنەوەی زمـانەوانی ئەم جـۆرە دەقـانە دەگەیـنە ڕاسـتییەک کە مـرۆڤ لەدەرەوەی زمانـدا بـوونەوەرێکی ناتەواوی پڕ لە کەموکوڕییە. زمان (واتا و مەبەسـت و خواسـت و فکـرە و وێنـاکردن) لەنێـو گوتـاری گـێڕانەوەدا بەرجەسـتە دەکات. بـۆ نمـوونە "لەشـفرۆشی ڕووبەڕووی ڕاسـتەوخۆ دانوسـتان لەبـارەی نـرخ و جـۆری خزمەتگـوزاریی پێویسـتی تێـدایە، بـۆ ئەوەی گونجـاون و بەیەک گەیشـتن لەنێـوان گـانگەرەکە و لەشفرۆسـەکە

لەبارەی چالاکی سێکسیـ ڕووبدات". (هاستنغز دونان، فیونا ماغوان، ٢٠١٧، ٢٣٩). لەکاتێکدا ئەم جوێن و ستایش و هێرش و ڕازیبوونە لەنێوان پیاوەکان و ئافرەتەکاندا لەکردەوەدا گونجاون و بەیەکگەیشتن و ڕێککەوتن لەسەر پرۆسەی سێکس نیشان دەدات. ئەوانە کە قسە دەکەن و یەکتر بەزمان سەرزەنشت دەکەن، یان یەکتر بە ئافرەت و نێرەکەر وەسف دەکەن، لەسەر ئەوە بەزمان و زمانی ناخەکی ڕێککەوتوون کە ئەوەی لەگەڵ ئافرەتە لەشفرۆشەکان دەیکەن، کارێکی شیاوە.

(شێرزاد حەسەن) لەبارەی سێکس و نووسین و داهێنان دەڵێت: " زۆر جاران نووسەر پەنا دەباتە بەر بابەتی سێکچواڵەتی و ئیرۆتیکی شاراوە و ئابڕووبەرانە تاوەکو سەرنجی خوێنەرەکانی ڕابکێشێت کە خۆی ورووژێنەرە، بەڵام مەرجە داهێنان بێت نەک فلیمی ڕووت و پۆرنۆ بێت، چونکە دیارە کە سێکس و ئیرۆتیکا بۆ هەمووان جێگەی بایەخە، یان ئەوەتا نووسەری گەنج و هەم بەتەمەن خۆیان لە قەرەی بابەتەکانی ڕامیاری و نیشتمانپەروەری دەدەن بۆ ئەوەی زوو ناوداربن. لە کاتێکدا وەک نووسەر زیرەکانەترە ئاوڕ لە هەموو ئەو بابەت و کەس و پانتاییە فەرامۆشکراوانە بدەینەوە کە نووسەرەکانی دیکە بە بایەخێکی کەمەوە لێیان نزیک دەبنەوە ". (شاخەوان صدیق، ٢٠١٨، https://dengekan.info/archives/5473). نابێت لەبیری بکەین، کە ئافرەت لەم دەقانە وەکو جەستەیەکی لاشەڕی بێ تاوان بۆ بەدیهێنانی خواستەکانی پیاوان بەکارهێنراوە. ئامێرێکە بێ گرفت وەکو کەلوپەلێکی ئاسایی لەڕێگەی (کڕینیانەوە) چێژ و خۆشی بە پیاو دەبەخشن.

"ئەمەش وێنەیەکی نەرێنی ئافرەتە، کە تەنیا وەکو بووکە شووشەیەکی جوان وایە، بۆ گوتاری فرۆشتن نمایش کراوە". (عبدالله محمد الغذامی، ١٩٩٨، ٤٧). لەوە دەگەم کە (ڕۆماننووس) ئامانجێکی فراوانتر لە جەستە و سێکسیـ هەیە، ئەو

دەیەوێـت کەلتـوور و دۆخی دەروونی و پەیوەنـدییە شـاراوەکانی نـێر نمـایش بکـات، بەڵام بێ ئەوەی مەبەسـتی بێـت (ئـافرەت وەکـو کەلوپەلێکی هەرزانی نمایشکراو، نیشان داوە. هەموو ئەو ئافرەتانەی پەیوەنـدییان بە سێکسـەوە هەیە، لە هەسـت و نەسـتە هەقیقیـیە مێینەکەیـان دابـڕێنراون، هـیچ چێژێـک لەو سێکسـە نـاکەن، کە ئەنجـامی دەدەن)، هەروەهـا وەکـو کیـانێکی کـۆمەڵایەتی نێـو کـۆمەڵگەش هەڵسـوکەوت نـاکەن، بەشی هەرە زۆریـان بـوونەتە ئامێرێـک لەپێنـاو بەدەسـتهێنانی پـارەیەکی کەم، جەسـتەی خۆیـان دەفرۆشـن. ئەمەش لە ڕێـگەی زمـانی نێـو دەقەکە بەدی دەکرێـت، چونکە لە نێو دەقدا کارەکان نین خۆیان نمایش دەکەن، بەڵکو زمانە کارەکان و نیەت و مەبەست و کاریگەریی و کارتێکردن و هەستەکان نمایش دەکات.

## ٢- ١١ ڕۆمانی ژیاننامە و کارەکتەری هەقیقی

دەتـوانم بڵـێم ڕۆمـانی (سـەعید زەبـۆکی لای خۆمـان) و دادگـایی کـردنی دەقەکە و نووسـەرەکەی یەکێکە لەو بابەتـانەی سـەرەتایەکی نوێی پەیوەندی نێوان نووسەر و دادگا و خوێنەر و کارەکتەرەکانیشی بەکـردەوە دروسـتکرد. ئەم دەقە دوای بڵاوبـوونەوەی کەسـێک لەدادگا سکالای لەدژ تۆمار دەکات و بە دادگا ڕادەگەیەنێت ئەوەی لە ڕۆمـانەکەدا باسـکراوە، ئەوە ڕێکـو ڕەوان بـاسی ئەوە و دەقەکە بـاسی ئەو و کەسـایەتی ئەو دەکـات. بـۆیە لەدادگـا وەکـو دەقـێکی ژیاننـامەیی و ڕۆمـانێکی هەقـیقی کە بـاس لە کـارەکتەرێکی زینـدووی سـەردەمی ڕووداوەکـان دەکـات، لێپێچـنەوەی لەگەڵ دەکەن و لەکۆتایشـدا (دەقەکە) لە (کـارەکتەرەکەی خـۆی) دەبـاتەوە و بێ تـاوان دەردەچێـت. ڕۆمـاننووسی ئایرلەنـدی "جـێمس جـۆیس" دارکاری کـرا لە سـۆنگەی بڵاوبوونەوەی کـۆمەڵە چـیرۆکی" خەڵکانی دەبلـن" گـوایە ئامـاژەی بە چەنـد کارەکتەرێکی نـاو شـاری "دەبلـن"

کـردووە، کە دەنـاسرانەوە، دەقەکەی گـوایە ئـابڕووبەرە بـووە، هەر خـودی ئەو نووسـەرە وتەیەکی تـووڕەی هەیە کە گوتـوویەتی: "مـن ناتوانم بنووسم بە بێ بریندارکردنی هەستی ئەوانی دیکە!". (نەجیب مەحفــوز)یش لەســـەرینی بڵاوبـــوونەوەی ڕۆمـــانی "منـــداڵانی گەڕەکەکەمـان" لەلایەن ئیسـلامییە تونـدڕۆکان بەر چەقـۆ درا. دوو نووسەری ئینگلیز کە کوڕ و باوک بوون: کە لە دوو قۆناغی جیاوازدا ژیـاون و هەم ئەزموونیشـیان لە یەکـدی نەدەچـوو، پـتر سـەرگەرمی نووسـینی ڕۆمـان بـوون، مـارتن – ی کـوڕی دەیگـوت گەر بـاوکم ڕۆمانێـک سـەبارەت بە خـانەوادەی خۆمـان بنووسـێت، هەمـوو وردەکارییەکان باس دەکات، بەڵام تـوخنی ژووری نووستنی خۆی و دایکـم ناکەوێـت، بەڵام جیـاوازی مـن لەگەڵ باوکمـدا، کە سـەر بەنەوەیەکی تـازەم ئەوەیە، گەر منــیش ڕۆمانێــک ســەبارەت بە خـانەوادەی خۆمـان بنووسـم، بەر لە هەر شـتێک دەرگـای ژووری خەوتنی دایک و باوکم دەکەمەوە. هەڵبەتە مەبەستی مارتن ئاشکرا و ڕوونە. (شـــاخەوان صـــدیق، ســـایتی دەنگەکـــان، https://dengekan.info/archives/5473). ئەمە ئەوەمـــان بـــۆ ڕوون دەکاتەوە ئەم جـۆرە دەقە جۆرێـک لەشـێوازی ئـابڕووبەرانە پەیـڕەو دەکـات، لە باسـکردنی وردەکـاریی ژیـان و شـتە نهێنـیی و بقەکـانی کارەکتەرە هەقیقییەکان و پەیوەنـدی سێکسی۔ و داوێنپیسی۔ و هەر ڕەفتار و خووێکی دیکە کە لای کۆمەڵگە بەسووک سەیر بکرێت و شێوازی هەڵسوکەوت و ڕەفتار و باری دەروونیان دوور ناکەوێتەوە، بەڵکو بەپێچەوانە دەچێتە نێو باسی شتە وردەکانەوە.

دەبێـت ئامـاژەیەک بەو دۆخە بـکەم، کە (کەمـال سـەعدی) دەقەکانی تێدا دەنووسێت، بەزمـانێکی سـادە، بەڵام دەتـوانین واتـا و مەبەستی جیاواز لەنێو دەربڕین و گوتنەکاندا بدۆزینەوە، ئەو بێ پێچ و پەنـا و بەشـێوەیەکی ڕاشـکاوانە بـاسی کارەکتەرەکـان و پێکهـاتە و نەریت و ڕەفتـار و سـێکس و شـتە نهێنییەکانیـان دەکات، ئەو لەوە

ناترسـێت بـاسی بـابەتێکی بـڤەی قەدەغەکـراوی ڕێـگە پێ نەدراوی کارەکتەرەکانی بکات، ئەو باسی پەیوەنـدیی سێکسی. وەکـو بـابەتێکی ئـابڕوبەرانە ناکـات، کە لەکـردەوەدا خەڵـک بە بـابەتێکی خـراپ و ئابڕووبەرانەی داوێنپیسی و نەفرەتلێکراوی ناشیرین و قەدەغەکراوی دەزانن.

ئەو سێکس بەهەموو ڕەهەندە ئابووری و دەروونی و کۆمەڵایەتی و کەسـیـیەکان دەبەسـتێتەوە، ئەو دەزانێـت سـێکس لەلایەن دامەزراوە جیاوازەکـانی وەکـو خـێزان و کـۆمەڵگە و دەوڵەت و ئـایین سانسۆر کراوە و سزای بەدواوەیە، یان سازاندنی تێدایە.

(کەمال سەعدی) پێچەوانەی نووسەرەکانی دیکە لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی لەنێو ڕۆماندا هێندە ڕاستگۆیە، مرۆڤ گومان لە شتە ڕاسـتگۆیەکان و باسـە پـڕ چێژەکـانی بکـات. خـۆی دانابڕێـت، نـاوی خـۆی نەهێنـاوە بە ڕانـاوی کەسی یەکەمی تـاک (مـن) قسـە دەکات، خـوێنەر دەزانێـت ئەوە خـودی خـۆیەتی لە هەر تەنیـا لە جەسـتە و ڕەفتاری کەمال سەعدی ناچێت، بەڵکو بەکردەوە خودی خۆیەتی، زۆر لە کـردەوە سێسـکییەکانی خـۆشی لەگەڵ ئافرەتەکـانی ئـێران و تورکیا و میسر و سعودییە و کوردستان و ئازەربایجان و ئەرمینیا باس دەکات، لە باسکردنی کارەکتەرەکانیش هیچ سنوورێک بۆ قسەکانی خـۆ دانانێـت لە بەکارهێنـانی زمـان و شـێوازی گـوتنی ئەنـدامەکانی زاوزێ و نێریـنە و مێیـنە و شـێوازی ئەنجامـدانی سـێکس و مـامەڵە لەگەڵ ئافرەتە لەشفرۆشەکان و بە تـاک سێکس کـردن و بەکـۆمەڵ سێسـکردن لەگەڵ ئافرەتەکـان، ئەو وەکـو گـێڕانەوەی بـیرەوەریی گەشـتەکانی بەسـادەیی و دوور لە فەنتازیـای بەرهەمهێنـانی دەقـێکی ئەدەبی و گەمەکردن بە زمان و واتا و وێناکردن و ڕەوانبێژیی و خوازە و پێکچوواندن شـتەکانی نووسـیوە، لەکاتێکـدا بەسـادەیی نووسـین کەمێک لە پێگەی ڕۆمانەکانی لاواز کردووە و لەهەمان کاتدا پێگە و دەسـەڵاتی گەیانـدنی گوتـاری ڕۆمـانەکەی ڕوونـتر و ڕاشـکاوانەتر و

ڕاستەوخۆتر کردووە. ئەو نهێنییەکانی خۆشی ئاماژە پێکردووە بۆ نموونە دەڵێت " منیش لەدڵی خۆمدا وتم ئەگەر هاوسەرەکەم بزانێت منیش حەزم لە کچێک کردووە و لەبەر بەدەستهێنانی دڵی ئەو، هاتوومەتەماڵی خوا، فەرتەنەیەک دەنێتەوە ئەوسەری دیار نەبێت". کە چی ئافرەتێک هەر لەماڵی خودا بەسەرهاتی خۆی و مێردەکەی بەم جۆرە دەگێڕێتەوە "مێردەکەم حەزی لە بێوەژنێکی عارەبان کرد و بەسەر منی هێنا، بۆ ئەوەی داوای جیابوونەوەی لێ نەکەم، خەرجییەکانی ئەو زیارەتەی بۆ دابین کردم، دەیزانی دەمێکە من چاوم لەزیارەتی مەککە و مەدینەیە بۆیە بەوە بێدەنگی کردم. شەریعەتی ئیسلام ئەو زوڵمەی لە ئێمە کردووە و ڕێگەی بە پیاو داوە چوار ژن بێنێت، لەبەر منداڵەکانم نامەوێ لێی جیا بمەوە، کچەکانم کاتی شووکردنیانە، حەزناکەم بەهۆی منەوە پەڵەیەکی ڕەش بەنێوچەوانیان بنووسێت". (حەج و عومرە، ١٠٠). هەردوو ڕووداو و بەسەرهات لە یەک شوێن و کاتدا دەگێڕێتەوە، باسی خۆی و ژنێکی دیکە دەکات، کە مێردەکەی ژنی بەسەردا هێناوە. ئەوەیە یەکەمیان کە پەیوەندیی بەخۆیەتی (هاتنە ماڵی خودا)یە بۆ بەدەستهێنانی دڵی کچەکە، لە ئیمانەوە سەرچاوەی نەگرتووە. ئەوەی دووەمیان پاداشتی پیاوێکە بۆ ژنەکەی، بۆ ئەوەی بەئاسایی و ئارامیی و دڵنەواییەوە (ڕەزامەندی لە جووتبوون لەگەڵ ژنە عەرەبەکە) بەدەست بێنێت.

یەکەمیان باسی بەکارهێنانی ئایین بۆ بەدیهێنانی دڵی خۆشەویستەکەی دەکات، دووەمیان بێدەنگ کردنی ژنێکە لەڕێگەی خەرجی حەجەوە، بۆ ئەوەی بیر لە سزای پیاوەکەی و جیابوونەوە بەرانبەر ئەو زولمە نەکات، کە سەرچاوەکەی شەریعەتی ئیسلامە.

یەکەمیان ئیسلام بۆ بەدەستهێنانی خۆشەویستی و دڵی کچێک بەکاردەهێنێت، دووەمیشیان ئیسلام بۆ زولم دژی ئافرەتێک

بەکاردەهێنێـت، کە ڕێـگە بە فـرە ژنی دەدات. هەمـوو ئەمـانەش پەیوەنـدییان بە چـۆنیەتی گەیشـتنە سـەرچاوەی سێکسـە، سـێکس لەڕێگەی خۆشەویستی و سێکس وەکو ئازاردانی بەرانبەر.

سـێکس لەنێـو دەقـدا بـابەتێکە و یەکـێکە لە بـاس و بۆچـوونی (کۆنـدێرا)، کە دەڵێـت "ڕۆس: بە نـزیکەی هەمـوو ڕۆمانەکانـت، لە ڕاسـتیدا هەمـوو بەشـەکانی دوایـین کتێـبەکەت، کۆتـایی خۆیـان لە دیمەنی ناوازەی سێکسکردندا دەبیننەوە. تەنانەت ئەو بەشـەش کە لەژێـر نـاوی پـیرۆزی «دایـک» دایە، ئەویـش هەر دیمەنـێکی درێـژی سێکسی- سێ کەسی تێدایە لەگەڵ پێشـەکی و پاشـەکیدا. سـێکس بـۆ تۆ وەکو ڕۆماننووسێک چ مانایەکی هەیە؟

(مـیلان کۆنـدێرا)ی ڕۆمـاننوسی چـیکی لەبـارەی بـابەتی سـێکس لەنێـو دەقـدا: لەمـڕۆدا ئـارەزووی سێکسی- چیـدی تـاپۆ نیـیە، تەنیـا وەسـفکردن و تەنیـا دانپێـدانانی سێکسی- بەشـێوەیەکی دیـار بـووە بەشـتێکی وەڕزکەر. (لـۆرێنس) یـان تەنـانەت (هێـنری مـیلەر) بەهۆنینەوەی فاحیشـەییەوە! چەند بەسەرچوو دێنە پێشچاو کەچی هێشـتا هەنـدێک پـارچەی ئیرۆتـیکی کـاریگەریی بێ کۆتـایی لەبـارەم دانـاوە. ڕەنـگە لەبەر ئەوە بێـت کە هـۆنینەوەیی نەبێـت بەڵکـو فەلسـەفی بـن. لەوەدا ڕاسـت دەکەیـت، لە لای مـن هەمـوو شـت بە دیمەنـێکی نـاوازەی ئیرۆتـیکی کۆتـایی دێـت. ئەو هەسـتەم هەیە، کە دیمەنێکی ئەشقی جەستەیی ڕووناکییەکی زۆر بەهێز دەبەخشێتەوە، کە لەناکـاو جەوهەری کەسـایەتییەکان ئاشـکرا دەکـات و ڕەوشی ژیانیان بەپوختی نیشـان دەدات. (تامینا) لەگەڵ (هۆگۆ)دا سێکس دەکـات، لە کاتێکـدا نائومێـدانە هەوڵ دەدات بـیر لەپشـووە لەدەستچووەکەی لەگەڵ مێردە کۆچکردووەکەیدا بکاتەوە. دیمەنی ئیرۆتـیکی، چـڕ دەکـاتەوە لەکاتێکـدا ناواخنەکـانی چـیرۆکەکە پەرت دەکات و شـاراوەترین نهێنییەکان تێیدا بەرجەسـتە بـوون". (فیلیپ ڕۆس، https://azadbun.com/archives/6393 ).

لـێرەدا نـابینم پیـاو قوربـانی بـۆ بەدیهێنـانی خواسـتی سێکسی۔ و جووتبوونی ئافرەت بدات، بەپێچەوانەوە لەهەموو دیمەنەکانی نێو هەر چوار ڕۆماندا دەتوانم بڵێم (ئافرەت و سێکس) پەیوەندییەکی پتەویان بە باسی قەدەغەکراوی سێکەوە لەئاست و واقیعی جیاوە هەیە. ئافرەت هەمیشە بۆتە کەرەستەییەکی هەرزان بۆ دابینکردنی خواسـتە سێکسـییەکانی کـارەکتەری پیـاوی کـورد. ئەو پیـاوانەی لە هەولـێر و کوردسـتانیش بەدزیی و ژێـر بەژێـر چاویـان لە پەیوەنـدیی سێکسـییە. ئەو نمـوونەی کە منـداڵێکی خـانەی نەوجەوانـان بەکاردەهێنن بـۆ سـێکس و لەشـفرۆشی، یـان گونـدی لوبنـانی وەکـو ئاماژەیەک بۆ دەرکەوتنی لەشفرۆشی بەنیمچە ئاشکرایی.

ڕۆماننووس باسی هەست و نەستی خودی خۆی بەرانبەر دەنگی ئافرەت دەکات، ئەو کاریگەرییە لەشوێنێکی پیرۆز ڕوویداوە و لەکاتی حەج وعومرەدا دەقەومێت، واتە ڕۆماننووس ناتوانێت ناخی شاراوە و کـاریگەری پیـاوانە و نـێرانەی خـۆی لەم شوێنەشـدا بشـارێتەوە کە دەڵێت " کە ئەمەم بینی لە بیری خۆمدا وتم ئەو ئافرەتە بەو هەموو جـوانییەی کە خـوا پێی داوە، لەگەڵ ئەم دەنگە خۆشـەی، ئەگەر بۆ گـۆرانی وتـن بەکاری بێـنێ، لە ئـوم کەلسـوم و ئەسـمەهان و شـادیە بەناوبـانگتر دەبێـت". تـا دەڵێـت " لەبەر جـوانی و شـۆخ و شەنگییەکەی، عومرەکارەکان چاویان بڕیبووە ناو چاوەکانی، ئەویش ئـافرەتێکی زۆر بەزەوق بـوو، نـاوە نـاوە لەچـکەکەی لەسـەری دەکـردەوە و دەسـتێکی بە پـرچە درێـژەکەی دادەهێنـا، لە زەردیـان وەکـو زێـڕ دەبریسـکایەوە.. تـا لە گفتوگۆیەکـدا خـێزانەکەی دەڵێـت:ئەی نـاڵێن بە شـەریعەت حەرامە ژن دەنـگی خـۆی بەرزبکاتەوە و گۆرانی بڵێت؟ منیش وتم: بۆچی وا دەڵێیت، خۆ ئەو ژنە گـۆرانی ناڵێت؟ وتی: ڕاسـتە ئەو گـۆرانی ناڵێت، بەڵام ژنـێکی زۆر جـوانە و دەنگیشی۔ خۆشـە، لەبەر جـوانی و دەنـگە خۆشـەکەی سـەرنجی گشـت پیـاوانی بـۆ لای خـۆی ڕاکێشـاوە... منیش وتـم: جـا

لەوە باشـتر دەبێـت، خـۆزگە ئەوقـاف رێـگەی بە ژنـیش بـدابا، لە مزگەوتەکان وەکـو پیاوەکان قورئانیـان بخوێنـدباوە، باشـتر دەبـوو، نەک هەندێک مەلا ، کە بەدەنگە ناخۆشەکانیان بێزارمان دەکەن". (حەج وعومرە، ٦٣).

شیکاری ئەم گفتوگۆیە ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە ڕۆماننووس لەژێــر کــاریگەریی (جــوانی ئــافرەتەکە و دەنــگە خۆشــەکەیەتی و سـەرنجی خـۆی لەبـارەی شـۆخی و جـوانی ئـافرەتەکە ناشـارێتەوە) و هاوسەرەکەشی (نیگەرانی و ترسی خۆی لە ئیمانی پیاوەکان و کەوتنە ژێر کاریگەریی جوانی ئافرەتەکە ناشارێتەوە). یەکێکیان سەرسامییە بە دەنـگ و جـوانی ئـافرەت، ئەوی دیکەشـیان گومـان و نیگەرانیـیە لەبارەی جوانی و دەنگی ئافرەت. ڕۆماننووس لەبەر دەنگی ناخۆشی پیـاو و دەنـگی ناسـکی ئـافرەت و جـوانییەکەی بـیر لەوە دەکـاتەوە ئەوقـاف ڕێـگە بـدات ئـافرەتیش لە مـزگەوت قورئـان بخـوێنن، بـۆ ئەوەی پەیوەنـدییەکی سێکسی۔ لەنێـوان دەنـگ و جـوانی ئـافرەت و چێژ و مەزاج و خواستی نێرانەی پیاو دروست ببێت.

ڕۆماننووس وەکو دەقێکی ژیاننامەیی باسی ناخی خۆی و هەست و نەستی خۆی بەرانبەر ئافرەت دەکات، بەواتایەکی دیکە لەو شوێنە پیرۆزەدا، کە مـرۆڤ گـوایە لەوێدا خـۆی لەهەمـوو بیر و وێنـاکردن و هەست و نەستێکی هەیەتی دادەبڕێت و مێشـک و وزە و خواسـت و توانــای خــۆی بــۆ نزیکبــوونەوە لە خــوا بەکاردەهێنێــت، کەچی دەقنـووس ناتوانێت هەسـتی ڕاسـتەقینەی سێکسی۔ خـۆی بەرانـبەر دەنگ و جوانی ئافرەت بشارێتەوە.

لەدەقـێکی دیـکەدا ڕۆمـاننووس لەبـارەی خـۆی و پەیوەنـدییە سێکسـییەکانی لەگەڵ ئافرەت دەڵێت: کاروان وتی: خـۆ بەنیاز نیت تـۆش وەکـو ئـازا لەخـۆتی مـارە بکەیـت. وتـم: مـن سێکسی۔ لەگەڵ نـاکەم تـا لەخـۆمی مـارە بکەم، تەنیا ماچ و بـۆنی دەکەم و هەنـدێک

دەستبازی لەگەڵ دەکەم. کاروان ڕووی لەئازا کرد و پێی وت: من و تـۆش لەگەڵ سـەمیره دەبـین، خـۆت سەرپشـک بە، حەز دەکەی یەکەمجار تۆ لەگەڵی بخەوە، تا تۆ تەواو دەبیت پێکێکی تر شەراب دەخۆمەوە". (شەوانی باکۆ، ١٤٠).

(ئەمجەد مەندیل) پێیان دەڵێت "ئێوە نازانن چێژ وەرگرن، بە پێنج خولەک گانەکە دەکەن و هەڵدەستن. من دوو کاتژمێر لەگەڵی مامەوە، ئەویش زۆری پێ خۆش بوو. نەوازد دۆخینیش وتی: بۆیە لە هۆڵەکە بەدوای یەکتر کەوتبوون و بەیەکترتان دەوت ( You are Crezy) ! مـحەمەد کۆسـەش وتی: ئەوە مانـای چیـیە؟ نەوزاد دۆخینیش وتی: واتە تۆ شێتی". (شەوانی ئێریڤان، ١٣٨). لەکاتێکدا هەندێک پێیان وایە "کردەی سێکسی. هەوڵدانە بۆ بەرزکردنەوەی متمـانە بەخۆبـوون". (د.دیفیـد ام. بـاس، د. سـیندی ام. میستون،٢٠١٨، ٣٦٠). ڕۆماننووس بە بڕوایەکی پتەو شتەکانی نێو بەسـەرهات و بیرەوەریـیە هەقیقییەکـانی خـۆی دەگێڕێـتەوە و نایشـارێتەوە (مـاج و دەسـتبازیی و چـێژ لەقسـەکردن و دانیشـتن لەگەڵ ئـافرەتی لەشـفرۆش) وەردەگرێـت، بەجۆرێـک متمـانەی بەخۆی هەیە، دوور نییە کۆمەڵگە و کارەکتەرەکانیشی. لێی بەدەنگ بـێن و داوای لێپێچیـنەوە بـکەن، بەڵام ئەو متمـانە بەهـێزە لای کارەکتەرەکانی دیکەی بەدی ناکرێت. هەیانە لەپێناو (شاردنەوەی گوناهەکانی و لەنێوان ئیمان و سێکس و نوێژ) بەدوای مارەکردنی کاتی دەگەڕێن، بۆ ئەوەی لەڕووی ئایینییەوە تووشی گوناهی گەورە نەبن، و چێژیش وەرگرن. نموونەی (ئاکۆ) و نوێژکردن و بیرکردنەوە لە مـزگەوت و نەچـوونی نوێژەکـان و چـێژ وەرگـرتن لە سـێکس، بانگەشـەی ئەوەی کە ئەوانی دیکە نـازانن سـێکس بـکەن، ئەو دوو سەعات لەگەڵ ئافرەتەکە دەمێنێتەوە و ژنەکە پێی خۆش دەبێت، کە ئەو مـاوە درێـژە لەگەڵی مـاوەتەوە، ئەوەمـان نیشـان دەدات کە متمانە بەخۆبوون زۆر لاوازە، نەک بەهێز.

واتە سـێکس کـردن لەم دەقـانەدا بەشـێوەیەکی گشـتی لەپێنـاو پتەوکـردن و بەرزکـردنەوەی متمـانە بەخۆبـوون نیـیە، بەڵکـو چـێژ وەرگرتنێکی کاتی بۆ دامرکاندنەوەی چێژی سێکسییە.

لەم گوزارشـت و وێناکردن و گێڕانەوانەدا دەقنـووس بەڕاشـکاوی ئامـاژە بە هەڵسـوکەوت و کـاردانە و تەنیـا بەکارهێنـانی وشـە و زاراوەکانیش دەکات، باسی ئیمان و جووتبوونی بە گروپ و چێژ و کاردانەوە و هەڵسوکەوتی توند و نارەزایی بوون دەکات.

## ٢-١٢ ئەو شتانەی قەدەغەن

کامەن ئەو بابەتانەی لەنێو رۆمانەکەدا وەکو شتی قەدەغەکراو باسـیان کـراون؟. یەکێـک لەو شـتانەی لە گـێڕانەوەی بیرەوەریـدا بەکارێکی شیاو دانانرێت دانپیانانە، یان گێڕانەوەی ئەو ڕاستیانەن کە پەیوەنـدیان بە (ئـابڕووچوون و دەسـتدرێژی و داوێنپیسی و جووتبوونی بەدزیی و پەیوەندیی لەگەڵ ژن بەنهێنی.. تاد)یەوە هەیە. یـان شـاردنەوەی پەیوەنـدیی نهێـنی خۆشەویسـتییە لەگەڵ کچـدا لەکاتێکـدا پیـاوەکە خێزانـدارە و منـداڵی هەیە. (قەدەغەکـردن و هوشداری دان لەچوارجێوەی ئامرازی عەقڵی کۆنترۆلکردن پێ بەپێ دەچێـتە نێـو جەسـتە. بـۆیە ڕوونکـردنەوە دەدات، کە شـیعر و پەخشـانەکان لەو کـارانەن کە قەدەغەکـراون و شـتی سـلبین، بەو پێیەی هەرەشـە لەبەهـا و ئەخـلاقی بـاو دەکات. (ابـراهیم محمـود، بـدون سـنە، ٩١). ئایـا بەڕاسـتی گێڕانەوەکـانی نێـو ئەم ڕۆمانـانەی (کەمـال سـەعدی) هەرەشـەن لەسـەر بەهـا گشـتییەکانی کـۆمەڵگە، یان وێناکردنەوەی وێنەی شتە ڕاستەییەکانە؟. لەکاتێکدا هەموو ئەو شـتانەی بە قەدەغە دادەنـرێن، شـتی بەکـارهێنرانی ڕۆژانەی نێـوان خەڵکــن بەزمــان و گوتــار بێــت، یــان بەکــردەوە. ئەم شــتە قەدەغەکـراوانە پێ بەپێ چـوونەتە نێـو عەقـڵ و مێشـک و نەریـت و کەسایەتی و کەلتووری خودی مرۆڤەکانەوە.

ڕۆمــاننووس دەگــاتە ئەو بڕوایــایە ســنوورە بــاوە کۆنەکــان بشـکێنێت، نهێـنی ئەو گەشـتانە ئاشـکرا بکـات، کە مرۆڤەکـانی ئەم سـەردەمە (کـورد بەتـایبەتی) بـۆ هەنـدێک وڵات ئەنجـامی دەدەن. لەپێناو بەدەستهێنانی چێژ، ئەو چێژەی لە نێو کوردستاندا پیاوەکان بە دزیی و نهێـنی لەنـاخی خۆیانـدا بەشـێوەیەکی شـاراوە سـەرکوتی دەکەن، ئـازادیی و مـاف و کەلتووری ئەوەیـان نییە باسی ئەو شتانە بکەن، چـونکە بابەتی قەدەغەکـراون. با ئاماژە بە بابەتێکی گشـتگیر بکەم، زۆر پیـاو لە جیهانـدا لەپێنـاو بەدەسـتهێنانی (چـێژ و سێکسی-جیـاواز) گەشــت بــۆ وڵاتــانی دونیـا دەکەن، واتە (بەنێـو نەتەوەیی بـوونی چـێژ، یـان چـێژی جیاوازی سێکسی- لە نەژاد و نەتەوە و وڵاتی جیــاواز)، کــوردیش لەم دوایــانە بەهــۆی کــرانەوەی (ئاســمان و دەرفەتی گەشت، خەریکە ئەو ئابلووقە سێکسیە تێک دەشکێنێت و دەبێتە گەشتیارێکی دەرەکی و بەوڵاتە جیاوازەکاندا دەگەڕێت لەپێناو بەلی لەپێناو بەتایبەت بەدەستهێنانی چێژی سێکسی.

یەکێـک لەو نهێنــیەی ئــافرەت لە چــێژ و سێکســدا بەدوایــدا دەگەڕێـت بـریتییە لە بـیرۆکەی ڕاکێشـانی سـەرنجی پیـاو، ئافرەتێـک دەڵێـت: "بـۆ ئەوەی ڕاسـتگۆ بـم، ئەوەی دەمویسـت بەدەسـتهێنانی سۆز بوو لە پیاوێکدا، ئەگەر ئەمە بۆ کاتێکی کورتیش بێت هۆکاریش ئەوە بوو من هەستم دەکرد، کە من سەرنجڕاکێش نیم، بۆیە بڕوام وابــوو ئەگەر پیاوێــک سێکســم لەگەڵ بکــات، ئەمە واتــای وایە لەڕووی سێکسییەوە سەرنجڕاکێشە" (د.دیفید ام. باس، د. سیندی ام. میستون،٢٠١٨، ٣٦٢).

ئەم هەســـتە لای ئافرەتەکــان بەشـــێوەیەکی گشـــتی لەنێـــو ڕۆمانەکانــدا بەدی ناکرێــت، بەپــێچەوانەوە ئافرەتەکــان وەکــو بوونەوەرێکی بێ هەست و نەست، وەکو ئامێرێکی بێ هەست چێژ بە پیاو دەبەخشن، هیچ ئامانجێکیان لەم کارە قەدەغەکراوە نییە، تەنیا بەدەستهێنانی بڕێک پارە نەبێت، پیاوەکانیش لەپێناو چێژێکی کاتی بە

بڕێک پارە، دوور لە چاوی (دەوڵەت و کۆمەڵگە و خێزان) ئەم پەیوەندییە خێرا و نهێنییە دروست دەکات.

لێرەدا دەمەوێت لەسەر بابەتێکی گرنگ و پەیوەست بەم ناوونیشانە بووەستم، کە پەیوەندیی بە (قەدەغە و تایبەتمەندیی کوردیی و خۆشەویستی و چێژ)ەوە هەیە. بۆ ئەم مەبەستە دەگەڕێمەوە سەر هەندێک نموونەی نێو دەقەکانی (کەمال سەعدی)، کە ئەو پێی وایە ئەو دەقانەی نووسیویەتی برتین لە (ڕۆمانی ژیاننامە) و "لەناو ئەدەبی کوردیشدا نموونەی ڕۆمانی ژیاننامەیی زۆرن، بەندە یەکێکم لەو کەسانەی کە لەم ساڵانەی دواییدا چەند ڕۆمانێکی ژیاننامەییم بڵاوکردۆتەوە. مەبەستمان لە ژیاننامە ژیانی مرۆڤە کە لەلایەن خۆیەوە نووسراوەتەوە. بەمەش لەگەڵ بیرەوەریدا جیاوازی هەیە، کە هەندێک ڕووداو لە خۆ دەگرن، لەوانەیە پێوەندی بە کەسی گێڕەرەوە نەبێت". (پرۆفیسۆر دکتۆر، کەمال سەعدی مستەفا، ٢٠٢٣، ١٠). یان بەواتایەکی دیکە وەکو (عەبدولعەزیز شەرەف) ئاماژە پێ دەکات ئەم جۆرە ئەدەبە بریتییە لە "ژیاننامە بە مانای خستنەڕووی ژیانی مرۆڤەکە، واتە مرۆڤەکە چۆن خودی خۆی دەبینێت". (عبدالعزیز شرف،١٩٩٢، ٢٧)، بڕوانە (پرۆفیسۆر دکتۆر، کەمال سەعدی مستەفا، ٢٠٢٣، ١١).

لە ڕۆمانەکاندا (کەمال سەعدی) شتەکانی نێو ئەو ماوەی ژیاننامەی خۆی، کە بریتییە لە بیرەوریی گەشتەکانی، چۆن بینیووە و چۆنی لێکداوەتە هەروەها چۆن لەخودی دەڕوانێت و خودی خۆی چۆن دەبینێت باس دەکات، نەک هەر ژیان و پەیوەندیی قەدەغەکراوەکان و سانسۆرەکان، بەڵکو ژیانی هاوسەفەرەکانیشی-گێڕاوەتەوە.

ئەو شتانەی قەدەغەن، زۆرن یەکێک لەوانە پەیوەندی نێوان تاکێکی نێر و تاکێکی مێی کوردییە لەگەڵ یەکتردا، ڕۆماننووس دوای

گەڕانەوەی لە عـومرە گەشـتێکی ڕاسـتەوخۆ بـۆ تورکیـا دەکات و لە گێڕانەوەیەکـدا دەربـارەی خـۆی دەڵێـت: " نەمتـوانی چی دیـکە دان بەخۆمــدا بگــرم، ڕووم تــێی کــرد و پــێم وت: زۆر سەرســامم بە جـوانییەکەت، کاتێک کە لە میرسین دابەزین و چـووینە سـەر دەریا، کە تـۆ جـلی مەلەوانیـت لەبەر کـرد و چـوویتە نـاو ئـاوەکە، دەتـوت مـاسی، لەنـاو ئـاوەکە زۆر بەجـوانی مەلەوانیـت دەکـرد. کـاتێکیش هـاتیتە دەرەوە، لەڕۆخی دەریاکە لـێی ڕاکشـایت، دەتـوت فریشـتەی دەریای، زۆر سەرسام بـووم بە جـوانییەکەت، لەدڵەوە حەزم دەکرد خۆمت پێ بناسێنم و بۆ یادگاری وێنەیەکت لەگەڵ بگرم:

وتی: نـاوم پروشـەیە، خەڵـکی سـلێمانیم، لە پـۆلیی چـواری بەشی ژمێریاری لە کۆلێژی بازرگانی دەخـوێنم. ئەو پێش من هەسـتا، چـووە هـۆلی پێشـوازی، منیش دوای ئەو دەسـتم لە خـواردن هەڵگـرت و لە کورسییەکی بەرامبەر ئەو دانیشتم. داوام لێی کرد لە فێسبووک ببینە هـاوڕێی یەکـتری". (حەج و عـومرە، ١٢٣). ئەمە یەکـێکە لە شـتە قەدەغەکراوەکان، وەسـفی ئـافرەتەکە وەکـو مـاسی دەکات، خـۆی خێزانــدارە و لەپێنــاو ڕازیی کــردنی دلی کچــێکی بەتەمەن منــداڵەکانی خــۆی چــۆتە عــومرە و لێرەشــدا سەرســامی کچــێکی دیــکەیە، بەڵام ناتوانێت پـتر لەمە وەسـفی جەسـتە و جـوانی و شـوێنە کاریگەرەکانی ئەو کچە بکات، ڕەنگە لەبەر کوردێتی و ئاشکرابوون بێت.

کـچەکەش لە گێڕانەوەیەکـدا لەبـارەی خوشـکەکەی دەڵێـت : "خوشـکەکەم لە مـن بچـووکترە و قوتـابی کـۆلێژی زانسـتە، حەزی لە مامۆسـتایەکی خـۆی کردبـوو، خێزانــدار بـوو، کە دایکـم پـێی زانی، خوشکەکەی بە قژ لەدوای خۆیدا ڕاکێشا و زۆر جوێنی پیسی. پێدا و پـێی وت ئەگەر وازی لێ نەهێنێـت بە بـاوک و براکانـت دەڵـێم، چی خـراپە پێـت بـکەن، جـا ئەوەبـوو خوشـکەکەم ناچـار بـوو، واز لە خۆشەویسـتەکەی بێنێت. (حەج عـومرە، ١٣٢). لەم گـێڕانەوەیەدا ڕۆمـانووس دەیەوێـت ئەوەمـان پێ نیشـان بـدات لە کـۆمەڵگەی

کوردیدا خۆشەویستی قەدەغەکراوە. کچ ئازاد نییە لەژێر هەڕەشەی (سانسۆر و سزا و لێدان و سوکایەتی خێزان) دەژیت، لەهەمان کاتدا کچە بە خودی ڕۆماننووس دەڵێت ئەگەر پەیوەندیی لەگەڵ کەسێکی خێزاندار ببەستم دایکم وەکو خوشکم ئازارم دەدات. واتە لەم دیمەن و گێڕانەوەیەدا (هەست و نەستی پیاوەکە ڕەت دەکاتەوە). کردەی ڕەتکردنەوەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەنجام داوە.

لەبارەی خۆشییەوە پەیوەندییە شاراوە نهێنییەکەی خۆی لەگەڵ کچێک ئاشکرا دەکات و دەڵێت "کورە گەورەکەم هاتە لام و بە تووڕەییەوە زەرفێکی فڕێ دایە پێشم و وتی: باوکە سەیری ئەم وێنە و نامانە بکە، بزانە خۆت خستۆتە چ بارودۆخێکی خراپەوە، کەی دایکم شایەنی ئەو سووکایەتی پێکردنەیە، تۆ وەکو هەرزەکارێک لەگەڵ کچێکی وەکو منداڵەکانت کەوتوویتە داوی عیشقەوە". (حەج وعومرە، ١٣٦).

لەم وێنەیەکدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە:

**یەکەم**: عیشق پەیوەندیی بە تەمەنەوە نییە، بەڵام کاریگەریی لەسەر شێوازی پەیوەندیی و ژینگە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کەسەکانەوە هەیە.

**دووەم**: خێزان وەکو دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی سزای پەیوەندیی خۆشەویستی و پەیوەندی نێوان ڕەگەزی نێر و مێ دەدات.

**سێیەم**: خۆشەویستی باوکێک، یان مامۆستایەک لەگەڵ کچێکی دیکە، وەکو سزا و سووکایەتی بە هاوسەری پیاوەکە، یان نەگونجان لەنێوان پیاوێکی خێزاندار و کچێکی گەنج دادەنرێت.

**چوارەم**: ئەم جۆرە پەیوەندیانە، پتر لە پەیوەندییەکی نەگوجاو دەچن، کە کەسەکان لەیەک دوور دەکەونەوە، هیچ کاردانەوەیەکی دەروونی نابینرێت، بۆیە ئەگەر سێکس و پەیوەندیی ماچ و دەست بۆبردن و بەکارهێنانی جەستەی ئافرەتەکەشی تێدا نەبێت، هەر

لەسـنووری پەیوەنـدیی سێکسی۔ دەمێنێـتەوە، نەک پەیوەنـدییەکی دەروونی و ڕۆحی بەهێز و تۆکمە. ئەمانە هەمووی بە پەیوەندی کاتی خۆشەویستی و چێژ دەچێت.

کوردێـک کە خـودی ڕۆماننووسـە لەگەڵ هاوڕێکـانی لەبـاکۆ لە یانەیەکی شـەوانە لەگەڵ ئافرەتێـک بەنـاوی (سـارا) سـەما دەکات، بێگومـان دوای ئەوەی چەنـد بـیرەیەک، یـان شـەراب دەخـۆنەوە دەسـت بە سـەما دەکەن. ئەشـقێکی قەدەغەکـراو نیشـان دەدات، ناگونجێت تـۆ بـۆ یەک کاتژمێر بچیتە یانەیەکی شـەوانە لە وڵاتێکی دوور لە وڵاتی خـۆت، بـیر لە (خۆشەویسـتی) بکەیـتەوە، لەم بـارەدا دەگێڕێـتەوە "ئەمـجەد ڕووی تێکـردم و بە پێکەنیـنەوە وتی: بـاش لەگەڵ یەک گونجاو بوون، وابزانم ئەویش تۆی خۆش دەوێ بۆیە دەستی بەرنەدەدایت. منیش وتم: سوپاسـت دەکەم، سـارا کچێکی نـاوازەیە، سـەماکردن لەگەڵ ئەو، تـام و چـێژێکی تـایبەتی هەیە". (شـەوانی بـاکۆ، ٤٠). هەرچەنـدە لەکەلتـووری ئـێمەی کـوردا ئەمە قەدەغەیە، بەڵام لای هەندێک نەتەوەی دیکە دیکە و بەتایبەتی لە یـانەی شـەوانە ئەم پەیوەنـدییانە قەدەغەکـراو نـین، یـان نـیمچە کراوەن.

یەکێـک لە شـتە قەدەغەکراوەکـانی لای ئـێمە منـداڵەکانن لە دیمەنـێکی دیـکە نێـو هەمـان بـیرەوەریی و گـێڕانەوەدا دەڵێـت " لەناوەڕاستی هۆڵی یانەکەش کۆمەڵێک کچی جوان و ناسک، جلی نـیمچە ڕووتیـان لەبەر بـوو، لەگەڵ ئـاوازەکە سـەمەیان دەکـرد و بە چاوە جوانەکانیشیان ئیشارەتیان بۆ ئێمە دەکرد، کە بچین سەمایان لەگەڵ بکەیـن. ئـاکۆش بە بینیـنی ئەم دیـمەنە زۆر سەرسـام بـوو، سەری هێنا ژێر گوێم و وتی: ئەمانە هێشتان منداڵن، چۆنە دایک و باوکیان لێ دەگەڕێن کارێکی وەها بکەن". (شەوانی باکۆ، ٤٤).

(ئەمجەد مەنـدیل) لە ئێریڤانـدا بەم جـۆرە هەسـت و تێڕوانـین و پەیوەنـدییەکانی خـۆی لەنێـوان سێکسی۔ قەدەغە و ئیمـان و نـوێژدا

دەردەبڕێت: "هەندێک خێراکەن، تا نوێژی مەغریبمان نەڕۆیشتووە. نەوزاد دۆخینــیش بە تــوانجەوە پــێی وت: ئەتــوو کەســێکی زۆر سپۆرتی، چەند شەوێک پێش ئێستا لەگەڵ ژنی لەشفرۆش یاریت دەکرد، سبەی شەویش بەنیازی لەگەڵمان بێیتە یانەی شەوانی دیڤا، کەچی ئێستاش بە پەلەیت تا نوێژی مەغریبت نەڕوات!. ئەمجەد مەندیلیش وتی: هەر شتێک بە شتی خۆی، نوێژەکە بۆ خودایە، ئەوەی تریش بۆ زەقی دڵی خۆمە". (شەوانی یەریڤان، ١١١). سەرباری بەکارهێنانی ئەو وشانەی پەیوەندییان بە ئەندامی نێرینە و مێینەوە هەیە.

یان لەسەر زاری (سەیاح پەقرەج) دەڵێت "بەسەری ئەو جەماعەتەی، هەر جارێک لەگەڵیان بخەوتبام، هەر یەک و پەقرەجێک ئاوم بۆ تێ دەکردن". (خانمباز، ١٩٧). یان لە سەردانی میسردا دەڵێت "بڕیارمدا چەند ڕۆژێک بچمە وڵاتی مسیر و لەوێشەوە بچمە شاری گەشتیاری شەرم ئەلشێخ و ئەو وانانەی کە لە شەوکەت ئەفەندی فێربوومە، لەوێ بەکاریان بێنم". (خانمباز، ١٢٩).

گەڕان بەدوای شتی قەدەغەکراو لەنێو ئەم دەقانە زۆرن، لەڕستیدا دەتوانم هەر خودی دەقەکان جۆرێک لە قەدەغەکراویان تێدایە. واتە باسی بابەتێکی قەدەغەکراو دەکەن، کە دڵنیام ئەو کەسانە هەقیقیانە، کە لەنێو ڕۆمانەکەدا ناویان هاتووە، دڵیان بە گێڕانەوەی ئەم بەسەرهات و پەیوەندییە سێکسی و چێژ وەرگرتنانەی ڕۆماننووس خۆش نابێت. ئەم جۆرە ڕووداوانە ئابڕووچوون و سوکایەتی و ئاشکراکردنی پەیوەندیی نهێنی و چۆنیەتی جووتبوون و گەڕان بەدوای دۆزینەوەی ئافرەتی لەشفرۆشی ناسک و جوان و گەنجی تێدایە.

هەر بەتەنیا باسی سێکسی قەدەغەکراو ناکات، بەڵکو باسی ئایین و گونجاون و نەگونجان لەنێوان ئیمان و سێکسیش دەکات. ئەمە بابەتێکی ئێجگار هەستیارە، نەک تەنیا قەدەغەکراوە، بەڵکو بابەتێکی ڕێگە پێ نەدراوە و نابێت قسەی لەبارەوە بکرێت. ڕۆماننووس کاری کــردووە لە کەلتــووری قەدەغەکــراوی کــۆمەڵایەتی و کــۆمەڵگە و دەسەڵاتی سیاسی و ئایینیش بدوێت.

## ٢-١٣ نهێنی سێکس

ئــافرەتێکی تەمەن سی و سێ ســاڵی لەبــارەی ســێکس لەگەڵ پیاوێــک، کە ئەو کەســێکی کەمــدووە و شــتەکانی نــاخی خــۆی نادرکێنێت، دەڵێت: "زۆرم لا گرنگە کەسی بەرانبەرم کەسێکی ڕوون و ڕەوان و ئاشـکرا نەبێـت، نهێنییەکـانی خـۆی ئاشـکرا نەکـات، ئەو جـارە سێکسـم لەگەڵ پیاوێـک کـرد، چـونکە بە سـەرنجەوە سـەیری مـنی دەکـرد، زۆر قسـەی نەدەکـرد، ئەزمـوونێکی گەرم و گـڕبەخش بـوو". (د. دیفید ام. باس، د. سیندی ام، میستون، ، ٢٠١٨، ٣٨). لە ڕاســتیدا لەنێــو دەقی ڕۆمانەکانــدا دیــاردەیەکی ســەیر دەبینــین، ئەویــش ئەوەیە کە (ڕۆمــاننووس) پــێچەوانەی بۆچوونەکــانی ئەم ئـافرەتە، ئـارەزوو دەکـات نهێنـیی و شـتە شـاراوەکانی ئەو ئافرەتـانە بزانێــت، کە لەشفرۆشــن. واتە پیــاوێکە زۆر قســە دەکــات و زۆر دەپرسێت و بەرەو ڕووش پێیـان دەڵێـت مـن حەزم لەسێکس نیـیە، بەڵکو دەمەوێت وەکو توێژەرێکی کۆمەڵایەتی چیرۆکی هەقیقی ژیانی ئێوە بزانم و بیکەمە ڕۆمـان. ئافرەتەکانیش کە بۆ پارە کار دەکەن، بەخـــێرایی و بێ کـــاردانەوەی نەرێـــنی داواکەی جێـــبەجێ دەکەن، لەکاتێکـدا کارەکتەرەکانی دیکەش بەهـۆی زمـان بێـت، یـان بەهـۆی زاڵبـوونی چێژ و تێڕوانـین لە جەسـتەی ئافرەتەکان هـیچ گفتوگۆیەکی جـددی لەنێـوان ئەوان و ئـافرەتە لەشفرۆشـەکاندا بەدی ناکرێـت. تەنیا هیچ تەنیا یەک گفتوگۆی ئاشکراش لەنێوان کارەکتەرەکان و

ئافرەتە لەشفرۆشەکان بەدی ناکرێت. ئەم کەمدووییە پەیوەندیی بە (رەفتار و پێکهاتەی دەروونی و خودی کارەکتەرەکانەوە نییە) بەڵکو بەشێکی پەیوەندی بە (نەزانینی زمانی ئافرەتەکانە هەیە و بەشەکەی دیکەش پەیوەندیی بە کەلتووری سێکسی. و برسیەتی سێکسییەوە هەیە، بەشێکیشی. پەیوەندیی بەوە هەیە، کە ئەوان گانگەری کاتین و بە پێنج دەقە ئیشی خۆیان دەکەن و ئافرەتەکان بەرێ دەکەن).

لە رۆمانەکەدا لەباری سێکسییەوە هیچ جۆرە سیفەتێک و گفتوگۆیەکی ئافرەتەکان بەدی ناکرێت، کە ئارەزوو و خواست و شێوازی سێکسکردنی ئافرەتەکان بەڕوونی بەدیار بخات. ئەوەی هەیە پتر (نمایشی خواست و ویست و پێویستی پیاوەکانە).

لەشوێنێکدا لەسەر زاری (شەوکەتە فەندی) چیرۆکێکی سەیری کچەکەی خۆی دەگێڕێتەوە، بەجۆرێک ئەم کچەی شەوکەتە فەندی ئارەزووێکی جیاوز لەهەموو ئافرەتەکانی دیکەی هەیە. کچەکەی لەئەوروپا شووی بە یەکێک کردووە و لێی جیابۆتەوە، بەم جۆرە باسی دەکات: "بەوتەی خۆی ئەو بێزار بووە لەو ژیانە، حەز دەکات هاوسەرگیری لەگەڵ کەسێک بکات، هەر هیچ نەبێت تەنیا جارێک پێی بڵێ نەخێر، بەڕای من هەر ئەوەندە بەس نییە بۆ ئەو کچەی من بەڵکو پێویستە هەندێک جاریش تێی هەڵبدات. منیش گوتم هیچ ژنێک هەیە حەز بکات هاوسەرەکەی بەگوێی نەکات و تێی هەڵبدات؟. وتی ئاخر بۆیە لە خەفەتی ئەو کچە بێ ئەقڵەی خۆم وەختە شێت بم. ئێستاش کۆلێژی پزیشکی بەجێهێشتووە و گەڕاوەتەوە کوردستان و دەیەوێت لێرە بە تەنیایی بژیت". (خانمباز، ١٦٧-١٦٨).

بەکورتی دەتوانین بڵێین: ئەم دۆخە دەروونی و کۆمەڵایەتی و ژینگەی کچەکەی شەوکەتە فەندی تێدا گەورە بووە، جیاوازە لە

ژیــنگەی رۆمــاننووس، دەکرێــت لەم چەنــد خــاڵە ئەم نهێنیــیە سێکسییە ئاشکرا بکەین:

**یەکەم**: ئافرەتێکی جیاواز و سەرکێشە، حەز ناکات پیاو هەمیشە پێی بڵێت بەڵێ. حەزی لەوەیە نەخێریشی لەگەڵ بەکاربهێنێت.

**دووەم**: ئەمە ســیفەتێک و رەفتــارێکی کەسی ئەو کــچەیە، کە لە هیچ کەسێکی دیکە ناچێت.

**ســێیەم**: مــرۆڤ هەیە، هەســت بە شــەرمەزاریی دەکــات، کە بەرانــبەرەکەی وەکــو کــۆیلە و زیــاد لەپێویســت بەرانــبەری ملــکەچ و ئامادەی هەموو شتێک بێت.

**چوارەم**: ئەم ملکەچی و بەڵێیە بەردەوامە، کاریگەریی لە کــردەی سێکسیش دەبێت، پیاوەکە هێندە نەرمە، ئافرەتەکە هەست بە وزە و توندیی و ئازارە چێژ بەخشــەکانی کاتی جووتبوون ناکات، بۆیە ئەو دەیەوێــت لەرووی ســێکس و پەیوەنــدییە سێکســییەکانی بەکــردەوە ئافرەت بێت و بەرانبەرەکەشی بەکردەوە پیاو بێت.

**پێــنجەم**: بەپــێی لێکــۆڵینەوە زانســتییەکان نهێــنی ســێکس دەیــان دیــاردەی لەم جــۆرە و ئەو نمــوونەی تێــدایە، کە پێشــتر لەبــارەی کەمدوویی ئاماژەمان پێکرد. لەراستیدا سێکس رۆشنبرییە و شێوازی جیــاواز و ئەرک و گوتــاری جیــاوازی جەستەیشیـ هەیە، هەروەهــا ســێکس گفتوگــۆیە پێویســتیە لە رێــگەی زمــان و ئاخــاوتن و یەکــتر دواندن زەمینەی دەستدان لەجەستە دروست بکرێت، نەک وەکو هێرشــبەرێکی تونــد، بەڵام ئەمە پەیوەنــدیی بە زۆررەویی و زیــادەرەویی نییە.

زۆر نهێــنی هەیە، کە پەیوەنـــدیی بە کـــردەی سێکسیــ هەیە، ئــافرەت بــۆچی بەدوای سێکســدا دەگەرێــت، هەیــانە دەڵێــت: ئەو

کاتەی کچ بووم، پێم وابووە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە کە پاکزیەیی خۆم پاراستووە بەراورد بە کچەکانی دیکە، بە داخراو دادەنرێم، بۆیە بریارم دا سێکس بکەم بۆ ئەوەی ئەو بازنە داخراوە بشکێنم. هەشیانە پێی وایە لەشەوێکی سووردا، مەیم خواردووە و بڕیارمدا لەگەڵی جووت بم. هەندێک ئافرەت پێیان وایە لەرێگەی سێکسەوە ئەو شتانە بەدەست دەهێننەوە، کە لەکاتی منداڵی دەستیان نەکەوتووە. زۆر لەدۆخەکانی ئەو لێکۆڵینەوانەی ئەنجام دراوە ئافرەت سێکس دەکەن بۆ بەدیهێنانی بایەخ پێدانیان و دروستکردنی پەیوەندی سۆزداریی. هەندێک ئافرەتیش گووتیانە ئەوان سێکسیان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی هەست بە خۆشەویستی بکەن و ئەو بایەخدانە بەدەست بهێنن، کە لەماڵ پێیان نادرێت.

ئافرەتێکی هەژار دەڵێت : ئەو کاتەی هەرزەکار بووم، لە ژینەگەیەکی خانەوادەیی توندوتیژ و هەژاردا دەژیام، بروام بوو ئەگەر پەیوەندییەکی جەستەیی لەگەڵ پیاو دروست بکەم ئەوە بەرەو خۆشەویستیم دەبات. (دیفید ام باس، د. سیندی ام، میسون، ٢٠١٨، ٣٦٩-٣٧٢ ).

لەم زانیاریی و بۆچوونانە ئەوەمان بۆساخ دەبێتەوە کە هۆکاری زۆر لەنێو مێشک و دەروون و ڕەفتاری ئافرەتدا هەیە، بۆ ئەوەی رێگەیەک بۆ ئەنجامدانی سێکس بدۆزێتەوە، یان پێی وابێت ئەمە هۆکار و پاساوێکی گونجاوە بۆ دروستکردی پەیوەندیی سێکسی- لەگەڵ پیاو.

لەڕاستیدا لەدونیای ڕۆمانەکانی (کەمال سەعدی) دا کار لەسەر درووژاندن و شیکردنەوە و نیشاندانی ئەم جۆرە هۆکارانە نەکراوە، چونکە ئافرەتەکان قسە لەسەر هۆکاری پەنا بردنە بەر پەیوەندیی سێکسی- خۆیان ناکەن، ئەوەی دەری دەبڕن و لە نێو ژینگەی پەیوەندییەکاندا بەدی دەکرێت و ئاماژەی پێ دەکەن، بەدەستهێنانی

(پـارە و سـەرچاوەیەکی بچـووکی ڕۆژانەی ژیـانە). ئەم ئافرەتـانەی سێکســیان لەگەڵ دەکەن، هــیچ شــتێک لەبــارەی زەمیــنەی پەیوەنـدییە سێکسـییەکانی خۆیان دەرنـابڕن، کە بـریتییە لە هۆکاری بنەڕەتی سێکس کـردن. وەکو ئەوەی لە کتێبەکەی ئەم دوو تـوێژەرە ئەمەریـکەدا وەکـو نمـوونەی هەقـیقی شـیکردنەوەیان لەبـارەوە کردووە، بۆ نموونە:

یەکێــک بــۆ بەدەســتهێنانی ئەو شــتانەی لەمنــداڵی پــێی نەگەیشتووە، سێکس دەکات.

یەکێک پێی وایە لەڕێگەی جەستەوە خۆشەویستی بەدەست دەهێنێت.

یەکێـک پـێی وایە ئەوەی لە خـانەوادە تونـدوتیژ و هەژارەکەی بەدەستی نەهێناوە، لەڕێگەی سێکس و چێژەوە بەدەستی دەهێنێت.

بەو واتـایەی ئەم ئافرەتـانە دەیانەوێـت لە واقیعـێکی سـەختدا ڕابکەن و خۆیان دەرباز بکەن، پێیان وایە ئەم ڕزگاربوونە لەڕێگەی پەیوەندیی جەستەیی و سێکسەوە بەدی دێت و (سێکس هێندە چێژ بەخشە چارەسەری خواست و ویست و ئارەزووەکانیان دەکات).

لای (کەمال سەعدی) کارەکتەرە پیاوەکان لەپێناو بەدەستهێنانی چێژ، لە ژینگەی خۆیان لە کوردستان ڕا دەکەن و گەشت دەکەن. ئافرەتەکانیش لەپێناو پارە جەستەی خۆیان پێشکەش دەکەن. لەم دەقەدا ڕۆمـاننووس لەجیـاتی شـیکاری هۆکارەکـانی چـێژ بەخشـین بەئافرەتەکان بکات، کاری لەسەر چێژ بەخشینی بەپیاوەکان کردووە لە گێڕانەوەیەکدا دەڵێت: "منیش بە ئەمجەد مەندیلم وت: دەمێکە وەکو پشیلە بەدوای کەوتوویت، لەژوورەوە هیچت لەگەڵی نەکرد، دەتەوێ لە گەرماوەکە لەگەڵی بقەومێنی؟ ئەویش وتی: مـن ئەوهـا زەوقـم پێ دێـت، ئەوە نیـیە تـۆش تەنهـا حەز دەکەیـت لەگەڵیـان بخــۆیتەوە". (شــەوانی ئێریڤــان،٧٧). ڕۆمــاننووس گوتــارێکی

ڕاشــکاوانەی دروســتکردووە و ئەوەمــان نیشــان دەدات و نمایشیـ دەکات، کە (ئەمجەد مەندیل) سیفەتیکی پشیلانەی هەیە، حەز لە دەستبازیی دەکات، نەیتوانیوە لە ژوورەوە هیچ لەگەڵ ژنەکە بکات. ئەویش ڕاشکاوانە دەڵێت من زەوقم بەم جۆرە ڕەفتارە دێت. ئەمە وەکــو گوتــاری گەمەیەکی ســەردەمی منــداڵی و هەرزەکــارییە، لەراستیشــدا دوور نیـیە ئەمـجەد لەم ڕێـگەیەوە بیەوێـت ئەو شـتە بەدەست بهێنێتەوە، کە لەکاتی هەرزەکاریی پێی نەگەیشتووە.




## ٢-١٤ وەسف و ڕۆمانی ژیاننامە

قســەکردن یەکــێکە لە بــوارە گرنگەکــانی پەرەپێــدانی گوتــار و پێکهاتەکانی نێـو دەقی ڕۆمـان، مـرۆڤ خـۆی بـریتییە لەگـێڕانەوەی خــۆی و ئەوانی دیــکە و دەوروبەر بەهەمــوو جۆرەکــانییەوە. "لە وەســفکردندا قســەکردن و ئاخــاوتن ڕۆڵــێکی گــرنگی گواســتنەوە لە بــیرەوەریی دەگێڕێــت، وەکــو ڕێــبەری گەشــتوگوزار وایە، دونیــای جەستە دەردەخات، لەوانە: خاڵە هەستیارەکان، ناوچەکانی گرژیی، بێ سنوور، لەرزۆک، ڕاپەڕینەکان لەژێر کاریگەریی شتی دیکە، تەنز و گــالتە و گەپ، وەســف بــریتییە لە حــالەتی وێنەگــرتنی جەســتە و

پێشنیار بۆ عەقڵ. (براهيم محمود، بدون سنة، ٢٠٣). بە واتایەکی دیکە گوتاری وەسف لەنێو ڕۆماندا ژمارەیەکی ئەرک ڕادەپەڕێنێت کە پێشتر ئاماژەمان پێکرد، ئەم گوتارە توانای ڕۆماننووسیش بۆ چۆنیەتی دەرخستنی توانا هونەرییەکانی نیشان دەدات.

هەر لەبارەی جەستە و بەکارهێنانی زمان لە وەسف و نیشاندان و هەندێک زاراوە، کە نیمچە ڕووتبوونەوە و زەق بەخشینی سێکسی. و تەنیا نیمچە قەدەغەشە لەنێو کۆمەڵگەدا. (کەمال سەعدی) لە ڕۆمانە نوێیەکانیدا ئەو سنوورە باوە دەشکێنێت و وشەی (قوز و گان و کێر و ئەو شتانە... تاد) بەڕاشکاوی بەکار دەهێنێت، کە گوتن و بەکارهێنانی لەنێو ئاخاوتنی ئاسایشدا زۆر ڕێگە پێدراو نییە، نەک لەنێو دەقێکی نووسراودا. (میلەر) بەشێوەیەکی ئەمەریکانە وەسفی ئەم شتانە دەکات، وەسف گرنگە لەنێو دەقدا (سێکس ڕشانەوەیە لێرەدا، بەڵام گوتاری جەستەی هەقیقییە، دەبێت جیاوازی لەنێوان ئەو شتانە بکەین، کە بە ئەخلاق دادەنرێن و ئەمەش وامان لێ دەکات ناویان نەهێنین و ئەو وشانە بەکار نەهێنین، کە دەبێتە مایەی هەستانی زەوق. تاکو وەکو بوونەوەرەکانی نێو جەنگەڵ ئاسا نەچینە دەرەوەی قاوغی مرۆڤانەمان، ئەو شتانەی دەمانخاتە دەرەوەی کەرامەتی مرۆڤانەوە. (ابراهيم محمود، بدون سنة، ٢١٢).

لە نێو ڕۆمانی (شەوانی ئێریڤاندا) ڕۆماننووس بەم شێوەیە وەسفی پەیوەندیی نێوان هاوڕێ هاوگەشتەکانی دەکات، ئەو لەرێگەی گێڕانەوەی مشتومڕ و گاڵتە و توانجی دۆستانەی هاوڕێیەکانی وەسفی دۆخێکی سێکسی- سەیرمان بۆ دەکات، کە دەڵێت: "عیزەدین چاو حیزیش ڕووی لەئەمجەد مەندیل کرد و پێی وت: بۆچی لەقسەی من تورە دەبێت، من بۆ تۆمە، بیست درام پارەیەکی کەم نییە، دەکاتە پەنجا دۆلاری ئەمەریکی. مادام نایگێیت و لەگەڵی ناخۆیت و ناخۆیتەوە، بۆچی ئەو پارەیان دەدەیتێ. لە توورەییان ئەمجەد مەندیل جیرەی ددانەکانی دەهات و تووکی

سـەری هەڵچـوو بـوو، نێـوچەوانی ببـووە دوو ئەنگووسـت، بـرۆی جـۆت ببـوو، چاوەکانی سـوور هەڵگەڕابـوون، دەتـووت خوێنیـان تێ زاوە، بە غەزەبەوە سەیری عیزەدین چاو حیزی کرد و مرەیەکی کرد و چـــووە ژووری نووســـتن و بە تونـــدی دەرگـــاکەی لەدوای خـــۆی داخست و تاکو بەیانی نەهاتە دەرەوە.

کە (نەوزاد دۆخین و سیڤانا) لەگەرما و هـاتنە دەرەوە، عـیزەدین چـاو حـیز ڕووی لە نەوزاد دۆخـین کـرد و پـێی وت: دەڵـێی تـازە بە زاوا دەبی، زۆرتان پێ چـو، لەژورەوە چیتان دەکـرد. زۆری نەمابوو زەوقم تێک بچێت و کێرم بنیشێتەوە.

ئەمەی وت و دەسـتی سـیڤانای گـرت و بـردیە ژووری نووسـتن و دەرگەیـان داخسـت. بەڵام زۆریـان پـێ نەچـوو، بەچـاو تروکانێـک، هەردووکیـان هـاتنە دەرەوە. سـیڤانا هـیچی لەبەر نەبـوو، جەسـتەی هەمـوو ڕووت بـوو، بەڵام عـیزەدین چـاو حـیز دەرپێـیەکی کـورت و فـانیلەیەکی بێ قـۆڵی لەبەر دابـوو. ڕووم لە عـیزدەین چـاو حـیز کـرد و پـێم وت: جـوو فسیـ نەکـردووە، چ زوو هـاتنە دەرەوە، ناکـات بڵـێی گانیشم کردووە!.

کە وام پێ وت: کۆنـــدۆمەکەی بەرزکـــردەوە وتی: ئەگەر بـــڕوا ناکەیت، سـەیری ئەم کۆنـدۆمە بکە، بزانە چەنـد ئـاوم تێ کـردووە". (شەوانی ئێریڤان، ٧٨-٧٩).

لەسـەر زاری (شـەوکەتە فەنـدی) وەسـفی دۆخێـک دەکـات، کە پەیوەندیی بە خانمبازییەوە هەیە و دەڵێت "مرۆڤ لەو تەمەنە زیاتر پێویسـتی بە خانمبـازییە. مـاوەیەک پـێش ئێسـتا، کە چـوومە ئـێران داوام لەو شـوفێرە کـرد، کە ئێمەی بـرد بـۆ شـاری ڕامسـەر لە باکووری ئێران، ژنێکی جـوانم بـۆ بێنێـت.... بەهەڵە لێم تێ مەگە، مـن پیاوێکی بەتەمەنـم، دەمـێکە لە جـنس کەوتـووم، بەڵام حەز لە دانیشـتنی

خانمان دەکەم و دەمەویٚ چەند ڕۆژێک لەم ڤێلایە لەگەڵم بێت، بەیەکەوە بخۆینەوە و بخەوین.... خانمبازی پەیوەندیی بە تەمەنەوە نییە، مادام تۆ پارەی خۆت دەدەیت، ئەوان هەموو شتێکت بۆ دەکەن". (خانمباز، ١٧١-١٧٢).

دەکرێت سەرنجەکانمان لەبارەی وەسف لەنێو دەقی ڕۆمانی ژیاننامە بەم شێوەیە کورت بکەینەوە:

**یەکەم**: وەسفەکە گێڕانەوەی شتێکە، کە پەیوندی بە واقیعی پەیوەندی نێوان کارەکتەرە هەقیقییەکان و شوێنە ڕاستەکان و کاتی دروست و ڕاستەوە هەیە.

**دووەم**: گوتاری ئەم وەسفکردنە پەیوەندیی بە (داواکردنی ئافرەتێکی جوان لەڕووی جەستە و تەمەنی پیاو و خانمبازی و دانی پارە و بەدەستهێنانی چێژ و جووتبوونەوە) هەیە.

**سێیەم**: ئافرەتەکە نە گوتارێکی تایبەتی هەیە، نە داوایەکی دیاریکراو پێشکەش دەکات، نە هیچ.

**چوارەم**: گوتاری وەسفکردنەکە بریتییە لە پێشکەشکردنی زانیاریی بەپێی گێڕانەوەی قسەکانی شەوکەت لەنێو قسەکانی ڕۆماننووسدا. واتە ڕۆماننووس وەسفی ئەو وەسفانە دەکات، کە قسەکەری دووەم (شەوکەتە فەندی) پێشکەشی کردبوو.

لەڕاستیدا هەرچەندە ڕۆماننووس دەیەوێت کەشێک و ژینگەیەکی ڕۆمانسیـ دروست بکات، لەڕێگە خواردنەوە و دەستگوشین و ماچێک و گەرماوکردنێک و قسەکردنەوە گوتارێکی ڕۆمانسیـ دروست بکات، ئەو ئەرکە ڕاپەڕێنێت کە بەرەو پەیوەندی مرۆڤانە دەچێت، کەچی هاوڕێیەکانی بەپێچەوانە گوتارێکی دیکە بەرهەم دەهێنن، کە سنوورە ئاساییەکان تێ دەپەڕێنێت و سێکسیـ

بەکردەوە دونیایەکی جیاواز لە دونیای ئەدەب و زانیاریی و وەسف دروست دەکات، لەم گێڕانەوەیەدا بەم شێوەیە وەسفی سێکس کردن و چێژ و توندوتیژی سێکسی. دەکات: "پاش ئەوەی ئازاش جلەکانی پۆشی و هات دانیشت. کاروان پێی وت: ئازا چیت لەو بەستەزمانە کردووە، بە قوز و قووني ڕووتەوە بە ڕاکردن هاتە دەرەوە؟ ئازاش بە پێکەنینەوە وتی: دووجار لەپێشەوە چوومە لای، ویستم لەپشتەوەش بچمە لای، دەستی بەهاوار کرد و ڕایکردە دەرەوە، کاروانیش ڕووی لە سەمیرە کرد و پێی وت: بۆچی نەتهێشت؟ سەمیرەش وتی: خەریک بوو بم دڕێنێت، نازانێت وەکو مرۆڤ سێکس بکات". (شەوانی باکۆ، ١٤٣- ١٤٤).

لەم وەسفەدا چەند شتێکمان بۆ ساخ دەبێتەوە:

**یەکەم**: گوتاری پیاوەکان بەدەستهێنانی چێژە، بەهەر شێوە و شێوازێک بێت.

**دووەم**: ئافرەتەکە ئامادە نییە، هەموو جەستەی خۆی ڕادەستی (ئازا) بکات.

**سێیەم**: هیچ پەیوەندییەکی سۆزداریی و ڕێزگرتن و هاوسەنگیی و ڕەچاوکردنی دۆخی دەروونی ئافرەتەکان لەبەرچاو ناگیرێت.

**چوارەم**: گوتاری ڕۆماننووس ئەوەیە لەسەر زاری (سەمیرە) دەڵێت"نازانێت وەکو مرۆڤ سێکس بکات". ئەمە لەکردەوەدا پەیام و مەبەستی نێو گوتاری ڕۆمانەکەیە، کە ئەوانە لەپێناو تێرکردنی خۆیان بەهەموو شێوازێک ئەگەر گونجاویش نەبێت دەیانەوێت سێکس بکەن. لەکاتێکدا بەشێکیان توانا و وزەی سێکسیان لەدەست داوە.

(نووسەری ئەم ڕۆمانە (شەوانی ئێریڤان) دەڵێت من حەز دەکەم لەگەڵ ئەو لەشفرۆشانەی ئێریڤان دانیشم، هیچ کارێکی سێکسی ناکەم، تەنیا ئەوە نەبێت دەمەوێت قسەیان لەگەڵ بکەم، وەکو توێژەرێکی کۆمەڵایەتی چیرۆک و ئارەزووو کێشەکانیان بزانم. لەڕوانگە (ڕۆمانسیەکان)وە، ئەوە ساخ بۆتەوە، کە ئەوانە بڕوایان بە خۆشەویستی لەیەکەم دیدار هەیە، خۆشەویستی بۆ یەکەمین ئاشق و عاشقە. بۆیە ئەوان خۆشەویستی بە کلیلی پەیوەندییەکان دادەنێن. ( William, G.p and Kleinke,C.L, , 1993, 83).

لەهەندێک گوزارشتدا ڕۆماننووس دۆخەکە بەشێوەیەک وەسف دەکات، کە هەندێکیان وا وەسف دەکات، بەتایبەتی خۆی کە کەسێکە هەست و نەستی خۆشەویستی لەگەڵ ئافرەتەکان لا دروست دەبێت. ئەم گوتارە لەڕاستیدا هیچ گونجانێکی لەگەڵ ڕووداو و بەسەرهات و کردەوەکانیان تێدا نییە. گوتارەکە کردەیەک نیشان دەدات و لەکردەوەشدا شتێکی دیکە ئەنجام دەدات.

بەو پێیەی ڕەنگە ئینتیما و بەیەکەوە نووسانی دووکەس و لێکنزیکیان ببێتە هۆکار بۆ ئەوەی بڵێسەی سەرنجڕاکێشانی سێکسی بکوژێنێتەوە. لەبارەی سێکسەوە ئەم زانایەی دەروونناسی (بێم) دەڵێت: "نامۆ کە ئارەزووی دەکات". ( Bem, D.J, Exotic, 1996 ,35 ). واتە بەپێچەوانەی لێکزیکی و تێکەڵبوون و شارەزابوون و بینینی یەکتر، کەسانی نامۆ، یان (نامۆ) ئارەزووی سێکسی پتر دەکات. گوتاری نێو ئەم ڕۆمانە کوردیانەش لە بنەڕەتدا پشت بەستنە بە پەیوەندی نێوان دوو کەسی نامۆ، نامۆ لە زمان و کەلتوور و تەمەن و وزە و ژینگە.

لەبەر ئەوەشە (ڕۆماننووس) بۆ ئەوەی ئەم ئارەزووە سێسکیە دەربخات و نیشانی بدات و بەکردەوەش کارەکتەرەکانی بە سێسکەوە مژول دەکات، لە (نامۆ)یی، واتە لەنێو کەشێکی دوور لە

واقیـــع و هەقـــیقی کوردســـتاندا ئەم کـــارە دەکـــات، چـــونکە لە وەسـفەکاندا شـوێن نـامۆیە (میسر، ئازەربایجـان، ئێریڤـان، ئـێران، ئازەربایجان و تورکیا.. تاد).

ئەو (خـودی ڕۆمـاننووس) و (کارەکتەرەکان) کە کەسـانی نـامۆ و دوور و نەناسـیاوی ئافرەتەکانن، کـردەی سێکسی ئەنجـام دەدەن و خـــاوەنی گوتـــارێکی ڕاشـــکاوانەن بـــۆ بەدەســـتهێنانی چـــێژ و لەزەتی سێکســـین لەگەڵ ئـــافرەت، هـــیچ مەرجـــێکی پێشـــوەختەیان بـــۆ ئافرەتەکان نییە، لەوەش پتر ئەم ئـارەزووە نیشـان دەدەن و (گـان) وەکـو چـێژی دوور لە (خۆشەویسـتی، دوور لە هـیچ پەیوەنـدییەکی پێشوەختە، خۆ تێرکردن و تۆڵەکردنەوە لە ڕابردووی خۆیان نمایش دەکەن و کە پێناچێت پێشتر هیچ سێکسێکیان بە ئارەزووی خۆیان کردبێت. بە واتایەکی دیکە "میرات دەتوانێت زۆر بە خێرایی سێکس بکوژێت". ( Slater,L, Overcome in P. Derrow (ed), , 2008, 55). ئێمە لەڕاستیدا خۆشاردنەوە و بەدزییەوە تێگەیشتن لەجەستە و تامکردنی چێژمان بەمیرات بۆ ماوەتەوە، میراتێکی خراپ، ســەرکوتکراوی قەدەغەیە. گوتــاری ســێکس لەنێــو کــۆمەڵگە لە کـردەوەدا ڕاپەڕانـدنی کـردەی (شـاردنەوەی مەبەسـتە، کوشـتنی چـێژ وبڤەکـــردنی جەســـتە ورەزیلکـــردنی پەیوەنـــدییەکانە، لەپێنـــاو بەدەسـتهێنان و مسـۆگەرکردنی کـردەی سێکسی. دوور لە سانسـۆر و سەرکوتکردن).

پێـوانەی سـێکس و بەهـا و ئەنجامدانیشی. لەنێـوان نـێر و مێ جیـاوازییەکی زۆری هەیە، ئـافرەت هەیە پـێی وایە "سـێکس کـردن جۆرێکە لە درمانکردنی ئەو برینەی خۆشەویستی دروستی کردووە"، یـان لای هەنـدێکی دیـکە پێیـان وایە "ئەگەر کەسـێک کە خـۆشی دەوێـت و ئـازاری هەمـان ئـافرەتی دا، چارەسـەری کێشـە بە سـێکس کـــردن لەگەڵ کەســـێکی دیـــکەدا دەکـــات". ئەم بۆچوونـــانە لە

کتێـبەکەی هەردوو تــوێژەری ئەمەریــکی (د. دێڤیــد ام بــاس و د. سیندی ام میسون، ٢٠١٨، ٣٧٤) قسەی لەبارەوە کراوە.

لەکاتێکدا هیچ یەکێک لەم فەلسەفە و بۆچوون و لێکدانەوانە لای هیچ یەکێک لە ئافرەتەکانی نێو ڕۆمانەکەی (کەمال سەعدی) بەدی ناکرێت، ئەوان لەپێناو چارەسەری کێشە و برین و نەخۆشییە دەروونــیی و پەیوەنــدییە تێکشــکاوەکانی خۆشەویســتی بەکــار نەهێنراون، بەڵکو ئافرەتەکان دەیانەوێت (چارەسەری کێشەی کەم دەرامەتی و دارایی خۆیان بکەن) و پیاوەکانیش کە ڕێگایەکی دووریان بڕیـوە دەیانەوێت (چـێژ لە جەسـتە و سێکسی- ئـافرەت وەربگـرن). تەنیــا کەســێک و کارەکتەرێـک کە دەیەوێــت لە نەخۆشــییەکان و پەیوەندییەکان و کێشەکان و پێویستیی و هۆکاری ئافرەتەکان بگات خـودی (ڕۆماننووس/ کەمال سەعدی)یە کە یەکێکە لە کارەکتەرە ســـەرەکییەکان نێـــو ڕۆمـــانەکە و بیرەوەرییەکـــانی خـــۆی و دەوروبەرەکەی و هاوڕێیەکـانی دەگێڕێــتەوە. بــیرەوەریش جــۆرێکە لەڕۆمـــان، بەڵام بەشـــێوازێک جیـــاواز لە تەکنـــیکی ڕۆمـــان دەنووسرێتەوە.

لە(حەج عــومرە)دا پیاوێــک کە هاوســەرگیری لەگەڵ ژنــێکی عەرەب وەکـو ژنی دووەمی دەکات، بەم شێوەیە چارەسـەری شکانی متمانە و خۆشەویستی لەنێو خێزانەکەی لەگەڵ هاوسەری یەکەمی دەکات، پاداشـتی دەکات و پێویسـتی و خەرجی (عـومرە)ی بـۆ دابین دەکات، ئەویش لەبەر خاتری کچەکانی کە گەنجن نایەوێت بیر لە جیــابوونەوە بکــاتەوە لــێی جیــابێتەوە و سزای بــدات. لــێرەدا نە (ئـافرەتەکە) بـیر لە چارەســەری نەخــۆشی و برینەکـانی لەڕێــگەی سـێکس لەگەڵ پیـاوێکی دیـکە دەکـاتەوە، نە کەلتـووری ئیسـلامی و کــوردی ڕێــگە بەم جــۆرە پەیوەنــدییە سێکســییە بە ئاشــکرا و بەڕاشکاوی دەدات.

گوتـاری ئەم وێـنە فکـرییە لەنێـو گـێڕانەوەی بەسـەر هاتەکانـدا پێچەوانەی چارەسـەرە سێکسـییەکانی نێـو کـۆمەڵگەی ئەمەریکـیە. کاردانەوەی ئافرەتە کوردەکە (تۆڵەکردنەوە و دەرمانی سێکسی. و ڕق و تێکـدانی پەیوەنـدییەکان نیـیە)، کەچی لە کـۆمەڵگەی کـراوەدا ئـافرەتەکە سێکسـکردن لەگەڵ پیـاوێکی دیـکە، لە بەرانـبەر بە کـاردانەوە لەگەڵ خۆشەویسـتەکەی بە (دەرمـان و چارەسـەری گرفت و کێشەکانی لەگەڵ پیاوی یەکەم دادەنێت).

ئەمە گوتـارێکی هەمەلایەنەی چـۆنیەتی بەکارهێنـانی سێکسـە، هەرچەنـدە لەنێـو ڕۆمانەکانـدا سـێکس بەشـێوەیەکی گشـتی وەکـو کەرەستە و مەبەست و پەیمان لەلایەن پیاوەکانەوە بەکاردەهێنرێت، سێکس لای پیاو ئامانج و کەرەستە و مەبەستە، ڕاپەڕاندنی گوتارەکە و بەدیهێنـانی خواسـت و چـێژەکەش هەر بەسـتراوەتەوە بە وزە و خواسـت و پـێگەی نـێرانەی پیاوەکـانەوە. ئـافرەت جەسـتەیەکی نمایشـکراوی بێ بڕیـار و ئـیرادەیە. مەگەر تەنیـا ئەم دۆخی ئـیرادەیە، یان هەڵوێسـتێکی لاوەکی لای ئەو کـچە مەغـرییبیە نمایش کرابێت، کە بەهەڵە لەڕێـگەی ئـافرەتێکی لوبنـانییەوە دەچێـتە لوبنـان و دواتریش دەچێتە میسر. و لەیانەکانی شەوانە کار دەکات و نایەوێت کچێنی خۆی لەدەست بدات. ڕۆماننووس دەیەوێت بە فکرە و پارە هاوکاری بکات، بۆ ئەوەی کـچە لەم شـوێنە نەمێنێت و بگەڕێتەوە مەغریـب. بەڵام کـچەکە پێی دەڵێت مەسـەلەکە ئەوها ئاسـان نییە "ئەوان وەکو کۆیلە دەژین و پاسەپۆرتەکانیان دەستی بەسەرداگیراوە و گرێبەستی یەک ساڵ کارکردنیان پێ مۆرکراوە". بەم جۆرە ئەم کچە (سـێکس نەکـردن لەگەڵ ئەو پیـاوانەی شـەوانە دێـنە یـانەکە، بە دەرمـان و چارەسـەر دەزانێـت) لەکاتێکـدا ئافرەتەکـانی دیـکە بەشـێوەیەکی ئاسـایی کـردەی سـێکس لەم شـوێنە ئەنجـام دەدەن. (دەرمـانی ئەو ئافرەتـانە گەڕانەوە بـۆ خۆشەویسـتی و چارەسـەرکردنی پەیوەنـدییە تێکشـکاوەکەی نێـوان دوو خۆشەویسـت، یـان

ئـارامکردنەوەی دەروونی خۆیـان لەڕووی سێکسـییەوە نیـیە، بەڵکـو کۆششە بۆ پەیداکردنی پارە و ئەوان قوربانی بازرگانی سێکسین).

## ٢-١٥ بۆنی جەستەی پیاو و سەرنجڕاکێشان

بەپێی ئەو لیکـۆڵینەوەی تـوێژەرانی زانکـۆی (بـراون) ئەنجامیـان داوە، ئـافرەت سەرسـامن بە بـۆنی خـۆشی پیـاوان و پێیـان وایە ئەمە گـرنگترین کـردەی هەسـتکردنە بـۆ هەڵـبژاردنی خۆشەویسـتەکانیان، ئەمە پێش هۆکارەکانی وەکو دەنگ و جلوبەرگی دێت. ( Herz, R.S, and Cahill, E.D, , 1997, 86). لەهەمان کاتدا بۆنی خۆشی ئافرەت لای پیاو کەمتر ئەو کاریگەرییە دروست دەکات، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێـتەوە کە هەسـتی بـۆن کـردن لای پیـاو لاوازتـرە لە ئافرەت، کەچی هۆکارەکانی بینین (چاوگێڕان) زاڵە بەسەر هۆکارەکانی کـارتێکردن و هەسـت بزوانـدن لای پیـاوان. کەچی بـۆنی خـۆشی جەسـتە کاریگەریی و هەسـت بزوانـدنی سێکسی۔ و کارتێکردن لای ئـافرەت زیـاد دەکـات، لەهەمـان کاتـدا بـۆنی نـاخۆشی جەسـتە ئەم هەسـت بزوانـدنە دەکوژێـت. (د. دیفیـد ام. بـاس، د. سـیندی ام. میستون، ٢٠١٨، ٤٠).



لەنێو ڕۆمانەکانی (کەمال سەعدی) هیچ ئاماژە و گوزارشتێکی لەم جۆرە بەدی ناکرێت، کە (بۆن) کاریگەریی لەسەر پەیوەندیی سێکسی لەنێوان پیاوەکان و ئافرەتەکان دروست بکات، تەنیا ئەوە نەبێت (دوشێک) وەرگرن، یان لەحەمام ئاوێک بەخۆیاندا بکەن، ئەمەش دوای جووتبوون، یان لەپێناو وەرگرتنی چێژ لەگەڵ ئافرەت لەنێو حەمامدا خۆیان بشۆن. واتە کە ڕۆمانەکان دەخوێنینەوە بەهۆی کەش و هەوای گەشتیاریی و زەمینەی ئاشکرا و کراوەی نێوان کڕیاری سێکس و فرۆشیاری سێکس لە ئێران و تورکیا و میسر و ئازەربایجان و ئەرمینیا پێچەوانەی (کوردستان) بەئاسانی و بێ گەڕان بەدوای هۆکار و ئامرازی کارتێکردن و بەکارهێنانی (بۆن) و جووڵاندنی زەوق و هەستی ئافرەتەکان و کارتێکردنیان لەلایەن پیاوەکانەوە پەیوەندییەکان دروست دەبن و ژنەکان بەئاسانیی دەخزێنە باوەشی پیاوەکان و پیاوەکانیش تەنیا کارێک کە پێویستە بیکەن (پێدانی پارەیەکی کەم) و (گانکردنە بە خێرایی و خۆ تێرکردنە لەڕووی سێکسییەوە).بەڵام لەزۆر شوێنی ڕۆمانەکاندا گوتاری (کردەی بینین) لای پیاوەکان کاریگەریی دروست کردووە، زوو بە جوانی ئافرەتەکان لەڕێگەی بینیان سەرسام دەبن. (کردەی ئاخاوتن و جۆری ڕۆشنبیریی و هەستی ناخەکی) هیچ جۆر ئاماژەیەکی پێ نەکراوە. تەنای قسەکانی (کچە مەغرییبیەکەی) میسر نەبێت، لە ڕێگەی ئاخاوتن کاریگەریی لەسەر (ڕۆماننووس) دروست دەکات و وای لێ دەکات بیر لە هاوکاری کچەکە بکاتەوە بۆ ئەوەی ڕزگاری بێت و بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی.

لەکاتێکدا (بینین و چاوگێران و جوانی) وەکو کردەیەکی هاوبەشی لەنێوان (بینینی پیاوەکان) و (جەستەی جوانی) ئافرەتەکان هاوسەنگی و کاریگەریی و زوو کارتێکردن لەنێوان (خواست و مەبەستی پیاوەکان بۆ بەدەستهێنانی ئافرەتێکی سێکسی و جوان و کاریگەر و پڕ چێژ) و (زوو بەدەستهێنانی پیاوێک لەلایەن ئافرەتەکانەوە) دروست دەبێت. ئەمەش ئەوەمان بۆ ساخ دەکاتەوە

ڕۆمـاننووس پـتر پشـتی بە گوتـاری بینـین بەسـتووە لە بەدەسـتهێنانی ئافرەت. ئەو لە گێڕانەوەی زۆربەی بەسەرهاتەکاندا لەڕێگەی کردەی بینینەوە کار و ڕەفتاری هاوسەفەرەکانی دەگێڕێتەوە.

بینـین و جـوانی لە عومرەشـدا کـاریگەریی لەسـەر خواپەرسـت و ئیمانـدران دروسـتکردووە، ڕۆمـاننووس دەڵێـت "ئـافرەتێکی جـوان و شـۆخ و شـەنگ، کە لەگەڵ قـافڵەکەی ئـێمەدا بـوو. ئەگەر دەنـگە خۆشـەکەی بـۆ گـۆرانی وتـن بەکاربێنێـت، لە ئـوم کەسـلوم و ئەسـمەهان و شـادیە بەناوبـانگتر دەبێـت.." (حەج و عـومرە، ٦٢)، واتە بینـین ڕاسـتەوخۆ کاریگەریی لەسـەر هەسـت و نەسـتی سێکسی-لای پیاو دروسـت دەکات، لێرەدا (جەستەی جوان و دەنگی خۆش) ئەم پەیوەنـدییە کـاریگەرە وەکـو گوتـاری گـێڕانەوەی بەسـەرهاتەکان دروست دەکات.

لەهەمان کاتـدا ڕۆماننووس (بینـین و هەڵخەڵەتانـدنی بینـین) بەم شـێوەیە وەسـف دەکات، کە خـودی ڕۆمـاننووس بە جـوانی کچێـک سەرسـامە دەڵێـت "کـاروان ڕووی تێکـردم و بەپێکەنینـەوە وتی: ئەم داماوە هیچ شوێنێکی وەکو خۆی نەماوە، جوانکاری بۆ گشت لەشی کردووە، تەنانەت برۆیەکانیشی. تاتۆن و برژانگەکانیشی. دەستکردن، تـۆ بە کوێنـدەری ئەو سەرسـام بوویـت". (شـەوانی بـاکۆ، ١٢٣). بێگومـان دەیـان نمـوونەی دیـکەی کـاریگەریی (بینـین) لەنێـو ڕۆمـانەکەدا هەیە، کە لەبینیـنی یەکەمـدا دەکەونە ژێـر کـاریگەریی (جـوانی و شـۆخی ژنەکـان) و مرخیـان لێ خـۆش دەکەن و ئـارەزوو دەکەن لەگەڵیـان جـووتبن و چـێژ لەجەسـتە و جوانییـان وەربگـرن. لەهەنـدێک شـوێندا ڕۆمـاننووس دەیەوێـت وا نیشـان بـدات، کە (ئـافرەتەکەی خـۆش دەوێـت)، بەڵام هـیچ کـاردانەوە و هەسـتێکی هەقیقی لەم جۆرە لەلایەن ئافرەتەکانەوە بەدی ناکرێت.

لە شـوێنێکی دیکەدا بەم جـۆرە لەڕێگەی هەسـتی بینینـەوە، یـان گێڕانەوەیەکی وەسفیدا کە پەیوەندی بە بینیەوە هەیە دەبێژێت "ئەم یانەیە نـاوی دیڤا نایـت کلاپە، لەشـەقامی باگریڤانـدە، پێشی۔ دەڵێن یانەی شـەوانی خـۆڕووتکردنەوە، چـونکە ژنە سـەماکەرەکان لەگەڵ سـەماکردن و نمایشـکردنی خۆیـان، جلەکانیـان لەبەر دەکەنەوە و بە قوز و قووونی ڕووت لە بەردەممان سەما دەکەن و بەقـوزی لـووس و مەمکی قیت و جەستەی سپی و تەنکەکانیان سـەرنجی ئامادەبووان بۆ لای خۆیـان ڕادەکیشـن و حەزییان دەچوێنن". (شـەوانی ئێریڤان، ١٢٥).

لەم وەسـفە وێناکردن و هەقیقی و گێڕانەوەیە، گوتارێکی سێسکی کاریگەرمان بۆ دەردەکەوێت، کە بریتییە لە گوتاری (جەسەتی ڕووتی ئـافرەت، سـەما، ئـێمەی بـرسی سـێکس، سەرنجڕاکێشـان، چـێژ و ئـارەزووی سێکسی۔ دروسـتکردن) لە ڕێگەی (بینـین و ئامـادەبوونی ڕاسـتەوخۆ بـۆ بینیـنی جەسـتە ڕووتە جـوانە کـاریگەرە پـڕ چێژەکـانی ئافرەت). دەکرێت ئەم گوتارە بەوە ببەستینەوە، کە:

**یەکەم**: هەسـتی بینـین بـۆ دروسـتکردنی زەوقی سـێکس و جووڵاندنی چێژ و ئارەزووی سێکسی بەکارهێنراوە.

**دووەم**: جەسـتەی ڕووت کەرەسـتەیەکی کـاریگەر و گوتـارێکی جەسەتیی کاریگەر بۆ وروژاندنی هەستی سێکسی لای پیاو دروست دەکات.

**سێیەم**: کردەی بەدیهێنانی (حەز و سەرنجڕاکێشانی سێکسییە)، لەکردەوەدا ئەمانە هەموو لەڕێگەی کردەی بینینەوە بەکارهێنراون.


**چـوارەم**: کـردەی نمایشی۔ ڕووتی سـێکس لەپێنـاو کـارتێکردنی هەستی بینین نێرەکان، یەکێک لە گوتارە بنەڕەتییەکانی ئەم جـۆرە دەقەیە.

**پێنجەم**: زانیـارییەکی گـرنگی شـوێنەکەش بە خـوێنەر دەدات، کە یانەی سەرنجڕاکێشەکە لە چ شوێنێکی ئێریڤانە.

**شەشــەم**: لەهەنــدێک ئــایینی وەکــو مەســیحی و هەتــا لای ئیسلامیش (سێکسی. بینین)، یان (گوناهی چێژ وەرگرتن) لەڕێگەی تەنیا بینینەوە هەیە.

لە ڕۆمـانی خانمبـاز دەڵێـت "ڕەشـا کچـێکی سـوور و سـپی، قـژ زەردی نـاوقەد باریک بـوو، تەمەنی نـزیکەی بیسـت سـاڵ دەبـوو، کە دەسـتی خسـتە نـاو دەسـتم، تـۆقەم لەگەڵ بکـات، تونـد گوشـیم، هێندە نەرم و ناسک بوو، دەتوت ئاوریشمە. پێم وت: زۆر بەدڵمی، ئەگەر ڕازی بیت، حەز دەکەم بەیەکەوە بـڕۆینە دەرەوە و ئەمشـە و بەیەکەوە کاتێکی خۆش بەسەر ببەین....". (خانمباز، ٢٠٥).

لەم گـێڕانەوەیەدا (بینـین) پێشـنیاری بـۆ (دڵ) دەکـات، دڵـیش (بڕیــار) دەدات، کە بە ڕەشــا بڵێــت (بەدڵــمی) بــۆیە داوا دەکەم ئەمشـەو بەیەکەوە بـین. هەمـوو ئەو کاریگەریی و پێشـنیار و بڕیـار و خواسـت و چێژ و زەمینەسـازییە بۆ سـێکس پەیوەنـدی بە (گوتـاری بینیـنەوە) هەیە، ئەم گوتـارەش یەک مەبەسـت نیشـان دەدات کە بریتییە لە جووتبوون.



ڕۆمـانـنووس و کارەکەترەکانی دیکەش لە ڕێگەی بینینەوە بڕیـار ڕاســتەوخۆ و یەکســـەر دەدەن، چــونکە ئەوان بەدوای دۆزیــنەوە جەستەیەکی چێژ بەخشدا دەگەڕێن، نەک

جەســتەیەکی خۆشەویســتی بەخــش. ئەم جیـاوازییە دەرخەری نێـوەڕۆک و مەبەسـت و خواسـتی گوتارەکەشـە. ئێمە کە گوتـار بە کــردەیەکی کـاریگەری ڕاپەرانــدنی کــردەی پەیوەنــدیکردن دەزانــین، لەهەمان کاتدا کردەکانی دیکە دەتوانن ببنە سەرچاوە بۆ شیکردنەوە و ناسینەوە و دەرخستنی نێوەڕۆکی هەر گوتارێک.

لە ڕۆمـانی (حەج و عـومرە)دا ئەم گوتـارە باشـتر بەدی دەکرێـت کاتێک ڕۆماننووس خـۆی ئافرەتێک دەبینێت و سات و هەست و کـــاریگەریی و وەســـفی ئەو دۆخە لەڕێـــگەی گوتـــاری بینیـــنەوە دەگێڕێتەوە و دەڵێت: لەبەر جـوانییەکەی لەشـوێنی خـۆم چەقیم و جووڵەم نەکرد. کورسییێکم لە بەرامبەری دانا و بەدیارییەوە دانیشتم. دوای تۆزێـــک لە ئـــاوەکە هـــاتە دەرەوە، تـــووتییەکی گەورەی ڕەنگـاورەنگی بەکــرێ وەرگــرت، لەســـەر لــیمەکە لــێی ڕاکشـــا، تـووتیەکەشی خسـتە سـەر قـاچێکی، دەتـووت فریشـتەیە. هەنـدێک وێنەی لەگەڵ تـووتییەکە گـرت و دوایی هەسـتایەوە و بەرەو سـوێنی خۆگۆڕین ڕۆیشت، جلەکانی پۆشییەوە". (حەج وعومرە، ١١٨).

لەم جـۆرە وێنـاکردن و گێڕانەوە هەقیقیـانەدا ئەوەمـان بـۆ سـاخ دەبێتەوە گوتاری بینین چ کاریگەرییەکی هەیە، لەوانە:

**یەکەم**: کاریگەری خێرا و هەست بزوێن دروست دەکات، پیاو هەمیشە بەدوای جوانیی و ڕووتی و جەستەیەکی سێکسییەوەیە.

**دووەم**: کـردەی بینـین گوتـاری ڕاوکـردنی ئـافرەت وەکـو سـێکس دروسـت دەکات، بـۆیە دەڵێت "بـیرم لای ئەوەبـوو تـۆ بڵێی بەخـت

یاوەرم بێت و بتوانم هاوڕێیەتی بەدەست بێنم". (حەج و عومرە، ١١٨).

**سێیەم**: لەم بینین و گوتارەدا و لەزۆر شوێنی دیکەدا بینینی ئافرەت لەڕێگەی جەستەوەیە، نەک ناخ و دڵ و دەروون و مێشک و زانین و ئاستی هوشیاری و تێگەیشتن لە چۆنیەتی بیرکردنەوەیان و خۆشەویستی.

**چوارەم**: هاوڕێیەتی بەواتای جووتبوونی سێکسی- دێت، بەو واتایەی گوتاری پیاو بەرانبەر ئافرەت، گوتاری دەستەبەسەرداگرتنی جەستەی ئافرەت، لەپێناو کۆلۆنیالکردنی وەکو (سێکس و چێژ و ڕابواردن)ە.

**پێنجەم**: لە شیکردنەوەی گوتاری ئەم دەقانە دەگەینە ئەنجامێک، کە گوتاری بینین لای پیاو، گوتارێکی سێکس سالارانەی نێرانەیە، ئەمەش وەکو هێزە مەزنە کۆلۆنیالیزمییەکان، هەمیشە بەدوای داگیرکردن و کۆیلەکردن و بەکارهێنان و چێژ لەپێناو ئارامی بەخشین بەخۆیەتی، لەهەمان کاتیشدا چەوسانەوە و بە سووک سەیرکردنی لایەنە داگیرکراوەکەیە. من وای دەخوێنمەوە (کۆمەڵگە و خێزان و دەوڵەت و ئایین) لەنێو ئەم ڕۆمانانەی (کەمال سەعدی)دا هەڵگری بیرۆکەی کۆلۆنیالیزمی نێرسالارییە بۆ داگیرکردنی جەستەی ئافرەت.

ئەو لەم گوتارانەی خۆیدا دەیەوێت ئەوەمان بۆ نمایش بکات، کە گوتارێکی قەدەغەکراوە، لەپێناو نمایشی شتێکی قەدەغەکراو.

## ١٦-٢ هاوسەنگی

چۆن هاوسەنگی لەنێوان دوو کەس پەیدا دەبێت، لەنێو دەقی ڕۆمانەکانەکانی (کەمال سەعدی) یشدا هاوسەنگی شێواز و ئامانج و جۆرێکی جیاوازە، زانایەکی دەروونناسی ئاماژەی پێکردووە و دەڵێت "هەڵوێستی لەیەکچوو هەست و نەستی ئەرێنی دروست دەکات و بەپێچەوانەش دروستە، بەپێی بۆچوونەکانی زانایەکانی کۆمەڵناسیش، هەستکردن بە گوونجان ئەوکاتە دەردەکەوێت، کە دووکەس یەکتریان خۆش دەوێت و عاشقن. ( Hummert, M.L, Crokett,W.H, and Kemper, S , 1990,21).

من وای دەبینم پێچەوانەی (خۆشەویستی) لەنێو هەموو ڕۆمانەکاندا، کە گوتاری بنەڕەتی بریتییە بە بەدیهێنانی سێکس و چێژ، لە ژینگەیەکی گەشتیاری ڕوودەدەن و ئامانجەکان هەموویان بەکاتێکی کورتی دیاریکراوی نیمچە سەرپێی بەستراونەتەوە، زۆر ئالۆزە بڵێین کردەی خۆشەویستی دروست دەبێت، هەرچەندە لەپێناو هاوسەنگی لەنێوان گوتاری ڕۆماننووس و تێڕوانین و لێکدانەوەی کۆمەڵگە و خێزان و خوێنەر وەکو تاک، هەمیشە دەیەوێت وا نیشان بدات ، کە ئەو وەکو هاوسەفەرەکانی دیکەی ئامانجی (سێکس/ گانکردن) نییە، بەڵکو بەدیهێنانی یەکەم: زانیارییە لەبارەی لەشفرۆشەکان بۆ ئەوەی ڕۆمانێک بنووسێت. دووەمیشیان: ڕابواردنە، بە دەم، بە قسە و بە بینین، بەماچ، بۆ دەستگەمە و چێژ. سێیەم: لای من مەسەلەکە پەیوەندیی بەوەوە هەیە لە نێو ڕۆمانی ژیاننامەدا کە بریتییە لە گێڕانەوەی بیرەوەرییەکان هەندێک جار (لەبیرچوونە، یان مەبەست و ئامانج و بەلاڕێدا بردن و شێواندنی هەقیقەتە) وا لە نووسەرەکە دەکات، شتەکان هەندێک دەستکاری بکات. لێرەدا ڕۆماننووس خۆی لە کردەی بەکردەوەی سێکس دەدزێتەوە، بەڵام هی ئەوانی دیکە بەوردەکاریی دەگێڕێتەوە،

کە ئەوەیــش لەگەڵ ئەوانی دیــکەدا واتە (خۆیــان) بەشــێوەیەکی (هـاوبەش و هاوسـەنگ و بەشـدار و یەکسـان و بەیەکەوە) بەشـدار بووە.

لەکاتێکـــدا بـــۆ دروســـتکردنی هاوســـەنگی و چـــاککردنی ئەو لاســەنگییەی بەهــۆی هەڵوێســتی جیــاواز و هەســتی جیــاوازەوە دروستبووە، یەکێکیان بیر لە گۆڕینی هەڵوێستی خۆی دەکاتەوە و دەیەوێت هاوسەنگی دروست بکات. (کاروان) نیشانی دەدات وەکو ئەوانی دیکە وزەی سێکسی بەهێزی هەیە، کەچی دەردەکەوێت بەم شـێوەیە نیـیە، کە خـۆی لەپێنـاو دروسـتکردنی هاوسـەنگی لەگەڵ هاوڕێیەکانی دەیەوێت دروستی بکات.

(ئەمــجەد مەنــدیل) و (ئــاکۆ) بەهــۆی نەخــۆشی شــەکرە و نــوێژکردن و ئیمــانەوە نایەوێــت نیشــانی بــدات، کە ئەویــش لە سێکسـکردن و ڕابـواردن هاوسـەنگی هاوسـەفەرەکانیەتی، لەکاتێکـدا ئەویش بۆ خۆهاوسەنگ کردن لەگەڵ ئەوانی دیکە بەشدار دەبێت لە سـێکس و ڕابـواردن و بانگەشـەی ئەوە دەکات، کە ئەو بـۆیە دوو ســەعات لەگەڵ ئافرەتێکــدا دەمێنێــتەوە، بــۆ ئەوەی چــێژی پــتر وەرگرێت، پێیان دەڵێت ئێوە لە سێکس و چێژ نازانن، بۆیە بە پێنج دەقە هەمـــوو شـــتێک تەواو دەکەن. دەیەوێـــت بڵێـــت بەم زۆر مانەوەی لەگەڵ ئافرەتەکە، خۆشی بەئافرەتەکەش دەبەخشێت.

واتە لەم جۆرە گوتارەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت:

**یەکەم**: کــاروان بانگەشـــەی وزەی زۆر دەکــات، بەڵام ئەمەی ڕاست نییە و درۆ دەکات، بەڵام ئەم هاوسەنگییە بە قسە دروست دەکـات، تـا لای هاوسـەفەرەکانی شـەرمەزار نەبێـت و گـاڵتەی پێ نەکەن.

**دووەم**: ئەمـجەد مەنـدیلیش بەکـردەوە وزەی سێکسیـ لاوازە و نەخۆشی شەکرەی هەیە و هەمیشەش بەناوی نوێژکردن دەیەوێت

نیشانی بدات سێکس حەرامە، کەچی ئەو پێچەوانەی کاروان، لەوانی دیکە پتر و بۆ ماوەی درێژتر لەگەڵ ئافرەتەکان دەمێنێتەوە و چێژ وەردەگرێت و سێکس دەکات.

**سێیەم**: ڕۆماننووسیش دەیەوێت بەم هەڵوێستانەی کە گوایە سێکسی بەکردەوە ناکات، هاوسەنگی لەنێوان بیروبۆچوون و ترس لە ڕەخنەی (کۆمەڵگە و خێزان و خوێنەرەکانی و دامەزراوە ئایینییەکان) و لەهەمان کاتیشدا پاراستنی بەشێک لە هەقیقەتی هەڵسوکەوت و ڕەفتارە سێکسییەکانی خۆی هاوشانی (هاوسەفەرەکانی) دروست بکات.

هاوسەنگی لەنێو ئەم ڕۆمانانەدا کاتێک تێک دەچێت، کە ئێمە لەچەند ڕوانگەیەکەی جیاوازەوە لە بنەمایەکانی گوتار دەکۆڵینەوە. مەبەستم لەگوتار کردەوەکانی پەیوەندیکردن و نمایش و قسەکردن و وێناکردن و کردەی سێکس و بڕیار و فەرمان و هوشداریی و ڕێنمایی و بانگەشە و بیرکردنەوەیە، لەم ڕوانگەیەش مەبەستم تێڕوانینە فکرییە سادە و ساکارەکانە:

**یەکەم**: نەبوونی خۆشەویستی وەکو فکر و پەیوەندییەکی ڕۆحی، بەڵکو مەسەلەکە پەیوەندی بە (پێدانی پارە) و (وەرگرتنی چێژ) و (گێڕانەوەی ڕووداوەکانەوە) هەیە.

**دووەم**: پەیوەندییەکە (کاتی و خێرایە). لەگەشتێکی چەند ڕۆژەدا ئەو هەموو پەیوەندییە دروست دەبێت، پەیوەندییەکان هێندە زۆر و ئاڵۆز و خێران کارێکی قورسە هاوسەنگی لەنێوان گوتار و بابەت و کەرەستەکان و شتەکان و مەبەست و خواستە سێکسییە چێژ بەخشەکان و نیەتی جیاوازی کەسیی و کەلتووریی و ژینگەی جیاوازی هەر یەکێک لە کارەکتەرەکان دروست بێت.

**سێیەم**: هاوسەنگی لە (بیرکردنەوە) و (کەلتوور) و (تەمەن) نییە.

**چوارەم**: هاوسەنگی لە پابەندی ئایین و جیاوازیی نەتەوەیی و ناسنامەی کەسەکان نییە، چونکە تەنیا ڕۆماننووس وا بیر دەکاتەوە

هەندێک شارەزایی لە ناسنامەی ئافرەتەکان پەیدا بکات، ئەگەر نا هیچ یەکێک لەکارەکتەرەکانی دیکە، لایان گرنگ نییە، هاوسەنگی لەنێوان ناسنامە و باکگراوند و کەسایەتی و چۆنیەتی بیکردنەوەی کەسەکان دروست بکەن، یان نا.

لەگێڕانەوەی بەسەرهاتێکدا ڕۆماننووس هەڵوێستی (ئاکۆ)ی هاوسەفەری دەگێڕێتەوە و دەڵێت: "کە تۆ هاتیتە ژوورەوە، من خەوتبووم لەگەڵ دەنگە دەنگی ئەوان وەئاگا هاتم، کە ئەوانم بینی هێشتان خەو بەری نەدابووم، دەنا چۆن شتی وا دەکەن... وتم: بەڵام لەو چرکە ساتەدا، تۆم وەکو کەسێکی تینوو و برسی بۆ ژن بینی". (شەوانی باکۆ، ٨٩). هەر لەگێڕانەوەی ڕووداوە سێکسییەکانی پەیوەست بەم ڕووداوە دەڵێت: "بەهەرحاڵ، دەسبازیمان لەگەڵ کردن، کچەکان لەنێوان خۆیاندا بە زمانی تورکی قسەیان دەکرد، ناوە ناوە زیقەیەکیان لێ بڵند دەبوو، نەمدەزانی بۆچی وادەکەن، ڕووم لە ئاکۆ کرد و پێم وت: وازی لێ بێنە، تا لەگەڵ ئەم دەنگە دەنگە خەڵکیان لێ وەئاگا نەهێناوین، با بەڕێیان بکەین. ئەویش وتی ئێمە پارەی خۆمان داوە، باهەندێکی تریش لەگەڵیان بین.

وتم: وای دابنێ ئەم برە پارەیەمان بە خێر داونەتێ".

لێرەدا ڕۆماننووس هاوسەنگی لەنێوان کۆمەڵێک شت دروست دەکات:

**یەکەم**: گانیان نەکردووە و تەنیا ڕایان بواردووە.

**دووەم**: بۆ ڕازیکردنی ئاکۆ، بیر بەلای وشەی (خێر)دا دەچێت، بەمە دەیەوێت هاوسەنگییەک لەنێوان (پارەکەی ئاکۆ) و (تێر ڕانەبوارنی ئاکۆ) و (دەنگە دەنگ و ئابڕووچوون) دروست بکات.

**سێیەم**: لەنێوان سێکس و چێژدا بیر لە خێر وەکو ئیمان و بڕوا دەکاتەوە.

بۆیە ئێمە کە بیر لە گوتاری بینین لەنێوان دوو دۆخی پەیوەست بەسێکس دەکەینەوە، باشتر بۆ مان ڕوون دەبێتەوە ئەو نهێنییە چییە وا لە بینین دەکاتە هەموو چێژ و جوانی و لەزەت و حەز و ورووژان و خۆگەیاندنە جەستەی چێژ بەخشی. سێکسی. بە خێرایەکی ڕەچاونەکراو لەیەکەی بینینی خێرادا بگوازێتەوە. دەبێت سەرنج لە "دۆخ پارێزی گشتی سێکس و دۆخی ڕەغبەت لە بابەتی دیاریکراوی سێکسدا" بدەین بۆیە پسپۆرانی ئەم بوارە هەردوو دۆخەکە وا لێک دەکەنەوە کە یەکەمیان بە "پێویستی" و دووەمیشیان بە "ڕەغبەت" ناو دەبەن. (ثیودور رایک،٢٠٠٥، ٢٣). بینین لەنێوان (خواست و پێویست) و (ڕەغبەتدا) ئاسان نییە بەخێراییەکی گونجاو جیاوازیی لەنێوان ئەم دوو دۆخەدا بکات.

لەنێو ڕۆمانەکانی (کەمال سەعدی)دا لەنێوان (پێویستی مێبازیی و خانمبازیدا)، بیرەوەرییەکان هاوکاریمان دەکەن چۆن لە (ڕەغبەتی سێکسی) بگەین. یان لەنێوان (شەوانی باکۆ) و (شەوانی ئێریڤان)دا چۆن جیاوازیی لەنێوان (پێویستی گەڕان بەدوای دۆزینەوەی سێکسی- جوان و جەستەی شۆخی ئافرەتدا) بگەڕێین و لەهەمان کاتدا (ڕەغبەتی) جیاواز و هاوسەنگ و هاوبەش بدۆزینەوە.

پێویستە لەنێو زۆر شتدا تەنیا شتێک بڵێم، ئافرەت ئاسان نییە بۆ بەدیهێنانی ڕەغبەتی سێکسی- و خۆشەویستی لەگەڵ هەموو پیاوێک بخەوێت و دەست تێکەڵ بکات، بەڵام بۆ پیاو ئاساییە لەپێناو بەدیهێنانی ڕەغبەتەکانی و پێویستییە سێکسییەکان لەگەڵ هەموو ئافرەتێکدا بخەوێت، نەک هەر ئەوە پیاوەکان پێیان ئاساییە لەیەک کاتدا لە یەک پیاو پتر سێکس لەگەڵ یەک ژن بکات. مەبەستمان ئافرەتە تایبەتییەکان نییە، کە ئەوانەی لەپێناو بەدەستهێنانی پارە جەستەیان دەفرۆشن. واتە هاوسەنگی لەنێوان ئەم دوو ڕەگەزەشدا لەزۆر شتدا نییە.

## ٢-١٧ سێکسی بەردەوام و مردنی بەها مرۆییەکان

ئافرەتێک کە (١٣) ساڵە هیچ سێکسێکی نەکردووە، دەگێڕێتەوە و دەڵێت "دەمویست بەنی بەشەرێک دەستم لێ بدات، بۆ ئەوەی بیرم بخاتەوە کە هێشتا توانای هەستکردنم تێدا ماوە. سێکس و چێژی جەستە هاوکاریان کردم جارێکی دیکە هەستی مرۆڤانەم بەدەست بهێنمەوە". (د. دیفید ام. باس، د. سیندی ام. میستون، ٢٠١٨، ٨٧).

لەنێو گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانانەدا شتێک بەدی ناکەین بمانپەڕێنێتەوە کەناری ئارامی لە بیرکردنەوە، تێربوون لە سێکس، تێگەیشتن لە چەمکی پێویستبوون و خواست و بەدیهێنان و تێربوون. ئەمەش ڕەنگە پەیوەندیی بەوەوە هەبێت ڕۆماننووس نەیویستووە باسی فەلسەفەی سێکس و سایکۆلۆژیای پەیوەندیی سێکسی. و کاریگەریی کۆمەڵایەتی سێکس و پێکهاتەی جەستەیی و بەدەنی مرۆڤ لە دروسبوونی ڕەگەز و سێکس و جیاوازییەکان، یان تاکو ئێستاش نازانرێت سێکس لە چییەوە ئەم هەموو وزە و کاریگەرییەی بۆ دروستبووە.

مرۆڤ لەسەرەتاوە سێکسی. وەکو هۆکاریک بۆ مانەوە و بوون و بەردەوامی نەتەوە لێکداوەتەوە، بەڵام لەسەردەمی هاوچەرخدا چەمک و ئەرک و شێواز و پێناسەی سێکس گۆڕاوە. مرۆڤ تەنیا لەپێناو مانەوە و دروستکردنی نەوە بیر لە سێکس ناکاتەوە. پێشتر سێکس لەپێناو پارە نەبوو، لەپێناو ژیان بوو، ئێستا کەرەستە و ئامرازێکی سادەیە بۆ بەدەستهێنانی پارە.

سێکس لەگەڵ مردنی جەستە بەهەموو ڕەهەندەکانی دەمرێت. (جەستەی ناشیرن) وەکو (جەستەی جوان و شۆخ) نییە، سێکس

لەگەڵ تەمەن دەمرێـت، جەسـتە لەگەڵ فرۆشـتنی جەسـتە لە وزە دەکەوێت و ڕەغبەت و چێژی تێدا نامێنێت.

لەنێو ڕۆمانەکانی (کەمال سەعدی) ئافرەتەکان وەکو ئامێرێکی بێ هەسـت ڕۆژانە ئەم پرۆسـەی نـاوی بەخشـینی چـێژی سێسـکییە دووبـارە و چەنـد بـارە دەکەنەوە، ئەوان کە چی دیـکە خۆیـان بەخاوەنی جەستەکانیان نازانن، خۆشیان بەخاوەنی چێژی سێکسی نازانن. سێکس کردن لەگەڵ تەمەن و نەتەوە و پێست ڕەنگی جیاواز و پیـاوی لاواز، یـان قەڵەو، پـیر و گەنـج و نەخـۆش و سـاخ، یـان خوێنـدەوار و نەخوێنـدەوار، زمـانی جیـاواز سـێکس دەکەن، هـیچ ئاخاوتنێکی ئافرەتەکانم بیر نایەتەوە، کە بەهای مرۆیی ئەوان نمایش بکات، پێ دەچێت ئەوان بەهـۆی لەدەسـتدانی ڕەغـبەتی سێکسی و فرۆشـــتنی جەســـتەیان، بەهـــا مرۆییەکانیشـــیان لا لاواز و لاوەکی دەربکەوێت.

**پرسیاری ئێمە ئەوەیە:**

لە هەمـوو ڕۆمانەکانـدا (ئەم ئافرەتـانە بەردەوام و بێ وەسـتان و بەشـەو و ڕۆژ لەگەڵ چەنـدین پیـاوی جیـاواز) سـێکس دەکەن، بێ ئەوەی هیچ هەست و نەستێکی هەبێت، یان گوزارشت لە هەست و نەستیان کرابێت. لەکاتێکدا بەپێی ئەو گێڕانەوەی پیشتر لە بارەی ئافرەتێـک کە تەمەنی ١٣ سـاڵ بـووە و هـیچ سێکسـێکی نەکردبـوو، پێمـان دەڵێـت چـۆن هەسـت و نەسـتی مرۆڤـانەی بـۆ گەڕاوەتەوە دوای ئەوەی سێکسی۔ کـردووە. پێ دەچێـت لەم دۆخە دروونـیی و کۆمەڵایەتییەی لەنێو واقیعی ڕۆمانەکاندا وێناکراون و لەکردەوەشدا بەسەرهات و بابەتەکان و کارەکتەرەکان هەقیقین، (گیانی مرۆڤانەی ئافرەتەکـان بسـووێت و بتـوێتەوە) بەهـۆی ئەو کـردە سێکسـیانەی بەردوام و بێ پســـانەوە و دوور لەپەیوەنـــدیی خۆشەویســـتی و هاوسەنگی و ڕێزگرتن و چێژ ئەنجام دراون.

کــچە گەنجەکــان بێ خۆشەویســتی ســێکس لەگەڵ پیــاوە هەمەجۆرەکان لە تەمەن و قەبارە و کێش و زمان و نەتەوە و ئایین و ڕۆشــنبیریی دەکەن، کەســانی کــراوەن بەرانــبەر ئەزمــوونی نــوێ بەهەمـوو جـۆرێکەوە، ئەمەش جـۆرێکە لەگەشـت بەنێـو ڕۆشـنبیریی جیاوازدا. (Shaver, P.R and Mikulincer,M, , 2008.).


بێگومـان لەنێـو دەقی ئەم ڕۆمانـانەی (کەمـال سـەعدی) هـیچ پەیوەنــدییەکی خۆشەویســتی نابینرێــت، تەنیــا ئەوە نەبێــت کە ڕۆمـاننووس حەز لە کچـێکی موچەخـۆری خـۆی دەکـات و لەپێنـاو ئەوەش دەچێتە عـومرە. بێگومـان چەنـد جۆرێـک (سـێکس) هەیە، وەکـو ئەوەی چەنـد جۆرێـک مـرۆڤیش هەیە. ئەوانەی بڕوایـان بە (ئایین) نییە، هەیانە (هیچ ئیلتیزامێکیان بە دۆخی کۆمەڵایەتی نییە) و (هەیانە کەسانی ئایینین و ئیمانیان بە پەیرەوکردن و خواپەرستی و نوێژ لە ئایین) هەیە.

(هەیانە گەشت دەکات) لەپێناو:

**یەکەم**: سێکس.

**دووەم**: ئارامیی و ئاسودەیی و پشوو.

**ســێیەم**: شــارەزابوون و تێگەیشــتن و ئاشــنابوون بە کەلتــوور و ڕۆشنبیریی و مێژوو و شارستانیەتی جیاواز.




بۆیە ئەمانە هەندێکیان بەدوای (سێکس)دا دەگەڕێن بێ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی پێشینەیان بەوکەسانەوە هەبێت، کە سێکسیان لەگەڵ دەکەن. لەهەمـــان کاتـــدا هەیە (ئەم جـــۆرە پەیوەنـــدییە سێکســـییە کە بێ خۆشەویســـتییە بەکـــارێکی هەڵە نازانێـــت). ( Meston, C.M, Trapenll , P.D and Gorazalka, B.B, Ethnic , 1998, 88 ).

با هەندێک نموونەی نێو دەقەکانی (کەمال سەعدی) بە نموونە بهێنینـەوە، کە نزیکمـان دەخـاتەوە لە بـاسی (بەهـا و ژیـان و مـردن) لەنێـوان (چـێژ و ڕەغـبەت و ژیانـدا). ڕۆمـاننووس دەڵێـت دوای گەڕانەوەم لە عـــومرە "دوای پشـــووێکی سێ ڕۆژی، گەڕامەوە ســـەر کـارەکەم، دیارییەکـانم دایە خۆشەوسـیتەکەم و لەئـامێزم گـرت، ماچێکم لە ڕوومەتی کرد، ئەویش بەدەستە نەرم و نۆڵەکانی ناوقەدی مـنی گـرت و مـاچێکی لێ کـردم و وتی: خـۆزگە منـیش نەمردبـام سەفەرێکی ماڵی خودام لەگەڵ تۆ کردبا، ئەو هیوایەم بهاتبا دی". ( حەج و عومرە، ١١٤). لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە (پەیوەندیی خۆشەویستی/ ماچ) بەستراوەتەووە بە (نەمردن و خۆزگەی چوونە حەج). کە لەڕاستیدا ماچی پیاوەکە، ڕەنگە جیاواز بێت لە ماچی

ئـافرەتەکە، ئەمەش دەمـانگەڕێنێتەوە لای بەهـا مرۆییەکـان، ئەو بەهایـانەی سـێکس دیاریـان دەکـات، ڕەگەز ناوونیشـیانیان بـۆ دادەنێت و ڕەغبەت وزەیان پێ دەبەخشێت.

بەهای مرۆڤ لە گوتارەکەیەتی، پێگە و دەسەڵاتی گوتارەکەشی لەوکەرەسـتانە بە دی دەکرێـت کە لەنێـو گوتارەکەیـدا بەکاریـان دەهێنێـت، (ڕۆمـاننووس) دوای گەڕانەوە لە مـاڵی خـودا و عـومرە دەڵێت "ئەوەی ڕاستی بێت، ئەو چەند ڕۆژەی لە ماڵی خـوا بـووم، لەبەر نـوێژ و تـاعەتکردن زۆر مانـدوو بـووم، بـۆیە پێویسـتم بە جەو گۆڕینێکی دیکەی جیاواز هەبوو، بۆیە خۆم ناونووس کرد بۆ تورکیا". (حەج و عـومرە،١١٥) و لەبارەی دانیشـتن بەدیار ئافرەتەکانی سـەر دەریا و سەیرکردنیان دەڵێت "دانیشتن بەدیار ئەوانەوە تام و چێژی خـۆی هەیە، مـرۆڤ لێیـان تـێر نابێـت، نەش دەکـرا هـیچ نەخـۆمەو، لەسـەر مـێزێکی ڤـالا بەدیاریـانەوە دانیشـتم، بـۆیە ناچـار بـووم منـیش وەکو ئەوان بکەم و گڵاسێک بیرە لەبەردەمی خۆم دابنێم و بە فڕی بچـووک بە دیـار ئەم دیـمەنە دڵـڕفێنە بیخـۆمەوە... حـاجی فـازل و حاجی ئەنوەریش بەرامبەر ژنە سەماکەرە ڕووتەکان دانیشتبوون، لە خۆشیان ئاو لەدەمیان ڕانەدەوەستا". (حەج وعومرە، ١١٨- ١٢٨).

لەم بیرەوەریـانەدا ئەوەمـان بـۆ سـاخ دەبێـتە بەهـای مرۆڤەکـان بەپـێی پەیوەنـدیی سـێکس و بینیـنی جەسـتە و بیرکردنەوەیـان دەپێورێـت، نەک ئیمـان و باکگراونـدی ئایینیـان. گوتـاری ئەم جـۆرە دەقە بریتییە لە ڕاپەڕاندنی چەند مەبەستێک، لەوانە:

**یەکەم**: سێکس سنوور و پێگە و ئینتمای ئایینی نازانێت.

**دووەم**: بەهـای سێکسی- مـرۆڤ، پەیوەسـتە بەو ژیـنگەی تێـدا دەژیت.

**سێیەم**: چێژ و ڕەغبەت کاریگەریان لەسەر هەڵوێست و ڕەغبەتی کەسەکان دەبێت.

لەشـیکردنەوەی ئەم دەقـانەدا هەنـدێک شـتمان بەڕوونی بـۆ ڕوون دەبێـتەوە، کە ئەو پەیوەنـدییە سێکسـییە لەنێـوان کـارەکتەرە کوردەکـان بەهەمـوو جـۆر و خـاوەن کەسـایەتی و ئـیرادە و ئیمـان و باکگراونـد و ڕۆشـنبیریی جیـاوازەوە، لەگەڵ (ئافرەتە جیاوازەکان) لە وڵاتە جیاوازەکانـدا دروسـت دەبێـت، گوتـارێکی هەسـت پێکـراوە لەپێناو دەربڕینی:

**یەکەم**: هیچ جۆرە نزیکبوونەوەیەکی سۆزداریی و گەرموگوڕانە لەنێوانیاندا نییە.

**دووەم**: هـیچ پەیوەنـدیکردن و بەیەکگەیشـتنێکی قـووڵ بەدی ناکرێـت، پەیوەنـدییەکان کـاتین و بـۆ بەدەسـتهێنانی چـێژ و دەستکەوتێکی داراییە.

**سێیەم**: هـیچ جـۆرە هەسـتکردنێکی پەیوەنـدیکردن بەکەسـانی دیکەی تێدا نییە. واتا (گانکەرە کوردەکان) لەپێناو دروستکردنی هیچ جۆرە پەیوەندییەکی خۆشەویستی بیر ناکەنەوە و بەردەوامی بەهیچ نمایش و کردەیەکی لەم جۆرە نادەن، لەبەرانبەریشـدا، پەیوەنـدیی و پێدانی ژمـارەی تەلەفـۆنی ئەو کارەکتەرانەی گانـدەرن، یـان بـوونەتە هۆکار بۆ دروستکردنی پەیوەندیی (گەوادیی) ئامانجییان کۆکردنەوە و بەدەستهێنانی (پارەیە). واتە لەم ژینگەیەدا هیچ کردەیەکی سێکسی بەدی ناکرێت (خۆشەویستی و گەرمکردنەوەی ڕۆحی و ئیلتزامێک) بەدی بهێنێت.

**چـوارەم**: هـیچ جـۆرە یەکبـوون و یەکێتیـیەکی ڕۆحی و دروستکردنی کەسایەتییەکی هاوبەش و هاوسەنگ دروست نابێت. گێڕانەوەی ئەم ڕووداوانە وەکو (فیلمێکی سینەمایی ڕووت و لەپێناو وروژانـدنی سـێکس)ە. لەکاتێکـدا ڕۆمـاننووس دەیەوێـت ئامـاژە بە کەلتووری (گەشتکردن و کرانەوە و ئامانجی گەشتی خەڵکی برسی بە

سێکس و تێرکردنی چێژە سێکسییەکانی پیاوەکان و بەکەلتوور بوونی سێکس لەلایەن ئافرەتانی وڵاتە گەشتیارییەکان) بکات. واتە رۆمانەکان لەنێوان گوتاری (سێکس) و (کەلتووری سێکس) دەخولێتەوە. ئەمەش بەهای بوونی مرۆڤەکان دەردەخات، لەگەڵ مردنی خودی سێکس بە شێوازی جیاواز.

## ٢-١٨ سێکس ئامرازە بۆ تێکەڵبوون

یەکێک لەئامرازە نوێیەکانی ئاشنابوون بە کەلتوور و رۆشنبیریی وڵاتە جیاوازەکان بریتیە لە (گەشت و سێکس). رۆمانیی بیرەوەریی، یان ژیاننامە بریتییە لەو گەشتە هەقیقی و راستەقینیانەی رۆماننووس کارەکتەرەکانی بەشێوەی هەقیقی هەڵبژاردوون، شوێن و کات و رووداوەکانی هەقیقین و بریتین لەبیرەوەریی رۆژانەی هەقیقی خودی رۆماننووسەکە.

(کەمال سەعدی) لەرۆمانەکانی (خانمباز) و (شەوانی ئێریڤان) و (شەوانی باکۆ و (حەج و عومرە)دا بەراشکاوی سەربردەی هەموو ئەو کەسانەی گێراوەتە کە لەگەڵ ئەودا سەفەریان کردووە. ئەو دەستکاری ناوی کارەکتەرەکانی کردووە، بەڵام هەموویان کەسانی هەقیقی و راستەقینەن.

بۆیە لەرێگەی گەشتەکان و سێکس (پەیوەندییەکی نوێ) دروستبووە.

رۆماننووس لەکاتی سێکس و گەمەکردن لەگەڵ ژمارەیەک کچی گەنجی لەشفرۆش لەباکۆ، بۆ منداڵی خۆی دەگەرێتەوە و ئەم بەسەرهاتە دەگێرێتەوە " قسەکانی دایکمم بە بیرهاتەوە. قەیرە کچێکی دراوسێمان هەبوو، هەر جارێک دەهاتە ماڵمان، دایکم پێی دەوتم (کە تۆ منداڵ بوویت، ماوەیەکی زۆر نەخۆش بووم و لەسەر

جێگا کەوتبووم، شیری مەمکانم وشک ببوو، باری دارایشمان زۆر باش نەبوو تا شیری تۆزت بۆ بکڕین، لەجیاتی شیر، قەنداومان بۆ دەگـرتیتەوە و دەمانـدایتێ، بەڵام دڵـت پـێی دانەدەکەوت و هەر دەگریایـت و دەتـوت مەمە. ئەو کـچە جـوانە دەبیـنی، ڕووی سـپی بێت هەرجارێک بهاتبایەتە ماڵمان، تۆی لەباوش دەگرت و دوگمەی کراسـەکەی بـۆ دەکـردیتەوە، تـۆش دەمـت بە مەمـکی وەدەنـا و گۆیەکانیـت دەمـژی، تـا شـیری لێ بێنیـت، کە بێ هیـوا دەبوویـت لەوەی شـیرت پێ بـدات، بەددانە کەروێشـکییەکانت گەزەت لـێی دەدا، ئەویـش لەتـاوان هەڵـدەزەقیەوە و هـاواری لێ هەڵدەسـتا)، کە ئەو کـچە لەتـاو ئـازاری مەمکەکـانی هـاواری کـرد و وتی وەی نـانە، خەیاڵم گەرایەوە سەردەمی منداڵی و قسەکانی دایکمم بەبیرهاتەوە". (شەوانی باکۆ، ٨٦).

ئەمە یەکـێکە لەبیرەوەرییەکانی دەقنـووس کە هەر لەمنـداڵییەوە دەمانگێرێتەوە نێو پەیوەندیی سێکس و مرۆڤ و بیرکردنەوە و هەڵە و یاداشــت. لەکاتێکــدا ئەم جــۆرە پەیوەنــدیانە (کە ئــازار بەرهەم دەهێنن) جۆرێک لەچێژ دروست دەکەن.

یـان دەقنـووس لەپێنـاو درسـتکردنی پەیوەنـدیی سێکسی- لەگەڵ ئـافرەتی نەناسـیاودا ئەم بەسـەرهاتە دەگێڕێـتەوە کە پەیوەنـدی بە خـودی خۆییەوە هەیە "وتم: ئەو دوو کچە جوانانە، دەڵێی حۆرین، مـن حـازر بە قەرز نـاگۆڕمەوە، بـۆ یادگاری وێنەیـان لەگەڵ دەگـرم، دەستم خستە سەرشانیان و وێنەیەکم لەگەڵ گرتن و دواییش یەکە و مـاچێکم لە ڕوومەتە تەنـک و ناسـکەکانیان کـرد. ئینجـا بە ئـاکۆم وت: مـن بە حۆریەکـانی خـۆم گەیشـتم و تـۆش تـا ڕۆژی قیـامەت چاوەڕێ بە، تا حۆریت دەدرێتێ یان نا! دەزانم تۆش حەزت دەکرد وێنەیـان لەگەڵ بگریت، بەڵام لەترسی باوکـت نەتگرت". (شـەوانی باکۆ، ٦٣).

لـێرەدا سـێکس چەنـد جۆرێـک پەیوەنـدیی دروسـت دەکـات، لەوانە:

**یەکەم**: لەم چـرکە سـاتەدا، دەگەڕێـتەوە بـۆ دەسـەڵاتی بـاوک و تـرس لەبـاوک، واتە سـێکس و وێنەگـرتن و مـاچەکە بـاوک وەکـو دەسەڵات و باڵادەست بیر دەخاتەوە.

**دووەم**: وێنەگــرتن و دەســتنە خســتنە سەرشــان و دوومــاچ، دروسـتکردنی پەیوەنـدییەکی چـێژ بەخشـە لەگەڵ خـودی خـۆی، چونکە ئافرەتەکان هیچ کاردانەوەیەکی سێکسی. نیشان نادەن، هەر خوودی ڕۆماننووسە (چێژ دەمارەکانی گەرم دەکات).

**سێیەم**: ئەم وێنە ڕۆمانسییە دەبێتە هۆی دەربڕینی پەیوەندییەکی قـووڵ لەنێـوان (ئیمـان) و (لەزەت و ڕەغـبەتی سێکسی. هەنـووکەیی) کە باس لەگەیشتنە حۆرییەکانی ئێستا و حۆرییەکانی دوای مردن و بەهەشــت دەکــات. بەواتــایەکی دیــکە (ماچێــک و وێــنەیەک) پەیوەندییەکی ڕۆحی لەنێوان (حۆریی و ژیان و مردن و ماچ و سێکس و لەزەت) دروست دەکات.

لە گــێڕانەوەی کــردەیەکی دیــکەی سێکســیدا (پەیوەنــدیی بە بیروەریی منداڵی دەکات) و دەڵێت "منیش کچەکەی ترم لەئامێز گرتبوو، مەمکە بچکۆڵەکانیم خستبووە ناو دەمم وەکو منداڵی ساوا دەممـژی، نـاوە نـاوەش گەزەیەکی نەرمـم لە گۆیەکـانی دەدا، لەگەڵ ئـازاری گەسـتنی گـۆی مەمکەکانی، هەڵـدەبەزیەوە و بە دەنـگی بەرز دەیوت، وەی نانە". (شەوانی باکۆ، ٨٦).
ڕۆمــاننووس کە لە بنەڕەتــدا بــۆ چــێژ گەشــت دەکـات، لەم ڕێگەیشەوە پەیوەندی بە ژمارەیەک بابەتی دیکەی گرنگی (سیاسی، مــێژوویی، مــرۆیی، نەژاد و جوگرافیــا و کــۆمەڵایەتی و ئــابووری و سیاسەتی نێودەوڵەتی... تاد ) وەکو بەها و واتا و مەبەست دەکات.

## ١٩-٢ لاوازبوونی پەیوەندیی نێر و مێ لەبەر گێڕانەوەی سێکسی

بۆچی ئافرەت، یان پیاو لەژێر کاریگەریی ڕاگەیاندنی سێکسی، ڕۆمانی سێکسی و فیلمە ڕووتەکاندا لەخۆشەویستی و بایەخدان بە ڕەگەزی بەرانبەریان دوور دەکەونەوە. بۆچی، کە مرۆڤ ڕووداوە هەقیقییەکانی نێو ڕۆمانە سێکسییەکان دەخوێنێتەوە (ڕەفتاری توندی پیاوان، یان چێژی سێکسی پیاوانی لا بێ بەها دەبێت)، یان (جەستە و بەهای ئافرەتی وەکو ئەفسانە و چێژ و کاریگەریی) وەکو پێویست نابێت، ئافرەتیش بەهەمان شێوە، کە سەیری ئەم شتانە دەکات و ئافرەتی جوان، ئافرەتێکی کە جەستەی خۆی پێشکەشی پیاوێک دەکات، بێ ئەوەی هیچ زەمینەیەکی خۆشەویستی لەنێوانیاندا هەبێت، چۆن لە بەها و پێگەی ئافرەت بوونی خۆی دەڕوانێت.

بۆ نموونە: ئەو پیاوانەی زۆر سەیری وێنەی ئافرەتە سەرنجڕاکێشەکان دەکەن، کەمتر خواست و گوزارشتی خۆشەویستی و ئیلتیزامیان بەرانبەر هاوسەر و ئافرەتە دۆستەکانیان دەردەبڕن، ئەو پیاوانەی بەزۆر سەیری فیلمە ڕووتەکان دەکەن، زۆربەیان بەکەمی لەجەستە و شێوە و هەڵسوکەوتی سێکسی هاوسەر و خۆشەویستەکانیان ڕازی دەبن. ( Kenrick,D.T, Gutierres,S.E and Goldberg,L, , 1989, 67 ). لەهەمان کاتدا ئافرەتە گەنجەکانیش ئەوانەی سەیری وێنەی ئافرەتە سەرنجڕاکێشە جوانەکان دەکەن، متمانە بەخۆبوونیان لا لاواز دەبێت. ئەم بۆچوونەش لای (ماری سمیچ Mary Schmich) بەڕوونی لەستوونە ڕۆژنامەوانییەکەی بەناوی(wearSunscreen) لە ڕۆژنامەی ( Chicago Tribune ) گوزارشتی لێکراوە و گوتیەتی: " گۆڤاری ڕازاندنەوەی جوانیی مەخوێنەوە، هەر چەندە پتر ئەمانە

بخـــوێنییەوە، وات لێ دەکــات هەســـت بەوە بکەیـــت کە تـــۆ ناشیرینیت". (Zillman,D. and Bryant,J, , 1988, 53 ).

لەڕاسـتیدا سـێکس، یـان وێنە و نیشـاندانی دۆخە سێکسـییەکانی نێـو ڕۆمانەکانی (کەمـال سـەعدی) وێنـاکردنێکە لەپێنـاو گێڕانەوەی واقیعـــێکی بەرجەســـتەی ئەو هەفتـــانەی کە ڕۆمـــاننووس لەگەڵ هاوسـەفەرە نـزیکە هاوشـارییەکانی خـۆی لە شـاری هەولـێر، گەشـتی چەنــد وڵاتــێکی جیــاواز و کەلتــووری جیــاواز و ژیــنگەیەکی نــوێی (گەشــتیاریی سێکسیـ) دەکەن، بەمەش هەقیقەتێکمــان بــۆ ڕوون دەبێــتەوە، کە زۆر خـــزانە نێـــو بــاوەشی ئــافرەتی ڕووت، بینیـــنی جەستەی ڕووت، بەواتای زیادکردنی وزەی سێکسی. نایەت، چونکە ئەوانە "ڤیـاگرا " بەکـاردەهێنن، کەچی ئەو لەزەت لە (قســەکردن و گــوێگرتن لە چــیرۆکی ئــافرەتە لەشفرۆشــەکان و مـاچ و دەســتدان لەجەستەی ئافرەتەکان دەکات).

ڕۆماننووس هێنـدە واقیعیانە و هەقیقیانە شتەکانی گێڕاوەتەوە، کتومـوت بیرەوەریـیەکی سەرنجڕاکێشیـ زینـدووە، کەسـایەتییەکان کتومـوت خۆیـانن ئەوانەی (ئـێمە دەیانناسـین)، (ئەوانەی نـاخ و هەڵسوکەت و برسیەتی سێکسی. و ڕەفتارەکانیان) لەنێو ڕۆمانەکاندا وێناکراوەتەوە.

ئەوان هێندە دەچنە باوەشی ئەو ئافرەتە جوان و نەرم و گەنج و چــێژ بەخشــانەی لە وڵاتە گەشــت بۆکراوەکانــدا هەن و لەگەڵیــان جــووت دەبـن، پێ دەچێـت لەژێـر کـاریگەریی و لەزەت و چـێژی ئەو مــاوە کــورتە، هــیچ شــتێک لەبیرەوەرییەکــانی ژیــانی ڕابردوویــان، پەیوەنــدییە سێکســییەکانیان، خۆشەویســتیان بــۆ ئەو کەســانەی لەگەڵیانـدا دەژیـن هانیـان نەدات، یـان لەڕاسـتیدا توانـای ئەم جـۆرە بیرکـردنەوە و بیرهاتنەوەیـان لا لاواز بووبێـت. وەکـو چـۆن پیاوەکان بەهـۆی سـەیرکردنی فـیلمی سێکسیـ و وێـنەی جـوانی سـەرنجڕاکێش

ڕووتی ئافرەتان، توانای بایەخدان بە ئافرەت و جەستەی ئافرەتیان لا لاواز دەبێت، ئافرەتیش بەهەمان شێوە.

## ٢٠-٢ سێکس وەکو خواردن

بۆیە بەکارهێنانی (سێکس وەکو خواردن) پێگە و پیرۆزیی و بەهای جەستە و پەیوەندییەکانی نێوان نێر و مێ و کاریگەرییەکانی لەسەر خۆشەویستی لاواز دەکات.

لەکردەوەدا لەنێو هەموو ڕۆمانەکاندا وێنەیەکی ڕاشکاوانەی هەموو بیرەوەریی و ساتەکانی ئەو کاتە کورتەمان بۆ دەردەکەوێت، کە هەمیشە سێکس وەکو خواردن نمایش کراوە. لەڕووی پراگماتیکییەوە هەر وەسفێک، ئاخاوتن و کردەیەکی گێڕانەوەی نێو ڕستەکانی تایبەت بە ڕووداوەکان لەشێوەی بیرەوەریی شی بکەینەوە، ئەوەمان بۆساخ دەبێتەوە، کە بابەتەکانی نێو گەشتە ڕۆمانەکە (قسەکان، سێکس، پەیوەندییەکان، شتەکان، جەستەکان، بیرەوەرییەکان وەکو خواردن) لەپێناو تێرکردنی (خواست و چێژ و ئارەزووی نێرانە) نمایش کراون.

یان وەکو کەلوپەلە و لەڕێگەی هەندێک شتەوە ئاماژە بە خواستی سێکسی. و دروستکردنی ئەم جۆرە پەیوەندییە دەدرێت بۆ نموونە ڕۆماننووس لەسەر زاری (سەبری بازرگان)، کە دەزانین ئەو سەبرییە ناوی خۆی نییە و ڕەنگە بەشێکی زۆرمان بیناسین، دەڵێت "ئەو دوو ژنە سورییە کە هاتنە لام یەکێکیان ئیشارەتی بۆ لای دەرپێی ژنانە کرد و پێی وتم ئەوانە چین لە پشت سەری خۆت داتناون؟. منیش پێم وتن ئەوانە دەرپێی ژنانەن. کە وام وت، وتی (ئێ، ئێ، بڵێ قوزدانن). کە وای وت، سەیرم پێی هات، چۆن شەرم لە خۆی ناکاتەوە، باسی قوزم بۆ دەکات، منیش خۆم تەریق نەکردەوە، وتم بەڵێ ئەوانە قوزدانن، وتی ئەگەر قوزدانێکم بدەیتێ دەرپێی خۆمت بۆ دادەکەنم، سەیری بکە و بەئارەزووی خۆشت

دەستی تێ وەربدە منیش بردمە پەنای شت و مەکەکان و دەستم خستە ناوی". (خانمباز، ٢١٤). لێرەدا سێکس لای ئافرەتەکە لەبڕی خۆراک و بەدەستهێنانی کەلوپەلێکە، لای پیاوەکەش خۆراکێکی ڕۆحیی و دەروونییە. لەهەمان کاتدا شاگردەکەی سەبری بازرگان بەسەرهاتێکی دیکە لەگەڵ ئوم عومەر دەگێڕێتەوە و دەڵێت "زۆرم لێ پاڕایەوە، بۆیە زگم پێی سووتاوە و بیست و پێنج هەزار دایە و بۆم تێخست.. تەنها دوو جار بۆم تێخستووە، ئێستا هیچ پەیوەندیم لەگەڵی نەماوە". (خانمباز، ٢١٨). لێرەدا سێکس واتایەکی دیکە دەگەیەنێت، شاگردەکە بانگەشەی ئەوەی دەکات (سکی پێی سووتاوە) بۆیە پارەی داوەتێ و بۆشی تێخستووە، ئەمە ئەوەمان بۆ دەردەخات لەم جۆرە پەیوەندییانەدا (سێکس و نان)، (برسیەتی سێکسیی و لەشفرۆشی) هاوتان. چۆن ئافرەتەکە لەپیناو بەدەستهێنانی شتێک (پارە و دەرپێی ژنانە) جەستەی خۆی پێشکەش دەکات، پیاوەکەش بۆ بەدەستهێنانی چێژ و تێرکردنی برسیەتی سێکسیی خۆی وەکو (بەزەیی) پارەی پێ دەدات و سێکسیش لەگەڵ ئافرەتەکە دەکات.

"ئافرەت سێکس وەکو بەشێک لە تۆڵەکردنەوە لە پیاوەکانیان بەکاردەهێنن، هەندێک ئافرەت لەم لێکۆڵینەوەی ئەمەریکییەکاندا دەڵێن: پەیوەندی سێکسیم لەگەڵ کۆنە خۆشەویستەکەم ئەنجام دا، هەرچەندە دەزانم هیچ هەستێکی بەرانبەرم نییە، بەڵام ئەمەم بۆ ئەوەیە تۆڵە لە هاوڕێیە نزیکەکەم بکەمەوە. یەکێکی دیکە دەڵێت مێردەکەم خیانەتی لێکردم و منیش پەیوەندییم لەگەڵ هاوسەری ئەو ئافرەتە دروستکرد کە پیاوەکەم لەگەڵ ژنەکەی ئەودا پەیوەندی دروستکردبوو و بۆ ماوەی سێ مانگ سێکسم لەگەڵ ئەنجام دا. (د. دیفید ام. باس، د. سیندی ام، میستون، ، ٢٠١٨ ، ٢٠١ ). لەم ڕۆمانە کوردیانەدا ئافرەت بەدوای تۆڵە لە هاوسەرەکانیان ناگەڕێن، پیاوەکانیش نایانەوێت تۆڵە لە پەیوەندیی

گومانـاوی هاوسـەرەکانیان بـکەنەوە، بەپـێچەوانەوە، ئەوان وەکـو (برسـیەکی سێکسی-) بەدوای دۆزیـنەوەی جەسـتەی نـوێی دیـکەی ئافرەتەوەن، لەپێناو چێژ و بەدەستهێنانی لەزەت و تێکردنی ڕەغبەتی سێکسـیان. دیـاردەی برسـیەتی سـێکس لای مـرۆڤ وەکـو هەمـوو بوونەوەرێـک وایە، ئەم "برسـیەتییە ڕۆحیـان دەکوژێـت، لەهەمـان کاتـدا برسـیەتی سێکسی- هـانی هەمـوو بوونەوەرێـک دەدات بـیر لە زیــادبوون و زاوزێ بــکەنەوە". (الجــنس والجــوع، ٧-٧-٢٠١٨، https://aihammahmoud.wordpress.com/2018/07/07/%D8 /). کەچی لەم دەقانە ئامانج لە برسیەتی سێکسی، زاوزێ نییە، بەڵکو تێرکردنی چێژ و گەڕانە بــۆ دۆزیــنەوەی جەســتەیەک چــێژ بەخــش لەپێنــاو دامرکانـدنەوەی گـڕی نـاخی سـەرکوتکروایان. پیاوەکان لەم وڵاتـانەدا دەگەڕێـن لەپێنـاو تێرکـردنی پێویسـتی سێکسـیان. واتە ئەو کەسـانە کێشـەی سێکسـیان لە کوردسـتان هەیە، یـان لە(جـوانی ئـافرەت و لەزەتی سێکسی- و چـێژی مێینەکان) دوورن وەکـو برسـییەک ڕوو لە چـێژی سـێکس دەکەن و گوتارەکەشیان بەجـۆرێکە کە ئەوان وەکـو شەریفێکی لە خوا ترساو ئەم کارانە دەکەن.

بەپێویسـتی دەزانـم لەم لێکـۆڵینەوە ئامـاژە بەهەنـدێک ژمـارەی سـەیر لە ئەمەریکا بکەم، کە پەیوەنـدی برسـیەتی سێکسی- هەیە. بـۆ نمـوونە بەپـێی زانیارییەکانی ڕۆژنـامەی واشـنتن پۆسـت کە ئامـاژە بە زانیارییەکانی سـاڵی ٢٠١٨ دەکات گـوتیەتی : "تێکـڕای ئەو پیاوانەی لەساڵی ٢٠١٨ هیچ جۆرە سێکسێکیان نەکردووە گەیشتۆتە ٪٢٣، لەکاتێکدا ئەم ژمارەیە لە سـاڵی ١٩٨٩ ٪١٩ بـووە. ژمارەکان ئامـاژە بەوە دەکەن ئەو پیاوانەی تەمەنیان لەنێوان ١٨-١٩ سـاڵی بـووە لە ٪٢٨یـان سێکسـیان نەکـردووە کەچی لەنێـو ئافرەتانـدا و لەهەمـان تەمەنـدا ڕێـژەکە گەیشـتۆتە ٪١٨. لەهەمـان سـاڵدا ٪ ٩ ئەوانەی چــل ســاڵی بــوون و ٪١٥ی پەنجــا ســاڵی و ٪٥٠ی ئەوانەی شەسـتیان تێپەڕانـدووە سێکسـیان نەکـردووە. پسـپۆران پێیـان وایە بڵاوبوونەوەی تەکنەلۆژیا کاریگەریی زۆری لەسەر جووت نەبوون و

دوورکەوتنە لەسێکس هەبووە، بەتایبەتی لای گەنجان بەهۆی ئالودە بوونیان بە بەکارهێنانی یارییە ئەلەکترۆنییەکان لەتۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا کردەی سێکس کردن کەم بۆتەوە. (تسجيل اعلى مستوى من الجوع الجنسي- في الولايات المتحدة منذ ٣٠ سنة، https://arabic.rt.com/world/1010263-%D8%AA%D8%B3%D8%AC /).
لەنێو ڕۆمانەکەدا ئەو کەسایەتیانەی ئاماژەیان پێ دەکەن، لە تەمەنی گەنجی نین، هەرچەندە کچەکانی دەرەوەی وڵات گەنجن، بۆیە دوور نییە ئەمەش کاریگەریی هەبێت، کە پیاوەکان و کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکان لەڕووی سێکسییەوە برسی دەرکەون.

لەنێو گێڕانەوەکانی ئەم ڕۆمانانەدا هیچ جۆرە تۆڵەکردنەوەیەک بەدی ناکرێت، پەیوەندیی سێکسی و ئەو پەیوەندیانەی لەنێوان پیاو و ژنەکاندا دروست بووە، پەیوەندییەکی (کاتییە، بەرەزامەندی هەردوو لا (نێر و مێ)یەکانە و پێش وەختە ڕێکدەکەون بۆ ئەوەی بەیەکەوە جووتبن، لایەنی یەکەم (چێژ دەکڕێت/ نێر) و لایەنی دووەمیش (چێژ دەفرۆشێت/ مێ). لایەنی یەکەم (برسیی سێکسە) و (لایەنی دووەم برسی گەدە و گیرفانە، ئەم کارەی دەیکات وەکو بەشێک لەداهات و دەستکەوتی ڕۆژانە و کارکردن) دادەنێت.

زانایانی پزیشکی دەڵێن"شەهوەتی سێکسی- جگە لەبرسێتییەکی ئۆرگانیک هیچی تر نییە، وەک برسێتی بۆ خواردن، کە دەتوانرێت تێر بکرێت کاتێک ژن و مێردەکە یەکتریان بینی، لەوانەیە دیدارێک لە نێوان هاوسەرەکاندا ڕوویدات، دیدارەکەش بە شێوەیەکی فەرمی ڕوویدات و دوای ئەم دیدارە کەمێک شەهوەتەکە کەم دەبێتەوە، بەڵام برسێتی سێکسی. وەک خۆی دەمێنێتەوە، بەڵکو هاوسەرەکان یان یەکێکیان لە ئاواتەکانی تێربوون لە جۆرێکی تر جگە لە تەنیا بەتاڵکردنەوەی سێکسی- زوو تێپەڕ". (كل العرب، ١٠-٨-٢٠٠٤، https://www.alarab.com/Article/319285). واتە ئەو برسیەتییە

سێکســـییەی هەیە، بەردەوام دەمێنێــتەوە و پیــاو تــێر نابێــت لەو پێویستییەی هەیەتی.

لەم دەقــانەی ئــێمە قســەیان لەبــارەوە دەکەیــن، جووتبــوون لەدەرەوەی هاوســەرگیری و بەشــێوەیەکی خــێرایە، تەنیـا ئامانجیـان بەدیهێنانی چێژە، لەکۆتایسدا هیچ نیشانەیەکی تێربوونیان پێوە دیار نیــیە. ڕۆمــاننووس وەکــو ئەوەی بەرنــامەی هەبێــت کۆتــایی بە (برســیەتی سێکسی_) نەهێنێــت، بــۆ ئەوەی بەشــەکانی دیــکەی ڕۆمانەکانی لەگەشتەکانی دیکە بنووسێتەوە، لەکاتێکدا چێژەکانیان بۆ ماوەیەکی کاتی دادەمرکێتەوە، بەڵام کۆتایی نایەت، نموونەی (ئازا) لە جووتبـوون لەگەڵ ئافرەتەکانـدا بەیەک جـار تـێر نابێـت، بەڵکـو چەند جارێک دەیەوێت لەگەڵیان جووتبێت.

لەبـارەی ئەم برسـیەتییە سێکسـییەی ڕۆمـاننووس ئامـاژەی پێ دەکـات، قســەیەکی گشــتیمان لەبــارەی برســیەتی سێکسی_ لای عەرەبەکان بیر دەهێنێتەوە کە دەڵێن "عەرەب لەنێو ڕۆشنبیرییەکانی جیهانــدا بــۆتە ڕەمــزی برســیەتی ســێکس، بــۆ گێــل و بــرسی و سـەرکوتکراو و تینـوو و گەمـژە و گـیرۆدەی سـێکس بـین ئـێمە لە چی دەچین؟ نازانم بۆچی سێکس بەسەر قسەکانی ڕۆژانەماندا زاڵە؟". (الجـــــــــــوع الجنسي ـــــــــــــ عنـــــــــــــد العـــــــــــــرب، https://hawaaworld.com/%D8%A7%D9%84%D8%AC%D9%88%D).

ئەم نموونە بۆ ئەوەیە بزانین سەرجەم گفتوگۆ و ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکـانی (کەمـال سـەعدی) بـیرەوەری برسـیەتی سێکسی_ ئەو پیاوانەمــان بــۆ دەگێڕێــتەوە، کە ڕاشــکاوانە بــاس لە پەیوەنــدییە سێکسییەکانیان دەکەن، پیاوی کورد و کۆمەڵگەی کوردستانی وەکو کۆمەڵگەیەکی برسی بۆ سێکس و جووتبوون وەسفکراوە.

## ٢-٢١ سێکس و لەشفرۆشی

ئێمە کە باسی گوتاری دەق دەکەین، لەنێو دەقیشدا هەر تەنیا یەک بابەت و باس لەئارادا نییە، بەڵکو بەپێی پێکهاتەی شتەکان گوتارەکانیش هەمەجۆر دەردەکەون و لەنێو ڕۆمانەکانی (کەمال سەعدی)یشدا گوتاری سێکس وەکو چەند بابەتێک مامەڵەی لەگەڵ کراوە:

## ٢-٢١- ١ یەکەم: سێکس وەکو لەشفرۆشی

لەم باسەدا دەتوانین دەیان نموونە لەنێو دەقی ڕۆمانەکانی ڕۆماننووس بدۆزینەوە، کە ڕاشکاوانە و بێ ئەوەی بچێتە نێو درێژدادڕی و نیشاندانی هۆکاری ئاڵۆز و هەمەلایەنی زۆر سەبارەت بەدیاردەی سێکس فرۆشتن لەم وڵاتانەی گەشتیان بۆ دەکات وەکو (ئازەربایجان و ئەرمینیا و تورکیا و ئێران و میسر و تەنیا لە سعودیەش لەکاتی حەجدا هەندێک لە عومرەکارەکان بیر و بینیان بەلای شەنگی و جوانی ئافرەتدا دەچێت) و لەتەک ئەوەشدا لەدەقەکەکاندا بێ شاردنەوە و بەڕاشکاویی و ئاشکرا و ڕاستەوخۆ کردەی سێکسی. بە شێوەیەکی هەقیقی و ڕاستەقینە نمایش کراوە. لەکردەوەدا وەکو توانج و ئاماژەپێکردن ناوی (گوندی لوبنانی) لە هەولێریش دەخوێنینەوە، کە ئەمەش بریتییە لە دیاردەیەکی نوێی لەشفرۆشی لە کوردستاندا، بێ ئەوەی هیچ کردەوەیەکی گێڕانەوە و وەسف و زانیاریی پتر لەبارەی ئەم شوێنە پێشکەش بکات.

دەگەڕێمەوە سەر بابەتێکی گرنگی توێژینەوەکانی (د. دیفید ام. باس، د. سیندی ام، میستون) کە لەبارەی ئافرەت و سێکس و هۆکارەکانی ئەم دیاردەیە ئەنجام دراوە، ئەم پسپۆرانە لێکۆڵینەوەیان سەبارەت بە لەشفرۆشی، یان (سێکس بەرانبەر شتێک) کردووە و چەندین نموونەیان لەپێناو پێدانی زانیاریی دروست و دەرخستنی هەست و نیەت و مەبەستی ئافرەتەکان ئاماژە پێکردووە، وەکو:

ئامـاژە بەگفتوگـۆیەکی نێـو فیلمێـک دەکەن، کە دەڵێـت "کراسـەکەم بـۆ فرۆشـتن نمایش کـراوە، نەک مـن". ئینجـا ئاماژە بە بەسـەرهاتی (ناتـالی دیـلانی تەمەن ٢٢) سـاڵی دەکات، کە دەیەوێت دکتـۆرا لە پزیشـکی دەروونی خـێزان و هاوسـەری بخوێنێـت، بەڵام پارەی نییە، بۆیە خوشکی بیرۆکەی (لادانێکی شەرعی بۆ پەیداکردنی پـارە و دەرچـوون لەم قەیـرانە)ی پێشـکەش دەکـات، بـیرۆکەکەش بریتییە لە بەدەستهێنانی پارە لەماوەی سێ هەفتە لەپێناو تەواوکردنی زانکۆ. بۆیە (دیلان) بڕیار دەدات (کچێنی) خۆی لەڕێگەی فرۆشتنی ئاشـکرا نمـایش بکـات، بـۆ ئەوەی پـارە پەیـدا بکـات و بەم پـارەیە "توێژینەوە لەبارەی بەهـای سێکسیـ لای ئافرەت بکات". لەماوەی پێـنج مانگـدا دە هەزار داواکـاریـ پێگەیشـت، نرخەکانیـان گەیشـتە چـــوار ملیـــۆن دۆلار. لەقســـەکردن لەبـــارەی ئەم تـــاکتیکەی بەکاریهێنـاوە گـوتیەتی: "بـڕوام وایە هەمووم‌ـان، مـن و ئەو کەسـەی سێکسیـ لەگەڵـدا دەکەم، هەردووکمـان لەم ڕێککەوتـنە سـوودمەند دەبـین". (د. دیفیـد ام. بـاس، د. سـینیدی ام، میسـتون، ٢٠١٨، ٣١٥). بڕوانە ڕۆژنامەی تەلەیگرافی لەندەنی ( The Telegraph , (London), January, 12, 2009.)).

لەهەمـان کاتـدا چـیرۆکی (سـتیڤانی گـریچن) لەپێنـاو خوێنـدن و بەدەستهێنانی زانیاری پێش ئەوەی بەرازیل بەجێ بێلێت و بگەڕێتەوە ئەمەریکـا، لەگەڵ یەکێـک ڕێـک دەکەوێـت بچێـتە دارسـتانەکانی ئەمـازۆن، دەگیرێـتەوە لەوێ خـانووێکی جوانیـان لەنێـو دارسـتان دروسـتکرد و هەر لەوێ ڕێککەوتـن لەگەڵ وەرگـێڕەکەی سـێکس بکەن، ئەو دەڵێت پەشیمان نیم لەوەی کردوومە، چونکە بەرانبەر سـێکس کـردنەکە، بـۆتە خـاوەنی بیرەوەریـیەکی سەرکێشـانە لەنێـو دارستانەکەی ئەمازۆندا، لەهەموو ژیانی ئەو بیرەوەرییە لەیاد ناکات، بەرانبەر بەوگانەی ڕوویدا. ئەمە بە ڕێککەوتن ناو دەبات. (د. دیفید ام. باس، د. سیندی ام، میستون، ٣١٦).

لە توێژینەوەیەکی زانکۆی مەشیگاندا ڕاشکاوانە ئاماژەیان بەوە کردووە، کە (گریچن و دیلان) و هەروەها هەندێک لەو ئافرەتانەی سێکس دەکەن ئامانجیان بەدەستهێنانی سەرنجراکێشانی رۆمانسی، یان سێکس لەگەڵ کەسێکی دیکە نییە، بەڵکو زۆر بەسادەیی ئەوان دەیانەوێت بەرانبەر ئەو کارەی دەیکەن شتێک بەدەست بهێنن. (Kruger,D.J, 008, 12). واتە ڕوونە ئەم توێژینەوەیە هاوسەنگە لەگەڵ ئەو ئامانجەی لەم ڕۆمانە سێکسیانەدا لەکاتی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی خودی ڕۆماننووس لەکاتی سەردان و گەشتەکانیدا ڕوویانداوە، لەوێدا بەڕاشکاوی ئاماژە بەهۆکاری بەدەستهێنانی (پارە و سەرچاوەی ژیانی دارایی) دەکرێت، کە ئافرەتەکان لەپێناویدا سێکس دەکەن، یان (سێکس دەفرۆشن و گان دەدەن).

ئەگەر بگەڕێینەوە سەر توێژینەوەکەی زانکۆی مەشیگان چەند هۆکارێکی سەرەکی لای ئەو ئافرەتانە ئاماژەی پێکراوە، کە سێکسیان کردووە، دەڵێن ئەم کارەمان کردووە لەپێناو ئەوەی:

- دەمویست پلە و پایەکەم زیاد بکەم.
- دەمویست فرسەتی کار بەدەست بهێنم.
- دەمویست پلە و ئاستی کارەکەم بەرەو پێشەوە ببەم.
- پێشکەشکردنی پارە بەرانبەر ئەنجامدانی ئەم کارە.
- دەمویست پارە بەدەست بهێنم.

بەرانبەر ئەو کارە مادەی هۆشبەریان پێشکەش کردووم. (د. دیفید ام. باس، د. سیندی ام، میستون، ، ٢٠١٨، ٣١٧).

لەجیهانی ئیسلامیدا پەیوەندی سێکسی و پەیوەندیی کۆمەڵایەتی جۆرێکی دیکەیە "کۆچی دوایی کچە ئێرانییەکە، مەهسا ئەمینی، ناچاری کردم نووسینە بەسەرچووەکانم لەسەر ئیسلامی سیاسی لە ئێراندا، بە تایبەتی سیماکانی سیستەمی ئایینی شیعە کە بەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی ئەوێدا زاڵن، وەبیر بهێنمەوە ئەم بیرهێنانەوە بێزارکەرە

وای کـرد شـتەکانم بـیر بێـتەوە، کە ئەوەنـدە مـاوەیەکی زۆر نەبـوو و تەنـانەت لەبـارەی مـانگی ڕابردووشـەوە نووسـیبووم سـەبارەت بە پــارێزەری فەقێ و وەسوەســەی سێکسیــ شــازادەکانی گــروپە جیهادییەکان و فیتنەی ژنان، کە پایە ڕادیکاڵییەکان تێک دەدات و تەنـانەت دەشـکێنێت. دامەزراوەکـان کە تـاکو ئێسـتاش مەلەفی ئەو ژنـانە لەخـۆدەگرن کە بـاسی خەتەنەکـردن، بـاڵغبوون، پێگەیشـتنی جەسـتەیی، دیاربوونی مەمکەکانی، بڕگەکانی هاوسـەرگیری و سـوڕی مانگانە نیشان دەدەن گرنگییەکی زۆر لەنێو کارنامەی فیقهی لە تارانی شــیعە و کــابول هەیە، ئەمەش لەلایەن تاڵیبــان و پاکســتان و ڕێکخــراوی پەرشــوبڵاوی ئەلقاعیــدە زاڵ بــوو، ئێســتاش دەوڵەتی ئیسـلامی (داعـش) لە سـوریا و عـێراق پەیـڕەوی دەکەن". (د. بلیـغ حمــدی اســماعیل، االربعــاء ٢١-٩-٢٠٢٢، https://middle-east-online.com/%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%82%D8 ).

ئەوانە بەڕاشـکاوی نە لەپێنـاو مـادەی هۆشـبەر و نە پلە و پایە و نەکاری ئیـداریی و مووچەخـۆریی، بەڵکـو تەنیـا لەپێنـاو (پارەیەکەی کەم) دەسـتیان بە لەشـفرۆشی و نمیـاشی جەسـتە کـردووە. ڕاسـتە ڕۆمـاننووس دەیەوێـت وەکـو تـوێژەری کـۆمەڵایەتی خـودی خـۆی نمـایش بکـات، بەلام ئەرک و پیشـەکەی نـاچێتە نێـو بـنج و بـنەوانی لێکـۆڵینەوە لەم دیـاردانە، تەنیـا ئەو نمایشیـ کـردەی سێکسیـ و چــۆنیەتی بەیەکگەیشــتنی نــێر و مێکــان دەکــات. لەگەڵ چەنــد ئافرەتێـک دەئاخڤێـت و دیـدار دەکـات و هەنـدێک لە پاشـخان و مـێژووی کەسـیان ئامـاژە پێ دەکـات، ئەم کـارەشی هەر تەنیـا وەکـو گێڕانەوەی وێنەکانی نێو ئاوێنەیە، نەک گێڕانەوەی هەست و نەست و ڕەفتار و کاردانەوە و بیرکـردنەوە و بڕیارەکانی خـودی ئەو کەسانەی لەنێو ئاوێنەکە دەردەکەون.

## ٢-٢١- ٢ دووەم: سێکس بۆ تێرکردنی چێژی برسی پیاو

ئەو ئافرەتانەی ئەم کارانە دەکەن، بێگومان بەشێوەیەکی رۆتینی خۆیان بیانەوێت، یان ئەو شوێنانەی بەزۆر ئەوکارانەیان وەکو پیشە وکار پێ دەکات، دەبێت "رۆژانە کردەی سێکسی لەگەڵ دەیان پیاو بکەن، زۆربەی، یان هەموو پارەی کڕیارەکان (گانگەرەکان) دەچێتە نێو حیسابی خاوەنی شوێنەکانی لەشفرۆشی. (Brown, L. 2000).

لەنێو رۆمانەکانی (کەمال سەعدی)دا ئەم پەیوەندییە لەڕێگەی ئەوکۆمپانیا لەشفرۆشیانە ئەنجام نادرێت، بەڵکو زۆربەی هەرە زۆری پەیوەندییەکان لە شەقام و لەڕێگەی پەیوەندیی و سەردانی پێشتر و هەندێک برادەری کوردەوە دەست پێ دەکات، کە جاری تریش ئەم جۆرە سەردانەیان کردووە و ژمارەی تەلەفۆنی هەندێک لەئافرەتەکانیان لای خۆیان پاراستووە، بەشێوەیەکی دیکە دەتوانین بڵێین لەشەقام ئافرەتەکان دەدۆزنەوە، ئەمە پەیوەندییەکی جیاوازە لەوەی ئەو ئافرەتانەی تایبەتمەندن، یان لەڕێگەی کۆمپانیاکانەوە بەکرێ دەدرێن.

ئەمەش دوو ئامانج و شێواز و بیرکردنەوەی تێدایە:

**یەکەمیان**: پیاوەکان پارەیەکی کەمتر بە ئافرەتەکان دەدەن و هەر خۆشیان لە شەقام پەیوەندیی بەم ئافرەتانەوە دەکەن.

**دووەم**: ئافرەتەکانیش دیارە لەڕێگەی ئەم پارەی وەری دەگرن، پتر قازانج دەکەن، لەوەی بچنە شوێنە فەرمییەکان. دوور نییە پەیوەندی لەگەڵ پتر لە کڕیارێکیش بکەن.

رێک لەنێو رۆمانەکەدا لەیەک کاتدا پتر لە یەک پیاو جووتبوون لەگەڵ تاکە ئافرەتێک ئەنجام دەدەن نموونە (ئازا و کاروان) لەیەک کاتدا هەردووکیان لەگەڵ یەک ئافرەتدا سێکس دەکەن.

## ٢-٢١-٣ سێیەم: سێکس لە دەرەوەی وڵات

لە نێو کوردستان و ڕۆژهەڵاتدا هێشتا وەکو دەقە کلاسیکییەکان پیاو گوزارشت لە خواستی مێینە و جەستەی ئافرەت و چێژی مێ دەکات، نەک خودی ئافرەت. لەنێو دەقی ڕۆمانەکانی (کەمال سەعدی)دا هەست بەوە ناکرێت لەنێو ئەو ئازادییەی لەم وڵاتانەی کە گەشتیان بۆ دەکات، ئافرەت لەپێناو بەدیهێنانی پارە و درێژەدان بەکارەکەی و لەترسی بێکاربوون ئازادانە گوزارشت لەخۆی دەکات، بەڵام بەهیچ شێوەیەک ئازدانە گوزراشت لە جەستە و سێکسی-خۆی ناکات، چونکە هیچ هەستێکی ئافرەتەکانی لە پرۆسەی سێکس و جووتبوون لەگەڵ پیاودا نمایش نەکردووە، ئەوەی هەیە تەنیا پیاوەکانن سێکس دەکەن و چێژ وەردەگرن و ئافرەتەکانیش چێژ دەبەخشنەوە، نەک بەدیهێنانی گوتاری سێکس.

نێرە برسییەکانی سێکس لە کوردستانەوە لەپێناو بەدیهێنانی چێژ، گوتاری گەشت و ڕابواردن لەپێناو گەیشتە بە چێژ بەکاردەهێنن. ئەم گوتارە هەرچەندە لە تەکنیک و فۆرمدا لای ڕۆماننووس نوێیە و جیاوازە لە گوتارە کلاسیکییەکان، لەهەمان کاتدا لەهیچ وێناکردن و گێڕانەوەیەکدا هاوسەنگی لە وەسفکردنی سێکس و ئاسودەیی و بەدەستهێنانی چێژ لەنێوان پیاوەکان و ئافرەتەکان بەدی ناکرێت.

ئافرەتەکان وەکو خواردن و کەلوپەل و جلەوبەرگ و کەرەستە بەکارهێنراون. پیاوەکانیش وەکو بوونەوەرێکی زیندووی چالاک و کارا بەشانازییەوە لەڕێگەی پێدانی (پارەوە) جەستەی ئافرەت بەهەموو واتا و مەبەست و چێژ و لەزەتێکەوە دەکرن. پیاوەکان هەڵگری هەموو وزە و کەرەستە و واتا و گوتار و خواستێکی سێکسین، ئافرەت خاوەنی یەک شتە، کە ئەویش لە واتا و گوتار و وزەکان دابڕێنراوە.

جیاوازیی تێڕوانین، وەکو بەکارهێنان نییە. لە گوتاردا هەموو وشە و گوزارشت و وزەیەک و وێناکردنێک پەیوەندیی بە بەکارهێنانەوە هەیە. ئەمەش دەبێتە گێڕانەوەیەکی خاوەن وزە و دەکرێت ناخ و کردە و ڕەفتاری هەر یەکێک لەڕەگەزەکانمان نیشان بدات. من وەکو خوێنەرێک لەنێو دەقەکاندا (ئافرەت) بە بوونەوەرێکی بێ گیان دەبینم، کە تەنیا خاوەنی (جوانییە بێ خۆشەویستی).

## ٢-٢١-٤ چوارەم: چێژ وەکو بابەتێکی گەشتیاری

نامەوێت بڵێم بیرەوەرییە ڕۆمانەکانی (کەمال سەعدی) بانگەشەیە بۆ گەشتیاریی، بەڵام لەنێوەڕۆکدا، لە گوتاری گێڕانەوەکاندا ئامانجی گەشتەکان ئەوەمان بۆساخ دەبێتەوە کە (گەشتیاری) بۆتە یەکێکە لەدیاردە باوەکانی نێو کۆمەڵگەی کوردستان، ئامانجی گەشتەکانیش چەند جۆرێکە، لەنێویاندا سێکس یەکێکە لە ئامانجە دیارە زەقەکان. "لەم ساڵانەی دواییدا بازاڕی پیشەسازی لەشفرۆشی و گەشتیاری سێکسی- گەشەی کردووە و خواست لەسەر گەشتکردن بۆ چێژوەرگرتنی سێکس زیادی کردووە، لە سەرانسەری وڵاتەکانی جیهاندا، بە سەرچاوەیەکی داهاتیش دادەنرێت.  سروشتی ئەم پیشەسازییە چییە؟ هۆکارەکانی بەردەوامبوونی چین؟ چۆن دەکرێت نەهامەتی و نەهامەتی هەژار و کەم دەرامەت بقۆزرێتەوە بۆ ئەوەی خزمەت بە دەوڵەمەندەکان بکرێت؟ لە تایلاند و لەشاری بانکۆک نزیکەی ٢٥٠ هەزار ئافرەت لە گەشتوگوزاری سێکسی.کار دەکەن سێیەکیان منداڵن". (ابراهیم السید، ١٠-٧-٢٠١٨، https://www.aljazeera.net/midan/intellect/sociology/2018/7/10 ).

ئەم دیاردەیە کە مێژوویەکی کۆنی هەیە و سەرچاوەکان وا باسی دەکەن ، کە "گەشتیاری سێکسی لە ناوەڕاستی سەدەی

نـۆزدەهەمەوە دەرکەوتـووە و لەگەڵ سـەرهەڵدانی چیـنی ناوەڕاسـتی ئەورووپی و کەڵەکەبـوونی سـامانەکەی و بڵاوبـوونەوەی بـیرۆکەی گەشـتکردن بـۆ دەرەوەی وڵات لەپێنـاو چێژوەرگـرتن بـووە، لەوانە کینیـا، باشـووری ئەفریقـا و هەنـدێک لە وڵاتـانی عەرەبی. جـگە لە وڵاتـانی باشـووری ڕۆژهەڵاتی ئاسـیا و ئەمەریکـای لاتـین. ئەوەی لەنێـوان هەمـوو ناوچەکـان هاوبەشـە لاوازیی و سسسـتی بـاری گوزەران و پاشان کەمی کرێی کار و بڵاوبوونەوەی هەژاریی و بێکاری لەو وڵاتانەدا پاڵ بە ژنان و منداڵانەوە دەنێت لەبواری لەشفرۆشیدا کار بکەن، ئەمەش دەرفەتێک بۆ گەشتیارانی ڕۆژئاوا دەڕەخسێنێت کە ئەزمـوونێکی سێکسیـ نـاوازە بەدەسـتبهێنن بەنـرخێکی کەم." (ابـــــــــــــــــــــــــــراهيم الســـــــــــــــــــــــــــــيد، ١٠-٧-٢٠١٨، https://www.aljazeera.net/midan/intellect/sociology/2018/7/10 ). لەنێـو دەقی ڕۆمانەکـــانی (کەمـــال ســـەعدی) ئەم گوتـــارە بە ڕوونی شیکراوەتەوە، یان وەکو هۆکار و بنەمایەکی سەرەکی لەگەشەکردنی دیـاردەی گەشـتیاری سێکسیـ لە ئـێران و ئازەربایجـان و ئەرمینـا و تورکیـا و میسرـ ئامـاژەی بـۆ کـراوە. گەشـتیار بەدوای بـازاڕێکی گەرمی سێکسـیدا دەگەڕێـت. لەهەمـان کاتـدا هەنـدێکی دیـکەش بەدوای چێژدا دەگەڕێن وەکو چۆن (ڕۆبەرت کە هاووڵاتییەکی هۆلەنـدییە) لەگـێڕانەوەی ئەزمـوون و هۆکـار و خواسـتە سێکسـییەکانی خۆیـدا دەڵێـت "مـن حەزم لەوە نیـیە تەواوی هەفـتەکە لەگەڵ یەک ژن بەسەر بەرم، بەڵێ زیاتر لە ٤٠ ساڵە هاوسەرگیریم کردووە و ژیانێکی خـۆش دەژیـم، خـاوەنی خـانوویەکم لە هۆڵەنـدا، دوو کـوڕم هەیە، هاوسەرەکەشـم قـژ زەردە، بەڵام هێشـتا کـات لەگەڵ کارمەنـدانی سێکسیـ لە تایلەنـد بەسـەر دەبەم، هۆکارەکەی ئەوەیە، کە پێمـوایە حەز دەکەم شتێکی جیاواز تاقی بکەمەوە". (هەمان سەرچاوە).

ئەوەی لە گوتـاری دەقە کوردییەکـان بۆمـان دەردەکەوێـت پێ ناچێت هیچ یەکێک لەگەشتیارەکان کەم دەرامەت بن، یان ڕەبەن بن، بەپێچەوانە ئەوان لەشێوە ژیانی ئاسایی نێو هەولێر ڕادەکەن، بۆ

ئەوەی بـۆ مـاوەیەکی کـورت پەیوەنـدییەکی نـوێی سێکسی ـ لەگەڵ ئـافرەتی دیـکە بـدۆزنەوە و ئاسـودەیی و چـێژ بەخۆیـان ببەخشـن. دەتـوانین بڵـێن هەرچەنـدە ئەوان بـاسی شـێوەی پێوەنـدیی خۆیـان لەگەڵ خانەوادەکانیان ناکەن، بەڵام بەپێی ڕەفتارەکانیان بێت بێزارن لە پەیوەندیی شەرعی لەگەڵ ژنەکانیان و دەیانەوێت ئافرەتی نوێ بۆ چێژ پەیدا بکەن.

لەگێڕانەوەی بەسەرهاتێکدا دەڵێت "باوەشم پێداکرد و تێروپڕ ماچم کرد، دەستم خستە ناو سینگی و هەندێک مەمکانیم گوشی، پـێم وت: لەوە زیـاتر بەرگە نـاگرم، تـۆ زۆر جـوان و شـیرینی بـۆچی نـایەیتە ژوورەوە... دەسـتی بـۆ درێـژ کـردم و وتی: زووکە سـەد دۆلارەکەم پێبدە، با لەوە زیاتر دوا نەکەوم". (خانمباز، ١٦١). یان دەڵێت "مرۆڤ لەو تەمەنە زیاتر پێویستی بە خانمبازییە... مادام تۆ پـارەی خـۆت دەدەیـت، ئەوان هەمـوو شـتێکت بـۆ دەکەن". یـان دەڵێـت "شـوێنی جووتبـوونەکەی بـۆ دووریـمەوە، وەکـو کچـێکی چـواردە سـاڵی لێکـردمەوە.. تـا دەڵێـت بـۆچی لەگەڵـت هـاتووم، تـا لەگەڵت بم من موڵکی تۆم... کە وای وت بەیەکەوە چووینە ژووری خەوتــن.." (خانمبــاز، ١٧١ - ١٨٣). بەگشــت ئەوەمــان بــۆ دەردەکەوێت، کە لە گەشتەکاندا (سێکس لەپێناو چێژ) و (سێکس لەپێنـاو بەدەسـتهێنانی پـارە) دوو مەبەسـتی بـنەڕەتی نێـو گوتـاری دەقەکانن.

## ٢-٢١- ٥ پێنجەم: ئافرەتی گەنج لە شەقامدا

لەڕاسـتیدا لەگەشـتنامەی ڕۆمانەکـانی (کەمـال سـەعدی)یدا لەتەک ئەوەی ئـافرەت بەمەرامی سـێکس لەهەنـدێک لە میوانخـانە دیارەکـانی شـاردا دەدۆزنەوە، یـان لە باڵاخانەکـانی کـرێ و شـوێنی مانەوە بۆ هەفتەیەک خاوەن شوقەکان، یان هاوڕێکانیان، یان لە

یـانەی شـەوانە و هەندێکیشـیان لەڕاسـتیدا لەشـەقام و پـارکە گشتییەکانی شاردا دەدۆزنەوە.

ئەو کـچە گەنجـانەی لەمـاڵ چـوونەتە دەرەوە و لەشـەقامدا دەژین، سێکس لەپێناو بەدەستهێنانی پارە و خـواردن و مادەی بێ هۆشکردن ئەنجام دەدەن. ( Tyler,K.A and Johnson, K.A, 2006,16). ئەمـانە خـاوەنی چـیرۆکی ئازاربەخشی_ ناخۆشـن، بەتایبەتی ئەو کچە هەرزەکارانەی لەماڵ دەرکراون و لەبەر سوکایەتی سۆزدارانە و جەستە، یان سێکس تووشی دۆخێکی خراپ بوون و ئەو کاتـانەی دەکەونە شـەقام وەکـو سـتراتیژێکی سـەرەکی سـێکس لەپێناو مانەوە ئەنجام دەدەن. (د. دیفید ام. باس، د. سیندی ام، میسـتون ، ٢٠١٨، ٣٣٠). واتە چەنـد ئامانجێـک و هۆکارێـک و مەبەسـتێک لە کـردەکەدا بەدی دەکرێـت لەوانە (خـۆ دۆزینەوە لە شـەقام و لەپێنـاو پـارە و نـان، بەدەسـتهێنانی مـادەی هۆشـبەر و مانەوە).

لەم رۆمانـانەدا نێرەکان سـەدان هەزار کیلۆمەتر بە فـڕۆکە، یـان لەرێـگەی وشـکانی و بـڕینی سـنووری چەنـد وڵاتێـک بە ئۆتۆمبێـل خۆیان دەگەیننە ئەو شـوێنانەی جەستەی ئافرەتی تێدا دەدۆزنەوە، لەپێنـاو دۆزینەوەی ئـافرەتی جـوان و خـاوەن جەسـتەی رێکوپێـک و سـەرنجڕاکێش و کەسـانی خـودان چـێژی ورووژێـنەر، بە (پـارەیەکی) کەم (دۆلار) ئەو کەسـانە دەدۆزنەوە، بەئاسـانی و بێ گـرێ لەگەڵ جـووت دەبـن و لەپێنـاو تێرکـردنی چـێژی سیکسی_ خۆیـان و ئـافرەتە جوانەکانیش لەپێناو بەدەستهێنانی بڕێکی کەمی (پارە و نان) لەپێناو (مـانەوەی خـۆی و هاوسـەر و منـداڵەکانی) ئەم کـارە دەکـات. ئەم جـۆرە ئـافرەتە سێکسی_ خۆیـان دەفرۆشـن، لەپێنـاو بەدەسـتهێنانی پاڵپشـتی دارایی بـۆ خـۆیی و خۆشەویسـتەکەی. یەکێـک لەو ئافرەتـانەی لە شـەقامدا دەژیـت، دەڵێـت "بەزۆری مـن و خۆشەویسـتەکەم لەسـەر ئەرکی ئەو پیـاوە دەژیـن کە مـن سێکسی_

لەگەڵ دەکەم، بەزۆری ئەو پیاوەم بەکاردەهێنا بۆ کڕینی مادەی هۆشبەر، یان بەدەستهێنانی مادەی هۆشبەر و مەی بەشێوەی راستەوخۆ بۆ خۆم و خۆشەویستەکەم". (www.salon.com/mwt/feature/200805//call-girl/.).

لەنێو رۆمانەکاندا زانیارییەکی گرنگی بە خوێنەرەکانی دەدات و پێیان دەڵێت لەم وڵاتانەدا گەشتیاری سێکسی ـ ئازادە، تەنیا لەهەندێک شوێندا ناوی پارک و شەقام و یانەکانی شەوانیش دەهێنێت، وەکو ئەوەی نەخشەی شوێنەکانی دۆزینەوەی و پەیوەندیی بە ئافرەتەکانیان پێ بدات، فێری ئەوەشیان دەکات نرخەکانیان و جۆری پارەی وڵاتەکان چۆنە، شێوازی قسەکردن و زانینی زمان لەگەڵیان زۆر گرنگ نییە، چونکە زمان نابێتە رێگر لە گەیاندنی پەیامەکانیان و راپەراندنی گوتارەکانیان.

لەکاتی گێڕانەوەی چیرۆکی هەندێک لە ئافرەتەکان ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە زۆربەیان بە ئاگاداریی و رەزامەندی خێزانەکانیان ئەم کارە دەکەن، لەپێناو بەدەستهێنانی شتێک.

## ٢-٢١-٦ شەشەم: بیرەوەریی هەنووکە

رۆماننووس لەپێناو نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی و گەڕان بەدوای کەرەستەی هەقیقی و زیندوو گەشت دەکات، خۆی بەشداری کردەی سێکسییە، بەڵام دەیەوێت نیشانی بدات ئەو نووسینەوەی رۆمانی ژیاننامەییەکانی لا گرنگتر و سەرەکی ترە. دەقەکان و کات و شوێن و کارەکتەرەکانیش هەمووی زیندوون و پەیوەندییان بە سەردەمی ئێستا هەیە. منی خوێنەر نەک شوێنەکان، بەڵکو کارەکتەرەکانیش و شوێنی ژیانیان و کەسایەتی و شوێنی کاریشیان دەناسمەوە. هەموو شتەکان (بیرۆکە و رووداوەکان و کات و شوێن و کارەکتەرەکانیش پەیوەندیان بەم سەردەمەوە هەیە).

## ٢-٢١-٧ حەوتەم: شتەکانی ئێستا دەگێڕێتەوە

هەمــوو گــێڕانەوەیەک پەیوەنــدی بە بیرهێنــانەوەی شــتەکانی ڕابــردووە، ڕابــردووی نێـو ئێسـتا، ڕابـردووی نێـو دوێـنێ و ڕابـردووی کۆن) هەیە، کەچی ڕۆماننووس بەڕاشکاوی شتەکانی نێو ئێستامان بـۆ دەگێڕێتەوە، کە هێشـتا لەنێـو بـیرەوەریی و بیرهـاتنەوەی ئـێمەی خـــوێنەردا نەبـــوونەتە ڕابـــردوو. لەنێـــو هـــیچ بیرەوەریـــیەک و گێڕانەوەیەکدا ئەوە بەدی ناکرێت ڕۆماننووس باسی سێکس و چێژ لەسـەردەمی ڕابـردووی کارەکتەرەکـان بکـات، تەنیـا لەگێڕانەوەکـانی شــەوی (ئێریڤــان)دا نەبێــت، یەکێــک لەکارەکتەرەکـانی شــوفێری بەرپرسـێکی سـەردەمی بەعسـە، ئامـاژە بە سـێکس و فێربـوون و چـێژ وەرگرتنی سێکسی لەوکاتیدا دەکات و دەبێژێت: لەوکاتیدا فێری ئەم کارە بووە، هەروەها پەیوەندیی نێوان خێزانی بەرپرسە بەعسییەکان لەگەڵ کەسانی دیکە، لەپشت سەری مێردەکانیان بۆ تێرکردنی چێژی سێکسی خۆیان، یان تۆڵەکردنەوە لە مێردەکانیان نمیاش دەکات.

## ٢-٢١-٨ هەشتەم: سێکسی حەڵاڵ

هــیچ ئامــاژەیەک بە سێکسیــ حەڵاڵ (نێــوان ژن و مــێرد/ هاوسـەر) نەکـراوە. لەکاتێکـدا کارەکتەرەکان بەتەمەنـن، پێ دەچێت خیزانـدار بـن، واتە کارەکتەرەکـان گەنـج و هەرزەکـار نـین، بەدوای چـۆنیەتی (فێربـوون و ئاشـنا بـوون بەکـردەی سـێکس) و (گوتـاری سێکس)ەوە بن. ئەوان کەسانێکن هەمان کردەی سێکسیان لەگەڵ ئافرەتــانی دیــکەی جیــاواز لەوڵاتی دیــکە دووبــارە کــردۆتەوە و هاوسەفەری ڕۆماننووس بوون، لە گەشتەکانی دیکەیان بۆ دەرەوەی وڵاتدا.

## ٢-٢١-٩ نۆیەم: سێکس وەکو پیشە و بە ئاشکرا و یاساییە

لەنێــو ئەم دەقــانەدا گوتــارێکی ڕاســتەوخۆ بــۆ شــەرعیەتدان بەپەیوەندیی سێکسی. لەسەردەمی گەشت و پیشەسازی گەشتیاریدا هەیە، کە (ئــافرەت ) لەم وڵاتــانەدا بەشــێوەیەکی یاســایی لەنێــو شەقامە گشتییەکاندا لەنێو پارک و باخچەکاندا بەئاشکرا لەبەردەم پۆلیس کڕیار بۆ خۆیان پەیدا دەکەن.

بـانموونەی کەنەدا بهێـنمەوە ئـافرەت لەم وڵاتەدا ئـازادە و مـافی یاسـاییان پێـدراوە، کە جەسـەتی خۆیـان بەهەر ڕێـگەیەک بێـت و دەیانەوێت بەکاربهێنن، شوێنی لەشفرۆشی و قەحپەخانەکان ئازادن و ئاشـــکران، بەڵام دەســـتدرێژی بەزۆر و تونـــد لەشـــەقامەکاندا قەدەغەیە و بەدژی یاسـا دادەنرێـت. تـاکو دەگاتە ئەوەی هەنـدێک بڵـێن "ئـافرەت مـافی هەیە سێسـکی خـۆی بفرۆشـێت وەکـو چـۆن دەتوانێـت توانـای زیـرەکی خـۆی بە کۆمپانیـایەک بفرۆشـێت، بـۆ نمـوونە ئەو ئـافرەتە پـارێزەرە، یـان بەرهەمە داهێنراوەکـانی وەکـو هونەرمەندێک دەفرۆشێتە مۆزەخانەیەک، یان فرۆشتنی وێنەیەک لەلایەن وێنەگـرێکەوە، چـونکە زۆربەی خەڵـک دەتـوانن کـردەی سێکسـیی ئەنجـام بـدەن بێ ئەوەی بخـرێنە زیـدانەوە، بـۆیە ئەمە وایکردووە سێکس بە پارە شتێکی نایاسایی بێت". ( French,D and Lee,L, , 1998). هەروەها (د. جوزیلین ئیلدرز) بەڕێوەبەری بەشی پزیشــکی ســەربازیی لەئیــدارەی ســەرۆک (بیــل کلنــتن) لە ئەمەریکـادا بۆچوونەکـانی لەم بـارەوە بەم شـێوەیە ڕێکخسـتبوو و دەیگـووت: "ئێمە دەڵێین دامەزراوەکان جەستەکانیان دەفرۆشـن، ئەمە چەنـدە جیـاوازە لەگەڵ ئەوەی، کە وەرزشـوانەکان جەسـتەی خۆیـان دەفرۆشـن؟ ئەوان جەسـتەی خۆیـان دەفرۆشـن، هەروەهـا نمایشــکەرانی جلــوبەرگ و ئەکتەرەکــانیش جەســـتەی خۆیـــان دەفرۆشن". (www.Sexwrok.com/coalition/whatcountrieslegal.html. ).

ئەم جەستە فرۆشتنە لەنێو ڕۆمانەکانی (کەمال سەعدی) هیچ پاڵپشتێکی یاسایی و ئەخلاقی نییە، لەهەمان کاتدا بە ئاشکرا لەیانەی شەوانەدا ئافرەتەکان جەستەی خۆیان دەفرۆشن و بەسی زۆریشی. لەڕێگەی ڕێککەوتنێکی ئێجگار کورتی نێوان چێژ بەخشەکە و چێژ وەرگرەکەیە ئەنجام دەدرێت. ڕۆماننووس لەم گوتاری دەقەکەدا دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت جیهانی سەرمایەداری هەژارەکانی بەجۆرێک هەژار کردووە، ئافرەتەکان بەئاشکرا و لەشەقامەکاندا بەئاشکرا جەستەی خۆیان، وەکو پێکهاتەیەکی ئازاد بفرۆشن و ئەم فرۆشتنەش وەکو هەر کەلوپەلێکی ئاسایی نمایش دەکەن.

## ٢-٢١-١٠ دەیەم : ڕۆماننووس توێژەرەێکی کۆمەڵایەتییە

یەکێک لەو بابەتانەی پەیوەندییان بەنێوەڕۆکی دەقی ژیاننامەیی هەیە بریتییە لە ئایدیۆلۆژیا، ئەو شتانەی پەیوەندییان بە تێڕوانین و فکری کۆمەڵایەتی و لێکدانەوەی دەروونی و شیکردنەوەی کۆمەڵایەتی و تویژینەوە لە ئایدیۆلۆژیا هەیە. ئایا بەڕاستی ئەم مەسەلەیە لە ئەدەبی (لەشفرۆشی و داوێنپیسی)دا چۆن لێک دەدرێتەوە، بەڕاستی داوێنپیسی.کردەیەکەی تاکە کەسییە و دابڕاوە لە ژینگە و دەوروبەری کەسەکە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و دامەزراوەکانی دەوڵەت و سەرچاوەکانی یاسا لەکۆمەڵگەدا. لێرەدا ڕووبەڕووی پرسیارێکی بنەڕەتی و سەرەکی دەبینەوە ئایا "ژیان لە ژیاننامەدا دەق بەرهەم دەهێنێت، یان دەق دەبێتە بەرهەمهێنانی ژیان. لەهەمان کاتدا بەزمانێکی ڕوون و سادە و ئاشکرا دەنووسێت، گوزارشت لەخودی خۆی دەکات، بڕوای بەناوی خۆی هەیە و سەربەخۆیی خۆی بەرجەستە دەکات، کە دەڵێن (من) ئەوە ئەو خۆیەتی قسە دەکات، بڕاوی بە نێوەڕۆکی پیرۆزی ڕاناوی کەسی یەکەمی قسەکەر هەیە. لەهەمان کاتدا کارێکی نەکردەیە هەموو شتێکیش لەبارەی خود بگوترێت". (فیلیب لوجون، ١٩٩٤، ١٧).

به‌شـێکی زۆری ئه‌و ئافره‌تـانه‌ی تـووشی له‌شـفرۆشی ده‌بـن، یـان ئه‌وه‌ته (پیشـه)یان بۆته ئه‌م كاره و مێرد و كه‌سوكاره‌كه‌ی پێی ده‌زانن و نه‌ك ڕێگه‌ی لێ ناگرن، به‌ڵكو ئاسـانكاریی بۆ ده‌كه‌ن، یان ئه‌وه‌ته ئه‌وانه‌ی به‌هـــۆی تووشـــبوون به‌نه‌خـــۆشی و دۆخی له‌شـــفرۆشی "به‌كه‌ڵكی مێركردن و هاوسه‌رگیری نایه‌ن، به‌پێی نه‌ریته پێوانه‌ییه‌كانی كۆمه‌ڵگه‌كانیان". ( Burley,N and Symanski, R, 1981). ناچار ده‌بن له‌م پیشه‌یه به‌رده‌وام بن.

بـۆ نمـوونه له ئه‌فریقـا ئه‌و ئـافره‌ته گه‌نجـانه‌ی منـداڵیان هه‌یه، تـووشی كێشـه‌ی زۆر دێـن له‌كاتی دۆزینه‌وه‌ی هاوسـه‌ر، له‌نێـو گه‌لی (گانـدا) له (ئۆگه‌نـدا) تـووشی نـاخۆشی و ئاسـته‌نگی زۆر دێـن تـاكو هاوســه‌ر بــۆ خۆیــان ده‌دۆزنه‌وه هاوســه‌رگیری یاســایی له‌گه‌ڵ ئه‌و ئافره‌ته قه‌ده‌غه‌كراوه كه منداڵی هه‌یه. له سۆمالیش گه‌لی (میلایۆ) له‌ڕووی مێژوویــیه‌وه حه‌رامیــان كــردووه بــۆ جــاری دووه‌م ژنی ته‌ڵاقدراو ماره بكرێته‌وه و هاوسه‌رگیری نوێ بكات، به‌تایبه‌تی ئه‌گه‌ر هۆكاری جیابوونه‌كه‌یان زینا بووبێت. له سۆمال و میانمار ئافره‌تێك كه كــون كرابێــت ده‌رفه‌تی مێردكــردنی به‌نــیمچه نه‌بــوو حیســاب ده‌كرێت، له‌زۆر كه‌لتووری جیاوازدا ئه‌و ئافره‌تانه‌ی منداڵیان هه‌یه، ڕووبه‌ڕووی دۆخی قـــورس ده‌بـــنه‌وه له‌و كاتـــانه‌ی ده‌یانه‌وێـــت هاوسه‌رێك بۆ خۆیان بدۆزنه‌وه. له‌به‌ر ئه‌وه ده‌بینرێت ئه‌مه ده‌بێته هۆكارێكی سه‌ره‌كی ئه‌و ئافره‌تانه له‌پێناو په‌یداكردنی سه‌رچاوه و دارایی ژیانیان ڕوو له له‌شفرۆشی بكه‌ن. (د. دیفید ام. باس، د. سیندی ام، میستون، ٢٠١٨، ٣٢٩).

له ڕۆمـانی (خانمباز)دا له گفتوگـۆ و گـۆڕینه‌وه‌ی زانیـاریی له‌گه‌ڵ (شـــه‌وكه‌ته فه‌نـــدی) كه شـــاره‌زاییه‌كی زۆری له په‌یوه‌نـــدیی له‌گه‌ڵ ئـافره‌ته له‌شفرۆشـه‌كان هه‌یه و وانیشـان ده‌دات، ئه‌و له ده‌موچـاو و جووڵه‌ی ئافره‌ته‌كاندا ده‌زانێت چ جۆره كه‌سێكن. (ڕۆماننووس) كه به‌ئاشـكرا و شـانازییه‌وه به زمـانی (مـن/ ڕانـاوی كه‌سی یه‌كه‌می تـاك)

قسە دەکات و بیرەوەرییەکانی خۆی دەگێڕێتەوە دەڵێت" وتم: من هەر لەبنەڕەتەوە نەمویستووە خانمبازی بکەم و هەر دەمەویٚ لەگەڵ ژنێک ڕابوێرم.. وتی: ئەی بۆچی لای من وەکو کەسێک خۆت پیشان دەدا کە زۆر حەزی لە خانمبازی بێت. وتم: من لەسەرەتاوە کە خۆم واپیشاندا و گوێبیستی سەربردە خانمبازییەکانت بووم، مەبەستم ئەوە بوو، بچمە ناو دونیای خانمبازی و لەنزیکەوە لێی تێبگەم، دواییش تێکەڵی خەیاڵی ئەدەبیی خۆمیان بکەم بۆ نووسینەوەی ڕۆمانێک بەناوی خانمباز ". (خانمباز، ٢٣٤- ٢٣٥).

لە ڕۆمانەکانی دیکەشی (حەج و عومرە، شەوانی ئێریڤان و شەوانی باکۆ)دا هەمان ئەرک و پیشەی بەخۆی بەخشیوە، کە ئەرکێکی ڕۆماننووس و لێکۆڵینەوە و ئاخاوتن لەگەڵ لەشفرۆشەکانی هەیە، بۆ ئەوەی لە نهێنیی و شتە شاراوەکانی ئەو ئافرەتانە بگات، کە شتیان لەبارەیەوە دەنووسێت، لەکاتێکدا من پێم وایە ئەو لەبارەی (پیاوەکان) پتر شتی نووسیوە، کردە و مەرام و گوتاری سێکسی۔ لای نێرەکان پتر ئاشکرا دەکات. گرنگ ئەو نایشارێتەوە لەپێناو گەیشتنە زانیاریی و شێواز و چۆنیەتی بیرکردنەوەی کارەکتەرەکان لەگەڵ ئافرەتەکانیش جووت بێت و دەستبازی بکات و لەگەڵیان دانیشێت و لەزەت لەچێژی سێکسیـ جەستەیان وەرگرێت.

گوتاری ئەو لێکدانەوە و دەرخستن و نمایش و بەکردەوە بەرجەستەکردنی کردەی سێکسییە لای کارەکتەرەکان، دونیایەکی تایبەتی دروستکردووە. ئەگەر بەوریایی نەیخوێنینەوە پتر لە ئەدەبی (داوێنپیسی و سوک سەیرکردنی ئافرەت) دەچێت، بەلای منەوە ئەو لەتک پەیڕەوکردنی ئەم سەرەتایە، کۆمەڵێک تەوەرەی دیکەی گرنگ و هەستیاری لەنێو دەقەکانی بەکارهێناوە لەوانە:

- پیاوە برسییەکانی سێکس چۆن لەپێناو بەدەستهێنانی چێژی جووتبوون پشت دەکەنە (نەریت و ئایین و شێوازی پەیوەندیکردن و جۆری ئافرەتەکان).
- ئایین و پەیوەندی نێوان ئیمان و نوێژ و مزگەوت و سێکس تەوەرەیەکی دیکەی ئەم گوتارە ڕاشکاوایە کە ڕۆماننووس ڕاستەوخۆ کاری لەبارەوە کردووە.
- ئافرەت کەرەستەیەکی جەستەیی کاریگەرە لەنێو ڕۆمانەکاندا، بەڵام لەکردەوەدا ئەو باسی پیاوەکان و ناخ و هەست و ڕەفتار و دەروون و کاردانەوە و بینین و زەوق و ڕەغبەتی سێکسیان دەکات، لەم بوارەدا کەمتر بەلای ئافرەتەکاندا چووە.
- ئەو بەزمانی (من/ خۆی و کەسی یەکەمی تاک) کە دەکاتە خودی ڕۆماننووس و بەکردەوەش ئەو بەسەرهات و بیرەوەرییەکانی خۆی و پەیوەندییە سێکسییە ئاشکراکانی خۆی دەگێڕێتەوە.
- ئەو هەموو ڕاستییەک لەبارەی خۆی ئاشکرا ناکات، وەکو ئەوەی لەبارەی (شەوکەتە فەندی) و (ئاکۆ و ئەمجەد مەندیل) و (نەوزاد دۆخین) و (ئازا) و(کاروان) و (سەیاح پەقرەج) و (شاگردی سەبری بازرگان) و (سەبری بازرگان) و ( نەوزاد بێخەم) و (شێخ فەرهاد) و ئەوانی دیکە دەگێڕێتەوە.
- لەهەموو ڕۆمانەکاندا ڕۆڵی ئەرێنی و سازاندن و بەیەک گەیشتن و شیکردنەوەی پەیوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقییەکان دەبینێت، ئەو وەکو ڕێبەرێکی شارەزای گەشتیاریی و سەرناس و ڕێگە نیشاندەر بۆ چۆنیەتی مامەڵە لەگەڵ ئافرەتە لەشفرۆسەکان هەڵسوکەوت دەکات، لەکاتێکدا

پێ ناچێـت ئەمەی لەبـارەی خـۆی و پەیوەنـدییەکانی لەگەڵ ئافرەتەکـان دەیگێڕێـتەوە هەمـوو شـتە هەقییقەکـان بێـت، هەرچەنـدە ئەو ئـازادە لە نووسـینی ڕۆمانەکانیـدا هەقـیقەت و خەیاڵ چۆن تێکەڵ دەکات و چۆن بەسەرهاتەکان دەگێڕێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو تەکنـیکی (ڕۆمـانی ژیاننـامەیی) پەیـڕەو دەکات، پێویستە هاوسەنگی لەڕاستی ئاشکراکردن لەبارەی (منی ڕۆماننووس) و (ئەوانی کارەکتەرە) دروست بکات.

## ٢- ٢٢ گان بەرانبەر گۆشت

دەگەڕێـمەوە سـەر ئەو دیـاردەی بـاوەی لەنێـو ڕۆمانەکـانی (د. کەمـال سـەعدی) تۆمـارکراون، بـۆیە دەڵـێم تۆمـار کـراون، چـونکە لەهەندێک شوێن و گێڕانەوەدا ئەو خۆی وەکو (شاهیدێکی بەشدار لەنێو ڕووداوەکان و کردەوەکانی سێکس و پەیوەندیی چێژ بەخشین) نیشـان دەدات، بۆیە (تۆمار) لەم دۆخەدا کە بریتییە لە چاودێریی و نووسینەوە و گێڕانەوەی بەئەمانەتی گفتوگۆی کارەکتەرەکان لەگەڵ خـــودی بنووســـدا، ڕێـــک کـــردەی (تۆمـــاکردنی ڕووداوەکـــان و بیرەوەرییەکانمان) نیشان دەدەن.

ڕۆماننووس لە (خانمباز)دا باسی خۆی دەکات و نایشارێتەوە لە شـوێنێکی گشـتی و لەبەردەم خەڵـک و لەیانەی شـەواندا بەم شـێوەیە بـاسی پەیوەنـدی سێکسی. خـۆی لەگەڵ ئـافرەتێکی گەنـج دەکات و دەڵێت "لەئـامێزم گـرت و لە شـوێنی خـۆم هەنـدێک سـەمام لەگەڵ کـرد، دوایـیش دەمـم خسـتە نـاو دەمی و وەکـو ئاشـق مـاچم کـرد. کە مـاچم کـرد، پـێی نـاخۆش بـوو، وتی: ئـیرە شـوێنی کارە، ئەگەر بتەوێ ڕابوێریت، کات و ساتی خۆی هەیە، نیزامی کارکردن لێرە ڕێگامـان پێ نادات لەگەڵ میوانەکان دەستبازی بکەین". (خانمباز، ٢٠٤).

لەباسـێکی دیـکەدا ڕۆمـاننووس لەبـارەی هاوڕێیەکـانی دەڵێـت "لەیەکەم چـرکە کە ئێـوەم بیـنی لەکاتی وەرگـرتنی کلـیلی شـوقەکە، هەمووتانم هەڵسەنگاند، پیاوە درێژەکە لە مرۆڤ نەدەچوو، وەکو ئاژەڵ هەڵس و کەوتی دەکرد، کە گەرماوەکەم پیشاندا، دەستی بۆ سمتم درێژکرد و دەمی لێم نزیک کردەوە، ویستی ماچم بکات، بێ ئەوەی بزانێت من ڕازیم، یان نا. پیرە مێردەکەی تریش بەوە نییە کە پیرە، زۆر چاوحیزە، تا ڕۆیشتم چاوی لەسەرم لانەبرد. پێشتریش یەکتریمان بینیوە، ماوەیەک پێش ئێستا لەگەڵ هاوڕێیەکی لەخۆی بەتەمەنـتر هـاتنە ئێریڤـان و شـوقەیان لە مـن گـرت. ئەوکـات لەبەرچـاوی هـاوڕێکەی پەلامـاری دام، ویسـتی بە زۆری سێکسـم لەگەڵ بکات.

منیش وتم: ئەی تۆ چێت کرد؟

وتی: ئیشی- ئێمە وایە، هەنـدێکجار گەشـتیاری وامان بـۆ دێـت، دەبێ بەرگەیان بگرین و تێیان بگەیەنین کە لێرە هیچ شتێک بەزۆری نابێـت. ئەوانەی بـۆ پـارە سـێکس دەکەن، زۆرن و شوێنەکانیشـیان دیـارە، زۆربەیـان ژنی ڕووسی و ئـۆکرانی و جـۆرجین، هەندێکیشـیان ئەرمەنی و ئـێزدین. ماوەیەکیشـە ژنی ئێرانـیش بـۆ سێکسـکردن دێـنە ئێرە و ماوەیەک لێرە دەمێننەوە و ئەم کارە دەکەن و هەندێک پارە بۆ خۆیان پەیدا دەکەنەوە و دوایی دەگەڕێنەوە وڵاتی خۆیان". (شەوامی ئێریڤان، ١١٧).

## ٢-٢٣ هەست کردن بەبێ دەسەڵاتی

لاوازیی هەسـت دۆخـێکە مـرۆڤ تـووشی بـارێکی دژوار دەکات، ئەگەر ئەم بێ دەسـەڵاتییە ببەسـترێتەوە بە سـاتەکانی سێکسـکردن، ئەوە مەسـەلەکە ئـاڵۆز و قورسـتر دەبێـت. ڕۆمـاننووس لە وەسـفێکی دیـکەدا بەم جـۆرە سـاتی سـەما کـردن دەگێڕێـتەوە و دەڵێـت: "کە سەمام لەگەڵ سارا ئازەری دەکرد و لەئامێزی دابووم، هەستم بە بێ

دەسەڵاتی خۆم دەکرد، چونکە نەم دەتوانی گوزارشت لەناخی خۆم بکەم و ئەوەی دەمەوێ پێی بڵێم". (شەوانی باکۆ، ٤٦).

ئەم لاوازییە جۆرێکە لە دانپیانان، کە ئەو لە چرکەیەدا شتێکی پێویست بووە بەڵام بەهۆی لاوازیی و نەبوونیی ئەو خۆی بێدەسەڵات وەسف دەکات. ئەو ساتانەی پیاو دەخزێتە باوەشی ئافرەت و سنوورەکانی نێوان دوو جەستە دەسڕێنەوە، ئەم هەستە لەبەر ژمارەیەک هۆکار دروست دەبێت. گوتاری هەستێکی دەروونییە و ئەو ڕاستگۆیانە تۆماری کردووە.

## ٢-٢٤ شەرم

"کەسەیری چاوەکانی ئاکۆم دەکرد، دەمزانی لە من زیاتری پێ خۆشە، لەگەڵ ئەو کچە سەماکەرانە سەما بکات و دەستە ئارموشیەکانیان بگوشێت، بەڵام لەشەرمان نەیدەزانی چی بکات، لەوە دەترسا ئەگەر ڕۆژێک باسی نوێژ و ڕۆژووم بۆ بکات، ئەمەی بەچاو دابدەمەوە و گاڵتەی پێ بکەم". (شەوانی باکۆ، ٤٧).

لێرەشدا دۆخی دەروونی کەسەکان ئاماژە پێکراوە، گوتاری (شەرم و گاڵتەکردن و کردەوە و ئیمان و هەڵسوکەوتیان) بەرجەستەیە.

## ٢-٢٥ سەیرە

تا لەسەر زاری ئەحمەد ئەم قسە و بۆچوونە لەبارەی ئاکۆ بە ڕۆماننووس دەڵێت: "سەرم لەو برادەرەی تۆ دەرناچێت، ئەگەر مەشروب ناخواتەوە و سەما نەکات بۆچی هاتۆتە ئێرە؟!". (شەوانی باکۆ، ٤٧).

کەسێک کە سیفەتەکانی لەگەڵ یانەی شەوان و ڕابواردن نەگونجێت بۆچی ئەم جۆرە گەشتانە دەکات و دەچێتە شوێنێک کە لەگەڵ واقیعی ئەو ناگونجێت، یان ڕۆماننووس دەیەوێت ئەوەمان بۆ ئاشکرا بکات ئەو کەسە لەڕووی ئیمانەوە لاواز و دووڕوو و سەرلێشواوە.

## ٢-٢٦ تەگبیری کچەکان لە هەولێرەوە

(ئازا) پێش بڕیاری سەفەر لەگەڵ ڕۆماننووس قسە لەبارەی سەفەری باکۆ دەکەن، دەڵێت "ئەوە بۆ من لێگەڕێن، هەندێک سەماکەر دەناسم، لە چەنەقەلا ئەوانم ناسی، ژمارەی مۆبایلەکانیانم لەلایە، کە گەیشتینە ئەوێ، پەیوەندیان پێوە دەکەم و داوەتیان دەکەم..." (شەوانی باکۆ، ١٠٠).

لە گوتاری چێژ بەخشی. ئەم وێنەکردن و گێڕانەوە سێکسیانەی پڕ لە جووڵە و لەزەت و گەرمبوونەوە و هەستبزوێنی دەروونی ئەوەمان بۆ ساخ دەبێتەوە:

**یەکەم**: ڕۆماننووس دەیەوێت نیشانی بدات، ئەو هەر تەنیا ماچ و دەستبازی لەگەڵ ئافرەتەکان ئەنجام داوە.

**دووەم**: ئافرەتەکە ڕۆماننووسی لەباوەشکردووە، نەک ئەو ئافرەتەکەی لەباوەش کردبێت.

**سێیەم**: ئافرەت ڕووتە، جەستەی ڕووتە و یەکێکە لەو نمایشە چێژ بەخشانەی، کە نیشانی دەدات پیاو دەتوانێت لەزەتێکی زۆر لەم دۆخ و وێنە و نمایشانە وەرگرێت.

**چوارەم**: گوتاری (ئازا) ئەوەیە کە پێشتریش ئەو بۆ هەمان دۆخ گەشتی بۆ ئەو وڵاتە کردووە و پەیوەندیی تەلەفۆنی لەگەڵ سەماکەرەکانی ئەوێ هەیە، ئەمەش نیشاندانی دەدات، کە پیاوی کورد چەندە تامەزرۆی ئەم کەش و گوتارە سێکسیەیە.

**پێنجەم**: (ئاکۆ) خاوەنی گوتارێکی جیاوازە، نوێژ دەکات و مەشروب ناخواتە، کەچی دەیەوێت بەشداری لەم کەش و دۆخە


سێکسییە بکات، لەکاتێکدا ئەوانی دیکە ئەم ئامادەبوونەی (ئاکۆ) بەشتێکی نەگونجاو و نادروست دەزانن، گوتاری ئێرە، گوتاری ڕابواردن و لەزەت و تێکردنی چێژی سێکسییە، نەک (نوێژ و نەخواردنەوەی مەی و ڕانەبواردن).

**شەشەم**: کەسێک لەنێو ئەو قەرەباڵغییە و ئاپوورەی کچانی ڕووتدا، چۆن شەرم دەکات، ئەگەر شەرم دەکات بۆچی ئەم جۆرە گەشتانە دەکات، لەکاتێکدا ئەوان لەهەولێرەوە لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون پەیوەندیی بە کچە سەماکەرە لەشفرۆشەکان بکەن و بۆ ڕابواردن دەچنە ئەم وڵاتە.

**حەوتەم**: ڕۆماننووس خۆی بەشەرمەزار دەزانێت بەهۆی نەزانینی زمانی ئافرەتە لەشفرۆشەکە، خۆی بەشەرمەزار دەزانێت و هەست بەلاوازیی دەکات، گوتاری سەرکۆنەکردنی خۆی تێدایە. ئەو خۆی سەرزەنشت دەکات، کە خۆی فێری تورکی نەکردووە، ئەگەر نا ئێستا دەیتوانی پڕ بەدڵی خۆی هەست و ناخی خۆی بە جوانی و بەهێزیی و کاریگەرییەوە بۆ ئەم ئافرەتە دەربڕێت. وەکو ئەوەی ئەو گفتوگۆ و دەربڕینی هەستەکانی گەشتی کردووە، نەک بۆ ڕابواردن.

لەکاتێکدا مافی هەموو مرۆڤ و گیانەوەرێکە سێکس بکات، بەڵام چەوسانەوەی ئابووری باڵادەست وای لە گەنجەکان کردووە، لەم مافە سروشتییە بێبەش بن و بۆیە لەچوارچێوەی نەریتی دواکەوتوو ڕێگە بەوە نادرێت لەدەرەوەی دامەزراوەی هاوسەرگیری سێکس بکرێت. (صالح بن الهوری،٢٧ مارس ٢٠١٦، https://azulpress.ma/%D8%AA%D8%AD%D9%82% /). لەڕاستیدا زۆر لەو پیاوانەی لەنێو ڕۆمانەکانی (کەمال سەعدی) هەن، بێ ئەوەی ئاماژە بەم جۆرە گوتارە بکەن، بەڵام خۆیان بەچەوساوەی دامەزراوەی هاوسەرگیری و خێزان دەزانن، بۆیە لەکەشوهەوای خێزان ڕادەکەن و گەشت دەکەن و دونیایەکی دیکەی ئازادی پڕ لەچێژ و سێکس

دەدۆزنەوە و ماوەیەکی کورت بەخۆشی تێیدا بەسەر دەبەن، کە گوتاری خۆشی ئەم ساتانە گوتاری کردەی بەدەستهێنانی (ئافرەت و جووتبوون و چێژ و سەما و چێژ لە ئاخاوتن و گێڕانەوە)یە.




لە پیرۆ لەنێو هۆزەکانی (شاراناوا Sharanahua) دیاردەیەکی سەیر هەیە و ئەویش بریتییە لە رۆشنبیریی ڕاوچییەکان. بەواتایەکی دیکە ئەم کەلتوورە (گانە بەرانبەر پێدانی گۆشت). لە پیرۆ ڕاوچییەکان کەرەستەی سێکسی خۆیان دەردەهێنن، تاکو ئافرەتێک پەیدا بکەن، ئەمەش لەرێگەی پێدانی گۆشت بە ئافرەتەکان بەدەست دەهێنن. بۆیە (جانێت سیسکیند)، کە زانایەکی ئەنسرۆپۆلۆژییە و لێکۆڵینەوەی لەبارەی ئەم هۆزانە کردووە سەرسامی خۆی دەردەبڕێت و دەڵێت نەگەیشتۆیە هیچ بەڵگەیەکی یەکلاکەرەوە، کە ئافرەتەکان ڕەغبەتی سێکسیان لەپیاوەکان کەمترە، یان پتر، ئەوان ڕەغبەتیان ئەوەیە گۆشت بەدەست بهێنن. کەچی لەئاماژە بە قسەی ئافرەتێک لەنێو لێکۆڵینەوەکەیدا دەڵێت: پێدانی

شـتێک، یـان پێ بـژاردنەوەی دارایی بەرانـبەر سـێکس، پارێزگـاریی لەکـردەی سـێکس دەکـات لەوکـاتەی لەگەڵ پیـاوێکی دەوڵەمەنـد دەخەوێت، ئەمە سەرنجراکێشە وەکو چۆن لەگەڵ پیاوێکی جەستە بەهێز دەخەوێت. واتە ئاسایشی دارایی هیچی لە ئاسایشی جەستەیی کەمتر نییە. (د. دیفید ام. باس، د. سیندی ام. میستون، ٢٠١٨، ٣٢٠).

ئەگەر بگەڕێیـنەوە سـەر لێکـدانەوە مێژووییەکـان دوو دۆخی جیاواز، یان لەڕاستیدا ناهاوسەنگ لەبواری سێکسی. لەنێوان نێر و مێ، پیاو و ئـافرەت دروسـتبووە، کە بەشـێکی هەرە زۆری پەیوەنـدیی بەپێکهاتەی جەستەیی و ژینگەی کۆمەڵایەتی و پێگەی ئابوورییەوە هەیە. ئەم بـوارە لەنێـو پەیوەنـدییە ئایینەکـان و کـۆمەڵایەتی و تـاکەکەسی و خـێزان و کۆمەڵگەشـدا ڕەنـگی داوەتەوە، کە (پیـاو پـتر بەدوای سێکس و ئەنجامدانی سێکسەوەیە) و (ئافرەتیش پتر بەلای فرۆشـتنی سێکسـەوە بـووە). واتە (پیـاو بەرانـبەر تێرکـردنی چـێژە سێکسـییەکانی و ئەنجامـدانی کـردەی سـێکس) شـتێکی داوەتە (ئـافرەتەکە)، یـان ئەوکەسـەی سێکسی لەگەڵ کـردووە. هەنـدێک ئەم دۆخە بە (خێر) لەڕوانگەی ئایینەوە دەبەستنەوە. تەنیا ئەوانەی (سـێکس لەگەڵ گیـانەوەر دەکەن، لەڕوانـگەی ئـایینەوە دەڵـێن خـواردنی بـدێ بـۆ ئەوەی گوناهـت پێ نەگـات). واتە پێـدانی شـتێکە بەرانبەر ئەنجامدانی شتێک، کە (گوناهە، سنوور بەزاندنی سروشتی و پێشـێلی یاسـایی و ئەخـلاقی لەخـۆ دەگرێـت و بنەمـای ڕێککەوتـنی شەرعی هاوسەرگیریی تێک دەدات).

## ٢-٢٧ به‌دیهێنانی دوو شت

له ڕۆمانه‌کانی (که‌مـال سـه‌عدی)دا دوو به‌دیهێنـانی شـت به‌دی ده‌کرێت:

**یه‌که‌م**: پیاوه‌کـان له‌پێنـاو به‌ده‌سـتهێنانی چـێژ، بـیر له (گه‌شـت، دۆزینـه‌وه‌ی جه‌سـته‌ی جـوان و شـۆخ و شـه‌نگ و ئینجـا به‌دیهێنـانی چێژ) ده‌گه‌ڕێن، ئه‌مه‌ش زۆر به‌ئاسانیی و بێ هیچ گرفتێکی (یاسایی و کـۆمه‌ڵایه‌تی و که‌لتووری و ڕه‌وشـتی) له‌ڕێگه‌ی (په‌یوه‌نـدیی که‌سی و له شـه‌قام و به‌ئاشـکرا به‌پێـدانی پـاره) به‌ده‌سـت ده‌هێـنن. (ئـاکۆ) به‌ڕاشـکاوی به ڕۆمـاننووس ده‌ڵێـت "ئـێمه پـاره‌ی خۆمـان داوه، باهه‌نـدێکی تـریش له‌گه‌ڵیـان بـین". (شـه‌وانی بـاکۆ، ٨٧). له‌هه‌مـان ده‌قـدا به‌م شـێوه‌یه دۆخـێکی دیکه‌ی به‌ده‌سـتهێنانی چـێژ له‌ڕێـگه‌ی پێـدانی پـاره ده‌کـرێ. به‌م جـۆره شـته‌کان ده‌گێڕێـته‌وه "که وام وت، له‌سـه‌ر جێگـایه‌که‌ی هـاته خـواره‌وه، ویسـتی په‌لامـاری یه‌کێکیـان بـدات. تونـد ده‌سـتم گـرت و پـێم وت: نه‌که‌ی ده‌سـتی لێ بـده‌یت، ئه‌گه‌ر ده‌ته‌وێ له‌گه‌ڵی بیــت، ســه‌د مه‌نــانی بــده‌رێ، ئه‌وجــا چێ لێده‌که‌یت بیکه.

که وام وت، به‌سه‌رسوڕامانه‌وه وتی: تۆ چی ده‌ڵێی، سه‌د مه‌نات زۆره، به‌و بـڕه پـاره‌یه دوو ڕۆژ نـان ده‌خـۆین. وتـم: که‌واته لێیـان دوورکه‌وه و بچـۆوه ژێـر سـه‌رچه‌فه‌که‌ت و بـۆ خـۆت بـخه‌وه. مـن ئه‌وانه‌م بـۆ خـۆم هێنـاوه نه‌ک بـۆ تـۆ. ئه‌ویـش وتی: ئه‌ی تـۆ چه‌نـد پاره‌ت پێداون؟

وتــم: ســه‌د دۆلارم پێیــان داوه، ئه‌گه‌ر تــۆش ده‌ته‌وێ له‌گه‌ڵ یه‌کێکیـان بیـت، ده‌بێـت سـه‌د مه‌نـاتی بـده‌یتێ. وتی: نـابێ سـه‌د دۆلاره‌که له‌جیـاتی منـیش بـده‌یت؟ وتـم: مـن ئه‌و پـاره‌یه‌م له‌جیـاتی خـۆم داوه، ئه‌گه‌ر تـۆش بـته‌وێ له‌گه‌ڵیـان ڕابـوێری، ده‌بێ پـاره‌ی خـۆت بـده‌یت. که‌وام وت، چـووه لای که‌نتـۆری جله‌کـان و سـه‌د

مەنـاتی لە گیرفـانی پـانتۆڵەکەی دەرهێنـا. پـارەکەی بەلاوە زۆر بـوو، لەتـاوان، دەسـتەکانی دەلەرزیـن، دوو دڵ بـوو لەوەی ئەو پـارەیەی بداتێ، چەند جارێک دەستی هێنا پێشەوە و دواتر دەیکێشایەوە. .. ئەویش بەرِقەوە سەد مەنتاکەی خستە ناو دەستی کچە ئەسمەرەکە و لە ئامێزی خۆی گرت و بردیە سەر تەختی نووستنەکە. جلەکانی خۆی داکەند و تەنیا بە فانیلە و شۆرتێک مایەوە و دەمی خستە ناو دەمی و لێوەکـانی دەمـژی. بەدەسـتێکی مەمکەکـانی دەگوشـت و دەستەکەی تریشی. خستبووە ناو قوزی و میتکەی دەگوشت....". (شەوانی باکۆ، ٨٥).

لێرەدا و لەدەقەکانی دیکەشدا ئەم جۆرە دۆخە دووبارە دەبنەوە و نموونەیەکی ڕاستەقینەن کە ئافرەتان لەپێناو پارە جەسـەتی خۆیان دەفرۆشـن و تەنیـا کێشـەیەک لەبەردەم هەنـدێک لەپیاوەکـان نرخەکەیە، کە لەڕاستیدا پارەیەکی ئێجگار زۆریش نییە.

**دووەم**: ئافرەتەکان لەپێناو بەدەستهێنانی (پارە) جەستەی خۆیان دەفرۆشـن. لەسـەرجەم دەقەکـانی (کەمـال سـەعدی) هـیچ جـۆرە هۆکـارێکی دیـکە لای ئافرەتەکـان بەدی ناکرێـت، کە جەسـتەیان دەفرۆشن، تەنیا (پارە) نەبێت.

لەهەمان کاتدا (عیزدەین چاو حیز) بەسەرهاتی پیاوێکی کوردی بەتەمەن دەگێڕێـتەوە، کە لەیەکێـک لە گەشـتەکانیان هـاتوونەتە ئێریڤـان و لەوێ دەچـنە لای ئافرەتێک، بەم جـۆرە بیرەوەرەییەکانیان وەکـو شـتێکی ڕاسـتەقینە دەڵێـت : "بـۆیە لەگەڵی هـاتووم پیـاوێکی بەتەمەنە و تەندروستی زۆر باش نییە، نەشتەرگەری دڵی بۆ کراوە، ئەگەر مانـدوو بێـت تەندروسـتی تێـک دەچێـت. کەوام وت، لەمەبەسـتم گەیشـت. وتی: مەبەسـتت ئەوەیە سێکسـیش بکات و هیچیشیـ لێ نەیەتە، وایە؟. هاوڕێکەشـم وتی: بەڵێ ئەوەم دەوێ. ئەویش وتی: بۆ کەسی وەکو تۆ، گانی بەپێوە باشە. ئەویش وتی ئەوە

چۆن دەبێت؟ ئەویش وتی: تۆ ناتەوێ بتشێلم و دوایش گانی خۆت بکەیت و هیچیشت بەسەر نەیەت؟ برادەرەکەشم وتی: بەڵێ هەر ئەوەنـدەم دەوێ، بەڵام شـتێکی تـریش هەیە حەزدەکەم بیزانیـت. ژنەکەش وتی: چیـیە؟ ئەویـش وتی: مـن تەنهـا پـانزە درامـم پێـیە. ژنەکەش پـێی وت: تـۆ دەتەوێ بەپـانزە درام بتشـێلم و گانیشـت بدەمێ. ئەویش وتی: مـن و تـۆ هەردووکمـان کـوردین، لەبەر خـاتری کوردایەتی، ئەو بڕە پارەیەم لێ وەربگرە و هیچ دەنگ مەکە. ئەویش پارەکەی لێ وەرگرت و لەگەڵی چووە ژووری شێلان و منیش چوومە ژووری پێشوازی و لەوێ چاوەڕێم کرد.

منـیش بەپێکەنیـنەوە بەعـیزەدین چـاو حـیزم وت: پـێم نـاڵێی گانکردن چ پەیوەندییەکی بە کوردایەتییەوە هەیە"، (شەوانی ئێریڤان، ١١٠-١١١).

لەم گێڕانەوەیەدا گوتاری ڕاپەڕاندنی چەند مەبەستێکمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، لەوانە:

**یەکەم**: پیـاوێکی بەتەمەن سەرکێشیـ بەژیـانی خـۆی دەکـات، لەپێناو چێژ وەرگرتن لەڕێگەی جووتبوون لەگەڵ ئافرەتێکدا.

**دووەم**: ئـافرەتەکە کـوردە، لەپێنـاوی پـارەدا جەسـتەی خـۆی دەفرۆشێت، ئەو چێژ بەرانبەر پارە بە پیاوێکی بەتەمەن دەفرۆشێت.

**سێیەم**: کـوردەکە دەیەوێـت پـارەیەکی کەمـتر لەنـرخی ئاسـایی بە ئـافرەتەکە بـدات و ئەویـش بە پـارەکە ڕازی دەبێـت، جۆرێـک لە هەست و سۆزی هاوکاریی تێدایە.

**چـوارەم**: ڕۆمـاننووس (کـوردایەتی و گـانکردن) وەکـو دوو بەهـای جیـاواز بەیەک دەبەسـتێتەوە و لەهەمـان کاتیشـدا گومـان دروسـت دەکـات. پیـاوەکە لەپێنـاو گەیشـتنە مەبەسـتە کەسـیەکەی زاراوەی

(کــوردایەتی) بەکاردەهێنێــت، ئەمەش ســووکایەتییە. گوتــارەکە لەکــردەوەدا کــردەی ســووکایەتی و بەنــزم ســەیرکردنی ئەم زاراوەیە ڕادەپەڕێنێت. پەیامی گوتارەکە ڕوونە، کە مرۆڤ لەهەموو دۆخێکدا دەیەوێـت لەپێنـاو بەرژەوەنـدی خـودی خـۆی پەنـا وەبەر هەمـوو شـتێک ببات. ئەو کوردایەتی بەرانبەر (چێژ) وەرگـرتن لە جەسـتەی ئافرەتەکە بەکار دەهێنێت.

لە پــیرۆ ڕاوچیــیە هەقیقییەکــان لەڕێــگەی نمایشیـ ئەنــدامی نێرینەیان و پێدانی گۆشت دەستکەوتی ڕاوەکانیان، ئافرەتەکان ڕازی دەکەن لە گەڵیان جووتبن، ئەمە نەریتێکی باوی ئەم هۆزانەیە. لەنێو دەق (شــەوانی ئێریڤــان)دا ڕۆمــاننووس (پیــاوێکی نەخـــۆش) و (کـوردایەتی) و (پـازدە مەنـات) بە ئـافرەتەکە دەبەخشـێت، لەپێنـاو بەدەستهێنانی ڕەزامەندی جووتبوون.

سـێکس و جەسـتە، کـڕین و فرۆشـتن، داهـات و دەسـتکەوت و پێـدان و وەرگــرتنی شــتێک بەرانــبەر شــتێک لەنێــو (ســەیرکردن، بەکارهێنـانی زمـان و گفتوگـۆ و ئاخاوتنەکـان و دەسـتلێدان و کـردەی هەقــیقی ســێکس) لەنێــوان نــێر و مێــدا بەدی دێــت. ئەمــانەش هەرچەنـدە کـردەیەکی مـرۆیی و هەسـتێکی شـاراوەی نـاخەکی سـەیر و کـاریگەریی خــودی مــرۆڤە، لەهەمــان کاتیشــدا کە دێــتە دەرەوەی جەســتە، ئاســاییە وەکــو جەســتەیەکی هەســتپێکراوی بیــنراوی دەرەوەی نێو جەستە هەقیقییەکە هەستی پێ بکرێت. بۆ نموونە:

هەموو کەسێک هەست بەوە دەکات دیاردەی لەشفرۆشی لەنێو هەنـدێک شـوێن لە هەولـێر و شـارەکانی دیـکەدا قەدەغەی نـیمچە هەسـتپێکراوە. لەنێـو (ڕاگەیانـدن و فیلمەکانـدا، لەنێـو ڤیـدیۆکانی گــۆرانی و وێــنە فۆتــۆگرافیی و تەنیــا لە هەڵســوکەوت و ڕەفتــاری هەندێک کەس و قسەی ڕۆژانەدا هەست بە بزواندن و جووڵاندنی هەسـتی سێکسیـ دەکرێت. ئەمە لەکـردەوەدا جەسـتەی سێکسـییە

لەدەروەی جەستە هەقیقییە سێکسییە سروشتییەکەدا بەکاردێت. هەمــوو ســاتێک و چــرکەیەک سێکسیـ شــەرعی ڕێگەپێــدراوی هاوسەرگیری دەبینرێت، هەستی پێ دەکرێت و بقەش نییە، بەڵام دیسان کردەیەکی بقە و قەدەغەکراوە.

لە ڕۆژهەڵاتدا بینینی جەستەی ئافرەت/ مێ قەدەغەیە، بۆیە ئەو گەنجانەی خەون بە سێکسەوە دەبینن، دەیانەوێت یان خۆیان بۆ (بەهەشـت بەکوشـت بـدەن، کە پـڕە لە حـۆری)، یـان دەیانەوێـت بەرەو (بەهەشتی ئەوروپای پڕ لە سێکس و جوانی و ئافرەتی ڕووت) سەرکێشی بکەن و بە قاچاغ بچنە ئەو وڵاتانە. لەکاتێکدا لەم وڵاتانە بینینی جەستەی ئافرەت شتێکی ئاساییە، ئەو لەزەت و کاریگەریی و کارتێکردنەی نییە، کە لای نێرێکی ڕۆژهەڵاتی هەستی پێ دەکرێت. بەواتایەکی دیکە جەستەی قەدەغەنەکراوی ئافرەت هەمان ئەو کاریگەرییەی نییە، کە جەستەی قەدەغەکراوی داپۆشراوی ژێر باڵاپۆشی ڕۆژهەڵاتی هەیەتی. جەستەیەکی ڕووت، زۆربەی نهێنیە چێژ بەخشەکانی سادە و ئاسایی دەردەکەون، بەڵام جەستەی داپۆشراو، پڕە لەنهێنی چێژ بەخش. ئەمەش وایکردووە نێری ڕۆژهەڵاتی برسی بینینی جەستەی ئافرەت بێت.

ئافرەت لە ئەمەریکا هەموو لاشەی لەدەرەوەیە، بەڵام نایەوێت کەس گۆی مەمکی ببینێت و ئەمەی پێ عەیبە، بە پەڕۆیەکی تەنک و بچووک تەنیا کەرەستەی زاوزێ و مەمکی داپۆشیووە. لە فیلمەکاندا پیاوەکان بەڕووتی دەردەکەون و کۆمیان بەدەرەوەیە، بەڵام گەر و گونیان کەمتر بەدیار دەکەوێت. لە ڕۆژهەڵاتدا خەون بینین و شەیتانی بوون، ئەنجامدانی سێکسە لەنێو خەوندا. واتە لەڕێگەی خەونەوە فێر دەبن و سێکس بەکاردەهێنن، لەکاتێکدا لە ڕۆژئاوا سێکس دیاردەیەکی ڕۆشنبیرییە، لە قوتابخانەکان دەخوێندرێت، دیاردەیەکی بقە و مەترسیداری سزا بەخشیـ ئایینی و ئیمان و کۆمەڵایەتی نییە.

پێمان سەیر دەبێت کە (شێخ ڕەزا) ئەوها بەزەقی ناوی ئەندامی نێرینە و مێینە دەهێنێت و کارەکتەرەکان جوێن بارانی سێکسی۔ دەکات. زۆر لەشاعیرەکانی دیکە بۆ ئەوەی خۆیان لەم قەدەغەبوونە بپارێزن، وەسفی جوانی و شۆخی کچ و دڵدارەکانیان دەکەن. لەچیرۆکدا باسی لەزەت و لێکنزیکبوونەوە دەکەن، بەڵام ناگەنە ئەوەی کردەی سێسکی و ڕووتبوونەوە و وەسفی جەستە بکەنە گوتاری دەقێکی ئەدەبی. (فەرهاد پیربال) لە ڕۆمانەکانیدا باسی ڕابواردن و چێژ دەکات، بەڵام ناگاتە بەکردەوە نیشاندانی کردەی سێکسی۔، یان ئەدەبێکی داوێنپیسی۔ بەرهەم ناهێنێت، یان بچێتە خانەی دەقی سێکسی۔ هەر (فەرهاد پیربال) لە (منداڵباز)دا وەسفی ئەم دیاردە و هۆکارەکانی لەنێو کۆمەڵگەی هەولێر دەکات، ئەمە تاقە دەقە کە بەم تایبەتمەندیی و ناوونیشان و ڕووداوەکانییەوە باسی ئەم دیاردە سێکسییە بکات. (فەرهاد پیربال) وەکو فەلسەفە و هۆکاری دەروونی و کۆمەڵایەتی و سیاسی شیکاری ئەم دیاردەی لەنێو ڕۆمانەکەی کردووە. ئەوەی ئەو دەیڵێت پتر فەلسەفەیەکی بێ فەلسەفە و تیۆرە. ئەو بەرەو شیکاری دیاردەکان چووە، ئەو کۆمەڵگەی شیکار کردووە و کەسەکان شیکار دەکات، ئەو هونەری ڕۆمانی بەقوربانی گێڕانەوەی و تێکەڵی لەنێوان ژیاننامە و ڕۆمان و داهێنانی ئەدەبی نەکردووە.

لای (کەمال سەعدی)یش تایبەتمەندییەکی هەیە و گرنگییەکی زۆر بە (گێڕانەوە و تەرخانکردنی دەق بۆ گەیشتنە سێکس و دۆزینەوەی سەرچاوەکانی سێکس و ئینجا سێکسکردن و ئینجا ئاشکراکردنی ناخ و ئاراستە و گوتاری نێرانەی پیاوی کوردستانی بەشێوەیەکی هێندە سادە کردووە، ئەگەر وریا نەبین لێمان تێکەڵ دەبێت، لەنێوان (فکری دەق و گوتاری ڕاپەڕاندنی پەیامێکی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی و ناکۆکیی دەروونی مرۆڤەکان) و گێڕانەوەی بیرەوەریی گەشتکردن.

ڕۆمـــاننووس لە ناوونیشـــانەکانییەوە نمایشـــێکی ڕاشـــکاوی پەیوەندیکردن و بەدەستهێنان و ئەنجامدانی سێکس دەکات، تاکو دەگاتە هەمـوو وێنـاکردن و گفتوگـۆ و گـێڕانەوەی بەسـەرهاتەکان و وەسـفی کەسـەکان و هەتـا نـاوی هەنـدێک لەکارەکتەرەکانیشیـ پەیوەنـدییان بە سێکسـەوە هەیە وەکـو (عـیزەدین چـاو حـیزن) و (نەوزاد دۆخین)... تاد.

لە ژیاننـامە نووسـینەوەدا "ڕاسـتگۆیی نووسـەر بەرەسـەنایەتی لە گوزارشـت و دەربڕین دەبەسترێتەوە" (محمد غنیمی هلال،١٩٦٢، ٧٧٦).

دەتـوانم بڵـێم یەکێـک لەبنەمـا و کەرەسـتە و هۆکارە دیارەکـانی ســـەرکەوتووی دەقنـــووس لەم دەقـــانەدا ئەوەیە بێ تـــرس، بێ شـاردنەوە، بێ بـادانەوە و گوێـدانە پەیوەنـدییە کەسـییەکانی لەگەڵ کارەکتەرە زینـدووە هەقیقییەکان بەشـێوەیەکی ڕەسـەن و دروسـت کـردار و سـیفەت و ڕەفتـار و ڕەغـبەت و دەسـتبازیی و جووتبنەکـانی هەمـــووانی هێنـــدە لەنـــزیکەوە نمیـــاش کـــردووە، مـــرۆڤ کە دەیـانخوێنێتەوە وەکـو ئەوەی لەدیـار فیلمـێکی سـینەمایی ڕووتـدا دانیشتبێت.

ئەم ڕاستگۆییە، بەشێکی بنەڕەتییە لەسەرکەوتن و چێژ و ئازایەتی و ڕەچـــاونەکردنی پەیوەنـــدیی کەسی لە گـــێڕانەوەی بەســـەرهات و پەیوەندییەکانیان لەگەڵ ئافرەتە لەشفرۆشەکان و نیەتی نێرانەیان بۆ دامرکاندنەوەی ناخی گڕگرتووی سێکسیان لە ڕێگەی (بینین، دەست لێدان، ماچکردن، دەستدانە ئەندامی زاوزێی ئافرەتە داوێنپیسەکان و خستنەناویان) ئەمانەش لە ڕێگەی (پێدانی پارە)، (یان خۆشەویستی وەکـو پەیوەنـدییەکانی سـەیاح پەقـرەج لەگەڵ دوو ئـافرەتی خـێزانی یەک پیاو) و (نامە نووسینی ماستەر) و (گەشتکردن )... تاد.

## ٢-٢٨ لەشفرۆشی پیشەیە

لە وڵاتە گەشـــتیارییەکاندا، لەو وڵاتـــانەی بـــاری ئـــابووری و داهاتیان کەمە، دیاردەی لەشـفرۆشی باوە، تەنیا هەندێک ئەمە بە (پیشـە و کارێکی ڕەوا) دەزانـن. ئـافرەتێکی تەمەن ٣٦ سـاڵی لە نیڤـادا دەڵێـت "بـۆ مـاوەی سێ سـاڵ خەریـکی کـاری لەشـفرۆشی بـووم، کارەکانم بەباشی ڕانەدەپەڕاند، کڕیارەکانم بێزار دەبوون، بەڵام توانیم دەست بەکارەکەمەوە بگرم، ئەو ماوەیە بە بەشێک لەژیانی سێکسی خـۆم دانـانێم، ئەمە تەنیـا "پیشـەیەک" بـوو لەمـاوەیەکی پێویسـتدا کردم. هیچ شوێنێکم نەبوو ڕووی تێ بکەم، ئافرەتەکانی دیکەش بۆ مــن وەکــو خێزانیــان لێهــاتبوو". نــاتوانین وەکــو مەســەلەیەکی ئایـدیۆلۆژی سـەیری ئەم شـتانە بکەیـن، بەڵکـو نەریـتە ئەخـلاقی و سیاسییەکان لەبارەی لەشـفرۆشی پەیوەستە بە تواناکانی ئافرەتەوە بـۆ بەدەسـتهێنانی سـەرچاوەکانی ژیانیان، لەچوارچێوەی دیاریکردنی دابـــونەریتە کـــۆمەڵایەتیی و ئایینیەکانـــدا. (د. دیفیـــد ام. بـــاس، د. سیندی ام، میستون، ، ٢٠١٨، ٣٢٥).

لەڕۆمانی (خانمباز)دا دەیان ئاماژەی لەم جۆرە بەدی دەکرێت، کە ئافرەتەکان لەپێنـاو (پارە) وەکـو پیشـەیەکی باوی ئەم سـەردەمە کاری لەشـفرۆشی دەکەن، ئـافرەتێکی عەرەبـیش بـۆ تێرکـردنی چـێژی خۆی دەچێتە شوێنەکەی شەوکەتە فەندی، ئەوانە لەڕاستیدا بەپێی زانیارییە ئاماژە پێکراوەکانی نێو گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی ڕۆماننووس کە نەک هەر تەنیـا ئاگـاداری پەیوەنـدییە سێکسـییەکانی خـۆیەتی، بەڵکـو وردەکـاری پەیوەنــدیی و کــردەی سێکسی۔ ئەوانی دیــکەش دەزانێت و موو بەمووی بابەت و ڕەفتار و هەڵسوکەوت و چۆنیەتی چـوونە لای ئافرەتەکـانیش دەزانێـت و ڕووداوەکـان بەچـاوی خـۆی دەبینێــت، کــردەی زۆربەی سێکســەکان لەیەک شــوێنی بچــووکی هاوبەشدا ئەنجام دەدرێن. لەم ڕۆمانەدا لە گفتوگۆیەکی کراوەی بێ

پەنادان و شاردنەوەی زانیارییەکان دەڵێت: "وتی: بارێک بکەوین، ئەوسا ژمارەی تەلەفۆنی خۆمت دەدەمێ. وتم: دەمەوێت تاکو بەیانی لەگەڵم بمێنیتەوە. وتی: دەزانم، لەیلا پێی وتوومە، تۆ چۆنت پێ خۆش بێت، وا دەکەم، بەڵام دەبێ دوو هەزار جونەیم بدەیتێ.

وتم: کە هاتیتە لام، ئەو پارەیەت پێدەدەم. وتی: بەڵام پێویستە ئێستا سەد جونەیم وەکو پێشەکی بدەیتێ نەوەکو پەشیمان ببیتەوە و لەگەڵ کچێکی تر دەربچیت. منیش دەستم خستە ناو گیرفانم و سەد جونەیم بۆ دەرهێنا و دامە دەستی: وتم: هیوادارم لەگەڵم ڕاستگۆ بیت، بەڵێنەکەت بەجێ بهێنیت". (خانمباز، ٢٠٦- ٢٠٧).

لەم گوزارشت و گێڕانەوە و زانیاریانەی باسی وردەکاریی چۆنیەتی ڕێککەوتنی خۆی لەگەڵ (کچێک !!) نەک (ئافرەتێك) دەکات، لێرەدا ئەو وشەی (کچ) بەکاردێنێت، کە ڕوونە ئەمە وەسف و پێناسەی کەسایەتی ئەو کەسە دەکات کە (کچە)، گەنجە، (ئافرەت) نییە، مێردی نەکردووە، یان کون نەکراوە، یان زۆر گەنجە. ئافرەتەکە لەپێناو بەدەستهێنانی بڕێک پارە لەگەڵ (ڕۆماننووس) ڕێک دەکەوێت کە هەموو شەوەکە تاکو بەیانی لەبری (دوو هەزار جونەیە) کە پارەیەکی میسرییە لەگەڵی بمێنێتەوە، ئەو چی و چۆنی پێخۆشە لەگەڵی دەکات.

لەهەمان کاتدا لە دۆخێکی دیکەدا ڕۆماننووس پێچەوانەی (سێکس بەپارە) بەسەرهاتێکی دیکەمان بۆ دەگێڕێتەوە، کە کچێک پاکیزەیی خۆی پاراستوە و لە یانەی شەوانەش کار دەکات، دوا گوێگترن لە چیرۆکی ناخۆشی ئەم کچە کە لەلایەن دۆستێکی هەڵخەتێنراوە، سەد دۆلاری ئەمەریکی پێ دەدات، بۆ ئەوەی بەم پارەیە بگەڕێتەوە وڵاتی خۆی، یان بەڵێنی پاراستنی کچێنی خۆی پێ بدات و دەڵێت "کچێکی پاکیزەیە، هاوڕێیەکی فێڵی لێ کردبوو بەناوی کارکردن لەگەڵ خۆی هێنابووی بۆ ئەوێ، ئەو کچێکی بەشەرەف

بوو، نەیدەویست کاری لەشفرۆشی بکات، بۆیە بەزەییم پێی هاتەوە، ئێستاش کە بیرم دێتەوە، زۆر خەفەتی بۆ دەخۆم. سەد دۆلاری ئەمەریکیم دایە و پێم وت: هیوادارم خۆڕاگر بیت، خۆت بەدەستەوە نەدەیت و بۆ پارە لەگەڵ هیچ کەسێک نەخەویت. ئەگەر خۆت ویستت لەسەر نەبێ، کەس ناتوانی بەزۆری خۆی بکاتە خاوەنت. بەزۆر پارەکەی لێ وەرگرتم، بەڵێنی پێدام کە ئابڕوی خۆی بپارێزێت و بۆ پارە لەگەڵ کەس نەخەوێت". (خانمباز، ٢١١).

لەنێو جیهانێکی بێ سنووری لەشفرۆشیدا ئەم ئافرەتە چۆن بەم جۆرە دەیەوێت خۆی بپارێزێت، دەقنووس چۆن بیرۆکەی هاندانی کچەکەی بۆ دێت، بۆ ئەوەی خۆی ڕابگرێت و خۆی بەدەستەوە نەدات و بۆ پارە جەستەی خۆی نەفرۆشێت. لەکاتێکدا ئەو خۆی (جەستە کڕە). جیاوازییەکی گەورە لەنێوان گوتاری (گەڕان بەدوای دۆزینەوەی کچێک بۆ شەو ڕابواردن) و گوتاری (هاندانی کچێک بۆ پاراستنی پاکیزەیی و ئابڕووی خۆی) هەیە. بۆیەشە (سەبری بازرگان) بەڕاشکاوی ئەوگومان و گریمان و نەگونجانەی بەم شێوەیە پێ دەڵێت "تۆ چوویتە میسر ڕابوێریت یان بۆ ئەوەی ببیتە توێژەری کۆمەڵایەتی و چارەسەرکردنی کێشەی ئەو لەشفرۆشانە؟!". (خانمباز، ٢١١).

لەبیری نەکەین ئەدەبی ڕۆمانی گێڕانەوەی بیرەوەریی، پشت بە کەرەستەی جۆراوجۆر دەبەستێت لەوانە :

**یەکەم**: ئەدەبی سۆزداریی، دوای ئەوە سۆز ملکەچی سۆز لەکاری هونەریدا دەبێت، لەوە دەردەچێت کە هاوارکردن و سەرسامبوون و گریان و وشە بۆ دەربڕین و گوزارشتی ڕاستەوخۆ بێت، ئەگەر دەربڕینێکت لەنێو گوزارشتی ئەدەبی بینی لاواز بوو، پێویستە لێی دەرباز بیت.

**دووەم**: ئەدەبی گوتـار، ئەمە سـوود بەخشـینە، شـیعری ئـایینی دەگـرێتەوە، جـۆری دیـکەی گوتـاری سـیاسی و چـیرۆک و شـانۆ و مەسەلەی گشتی و شوێنی لەشفرۆشی نیشان دەدات.

**سـێیەم**: ئەدەبی دڵخۆشـکردن لەوانە شـانۆگەری تـرس و پێکەنیناوی و شیعری خۆشەویستی.

**چـوارەم**: ئەدەبی فێرکـاریی. پـارچە شـیعرێکی بەرز و جـوان کە لەگەڵ ئەزمـوونەکە ناگونجێـت، کەچی ئەمە لەڕاسـتیدا مەبەسـتی خودی شاعیر نییە. (عبدالعزیز شرف، ١٩٩٨، ٣٣-٣٤).

لەم جۆرە دەقەدا لەهەندێک شوێن بە خەیاڵ و دەستکرد بێت، یان ڕاستی ئەم جۆرە جیاوازییە لەگێڕانەوەی بەسەرهاتەکاندا بەدی دەکرێـت. وەکـو پێشـتریش ئاماژەمـان پێکـردووە ڕۆمـانی ژیاننـامە هەقـیقی و خەیاڵیشـە. نووسـەر دەتوانێـت لەتەک گـێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی خۆی، ژیانی کارەکتەرە هەقیقییەکان بۆ دروستکردنی کەشێکی سەرکەوتوو، وێناکردنێکی ئەدەبی گونجاو، زمانێکی کاریگەری گێڕانەوە لە ڕۆماندا خەیاڵ تێکەڵی واقیع بکات، بەڵام نابێت ئەوە لەبیر بکات، بابەتەکان دەگەڵ یەکدا نەگونجاو بن، یان بیرۆکەی یەکەم بیرۆکەی دووەم ڕەت بکاتەوە.

ئەم چوار خاڵەی ئاماژەمان پێکردووە، دەکرێت بەشێک بن لە کەرەستەکانی پێکهاتە و دروستکردنی کەشێکی گونجاو لەنێو دەقدا، لەهەمان کاتدا دەکرێت ئەمانە ببنە هۆکار بۆ شێواندنی دەقەکەش، کاتێک هاوسەنگی و بەیەکەوە هەڵنەکردنی بابەتەکانی تێ دەکەوێت.

## ٢-٢٩ سیاسەت و باڵادەستی پیاو

لەمێژوودا ئافرەت قوربانی نێو سیاسەت بووە، گەلێک دیاردەی سیاسی هەن هانی بڵاوبوونەوەی بەدڕەوشتی و تێکچوونی شیرازەی کۆمەڵایەتی خێزان دەدەن، تەنیا هەندێک سیاسەتی ئابووری هەیە، بەکردەوە بەکارهێنانی ئافرەت وەکو کارگەر و سەرچاوەیەکی ئابووری و داهاتی خێزان و تاک نمایش دەکات. ئەو وڵاتانەی ئابوورییان خراپە و داهاتی تاک زۆر نزمە، منداڵ و ئافرەت وەکو دوو کەرەستەی سیاسی بەکار دەهێنرین لەپێناو داوێنپیسی. و لەشفرۆشی و سەربازیی و بڵاوبوونەوە و فرۆشتنی مادە بێ هۆشکەرەکان و تاد. تەنیا بازرگانی بەسێکس یەکێکە لەو دیاردە بەربڵاوانەی جیهانی ئەمرۆی بەخۆی مژوول کردووە. بەکارهێنانی ئافرەت لەبواری هەواڵگریی و چاودێریی بەسەر کەسان و دامەزارە و دەوڵەتە نەیارەکانی یەکتر.

لەنێو سیاسەتدا ئافرەت وەکو کەرەستەیەکی هەرزان بۆ بەدیهێنان و راپەڕاندنی جۆرێک لەگوتاری سیاسی و خواست و چێژی پیاو بەکاردەهێنرێت، ئافرەت لەزۆر بواردا دەبێتە قوربانی و کەسێکی ڕاوکراو. "ئافرەت وەکو کەرەستە و کەلوپلە، وەکو شتێکی سێکسی. مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت، بەپێی بۆچوونەکانی هەندێک بیرمەند ئەمە بۆتە هۆکار بە ئەوەی لەنێو سیاسەتدا پێگە و باڵادەستی پیاو بەسەر ئافرەتدا بەهێز و پتەو بکات". (Dworkin, A and Levi,A, , 2006).

لە وڵاتێکی وەکو بۆرما و پاکستان و هیندستان و کەمبۆدیا و تایلەند بازرگانی کردن بە سێکس شتێکی بەربڵاوە. ئافرەتە گەنجەکان دەکرێنە ئامانج و وایان لێ دەکرێت لە دۆخێکی هەژاری خراپدا بژین، لەم بوارەشدا سیاسەتێکی هەمەجۆری پڕ لە فرتوفێڵ بەکاردەهێنن، لەوانە پێدانی گفتی زۆر، کە دۆخی ژیانیان باش

دەکەن و کاریان بۆ دەدۆزنەوە و یان باس لە پێدانی هەندێک پارە بە دایک و باوکی کچەکان دەکەن تاکو هانیان بدەن باشتر بەکاریان بهێنن، یان فرۆشتنیان بەشوێنی لەشفرۆشی فراوانتر بێت، ئەمەش بەگشتی لەڕێگەی بەرتیل و پارە بە پۆلیس و پاسەوانی سنوورەکان ئەنجام دەدرێت. (د. دیفید ام. باس، د. سیندی ام، میستون، ٢٠١٨، ٣٢٨). بۆ زیاتر زانیاری لەبارەی بازرگانی کردن سێکس و سیاسەت و دەسەڵاتی پۆلیس لەم وڵاتانەی ئاماژەمان پێکردووە، بڕوانە ( Burley,N and Symanski,R, , 239, 1981, 74).

ترەمپ و سزای یاسایی بەهۆی دەستدرێژی سێکسیـ دژی ئافرەتێک، کە ئەمە بەئابڕووچوونێکی نوێی ئەم سەردەمە دادەنرێت، ئابڕووچوونەکانی (بیل کلنتن) لەوێ بوەستێت. گەلێک لەڕووداوە سیاسییەکانی دونیا پەیوەندیی سێکسیـ ژێربەژێریان تێدایە و دواتر دەبێتە کارتێکی سیاسی دژی یەکتر بەکاری دەهێنن.

(ئیشلی ئەلیکساندرا دوبری) بانگەشەی ئەوەی کردووە، کە لەیەک جار ئەنجامدانی کردەی سێکسی لەگەڵ (ئیلیوت سبیتزر)ی پارێزگاری نیۆیۆرک ٣٤٠٠ دۆلاری وەرگرتووە. لەکاتێکدا ئەو ئافرەتانەی لە یانەی ( The Emperors Club VIP) کار دەکەن لەهەر کاتژمێرێکدا نزیکە ١٠٠٠-٣٠٠٠ دۆلار لەبڕی جوانی و سەرنجڕاکێشان و شارەزاییان لەم کارە وەردەگرن. کەچی ئەو یانانەی ئەم ئافرەتانە بەکاردەهێنن نیوەی پارەکە بۆخۆیان دەبەن.

سیاسەت هەتا ئێستاش پتر لەژێر هەژموونی کەسایەتی و عەقڵیەتی پیاو دایە، ئەمە وایکردووە پیاو بەهەموو هێز و توانایەوە چاو ببڕێتە جەستەی ئافرەت بەواتای (سێکس). بۆیە ئەم سیاسەتەی پیاو لەبارەی ئافرەت پەیڕەوی دەکات، بەشێکی پەیوەستە بە (جوانی و چێژی سێکس و ورووژاندنی سێکسیـ و جەستەی خودی ئافرەتەوە).

با لامان سەیر نەبێت هەندێک جار ئافرەت هەر تەنیا لەپێناو پارە لەشی خۆیان نافرۆشن، بەڵکو وەکو ئامرازێک بەکاری دەهێنن بۆ بەدەستهێنانی کار و پلەیەکی موچەخۆری، یان پلە بەرزکردنەوە و گۆڕینی پیشە و پلە، هەروەها دیاردەیەکی دیکە بەناو "دابەشکردنی رۆڵ Couch Csating " کە جۆرێکە لەقسەی نەستەق لەبارەی ئەکتەرەکـان و چــۆنیەتی پێشکەشــکردنی خــزمەتی سێکسیــ بە دەرهێنەرەکانیـان لەپێنـاو ئەوەی رۆڵێکیـان لەنێـو فیلمەکانیـان پێ ببەخشـن. (مـارلین مـۆنرۆ) دان بەو ڕاسـتییەدا دەنێـت و ئاشـكرای دەكات، کە سێکسی. لەگەڵ پیاوە خاوەن دەسەڵاتەکان کردووە، بۆ ئەوەی ئاسانکاریی بۆ بکەن تاکو بچێتە نێو جیهانی هۆلیۆد و رۆڵی ســەرەکی لە فیلمەکــان پێ بــدەن، هەرچەنــدە ئەمە جــۆرێکە لە لەشفرۆشی. لەهەمان کاتدا (جۆلیا فیلیپس) کە مەدالیای ئۆسکاری بەدەستهێناوە و لە کتێبەکەی بەناوی ( You’ll Never eat Lunch in This Town Again) دان بەم ڕاستیەدا دەنێت. ئەمە هەر لە ئەمەریکادا وا نیـیە، بەڵکـو لە هیندسـتانیش هەمـان شـت ڕویـداوە. لە بەرنـامەی تەلەڤزیـۆنی "مەترسـیدارترین داواکراوەکـانی هینـد" لەپێنـاو پێـدانی رۆڵ لە بۆلیـۆد هەمـان شــت جەخــتی لێکراوەتەوە. ساڵی ٢٠٠٦یش لە چین ئەکتەری چینی (شانگ یو) ئەویش دان بەوەدا دەنێت لە ڕێگەی سێکس لەگەڵ بەرهەمهێن و دەرهێنەرەکــان رۆڵی پــاڵەوانی لە فیلمەکــان بەدەســـتهێناوە. (www.npr.org/templates/story/story.php?storyld-6924667).

کێشــەکانی ترەمـپ و ئەو پەیوەنـدییە سێکسـیانەی هەیبـووە، بەشی زۆریـان پەیوەنـدیی بە هـێز و پـارەوە هەیە. لەدوایـین دادگـایی کردنـدا **"دۆناڵد ترەمپ، سـەرۆکی پێشـووی ئەمەریکا ڕایگەیاند چاوەڕێ دەکات دەستگیر بکرێت. دادگەی نیویۆرک لەدۆسیەی ترەمپ و دوو ژن دەکۆڵێتەوە، کە گوایە، "بەرتیلی "پێداون بۆ ئەوەی پەیوەندیی سێکسیی نێوانیـان ئاشـکرا نەکەن و ترەمـپ لە ئابڕووچوونەکـانی بپـارێزن."** ئەمە هەواڵی مــانگی ئــازاری ٢٠٢٣ بــوو، ترەمــپ لەســـەر تــۆڕە

کۆمەڵایەتییەکەی خۆی، لە پۆستێکدا باسی لەوە کرد، چاوەڕێ دەکرێت دەستگیر بکرێت. بەکردەوە دادگای مەنهانتن تۆمەتەکەی دژی ترەمپ ساخکردەوە و سزای دارایی درا.

لە ٩ی حوزەیرانی ٢٠٢٣ سەرۆکی پێشووی ئەمەریکا داوایەکی نوێی دژی نووسەر (جین کارول) تۆمار کردووە، کە مانگی ڕابردوو بەتۆمەتی دەستدرێژی سێکسی. و سووکایەتی بڕیاری دا بەبڕی پێنج ملیۆن دۆلار وەکو باج بداتە ئەم ئافرەتە نووسەرە. پارێزەرەکانی ترەمپ دەڵێن بڕیاری دادگا درۆی تێدایە، بۆیە داوای پێداچوونەوە دەکەن.(https://aawsat.com/%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%A7%D9%84 ).

لە نێو ڕۆمانەکانی (کەمال سەعیدی)دا باسی پەیوەندییەکانی لە هەولێر و گەشتکردنەکانی بۆ چەند وڵاتێک بەمەبەستی بینین و کۆبوونەوە و جووتبوون لەگەڵ ئافرەتە لەشفرۆشەکان دەکات. لەوێ بەدوای دونیای ئاڵۆز و ڕابواردن و سێکس و مێژوو و جەنگ و ناکۆکی سیاسی نێوان وڵاتەکاندا دەگەڕێت، سەردانی بەشی کوردی ڕادیۆی ئێریڤان دەکات. لە ڕۆمانی شەوانی ئێریڤاندا لەشێوەی گێڕانەوەدا باسی مێژووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و جەنگی نێوان (ئەرمینیا) و (ئازەربایخان) دەکات. لەنێو ڕووداوەکانی دیکەدا باسی هەندێک گەشتیاری سیاسی دەکات.

دەڵێت: "پیاوە عەرەبەکە لەقسەکردن و ڕەفتاری دیاربوو، بەرپرسێکی گەورە، یان کەسێکی دەوڵەمەندبوو، ئەوانی دانیشتبوون، حیسابیان بۆ قسەکانی دەکرد. بەکاروانم وت: تۆ هەست ناکەیت ئەم ژنە هاوڕێی ئەو پیاوە زەنگینەیە؟ ئەویش وتی: بەڵام ئەو پیاوە زۆر بەتەمەنە، سێ تەمەنی ئەوی هەیە، لەپیرییان دەموچاوی چرچ و لۆچ بووە. وتم: ئەو بەدوای پارەکەوەیەتی، کاری بە دەموچاوی نییە!" (شەوانی باکۆ، ١٢٨)، یان دەڵێت: ئەم دوو تاوەرانە هی دۆڵاند ترەمپی سەرۆکی ئەمەریکایە. دیارە ئازەربایجانیش وەکو وڵاتی

ئـێمە لەژێـر هەژمـوونی ئەمەریکایە؟ گـوتی: پێشـتر بەشـێک بـووین لەیەکێتی سـۆڤێت، بەڵام لەساڵی ١٩٩٠ ئەمەریکا پشتگیری کـردین بـۆ جیابوونەوە و ڕاگەیانـدنی سـەربەخۆیی، لە بەرامبەردا لەو کاتەوە هەژمـوونی لەسـەر دەسـەڵاتی سیاسی پەیداکردووە و دەسـتی بەسـەر نەوتی ئێرە داگرتـووە و دۆناڵـد تـرەمپیش ئەم دوو تـاوەرە بازرگانییەی لێرە دروست کردووە. (شەوانی باکۆ، ١٢٥).

یان لەکاتی تێپەڕینیان بۆ گەشت لە ئێران ئەم گفتوگۆیە سیاسییە لەنێـوان کـوردێکی دانیشـتووی ئەودیـو و گەشـتیارەکان دروسـت دەبێـت : "کە ئێـوە لە باشـووری کوردسـتان لە ٢٠١٧/٩/٢٥ بـۆ پـرسی سـەربەخۆیی کوردسـتان ڕیفرانـدۆمتان کـرد، ئـێمەی کـوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە پەرۆشەوە چاودێریمان دەکردن. ئەو کات لە سـەتەلایتی کوردسـتان گـوێم لەو سرووده نیشـتیمانییە بـوو، بەو بۆنەیەوە پەخش کـرا." ئەم ئاخـاوتنە ئاراستەی (کاروان) کـراوە، کە هونەرمەنـدێکە و سروودی بـۆ ڕیفرانـدۆم گووتـووە و لەم گەشـتەدا بەشـدارە کە بـۆ (بـاکۆ) دەچـن و لەوێ دوور لە سیاسـەت و هـونەر خۆیان تێر دەکەن.

مەبەسـتم ئەوەیە هەرچەنـدە ئەم ڕۆمانـانە بـۆ بابەتی (سـێکس و ڕابواردن) لەنێو بیرەوەریی گەشتیاریدا تەرخان کراون، بەڵام دووریش نین لە بابەتی سیاسی و گێڕانەوەی ڕووداوی سیاسی و مێژوویی، یان بوونی چەند کارەکتەرێک کە نمایشکەری دۆخی سیاسی و کەسایەتی سیاسـین، لەوێشـدا لە نێـو گەشـتەکەدا ئامـادەن. دووانیـان کە بەرپرسی مام ناوەندی کوردن و لەهەرێمەوە بۆ گەشت چوونەتە ئەو وڵاتـانە، بە وێنەگرتنەکانی (ئـاکۆ) تەنگاو دەبـن و نایانەوێـت وێنەی ئەوان لەهـیچ شـوێنێک بڵاوبێـتەوە. وێـنە ڤیـدیۆیەکی (ئـاکۆ) دەربکەوێـت، چـونکە دواتـر ناحەزەکانیـان لێیـان لە هەڵـلا دەدەن و تووشی کێشە دەبن.

لە ڕۆمـانی (خانمبـاز)دا (ڕۆمـاننووس) کە خـۆی کـارەکتەری سـەرەکی گـێڕانەوەی بەسـەرهاتەکان و گفتوگـۆیە لەگەڵ کارەکتەرە هەقیقییەکـان (شــەوکەتە فەنــدی) کە خەباتکـارێکی سیاســییە و خانەنشینی سویسرا و هەرێمی کوردستانیشە دەڵێت: "جارێ با واز لەگێڕانەوە و تۆمارکردنی سەربووردە سیاسـییەکان بێنین، هەنـدێک بـاسی ژیـانی خانمبـازی خـۆتم بـۆ بکەیـت؟ وتی: منـیش ئەوەم پێ خۆشـە، چـونکە لە سیاسـەتکردن لە دەربەدەری و ماڵوێرانی بەولاوە هــیچم پێ نەبــڕا، ئەگەر ئەقــڵی ئەمــڕۆکەم هەبــووایە، بــۆ یەک سەعاتیش کاری سیاسیم نەدەکرد". (خانمباز، ١٧).

ڕۆمانی ژیاننامە وایە، بابەتێکی هەقیقی و کەسایەتییەکی هەقیقی و شـوێنی ڕاسـتەقینە و کات و بەسـەرهاتی واقـیعی بەکار دەهێنێـت، قسـەکەر بیرەوەریـیە ڕاسـتەقینەکان بەکەمێـک تێکەڵکـردن لەگەڵ خەیاڵی هونەریانەی ڕۆماننووسی و دەربڕین و وێناکردنی هونەریانەی ئەدەبی دەگێڕێـتەوە. (ڕۆمـاننووس) پـاڵەوانی قسـەکەری سـەرەکی ڕۆمانەکەیە، هەر خۆی شتەکان دەگێڕێتەوە، تۆماری بیرەوەرییەکانی خۆی کردووە و دەڵێت: "بڕیارم دا گشت بەسەرهاتە خانمبازییەکانی تۆمـار بـکەم و لە نـزیکەوە چـاودێری بـکەم و بـیکەمە پـاڵەوانی ڕۆمــانێکم لەبــواری خانمبــازی دوور لە ژیــانە سیاســییەکەی". (خانمباز، ١٩).

(عــیزەدین چــاو حــیز) لەگــێڕانەوەی بیرەوەرییەکــانی لەگەڵ بەرپرسانی سەردەمی بەعس لەپێش ڕاپەڕینی ١٩٩١دا دەڵێت: "ناڵێم هەموویــان، بەڵام زۆربەی ئەو بەرپرســانەی کە کــارم لەگەڵیــان کـردوون گەواد و ژن حـیز بـوون، خۆیـان لە گـێلی دەدا، دەزانی بـۆ؟ وتی: چونکە لە ڕێگەی ژنەکانیانەوە دەچوونە پێشەوە. منیش وتم : کە گرتە ڤیدیۆکەی نێوان سەرۆکی ئەنجوومەنی تەنفیزی و ژنەکەی بڵاوبـۆوە، چی ڕوویـدا؟. وتی: حکـوومەت سـەرۆکی ئەنجـوومەنی تەنفیزی لە پۆسـەتکەی بەخشی. و بـۆ پلەیەکی تـر بەرزی کـردەوە و

وەکو ڕاوێژکاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بۆ شاری بەغدا گوێزرایەوە". (شەوانی ئێریڤان، ٣٧).

لەکردەوەدا سیاسەت و سێکس دوو بابەتی ئاڵۆز و تێکەڵکراوی دونیای ئێستان. ئەم ئاراستەیە لەهەندێک بواردا وەکو بابەتێکی ئایدۆلۆژیش لەنێوان گروپە سیاسییەکاندا بەکاردێت. گروپیە ئایینییەکان بەمەبەستی ڕیسواکردن و هێرشکردنە سەر عەلمانیەت ئەم بابەتە دەبەستنەوە بە ئازادی کۆمەڵایەتی و ئازادی ئافرەت، تەنیا باڵاپۆشی و مۆدێرن بە دژە ئیمان دادەنێن.

عیلمانییەکانیش دەیانەوێت کۆیلەبوونی ئافرەت بە ئایین ببەستنەوە و ئایین بەسەرچاوەیەکی ڕاستەوخۆی پاشکەوتن و دابڕان لە هاوچەرخبوون و بەکارهێنانی جلوبەرگ و کارکردن و بەشداری ئافرەت لەبوارە جیاکانی کۆمەڵگە دابنێن. لایەنە چەپڕەوەکان هێرش دەکەنە سەر هەردوو ئاراستەی ئیستغلالی سەرمایەداری و ئایینی و بەکارهێنانی ئافرەت وەکو کەرستە و کەلوپەل بۆ گەرمکردنی بازاڕی سیاسی و بازرگانی و بەرهەمهێنان و کۆیلەکردنی ئافرەت. هەندێک نووسەریش ئافرەت وەکو کەرەستەیەک بۆ ڕازاندنەوە و ورووژاندن لەنێو دەقەکانیان بەکاردەهێنن، کە لەڕاستیدا لەجیاتی داکۆکی لەمافەکان ئافرەت، ئافرەت وەکو کەرەستەیەکی هەرزان بۆ نمایش و کارتێکردن لەسەر خوێنەرەکانیان بەکاربهێنن. باسی جوانی ئافرەت و ئافرەت وەکو جەستەیەکی پڕ چێژ و مردن بۆ ئافرەت دەکەن، لەپێناو بەکارهێنانی ئافرەت وەکو جەستەیەک لەشێوەی کەلوپەلێک، نەک وەکو کیانێکی سەربەخۆی خاوەن ئیرادە.

لەم ڕۆمانانەی (کەمال سەعدی) زۆر بەدەگمەن هەست بە بوونی ئافرەت وەکو (کیانێکی سەربەخۆی خاوەن ئیرادە) دەکرێت، بەشی هەرە زۆری ئافرەتەکان لەپێناو ئەوەی وەسفی (پیاوە برسییەکانی سێکس) بکات، کردۆتە کەرەستەیەکی هەرزان و

جەستەیەکی ئاسان بۆ بەدیهێنانی گوتاری (ڕاوی سێکسی. بە پارە) و گەیشتنە مەبەست لەڕێگەی (پارە) و تاکە نمایشێکی خۆشەویستی لەنێوان خودی ڕۆماننووس و کچێک دەگێڕێتەوە، کە لەویشدا هیچ هاوسەنگیی و گونجانێک لە تەمەن و خانەوادە و کەلتوور و ئیمان و فکری جیاوازی نێوان خۆی و کچەکە بەدی ناکرێت، بۆ؟

**یەکەم**: قسەکەری پیاو خێزانداره و کوڕەکەی گەنجە و کچەکەش لەتەمەنی منداڵەکانی ئەو دایە.

**دووەم**: کچەکە ئیمانداره و بڕوای بەئایین و ئیسلام چوونە حەج و عومرە هەیە، ئەویش پێچەوانەی ئەو بڕاوی بەم سەرەتا و شتانە نییە و بەدوای ڕابواردن و گەشت و دۆزینەوەی جەستەی نوێی ئافرەتە.

**سێیەم**: کوڕی پیاوەکە هەڕەشە لەباوکی دەکات، کە بەم شێوەیە سزا و ئازاری دایکی دەدات.


**چوارەم**: پیاوەکە بۆ ئەوەی دڵی کچەکە بەدەست بهێنێت دەچێتە عومرە و لەوێ دوعا دەکات، ئەو کچەی بەنیسب بێت و هەر بۆ ئەوەش چۆتە عومرە، نەک بەجێهێنانی ئەرکی ئایینی. کەچی دوای سێ ڕۆژ لەگەڕانەوەی عومرە بۆ ڕابواردن و پشوو دەچێتە گەشتێکی تورکیا، کە پڕە لە ئافرەتی ڕووت و سەر دەریا و ڕابواردن و شتی دیکە.

ئەم هەموو ڕووداوانە چۆن بەیەکەوە دەقەومێن، دوو پیاوی کوردی سەر بەئیخوانیش لەم سەفەرەدا دەبنە هاو سەفەری ڕۆماننووس و دەچنە تورکیا. لەوێدا هەندێک گەنجیان لێ پەیدا دەبن، دەیانناسن و لەو کاتەشدا بیرە دەخۆنەوە و بەدیار ئافرەتی نیوەڕووت دانیشتوون و چێژ وەردەگرن. هەر لەم شوێنەدا بۆ

ئەوەی هەقـیقەتی خۆیـان بشـارنەوە دەڵـێن "وامـان زانی حـزبی ئیسلامی لە تورکیا، ئێرەی وەکو سعودییە لێکردووە و ئافرەت هەموو باڵاپۆشـن". ئەم دوورڕوویـیە لە سیاسـەتدا بەواتـای دوورڕوویی لە ئیمانیش دێت. دوو حاجی ئیسلامی سیاسی کە هەردووکیان کەسانی هەقیقـین، بـۆ پشـوودان و چـێژ و بینیـنی ئـافرەتی ڕووت ئەم گەشـتە دەکەن، لەکاتێکـدا ئەوان لە دوو بـواردا زیـان بە ئیمـان و بـڕوای خۆیـان دەگەیەنـن: یەکەم: هەردووکیـان سـەردانی مـاڵی خـودا و حەجیان کـردووە. دووەم: ئەوانە لە حزبە ئیسلامییە سیاسییەکاندا کار دەکەن.

## ٢-٣٠ کوردایەتی و سێکس

لە ڕۆمانەکانی (کەمال سەعیدی)دا هەستی کوردایەتی و گەشت و مەعـریفە لەبـارەی دۆخی سـیاسی کـورد و سـێکس بەرجەسـتەیە. نووسەر لەهیچ هەنگاوێک لەبیری نەکردووە کە کوردە، یان هەستە مــرۆیی و هەتــا سێکسییەکانیشیــ بەشــێوەیەک لەشــێوەکان پەیوەندییان بە کـورد و زمان و کەلتوور و ڕەوشـتی نێرانەی کوردەوە هەیە، نایەوێـت هەسـتی کـوردایەتی لاواز نیشـان بـدات، لەهەمـان کاتیشـــدا پـێی وایە لەنێــو دونیــای گەشـــتی سێکســـیدا هـــیچ پەیوەندییەک لەنێوان کوردایەتی و چێژی سێکسی نییە.



ئەو لە رۆمـانی (شــەوانی بـاکۆ) ئـافرەتێکی جـوان لەگەڵ پـیرە پیاوێکی عەرەب دەبینێت و بۆیان ساخ دەبێتەوە ئافرەتەکە کوردە، لەئاکامـدا لەنێـوان (رۆمـاننووس و کـاروان) گفتوگـۆیەک ئەنجـام دەدرێـت، کە دەمـاری کـوردایەتی دەبزوێنێـت و دەڵـێن: "کـاروان سـەری هێنـا ژێـر گـوێم و پـێی وتـم: بەخـتم نەبـوو، بە عەرەب تـێی گەیشتووم کەچی کورد دەرچوو. منیش لە قاقای پێکەنینم دا و وتم: خەمێکیشـمان بـۆ پەیـدابوو، بە بەرچـاوی ئـێمەوە لەگەڵ ئەم پیـاوە عەرەبە بەسـاڵاچووە دانیشـتووە و دەخـواتەوە. (ئـازا)ش وتی: ئەوە کەی کێشـەیە، کەیفی خۆیەتی لەگەڵ کێ دادەنیشێت و دەخـواتەوە، خوا دەیکرد سەماشی لەگەڵ دەکرد و لەگەڵیشی دەخەوت، ئێمە بۆ خـۆشی هـاتووین، بـۆ کـوردایەتی نەهـاتووین تـا خەفەتی لێبخـۆین، (کاروان)یش گـوتی: چۆن خەفەت نەخۆم، دەمێکە چاوم خستۆتە سەری، ئەو دەشیزانی کە ئێمە کوردین، ئەوجا حیسابی پوشکەیەکی بۆ نەکردین". (شەوانی باکۆ، ١٢٩).

لەم گوزارشـــت و گفتوگـــۆیەدا رۆمـــاننووس و کـــاروان و ئـــازا بەیەکەوە قســــــە دەکەن، هەر یەکەیـــــان لەروانـــــگەیەک و لەچوارچێوەی مەبەستێکی کەسی تایبەت، یان گشتگیر دەئاخڤن.

رۆمـانووس بە نـیمچە گاڵتەیەکەوە دەڵێـت (خەمێکیشـمان بـۆ پەیـدا بـوو). گوتـاری رۆماننووسـیش گـرنگی پێ نەدانی بـابەتێکی لەم جۆرەیە.

ئـازا پـێی وایە ئەمە کێشـەی ئەوان نیـیە ئـافرەتێکی کـورد لەگەڵ پیـاوێکی عەرەب بخـواتەوە و سـەما بکـات و لەگەڵیشیـ بخەوێـت. گوتاری (ئازا) بەگرنگ سەیرکردنی نەتەوە و رەگەز نییە.

کـاروانیش بەو نیـازەی پـێی سەرسـام بـوو و ژنەکەش هـیچ بـایەخێکی بەو نەداوە، رِقی هەسـتاوە و کـوردایەتی جـوولاوە. واتە هەڵوێستێکی نیمچە هەڵپەرستانەی هەیە.

لەباسی (رِیفرانـدۆم) شـوفێرە کـوردەکەی رۆژهەڵاتی کوردسـتان هەسـتێکی قـووڵی نەتەوەیی دەردەبرِێـت، یـان بـوونی ئێزدیـیەک لە قەسابخانە لە ئێریڤان و کاردانەوەی ئەو بەرانبەر بەکورد بوون.

خوێنـدنەوەی ئەم جـۆرە گوتـارانە بەلای ئـێمەوە پێویسـتە لەدەرەوەی سانسـۆر و باڵادەسـتی دامەزراوە سـەرەکییەکە خۆسـەپێنەکانی نێـو کـۆمەڵگە ئەنجـام بـدرێت. چـونکە (هەسـتی نەتەوایەتی) و (چـێژی سـێکس) لەهەر جوگرافیـا و کەلتـوور و لەنێـو هەر نەتەوە و نەژاد و جـۆرە مرۆڤێـک بێـت، چەنـدیش لەهەنـدێک گوتـاردا بەیەکەوە ببەسـترێنەوە، بەڵام لەکۆتایـدا دوو چەمـک و مەبەست و ئامانجی جیاوازن.

لەم سـەردەمەدا (گەشـتی سێکسی) وەکـو سـەرچاوەیەکی داهـاتی نەتەوەیی و نیشـتمانی سـەیر دەکرێـت، هەنـدێک وڵات هاووڵاتییەکانیـان لەسـەر ئەم جـۆرە بازرگـانیی و بەرهەمهێنـانە ئابوورییە دەژین و گەشتوگوزار و سێکس وەکو سەرچاوەیەکی گرنگی نیشـتمانی دادەنـێن. لەکاتێکـدا (شـەوکەتە فەنـدی) لە رِۆمـانی (خانمباز)دا کە دوای تێکچوونی شۆرِش دەگوازرێنەوە بۆ خـوارووی عـێراق، لەوێـدا لەبەر هەڵوێسـتی سـیاسی و کـوردایەتی نایەوێـت لە کردەی سێکسی بگڵێت.

"ئەو کـوردانەی لەگەڵـم بـوون، کێیـان لەوانە بەدڵ بـووایە، دەستیان دەگرت و دەیانبردە ناو خێمەیەکی ترەوە و سێکسی لەگەڵ دەکـرد، بەڵام مـن تەنهـا دەسـبازیم لەگەڵ دەکـردن و لەتـرسی تەندروستی خۆم سێکسم لەگەڵ نەدەکردن. بەڵام برادەرێکی کورد

له‌ به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی مالیه‌ی شه‌تره له‌گه‌ڵ کوڕی کاوێس ئاغا ئیشی ده‌کرد، جارێک هاته لام وتی: (چه‌ند ژنێک لای من هه‌ن، وه‌ره با به‌یه‌که‌وه له‌گه‌ڵیان ڕابوێرین؟). منیش وتم (نایه‌م)، به‌ڵام ئه‌و پێداگیری کرد وتی (تۆ گه‌نجیت بۆ نایه‌یت)، منیش به‌قسه‌م کرد، چووم هه‌ندێک له‌گه‌ڵیان دانیشتم، به‌ڵام سێکسم له‌گه‌ڵ نه‌کرد. له‌دڵی خۆمدا وتم (من کادێرێکی سیاسیم، چاودێریم له‌سه‌ره، له‌وانه‌یه ئه‌م دانیشتنه‌یان به مه‌به‌ست بۆم ڕێکخستبێت و ئه‌م ژنانه‌یان بۆ ئابرووبردنی من هێنابێت) بۆیه سێکسم له‌گه‌ڵیان نه‌کرد و به‌جێم هێشتن). (خانمباز، ٣٧).

له‌ته‌ک ئه‌وانه‌شدا هه‌مان کاره‌کته‌ر قوتابی گه‌نجی زانکۆ ده‌ستخه‌ڕۆ ده‌کات و به‌کاریان ده‌هێنێت، ئه‌و قوتابییه کچانه‌ی له به‌شه ناوخۆییه‌کانی سه‌ر به‌حکوومه‌تی هه‌رێم ده‌مێننه‌وه، لێره‌دا له‌ناو کوردستاندا هیچ هه‌ستێکی نه‌ته‌وه‌یی به‌رجه‌سته نابێت، کاتێک پیاوه‌کان کچه‌کان به‌کارده‌هێنن. ئافره‌تی سووری و ژنه عه‌ره‌بی ئاواره له‌پێناو چێژ به‌کارده‌هێنرێت، یان په‌یوه‌ندی نێوان (سه‌بری بازرگان و خه‌بات) قسه‌کانی سه‌یاح په‌قره‌ج .

## ٢-٣١ زمان و سێکس

له گوتاردا زمان ئه‌رکه‌کان ڕاده‌په‌ڕێنێت، ئه‌رکی په‌یوه‌ندیکردن و وه‌سف و گێڕانه‌وه و گه‌یاندنی په‌یام و شیکردنه‌وه. له‌نێو ڕۆمانه‌که‌دا زمانی گوتاری سێکس وه‌کو دامه‌زراوه‌یه‌کی خاوه‌ن ده‌سه‌ڵات و بڕیار ده‌رناکه‌وێت، به‌ڵکو به‌کارهێنراوێکه له‌پێناو تێرکردنی چێژی ده‌سه‌ڵاتی نێرسالاری.

بۆ نه‌بۆته دامه‌زراوه، چونکه ئه‌و که‌سانه‌ی گه‌شت ده‌که‌ن و ده‌یانه‌وێت له‌ڕێگه‌ی به‌کارهێنانی زمانه‌وه نه‌ک هه‌ر جه‌سته به‌ڵکو عه‌قڵ و دڵ و ناخی ئافره‌ته‌کانیش بدوێنن، به‌ڵام له‌به‌ر ئه‌وه‌ی زمانی

ئەو وڵاتـانە نـازانن، بـۆیە هەوڵـدەدەن بە ئینگلـیزیی زەمیـنەی ئەو پەیوەندییە دروست بکەن.

وەکـو چـۆن گوتـار ئەرکی جیاوازی لە گەیانـدنی پەیامەکان هەیە، زمانیش بەهەمان شێوە ئەرکی جیاواز ڕادەپەڕێنێت. لە ڕۆماندا زمان هەر تەنیـا ئەرکی گـێڕانەوە و دیـالۆگ نیـیە، بەڵکـو ژمـارەیەک ئەرکی دیـکەی هەیە، لەوانە ئاخـاوتنی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ، وەسـفی کەسـەکان و شـتەکان، دەرخسـتنی بـیرۆکە و لێکـدانەوەی شـتەکان. زمان دەربڕی دۆخی هوشیاریی و وریایی و هەروەها ناهوشیاریی و بێ ئاگاییە.

زمانی گوتار دەکرێت زمانێکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ بێت، لەم ڕۆمانانەی (کەمال سەعدی) لەزۆربەی شوێنەکان و گێڕانەوە و وەسف و گفتوگۆکاندا زمان بەشێوەی ڕاستەوخۆ بەکارهێنراوە، بۆیە خـوێنەر لە لێکـدانەوەی (مەبەسـت و پەیـام و واتاکانـدا) زۆر تـووشی گرفت و ئاڵۆزیی نایەت.

(سـەبری بازرگـان) لەبـارەی ئـافرەتێکی عەرەب بەنـاوی (ئـوم عـومەر) دەڵێـت " ئەو خەڵـکی شـاری بەغـداد بـوو، کە هـاتە لام بەنـاوی ئـوم عـومەر خـۆی پێ ناسـاندم، کە هەنـدێک پشـووی دا، ئەویش وەکـو ژنە سـورییەکە دەسـتی بـۆ لای دەرپێ کورتەکانی ژنـان درێژکرد وتی (ئەمانە کـوس کوسین؟) منیش وتم (بەڵێ ئەمانە کـوس کوسـین) ئەویـش وتی (دەزانی لە سـوریا بە قـۆزی شـام دەڵێن کـوس کـوسی؟) کە ئەمەی وت زانیم دەیەوێ لەگەڵی ڕابوێرم، بەڵام خـۆم لە گـێلی دا...". (خانمبــاز، ٢١٥). لـێرەدا لەڕێـگەی بەکارهێنــانی سیاسـەت و ڕەوانبـێژیی و قسـەی بـاوی نێـو خەڵـک هەنـدێک دەستەواژەی سێکس و ئەندامی مێینە بەکاربێنێت و دەیەوێت ئەوە نیشـان بـدات، کە ئـافرەتەکە ئـارەزووی سـێکس لەگەڵ سـەبری

بازرگـان دەکـات. واتە زمـانی (دەربـڕین) و (توانـای تێگەیشـتن) لە (مەبەستی بەکارهێنانی ئەم زاراوانە) هاوبەش و هاوسەنگە.

لە گفتوگـۆیەکی ڕاسـتەوخۆ دەگێڕێـتەوە " وتـم: هەر کەسـێک ئازادە چۆن بیر دەکاتەوە، منیش وەکو ئەمجەد مەندیل لەگەڵ ئەوە نیم بیانگێم.

ئەویـش وتی: ئەگەر نەیانگێیـت خـۆ بۆنیشـیان ناکەیـت؟ وتـم: ئەوا حەزم لێیە لەگەڵیان دانیشـم وبەیەکەوە بخـۆین و بخـۆینەوە و بیاندوێنم.

ئەویش وتی: بۆچی تۆ لەزمانیان دەزانی؟

وتــم: لەڕێــگەی بەرنــامەی گۆگــڵ ترانســلێتەرەوە قســەکانم وەردەگـێڕا سـەر زمـانی ئەرمەنی، یـان ئینگلـزی. ئەویـش وتی: زمـانی تـورکی و فارسیشی‌ـ تێـدایە؟ وتـم: هەمـوو زمانەکانی تیـایە بە زمـانی کوردیشەوە". (شەوانی ئێریڤان، ١٣٩).

لەم زانیاریانەی نێو گوتاری بەکارهێنانی زمان وەکو ئامرازێک بۆ ڕاپەڕانـدنی کـردەی پەیوەنـدیکردن و گەیانـدنی مەبەسـتی سـەرەکی لەنێــوان قســەکەر و گوێگرەکانیــدا. گەیشــتۆتە ئەوەی (زمــانی ئەلەکــترۆنی) لەپێنــاو قســەکردن لەگەڵ (عەقــڵ و دەروونی) کەسەکان بەکاربهێنرێت.

لە ڕۆمـانی (شـەوانی بـاکۆ)دا "ئیشـارەتی بـۆ ژنێـک کـرد، لەنزیـک ئـێمە لەگەڵ هەنـدێک گەشـتیاری عـێراقی دانیشـتبوو، بە عەرەبی قسـەیان لەگەڵ یەکـتری دەکـرد. وتی: مـن حەزم لەو ژنە کـردووە، چاوەکـانی دەڵـێی فنجـانی قـاوەن، زۆر جـوانن، ڕانەکـانی خـڕ و پـڕ و ئەسـمەرێکی خـوێن شـیرینە دەمێکە چـاوم خسـتۆتە نـاو چاوەکانی و چاوەڕێی ئامـاژەیەکی ئەو دەکەم تـا سـەمای لەگەڵ بکەم....... دوای

ماوەیەک درێژەدان بەم قسانە کاروان کە گوێی لەوە دەبێت ژنەکە جگارەی کێنتی عەرەبی دەکێشێت و پاکەتێک جگارەی کێنتی لە گیرفانی دەرهێنا و هەڵی دایە پێشی. و بەزمانی عەرەبی پێی وت: ئەم پاکەتە بۆ خۆت بێت. ژنەکەش بۆی هەڵدایەوە و بە زمانی کوردی پێی وت: بۆ خۆت بێت، بە گارسۆنەکە دەڵێم پاکەتێکم بۆ بێنێت". (شەوانی باکۆ، ١٢٨).

لێرەدا لەبەکارهێنانی زماندا لەتەک بیناکردنی لایەنە هونەرەییەکەی ڕۆمانەکە لە (وەسف، گێڕانەوە، گفتوگۆ، گەیاندنی مەبەست، زمانی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ) زمانی گوتاری دەقەکە لەپێناو بەدیهێنانی مەبەستێکی گرنگ کە (کردەی پەیوەندیکردنە) قسەکەرانی نێو ڕۆمانەکە، یان دەبێت زمانی ئەو وڵاتانە بەکاربهێنن، کە سەردانیان دەکەن و لەگەڵ ئافرەتەکان دەئاخڤن، یان دەبێت زمانێکی نێوکۆیی وەکو ئینگلیزیی بەکاربهێنن، یان پەناو وەبەر زمانی عەرەبی بەپلەی یەکەم ببەن، کە ژمارەیەک عەرەب لەم شوێنانە کاری شوفێریی و نیشاندانی شوێنەکان دەکەن، یان لەکردەوەدا زمانی کوردی دەزانن. لەهەمووشی گرنگتر بەکارهێنانی گۆگڵە بۆ وەرگێران لەزمانەکاندا. ئەمەش وا دەکات مرۆڤ لەڕێگەی زمانی وەرگێرانی ئەنتەرنێت، هەموو سنوورەکانی بشکێنێت، کە زمان دروستی دەکات. لێرەدا زمان دەبێتە ناسنامەی کەسەکان، هەرچەندە زمانی گۆگڵ و وەرگێڕانی ئەلەکترۆنی ئەم سنوورە ناهێڵێت، بەڵام لەتەک کردەکانی دیکە (پەیوەندی و گەیاندنی زانیاریی و پێناسەی کەسەکان و شتەکان) ئامرازێکی گرنگی سیاسیشە بۆ لەیەکتر گەیشتن و ئەنجامدانی کردەی (گفتوگۆ و یەکتر دواندن و یەکتر ناسین).

زمانی ئاخاوتنی کارەکتەرەکان بەشێوەیەکی گشتی زمانێکی فەرمیی، یان نیمچە فەرمییە، واتا زمانی جوێن و شکاندن و سوکایەتی و زمانی بازاڕ، یان ناوچەیی و میللی بەشێوەیەکی سنووردار

بەکارهێنراوە. ئەم جۆرە زمانە وا نیشان دەدات، کە گوتاری دەقەکان گوتارێکی فەرمی و بەئەتەکێتە، لەهەمان کاتدا لە ناوهێنانی ئەندامە نێرینە و مێینەی پیاو و ئافرەت کە بەزەقی و ئاشکرایی ناویان دەهێنێت، ڕەنگە لەدەرەوەی لێکۆڵینەوەی زانستی ئەم جۆرە وشانە بە جۆرێک لە ئەدەبی (سووک و ناشیرین و دوور لەئەدەبی ئاخاوتنی گشتی دابنرێت)، بەڵام ڕۆماننووس ئەو سنووری (شەرم، ترس، دابونەریتە کۆمەڵایەتییە باوەی هەڵوەشاندۆتەوە و ئازادانە هەموو ئەو وشە قەدەغەکراوانەی نێو زمان بەکار دەهێنێت)، کە لای خەڵک لەنێو گوتار و ئاخاوتنی فەرمیدا بەگشتی بڤە و قەدەغەکراون. لەکاتێکدا هەمان وشە و زاراوەی قەدەغەکراو، ڕۆژانە لەنێو زمانی نافەرمی و ئاخاوتنی گشتی خەڵکدا بەکاردەهێنرێت.

زمانی گوتاری دەقەکان سووکایەتی بە ئافرەت و جەستەی ئافرەت نییە، بەڵکو لەپێناو پێویستییەکانی بەدەستهێنانی جەستەی پڕ چێژی ئافرەت وەکو (جەستەیەکی جوان و وزە بەخشی سێکسی) بەکارهێنراوە. لەکاتێکدا لە ئەدەبی سێکسیدا بایەخ بە خۆشەویستی جوانی نادرێت، بەقەد ئەوەی گرنگی بە ڕەغبەتی چێژ دەدرێت، ئەم زمانە لەنێو مەبەست و پەیانی دەقەکانی (کەمال سەعدی)دا باڵا و بەهێز و کاریگەرە.

خودی ڕۆماننووس خۆی لە دۆخێکی (لاواز و پەشیمانیی و هەستکردن بە گرنگی زمان) دەبینێتەوە و لەو چرکە هەستیارەدا دەگەڕێتەوە نێو ئەو بیرەوەریانەی لەنێو ڕۆمانە بیرەوەرییەکاندا دەیگێڕێتەوە. ئەو لەبەرانبەر (سارا ئازەری) زمانی تورکی نازانێت، ئەم نەزانینی تورکییە دەبێتە هۆکارێک بۆ ئەوەی هەست بەپەشیمانی و شەرمەزاریی بکات، چونکە پێویستی بە بەکارهێنانی زمانێکە بۆ ئەنجامدانی گفتوگۆ و لەیەکترگەیشتن و یەکتر دواندن و دروستکردنی پەیوەندیی.

ڕۆمـانـنووس لەسـەر زار و بەهەسـت و دەروونی خـودی خـۆی دەڵێت: "سـارا ئـازەری لێمـان نزیـک بـۆوە وبە زمـانی تـورکی سـڵاوی لێکـردین و لەبـارەی پڕۆگـرامی گەشـتەکەمان قسـەی بـۆ کـردین. ئەوانەی زمـانی تورکیـان دەزانی، سـەری خۆیـان لەقانـد و بە زەردەخەنەیەک وەڵامیـان دەدایەوە. منـیش لێ تێنەگەیشـتم، وەکـو کەڕولاڵ لە بەرامـبەری وەسـتابووم، لەدڵی خۆمـدا دەمـوت (دوو وشەی تورکیم بزانیبایا، بۆ ڕۆژێکی وا باش بوو. تا لەبەر جوانییەکەی موجـامەلەم بکردبـا). بەڵام ئەفسـووس ڕقـم لە تورکیـای عوسـمانی داگیرکەر دەبـۆوە، هەر بـۆیە ڕۆژێـک هەوڵـم نەدا فێری زمـانی تـورکی بـم. تەنـانەت لەدوای ڕاپەڕینـیش سـەرۆکی زانکـۆ پـێی وتـم: دوانـزە کـورسی خوێنـدنی دکتۆرمـان لە تورکیا بـۆ تەرخـان کـراوە یەکێـک لەو کورسییانە دەدەینە تۆ،ساڵی یەکەم کۆرسی زمانی تورکی وەردەگرن، دواتر دەست بە خوێندن دەکەن.

کە سەرۆکی زانکۆ ئەوەی پێ وتم، لە جیاتی سووپاسگوزاری بم و بۆ خوێندن بچمە تورکیا، بەڕەقی وەڵامم دایەوە و پێم وت: دەتەوێ بەو ئـاخیرەی تەمەنـم بـبمە تـورانی و لەبەر خـاتری بڕوانـامەیەک بەزمانی تورکی بدوێم.

ئەگەر دەمزانی ڕۆژێک دێت، خۆم لەبەرامبەر شاجوانێکی ئازەری دەبینمەوە، قەت لەو فرسـەتەم بـاز نەدەدا، لەبەر خـاتری ئەو خـۆم فێری زمانی تورکی دەکرد". (شەوانی باکۆ، ٢٣).

لەم گوتارەدا هەر بەتەنیا بایەخ و گرنگی زمان لە گەیاندنی پەیام و دەق ئاشکرا نابێت، بەڵکو نێوەڕۆک و فکر و هەڵوێست و کەسایەتی مرۆڤیشمان بۆ بەدیار دەکەوێت، ئەم گوتارە لەڕاستیدا گرنگی ئیمان بە دۆزێک و جەستە و چێژی ئافرەتمان نیشان دەدات، وەکو:

**یەکەم**: ڕۆمـانووس لەبەر ڕەتکـردنەوەی هەڵوێسـتی کـۆنی عوسـمانییەکان، ئامادە نەبـووە دکتـۆرا لەتورکیا بخوێنێت و زمـانی تورکی فێر بێت.

**دووەم**: کەسـێکە، کەسـایەتی خـۆی بەسـتاوەتەوە بە ڕووداوە مێژوویەکان و بۆیە لای گرنگ نەبووە هیچ جۆرە پەیوەندییەک لە گەڵ تورک لەڕێگەی بەکارهێنانی زمانی تورکی ئەنجام بدات.

**سێیەم**: جوانی جەستەیی و چێژ و شۆخی ئافرەتێک ، وا دەکات هەمـان کەس واز لەهەمـوو بیرکـردنەوە و لێکـدانەوەکانی پشـووی خۆی بهێنێت و ئارەزووی فێربوونی زمانی تورکی بکات.

**چـوارەم**: مـێژوو و سیاسـەت و مـافی نەتەوە، هێنـدەی (چـێژی جەستەیی ئافرەتەکە) کاریگەریی دروست نەکرد، تاکو ڕۆمانووس خـۆی بە پەشـیمان و لاواز نیشـان بـدات، بەرانـبەر ئافرەتێـک. لە دۆخی یەکەمـدا بەهـێزە، کەچی لەبەرانـبەر جەسـتەی جـوانی ئافرەتەکە خۆی بەشەرمەزار و لاواز دەزانێت.

**پێـنجەم**: زمـانی (کـارتێکردنی ئـافرەت) لە زمـانی (سیاسـەت) کاریگەرترە.

**شەشـەم**: گوتـاری ئەم جـۆرە بیرکـردنەوەیە دەرخستنی (بـایەخ و کـاریگەریی ئـافرەت و جـوانی و چـێژی جەسـتەی ئـافرەتە، لەسـەر چۆنیەتی بیرکردنەوەی پیاو).

بۆیە زمانی چێژی سێکسی لەنێو دەقی ئەدەبیدا، ئەو زمانە نییە، کە لەنێو دەقە پیرۆزەکاندا هەیە، کە هەمیشە زمانی خۆشەویستی و جوانی دەخەنە پێش زمانی چێژ.

## ٢-٣٢ ئایین و سێکس

یەکێک لەو بابەتە بڤانەی لەنێو ڕۆمانەکانی (کەمال سەعدی) دا ئاماژە پێکراوە و پێویستی بە لێکدانەوە و شیکردنەوەی ورد هەیە، پەیوەنـدی نێـوان ئیمـان و نـوێژ و سێکسی- گەشـتیارییە، یـان ئەو کەسـانەی نـوێژ دەکەن و لەپێنـاو تێرکـردنی (چـاو و دڵ و چـێژی

سێکسی.) گەشت دەکەن و بەشداری هەموو ئەو کارانە دەکەن، کە کەسێک پێ بانگەشەی ئایین ئەنجامی دەدات.

بەپێی هەندێک لێکۆڵینەوە دەڵێن جیاوازی سەرەکی لەنێوان ئایین و ئەدەبی سێکسی، بریتییە لەجیاوازیی نێوان ئامراز و ئامانج. لە کتێبی پیرۆزدا (سلێمان) وەسفی خۆشەویستی و جوانی دەکات و مەبەستی نیشاندانی چالاکی سێکسییە لای مرۆڤ و ئاماژە بە خۆشەویستی و جوانی وەکو ئامانج دەکات و سێکس ئامرازە، کەچی لە ئەدەبیاتی سێکسیدا بەپێچەوانە دارێژراوە، چالاکی سێکس ئامانجە، کەچی خۆشەویستی و جوانی تەنیا دوو ئامرازن و دەشتوانرێت پشتگوێ بخرێن. (اندرو شانکس، https://ar.thegospelcoalition.org/whats-the-difference-between-erotica-and-song-of-solomon/). لەمەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە، کە لەدەقی پیرۆزی ئایینی و لە دەقی ئەدەبیشدا سێکس و خۆشەویستی و جوانی ئاماژەی پێکراوە، بەڵام بەشێواز و ئامانجی جیاواز.

بەپێویستی دەزانم ئەم زانیاریانەی (حەمە سەعید حەسەن) بەجۆرێکی دیکە لەبارەی (ئایین و ژین) باسیان دەکات بەکورتی لێرەدا ئاماژەی پێ بکەین، کە چ جۆرە پەیوەندییەکی سەخت لەنێوان (دەسەڵات و ژن، ئایین و ژن) وەکو چالاکی سێکسی. هەیە، ئایا لەم پەیوەندییەدا هیچ شوێنێک بۆ وەسفی خۆشەویستی و جوانی هێڵدراوەتەوە، کە دەنووسێت: "خەلیل عەبدولکەریم (١٩٣٠ - ٢٠٠٢) کە زانایەکی ئیسلامناسی میسرییە، گەلێک کتێبی لەبارەی دیرۆکی ئیسلامەوە نووسیوە، بەتایبەتی ئیسلام لە سەروەختی سەرهەڵدانیدا. قورەیش لە خێڵەوە بۆ دەوڵەتی ناوەندی، دەوڵەتی یەسروب، ئیسلام لە نێوان دەوڵەتی مەدەنی و دەوڵەتی دینیدا و ڕەگوڕیشە دیرۆکییەکانی شەریعەتی ئیسلام، هەندێک لە کتێبەکانی ئەو زانایەن و گەلێک کتێبی تریشی. هەن کە نزیکەی هەموویان بە پی دی ئێف لە گووگڵدا بەردەستن.

خەلیـل عەبـدولکەریم لە لاپەڕە ١٢٩ی کتێـبی (عەرەب و ژن)دا دەڵێـت: "هۆکـاری سـەرەکیی بڵاوبـوونەوەی ئیسـلام، بە تـاڵانی هێنـانەوەی سـەبایا بـوو." سـەبایا کـۆی (سـەبی)یە. سـەبی ئەو ژنە جوانەیە، کە سەروەختێک لەشکری ئیسلام شوێنێک داگیر دەکات، بە دیل دەگیرێت. لەشکری ئیسلام بۆ نموونە، بۆچی (ئیسپانیا)ی فەتح کرد؟ بۆ بە سەبایاکردنی ژنانی جوانی ئەویٚ. ژنێک کە بە دیل دەگیرا، ئیدی جەنگاوەری لەشکری ئیسلام، ئازاد بوو لەوەی چۆن لـێی سـوودمەند دەبێـت، هەر لە سێکسـکردنەوە لەگەڵیـدا، تـا فرۆشـتنی وەک کـۆیلەیەکی سێکسی۔ و تـا بە دیـاری بەخشـینی بە دۆسـت و ناسـیاوانی، بەڵام پێنجیەکی سەبایا، هەقی شـەرعیی میری باوەڕداران بوو، سەروەختی جاهیلی سەرۆکخێل چواریەکی دەبرد.

وەک چۆن مەیدان هەیە تایبەت بە فرۆشتنی ئاژەڵ، ئاوایش لە قەڵەمڕەوی ئیسلامدا، گۆڕەپانی تایبەت بە فرۆشتنی سەبایا هەبوو. ئەوە مافی کڕیار بوو، سەبی بە ڕووتی ببینێت و تەناتەت دەست بۆ هەستناسـکترین شـوێنی جەستەیشی۔ ببـات، وەک چـۆن قەسـاب بەرلەوەی مەڕ بکڕێت، دەستی بۆ دەبات. کە داعش شنگالی داگیر کـرد، ئافرەتـانی جـوانی ئەویٚ کە خوشـکانی ئـێمە بـوون، بە دیـل دەگرت و دەیبردن لە بازاڕەکانی موسڵ و ڕەققەدا دەیفرۆشتن. ئەوە مافی سەربازی لەشکری ئیسلامە، ئافرەتی وڵاتی فەتحکراو، بە تاڵانی ببـات، بەڵام هەقی ئەوەی نیـیە بیکوژێـت، ئـیللا مەگەر شـەڕی لەشـکری ئیسـلامی کـردبیٚ". (حەمە سـەعید حەسـەن، https://www.facebook.com/profile.php?id=100090810527179).

سـێکس دیـاردەیەکی مێژوویـیە، لەگەڵ ژیـان پەیـدا بـووە، بەڵام نهێنییەکانی سێکس وەکو زۆر شتی دیکە ئاشکرا نەبووە. مێژووی سێکس و پەیوەندییە سێکسییەکان، پەیوەندییەکە بەستراوەتەوە بە مێژووی بیرکردنەوە و لێکدانەوە و پێویستییەکانی خودی مرۆڤەوە. ئەو کـاتەی مـرۆڤ لەدەرەوەی هوشـیاری و بیرکـردنەوەدا بـوو،

سێکسیش وەکو زۆر لە بوارەکانی دیکەدا هەر تەنیا ئامرازێک بووە و مـرۆڤ نەیزانیـوە بـۆچی و لەبەرچی بەکـاری دەهێنێـت، پێ ناچێـت پێش موڵکایەتی تایبەتیش سێکسیش خاوەنداریەتی تایبەت و خودی هەبـووو بێـت. جووتبـوون لەنێـوان ڕەگەزی نـێر و مێ، سزادان و چاودوێری و قەدەغەکردنی لەسەر نەبووە، چێژێکی جەستەیی بووە، پێویستییەکانی مرۆڤی پڕکردۆتەوە، بەڵام کە موڵکایەتی تایبەت دێتە ئاراوە، سێکسـیش دەچێتە چوارچێوەیەکی دیکەی جیاواز و ئیدی مرۆڤەکان ئەو ئـازادییە ڕەهـا و بێ سـنوورەیان نامێنێت، بێ گوتـاری چـاودێریی و خاوەنـدارێتی و ناسـینەوە و مـۆرکردن و ناسـینەوەی منـداڵ و نەوەکـان ئەم چـێژە لە سـێکس وەرگرێـت، کە لەقۆنـاغە مێژووییەکانی دیکەدا هەیبووە.

لەسـەردەمی ئەنتەرنێـت و پیشەسـازی گەشـتاریی سێکسـیدا خەریەکە بەشـێوازێکی دیـکە ئەو سـنوورە بشـکێت، کە سـێکس و ڕەگەز مـوڵکی تایبەتمەنـدی هەبێـت، لە زۆر وڵاتی وەکـو کەنـداوی عەرەبی و تایلەند و تورکیا و ئازەربایجان و ئەرمینیا و میسر و لوبنان خەریکە (سێکس) وەکـو هەرکەلـوپەلێکی دیکەی نیشـتیمانی بەکار دەهێنرێـت و دەبێـتە بەشـێک لەکەرەسـتەیەکی ئاسـایی و هەمـوو کەسـێک دەتوانێـت بەکاری بهێنێـت (بەکـرێی) بگرێـت. لە دوای تایلانـــد دوبەی بەیەکێـــک لە شـــوێنە گەورەکـــانی لەشـــفرۆشی دادەنرێـت، پـتر لە ١٥ ناوەنـدی بەنێوبـانگی هەیە و لەهەموویـان بەناوبانگتر یانەی (Cyclone )، کە بەناوی (نەتەوە یەکگرتووەکان بـۆ لەشـفرۆشی) نـاسراوە. بـۆ نمـوونە سـاڵی ٢٠١٧ کەنـاڵی ( Discovery) ڕاپـۆرتێکی لەبـارەی شـەوانی دوبەی بڵاوکـردۆتەوە و ئامـاژە بەوە دەکات کە چـۆن کچـێکی ١٩ سـاڵی لەبـارەی سـێکس و داهاتی نەتەوەیی دەڵێت: "ڕۆژانە لەشفرۆشی بەبێ ڕەزامەندی خۆی لەگەڵ پـتر لە ٣٠ پیـاو لە ئیمـارات ئەنجـام دەدات، بـۆ ئەوەی پـارە بەدەسـت بهێنێـت، پاڵپشـتی گەشـتوگوزار و ئـابووری وڵاتەکەی بکات".(https://www.aljazeera.net/midan/intellect/sociology/2018/7/10/%D8%A7%D)

. بۆ ئەمە دەبەستینەوە بە ئایین و چۆنیەتی ئەنجامدانی سێکس، کە ناشەرعییە، لە زۆر وڵاتی عەرەبیدا پەنا وەبەر ئەم بازرگانییە دەبرێت لەبەر ئەوەی پێیان وایە لەم ڕێگەیەوە داهاتێکی ئاسان و خێرایان دەست دەکەوێت.

وەکو (کریس ریان)ی مامۆستای زانکۆی وایکتۆ لە نیوزیلاند دەبێژێت "ئەم کارە سێکسیانە قازانج بۆ زۆر کەس دەگەیێنێت لەوانە هوتێلەکان و هێلی فڕۆکەوانی و تاکو دەگاتە لای بچووکەکان و یانەی شەوانە و هوتێل و شوفێری عارەبانە و تاکسییەکان و خاوەن کارەکان، ئەوانە و چەندانی دیکە لە کرێکاری سێکسی ـ ئافرەتەکان قازانج دەکەن". (https://www.aljazeera.net/midan/intellect/sociology/2018/7/10/%D8%A7%D9%84%D8%B3%D9%8)

ئایینە ئاسمانییەکان بەشێوەیەکی گشتی ئافرەتان بە گوناهەوە دەبەستنەوە، وەک سەرچاوەی هەموو گوناهەکان و سەرچاوەی جادووگەری و خراپە و سیحر وێنایان دەکەن. ئەورووپای مەسیحی لەسەدەکانی ناوەڕاستدا شەڕێکی بێوچانی دژی ئافرەتان ئەنجام دا، ئافرەتیان وەک نیشانە سوورەکانی جادووگەرە باڵگرتووەکان بەسەر ئاگردا نیشان دەدا، کە دەبنە سەرچاوە بۆ ئەوەی پیاوەکان ڕابکێشن بۆ ناو تاڵاوی خراپەکاری و لە شانشینی خۆشەویستی خودایی دەریان بهێنن و بیانخەنە نێو دۆزەخی خراپەکاریی. بۆیە هیچ سەیر نییە، کە تاکو ئێستاش پەیوەندی سێکسی ـ وەک دۆزەخ وەسف دەکەن. (الجنس فی الدیان بین القداسة و النجاسة، https://www.dw.com/ar/%D8%A7%D9%84%D8%AC%D9%86%D8%).

بۆ پەیوەندی نێوان سێکس و ئایین لەکۆنەوە تاکو ئێستا دەتوانرێت سوود لەم سەرچاوانە وەربگرێت کە باس لەو بەیەکەوە بەستن و کاریگەریی و کارتێکردن و کاردانەوە و بەکارهێنانە لەڕووی مێژوویی و کەلتووری و ئیمان و فکرەوە هەیە: (جیفری بارندر،

الجنس فی ادیان العالم، ترجمة نوردین بهلول) و (بول فریشاور، الجنس فی العالم القدیم، ترجمة د. فائق دحدوح، ١٩٩٩). (آ.س. کون، الجنس من الاسطورن الی العلم، ترجمة منیر شحود،١٩٩٢)، (لیز مانیش، الحیاة الجنسیة فی مصر القدیمة، ترجمة رفعت السید علی،٢٠٠٢)، (کاظم الحجاج، المرآة والجنس بین الاساطیر والادیان، ٢٠٠٢)، (هاستنغز دونان، فیونا ماغوان، ( ترجمة د. هناء خلیف غنی، انثروبولجیا الجنس، ٢٠١٧) . دەیان کتێبی دیکە بەزمانی ئینگلیزیی و عەرەبی. لەم بوارە چاپ و بڵاوکراونەتەوە، کە بیروبۆچوون و لێکدانەوەی مێژوویی و کۆمەڵایەتی و کەلتووری زۆریان لەبارەی سێکس و ئایین و ڕەهەندەکانی نێو کۆمەڵگە تێدا شیکراوەتەوە.

لەباسی ئیمان و نوێژ و خواپەرستی و شەوی سووردا ڕۆماننووس بەڕاشکاوی هەندێک بابەتی باسکردووە، کە خوێنەر ناچار دەبێت لەسەریان بووەستێت و بپرسێت ئەمە چۆن ئەم پەیوەندییە پێچەوانەیە لەگەڵ یەک هەڵدەکەن و بەیەکەوە دەگونجێن.

(ڕۆماننووس) کە خۆی بەشدارە و لەکردەی سێکسیدا و نزیکە و ئاگاداری گفتوگۆیەکانە و شتەکان دەگێڕێتەوە: "دوای کاتژمێرێک نەوزاد دۆخین لەژێر پەردە سوورەکە هاتە دەرەوە و گەڕایەوە لامان و وتی: قوزێکی نازداری هەبوو، هەندە تەسک بوو، دەتوت کێری پیا نەچووە.

ئەمجەد مەندیلیش بە تەوەسەوە وتی: جا بۆ ناڵێی پەردەی کچێنیشی مابوو!.

ئەویش وتی: ئەگەر باوەڕ ناکەیت، لەگەڵ یەکێک لەو ژنە سەماکەرانە بڕۆ و تاقیان بکەنەوە. ئینجا دەزانیت قوزیان تەسکە یان نا.

ئەویش وتی: من وەکو تۆ نیم، لە خوا دەترسم، ئەوەی تۆ دەیکەیت زینایە و لە گوناحە گەورەکانە، هەرگیز خودا لێت

نابوورێـت. ئەویـش وتی: ئەی ئەوەی تـۆ دەیکەیـت چ نـاوێکی لێ دەنێیت ئەفەندی؟!.

منــیش وتــم: ئەگەر بــاسی ئــایین بکەیــن، بەڕای مــن هــیچ جیاوازییان نییە، تەمەشای ئەو ژنە ڕووتانە بکەیت، یان بیانگێیت، تەنها سەیرکردنی ژنێک بە نیگای شەهوەتەوە لە ئایینی مەسیحی دا بە زینا دادەنرێت و ئەمەش ئەوەیە کە ئیجلیلی مەتی (٥:٢٨ ) پێمان دەڵێـت: کە تێـیدا هـاتووە ((هەر کەسـیک سـەیری ژنێـک بکـات بە مەبەستی شەهوەتکردن، ئەوا لە دڵی خۆیدا زینای لەگەڵ کردووە)).

ئەمجەد مەنـدیلیش وتی: مادام ئەوە دەزانیت، بۆچی تەماشایان دەکەیت؟

منیش وتم: من وەکـو تۆ کەسێکی دوور ڕوو نیم، لەلایەک نـوێژ بـکەم و جـومعە و جەمـاعەت بـکەم و مـانگی ڕەمەزان بە ڕۆژوو بـم، لەولاشــەوە بە ڕووتی لەگەڵ ژنی لەشــفرۆش دەســتبازی بــکەم و شەوانیش بچمە یانەی شەوان و تەماشای جەستەی ڕووتیان بکەم و لەژێر لێوەکانیشم ناوی خودا و دانە دانەش دەنکی تەسبیح ئاودیو بکەم.

بەم شــێوەیە تــا کــاتژمێر ســێو نیــوی بەیــانی بەدیــار ئەو ژنە ســەماکەرانە مــاینەوە، دوایی گەڕایــنەوە شــوقەکەمان". (شــەوانی ئێریڤان، ١٣١- ١٣٢).

لەم گێڕانەوەیەدا چەنـد کەسێک ئامـادەن (خـودی ڕۆمـانووس، ئەمـجەد مەنـدیل، نەوزاد دۆخـین و سـەماکەرەکان). شـوێن (یـانەی شـەوانە). بـابەت (بـریتییە لە گفتوگـۆ و قسـەکردن لەسـەر ئـایین و سـێکس)، نمـوونە (ئـایینی مەسـیحی و نـوێژکردن و تەسـبیحات و بەڕۆژوو بـوونی ئەمـجەد مەنـدیلە). هۆکار (دوو ڕوویی کەسـانێکە لە نێوان ئیمان و سێکسدا)، ئەنجام (درێژەدان و بەردەوامبوونە لەسەر سـەیرکردن و چـێژ وەرگـرتن لە بینیـنی جەسـتەی ئـافرەتی ڕووت و بێ هەڵوێســتی و دووڕوویی و خــۆ بێ دەنگکــردنی کەســێکی ئیمانــدارە بەرانــبەر ئەو قســانەی (نەوزاد و ڕۆمــاننووس) بــۆ شــکانەوەی ئەو

دەیـکەن. گوتـاری ئەم جـۆرە گفتوگـۆ و ئاخـاوتن و ڕەخنەگـرتن و شیکردنەوە و نموونە هێنانەوە بریتییە لە:

**یەکەم**: ڕۆماننووس خۆی بەکەسێکی نوێژکەری ئیمانداری وەکو (ئەمجەد مەندیل) دانانێت، (نەوزاد دۆخینیش) کەسێکی ئایینی نییە و بانگەشـەی ئیمـان و نـوێژکردن ناکـات. (ئەمـجەد مەنـدیل) کە دەڵێت (ئەمە زینایە و خوا سزات دەدات)، لە ڕوانگە و سۆنگەیەکی ئیماندارانەی ئیسلامییەوە قسە دەکات، لەکاتێکدا خۆشی بەشدارە لەچێژ وەرگرتن لە جەستە و پەیوەندیکردن لەگەڵ ئافرەت، ئەمەش وەکو ڕۆماننووس پێی دەڵێت (ئەو ئیماندارێکی دوو ڕووە!!).

**دووەم**: ڕۆمـانووس لە وەسـفدا پێمـان دەڵێـت کە (ئەمـجەد ئیسـلامە و نـوێژ دەکات و ڕۆژوو دەگرێت)، لەکاتێکدا لە ئاماژە بە دەقی ئـایینی نمـوونەی (ئینجـل) دەهێنێـتەوە، لەکاتێکـدا دەبـووایە دەقێکی ئیسـلامی بهێنێتەوە، چـونکە ئەوان ئیسـلامن. مـن پـێم وایە ڕۆمـــاننووس بـــۆ ئەوەی خـــۆی لە لێکـــدانەوە و شـــیکردنەوە و کـاردانەوەی ئیســلامییەکان بەدوور بگرێــت، نمــوونەی ئیــنجلی هێنـاوەتەوە، بەو واتـایەی مەسـیحییەکان میـانڕەوترن و کراوەتـر و ئاسانترن بۆ گفتوگۆ لەبارەی سێکس و ئیمان.

**سێیەم**: ئەوان بەکردەوە بەپێی چەمک و حووکمی ئیسلامی (زینا) دەکەن، لەکاتێکـــدا لای مەســـیحییەکان (ســـەیرکردن بە نـــیەتی شـەهوەتیش وەکـو سـێکس وایە)، کەچی ئەم کارەکتەرە ئیسـلامیانە لەهەمـوو بوارەکـانی سێکسـدا (بینـین، دەسـتلێدان و دەسـتبازیی و جووتبوون و چێژدا) هیچ سنوورێکیان بۆ خۆیان دانەناوە، لەم کاتەدا تەنیا (ئەمجەد مەنـدیل) بیر لە سزای خـوا و بیرهێنـانەوەی بنەمـای شـەرعی ئایین دەکاتەوە، لەهەمان کاتدا خـۆشی هیچ ئیلتزامێک بەم ڕێسا و حووکمانە ناکات.

**چوارەم**: ڕۆماننووس وامان نیشان دەدات، کەشوهەوای یانەکە و کاریگەریی سێکس لای ئافرەتە لەشفرۆشەکان و برسیەتی سێکسی لای پیاوە کوردە گەشتیارییەکان هێندە بەهێز و ورووژێنەرە چێژ بەسەر ئیماندا زاڵ دەبێت و کەسە نوێژکەرەکانیش ئەو ئیلتزامە ئایینە پشتگوێ دەخەن، کە لەکاتی ئاساییدا پێیەوە پابەندن و لێی دوور ناکەونەوە.

دەگەڕێمەوە سەر باسێکی گرنگ، ئافرەت لە ئایینی جووەکاندا بەم شێوەیە باسی کراوە: "دڵخۆشکردن و چێژوەرگرتن لە ژنەکە لە ئایینی جووەکاندا کارێکی واجبە و ئەگەر نەکرا، دەکرێت هۆکارێک بێت بۆ ئەوەی ژنەکە داوای جیابوونەوە لە مێردەکەی بکات. جوو سێکس بە بابەتێکی پیرۆز دەزانێت و لە دەقی کتێبی پیرۆزدا دەبێژێت تۆوەکە بەفیڕۆ مەدە". ( https://www.dw.com/ar/%D8%A7%D9%84%D8%AC%D9%86 ).

ئەگەر باسی ئیسلام بکەین هەندێک پێیان وایە "ئیسلام وەک ئایینی یەکتاپەرستی لەبابەتی سێکسدا لیبرالترین ئایین دەردەکەوێت و ئەمەش ڕەنگە بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر گەشەکردنی هێزی سەلفییەکان پشان بدات، کە چۆن دەیانەوێت ئافرەت لەنێو جل و بەرگی ڕەش و لەژێر پەردەی ڕەشەوە بشارنەوە، بە جۆرێک کە دەیانەوێت ئافرەتەکان جەستەی دلڕفێن نیشانی پیاوان نەدەن و سەرنجیان ڕابکێشن، بەڵام نابێت لەبیرمان بچێت، کە دروشمی جیهادی سەلەفی ئەمڕۆ ئەوەیە "بمرە ئەی موجاهید تا لەڕۆژی زیندوو بوونەوەدا لەگەڵ حۆرییەکان جووت دەبیت." ٧٢ حۆری کچی پاکیزەی ڕەنگ سپیی چاو ڕەشت دەدەنێ و کچێنی خۆیان لەدەست نادەن، هەرچەند پیاوەکە لەگەڵیان جووتبێت، ئەوان کچێنیان نوێ دەبێتەوە. ڕەنگە لێبوردەیی ئیسلام لە بابەتی سێکسدا بۆ ئەوە بێت کە پێغەمبەری ئیسلام ژمارەیەکی بێ کێبڕکێی ژنی هێناوە، بۆیە هاوسەرگیری بووە بە داب و نەریت لای موسڵمانان، بەگوێرەی قسەکانی پێغەمبەری خودا دەڵێت: (هاوسەرگیری بکەن

و ئەم کـــردەوەیە زۆر بـــکەن، چـــونکە مـــن ستایشـــتان دەکەم). هەروەک چـــۆن دەقی قورئـــان رێـــگەی بە پیاوێـــک داوە چـــوار هاوسـەرگیری بکات و یان لەگەڵ ژمارەیەکی بێسـنوور لەو ئافرەتانە جـووتبن کە دەیـانکرِن، یـان وەک کـۆیلە خاوەنـداریێتیان دەکەن". (https://www.dw.com/ar/%D8%A7%D9%84%D8%AC%D ).

لە گـێڕانەوەی دۆخـێکی دیـکە کە هەرچواریـان گفتوگـۆ لەبـارەی پەیـــدا کـــردنی ئـــافرەتی لەشـــفرۆش دەکەن و بەپـــێی قســـەکانی رِۆماننووس (لەیلا و دۆستێکی ئەویان) پەیدا کردووە، لەئاکامـدا ئەم گفتوگۆ و هەڵوێسـتە دێتە ئاراوە: "ئەمجەد مەنـدیلیش وتی: منـیش بەشـــداری نـاکەم، ئەو نـوێژانەی لـێم رۆیشـتوون دەیـانگێڕمەوە". (شەوانی ئێریڤان، ١١٣).

کـارەکتەرێکی دیـکەش بەنـاوی (عـیزەدین چـاو حـیز) لەنێـو رِۆمـانەکەدا هاوسـەفەری رِۆماننووسـە، ئەویـش بێ ئەوەی نیشـان بـدات (حـاجییە)، کەچی بەکـردەوە حەجی کـردووە، بێ دەرخسـتنی ناسنامەی خـۆی سـێکس دەکات. لە نێو دەقەکەدا رِۆمـاننووس کە خـۆشی چـۆتە عومرە دەگێڕێتەوە "منیش ڕووم لە عیزەدین چاو حیز کـرد و پـێم وت: ئەوە بە راسـتیتە حەجـت کـردووە؟ وتی: بـۆ لـێم ناوەشـێتەوە؟ منـیش وتـم: تـۆ هەمـوو ژیانـت مێ بـازییە، هەر لەو کاتەی لە بەغدا بوویت، تا گەڕانەوەت بۆ کوردستان، هیچ نەمایە نەیکەیت. ئەویش وتی: لە کۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو چوومە حەج. ئەمەی وت و هەناسـەیەکی قـووڵی هەڵکێشـا و هـیچ قسـەی تـری نەکـرد. منـیش وم: ئەم هەناسـە قـووڵە چی بـوو، دەڵـێی لەو ڕەفتارانەی ئێستات پەشیمانی؟ منیش وتم تۆ باسی چی دەکەیت؟ وتی: پەشـیمان نـیم، خەفەت بـۆ ئەوە دەخـۆم کە چـۆن لە سـعودیە ژنە لوبنانییەکەم نەگا". (شەوانی ئێریڤان، ٩٠).

گوتاری ئەم وێناکردن و گێڕانەوەیە ئەوەمان بۆ نمایش دەکات:

**یەکەم**: عیزەدین چاو حیز کەسێکە حاجییە و موسلمانە، بەڵام هەمیشە بەدوای چێژ و سێکسەوەیە، پێچەوانەی ئیمان و ئایین هەڵسوکەوت دەکات.

**دووەم**: لەکردەوەکانی پەشیمان نییە، بەڵکو خەفەتبارە چونکە ئافرەتێکی لوبنانی لەدەست چووە سێکسی لەگەڵ بکات.

**سێیەم**: سێکس هێندە زاڵە، لەکاتی حەج و خۆ پاککردنەوەشدا شوێنی ئیمان و خواپەرستی گرتۆتەوە.

**چوارەم**: ئەم کارەکتەرانەی لەکردەوەدا کەسانی دوور لە ئیلتیزام بە (ئیمان و ئیسلام و خواپەرستی و ڕێنماییە ئایینیەکانن).

لەهەمان کاتدا (عیزەدین چاو حیز) کە خۆی حاجییە و چۆتە ماڵی خودا بە (ئەمجەد مەندیل) دەڵێت "ئێرە و نوێژکردنیان نەوتووە، تۆ دوێنێ شەو لەگەڵ ژنی لەشفرۆش بە فانیلە و دەرپێ کورت دەسوڕایتەوە، کەچی لێمان بوویت بە سۆفی و نوێژ دادەبەستیت!". (شەوانی ئێریڤان، ٨٩).

ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (شەوانی باکۆ)دا پتر باسی کەسایەتی و پێگەی زانستی و تێڕوانین و تێگەیشتنی خۆی لەبارەی ئایین و شەرعیەت و سێکس و چێژ و مزگەوت و ئیمانداری دەکات، کە دەڵێت: " لەڕاستیدا من هیچ کێشەیەکم لەگەڵ مزگەوت نەبوو، بەڵکو جۆرێک هەستیاریم لەگەڵ کۆلکە مەلاکان بەگشتی و مەلای ئەو مزگەوتە بە تایبەتی هەبوو. ماوەیەک لەگەڵ هاوڕێیەکم دەچوومە ئەو مزگەوتە، پێش ئەوەی نوێژی جەماعەت دەست پێ بکات، دەچووینە ژووری مەلای مزگەوتەکە و لەگەڵی دادەنیشتین، چایە و ساردمان دەخواردەوە و باسی هەندێک بابەتی ئایینیشمان دەکرد. جارێک وتم: هەرچەند من لە حوجرەی مزگەوت نەمخوێندووە، بەڵام بەقەد نیوە مەلایەک لە شەریعەت دەزانم.

ئەویش وتی: لە کوێ فێربوویت؟ وتم: هەر خۆی ئێمە لەچوار ساڵی خوێندنی زانکـۆ، چـوار بـابەتی سـەرەکی شـەریعەتی ئیسـلامیمان خوێنـدووە، تەنهـا ئەوەنـدەش نـا، بەڵکـو بە حـوکمی وەزیـفەکەم، پەیوەنـدییەکی باشـم لەگەڵ زانـای ئـایینی هەبـووە و زۆر شـتیان لێ فێربـووم. منـیش نـاوی سێ لەو مامۆسـتایانەم، پـێی وت. کە گـوێی لەنـاوی ئەوان بـوو، وتی: هەرچەنـدە ئەوان لە جـامیع و لـئەزهەر خوێنـدوویانە و دکتۆرایـان لەشـەریعەت هەیە، بەڵام تێڕوانینـێکی مارکسیان بۆ ئایین هەیە و بە کەیفی خۆیان چەمکە ئایینییەکان لێک دەدەنەوە، هیچ بەهایەکیان بۆ ئاینی پیرۆزی ئیسلام نەهێشتۆتەوە.

منیش وتم بەداخەوە بۆ تۆ، وامزانی باش لە ئایین دەگەیت، بۆیە لەلات دادەنیشتم، ئەگەر بمزانیبایە ئەم بێڕیزییە بەرامبەر ئەم زانا و دانـا گەورانە دەکەیت، ئامادەنەدەبووم بـۆ یەک چـرکەش لەگەڵـت دابنیشم. (شەوانی باکۆ، ٩- ١٠).

لە باسی گێڕانەوەی کات و بەسەرهاتێکی دیکەی بیرەوەرییەکانی نێـو ڕۆمـانەکەی ڕۆمـاننووس لەبـارەی (ئـاکۆ)ی هـاوڕێی دەڵێـت "هەنـدێک دادەوەر و داواکاری گشـتیمان لەگەڵ بـوو، کە گوێیان لە یانەی شەوان بوو، خۆیان دزیەوە و لەگەڵمان نەهاتن. ئاکۆش گوتی مـن تەنهـا لەگەڵتـان بـۆ بازاڕی بـاکۆ دێـم، بـۆ یـانەی شـەوان نـایەم، دانیشـتن لەو شـوێنانە حەرامە، مـن کەسـێکی نـوێژکەر و ڕۆژووگـرم، لەوەتەی خـۆم ناسـیوە سـەرم بەشـوێنی وادا نەگرتـووە. وتـم: خەڵکی ئێرە زۆربەیان موسڵمانن، وابزانم مزگەوتیشی لێیە، دەتـوانی بچیتە مـزگەوت، یـان بگەڕێیـتەوە هوتێـل، تـا دێینەوە بـۆ خـۆت هەر نـوێژ بـــکە". (شـــەونای بـــاکۆ، ٢٩). لەگەرمەی تێکەڵبـــوون لەگەڵ ئافرەتەکـان و کەشی پـڕ لەچـێژ بەخشی_ بـاکۆ، ڕۆمـاننووس بـۆ گێڕانەوەی بەسەرهاتێکی خۆی و ئاکۆ لەهەولێر دەڵێت "لەبیرتە پار، مانگی ڕەمەزان بوو چووینە پارکی شانەدەر، لەوێ دوو کچی جوانمان ناسی، پیاسەمان لەگەڵ کردن و دواییش وێنەمان لەگەڵ گرتن، من

بڕێک پارەم پێدان و تۆش تەسبیحەکەی دەستت دایە یەکێک لە کچەکان و پێت وت: ئەم تەسبیحەت بۆ یادگاری دەدەمێ، تا منت بیر بێتەوە". (شەوانی بکاۆ، ٣٣). هەر لەباکۆ ڕۆماننووس مزگەوتێک کە منارە و گومبەتی نییە بۆ ئاکۆ دەدۆزێتەوە و پێی دەڵێت "چیت دەوێ وا مزگەوتم بۆت دۆزیەوە، دەتوانی لەمەودوا ڕۆژانە بێیتە ئێرە و بە جەمـاعەت نوێژەکانـت بکەیـت. هەر لەنێـو ئەو مـزگەوتەدا ڕێوشوێنی توندی ئەمنیان گرتۆتە بەر و پێم وت: وا دەزانن ئەوەی بچێتە مزگەوت تیرۆریستە و خۆی دەتەقێنێتەوە، بۆیە ئەم ڕێکارە ئەمنییە توندەیان گرتۆتە بەر. ئاکۆ دەڵێت: ڕاستیت دەوێت منیش ترسام، بەخێرایی نوێژەکەم کرد و هاتمە دەرەوە، نەوەک لە کامیری مزگەوتەکە کە دەمبینن بە کەسێکی خراپ لێم تێ بگەن". (شەوانی باکۆ، ٥٣).

کەبـاسی دوو کەسی دیـکەدا بەنـاوی (جاهیـد و ئیبـۆ) دا ڕۆمـاننووس ڕوو لە یەکێکیـان دەکـات و دەڵێـت "تـۆ بەهەڵە هاتوویت بـۆ ئـێرە، دەبـوو بـۆ مەککە و مەدینە بچێـت، لەجیـاتی گەشتکردن بـۆ ئـێرە حەج و عـومرەت بکردبـا! لەم قسانەدا بـووین ئیبـۆ هـاتە لامان، ڕووی لە جاهید کـرد و پێی وت: مـن کاری خـۆم لەگەڵ ئەو ژنە تەواو کـرد، ئەگەر تـۆش حەزت لێـیە، بـڕۆ لای، هەنـدێک لەگەڵی ڕابـوێرە. کە وای وت: جیهـاد هەسـتایە سـەر پێ، ڕووی لە ئێمە کرد و وتی: دەمزانی ئیبۆ لەبیرم ناکات. ئاکۆش دەڵێت: هەمـوو جـڵەوی ئەقڵیـان لەدەسـت کێریـانە". (شـەوانی بـاکۆ، ٥٧). لەگفتوگـۆیەکی دیـکەدا لەگەڵ (ئـاکۆ) بەم شـێوەیە بیروبۆچـوون و هەڵوێسـت و تێڕوانییەکـان بـۆ سـێکس و چـێژ و ئـایین ئاراسـتەیەکی ئایـدیۆلۆژیی و فکـری وەردەگرێـت کاتێـک دەیانەوێـت وێـنە لەگەڵ کچەکان بگـرن، ئاکۆ دەڵێت : "لەبەر باوکم ناتوانم وێنەیان لەگەڵ بگرم، ئەگەر لەگەڵ ئەوانم ببینێ، سەرزەنشتم دەکات. منیش وتم: ڕەحمەت لە خاڵت لەهەموو کەسێک باشتر تۆی دەناسی، لەبیرتە

که‌ وتی` (بـڕوای پێ مه‌که‌، که‌ ده‌چێـته‌ مـزگه‌وت نـوێژ ده‌کات، ئه‌و له‌تـرسی باوکی نـوێژ ده‌کات، ده‌نـا باوه‌ڕی پێی نییه‌). که‌ ئه‌مه‌م وت ئـاکۆ وتی: واز له‌ قســه‌ی خـاڵم بێـنه‌، ئه‌و که‌ســێکی کۆمۆنیســته‌، باوه‌ڕی به‌م شتانه‌ نییه‌، بۆیه‌ وا ده‌ڵێ، ئه‌گه‌ر تۆ حه‌زت لێیه‌ وێنه‌یان له‌گه‌ڵ بگره‌ و واز له‌من بێنه‌". (شه‌وانی باکۆ، ٦٢).

له‌ ڕۆمانی (حه‌ج و عموره‌)شدا له‌په‌یوه‌ندیی نێوان مه‌یی و ئایین و ئیمانـدا ده‌ڵێـت "حـاجی فـازل ئیشـاره‌تی بـۆ مـن کـرد و وتی: ئه‌و بـراده‌ره‌ش وه‌کـو ئـێمه‌ تـازه‌ له‌ عـومره‌ گه‌ڕاوه‌ته‌وه‌، پێی وتـن: به‌پێی فه‌تـوای زانای ئاینی حه‌سه‌ن تورابی بیره‌ حه‌رام نییه‌... حاجی فازل و حـاجی ئه‌نـوه‌ر بیره‌کانیـان به‌ خێرایی فـڕ کـرد له‌شـه‌رمان ئه‌وێیـان به‌ جێهێشــت". (حه‌ج و عــومره‌، ١٢٢). (حــاجی فــازل و حــاجی ئه‌نـوه‌ریش به‌رامـبه‌ر ژنه‌ سـه‌ماکه‌ره‌ ڕووته‌کان دانیشـتبوون. حـاجی فـازلیش وتی: یه‌که‌م جـاره‌ بێیـنه‌ تورکیـا، ئـێمه‌ وامـانزانی وڵاتـێکی ئیسـلامییه‌ وه‌کـو سـعودییه‌ خه‌ڵـکه‌که‌ی خۆیـان داپۆشـیوه‌، به‌وه‌ هه‌ڵخه‌ڵه‌تـــاین که‌ حـــزبی (عـــداله‌ و ته‌نمـــیه‌)ی ئیســـلامی حوکمڕانن".(حه‌ج وعومره‌ ، ١٢٨- ١٢٩).


گوتـاری ئه‌م گـێڕانه‌وه‌ و بیره‌وه‌ریـانه‌ی له‌نێـو ده‌قی ئه‌م ڕۆمـانه‌ و ئه‌وانی دیکه‌ش که‌ لێره‌دا ئاماژه‌مان پێ نه‌کردووه‌، ئه‌و ڕاستیه‌مان بۆ ساخ ده‌کاته‌وه‌، که‌ ڕۆماننووس له‌نێو گوتاره‌که‌دا:

**یه‌که‌م**: پێکهاته‌ی گوتاره‌که‌ بریتییه‌ له‌ (له‌قسه‌که‌ر و قسه‌ بۆکراو و په‌یــام و که‌ره‌ســته‌کانی گه‌یانــدن و ئامــانجیش په‌یوه‌نــدیکردنه‌ له‌نێـوان که‌ســه‌کان له‌نێـو ده‌قه‌که‌ و له‌ده‌ره‌وه‌ی ده‌قه‌که‌دا). لـێره‌دا قسـه‌که‌ری یه‌که‌م خـودی ڕۆماننووسـه‌، که‌ که‌سێکی هه‌مـوو شـت زانه‌، ڕاسـته‌ وه‌کـو پـاڵه‌وانێکی ئه‌فسـانه‌یی و ڕزگـارکه‌ر ده‌رناکه‌وێـت، به‌ڵام پـاڵه‌وانێکه‌ له‌زۆر شـتدا په‌کی ناکه‌وێـت و ڕێنـوێنی (فکـری و گه‌شــتاریی و ئــایینی و سێکسیــ و دۆزیــنه‌وه‌ی ئــافره‌ته‌ بێگــانه‌

لەشفرۆشەکان و چۆنیەتی دواندنی ئافرەتەکان.. تاد) دەکات، ئەو خاوەنی گوتارە سەرەکییەکەیە و گوتارەکەی ئاراستەی گوێگرەکانی دەکات و مەبەست و پەیام و شێواز و تەکنیکیشی- بۆ ڕاپەڕاندنی گوتارەکە هەیە.

**دووەم**: شێوازی نێو گوتاری ڕۆمانەکان پشتیان بە (تەکنیکی گفتوگۆ لەشێوەی (وتم، وتی، گێڕایەوە و گێڕامەوە) بەستووە. گفتوگۆ لەنێوان کارەکتەرەکانی نێو ڕۆمانەکە هەیە، من وەکو خوێنەر لەهەندێک شوێندا بێزار دەبم لەم شێوازە باوە و دووبارەی کە هەمیشە دەڵێت (وتم، وتی) و ئینجا شتەکان بۆ گوێگری نێو دەقەکە و خوێنەرەکانی دەگێڕێتەوە. ئەو پێمان دەڵێت ئەو لەشێوازی بیرکردنەوە لەبارەی ئایین جیاوازە و خاوەنی بڕوانامەی زانکۆیە و بڕوای بەکرانەوە و گونجاون و قبوڵکردن هەیە، مەلایەکەش نوێنەرایەتیی مەلایەکی کەمزان و توندڕەو و دژ بەکرانەوە و خوێندن و ئەکادیمی بوون لە زانست دادەنێت.

ڕۆماننووس خۆی لەڕاستیدا باسی خۆی و کۆلکە مەلایەک دەکات. ئەو لەشەریعەتی ئیسلامی دەزانێت و متمانەی بە زانیاریی و شێوازی ئاخاوتن و گفتوگۆکانی مەلاکە نییە. چونکە لەم گفتوگۆیانەدا مەلاکە بەو قسانەی دەیکات بنەمای لەیەکترگەیشتن و ڕێزگرتنی بەرانبەر ڕەت دەکاتەوە و زاناکانی ئەو بوارە بە (کۆمۆنیست) تاوانبار دەکات. لەڕوی پراگماتیکییەوە کە شیکاری نێوەڕۆک و شێواز و تەکنیکی گوتاری ڕۆمان دەکەین، ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە قسەکانی (مەلاکە) حووکم و بڕیاری پێشوەختەی تێدایە، واتە خاوەنی کردەی بڕیاردان و حووکمە، بەڵام ڕۆماننووس خاوەنی کردەی (گومان و پرسیار و شیکردنەوە و لێکدانەوەیە). ئەمەش لەشێوازدا گوتارێکی زانستی و گوتارێکی ئایینی نیشان دەدات.




**سێیەم**: پەیامی گوتاری ئەم چەند نموونەیەی لەنێو دەقەکە وەرمانگرتووە، کە دەکرێت بەشێکی دیاری نێو پێکهاتە و مەبەست و پەیامی گشتی ڕۆمانەکەش وەسفیان بکەین. بۆیە دەبینین مەلای مزگەوت دژی خوێندەوارە خاوەن بڕوانامەکانی بواری شەریعەتە و بە (کۆمۆنیست) وەسفیان دەکات. واتە لەڕاستیدا پەیامی گوتارەکە وەسفکردنی دوو ئایدیۆلۆژیا و دونیای جیاواز و تێڕوانینی فکری جیاوازە.

**چوارەم**: کەناڵەکانی پەیوەندیکردن بریتییە لەکردەی ڕاپەڕاندنی چۆنیەتی گەیاندنی پەیامەکان لەنێوان (ڕۆماننووس و گوێگرەکانی نێو دەقەکە) و (خوێنەرەکانی دەرەوەی دەقەکە). ئێمە بەڕوونی هەستکردن بەو شتە دەبینین کە (ڕۆماننووس لە تەکنیکی گێڕانەوەدا) لەنێو گوتاری دەقەکاندا خۆی قسەکەر و خاوەنی پەیامەکانە، لەگەڵ کارەکتەرەکان دەئاخڤێت، ئامانجیش گێڕانەوەی بەسەرهات و بیرەوەریی هەمووانە بۆ خوێنەر بەگشتی.

**پێنجەم**: لە گوتارەکەیدا شێواز و تەکنیکی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆی پەیڕەو کردووە، گوتار لەڕاستیدا یان ڕاستەوخۆیە، یا ناڕاستەوخۆ. ڕۆماننووس لە ناوهێنان و وەسفی کەسەکان و ڕەفتار و بیرکردنەوە و قسەکردنیان و لەنێوان ئیمان و سێکسیشدا ڕاستەوخۆ

شتەکانی دەربڕیوە. کە باسی ئاییـنداری و نـوێژ و سـێکس دەکات، نایشارێتەوە کە خۆی و هەندێکی دیکەش چوونەتە حەج و عومرە، بەڵام لەزەت لە چـێژ و جـوانیی و ڕووتی جەسـتەی ئـافرەت وەردەگرن، لە ناوهێنانی هەندێک لە ئەندامەکانی جەستەی نێر و مێ ڕاستەوخۆ ناویان دەهێنێت.

**شەشەم**: مەبەستی ئەم شتانەی لەنێو گوتارەکەدا هەیە لەچەند شـتێکدا کـۆ دەکـرێتەوە (سـێکس لای دینـدار موسـڵمانەکان کاریگەرترە)، (ئاکۆ لەبەر خاتری باوکی نـوێژ دەکات و وێنە لەگەڵ کچەکان ناگرێت)، (خاڵی کە کۆمۆنیستە باش کەسایەتی ئاکۆی ناسیووە و دەڵێت لە بارەی سێکس و ئافرەت و نوێژکردن بڕوای پێ مەکەن). (مەی خواردنەوە بە قسەی حەسەن تورابی زانای ئیسلام حەرام نیـیە)... تـاد ئەمـانە بەکـردەوە بەشـێکن لە مەبەسـتەکانی گوتاری دەقەکانی ڕۆمانەکانی کەمال سەعدی، کە دەیەوێت نیشانی بـدات مـرۆڤە خـۆ بەئیسـلام زان و ئیمانـدارەکان چەنـدە کەسـانی دووڕوو، گۆڕا و ناسەقامگیرن لە کەسایەتی و ئیماندا، لە گێڕانەوەی ئەم بیرەوەریانەسـدا بـڕوا ناکرێـت شـتی لەخـۆڕا و دەسـتکردی بـۆ کارەکتەرەکان دروست کردبێت.

ئەمەش ئەوەمـــان پـــتر بـــۆ ڕوون دەکـــاتەوە، کە لە ئایینـــدا (خۆشەویستی و جوانی) وەکو ئامانج پێش (سێکس) وەکو ئامراز دەکەوێـت، واتە کەسـانی خـاوەن بـڕوای بـڕواداری ئـایینی نابێـت دەستەمۆی سێکس و چێژ ببن، بەڵکو پێویستە خۆشەویستی وەکو بنەمـای سـەرەکی جووتبـوون و پێکهێنـانی خـێزان بەکـاربهێنن. لەکاتێکدا دەقی ئەدەبی ئامانجی نمایش و وورووژانـدن و بەکارهێنـانی سێکسـە، لەهەمـان کاتیشـدا خۆشەویسـتی و جـوانی تەنیـا وەکـو کەرەسـتە و ئامرازێـک بەکاردەهێنن. لەکـردەوە لەم جـۆرە ڕۆمـانە سێکسـیانەدا بەکـردەوە (سـێکس و چـێژ) وەکـو گوتـاری بـنەڕەتی دەقەکەیە دەردەکەوێت، دەقنووس ئەگەر بۆ نیشـاندانی نیازپاکی و

خۆشـاردنەوە لەنێـو گەمەی تەکنـیکی گـێڕانەوە سـادە زەقەکـان هەنـدێک نـیمچە نیشـانەیەکی (ڕێزگـرتن و ئاخـاوتن و هەسـتی چـێژ بزواندنێکی مرۆیانەی) نیشان دابێت، بەڵام نەیتوانیوە ئەمانە بکاتە ئامـانجی سـەرەکی نێـو دەقەکـان، بەڵکـو ئامـانج و مەبەسـت و کەرەستەکە بریتییە لە گوتاری سێکس و چێژ، نەک خۆشەویستی و جوانی.

## ٢- ٣٣ پاڵەوانی ڕۆمانەکان

لەم چەنـد ڕۆمـانەدا قسـەکەری سـەرەکی (مـن/ خـودی ڕۆماننووسـە)، ئەو ئەوە ناشـارێتەوە کە خـودی خـۆشی لەهەمـوو ڕووداوەکاندا بەشداره و لەبەسەرهاتەکاندا تەنیا چاودێر و بینەرێکی ئاسایی خودان توانا و زاکیرەیەکی بەهێز نییە، بەڵکو بکەرێکی بەهێز و شارەزا و ئەزموونددار و کارا و کاریگەریشە.

لەڕۆمـانی (خانمبـاز)دا کە پاڵەوانی نـیمچە سـەرەکی (شـەوکەتە فەنـدیی)ە، ناتوانێـت پـێگەی گـێڕانەوە و دەسـەڵات و توانـا و وزەی گێڕانەوە لەخودی نووسەری ڕۆمانەکە داگیر بکات. پێگەی نووسەر و بەشـەکانی ڕۆمـانەکە هێنـدە لەژێر کاریگەریی و خواسـت و حەزی نووسەر دایە، هەموو کارەکتەرەکانی دیکە ئازادی ئاخاوتن لەدەست دەدەن و ملکەچی ئیرادەی ڕۆماننووس دەبن.

ڕۆمـاننووس لەگفتوگـۆیەک لەگەڵ نەوزاد بـێخەم دەڵێـت: مـن هـیچم لەگەڵ ئەو نەکـرد، تەنهـا مەبەسـتم ئەوە بـوو بـزانم ئەو ژنە لەشفرۆشانە بۆچی و لەپێناوی چی وادەکەن. هەر بۆیەش خـۆم لەو ژنـانە نزیـک کـردەوە، بـۆ ئەوەی لەنـزیکەوە گـوێم لە چـیرۆکی ژیـانی ئەوان بێت. بۆ ئەوەی ئەو چیرۆکانە تێکەڵی خەیاڵی ئەدەبیی خـۆم بکەم و بیکەمە ڕۆمانێک.

کە ئەمەم وت، نەوزاد بێخەم وتی: من وەکو ئێوە خانمباز نیم، تـا بـکەومە نـاو ڕۆمـانەکەوە، بەڵام ئێـوە هەر هەمووتـان دەبـنە کـاراکتەری نـاو ڕۆمـانەکە. ئەمەی وت و ڕووی لە مـن کـرد و وتی: بەڵام هەر ڕۆمانێـک پـاڵەوانێکی هەیە، نـازانین کێ لەوانە دەبێـتە پاڵەوانی ڕۆمانەکەی تۆ؟

منیش وتم: هیچیان نابنە پاڵەوان.". (خانمباز، ٢٤٨- ٢٤٩). لەم ئاماژەیەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ململانێیەکی ئاشکرا لەنێوان کارەکتەرەکان و خـودی ڕۆماننووس هەیە، بۆ ئەوەی ببنە پاڵەوانی سەرەکی، بەڵام ڕۆماننووس دەیەوێت بڵێ کەسیان سەرەکی نـین، ئەو ئەم پـێگەیەی بۆخـۆی کـۆنترۆڵ کـردووە، ئەوانی دیکەش لەهەنـدێک شـوێندا بەشـدارییەکی کـورت و لاوەکی لە گێڕانەوەکان دەکەن.

لەنێـو ڕۆمانەکانـدا مـنی خـوێنەر شـوێن و کارەکتەرەکـان هەر هەموویـان دەناسـمەوە، کە کەمێـک دەسـتکاری ناوەکانیـان کـراوە، تەنیـا قسـەکانیان کتومـت ئاخـاوتن و شـێوازی گوتنەکانیـانە. ڕۆماننووس ڕاستگۆیانە و بەشێوەیەکی هەقیقی و ڕاستەوخۆ لەنێو خەیـاڵی ئەدەبیـدا ڕۆمـانی ژیاننـامەی نووسـیوە، کە پشـت بە هەقیقەت و ڕاستی و شتی واقیعیی دەبەستێت. نەک هەر ئەوە ئەو کردەوە و ڕەفتار و دۆخی دەرووونی و تەنیا ئەو قسانەی ڕۆژانە لەنێو بازاڕیشـدا لەنێـو دووکـانێکی جلـوبەرگ فرۆشـتندا ئەنجـام دەدرێـت دەگێڕێتەوە. قسەکەرە نێرەکان هەموویان پیاوی شێتبووی سێکسن، بە شـێوەیەکی ئەدەبی و لەچوارچێـوەی هـونەری گـێڕانەوەی بیرەوەرییدا شتەکانی گێڕاوەتەوە.

من وای دەبینم ڕۆماننووس هێندە بەخێرایی و زوو زوو سەردانی وڵاتە گەشتیارەکانی کردووە، ئەوەی بۆ ئەوەیە لەپێناو نووسینەوەی ڕۆمانێک لەیەک کاتدا دووجار، یان پتر لەوە، دوو شوێن، یان پتری

لەنێـو گێڕانەوەکـانی بەکارهێنـاوە، ئەمەش وایکـردووە (تەکنیـک و زمانی نووسینەوەی دەقەکە) لەهەندێك بواردا وەکو پێویست نەبن، دەکرا گونجاوتر و بەهێزتر و کاریگەرتر زمان لەگێڕانەوەی شتەکان بۆ (وەسـف، گـێڕانەوە، لێکـدانەوە و چـوونە نـاخی ڕووداو و وەسـفی کارەکتەرەکان) بەکاربهێنێت.

لێرەدا گێڕانەوە (نەوزاد بێخەم و سەیاح پەقرەج و عومەر و کاکە سـوور و سـەبری بازرگان) و (شـەوکەتە فەنـدی) و (حـاجی فازیـل و حاجی ئەنوەر و جیهاد و ئیبۆ) و (ئاکۆ و ئەمجەد مەندیل) و (نەوزاد دۆخین) و (عیزەدین چاو حیز) و (کاروان و ئازا) و (فەرهاد پیربال) و ئەوانی دیکەش کەسی هەقیقین.

لە ڕۆمـــانی (شـــەوانی بـــاکۆ) و (شـــەوانی ئێریڤـــان) و (حەج و عومرە)شـدا هەمان کارەکتەر و کەسانی هەقیقـین، تەنیا ناوەکانیان کەمێک دەستکاری کراوە.

(ڕۆمـــاننووس) بـــۆ ســـاخکردنەوەی ئەم شـــێوازیی نووســـینە، ڕاشـکاونە لە وەڵامی پرسـیارێکی (شـەوکەتە فەنـدی)، کە لەشـێوەی گـێڕانەوەی بیرەوەرییەکانیـدا ئامـاژەی پێکـردووە، دەڵێـت: "مـن لەســـەرەتاوە کە خـــۆم وا پیشـــاندا و گوێبیســـتی ســـەربردە خانمابزییەکانـت بـووم، مەبەسـتم ئەوەبـوو، بچـمە نـاو دونیـای خانمبازی و لەنزیکەوە لێی تێبگەم، دواییش تێکەڵی خەیاڵی ئەدەبیی خۆمیـان بکەم، بـۆ نووسـینەوەی ڕۆمانێـک بە نـاوی (خانمبـاز)". (خانمباز، ٢٣٥).

لەگـێڕانەوەیەکی دیـکە و لەزۆر شـوێنی دیـکەی ڕۆمانەکانیشـدا ئامـــاژە بەوە دەکـــات، کە ئەو ســـێکس ناکـــات، دەیەوێـــت تەنیـــا دەستبازیی و ماچ و مووچ و قسەکردنی لەگەڵ ئافرەتەکان هەبێت، بۆیە دەڵێت "دوای ئەوەی باسی ژیانی تایبەتی خۆی بۆ کردم، وتی:

ژمارەی منت لایە، هەر کاتێک ویستت پەیوەندیم پێوە بکە، دێمە لات و سێکست لەگەڵ دەکەم. منیش وتم: من نامەوێ سێکس بکەم، تەنها حەزم لێیە لەگەڵت دانبنیشم و بەیەکەوە بخوێنین و بخوێنینەوە و کەشێکی خۆش وەرگرین. ئەویش وتی: تۆ پارەی خۆت دەدەیت، چۆنت پێ خۆش بێت وا دەکەم. منیش وتم: لەم یەک دوو شەوە پەیوەندیت پێوە دەکەم. ئەوەم وت و باوەشم پێداکرد و دەمم خستە ناو دەمی و لێوە تەنک و گەرم و نەرمەکانیم ماچ کرد و گەڕامەوە لای نەوزاد دۆخین". (شەوانی ئێریڤان، ٤٧).

هونەری نووسینەوەی ڕۆمانەکە بریتییە لە تەکنیک و نووسینی شێوازی ڕۆمانی ژیاننامە، واتە نووسەر خۆی شتەکان دەگێڕێتەوە، نەک هەر قسەکەری سەرەکییە، بەڵکو بەکردەوە بەشدارە لە ڕووداوەکان و هەموو ئەرک و پەیام و دەسەڵاتێکی هەیە، خۆی باسی خۆی دەگێڕێتەوە، وەکو چۆن کەسێک لەڕێگەی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانی باسی خۆی دەنووسێت و دەگێڕێتەوە.

لەتەک ئەوەشدا نایشارێتەوە، کە ئەو ئامانجی لەهەموو گفتوگۆ و بەشداریی لەنێو ڕووداوەکان و بابەتەکان و پەیوەندیکردن لەگەڵ کارەکتەرەکانی دیکە و ئاخاوتنیان و تێکەڵبوون و شارەزابوون لە مێژووی کەسەکان و شێوازی بیرکردنەوەیان لەبارەی سێکس و ئیمان و خواپەرستی و کەسایەتی ناجێگیریان بۆ ئەوەیە (شارەزایی مێژووی بەسەرهاتی ئەوان بێت، دواتریش لەشێوەی ڕۆمان شتە سێکسییەکان و چێژ و گوتاری ئەو بابەتانە بنووسێتەوە).

ئەو بەشێوەی (من)، (خۆم)، وەکو (توێژەر)، (ڕۆماننووس)، (شاهید و بەشدار لە ڕووداوەکان)شتەکان دەگێڕێتەوە. (ئەو)ی بەکارهێنراویش کە بەکردەوە بەشداری نێو ڕووداوەکانە، نووسەر هیچ کارێکی نەکردووە لە کەسایەتی ئەوانی دیکە کەم بکرێتەوە، تەنیا ئەوە نەبێت (ڕەفتار و خولیا و بینین و تێڕوانین و پێکهاتەی دەروونی

و فکـری) کەسـەکانی وەکـو خـۆی گـێڕاوەتەوە. ئەم وەکـو خـۆی شتەکانی گێڕانەوەتەوە، لەهەمان کاتدا لەهەندێک شتدا هەست بە ناهاوسەنگی لەگەڵ ئەو شتانە دەکرێت، کە پەیوەندیان بە خودی خۆیەوە هەیە. هەقیقەت مەرج نییە خزمەتی ڕاستگۆیی بکات، وەکو چۆن درۆ مەرج نییە خزمەتی هەقیقەتی درۆ بکات. ئەوەی لای من ڕاستە لای یەکێکی دیکە هەقیقی نییە و بەپێچەوانەش مەرج نییە درۆش هەموو کاتێک درۆیەکی هەقیقی بێت.

## ٢-٣٤ دیماهی و پووختە

- من ڕۆمانەکانم خوێندەوە شتە بڤەکانم بە ڕاستگۆیی بینی، ئەو ڕاستگۆییەی هەندێک جار دەکەوێتە ژێر سانسۆری خودی کەسەکان و دەوڵەت و کۆمەڵگە و خێزان و دامەرزاوە ئایینەکان، کەچی لای (کەمال سەعدی) دامەزراوەکانی دەسەڵات و سانسۆر تێکشکاون و خودەکان ئازدکراون و هەموو ئەو شتانە دەگێڕنەوە کە قەدەغەن. (سێکس و چێژ و سیاسەت) سێ کوچکەی قەدەغەکراوی نێو کۆمەڵگە و دەسەڵاتن. ئەمانە کاریگەرییان لەسەر بیرکردنەوە و ڕەفتار و ڕەوشتی دەروونی مرۆڤەکانیش هەیە. نووسەر هێندە بەزەقی شتەکان دەگێڕێتەوە، وەکو ئەوەی ئێمە لەدیار فیلمێکی بەدڕەوشتی و داوێنپیسی۔ (تاپۆ) دانیشتبین. ئەم بەڕاشکاویی گێڕانەوە و نمایشانە توانا و وزەی وێناکردنی ئەدەبی لاواز دەکەن.

- پێش هەر ئاخاوتن و لێکدانەوەیەک پێم وایە کارەکەی من پەیوەندی بە دروستکردنی ژمارەیەکی کۆدی تایبەت بە سێکس

و چێژ و دامەرزاوەکانی چاودێریی هەیە. کە من کارم کردووە ئەم کۆدانە ببنە بنەمایەک بۆ چۆنیەتی قسەکردن لەبارەی سێکس و چـێژ وەکـو زانسـت و کەلتـوورێکی مـرۆیی و بـایۆلۆژی و کـۆمەڵایەتی، نەک وەکـو (سزا و شـاردنەوە و کـردەی درنـدانە). ئەمەش پەیوەندیی بەوەوە هەیە، کە هەموو کەسێک سەری زار و بنی زاری سێکس و ئاخاوتنە لەبارەی چێژ، کەچی بە قەدەغە کراویش دادەنرێت.

- (کەمال سەعدی) زۆر بەسادەیی هەندێک مەسـەلەی فکـری زۆر قـووڵی لەبـارەی (سـێکس و تـاک و چـێژ و لەشـفرۆشی و ئافرەت و برسیەتی پیاو و سەرکوتی کۆمەڵگە و ئایین.. تاد) بۆ باسکردووە، هەندێک جار مرۆڤ لەناخی خۆشیدا حەز ناکات بیریان لێ بکاتەوە.

- (کەمال سەعدی) ئازایەتییەکی بێ وێنەی نیشان داوە، کە هەر تەنیـا جەسـتەی ڕووتی جـوانی ئـافرەتی لەنێـو دەقەکانیـدا بەکارنەهێنـاوە، وەکـو ئەوەی لەئەدەبی کلاسـیکی کوردیـدا بـاوبووە، نەخـێر ئەو لەجیـاتی (جەسـتە) ڕاشـکاوانە ئامـاژە بەهەمـوو شـێوازەکانی (کـردەی هەقـیقی سـێکس و چـۆنیەتی گەیشـتنە چـێژ) دەکـات، ئەمەش تەنیـا لە ئامـاژەی تەنیـا (ڕووداوێک) بەدی ناکرێت، بەڵکو سەرجەمی دەقەکانی (جگە لە حەج و عـومرە کەمـتر) هەمـووی بـۆ کـردەی سـێکس و چـۆنیەتی پەیوەنـدیکردن بە ئـافرەتە لەشفرۆشـەکان تەرخـان کـراوە. واتە بەتەواوی ئەدەبێکی (داوێنپیسی-) ڕووتە لە چەمکە

گشــتییەکە، لەهەمــان کاتــدا ئەدەبــێکی مرۆیــانەی دووره لە سووکایەتی و ناشیرین باسکردنی ئافرەت و سێکس.

- ئافرەتەکـان کە لەشفرۆشــن هەموویـان لەپێنـاو (پـارە) وەکـو بازرگــانی سێکسیــ و پیشــەیەکی دارایی و ئــابووری لەنێــو وڵاتەکەیانــدا جەســتەی خۆیــان دەفرۆشــن، ئەمەش لەم ســەردەمەدا بە پیشەســازیی گەشــتیاری سێکسیـ دادەنرێـت و کارێکە لەزۆر وڵاتـدا ڕێـگە پێـدراوە، ئـافرەت جەسـتە و چـێژ و سێکسیـ خـۆی لەپێنـاو باشـترکردنی سـەرچاوەی دارایی و داهـاتی خۆی وڵاتەکەی بەکاردەهێنێت.

- ڕۆمـاننووس بە جۆرێـک لەجۆرەکـان یاسـا و ڕێسـا و بۆچـوونە فیکرییەکانی سـەردەمی (حەمورابی) بۆ چێژ وەرگرتن لە (ژیان) و (ئـافرەت) و (سـێکس) بەکارهێنـاوە، یاسـاکەی حەمـورابی بەم شێوەیە:



جلـوبەرگی جـوان لەبەر بـکە و ژیـان بەخــۆشی بەســەر بەرە و خـواردن و خـواردنەوەی زۆر بەکاربهێنە و گـۆرانی بڵێ و سـەما بکە و بەخـــتەوەر بە و لەکۆتایشـــدا لەپێنـــاو چـــێژ وەرگــرتن لەبـــاوەشی ئافرەتەکانـدا بنـوون. لەسـەر جەم گێڕانەوەکانـدا ڕۆماننووس لەپێنـاو بەخـتەوەریی (هەمـوو ئەو کەرەسـتە و هۆکـار و مەبەسـت و چـێژ و گـــۆرانی و ســـەماکردنانەی چـــێژ بەخشـــن) لەگەڵ ئافرەتەکـــان بەکارهێناوە بۆ ئەوەی پیاوەکان بگەنە باوەشی ئافرەتە جوانەکان و لەکۆتایشـدا چێژ وەرگـرن و بەخـۆشی ژیان بەڕێ بکەن و بەختەوەر ببن.

- ڕۆمـاننووس لەهەمـوو ڕۆمانەکانیـدا قسـەی لەبـارەی (ئـایین و لەزەت و سـێکس) کـردووە، ئەمەشی پـتر لەڕێـگەی کەسـایەتی (ئاکۆ/ ئەمجەد مەندیل) و (حاجی ئەنوەر و حاجی فازیل) و (ئیبۆ و جیهـاد) دەرخسـتووە، نـاتوانم ئەوەش بشـارمەوە (خـۆشی کە چـۆتە عـومرە) نـوێنەرایەتی و نمایشیـ ئەم نـاکۆکی و گونجـان و نەگونجـانە دەکات. ئەوانە لەیەک کاتـدا وەکـو کەسـانی خـاوەن ئیمان و سەردانی کەری حەج نمایش کراون و بەکردەوەش وان، لەهەمـان کاتـدا بەدیـار (ئـافرەتی ڕووت و لەپێنـاو چـێژ و کـردەی سێکس) دەچنە وڵاتە گەشتیارەکانی و وەکو ئێران و ئازەربایجان و ئەرمینیا و تورکیا و میسرـ و سعودیە. لەڕاسـتیدا ئەمە بـابەتێکی یەکجـار بـﭬەیە، چـۆن ئەو کەسـانە بەم ئاسـانییە کە نـوێنەرایەتی بـزاﭬی ئیسـلامی سـیاسی دەکەن و هەمـیش نـوێنەرایەتی کەسـانێکی خـاوەن بـڕوا و ئیمـان دەکەن، دەکەونە داوی کامیرای نووسـین و بیرەوەرییەکانی (کەمال سەعدی).

- ئەو لەمـاوەیەکی کەمـدا ڕۆمانەکـانی بەدوای یەکـدا نووسـیوون، ڕەنگە ئەم هەموو ڕۆمان و ماوە کورتە هۆکارێکی گەورە بێت، بۆ

ئه‌وه‌ی نووســه‌ر وزه‌ی جواننــووسی و ورد بیرکــردنه‌وه و گه‌ڕان به‌دوای ته‌کنــیکی ڕۆمــاننووسی که‌م ببێــته‌وه. نووســه‌ر ئه‌وه‌ی نووسیویه‌تی ده‌قه، ده‌قیش شایسته‌ی خوێندنه‌وه‌یه، به‌ڵام مه‌رج نیــیه هه‌مــوو ده‌قه‌کـان وه‌کــو (خانمبــاز) ته‌ڕ و پــڕ ڕووداو و به‌جووڵه و وروژێنه‌ر بن.

- ئه‌و ته‌کنــیکی گـێڕانه‌وه‌ی له‌ڕێــگه‌ی (وتـم و وتی) به‌کارهێنــاوه، له‌هه‌نـدێک شـوێندا ئه‌م شـێوازه بـێزارکه‌ره، دووبـاره‌یه‌کی زۆری پێوه دیاره. خـوێنه‌ر بۆ ئه‌وه‌ی تین و تاوی خوێنـده‌وه‌ی پتری لا دروست بێت، ئاره‌زوو ده‌کات، نووسه‌ر ته‌کنیکی گێڕانه‌وه‌که‌ی بگۆڕێت. له‌زۆر شوێن هاتووه: (من وتم ئه‌و شته به‌م جۆره‌یه) و (نه‌وزاد، یــان ئــازد، یــان ئــاکۆش وتی: ئه‌م ئافره‌تــانه پــاک و جوانن...). ئه‌مه لای خوێنه‌ر شێوازێکی چه‌ند باره‌یه.
- زمــانی نووســینه‌کانی نووســه‌ر له زۆر شــوێندا تــام و ده‌نــگ و ده‌ربڕینی ناوچه‌یه‌کی پێوه دیاره به‌کورتیه‌که‌ی زاری (هه‌ولێر)ی پێوه دیاره. ئه‌گه‌ر ئه‌م شێوازه له‌سه‌ر زاری کاره‌کته‌ره‌کان بووایه، پێم وابوو کارێکی ئاسایی ده‌بوو، به‌ڵام له گێڕانه‌وه گشتیه‌کانیشـدا که‌وتــۆته ژێــر ئه‌م کــاریگه‌رییه. بــۆ نمــوونه کاتێــک ئامــاژه به ئافره‌ته‌کـانی سـلێمانی ده‌کـات، بێ ناوهێنـانی شـاره‌که ده‌یتـوانی له‌ڕێــگه‌ی به‌رکارهێنــانی دوو ده‌ســته‌واژه‌ی خــودی ســلێمانی به خـوێنه‌ر بڵێـت ئه‌م ئـافره‌ته خه‌ڵـکی کـامه شـاره. واته هه‌نـدێک له‌شــــێوازی ناراســــته‌وخۆی بـــۆ وه‌ســــف و گێڕانه‌وه‌کــــان به‌کاربهێناباته.
- له شـوێنێک ده‌ڵێت ئافره‌ته‌کان له‌شی خۆیـان بـۆ پـاره‌یه‌کی که‌م ده‌فرۆشــن، به‌ڵام (دز نــین)، واته (دزی) کــرده‌وه‌یه‌کی ئێجگــار قــێزه‌وه‌ن و ناشــیرنه، بــۆیه وه‌کــو داکــۆکی و وه‌ســفێکی ئه‌رێــنی

ئافرەتەکـان دەبێژێـت ئەمـانە دز نـین. لەڕووی پراگمـاتیکییەوە پێمـان دەڵێـت (دزی) لە (لەشـفرۆشی) خـراپترە. لەکاتێکـدا لە میسر ئافرەتێک فێڵی لێ دەکات و سەد دۆلاری لێ وەردەگرێت و خۆشی لێ دەشارێتەوە.

- ڕۆماننووس دەیەوێت نیشانی بدات ئەو تەنیا لەپێناو نووسینی ئەم ڕۆمانـــانە و گـــێڕانەوەی بەســـەرهاتی ژیـــانی ئـــافرەتە لەشفرۆشـەکان ئەم گەشـتانە دەکـات و لەگەڵ ئافرەتەکـان کـۆ دەبێـــتەوە و دەســـتبازیان لەگەڵ دەکـــات، واتە دەیەوێـــت نووســـینێکی ئەزمـــوونیی، دەقـــێکی ئەزموونـــداری بەکـــردەوە بنووســـێت و واش نیشـــان دەدات، کە ئەو لەگەڵ ئافرەتەکـان جـــووت نەبـــووە، (زینـــا)ی نەکـــردووە، لەکاتێکـدا ئەو خـــۆی نوێنەرایەتی تێکشکاندنی ئەم قەدەغە و سانسۆرە ئایینە دەکات. پێم وایە لەم بـوارە سـەرکەوتوو نەبـووە و ناتوانێـت بـڕوا بەمـنی خوێنەر بهێنێت، کە سەیاح پەقرەج ئاسا، ئاوی تێ نەکردبێت.
- ڕووداوەکـان وروژێـنەرن، بەدوای یەکەوەن، بەڵام ئەمەم بـۆ ڕوون نـابێتەوە، بـۆچی ئەو وەکـو سـەرقافلەی نێـو هەمـوو ڕۆمانەکان گەشتێک دەکات و دەگەڕێتەوە و هەولێر و جارێکی دیـکەش لەگەڵ هەنـدێک هاوسـەفەری نـوێی دیـکەی بـۆ تەواوکردنی بەشێکی دیکەی ڕۆمانەکە گەشتێکی نوێ دەکاتەوە.
- گوتـاری ڕۆمـانەکە شـیکردنەوەیەکی دەروونـیی زەقە، پێکهـاتەی دەروونی کارەکتەرەکـــان جیـــاوازە، وەکـــو خـــۆشی لەڕووی دەروونیـیەوە لەوانی دیـکە جیـاوازە. بـۆیە دەتوانرێـت لەڕووی سێکسی- دەروونی و کـۆمەڵایەتی و لە ڕوانـگەی تیـۆری جیـاوازی ئەم بوارە لێکۆڵینەوە لەبارەی ئەم دەقانە بکرێت.

- گوتارێکی دوور لەڕەخنەگرتنی ڕاستەوخۆیە، گوتارێکی شیکارییە، گوتارێکی گریمانەیی و هەڵگری پرسیارە، ئەو پرسیارە سادە قووڵانەی ڕەنگە لەهەندێک شوێن خودی ڕۆماننووسیش مەبەستی نەبووبێت، بەڵام زمان پڕە لەنهێنیی و پەیام و مەبەست. زمانی گوتار بریتییە لە زمانی بەکارهێنان، گوتاریش بریتییە لە ڕاپەراندنی ژمارەیەک مەبەست بەشێواز و تەکنیکی جیاواز.
- دەقەکان بەیەک دەچن، ئەم بەیەک چوونانەش هەموویان نیشاندەری گوتاری (چێژ و سێکس و ئایین)، بەواتایەکی دیکە ڕۆمانەکان کە بیرەوەریی و ژیاننامەن، بەیەکەوە بەستراون و ژیانی خودی ڕۆماننووسمان بۆ دەگێڕنەوە. لەبەر ئەوە گوتاری هەر یەکێکیان تەواوکاری ئەوی دیکەیانە. خانمباز ناسنامەیە بۆ شەوانی ئێریڤان و شەوانی باکۆ. (شەوکەتە فەندی) نەخشە ڕێگایەکی بێ کۆتایی بۆ گەشت و دۆزینەوەی ئافرەتی لەشفرۆش و چێژ و سێکس دادەنێت، نووسەریش دەیانووسێتەوە و بەدوایاندا دەچێت و وڵات بەوڵات بەدوای ئەو جۆرە ئافرەتانەدا دەگەڕێت.
- گوتاری ئەم ڕۆمانانەی (کەمال سەعدی) کۆششە بۆ ڕزگاربوون لەناخی خودی خۆی و ناخی هەر یەکێک لە کارەکەتەرەکانی و پەیوەندی کردن بە ناخێکی دیکەی ئازاد لەدەرەوەی جەستەی خۆیان. مرۆڤ هەستێکی قووڵی لەبارەی چێژ و سێکس تێدایە، ناتوانێت بە ئاشکرا و دوور لە سانسۆری خودی و سانسۆری دامەزراوەکانی نێو کۆمەڵگە نەک سێکس بکەن، بەڵکو گوزارشت لە هەست و نەستی سەرکوتکراوی خۆشیان بکەن، بۆیە هەوڵدان بۆ ڕزگاربوون بە سەرکێشی دادەنرێت.

- لە شـیکردنەوەی گوتـاری ئەم دەقـانە دەگەیـنە ئەنجامێـک، کە گوتـاری بینـین لای پیاو، گوتـارێکی سـێکس سـالارانەی نـێرانەیە، ئەمەش وەکـو هـێزە مەزنە کۆلۆنیالیزمییەکان، هەمیشـە بەدوای داگیرکــردن و کــۆیلەکردن و بەکارهێنــان و چــێژ لەپێنــاو ئــارامی بەخشین بەخۆیەتی، لەهەمان کاتیشدا چەوسانەوە و بە سووک ســـەیرکردنی لایەنە داگیرکـــراوەکەیە. مـــن وای دەخـــوێنمەوە (کـۆمەڵگە و خـێزان و دەوڵەت و ئـایین) لەنێـو ئەم ڕۆمانـانەی (کەمال سەعدی)دا هەڵگری بیرۆکەی کۆلۆنیالیزمی نێرساڵارییە بۆ داگیرکردنی جەستەی ئافرەت.
- گوتـاری بینـین وەکـو هـێزی سـەرەکی و یەکەم لەنێـو دەقەدا بـۆ بەدیهێنانی کردەی پەیوەندیکردن بە ئافرەت لەلایەن پیاوەکانەوە بەکارهێنراوە. ئەم گوتـارەش لە کۆتایـدا تەنیـا (بینیـنی جەسـتە و دیـوی دەرەوەی جەســتە) دەگــرێتەوە، نەک نــاخ و دەروون و تێگەیشـــتن لە چـــۆنیەتی بیرکـــردنەوە و هەســـت و نەســـتی ئافرەتەکـان. ئەمەش بەکـردەوە بینیـنە لەپێنـاو (چـێژ و سـێکس بەچاو و دواتریش جووتبوون).
- لایەنێکی گرنگی ڕۆمانەکە لای من ڕەنگە هەندێک بە کەموکورتی دابنرێت، ئەویش ئەوەیە هێندەی باسی دەروون و ڕەفتاری پیاوە برسییەکان و چێژی سێکسیان دەکات، هێندە بەلای زەوق و چێژ بەخشـین بەئافرەتەکانەوە نەچووبێت. لەڕاسـتیدا ئەمە ئەوەمـان بۆ دەردەخـات ئافرەتەکان وەکو کەرەستەوە و شت و ئامێر وان، هیچ چێژێک لەو کارەی خۆیان وەرناگرن، بۆیەش باسیان ناکات، تەنیا بێزاربوون نەبێت.

## ٢- ٣٥ سەرچاوەکان:

▪ **کتێبەکان:**


١- ا.س. كـون، الجـنس مـن الاسـطورة الى العلـم، ترجمـة د. منـير شـحود، دار الحـوار للنشرـ والتوزيـع، اللاذقيـة، سـوريا، طبعـة الاولى ١٩٩٢.

٢- آ.س. كـون، الجـنس مـن الاسـطورن الى العلـم، ترجمـة منـير شحود،١٩٩٢.

٣- ابراهيم الحيدرى، النظام الابوى واشكالية الجنس عند العرب، دار الساقى، بيروت، لبنان، الطبعة الاولى، ٢٠٠٣.

٤- ابراهيم صحراوى، تحليل الخطاب الادبى،دراسة تطبيقية دار الافاق، الجزائر، ط١، ١٩٩٩.

٥- احمـد زكى عثمـان، كـولين – رابنـو، العنـف الجنسىـ كوسـيلة للحرب يعززها غياب اليات العقاب، مجلة الانسانى العدد ٥٩ صيف ٢٠١٥ .

٦- احمـد مـداس، تحليـل الخطـاب الشـعرى فى منظـور اللسـانيات النصـية، مـذكرة لنيـل شـهادة الماجسـتر تخصـص نقـد الادبى، جامعة محمد خضير بسكرة الجزائر،٢٠٠٤.

٧- احمد منور، رواية السيرة الذاتية فى الادب الجزائرى المعاصر، ابـن الفقـير انموذجـا، مجلـة المسـاءلة، مجلـة فصـلية، يصـدرها اتحاد الكتاب الجزائريين، عدد ١، ١٩٩١.

٨- آرثر كورتل، ت، قاموس اساطير العالم، ترجمة سهى الطريحى، الموءسسة العربية للدراسات، بدون سنة.

٩- آريـك فـوروم، اللغـة المنسـية، ترجمـة حسـن قبيسىـ، المركـز الثقافى العربى، بدون سنة.

١٠- ایفلین لارکیش، من البراغماتیة الی التحلیل النفسی، منشورات اصوارت جدیدة فی التحلیل النفسی، باریس، ١٩٨٣.
١١- باسكال كينيار، الجنس والفرع،ترجمة روز مخلوف، ورد للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، سوريا، الطبعة الاولى ٢٠٠٧.
١٢- برونسلاف مالينوفسكی، السحر والعلم والدين، ترجمة محمد الجورا، دار الحوار اللاذقية،بدون سنة
١٣- بول فريشاور، الجنس فی العالم القديم، ترجمة فائق دحدوح، مطبع جواهرالشام، دار نينوی، طبعة الاولی ١٩٩٩ .
١٤- پرۆفیسۆر دکتۆر کەمال سەعدی مستەفا، رۆمانی ژیاننامەیی، چاپخانەی تاران، هەرێمی کوردستان، ٢٠٢٣.
١٥- ثيودور رايک، سايكولوجيا العلاقات الجنسية، ترجمة ثائر ديب،ار المدى للثقافة والنشر، سورية، دمشق،٢٠٠٥.
١٦- حفيظة احمد، بنية الخطاب فی الرواية النسائية الفلسطينيه، منشورات مركز آوغريت الثقافية، طبعة الاولی، ٢٠٠٢.
١٧- د. ديفيد ام. باس، د. سيندی ام، ميستون، النساء الوقوف علی الدوافع الجنسية من الثار الی المغامرة، ترجمة احمد الناصح، مكتبة الفكر الجديد، ٢٠١٨.
١٨- د. عبدالعزيز شرف، ادب السيرة الذاتية، موءسسة الاسراء والتوزيع، القاهيرة، ١٩٩٨.
١٩- داجيد لو بروتون، سوسيولوجيا الجسد، ترجمة عياد آبلال، ادريس المحمدی، دار روافد للنشر والتوزيع، قاهرة ، مصر،طبعن الاولی، ٢٠١٤.

٢٠- داڤيد لوبروتون، انتروبولجيا الجسد والحداثة، ترجمة محمد عرب صاصيلا، الموءسسة الجامعة بيروت، طبعة الثانية، ١٩٩٧.
٢١- ديفيد ليندن، التزاوج والسلوك عند البشر والحيوانات، ترجمة خالد البدرانى، دار جداول للنشر، بدون سنه.
٢٢- رمضان بسطاويسى محمد، الفسلفة والجنس، مجلة العصور الجديدة، عدد ٥ يناير ٢٠٠٠.
٢٣- روبرتس سميث، ت، ديانة السامیين، ترجمة عبدالوهاب علوب، المجلس الاعلى للثقافة، القاهيرة، بدون سنة.
٢٤- رينيه جيرار، العنف المقدس، ترجمة سميره ريشا، مركز دراسات الوحدة العربية، بيروت، الطبعة الاولى، ٢٠٠٩.
٢٥- زهيرة بنينى، جمالية الخطاب الادبى على ضوء الدراسات النقدية الحديثة، ١٦٥ (D:/الادب%٢٠والسعر/١٣.pdf:///file).
٢٦- سعيد يقطن، انفتاح النص الروائى، المركز الثقافى العربى، لبنان، بيروت، ط ٢، ٢٠٠١.
٢٧- شهرزاد قصارى، جوهر حنان منصورى، السيرة الذاتية فى رواية الفراشة لهنرى شاريير بين والواقع والمتخيل، رسالة ماجستر، جامعة اكلى محند والحاج، كلية الادب وللغات، قسم اللغة العربية والادب العربى، الجزائر، ٢٠٢٠.
٢٨- عبدالسلام المسدى، المصطلح النقدى، موءسسات عبدالكريم بن عبدالله للنشر والتوزيع تونس، ١٩٩٤.
٢٩- عبدالله محمد الغذامى، ثقافة الوهم مقاربات حول المرآة والجسد واللغة، المركز الثقافى العربى، بيروت، الطبعة الاولى١٩٩٨.

٣٠- عبدالعزيز شرف، ادب السيرة الذاتية، منشورات اا‌لهرام للنشر والتوزيع، قاهرة، مصر، ١٩٩٢.
٣١- عراج الهوارية، تقاطع النقد والابداع فى الداب العربى المعاصر، رسالة ماجستر، جامعة الوهران، كلية الاداب واللغات والفنون، قسام اللغة العربية وادابها، جزائير، ٢٠١٢.
٣٢- على عبدالحليم حمزة،الجنس وابعاده جدل القداسة والاغواء والعنف، رياض الريس الكتب وانشر، الطبعة الاولى، حزيران/ مايو ٢٠٠٣.
٣٣- غاستون باشلار، جماليات المكان، ترجمة غالب هلس، الموءسسة الجامعة للدراسات والنشر والتوزيع، بيروت، لبنان طبعة الثانية، ١٩٨٤.
٣٤- فريدريک انجلس، اصل العائلة والملكية الخاصة والدولة، دار الفارابى، بدون سنة، ٣٢.
٣٥- فواد حسين احمد، ئافره‌ت له هۆنراوه‌ی کوردی دا، مطبحة الجاحظ، بغداد، بێ ساڵ.
٣٦- فيليب لوجون، السيرة الذاتية الميثاق والتاريخ الادبى، ترجمة وتقديم عمر حلمى، المركز الثقافى العربى، بيروت، الطبعة الاولى، ١٩٩٤.
٣٧- فيليب لوجون، السيرة الذاتية، الميثاق والتاريخ الادبى، ترجمة عمر حلمى، منشورات الثقافى العربى، بيروت، ١٩٩٤.
٣٨- فيليپ لوجون، السيرة الذاتية الميثاق والتاريخ، ترجمة عمر حلمى ، المركز الثقافى العربى، بيروت، الطبعة الاولى ١٩٩٤.

٣٩- کـاظم الحجـاج، المـرآة والجـنس بـين الاسـاطير والاديان،موءسسـة الانتشـار، بـيروت، لبنـان، طبعـة الاولى ٢٠٠٢.
٤٠- كرس شلنج، الجسد والنظرية الاجتماعية، ترجمة منى البحر ونجيب الحصادى، دار العين للنشر، ٢٠٠٩.
٤١- كوستى بندلى، الجنس ومعناه الانسانى، الطبعة الرابعة، منشورات النور. بدون سنة.
٤٢- کەریم شارەزا، ئافرەت لەروانگەی کۆن و شیعری هاوچەرخی کوردییەوە، بەیان ژمارە ٥٨ی ١٩٧٨ ساڵی ١٨.
٤٣- کەماڵ سەعدی، حەج وعومرە، هەولێر، ٢٠١٩.
٤٤- کەمال سەعدی، خانمباز، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠١٩ .
٤٥- کەمـال سـەعدی، شـەوانی باکۆ،چاپخـانەی تـاران ، هەولـێر، ٢٠٢٠ .
٤٦- کەمال سەعدی، شەوانی ئێریڤان، چاپخانەی تاران ، هەولێر، ٢٠٢٣ .
٤٧- ليز مانيش، الحياة الجنسية فى مصر القديمة، ترجمة رفعت السيد على،جماعة حور الثقافية، الطبعة الاولى، ٢٠٠٢.
٤٨- مالـك شـبل، الجـنس والحـريم روح السرـارى السـلوكيات الجنسـية المهمشـة فى المغـرب العـربى، ترجمـة عبـدالله زارو،افريقيا الشرق، المغرب، ٢٠٠٦.
٤٩- محمد غنيمى هلال، المداخل الى النقد الادبى الحديث، مكتبة الانجلو المصرية، القاهيرة، ١٩٦٢.
٥٠- محمدی مەلا کەریم، خەباتی شیعری کوردی لەپێناوی ئازادیی ئافرەتان دا، گۆڤاری بەیان ، ژمارە ٢٥ .

٥١- ممدوح سراج النابى، رواية السيرة الذاتية فى مصر، درساة فت التاصيل و التشكيل، منشورات الهيئة العامة لقصور الثقافة، القاهرة، مصر، ٢٠١١.
٥٢- ناصر بركة، ادبية السير الذاتية فى العصر الحديث فى اليات اشتغال النصوص ومرجعياتها الفعلية، رسالة دكتوراه، كلية لاداب واللغات، جامعة الحاج الخضر، الجزائر،
٥٣- نورالدين الس، الاسلوبية وتحليل الخطاب، دراسة فى النقد العربى الحديث، تحليل الخطاب الشعرى السردى، ج ٢، دار هوسة للطباعة والنشروالتوزيع، الجزائر، ١٩٩٧.
٥٤- هاستنغز دونان، فيونا ماغوان، انثروبولوجيا الجنس، ترجمة د. هناء خليف غنى، بيروت، طبعة الاولى ٢٠١٧.
٥٥- هاستنغز دونان، فيونا ماغوان، انثروبولوجيا الجنس، ترجمة د. هناء خليف غنى، بيروت طبعة الاولى،٢٠١٧.
٥٦- يولان شانج، ت، ترجمة احمد عمر شاهين، مجلة العصور الجديدة، عدد ٥ يناير ٢٠٠٠.

## ▪ ماڵپەڕە ئەلەکترۆنییەکان و تۆڕی کۆمەڵایەتی:

١- إعادة اكتشاف فلسطين في العهد العثماني - بشارة دوماني • مجلة حكمة(hekmah.org)
https://hekmah.org/%D8%A7%D9%84%D8%AA%D8%B2%D8%A7%
٢- الصفحة (aljazeera.net)
https://www.aljazeera.net/midan/miscellaneous/science/2021/
٣- %المر/hhro.org
https://www.hhro.org/%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%B1%
٤- ويكيبيديا، الموسوعة الحرة(wikipedia.org)
https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A7%D9%84%D8%AC%D9
5- World Association for Sexual Health (WAS) (worldsexualhealth.net)
https://worldsexualhealth.net/wp-content/uploads/2015/05/WA %

٦- الصفحة (aljazeera.net)
https://www.aljazeera.net/midan/miscellaneous/science/2021/

٧- ئێرۆتیکا(basnews.com)
https://www.basnews.com/so/babat/392002

٨- النساء في بلاد ما بين النهرين القديمة - موسوعة تاريخ العالم (worldhistory.org)، Joshua J. Mark, ، ترجمة سامى م. الاطرش، اكتوبر ٢٠٢٢،
https://www.worldhistory.org/trans/ar/2-2081

٩- www.sexwrok.com
www.Sexwrok.com/coalition/whatcountrieslegal.html.

١٠- ابراهيم السيد، السياحة الجنسية.. صناعة تكشف عورة العالم المتحضر، جزيرة نيت، ١٠-٧-٢٠١٨،
https://www.aljazeera.net/midan/intellect/sociology/2018/7/10

١١- اندرو شانكس، ما الفرق بين الأدب الجنسي ونشيد الأنشاد؟ - ائتلاف الإنجيل(thegospelcoalition.org)
https://ar.thegospelcoalition.org/whats-the-difference-between-erotica-and-song-of-solomon/

١٢- ايمن رمضانم استشارى طب نفسى: ممارسة الجنس تتم بالعقل وليس العضو الذكرى، ١٩ مارس ٢٠١٧، ماڵپەڕی اليوم السابع،
https://www.youm7.com/story/2017/3/19/%D8%A7%

١٣- تسجيل اعلى مستوى من الجوع الجنسى فى الولايات المتحدة منذ ٣٠ سنة،
https://arabic.rt.com/world/1010263-%D8%AA%D8%B3%D8%AC/

١٤- الجنس فى الديان بين القداسة و النجاسة،
https://www.dw.com/ar/%D8%A7%D9%84%D8%AC%D9%86%D8%

١٥- الجنس والجوع، ٧-٧-٢٠١٨،
https://aihammahmoud.wordpress.com/2018/07/07/%D8/

١٦- الجوع الجنسى عند العرب،
https://hawaaworld.com/%D8%A7%D9%84%D8%AC%D9%88%D

١٧- الحرة، تقرير صادم.. "الجنس من اجل البقاء" فى مخيمات السورية، ١١ ابريل ٢٠٢٢،
https://www.alhurra.com/syria/2022/04/11/%D8%AA%D9%82%D

١٨- حەمە سەعدی حەسەن، پارە و پاروو، ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان، ژمارە (١٣٤٤) سێشەممە ١٣-٦-٢٠٢٣، ٨
١٩- حەمە سەعید حەسەن،
https://www.facebook.com/profile.php?id=100090810527179
٢٠- حەمە سەعید حەسەن، سایتی باسنیوز،
٢١- حەمە سەعید حەسەن، سایتی باسنیوز،
https://www.basnews.com/so/babat/392002
٢٢- حەمە سەعید حەسەن، ئێرۆتیکا، ماڵپەڕی باسنیوز، ڕۆژی ١١-١١-٢٠٢٧،
https://www.basnews.com/so/babat/392002
٢٣- حەمەسەعید حەسەن، پرچی زێڕینی خۆر، فێیس بووکی تایبەتی نووسەر،
https://www.facebook.com/profile.php?id=100090810527179
٢٤- حەمەسەعید حەسەن،گەنجینەیەکی گەڕۆک، ٨ی حوزەیرانی ٢٠٢٣، فێیس بووکی تایبەتی نووسەر،
https://www.facebook.com/profile.php?id=100090810527179
٢٥- د. بليغ حمدى اسماعيل، المقال الممنوع عن الهوس الجنسي- لامراء الوصاية، االربعاء ٢١-٩-٢٠٢٢،
https://middle-east-online.com/%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%82%D8
٢٦- د. تهانی سنديان، المراة والزواج فی التشريع الحمورابی،
https://arabthought.org/ar/researchcenter/ofoqelectronic-article-details?id=1354&urlTitle
٢٧- د. شاكر نابلسی- المرآء اكثر اغراء بالحجاب، الاحد ١٢ نوڤمبر ٢٠٠٦، ايلاف،
https://elaph.com/Web/ElaphWriter/2006/10/186409.htm
٢٨- دی. دەبليو، دراسة: مكانة المرآة فی عهد الفراعنة وصلت لدرجة التقديش، سياستی DWی ئەلمانی
https://www.dw.com/ar/%D8%AF%D8%B1%D8%A7%
٢٩- رضا جواد الهاشمی، نظام العائلة فی العهد البابلی، جامعة البصرة، بدون سنة، ٤٠
٣٠- رنا مولود شاكر، تطور مفهوم الحرية فی الفكر الامريكی المعاصر، جامعة بغداد، مركز الدراسات الاستراتيجية و الدولية، ٢،
https://www.iasj.net/iasj/download/b34600bd44653719

٣١- سليمان الريسونى، العقاب بالجنس، ٢٤-٨-٢٠١٧،
https://www.maghress.com/alyaoum24/936598
٣٢- شاخەوان صدیق، دیدارێک لەگەڵ شێرزاد حەسەن، سایتی دەنگەکەان، ٥ کانوونی دووەمی ٢٠١٨،
https://dengekan.info/archives/5473
٣٣- شاخەوان صدیق، سایتی دەنگەکان،
https://dengekan.info/archives/5473
٣٤- شادى عبد الحافظ، هل الحب مجرد مناورة من اجل الجنس؟ ١٧-٧-٢٠٢١،
٣٥- شادى عبد الحافظ، هل الحب مجرد مناورة من اجل الجنس؟ ١٧-٧-٢٠٢١،
https://www.aljazeera.net/midan/miscellaneous/science/2021/
٣٦- شريعة حمورابى،
https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%B4%D8%B1%D9%8A%D8%B9%D8%A9_%D8%AD%D9%85%D9%88%D8%B1%D8%A7%D8%A8%D9%8A
٣٧- صالح بن الهورى، دحر الجوع الجنسى والفقر والجهل والمرض امل الشباب المغربى اليوم، ٢٧ مارس ٢٠١٦،
https://azulpress.ma/%D8%AA%D8%AD%D9%82% /
٣٨- العنف الجنسى والعنف القائم على نوع الجنس، يونسف،
https://help.unhcr.org/turkiye/ar/social-economic-and-civil-matters/sexual-and-gender-based-violence/
٣٩- غازی حەسەن، چیرۆکە سریالییەکانی ترەمپ چۆن ئەمەریکا دەکاتە دۆزەخ، ڕۆژنامەی خەبات ١٧ی نیسانی ٢٠٢٣،
https://xebat.net/ku/?p=161530.
٤٠- فیلیپ ڕۆس، جیهان وەکو پرسیار، وتوێژ لەگەڵ میلان کۆندێرا، وەرگێڕانی زەردەشت نوردەین، ٢٨ شوباتی ٢٠٢٢، سایتی ئازاد بوون،
https://azadbun.com/archives/6393
٤١- كامل جابر، العقاب الجنسى فى الفولكلور،
https://www.jadaliyya.com/Details/28455
٤٢- كل العرب، الشبق الجنسى- هو جوع الرجل الى كل النساء وجوع المرآة الى كل الرجال، ١٠-٨-٢٠٠٤،
https://www.alarab.com/Article/319285
٤٣- المرآة فى حضارة وادى رافدين، منظمة حمورابى لحقوق الانسان،
https://www.hhro.org/%D8%A7%D9%84%D9%85%

٤٤- وادی الجـنس: قطـاع التكنولوجيـا مـورد اسـاسی لفاتيـات الليـل فی امريكا،
https://arabic.cnn.com/middleeast/2014/07/13/money-silicon-valley-prostitution
٤٥- ويكيبديا، الجنس والدين،
https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A7%D9%84%D8%AC%D9
٤٦- ويكيبيديا، العاطفة عند الحيوانات،
https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A7%D9%84%D8%B9
٤٧- يوسف زرا، المرآة فی الاساطير الرافيدينية،
https://mardutha.com/%D8%A7%D9%84%D9%85%D8%B1%D8%

## ▪ سەرچاوە ئینگلزییەکان:

1- Bem, D.J, Exotic Becomes Erotic: A Developmental Theory of Sexual Orientation, Psychological Review 103: 320, 1996.

2- Blumstein, P and Schwartz, P, American Couples: Money, work, sex, New

3- Brown, L. sex Slaves: The Trafficking of Women in aisa, Londaon: Virago Books, 2000.

4- Burley, N and Symanski, R, women Without: An Evolutionary and Cross-Cultural Perspective on Prostitution in R. Symanski, The Immoral Landscape: Female Prostitution in Western Societies Toronto: Butterworths, 239, 1981.

5- Buss, DM. sex Differences in Human Mate Preferences: Evolutionary Hypotheses tested in 37 Cultures, Behavioral and bran sciences 12:1, 1989.

6- C. W. Moeliker, “The first case of homosexual necrophilia in the mallard Anas platyrhynchos (Aves: Anatidae),” DEINSEA 8 (2001): 243–47

7- C.T. Onions, The Oxford Dictionary of English Etymology, Oxford 1966 .

8- Dworkin, A and Levi, A, Intercourse, New York, Basic Book, 2006.

9- French, D and Lee, L, Working: My Life as a Prostitute, New York: W.W. Norton, 1998.

10- Herz, R.S, and Cahill, E.D, Differential Use of Sensory Information in Sexual Behavior as a Function of Gender, Human Nature 8:275, 1997.

11- Hummert, M.L, Crokett, W.H, and Kemper, S, Processing Mechanisms Underlying the Use of the Balance Schema, Journal of personality and Social Psychology 58:5, 1990.

12- Joseph Epstein Article Title “The Art of Biography” Website Name and Publisher: the wall street Journal, Inc. Date Published: 1. Jan 2016, URL https://www.wsj.com/articles/the-art-of-biography-1451514816, Access Date: January 30, 2021

13- Kenrick, D.T, Gutierres, S.E and Goldberg, L, Influence of Erotica on Ratings of Stangers and Mate, Journal of Experimental Social Psychology 25: 159, 1989.

14- Kruger, D.J, Young Adults Attempt Exchanges in Reproductively Relevant Currencies, Evolutionary Psychology 6:204, 2008.

15- Meston, C.M, Trapenll, P.D and Gorazalka, B.B, Ethnic, Gender, and Length of Residency Influences on Sexual Knowledge and Attitudes, Journal of Sex Research 35: 176, 1998.

16- Paul Murray Kendall, Article Title: Biography, Website Name: Encyclopaedia Britannica, Publisher: Encyclopaedia Britannica, Inc. Date Published: 10 March 2019, URL: https://www.britannica.com/art/biography-narrative-genre, Access Date: January 30, 2021

17- Professor Dame Hermione Lee Article Title: “What is biography?” Website Name: The British Academey Date 6 Access Date: January 30, 2021/Published: 7 JUL 2020, URL: https://www.thebritishacademy.ac.uk

18- Shaver, P.R and Mikulincer, M, A Behavioral Systems Approach to Romantic Love Relationships: Attachment, In Caregiving, and

sex In R. Sternberg and K Wies (eds), The New Psychology of Love New Haven Conn: yale University Press, 2008.

19- Slater, L, Overcome in P. Derrow (ed), Behind the Bedroom Door, New York: Bantam Dell, 2008.

20- Sternberg, R. J. A triangular theory of love. Psychological Review, 1986.

21- Student auctions Off Virginity for Offers of More than 2.5 $ Million, The Telegraph (London), January, 12, 2009.

22- Turner, B.S, Regulating Bodies: Essays in Medical Sociology., London Routledge, 1992.

23- Turner, B.S, Religion and Social Theory, London, Heinemann Educational Books, 1983.

24- Tyler, K.A and Johnson, K.A, Trading Sex: Voluntary or Coerced? The Experiences of Homeless Youth, Journal of sex Research 43: 208, 2006.

25- W. Bailey and M. Zuk, “Samesex sexual behavior and evolution,” Trends in Ecology and Evolution 24 ,2009.

26- William, G.p and Kleinke, C.L, Effects of Mutual Gaze and Touch on Attraction, Mood, and Cardiovascular Activity, Journal of Research in Personality 27:170, 1993.

27- Zillman, D. and Bryant, J, Pornography’s Impact on Sexual Satisfaction, Journal of Applied Social Psychology 18:438, 1988.

***